# چەپکێ خوێندنەوە
# بۆ چەند بابەتێکی ئەدەبی

د. عەبدوڵڵا ئاگرین

هەولێر- ٢٠١٣

* ناوی کتێب: چەپکێ خوێندنەوە بۆ چەند بابەتێکی ئەدەبی.
* نووسەر: د. عەبدوڵڵا ئاگرین.
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٩٥).
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ:  ١٠٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(      )ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە.

پێشکەشە بە:

ئەدیبی دڵسۆز

( عومەر مارف بەرزنجی )

# ئاشنابوون و هێشوو

بەر لەوەی روو لە دنیای چالاکیی فیکری و شەپۆلی تازەگەرییو رەهەندی بنەڕەتی ئەفراندنی مەعریفی سەردەمانەو ئەکادیمیانە بکەمو ئاشنای پرنسیپە بنچینەیەکانیبم، بەرهەمەکانی بواری توێکاری خۆم: (کە تا ئێستاش وەك گلێنەی چاومنو بەبەشێك لەرۆحی فیکریو تواناو بەهرەی خۆمیان دادەنێم)، لە روانگەی بۆچوونی ئەو کاتەمەوە، وامدەزانی شرۆڤەکردنو هەڵسەنگاندنی ئەو بەرهەمانەم: (شیعر – چیرۆك) لە رووی پەیڕەوکردنی میتۆدی زانستانەوە بە لوتکەی گەییویو چڵەپۆپەی کاملی گەیشتوون، کەچی دوای ئەوەی خۆم لە ناخی جستو جۆ و ئەکتیڤکردنی پڕۆسەی مەعریفیی ئەکادمیانەدا بینیەوە، هەستمکرد، بۆچوونەکەم کورتی هێناوەو دەبێت لەئێستە بەدوا زەرورەتی ئەرکی بەجێهێنانی پەیامی پڕۆسەی زانستانە ئەنجامبدەن و دوور لە نێرگزیەتو لەخۆبایبوون، بەنەوازش و گیانی سەردەمانەو سنگی فراوانو عەقڵیەتی کراووە، بەخۆمدا بچمەوەو ئەوەندی لە وزەو توانای خۆمدا بێت لە نووسینەکانمدا بە ئەمانەت و شەوق و زەوقەوە پەیڕەوی هەلومەرجی فەلسەفەو رێبازی نوێی لێکۆڵینەوەی زانستانەو خەسڵەتە (حەمیدە)کانی ژیر بێژیو کارو چالاکیو ئامانجی زانستانەو رەهەندە سەرەکیو هەستیارەکانی مرۆڤی ئەکادیمیی بکەم.

ئەزموونی (کاڵ)ی رابردوو و مومارەسەی بێ پشووی ئایندە، رابەرو چاو ساغو پێشاندەرمە. ئا ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندە، بەو هەقیقەتەی گەیاندم: لە کاری نووسینی ئایندەمدا، پشت بەتواناو ژیریی هزری گەییوی پۆزەتیڤانەی خۆم ببەستمو بەرەو ئەو ئاسۆ روونە هەنگاوبنێم.

بیری فەلسەفیانە ئەم زانستەی بەچڵەپۆپەی چالاکی و ئامانج گەیاندوەو وای لەمرۆڤ کردووە: وریایانەو بەئاگاییەکی تەواوەوە بیربکاتەوەو لەمیتۆدی کارەکانیدا بەرنامەو ماندوو بوونو ئامانجەکانی، بەئەرکێکی هەرە پێویستی سەر شانی دابنێت.

وردبوونەوەو لێکۆڵینـەوە لـە سـەرنجو بۆچـوونو بـیری مـرۆڤ، لـەتێکڕای بوارە جیاجیاکانی فیکریو تیوری یاخود کـاراییو پڕاکتیکـی وەك هـەوا بـۆ ژیان پێویستە، ئـاواش پـەیڕەوکردنی هەلومـەرجو پرنسـیپی ئەکادیمیانـە بـۆ پرۆسەی نووسینی زانستانە پێویستە.

شۆڕشبوونەوەیەکی هوشیارانەو دیقەتێکی وردو قووڵی عەقلانی لەرایەڵی بەهێزو کۆڵەکـەی پتـەوی بنیـاتی ستراکچـەری پرۆسـەکە بـەپێی نەسـەقێکی هــێمنو پــۆلینکردنێکی مەعریفیانــە، بــەو راســتییە دەگــەین، میتــۆدی لێکۆڵینەوەی عەقلانی و لۆژیکیو ئەکادیمیانە: (هەڵبژاردنی بابـەت، بەرنامـە ڕێـژی، دەسـتبەکاربوونو ئـەکتیڤکردن، ئـەنجامو ئاکـام) خـاوەنی چـەمێکی تایبـەتی رەهەنـدی تێگەیشـتنو زمـانێکی شـەفاف سـەربەخۆی خۆیـەتیو هۆشمەندانە خوێندنەوەیەکی نوێی هێور بۆ دۆزینەوەو پەیبردن بەمەبەست، جوانە شاراوەکانی دێوی ئەودیو ناوەوەی بابەتو دەق کە دەکات و بەرچـاو روونــی بەرەهەنــدە بنچــینەیەکانی ئــەم تێــزە دەداتو رۆڵــی کاریگــەریی مــەعریفی لــەناوەوە ئــەکتیڤیتر دەکـات، بـەجۆرێکی ئـەوتۆ، هێـزی گەشـە بـەتوانای پۆزەتیڤانـەی، مـرۆڤ دەدات، ئـا لـەم چـەپەری بیرژیریـەوە ئـەرکی گرنگو وەزیفەی سەردەمانەی، پەیڕەوکردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستانە، جــوانتر رووشــندەبێتەوە: (**زەبــوونی عــەقڵو ژێــر دەســتی بیرکردنــەوەو دەستەمۆکردنی ئارەزوو ئازادی مرۆڤ**) رتدەکاتەوە، ئـەرکی بـەئۆرگانیکردنی تــەواوی وەزیفــەکانی دەخاتــەروو، مــەودای زەمینــەی فــراوانو خولقانــدنی تەزووی هەستی ناسكو سیمای ئێسك سووكو روخساری جوانیی بەتامو چـێژ دەرەخسێنێت، بەوەش تێزی بڕوابەخۆبوون بەرەو هـەوراز دەچـێت، لۆژێـكو عەقلانیــەت، کــارو ئــەرك و ئامانجــەکانی ئایـنــدەی بــەکورترینو کــەمترین ماندوبوونو راسـترین بـۆ چوونو لێکدانـەوە بـەئاکام دەگـەینێتو پـەیڕەوی (ڕێبــازی لێکۆڵینــەوەی زانســتانە) دابینــدەکاتو مــرۆڤ لــە کــونجی تــاریکیو وەهمــی جەهالــەتو غــروری عــەقڵ دوور دەخاتــەوەو هێــزی هــزری عــەقڵی داهێنەرانە دەخولقێنێت.

**بابەتی ئەم لێکۆڵینەوانەی دوو توێی ئەم کتێبە:**

ئـەو بەرهـەمو بابـەتی لێکۆڵینەوانـەی دووتـوێی ئـەم کتێبـە، هـەوڵێکی موتەوازیعانەیە، لەبازنگەی لێکۆڵینـەووەو توێژینـەوەی زانسـتانەی بەرهەمـە ئەدەبیەکاندایـە، ئەوەنـدەی توانـام بەسـەریدا شـکابێت، لەبـەر ڕۆشـنایی هەلومەرجی نوێی سـەردەمانەی کـاری ئەکادیمیانـەو پرینسـیپەکانی ڕێبـازی لێکۆڵینەوەی زانستانە ئەنجامدراوە.. ئەز نابێژم ئەم کـارو بابـەتی بەرهەمـە ئەدەبیانە، لەچڵەپۆپەی کامڵی چالاکی زانستانە دایە.. و بەرهـەمهێنانی ئـەم بابەتانە مەیلێکە بۆ دەرخستنی ئەوەی: هێزی (ئایدیاو مەتریالی) قۆڵبەسـتی ئـازادی بیرکردنـەوە نەکـەنو تـەواوی سەربەسـتی بەبیرکردنـەوەی مـرۆڤ و خواستو ئیرادەی ناخی گەوهەری فەلسەفەی بابەتەکە بدەن.

ئەز لاسایی مرۆڤی هەڵەقوت و خۆگیڤکەر ناکەم، ئەوانـەی فـوو دەکەنـە خۆیان و دەڵـێن: یەکـەم کەسـم ئـەم خولقاندنـەو ئـەم ئەفراندنـەم لـەدنیای فیکرو بەرهەمی ئەدەبیدا هێناوەتە کایەوە.. وەلێ لەبـەر ئـەوەی هەقیقـەتو زانیاریە نادیـارو شـاراوەکانی جـۆرو چۆنیەتیو ئاکـامی ئـەم بەرهەمانـە لای خودی خۆمنو ئەوەی کەم و زۆر ئاگاداریشە، بەهەر بیانوویەکی نادروستو هۆکارێکی تایبەتیی شەخسیەوە بێت، قرتقەپیان لێکردوە، ڕاست نییە، ئـەم هەقیقەتە وەلانرێتو دەبێت بۆ مێژوو تۆمارکرێت.. ئەمـەش ئەوهەقیقەتەیـە: لەئـەنجامی ئـەوەی بـڕوام بەخۆمـە و پشـتم بـەتوانای هـزریو شـارەزاییم بەستووەو پەیڕەوی ڕێبازی نوێی لێکۆڵینەوەی زانستانەی سەردەمم کـردوە، بـەم (هێشـووە) بەرهەمـە ئەدەبییـەی دنیـای: لێکۆڵینـەوەو توێکـارییو هەڵسـەنگاندنانە.. پلـەی بەرزکردنـەوەی زانسـتی (أسـتاذ- پرۆفیسـۆر)یم وەدەستهێناوە، بەمەش تاهەنووکە ئەوەنـدەی لەنزیکـەوە ئاگـادارم، ئەمـە یەکـەم دەستپێشـخەریە، لـەبواری کـاری ئەکادیمیانـەدا، ئـەو بەرهـەمو لێکۆڵینەوانەی بنچینەی سەرەکیو هۆکاری ئەسـایی بـوون، بـۆ (تەرقییـەی) زانستی ئاوا ئاشکرا ئاماژەیان پێبکرێتو بخرێتـە بـەردەم پسـپۆرانو بـواری ئەکادیمی سەبارەت خودی خۆم؛ ڕاستگۆیانە دەڵـێم: بـەم بابەتانـە پلـەی

(پرۆفیسۆریم) وەدەستهێناوە.. ئەگەرچی ئەو راستگۆیی‌و قەناعەتەم دووباتدەکەمەوە: مەرج نییە.. (شەهادە: بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆراه) مرۆڤ بکاتە: ئەدیب، رۆشنبیر، سیاسی... تا دوای.. بەشبەحاڵی خودی خۆم و دەستهێنانی هەر شەهادەیەك‌و گەیشتن بەهەرپلەیەکی ئەکادیمی، بە پلەی (پرۆفیسۆر)یشەوە نەك ئاواتی سەرەکیم نەبووە، بەڵکو بەئاواتی لاوەکەیشم دانەناوەو لە بەرنامەی ژیانمدا نەبووە.. من بڕینی ئەم قۆناغی خوێندنانە وا دەبینم: تەنیا قۆناغێکەو حەزێکی شەخسیی ساتەوەختیی تیا بەدیهاتووە..

ئاواتی مەزن‌و سەرەکیم: ئازادی مرۆڤ و میللەتی کوردو رزگاری خاکی کوردستان‌و (دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی یەکگرتووە).

بێ فیزو لووتبەرزی‌و لەخۆباییبوون، ئاماژە بەو هەقیقە مێژووییەش دەکەم، لەسەر ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆیەکەمجار دەستپێشخەریم کردو تێزی نامەی ماستەرەکەم ساڵی (١٩٩٦) بەچاپگەیاند... هەروەها ساڵی (١٩٩٩)کاتی تاوتووکردنی نامەی دکتۆراکەم، ئەو بەستەڵەکی سڵەمینەوەیەم تواندووەوەو لەهۆڵێکی کراوەدا گفتوگۆکە ئەنجامدراو بۆ هەریەکێك هەبوو ئازادانە ئامادەبێت. لەگفتوگۆکەمدا سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەرێز دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس‌و وەزیری ناخۆ بەرێز فازل میرانی‌و بەرێز کەریم شنگاڵی و شەهید فرنسۆ هەریری‌و سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین‌و جێگرەکانی‌و زۆربەی راگری کۆلێژو مامۆستاو چەندین قوتابی ئامادەبوون.. بەو بۆنەیەوە: دکتۆر سەرتیپ کاکەیی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ سەلاحەدین بۆ کاروباری زانستی: تەقدیر بۆ ئەو هەڵوێستەم سوپاسنامەیەکی ئاراستەکردم.

**وێستگەو فلتەری بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانە:**

ئەوەندەی لە نزیکەوە ئاگادارم، لە زانکۆو دەزگا ئەکادیمیاییەکاندا.. ئەو بابەت‌و بەرهەم‌و لێکۆڵینەوە فیکری‌و تیۆرییە: (ئەدەبی‌و زانیاری)یانەی هەڵدەسەنگیندرێن وبڕیاری ئەوە دەدرێت وەك کارو بەرهەمێکی زانستانە

بناسرێنو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێن، پێویستە بەدوو وێستگەی سەرەکیو فلتەری دیاریکردنی بەهاو مەنزڵو سوود بەخشییدا تێپەڕێت.. ئەم بەرهەمانەی دوو توێی ناو ئەم کتێبەش بەهەمان فلتەرو ڕێچکەدا گوزەریان کردووەو ئاکامیش پلەی سەرکەوتنیان وەدەستهێناوە.

**یەکەم وێستگە:** هەر بەرهەم و لێکۆڵینەوەیەکی بواری: {مرۆڤایەتی – تیووری– زانیاری – پراکتیکی} بیەوێت، خاوەنی پێناسەو کەسایەتی فەرمی زانستانە خۆی بێت، سەرەتا پێویستە لە گۆڤارێکی دانپیانراوی زانکۆیەك یاخود دەزگایەکی ئەکادیمی بڵاوبکرێتەوە.. ئەوەش هەر لەگۆترەو هەرەمەکی نابێت، بەڵکو بڵاوکردنەوەی بەرهەم لەو گۆڤارە زانستانانەدا، بەپێی هەلومەرجو پرنسیپی زانستانەیەو دەبێت بەفلتەرێکی دەقیقی پسپۆرانەی بێ لایەندا تێپەڕێتو بەم شێوەیەیە:

(١) بابەتەکە لەلایەن بەرپرسو دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکەوە، لەگەڵ فۆرمی زانیاریی بە شێوەیەکی نهێنی بۆ سێ (شارەزا، خەبیر، پسۆڕ)ی ورد ئەنێردرێت تا ئەوان پاش هەڵسەنگاندنو دڵنیابوون لەوەی:

أ– بابەتەکە نوێیەو بەسوودە.

ب– لە هیچ شوێنێکی دیدا بڵاونەکراوەتەوە.

ج– لەهیچ بابەتێکی دی وەرنەگیراوە (إقتباس).

د– ژێردەرەکان بە روونی دەرخراون.

(٢) دواتر بڕیار ئەدەن:

أ– شیاوی ئەوەیە لە گۆڤارەکەدا بڵاوکرێتەوە یاخود نەخێر.

ب– پلەی نرخاندنی (پەسەند، باش، زۆرباش، نایاب)ی بۆ دادەنرێت.

ئەوسێ پسپۆرەی (بابەتو لێکۆڵینەوە)کانیان بۆنێردراوە، پاش هەڵسەنگاندن، بڕیاری ئازادانەی خۆیان دەدەنو (فۆرمی نرخاندنو بابەتی لێکۆڵینەوە)کەی لێکۆڵەرەوە، بۆ بەرپرسو دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە دەگێڕنەوە.

(٣) دەستەی نووسەران بەپێی پێوەرو کێشەرێکی دیاریکراوی گۆڤارەکەو لەبەر رۆشنایی زانیاری (خشتە)یەکی تایبەتدا، هاوسەنگی لەنێوان: بیروڕاو بۆچوونو بڕیاری هەسێ پسپۆرەکەدا دەکەن: کاتێك بڕیاری بڵاوکردنەوەی بابەتی لێکۆڵینەوەو باسەکە دەدرێت، پێویستە بەلای کەمەوە: بۆ هەرسێ بابەتەکە دوو یاخود هەرسێ پسپۆری هەڵسەنگێنەر پلەی: ( باش، زۆرباش، نایاب) بەبابەتەکە بدەن.. ئەوسا بڕیار دەدرێت بابەتی لێکۆڵینەوەی توێژەر لەگۆڤارەکەدا بڵاوبکرێتەوەو کاڵای زانستانە بەباڵای دەبڕێت.

**دووەم وێستگە:** ئەو مامۆستای زانکۆو لێکۆڵەرەوەی ئەکادیمییەی بیەوێت، پلەی زانستانەی دیاربکرێت، یاخود بەرزکرێتەوە پێویستە لەسەری؛ پاش ئەوەی سیمیناری زانستانە لەکۆلێژ لەسەر بابەتەکانی لەبەردەم چەند پسپۆرو مامۆستایەکدا بەئاشکرا ساز دەکات، دواتر مەحزەری ئەوسیمینارە سەرکەوتووتووەو بابەتەکانی پێشکەش بەلێژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی دەکات.. ئەو لێژنەیەش بەمجۆرەیە:

أ- لێژنەی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لە کۆلێژ:

ئەرك‌و کارو سنووری دەستەڵاتی ئەم لێژنەی کۆلێژە ئەوەیە: ئەو مامەڵانە پلەی زانستانەی: (مامۆستا (مدرس)، پرۆفیسۆری یاریدەدەر) دەڕوێنێت‌و بەرز دەکاتەوە، لەوەبترازێت دەستەڵاتی ئەوەی نییە: مامەڵەی بەرزکردنەوەی پلەی پرۆفیسۆری ئەنجامبدات. من بۆ خۆم بۆ ماوەی سێ ساڵ (٢٠٠٨-٢٠١٠) سەرۆکی لێژنەی تەرقیەی زانستانەی کۆلێژی زمان بوم... شارەزای هەموو وردەکاریەکانی ئەم پرۆسەیەم‌و ئەو مامۆستایانەی مامەڵەی بەرزکردنەوەیان بۆ پلەی پرۆفیسۆری هەبووە. راستەوخۆ بۆ: لێژنەی ناوەندیی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی) لەسەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین نێردراوە. ئیدی ئەوان وردەکاریەکانیان بەجێهێناوە.

ب- لێژنەی ناوەندیی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی ( اللجنة المركزية

للترقيـة العلميـة) لەسـەرۆكايەتی زانكـۆی سـەلاحەدین، ئـەم لێژنەیە،تـەنیا مامەڵـەی بەرزكردنـەوەی پلـەی زانسـتانە بـۆ (پرۆفیسـۆر)ی دەرۆێنێـتو داواكارو خاوەن مامەڵە بۆی هەیـە: سـێ بابـەت و زیـاتر لـەو لێكۆڵینەوانـەی لـەگۆڤارە فەرمییـەكانی زانكـۆدا بـڵاوی كردونەتەوە،پێشـكەش بەلێژنەكـەی بكات.

فلتەری ئەم لێژنـە ناوەندییـەی بابەتـەكانی بـۆ هەڵسـەنگاندنو نرخانـدن پیـادا تێدەبـەڕن... سـەختو گـرانترە.. لێژنەبەشـێوەیەكی یـەجگار نهێنـی لەگەڵ فۆرمی زانیاری تایبەتی بۆ هەریەك لـەو بابەتانـەی پێگەیشـتووە، بـۆ سێ پسپۆڕی وردی دەنێرێت.. بەمەرجێك:

١- پلەی زانستی ئەو پسپۆڕانە: (پرۆفیۆرو فولو پرۆفیسۆر)بن .

٢- پێویستە بابەتەكان بۆ دوو پسپۆر لە دەرەوەی سنووری جوگرافیـای سیاسی حكومـەتی عێراقـی فیـدراڵ واتـە (دەرەوەی وڵات) بنێرێـتو بۆیـەك پسپۆر لە ناو وڵات.

٣- پێویسـتە دوو پسـپۆر یـاخود هەرسـێكیان ئاسـتی پێـوەری نمـرەی (تەرقیەكە) یان (نایاب) بن.

ئیـدی دوای ئـەوەی ئاكـامی هەڵسـەنگاندنی پسـپۆڕەكان بەلێژنـەی ناوەنـدیی دەگـاتو ئـەوانیش هاوسـەنگی بـۆ دەكـەن.. بڕیـار لەسـەر ئـەوە دەدەن ئـەو لێكۆڵەرەوەیـە.. شـیاوی ئەوەیـە: (نازنـاوی زانسـتانەی - پرۆفیسۆر-ی وەگرێت)

جێی ئاماژە پێكردنە! بەپێی تـەعلیماتی لێژنـە، پێویسـتە لـەنێوان (٦) شـەش مانگـدا ئـەو مامەڵەیـە بـەبوونو نـەبوونو سـەركەوتووتن یـاخود شكسـتخواردوی ئەنجامبـدرێت. بـۆ مێـژووی كـارو پرۆسـەی زانسـتانە ئـەم هەقیقەتە تۆمار دەكەم. ئەمـە بـێ هـیچ مەبەسـتێكی نادروسـتو ورووژێنـەر دەڵێم: بەشایەتی هەموو ئەو زەمیلانەم لەكۆلێژو زانكـۆن بـۆ وەدەسـتهێنانی شەهادەی: (بەكالوریوس، ماستەر، دكتۆراە)و (هەمووپلەكانی بەرزكردنەوەی زانستی بەپلەی (پرۆفسیۆریشـەوە)، بـەهیچ شـێوەو جـۆر و رەنگێـك خـاترم

نــەگیراوەو پلــەو پایــەی پارتایــەتیمو مــەنزڵی کۆمەڵایــەتیو ئــەدەبیو ڕۆشنبیریو خانەوادەیم بۆ ئەو مەبەستە قۆرخ (ئیستغلال) نەکردووە.

بەڵکو بەپێچەوانەوە (ئینتمای پارتایەتیم) دەست و پێی بەستۆمەتەوەو زمانی گرێداوم، لەپێناو پاراستنی سومعەی رابردووی پاکی سیاسیو چالاکی هەنووکەی پارتایەتیمو مەنزڵی ئەدەبیو خانەوادەیم داوای ئەومافە رەوایەشم نەکردووە تەعلیماتی زانکۆو یاسای خوێندنی باڵای دیاریکردوەوە، بەوەش مـن لەحزبایـەتی زیانمەنـدبوومو بومـە نێچـیری مـەنزڵی سیاسـیمو ئینتمـای حزبایـەتیم . مـن لـە ٢٠١٠/٢/٢٥ ەوە مامەڵــەی بەزررکردنــەوەم بـۆ پلـەی (پرۆفیســۆر)ی بەهــەموو مەرجەکانــەوە پێشــکەش بەلێژنــەی ناوەنــدیی بەرزکردنـەوەی پلـەی زانسـتی کـرد، وەلی لەبـەر هـەر هۆیـەك بـوو بێـت نـە ئەنقەستەو لەدەستەڵاتی لێژنەکەشدا نـەبووە، مامەڵەکـەم لەلایـەن لێژنـەی ناوەندیی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی لەرۆژی ٢٠١٢/٦/٢٦ بەئانجامگەیشت واتە: تەرقیەکەم سالێكو هەشت مانگ دواکەوت، بەکۆی دەنگ بڕیاری پلـەی (پرۆفیسۆر)یاندا.

ئەم راستیەم تەنیا بۆ ئەوەیە: هەقیقـەت بـۆ پرۆسـەی زانسـتانەو مێـژوو تۆمار کەم. هیچ گازندەو گلـەیم لەکـەسو لایـەنێك نییـە، بـەڵکو سوپاسـیان دەکـەم هەڵوێسـتی جوانیـان نوانـدووەو بـەرێکوپێکی ئـەرکی ئـەکادیمیایی سەرشانیان بەجێهێناوە.

**خودا پشتیوانی یاران بێت...**

# تەکنیکی نوێی سەردەم

# و

# دیاریکردنی یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری کوردی

## پێشەکی:

تێکستی ئەدەبی، بوونەوەرێکی زیندووی ئازاد و سەربەخۆیە و بەشێوەیەکی سروشتی لەدایکبووە و درێژە بە تەمەن و ژیانی هەمیشەیی خۆی دەدات... راستوایە مامەڵەی بابەتی و زانستانەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە خاوەنی کەسایەتی سەربەخۆ و بڕیار و کاریگەریی خۆیەتی و دەبێت ژیانی ئازادی ئەو تێکستە ئەدەبیە بپارێزرێت.. بۆ ئەوەی وەڵامی بەجێ و دروستی پرسیارەکانی هەنووکە و ئایندەش بدرێتەوە، مەرجە بە تێگەیشتنێکی تەواو و بە هێمنی و زمانی ژیریی سەردەم هەڵسەنگێنرێت، تاکو لە مەزنی واتای قووڵ و وردی فیکری و فەلسەفیانەی گەوهەری ناوەرۆك و هەقیقەتی هێزی بزواندنی ئەو بەرهەمە ئەدەبییە بگەین، تام و چێژ لە کاریگەری هێزە بزوێنەرەکەی ناوەوەی و لە جوانی بارینی روخسارە ئێسك سووکەکەی وەرگرین.

لێرەوە ئەو هەقیقەتە بە روونی (شەفافیەت) دەردەکەوێت: تێکستی ئەدەبی ئەوە نییە وشە لەپاڵ وشەدا دابنرێن و تۆکمە بچنرێن، بینای هەیکەلێکی کاتی بێ گیان هەڵچنرێت، دەنا بەو حاڵە ناگەینە ئەو تەلیسمە سەر سوڕهێنەرەیەی لە پشت جیهانی فیکریی قووڵ و بەرینی ئەدەبەوەیە !.

چونکە ئەو سیحرە بێ وێنە و بێ هاوتایەی دیوی ئەودیوی جیهانی ئەدەب؛ هۆکارێکی راستەوخۆ و تەنیا هێزی بزواندنە، لە خولقاندنی وزەی عەقڵانی بۆ داهێنانی نوێ و ئەو لەدایکبوونەی گیانی هەمیشە زیندوو لە جەستەی ئەدەبدا دەخولقێنێت، لێرەدا دەبێت ئەوە روونکرێتەوە مەبەست لە ژیانی جاویدانە و ژیانی هەمیشە زیندووی ئەدەب ئەوە نییە: بەرهەمە ئەدەبییەکە نەوە لەدوای نەوە بەسەرزاری مرۆڤەوە بمێنێتەوە، یاخود ئەو بەرهەمە ئەدەبییە ناوازە و نایانە لە فەوتان و لەناوچوون بپارێزرێن، بەڵکو مەبەست لە ژیانی هەمیشە زیندووی ئەو بەرهەمە ئەدەبییە و درێژەدان، بەبەردەوامی بەرهەمی ئەدەبی ئەوەیە: لە گەشەساندن و پەرەپێدان و ئەو حاڵەتەی فرەتێکستیەیە کە لە بەرهەمی ئەدەبیدا سەرهەڵدەدات ئەوەش لە

خۆوە نییە، بەڵکو زەمینـەی خـۆش و لـەباری بـۆ رەخسـاوە و فـەزای ئـازاد لەدایکبوونی سەربەستانەی بەرهەمە ئەدەبیەکـە لـە ئـارادابووە و سـنوور بـۆ ئەو هێزە نهێنیە دانەنراوە، سیحری داهێنان و لەدایکبوونە نوێکەیە.

پرۆسەی داهێنانی نوێی تێکستی ئەدەبی هاوکات و هاوشـانە لەگـەڵ ئـەو بیرکردنەوەیەی بـڕوای بـە رۆحـی نوێکردنـەوەی سـەردەمییانە هەیـە کـە بـە عەقڵیەتێکی کراوە و هێمن و ژیرانەوە رووەو ئاسـۆی گەشـی ئاینـدە هـەنگاو دەنێت.

چیرۆکی هونەری ژانرێکی سەربەخۆ و داهێنـانێکی هاوچـەرخانەی دنیـای ئەدەبە، بە تەنیا خۆی (خـاوەنی خەسـڵەتی تایبـەتی و کاریگـەری و بڕیـاری سەربەخۆی خۆیەتی) ئەو هۆکارە شاراوەیە و ئەو هێزە نهێنییەی خەسڵەت و هەلومەرجی و تایبەتمەندێتی بە ژانری چیرۆکی هونەری بە گشتی و بە کورتە چـیرۆکی هونـەری بـە تایبـەتی بەخشـیوە، ئـەو ژیانـە ئازادییـەی تێکسـتی چـیرۆکی هونەرییـە، پـاش لـەدایکبوونی؛ بەخۆیـەوە دەیبینێـتو دوور لـە ملکەچـی و دەسـەڵاتی دەرەوەی خـۆی و تەنانـەت دەبێـت دوور لـە دەسـتێوەردانی خـاوەن زادەی بەرهەمەکـەش بێـت، چـونکە دوای بڵاوکردنەوەی ئیدی دەبێت بە ئـازادی ژیـان بەسـەر بـەرێتو بـەردەوامی بـە ژیانی خۆی بدات و هێز و وزەش بە داهێنانی نوێی ژانری جیاجیا دوای خـۆی بـدات و وەڵامـی پرسـیارە ورووژێنـەرەکانی بـەهرەدار و خـاوەن تواناکـان بداتەوە و هەسـتی بـەهێز و ناسـکی تازەگـەریی هاوچـەرخانە بنوێنێـت و بـۆ خۆی ببێتە پرۆسەیەکی مەعریفی پۆزەتیڤانە، خزمـەت بـە بـیری بـەهرەداری مرۆڤی هۆشیار و پێشکەوتن و شارستانیەت بکات.

کورتـە چـیرۆکی هونـەری، لـە نـاخی هـۆش و ژیـری مرۆڤـی بـەهرەدار و داهێنەرەوە سەرهەڵدەدات...ئەم توێژینەوەیە بە پێـی پرنسـیپی دیـاریکراو، بۆ تـەکنیکی نـوێ و سـەردەمانەی یەکـەم کورتـە چـیرۆکی هونـەری کـوردی تەرخانکراوە.

### پێویستی نووسینی ئەم جۆرە توێژینەوانە :

ئەو توێژینەوە و لێكۆڵینەوە ئەدەبیانەی لە بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیری و هونەریی كوردیدا ئەنجامدراون؛ زۆربەی هەرە زۆریان بەپێی بەرنامە رێژەیەكی زانستانە ئەنجام نەدراون، وەلیٚ كەمجار بۆ بابەتی پسپۆری ورد و سنوور دیاریكراو تەرخان كراون... سەبارەت توێژینەوە لە تەكنیكی نویٚ و داهێنان و لەدایكبوونی یەكەم كورتە چیرۆكی هونەریی كوردی ( The First artistic kurdish Short Syory)، كەم رووپێتێكراوە و تەنانەت لە باسكردنی یەكەم چیرۆكی هونەریی كوردی رەچاوی پۆلینكردن و وردەكاریەكانی چیرۆكی هونەری نەكراوە، ئەمە لە كاتێكدا (چیرۆك) كە هونەرێكی نوێی هاوچەرخەو لە فەزایەكی بیٚ سنوور و پانتاییەكی قووڵدا دەژی، كەچی زۆر جار تێكەڵی ژانرە ئەدەبییەكانی دی كراوە وەك: (حیكایەتی فۆلكلۆری یاخود میللی).. یان لەگەڵ ژانری پەخشانی ئەدەبیدا گرێدراوە.. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكی موتەوازعە بۆ گەیشتن بە هەقیقەتی ئەو راستییەی یەكەم كورتە چیرۆكی نوێی هونەری كوردی لەباشووری كوردستاندا دیاری بكات.

### هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە :

لەلایەن پسپۆڕانی بواری هەڵسەنگاندنی چیرۆكی هونەری كوردی، چەندین وتار و توێژینەوەیان لەسەر ئەنجامداوە، بە جۆرێك ئەو لێكۆڵینەوانە بەیەك راستە رێگادا ئاراستە كراون و تەنیا یەك رێچكەیان گرتووە، ئەویش بە شێوەیەكی گشتی و رەهای باسی یەكەم چیرۆكی هونەری كوردی كراوە، بیٚ پۆلینكردنی چیرۆك و بیٚ ئەوەی رەنگە جیاجیاكانی ئەم ژانرە ئەدەبییە ناسك و حەساسە لەبەچاو گیرابێت وەك: {**كورتە چیرۆك، كورتیلە چیرۆك، چیرۆكی زۆر كورت، چیرۆكی زۆر زۆر كورت، بروسكە چیرۆك، هەواڵە چیرۆك، چیرۆكی مامناوەندی (نۆڤلێت)، چیرۆكی درێژ (رۆمان)**}. چونكە هەر یەكە لەو ژانرە جیاجیایانەی ژانری تێكستی ئەدەبی چیرۆك لەرووی پرنسیبی

هونەری و جۆر و شێوەی دارشتن و بەکارهێنانی زمانەوە خاوەنی خەسڵەت و هەلومەج و ئەدگاری تایبەتی خۆیانن.. بۆ پۆلینکردنی تانوپۆی چیرۆك ئەم نەخشەیە زیاتر ناوەرۆکی مەبەستمان لا ڕووندەکاتەوە.




**ئەم پێوەرانەی لای خوارەوەش یارمەتی توێژینەوەکە دەدات:**

١- شێوازی چنینو دارشتن و بنیاتی هەیکەل و فەنتازیای جوانی روخسار کە زمان رۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینێت.

٢- هەلومەرجی تەکنیکی نوێی سەرەتایی سەرهەڵدانی کورتە چیرۆکی هونەری لەرووی: {زمان، کات، شوێن، کەسایەتی، رووداو}.

٣- ئەم باسە وەك کار و چالاکییەکی ئەدەبی بواری پسپۆڕی وردو سنووردار، بۆ یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری کوردی تەرخان کراوە.

**رێبازی ئەم توێژینەوەیە:**

ئەم توێژینەوەیە ئاراستەی بابەتێکی پسپۆڕی ورد کراوە و خۆی لەبازنگەیەکی سنوورداردا دەبینێتەوە و ئەویش خوێندنەوەیەکی نوێی سەردەمانەیە، بۆ دەستنیشانکردنی یەکەم کورتە چیرۆکی نوێی

هونـەریی،کورد لـە باشووری کوردسـتاندا ئـەو کـارەش خـۆی لـەم دووریانـە هاوتەرییەدا دەبینێتەوە:

١- خوێندنەوەیەکی هێمن و سەرنجدانێکی ورد و لێکدانەوەیەکی قـووڵ و هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانە و بەراوردکردنێکی سەردەمانەی لایـەنی تـەکنیکی سەرەتای سەرهەڵدانی کورتە چیرۆکی هونەری ئەنجامدەدرێت.

٢- بەدواداچـوون و شـیکردنەوەی تێکسـتە ئەدەبیـەکانی بـواری ژانـری کورتـە چـیرۆك، ئەمـەش پێویسـتی بەوەیـە: پـەیڕەوی ڕێبـازی مێـژوویی و شیتاڵکردنەوەی چەمکی دەلالی بکرێت.

لە هەردوو خاڵی پێشەوەدا ئەم توێژینەوەیە پشـتییە هەماهـەنگی نێـوان بـیرورِا و بۆچـوونی شـیتاڵکاری بەسـتووە و شـوێن پێهـەڵگرتنی دیکۆمێنتـە مێژوویـیـەکانی گرتۆتەبـەر، ئەمــە و بــەو نیــازەی ئــەنجامێکی دروســت بەدەستەوە بدات و پرۆسـەیەکی مـەعریفی پێکبهێنێـت و بەوپـەڕی ئـیرادە و بڕوا بەخۆبوونەوە وەڵامی پرسیارەکانی ئێستا و ئایندەش بداتەوە، خـۆ لـەو ڕووەوە، گـەر مەبەسـت و ئامـانج سـەد لەسـەد نـەپێکێت، هـیچ نـەبێت زەمینەیەك بۆ لێکتێگەیشتن خۆشدەکات و تـەحقیقی گەیشـتن بـە هەقیقـەت هەنگاوی سەرەتای ئەم توێژینەوەیەیە.

## گیروگرفتی بەردەم ئەم توێژینەوەیە:

توێژینەوە لە تێکستی ئەدەبیی ئەم ژانرە نوێیە: (تەکنیکی نـوێی یەکـەم کورتە چیرۆکی هونەری) نەك لای کورد بـەڵکو لـە دنیـای ئـەدەبی میللـەتانی دەر و دراوسێشـدا وەك کـاری زانسـتانەی پسـپۆڕی ورد، ژێـدەری کەمـە و سەرچـاوەی دەوڵەمەنـدی نییـە یـاخود توێـژەری ئـەم توێژینەوەیـە چـنگی نەکەوتووە، چونکە لە ڕاستیدا تێکستی ئەدەبی چیرۆکی هونەری بۆخۆی لـە دنیادا نوێیە و لە دنیای ئەدەبی کوردیشدا ناوبەناو لـە لایـەن چـیرۆکنووس و لێکۆڵـەرەوەی ئەدەبییـەوە ئـاوڕی لێدراوەتـەوە، وەلـێ لەگـەڵ ئەوانەشـدا، سەرچاوەی پێویست، کەم و هەژارە، بەو مەبەستەی گیروگرفتی بەردەم ئەم

توێژینەوەیە تەخت کرێت، توێژەر لەپاش سوود وەرگرتن لەو سەرچاوانەی چنگی کەوتوون، پەنای بۆ ئەزموونی ئەدەبی تایبەتی خۆی لە بواری ساغکردنەوەی دیکۆمێنت و تێکستی ئەدەبی بینای کورتە چیرۆکی هونەری بردووە.

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە:**

دەمێکە ئەو خولیا خۆش و بەتامە هەراسانی بە مێشك و کاسەی سەرم هەڵگرتووە، ئاکام قنیاتم (قەناعەتم) بە راستی ئەو بیر و بۆچوونە هێنا، تێکستی ئەدەبی و لەناویدا چیرۆکی هونەری بەگشتی و کورتە چیرۆکی هونەری بە تایبەت، خاوەنی کەسایەتی و تایبەتمەندێتی و بڕیار و کاریگەریی خۆیەتی و هێزی سیحری ئەو جیهانە سەرسوڕهێنەرەی لەپشت تێکستی ئەدەبیەوە هەیە: کار لە هەست و نەست و هۆش بیری (ڕۆح و جەستەی) مرۆڤ دەکات، مێشك دەورووژێنێت و ناخ دەهەژێنێت.

پرۆسەی ساغکردنەوەوی یەکەم چیرۆکی هونەری کوردی وەك پرۆسەیەکی مەعریفی و گەیشتن بەڕاستی و هەقیقەت، بایەخی: (ئەدەبی، مێژوویی، ڕۆشنبیری و شارستانی...) خۆی هەیە.

مرۆڤ دەتوانێت لە روانگەی (پرۆسەی: هەڵوەشاندنەوەی تێکست و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی و دواتر بەراوردکردنێکی زانستانەی پشتبەستووە بە هەلومەرج و پرنسیبە تەکنیکیەکانی ئەو بوارە، ئاکام بەو ئەنجامە بکات، ڕەنگی نەخشەی بۆ رشتووە..

پرۆسەی ساغکردنەوە و دیاریکردنی یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری کوردی، بۆ ئێستاو ئایندە چەندین سوود بە بزاڤ و مێژووی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و شارستانیەتی کورد دەبەخشێت لەوانە:

١- لە قۆناغی سەرەتای سەرهەڵدان و چوزەرە دەرکردنی یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری کوردی، ئاستی هۆشیاری و بەهرە و توانای داهێنانی نوێ لای چیرۆکنووسانی کورد دەستنیشاندەکات.

٢- ئەو راستیە دەردەکەوێت، ئاخۆ چیرۆکنووسی کورد لەیەکەم کورتە چیرۆکی هونەرییدا چاولێکەریو لاسایی کتومتی کوێرانەی نووسەرانی بەر لە خۆی کردۆتەوەو یاخود بەهرە و توانا و خولیا و عەشقی داهێنانی ئەدەبی سرووش(ئیلهام)ی پێبەخشیوە؟واتە: لە خولقاندنو داهێنانی خودی نووسەرەکەیە یاخود نا؟.

ئەو بۆچوونە لەبەردەم دووڕیانێکدا هەڵوێستەیەکمان پێدەکات: ئاخۆ نووسینی یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری (تەوادری خەواتر) بووە، یاخود کاریگەریی داهێنانی بەر لەخۆی رۆڵی بووە؟ ئەگەرچی لەهەردووبارەکەدا هیچ خەوشێکی تێدا نییە و دوور لە تونددڕەوی و ڕەگەزپەرستی و دەمارگیری، دەبێت ئەو هەقیقەتە بزانرێت: میللەتان بەگشتی و ئەدیب و رۆشنبیران بە تایبەتی بەهۆی ئەو تێکەڵی و پردی بەیەکگەیاندنی بیروڕای نێوانیان لە هەموو رویەکی ژیانەوە کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە، دیارە پێش چیرۆکنووسی کورد لەلایەن چیرۆکنووسانی ئەوروپی: مۆباسان لەفرەنساو ئەدگار ئالان پۆ لە ئەمەریکا و چیخۆف لەروسیا، بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئابووریو رۆشنبیری خۆیانەوە لەبواری داهێنانی کورتەچیرۆکی هونەریدا دەستپێشخەریان کردووەو جێدەستیان لەم بوارەدا هەیە؟.

٣- لە رێگای دیاریکردنی یەکەم کورتەچیرۆکی هونەری کوردییەوە چیرۆکنووسان و توێژەرانی ئەدەبی کوردی بە ئاسانی دەتوانن لە ئەنجامی پرۆسەی بەراوردکاری بگەنە ئەو ئاکامەی: ئاخۆ کورتەچیرۆکی هونەری کوردی لەچاو یەکەم کورتەچیرۆکی هونەریدا گەشەسەندن و پەرەپێدان و بەرەوپێشچوون و داهێنانی نوێی بەخۆیەوە بینیوە یان ئاخۆ لە چ ئاستێکدایە؟.

بۆ ئەوەی ئەو پرۆسەیە بەئەنجامێکی مەعریفیانە و پۆزەتیڤانە بگات، دەبێت توێژەر ملکەچی سۆز و خواست و حەز و ویستە تایبەتیەکانی خۆی نەبێت، بە بەڵگەی سەلمێنەرەوە بیر و بۆچوون و لێکدانەوەکانی، ئاراستەی

مەبەست بکات و پشت بە پرنسیپی زانستانەی باوەڕپێکراو ببەستێت و لە رووکەش و بۆچوونی ساکارو تەسکی ناوچەگەری دوور بکەوێتەوە و متمانەی پسپۆڕانی وردی ئەو بوارە کاڵنەکاتەوە و ئامانج خزمەتی وشەی کوردی و بیری مرۆڤانە و شارستانیەت و بزاڤی گەشی ئەدەبی پەیڕەو کردنی ڕێبازی زانستییانە بێت.

# بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم: چیرۆکی هونەری و ژانرە جیاجیاکانی:

ئەدەب ژان و سوێ و خۆخواردنەوەی: بیری ورد و ئەندێشەی بەرین و هەستی ناسك و سۆزی ورووژێنەری مێشك و ناخی مرۆڤە، بە ئازادی و شێوەیەکی عەقلانی لەرۆحی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت و لەوەتی مرۆڤ هەیە و هەستی بە بوونی خۆی کردووە، بەرهەمی ئەدەبیش (با بەشێوەی زارەکی و ساکاریش بوبێت) لەدایکبووە، کوردیش وەك هەموو میللەتانی خاوەن شارستانیەتی دنیا بەرهەمی ئەدەبیی بە سەرجەم ژانرە رەنگاڵەییەکانەوە هەبووە، بەتایبەت چیرۆك.. رۆلان بارت دەڵێت: (**نە لە رابردوو نەئێستا و نە لە هیچ شوێنێکدا نەتەوەیەك بێ چیرۆك نییە**) [1].

ئەو راستییە تەنیا خواست و حەزی تاکەکەس نییە، مرۆڤگەل هاندەر و هاوکار و هاوبەشن لە داهێنانی تێکستی ئەدەبییدا و لە جەرگەی ئەو تێکستە ئەدەبییەدا، ژانری تێکستی چیرۆکی هونەری لە کەشێکی تایبەتیدا لەدایکدەبێت، ئەمە چ لەبەکارهێنانی تەکنیکی تازەگەری و شێوازی داڕشتن و چنین و کاری وەستایانەی فەنتازیا بۆ جوانی ئێسك و روخسار، هەروەها خاوەنی ناوەرۆکێکی بە پێزی (کاڵا بەقەد باڵا)ی سەردەمەکەیەتی، بەلەخۆگرتنی ئەو تایبەتمەندێتییە، خۆی لە هەموو ژانرەکانی دی ئەدەب جیا دەکاتەوە.

چیرۆك بونەوەرێکی هەست ناسکی کاریگەر و کارایە، بۆیە لە روانگەی بیر و بۆچوون و ئاستی هۆشیارییەکی بەهێز و رۆشنبیرییەکی بەرز و حەز و ویست بەهرە و سەلیقەی وردی هەر مرۆڤێکە وە جۆرە پێناسەیەك هەڵدەگرێت و تا مرۆڤ بەرهەمی ئەدەبی و چیرۆکی نوێ دابهێنێت، سنوور بۆ جۆر و چۆنیەتی پێناسەی نوێ نامێنێت، زمان پێشەنگو سەرقافڵەی

---

١ – رولان بارت (مدخل الى التحليل البنيوية للقصص)، ترجمة دكتور منذر عياش– الطبعة الاولى، دار الموسوي، باريس، ١٩٩٣ ل٧.

داهێنانی نوێی ئـەو ڕەنگاڵەییـەی ژانـری چـیرۆکی هونەرییـە. (**بەدڵنیاییـەوە دەڵێم: چیرۆك سستمێکی زمانەوانییەو ڕەنگدانەوەی زادەی وەبەرهەمهێنانی سیسـتمی ڕۆشـنبیری ئـەو نەتەوەیەیـە، خاکەکـەی خـاوەنی داهێنـان و شارستانیەتە**) [1].

ڕۆلان بارت لەو پێناسەیەیدا لایەنێکی ناسك و گرنگی لە چنین و بنیاتنانی چـیرۆکدا دیـاریکردووە، ئـەویش ڕۆڵـی زمانـە و چـیرۆکی هونـەریش بۆخـۆی دیاردەیەکی ئەدەبیی نوێ و شەوقداری هاوچەرخە، دەبێـت زمـان ئـەو کـارە ئەدەبییە بە مـەنزڵ بگەیـەنێت: (**دیـاردەی سـەرهەڵدانی چـیرۆك ڕاسـتەوخۆ پەیوەندی بە تەرزی ئەدەبییەوە هەیە**)[2].

دیاردەی ئەو لەدایکبوونە نوێیەی هونەری چـیرۆك ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بە هۆشـیاری مـرۆڤ و پێشـکەوتنی شارسـتانییەتەوە هەیـە، چـیرۆك لـەرووی بنیاتنانی هەیکەل و جوانی ڕوخسار و بەکارهێنانی تەکنیکی نوێوە، چـەندین بۆچـوون و پێناسـەی جیاجیـا هــەن: {**چـیرۆك**– TALY– **بریتییـە لـە ڕاگوزشتێکی گشتی بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان، مەرج نییـە بەتـەواوی پلـۆت (حبکە)ی تیابێت**} [3].

تێکستی چیرۆکی هونەری وەك هەموو ژانرە جیاجیاکانی ئەدەب خاوەنی سـیمای تایبـەتی و خەسـڵەتی تـەکنیکی خۆیـەتی ئـەو سـیما و خەسـڵەتە تایبەتمەنـدێتی پێبەخشـیوە، بـە جۆرێـك لـەناو هــەموو ژانـرە ئەدەبییـە جیاجیاکاندا قورسایی خۆی هەبێت، خوێنەری سەردەم بەبایەخەوە باوەشـی بۆ بکاتەوە و لەلایەن پسپۆڕانی ئەدەبیشەوە بەڕێزەوە هەڵسەنگێنرێت. ئـەو خاڵی بۆچوونانە بەرامبەر چیرۆکی هونەری دەربڕاون لەسەر ئاسـتی تـەوژم و

---

١ – ڕولان بارت (مدخل الى التحليل البنيوية للقصص)، سەرچاوەی پێشەوە، ل٧–٨.

٢ – مدخل الى نظرية القصة (تحليلاً وتطبيقاً) سمير المرزوقي وجميل شاكر– الطبعة الاولى– دار الشؤون الثقافية العامة–آفاق عربية بغداد– ١٩٩٦ ص ١١

٣ – معجم مصطلحات العربية في اللغة والادب – مجدي وهبة و كامل المهندس – مكتبـة لبنـان– ساحة رياض الصلح –بيروت– ١٩٧٩ ص ١٦٠

شەپۆلی رۆشنبیرانی جیهانی، گشتگیریەکی بەهێزی ساز کردووە.. (**چیرۆك بریتییە لە گرنگترین شێوەکانی ئەدەبی نویێ**) [1].

چیرۆك رەنگێکی نوێی ئەدەبییە و ئەو فرە رەنگی و جیاجیاییەی دنیای ئەدەب لە سۆنگەی ئازادی و ژیانی تێکستەکەوە سەری هەڵداوە و دەبێت بەهیچ جۆرێك سنوور بۆ ئەو ئازادییەی تێکستە کە تێیدا دەژی دانەنرابێت، ئەوسا تێکستی چیرۆکەکە سەربەستانە لە شەقەی باڵدەدات رووەو قووڵایی بەرزیی داهێنانی نوێ دەفڕێت، چونکە بەپێی پێوەرە دێرینەکەی دابەشکردنی ئەدەب نەك ژانری کورتە چیرۆك بەڵکو خودی چیرۆك بە واتاو ئەرکەکانیەوە مافی سروشتی خۆی نەدراوەتێ.

بۆ ئەوەی بابەتەکە لە بۆچوونی کرچ و راگوزاری و رووکەشی، دوور کەوێتەوە، روو لەجەرگەی مەبەست دەکەین و چەندەش لەتوانا دابێت خوێندنەوەیەکی نوێی سەردەمانەی ئاراستە دەکرێت.

### تەوەری دووەم: کورتە چیرۆکی هونەری:

تێکستی ئەدەبی و ژانری کورتە چیرۆکی هونەری رەنگێکی جیاواز و سەربەخۆیە، بە توانا و بەهرە و سرووشی (ئیلهام)ی خۆی وزە بە داهێنانی نوێی دەدات، بەردەوام لە دنیای خواست و نهێنییە بێ سنوورەکانی مرۆڤدا لەدایك دەبێت و هەر لەوێشدا بە زیندوویی دەژی، ئەو لەدایکبوونە نوێیەی کورتەچیرۆکی هونەری، فرە رەنگی لە ئەدەبدا پێکهێناوە و هەر ئەو فرە رەنگییە مافی مانەوە و درێژەپێدانی ژیانی پێبەخشیوە.. لێرەدا بۆ ئەوەی خوێنەر تووشی شۆك و چەواشەیی نەبێت، راست وایە: مەبەست لە واتای مان و درێژەپێدانی ژیانی ئەدەبی جوانتر روونبکرێتەوە، مەبەست لە مانەوە و بەردەوامی ژیانی هەمیشەی تێکستی ئەدەبی تەنیا ئەوە نییە: بەرهەمی

---

١ – نشأة القصة وتطورها في العراق ١٩٠٨– ١٩٣٩، الدكتور عبدالاله أحمد، الطبعة الثانية– مطبعة دار الشؤون الثقافية، بغداد، عراق، ١٩٨٦ ص١١٧.

ئەدەبی لە بزربوون و فەوتان بپارێزرێت، یاخود نیاز لەو بەرهەمە ئەدەبییە ناوازە و نایابە زیندووە نییە کە بەردەوام بەسەر زاری خەڵکەوە بێت و لە نێوان وەچە و نەوە لەدوای نەوەکاندا دەماو دەم دەستاودەست بکات! بەڵکو مەبەست فرە رەنگی و مانەوە و درێژەپێدانی هەمیشەیی تێکستی ئەدەبی بەگشتی و چیرۆك و کورتە چیرۆکی هونەری بەتایبەت ئەوەیە: خودی دیاردە و بزوتنەوە ئەدەبییەکە بە هۆشیاریو عەقڵیەتێکی کراوەی سەردەمانەوە گەشە بکات، پەرەبسێنێت بەرەوپێشەوە بڕوات و گۆڕانکاری نوێی و داهێنراوی پۆزەتیڤانە بەخۆیەوە ببینێت و فاکترێکی بەهێز و توانادار بێت، بۆ پێکهێنانی فرەڕەنگی و داهێنانی رەنگی نوێ لە دنیای ئەدەبدا.

کورتە چیرۆکی هونەری نەوەی نوێی ئەو ئایندە جاوەڕوانکراوەیە، خۆی لە بەکارهێنانی زمانی تایبەتی بە داڕشتنی کورتە چیرۆك و فەنتازیایەکی جوانی هاوچەرخانە و ناوەرۆکێکی شارستانانە و مرۆڤانەدا دەبینێت، کە مرۆڤ لەگەڵیدا بێ تاقەت و وەرس نابێت و حەز بە هاوڕێیەتی هەمیشەیی دەکات و بەردەوام جگە لە چێژ و خۆشی وەرگرتن، گوڵبارانی جوانیت دەکات، لەهەمان کاتیشدا خۆی لە کایەی مەعریفیەکی پۆزەتیڤانەدا دەبیتنێتەوە، ئەمە بەو واتایەی: لەم پرۆسەیەدا هەماهەنگی و تەبایی و هاوسەنگی لە نێوان روخساری هونەری و مەبەستی ناوەرۆك ساز دەکرێت، زمانیش رۆڵی مەزن لە پیشەسازی وشەو تەکنیکی نوێی چنینو داڕشتن و بنیاتنانی هەیکەلی کورتە چیرۆکەکەدا دەبینێت: (**فۆرم موڵکی تەنیا کەسێك نییە، زمان لە ناوانایە و موڵکی هەموانە**) [(1)].

دەبێت خوێندنەوەیەکی نوێی سەردەمانەی دوور لە گرژی و هەڵچوونەوە هەبێت، بۆ ئەو رایەی دەتوترێت: فلانە کەس یاخود فیسارە میللەت لەو بوارەدا دەستپێشخەر بوون.. با ئەم یاخود ئەو نووسەری میللەتە پێشتر

---

١ – رولآن بارت: الكتابة في درجة الصفر،ترجمة نعيم الحمصي، منشورات وزارة الثقافة– دمشق، ١٩٧٠ ص ٦٩.

یاخود دواتر روویان لە دنیای داهێنانی ئەم ژانرە هونەرییە (کورتە چیرۆکی هونەری) کردبێت، ئەمەیان پەیوەستە بە کەشی لەباری ئازادی و بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیو ئاینیی و ئاستی هۆشیاری و پلەی رۆشنبیریانەوە.. ئەو هۆکارانە زەمینە خۆشدەکەن و تایبەتمەندێتی بۆ ئەو داهێنانە دەخولقێنن، مادام زمان موڵکی گشتی مرۆڤە و هەموو کەسێك بۆی هەیەتوانا و لێهاتوو خۆی و ئەسپی بەهرە و خولقاندنی نوێی داهێنانی سەردەمانە پێتاو بدات.

باشتر وایە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سووك و ئاسان، ئاشنای دنیا و دیوی ناوەوە و نهێنیە شاراوەکانی ئەم بابەتی داهێنانە هاوچەرخانەیە بین (کورتە چیرۆکی هونەری) و ماهیەتی تەکنیکی نوێ و نوێتری ئەم ژانرە لا روونتربێت، لە گەوهەر و فەلسەفەی فیکری پێناسەکانیەوە دەستپێدەکەین: **(کورتە چیرۆك: رەنگێکە لە رەنگەکانی ئەدەبی هاوچەرخ و لەدوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا سەریهەڵداوە، خاوەنی مۆرك و هەلومەرج و شێوازی دیاریکراوی خۆیەتی)** [1].

کورتە چیرۆکی هونەری ژانرێکی ئەدەبیی هاوچەرخ و سیما و خەسڵەتی تایبەت خۆی هەیەو لە واتا و ئەرك و کاریگەری گشتی (چیرۆك)و ژانرەکانی دی ئەدەب جیا دەکاتەوە، ئەوەشە ئازادی و (کیانی سەربەخۆی) خۆی لە جۆری دارشتن و شێوازی چنینی تەکنیکی ژانرەکانی دی جیا دەکاتەوە... ئەم ژانرە هونەرییە نوێیە ئیفرازاتی هۆشیاری سەردەمو شەپۆلی رێنیسانس و هەستی ناسك بەرزی رۆشنبیری مرۆڤ و گەشەکردنی شارستانیەتە و خاوەنی چەند توخم و تایبەتمەندێتی خۆیەتی: **(کورتە چیرۆك، لە چەندین توخم پێکهاتووە لەوانە: خستنە رووی چیرۆك و وردەکارییەکانی، کەسایەتی ناو چیرۆکەکە، کات و شوێنی رووداو، گۆشەنیگای جیاجیا، ناخی ناوەوەی**

---

١ – فن القصة القصيرة– الدكتور رشاد رشدي، الطبعة الثانية، دار العودة – بيروت – ١٩٧٥ ل٧

**کورتە چیرۆکەکەوە پێکهاتەکانی دەخولقێنێت)**[1].

کەسایەتی سەربەخۆی ژانری کورتە چیرۆکی هونەری هۆکارێکی بەهێزە، بۆ ئەوەی بەچاوی رێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم هونەرە هاوچەرخەدا بکرێت: **(حەز دەکەم ئەوەش بڵێم: کەمن کورتە چیرۆك بە هاوچەرخترین داهێنانی ئەدەبی دەزانم)**[2].

هەر لەبارەی کورتە چیرۆکو توخمە سەرەکییەکانی ئەم پێناسەیەش هەیە: **(کورتە چیرۆك، بەرهەمێکی کورتە، چیرۆکنووس لەرێگای سوود وەرگرتن لەپلانو بەرنامەیەکی رێکوپێکەوە، کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە، لەیەك رووداوی سەرەکیدا نیشاندەداتو ئەو بەرهەمە کاریگەریەکی یەکسانی لەسەر هەمووان دەبێت)**[3].

جگە لەو جۆرە بیرورا دەربڕینە، چەندین، پێناسەی دی بۆ کورتە چیرۆکی هونەری هەنو هەریەکەشیان تیشکی بۆ چوونێکی تایبەتیان ئاراستەی لایەنێك یاخود چەند لایەنێگی کورتە چیرۆکی هونەری کردوە، لەوانە: **(کورتە چیرۆك گێڕانەوەیەکی چڕی داهێنەرانەیە، بەزۆری ئەرکەکانی لەگەڵ تاقمێکی سنووردار‌دا بەجێدەهێنێت، هەندێکیان کەسایەتیان بەشداری کاری تاقانە دەکەن، زۆربەی کات هاریکاری یەکتر دەکەنو بەیەکگرتووی کاریگەری لەسەر ئەفراندنی کەشو هەوای کورتە چیرۆك دەکەن)**[4].

ئەو بیروراو بۆچوونانەی لەلایەن شارەزایانی کورتە چیرۆکو لێکۆڵەرەو

---

١ – هزار توی داستان(ارتوسی، کلارك، لنکستون هیوز، إبزاك أسیموف، پرل پاك، ساکی،...) ترجمە: نسرین مهاجرانی، چاپ أول، چاپ حیدری، نشر چشمه، تهران ١٣٧٨ ل ١٠.

٢ – چیرۆکی هونەری کوردی، شێوە و شێواز و بونیاد: زاهیر رۆژبەیانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٧ ل ٥

٣ – هنر داستان نویسی، ابراهیم یونسی، مؤسسه انتشارات نگاه،نهران، چاپ ششم (١٣٧٩)، چاپخانەی نوبهار، تهران، ص١٠٥.

٤ – عناصر داستان، جمال میر صادقی، چاپ سوم، باویرایش جدید، چاپخانەی بهمن، انتشارات سخن، خیابات، انقلاب مقابل دانشگاه تهران، ١٣٧٦، ص٢٦.

رەخنەگرانی ئەدەبییەوە، لە بارەی ژانری نوێی کورتە چیرۆکی هونەرییەوە، دەربڕاون، نرخ و سەنگی زانستی و ئەدەبی خۆیان هەن.

**تەوەری سێیەم: کورتە چیرۆکی هونەری کوردی:**

تا ئێستا لەلایەن پسپۆڕانی بواری وردی ئەدەبییەوە، لەبارەی چیرۆکی هونەری بە گشتی و کورتە چیرۆکی هونەریی کوردییەوە بەتایبەت گفتوگۆی چاك و مشت و مڕی زۆری لەسەر کراوە و چەندین بیروڕای جیاوازی لەسەر دەربڕاوە.

لەوانە پێیان وایە لەدایکبوونی ئەم ژانرەی کورتە چیرۆکی هونەری سەرەتای سەرهەڵدانی لە ئەورووپاوە بووە و بە هونەرێکی بیانی دادەنێن: **(چیرۆك وەك هونەرەکێ ئۆرووپایێ کو ل چەرخی پازدێ و شازدێ و ل نیڤا دووێ ژ چەرخێ نۆزدێ سەر دەستێ مۆباسان جێگر بوو)** [1].

بەلای ئەو چیرۆکنووسەوە ئەم ژانرە ئەدەبییە، هونەرێکی نوێی هاوچەرخی ئەورووپایە و سەرەتا لەوێوە لەدایك بووە.

نووسەری ئەو رایە بڕای بڕ بە (مطلق) بیروڕای خۆی دەربڕیوە و هیچ مەودای بۆ بۆچوونی نویی بۆ ئایندە نەهێشتۆتەوە..هەر لەو جۆرە رایەی ئەم بۆچوونەش لەلایەن دکتۆر مارف خەزنەدارەوە خراوەتەروو: **(چیرۆك هونەرێکی ئاورووپاییە، پێویستی ژیانیی وای لێ کردوە، وەك روخسارێکی هونەری لەناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بڵاوبێتەوە، لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی کەوتۆتە ناو ئێمەشەوە)**[2] هەر سەبارەت بەسەرهەڵدانی چیرۆکی هونەریو ئەوهەوڵ تەقەلایانەی لەو بوارەردا دراونو ئەم بۆ

١ – رۆڵی گۆڤاری هاوار بۆ پێشخستنی چیرۆکا کوردی یا هونەری، ئەنوەر محەمەد تاهیر– گۆڤاری مەتین، ژمارە(٧٥) نیسانی ١٩٩٨ ل٣٥.

٢ – هەندێ لەشیرازەکانی دەفتەری رەخنەم، د. مارف خەزنەدار، گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، بەرگی سێیەم، بەغدا، مایس، ١٩٧٠، ل٥٣.

چوونەش دەربڕاوە: (**بەر لە سەدەی نۆزدە، مێژووی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا لەبواری نووسینی کورتەچیرۆکدا چەندین هەوڵی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە**)[1].

ئەو بیروراوبۆچنەی دکتۆر (ڕەشاد رشدی) مەودای بۆ دەربڕینی دی هێشتۆتەوە.. ئەوەی تێبینی دەکرێت نەك لەلای توێژەرانی ئەدەبیی غەیرەکورد بەڵکو لای کوردیش کاریگەری بەهێزی ئەو بۆچوونە هەیە: (**کورتە چیرۆك، وەك ژانرێکی ئەدەبی و پەخشانێکی هونەری، سەرەتا لە هەندێ وڵاتی ڕۆژئاوای وەکو فرەنسا و ئینگلتەرا و روسیا و ئەمەریکا سەری هەڵداوە، لەرێی وەرگێڕان و فێربوون و زمانی بیانییەوە، توانی تاڕادەیەك کار لە ئەدەبی گەلانی تر بکات**) [2].

راستە کاریگەری نێوان مرۆڤ و گەلانی جیهانی لەبواری: فیکری، فەلسەفی، ئەدەبی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایینی و ڕۆشنبیری کار و دیاردەیەکی ئاسایی و هاوچەرخانەیە، ئەو کارتێکردنە لە گواستنەوەی هزر و هونەری مرۆڤێك یاخود کۆمەڵگایەك بۆ لایەکی تر حسابێکی دییە و ساغکردنەوەی ئەو بیروڕا و بۆچوونانەش بەڵگەی سەلمێنەری دەوێت، ئەو بۆچوونانەی پێشەوە لەمپەر لەبەردەم مافی داهێنەرانەدا دادەنێت چونکە چێژ وەرگرتنی خاڵێکی هاوبەشی نێوان نووسەرانی کوردو گەلاندا هەیە: { **خاڵی هاوبەش لەنێوان حیکایەت و چیرۆکی هونەری " ئەوروپیو کوردی"دا چێژ وەرگرتنی مرۆڤە لەگێرانەوەو گوێگرتن کەشێوەیەکی جویکەرەوەی مرۆڤە لە ئاژەڵو گیاندارانی تر**}[3]، دەشێت لە کەشێکی ئازاد و ئاستێکی

---

١ – فن القصة القصيرة، الدكتور رشاد رشدي، الطبعة الثانية– ١٩٧٥ ص٧

٢ –بینای هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا– (١٩٧٠–١٩٨٠) نامەیەکی ماستەری ئەحلام منصورە، لە کۆلێژی پەروەردەی (ابن رشد) ی زانکۆی بەغدا– تەموزی ١٩٩٨ ل١١

٣ – لێکۆڵینەوە لەکورتە چیرۆکی کوردی لەکوردستانی باشوورا "١٩٧٠–١٩٨٠" نامەی ماستەری ئیبراهیم قادر محەمەد، پێشکەشی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی، هەولێری کردووە، ئابی ١٩٩٧، ل٥

بـەرزی هۆشـیاری و رۆشـنبیری و تمـوحی بـەهرەدار و داهێنەرانـدا تێکسـتی ئەدەبی و ژانری کورتە چیرۆکی هونـەری لـەلای نووسـەرێکی دیش لەئاسـتی داهێنانی تازەگەریدا لەدایکبێت، بیٚ ئەوەی خۆی لەخانـەی لاسـاییکردنەوەی ئـەوەی پـێش خۆیـدا ببینێتـەوە، چـونکە مـافی ئـازادیی لـەدایکبوونی ژانـری کورتەچیرۆکی هونەری، لەگـەڵ رۆحـی ئـەو تەلیسـمەدا تـەبا و گونجـاوە کـە هێزێکـی گـەورە لـە پشـت نهێنیـەکانی جیهـانی ئـەودیوی ئەدەبـەوە هەیـەو برێتییـە لـەو هۆشـیارییە بـەهێزە و ئـەو بـەهرەی داهێنانـە هاوچـەرخانەیەی گوزارشت لە کات و قۆناغی سەرهەڵدان و لەدایکبوونەکە دەکات، ئەو ئیلهامە خوداییەش موڵکی تەنیا کەس و میللەتێك نییە: (**ئەدەبیاتی هەر مەملەکەتێك ئاوێنەی باڵانمای تەواوی ئاوەز و مەعریفی ئەو دەڤەرەیە)** [1].

زادەی ئـەو بەرهەمـە ئەدەبییـە لەلایـەن بـەهرەدارانی ئـەو میللەتـەوە لەدایکدەبێت، لە گۆترە و لەخۆوە نییە و بـە کۆمـەڵێك هەلومـەرج و تـەوژمی هۆشیاری و شەپۆلی بزوتنەوەکانی سەردەمەوە بەستراوەنەتەوە.

لەدایکبوونی نویٚ و داهێنـانی هاوچـەرخانەی هـەر بەرهـەمێکی فیکـری، بەتایبـەت بەرهـەمی ئـەدەبی زادەی هـزر و ژیـری و زەوق و سـەلیقەی ورد و هەسـتی ناسـکی، مێشـکی کـراوەی خاوەنەکەیـەتی، بەرەچـاوکردنی کەشـی سازگار و گۆڕانکاری نویٚ: (**لەمێژووی ئەدەبیانی کوردیدا هەڵکـەوتنی بنیاتـە بابەتیەکانی لەدایکبوونی چیرۆکی هونەری کوردی بەستراوەتەوە بە بارودۆخ و گۆڕانکارییە جۆربـەجۆرەکانی ژیـانی کۆمـەڵی کـورد، لەقۆناغـە مێژووییـە جیاجیاکاندا)** [2].

ئەو هۆکار و هۆ بزوێنەرانـەی داهێنـان لـەبوارە فیکریەکانـدا: (فەلسـەفە، ئـەدەب، سیاسـەت، هونەر..هتـد) دەهێننـە کایـەوە، زۆر چـەمك و تـەوەری

---

١ – أدبیات سیاسی ئیران در عصر مشروطیهت: عبدالرحیم ذاکر حوسێن، جلد چهارم، چاپ أول چاپخانەی مهارات، تهران، ١٣٣٧ ل٤٣٩

٢ – بینای هونەری چیرۆکی کوردی لـە سـەرەتاوە، تـا کۆتـایی جـەنگی دووەمـی جیهـانی، د. پەرێز سابیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١ ل ١٩

تیۆری و پراکتیکی رۆڵیان تیا دەبینن، وەك: بیری تیژ و کراوە، بەرزی هۆشیاری، بەرچاوڕوونیو روانین ڕووەو ئاسۆی ئایندە و بڕوابوون بە پەرەپێدان و پێشکەوتن و گۆڕانکاری، ئەوانە دەبنە ئامرازی ئەوەی کانی بەهرە و خولیای عەشقی داهێنەر بتەقێتەوە: (**چیرۆکی هونەری کە پەیدابونی پتر بەندە بە گیانی شارستانێتی و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و زانستی و بەرزبوونەوەی رادەی رۆشنبیری کۆمەڵەوە**) [1].

کەواتە: ئەو داهێنانە ئەدەبییەی بواری ژانری چیرۆکی هونەری، دیاردەیەکە گرێدراوی ئەو هۆکارانەن کە نووسەر ئاماژەی بۆ هەندێکیانی کردووە.

بۆیە ئەدیبانی کوردیش وەك ئەدیب و چیرۆکنووسانی گەلانی دی ئەو مافەی هەبووە و هەیە لە داهێنانی ئەو ژانرە هاوچەرخەدا ئەسپی خۆیان تیا تاوبدەن و داهێنان لەو بوارەدا بکەن، لێرەدا دەکرێت بێ دەمارگیری و هەڵچوون، زاتی ئەوە هەبێت بووترێت: چیرۆکنووسانی کورد بێ ئەوەی لەژێر زەبری هێزی کاریگەری داهێنانی پێشخۆیاندابن.. دەتوانن لەبواری داهێنانی چیرۆکی هونەریدا رۆڵی خۆیان لەمێژووی ئەدەبیدا بەجوانی بگێڕن وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا، دوور لەخۆبایبوون و رەگەزپەرستی و خۆبەزلزانین بە جورئەت و ئیرادەیەکی بەتینەوە پشتگیری لەو راستیە بکرێت: سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردیش زادەی هزر و توانای بەهێز و هەستی ناسك و ئەندێشەی قووڵ و بێ پایانی خودی چیرۆکنووسانی کوردە*

بۆ دیاریکردنی یەکەم چیرۆکی هونەری بە گشتی و یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری کوردی هیچ بەڵگە و دیکۆمێنتێکی نووسراو یاخود دەنگی لەلایەن چیرۆکنووسە داهێنەرەکانەوە لەبەردەستانین: بڵێن: لەژێر کاریگەریی فلانە

---

١ – چیرۆکی هونەریی کوردی(١٩٢٥–١٩٦٠) حوسێن عارف، چاپی یەکەم، دار الحریە، بەغدا، ١٩٧٧ ل ١٢

* ئەگەرچی ئەو بۆچوونەی سەرەوە، لەو راستییە کاڵ ناکاتەوە، هەندێك جار کاریگەری داهێنەران، هۆی بزواندن بۆ داهێنانی لەو چەشنە یاخود جوانتر، لەلای ئەدیبانی دی ئەو میللەتە یاخود لای میللەتانی دی جیهان.

یاخود فیساره چیرۆکنووسدا ئەو چیرۆکەم نووسیوە.. ئەگەرچی سوود وەرگرتن (نەك گواستنەوە) یاخود کاریگەریی ئەو چیرۆکنووس بەسەر ئەم چیرۆکنووسەوە، ئاسایییە و خەوش و عار نییە، بەڵکو زۆرجار نووسەر بەشانازییەوە خۆی باسی ئەو کارتێکردنە دەکات، یاخود وەك قوتابیەك شانازی بە مامۆستاکەیەوە دەکات.. مامۆستای هەمووانیش، فێربوون، خۆرۆشنبیرکردنو سوود وەرگرتنە لەئەزموونەکانی ژیان.

کارێکی ئەکادیمیانە نییە، داهێنانێکی فیکری و پراکتیکی زانستانە بە تەنیا دیاردە و چەمك و هۆکارێکە گرێبدرێت، بۆیە داهێنانی نوێ، لە بواری چیرۆکی هونەری و کورتە چیرۆکی ئەورپایی خۆیان لە تەنیا یەك هۆکار و هۆکاردا نابیننەوە، بەڵکو بەپێی بەهرەو تواناو کەشی ئازادی و ئاستی هۆشیاری و بیرکردنەوە و زەمینەی لەبار، چەندین بنەمای بەهێز رۆڵیان لە داهێنانە ئەدەبیەکەدا بینیوە لەوانە:

١- بەرپابوونی شۆڕشی ئازادیخوازانەی ساڵی ١٧٨٩ فرەنسا کە لە١٧٨٩/٧/١٤دا دەستبەسەر بەندیخانەی (باستیل)دا گیراو لە ١٧٨٩/١/١٦دا بانگەوازی مافی مرۆڤو هاوولاتی راگەیێنرا. ئەو شۆڕشەی خەڵکی فرنسا و دەرووبەری لەدۆخی ستەمکاران بە ئاگاهێنایەوە، دواتر مەبدەئە بنچینەیەکانی بە هەموو دونیادا تەنییەوە.

٢- ئەو عەقڵە کراوانەو ئەو هزرە وردو قووڵانەی ئامێرو ئامرازی نوێیان لەبەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازیدا داهێنا، هاوکات داهێنان لە بواری فیکری و ئەدەبیدا، بە تاییەت کورتە چیرۆکی هونەری سەریهەڵدا.

٣- داهێنانی ئامێری چاپ، بەرزی ئاستی رۆشنبیری تاك و کۆمەڵ، هۆکار و هاندەری بەهێزبوون بۆ بیرکردنەوە لە داهێنانی نوێی فیکری و پراکتیکدا.

٤- دروستبوونی توێژی بورژوازی ئەورووپی و ململانێی نێوان ئەو توێژە و توێژەکانی دی، بەوەی کەسانی سەر بە توێژی بۆرژوا بەو پێیەی دەرفەتی باشی خوێندن و چاوکردنەوەیان بۆ رەخسابوو، وەك توێژێکی هۆشیار دەرکەوتن و بۆ بەرژەوەندی تەسکی خۆیان و بازار گەرمی بەرهەم و

کاڵاکانیان، له ژێر پـەردەی پاراسـتنی مـۆرکی نەتـەوەیی و نەتـەوەو خاکـدا خۆیـان دەنوانـد و کـارابوون لـەبواری ئـەدەبی و داهێنـانی چـیرۆکدا رۆڵیـان هەبوو.

٥- به هەقیقـەت، گەشەسـەندن و بـەهێزبوونی بیروبـاوەڕی نەتـەوەیی و شانازی به خاکی باوان و خـودی نەتـەوە و کـەلتووری ئـەو نەتەوەیـە، گـۆڕو هێزێکی نوێی بەو داهێنانه ئەدەبیانه بەخشی.

٦- ئەو پێشبڕکێ و ململانێییەی پێشکەوتنی شارستانیەت و پیشەسازی نێوان داهێنـەرانی فیکری و پراکتیکـی میللـەتانی خـاوەن کیـانی سیاسـی و پێشکەوتوو، هەروەها بڵاوبوونەوەی زمانەکەیان، هۆکارێکی دی ئەو داهێنانه نوێیانه بوون.

٧- بەلای توێژەری ئەم بابەتەوە خاڵی هـەرە گـرنگ لـەم پرۆسـە نوێیـە هەمیشەییدا ئەوەیە: عەشقی مرۆڤ، خولیای ئەو خۆشەویسـتی و ژان و سـوێ ئەو سۆزو ئەندێشەیەی هەراسان به کاسەی سەری مـرۆڤ هەڵدەگرێت، کـانی بەهرەو حەز و سەلیقه و ئەو هێزه شاراوە و نهێنیەی، دیوی ناوەوەی نـاخی هەست و هۆش و هزری مرۆڤ، هانـدەری سـەرەکی و هۆکـاری بنچـینەیی ئـەو پرۆسەیەیەکه بەدوای تازەگەری‌و نوێ و نوێتردا دەگەڕێت.. دیاره ئەو هۆکار و هۆکارانــەی لــە پێشــەوە خرانــەڕوو، لای مرۆڤــە هۆشــیار و بلیمــەت و داهێنەرەکانی ناو هەموو میللەتێکدا هەیه و ئەو گڕکانه با به شێوەی ساده و سـاکار و سـەرەتاییش بێـت لای ((ئـەم)) یـاخود لای ((ئـەو)) زووبێـت یـان درەنگتر دەتەقێتەوەو ئەفراندنه نوێکه لەدایکدەبێت.

بۆیـە دوور لـە دەمـارگیری و تونـدڕەوی و رەگـەز و ناوچەپەرسـتی و بـە رۆحیەتێکی زانستانەی سەردەمەوە، ئەم رایـە دەخرێتـە روو: چیرۆکنووسـی کوردیش وەك چیرۆکنووسانی نەتـەوەکانی دنیـا لـە قۆنـاغی سـەرتاییدا لـەم هەوڵە دوانەکەوتوون و، بەری رەنجی بیرکردنەوەی و هۆش و شـەیدابوونیان، بۆ داهێنانی نوێ بواری چـیرۆکی هونـەری.... لـە بـواری چـیرۆکی هونـەریی کوردیـدا ئاکـامێکی پۆزەتیڤانـەی لـە قۆنـاغێکی دیـاریکراوی ئەدەبیـدا بـە دیهێناوە ئەو فرە رەنگه ئەدەبییەی بەرهەمیهێناوە.

# بەشی دووەم

**تەوەرەی یەکەم:**

لەوەیە، ئێستا یاخود لە ئایندەدا، ئەو پرسیارە رووبەرووی توێژەرانی ئەدەبی ببێتەوە، بۆ و لەبەرچی دیاریکردنی یەکەم کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی؟!.

لەم توێژینەوەیەدا بەمجۆرە وەڵام لەنگەر دەگرێت: لە ئەنجامی ئەو مشتومڕە گەرم و گوڕەی، لە دێرەوە لە بارەی یەکەم چیرۆکی هونەری کوردیەوە دەکرێت، ئەم توێژینەوەیە بەم بنەماو هۆکارانە هاتۆتە کایەوە:

١- تائێستا ئەو گفتوگۆیانەی بۆ دیاریکردنی یەکەم چیرۆکی هونەری کوردی دەکرێت، درێژەی هەیە، بەو واتایەی بە ئەنجامی کۆتایی نەگەیشتووە.

٢- ئاوڕدانەوە لەم بابەتە و دیاریکردنی یەکەم چیرۆکی هونەری کوردی، کار و هەنگاوێکی ئەدەبیانە و زانستانەی پێشکەوتوویی سەردەمە، چونکە دەبێت مرۆڤ و کۆمەڵگای کوردی بەتایبەت پسپۆرانی وردی بورای ئەدەبو تێکستی چیرۆکی هونەری ئەو راستییەیان لا روونبێت، یەکەم چیرۆکی هونەری کامەیە، تاکو ئاستی چەقین(وەستاندن) یاخود بزواندن و گەشەسەندن و بەرەوپێشچوونی ئەم بزاڤە ناسکە بزانرێت، هەروەها ئەو قۆناغە جیاجیایانەی پێیدا تێپەڕیوە کامانەن و چۆنن؟ هەریەکەیان نرخی بڵندی یاخود نەوینی خۆیان بخرێتە روو.

٣- بەو مەبەستەی، بەرزی ئاستی چیرۆکنووسە سەرەتاییەکان و جۆری تواناو بەهرەو بیرکردنەوەیان بزانرێت، چی بووەو دواتر بەشێوەیەکی زانستییانە، لەگەڵ بەرهەمی تێکستی ئەدەبی و بواری چیرۆکی هونەریی یەکەم چیرۆکی هونەریی میللەتانی دەرو دراوسێ و جیهاندا تاوتوبکرێن، تا ئاست و ئەندازەی کار لە یەکتر کردنیان یاخود داهێنانی خودیان بزانرێت.

بۆ ئەوەی ئەم هەوڵە بەفیڕۆ نەڕوات و لە هەلومەرجی دروستی خۆی

دوورنەکەوێتەوە و وەڵامی تانوپۆی پرسیار و بۆچوونە جیاجیاکان بداتەوە، ئەم بیروڕایانەش دەخرێنە روو:

١–مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، گەیشتنە بەو راستییەی: خزمەتی بزوتنەوەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەبی کوردی بە گیانێکی سەردەمانە بکات و دوور لە داتاشین و حەزی تاکە کەسی و دوور لە ناوچەگەری و زار و دیالێکت، مەبەست بە ئەنجام بگەێنرێت.

٢– بۆ دیاریکردنی یەکەم چیرۆکی هونەری یاخود(یەکەم کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی) لە گۆترە، بۆچوون و رەئی دەرنەبڕدراوە، بەڵکو زۆر بە وردی و دروستی رەچاو پەیڕەوی پێوەری زانستی و پسپۆری وردی چیرۆکی هونەری کراوە، تا هیچ داشکانێك بە لایەکدا نەکرێت و خاترانەی تێدا نەبێت، کارای ئەم پرۆسەیەکراوە، وەك چۆن تێرمۆمێتر (محرار حەراری) پلەی کەش دەپێوێت، بێ شەرم و خاترگرتن ئەنجامت دەداتێ.

٣– لەم توێژینەوەیەدا روو لەپنتی پسپۆری وردی چیرۆکی هونەری کراوە، واتە باس لە(یەکەم کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی) کراوە... ئەوەش لەو پێناوە دایە: تا تەکنیکی نوێی بەکارهێنانی زمانو چنینو بنیاتی کورتە چیرۆکەکەو ئامادەبوونی جوانی وەك خۆی تام و چێژی، خۆشی ببەخشێت.


فەزای ئازاد
توانا
خواست و نیاز
بەهرە
ژان و سۆی
ئەندێشە
عەشق و خۆشەویستی
ئەدەب
مەبەست
هەست و سۆز
چیرۆکی هونەری
پێوەر و پرنسیپە هونەرییەکان
بەڵگەو دیکۆمێنتی مێژوویی
هەڵوێست و زانستییانە ( سەلیقە )
خوێندنەوەی وردی سەردەمییانە
ئە نجام
لەدایکبووونی یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری کوردی

**تەوەرەی دووەم:**

تا ئێستا چەندین توێژینەوە لە بارەی یەکەم چیرۆکی هونەری کوردییەوە ئەنجامدراوە، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ رەنگ و ژانری پۆلێنکردنی چیرۆك کرابێت، ئاخۆ مەبەست لە یەکەم چیرۆکی هونەری کوردی: کورتە چیرۆکە یان نۆڤلێت (Novelette) یاخود رۆمانە؟ بۆیە هەست بە ئالۆزی و تێکەڵ وپێکەڵ کردنی بابەتەکان دەکرێت و مەرجی پسپۆری وردی هونەری و رەنگە جیاجیاکانی چیرۆکی هونەریان پێوە دیار نین، تەنیا ئاماژە بەوە کراوە ((یەکەم چیرۆکی هونەری کوردی)). لە وانە: دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسووڵ ئاوا باسدەکات: (**چیرۆکی کوردی لەنێوان هەردوو جەنگدا سەریهەڵدا، لەوەیە: بیرەوەرییە رەخنەئامێزەکانی جەمیل سائیب کە لە ساڵی ١٩٢٥دا، لەبارەی حوکمڕانیی شێخ مەحموودی حەفید بە ناونیشانی ((لە خەوما)) نووسیویەتی، یەکەم بەرهەمی چیرۆکی کوردی بێت**)(١).

راستە چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب (کاکینە) – چیرۆکێکی هونەرییە وەلێ ئاماژە بەوە نەدراوە، لەرووی قەوارەی هونەری چیرۆکەوە، کام ژانری چیرۆکە؟...چونکە (لە خەوما)..خۆی لە تێکستی ئەدەبی ژانری چیرۆکی درێژ (رۆمان) دا دەبینێتەوە.

یەکەم بەشی لە خەوما لە ژمارە(٩) ی رۆژی ١/٧/ ١٩٢٥ لە رۆژنامەی ژیانەوەدا دەست بەبڵاوکردنەوەی کراوە، بە زنجیرە تەنیا هەژدە بەشی لە (ژیانەوە) دا بڵاوکراونەتەوە لە ژمارە (١) ی رۆژی (١٩٢٦/١/٢١) لە رۆژنامەی (ژیان)دا تا ژمارە(٢٦) ی رۆژی ١٩٢٦/٧/٢٩، شەش بەشی دی بڵاوکراونەتەوە، کە تێکڕای بەشەکانی (٢٣) بەش بوون، شایانی ئاماژەپێکردنە لە دوا بەشیدا نووسراوە ماویەتی..

(لە خەوما) چیرۆکێکی درێژە(رۆمانە) ناشزانرێت قەوارەی دوای چەند

---

١– الواقعية في الادب الكوردي – الدكتور عزالدين مصطفى رسول، الطبعة الاولى، المطبعة (بلا)، بيروت، ١٩٦٦ص ٢٠٦

دەبوو.. چونکە جەمیل سائیب(کاکینە) نووسەری ئەو چیرۆکە درێژە، دوایئەوەی، دوا ئەلقەی لە خەومای پەخشکرد، زیاد لە (٢٥) ساڵ ژیاوە و چیرۆکەکەشی تەواو نەکردوە و هیچ زانیارییەکی بەڵگەیشی لەو بارەوە جێنەهێشتووە.

دکتۆر مارف خەزنەداریش بەمجۆرە بیروڕای لەبارەی یەکەم چیرۆکی هونەری کوردییەوە دەردەبڕێت: (**یەکەم چیرۆکی کوردی –لەخەوما–ی جەمیل سائیبە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەرکەوت**)[1].

دکتۆر مارفیش هەر تەنیا ئاماژە بەوەدەدات یەکەم چیرۆکی کوردی لە خەومایە، بێ ئەوەی پۆلینی تێکستی چیرۆکی خستبێتە روو.

ئەدیب و چیرۆکنووس حوسێن عارف بەمجۆرە باسی لە خەوما دەکات: (**ئێمە لەوەبەر هەموو لەسەر ئەوەرێکەوتووین کە (لە خەوما)بەو دەقەی ساڵی ١٩٢٥ی یەکەمین چیرۆکی هونەریی کوردییە**)[2].

**ئەو بیروڕایە دوو تێبینی هەڵدەگرێت:**

چیرۆکی (کورت، مامناوەندی، درێژ، کورتیلە چیرۆك، چیرۆکی زۆر زۆر کورت، بروسکە چیرۆك....).

یەکەم: ئەم چیرۆکنووسە پسپۆرەش ئاماژەی بەرەنگ و جۆری پۆلێنکردنی چیرۆکی هونەری نەداوە و نازانرێت مەبەستی کام ژانری چیرۆکە و تەنیا دەست لەسەر ئەوە دادەگرێت: (لە خەوما) یەکەم چیرۆکی هونەری کوردییە.

دووەم: نووسەر دەڵێت: لەوەبەر، هەموو لەسەرئەوە رێکەوتووین

١ – القصة الكردية: الدكتور معروف خزندار، مجلة الثقافة الجديدة، العدد الثاني، ايار ١٩٦٩، ص٩٤.

٢ – چیرۆکی هونەری کوردی، (١٩٢٥–١٩٦٠)، حوسێن عارف، چاپی یەکەم، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧، ل١٣.

چـیرۆکی لـە خـەوما بـەو دەقـەی سـاڵی ١٩٢٥ ی یەکـەم چـیرۆکی هونـەریی کوردییـە.. بـۆ وەڵامـی ئـەو بۆچـوونەش، دەوترێـت: ڕێبـازی لێکۆڵینـەوەی زانسانەو کاری پێشکەوتوی سـەردەمانە، ڕێگـە بـە ڕێکـەوتن نـادات، چـونکە ڕێکـەوتن، حـەز و خواسـت و بەرژەونـدی ڕۆڵیـان تیـا دەبینێـت، بـەڵکو بـۆ ساغکردنەوەی تێکستی ئەدەبی لەمجۆرە: پێویستی بە پرنسیپی زانسـتییانە و پێـوەری هونـەری و هەلومـەرجی بابـەتی و بەڵگـەی مێـژوویی و ئـەدەبی هەیە.. ئەمە جگە لەوەی مرۆڤ دەپرسێت: ئەو ڕێکەوتنـەی لەوەبـەر: کـەی و چۆن و لەنێوان کێدا بووە..؟ نووسەر هیچی دی لەو بارەوە نەدرکاندووە.

**لەبارەی چیرۆکی لە خەوما ئەم بۆچوونەش هەیە:**

**(یەکەم جار لەڕۆژی ١/٧/ ١٩٢٥ ی ڕۆژنامەی ژیانـەوەدا بەشـی یەکـەمی چیرۆکێك دەبینین، بە ناونیشانی (لـە خـەوما) کـە بـەبێ نـاوی خاوەنەکـەی بڵاوکراوەتەوە.. بـەڵام لەراسـتیدا خـاوەنی چـیرۆکەکە (جـەمیل سـائیب)ە، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژیانەوە بووە و بە (٢٣) زنجیرە لەسەر لاپـەڕەکانی (ژیانەوە و ژیان) بڵاوکراوەتەوە، بە ناتەواوی وازی لێهێناوە، ئەم هەوڵـەیش لە ڕووی بڵاوکردنەوەوە بەیەکەم چیرۆکی هونەری کوردی دادەنرێت)** [1].

نکوڵی لەو ڕاستیە ناکرێت، لە خەوما چیرۆکێکی هونەریی کوردییـە، وەڵێ بیروڕای پێشەوەی ئەدیب و لێکۆڵەرەوە عومـەر مـارف، ئاماژەی بـەوە داوە کـە یەکـەم چـیرۆکی هونەرییـە، بـەڵام ناڵێـت کامـە جـۆرە و ڕەنگـی ژانـری چـیرۆکە.. دیسـان لـە بـارەی دەسـتداگرتنی نووسـەر و توێـژەرانی ئـەدەبی لەسەر ئەوەی یەکەم چیرۆکی هونـەری (لە خـەوما) یـە.. ئـەو ڕایـە لـە نامـە ئەکادیمیەکانیشدا باسی لێوەکراوە... ئەوەتا لە نوێترین نامـەی ماسـتەر (تـا نووسینی ئەم توێژینەوەیە) هەمان بۆچوون خراوەتە ڕوو.

---

١ – لێکۆڵینـەوە و بیلیۆگرافیـای چـیرۆکی کـوردی (١٩٢٥– ١٩٦٩)، عومـەر مـارف بـەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨ ل ١٧–١٨

**{چیرۆکی (لە خەوما) ی جەمیل سائیب وەك یەکەم چیرۆکی هونەری نووسراوە و پێشکەشکراوە}**[1].

ئەو نووسەرانەی پێشەوە بە تێڕوانینی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ چیرۆکی لە خەوما ی جەمیل سائیب کردووە و قەناعەتیان بەوە هێناوە، یەکەم چیرۆکی هونەریی کوردییە، وەك بۆچوونی ئەم پسپۆڕەی رەخنەی ئەدەبی کوردیە: **{یەکەم چیرۆك کە لە قاڵبێکی هونەریدا بێت و مەرجەکانی تەکنیکی چیرۆکی کوردی تێدا بەدی بکرێت، چیرۆکی (لە خەوما) یە}** [2].

لەو بۆچوونەی پێشەوەشەدا، چیرۆکی لە خەوما بە یەکەم چیرۆکی هونەری کوردی دانراوە، بەڵام ئەو لایەنە هەستیارە رەچاو نەکراوە، داخۆ چیرۆکی لە خەوما کام رەنگ و جۆری چیرۆکی هونەری کوردیە؟.

جگە لەو بیروڕا و بۆچوونە جیاجیایانەی سەبارەت چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل سائیب دەربڕاوەو بە یەکەم چیرۆکی هونەری کوردییان دانا، بۆچوونی پێچەوانەش هەیە وەك: (بە هەرحاڵ بەبڕوای من ناکرێ چیرۆکی لە خەوما بەسەرەتای چیرۆکی کوردی دابنرێت) [3].

نووسەری ئەو رایە، ئەو پێوەرە زانستیانانەی نەخستۆتەڕوو تا بیسەلمێنێت لە خەوما سەرەتای لە دایکبوونی چیرۆکی کوردی نییە.

---

١ – ململانێی کەسێتیەکان لە ڕۆمانەکانی (حوسێن عارف) دا نامەی ماستەری قوتابی (سەرکەوت عومەر ئیبراهیم) ە، کۆلێژی زمان زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨، ل

٢ – دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی کوردی، پ. ی. د هیمداد حوسێن، چاپی یەکەم، چاپخانەی – دهۆك– دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ٢٠٠٧ ل ٩٩

٣ – چیرۆکی نوێی کوردی، حەسەن جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی (عەلا)، بەغدا، ١٩٨٥ ل٢٣

**تەوەری سێیەم:**

لەپێشەوە باس لەوەکرا، بۆ دیاریکردنو ساغکردنەوەی یەکەم چیرۆکی هونەریی کوردی، بیروڕای جیاواز دەربڕاوە، لەوانەی:پێیان وایە: چیرۆکی (شڤانی کورد) یاخود (شویشی) فوئادی تەمۆ کە بە دوو بەش لە گۆڤاری (رۆژی کورد) لە سالی ١٩١٣ دا بلاوکراوەنەتەوە یەکەم چیرۆکی هونەری کوردییە:

جەلیلی جەلیلی دەلێت:

**(لە بەشی کوردی هەردوو ژمارەی یەکەم و دووەمی رۆژی کورددا چیرۆکێکی خۆش لەلایەن فوئادی تەمۆوە بەزاری کرمانجی بلاوکراوەتەوە، بێگومان ئەم چیرۆکە یەکەم کارە بەپەخشان نووسرابێتەوە)** [(١)].

بۆ ئەو بۆچوونەی پێشەوە ئەم چەند سەرنجە گەلالە بووە:

١- لە بەر ئەوەی (شویش) بە دوو ئەلقە بلاوکراوەتەوە، نازانرێت، ئاخۆ نووسەرەکەی چەند ئەلقەی دی لێ بلاودەکردەوە، تا قەوارەی کارە ئەدەبیەی دیاربکرایە. خۆ ئێستا نەوەد و پێنج سال بەسەر بلاوکردنەوەی (شویش) دا تێپەڕیوە و بەشی سێیەمی لێبلاونەکراوەتەوە.

٢- جەلیلی جەلیلی لە بۆچوونەکەیدا دەلێت: چیرۆکێکی خۆشە..، ئەو گوزارشتە بە رۆحیەتێکی زانستییانە دەرنەبڕاوە و نابێتە پێوەر، بۆ نیشاندانی هەلومەرجی تەکنیکی چیرۆکی هونەری، لەو بۆچوونەدا سۆز بالی بەسەر بیروڕاکەی جەلیلی جەلیلیدا کێشاوە، ئەوەش ناچێتە خانەی کاری زانستانەوە.

٣- ئەوەی جێی سەرنجە، لەسەر (شویش) نووسراوە چیرۆك،وەلێ تەنیا ئەو وشەیە بەس نییە بۆ ئەوەی ئەو نووسینە پەخشان ئامێزە بکاتە چیرۆکی هونەری.

---

١ - بینای هونەری چیرۆکی کوردی، پەرێز صابر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١ ل ٤٥.خاوەنی ئەسلی ئەو ڕاو بۆچوونە جەلیلی جەلیلییە، ژێردەرەکەی: (نهضة الاكراد الثقافية والقومية) ە و بەداخەوە چەند هەولمدا چنگمنەکەوت.

٤- بیرو ڕاو بۆچوونەکەی جەلیلی جـەلیلی پشـتی بـە بەڵگـەی موقنیـع و شیکردنەوەی دەلالی و مێژوویی نەبەستووە و تـەنیا گوزارشـتێکی راگـوزاری کاڵە.

٥- پـاش لێووردبوونـەوە و خوێندنەوەیـەکی قـووڵ و شـیتاڵکردنەوە و هەڵسـەنگاندنی نووسـینی (شـویش) بـەپێ ی پێـوەری زانسـتانە و پرنسـیپی هونەری و هەلومەرجی چیرۆکی هونەری، خـۆی زیـاتر لـە خانـەی حیکایـەتی میللیدا دەبینێتەوە کە سەرچاوەی گێڕانـەوەی سـادە و سـاکاری حیکایـەتی فۆلکلۆری و دەماو دەمی خەڵکییەو لەهەمان کاتیشدا کورتە چـیرۆك نییـە،.. ئەم رایەش لە ڕێز و تەقدیری کاری ئەدەبی فوئادی تەمۆ کەمناکاتەوە.

هـەروەها لـەبارەی شویشـی فوئـادی تـەمۆ، ئـەنوەر محەمـەد تـاهیر لـە رۆژنامەی هاوکاری رۆژی ٢١/٥/ ١٩٨١ دا وتـارێکی بڵاوکردوتەوە، بڕوای وایە: ئـەو نووسـینە پەخشـان ئـامێزەی فوئـادی تـەمۆ یەکـەم چـیرۆکی هونـەری کوردییە، ئەمەش بێ رەچاوکردنی پێوەری هونەری و پرنسیپی زانسـتییانەی کورتە چیرۆکی هونەری کوردی.

هەروەها رەشیدە فەندی لەژمارە (٨٦)ی گۆڤاری بـەیانی سـاڵی ١٩٨٣دا بەناونیشانی (ئێکەمین چـیرۆکا کـوردی) وتـارێکی بڵاوکردۆتـەوە ئـەویش بـێ ئـەوەی پرنسـیپی هونـەری چـیرۆكو ژانـری کورتـە چـیرۆکی هونـەری، دیـار بیکات، (شویش)ی فۆادی تەمۆی بەیەکەم چیرۆکی کوردی ناو زەدەکردووە.

**تەوەری چوارەم:**

لەم تەوەرەدا بیرورِا و بۆچوونی ئەو پسپۆرە توێژەرانە هەڵدەسەنگێنین، رایان وایە: جگە لە چیرۆکی (لە خەوما) ی جەمیل سائیبو شویشی فوئادی تەمۆ، چیرۆکی (بۆچی جلخوارم) ی کەریم سەعید زانستی یەکەم چیرۆکی هونەری کوردییە لە وانە: {**بەڵام هەر لە رۆژنامەی ژیانەوەدا، لە ژمارە(١٥) ی ساڵی یەك لە ١٦/ ٢/ ١٩٢٥ دا (کورتە نووسراوێکی)**} تیایە، دەلوێ ناوی چیرۆکی لێبنرێ، ئەویش بە ناونیشانی (**بۆچی جلخوارم؟ کەریم سەعید ناوێك نووسیویەتی**) [1].

**ئەم بۆچوونە.. ئەم سەرەنجامەی هەڵدەگرێت:**

١- ئەو رەئییەی پێشەوەی نووسەر، بێ دیاریکردنی پێوەری هونەری و پرنسیپی ئەکادیمیانەیە، جۆرە دوودڵیەکی پێوە دیارە، ئەوەتا ئەوەی ئەو بە چیرۆکی دادەنێت، پێدەڵێت (کورتە نووسراوێك) و دەڵێت (دەلوێ) کە ئەو وشەیە عەزمی لەسەر جەزم نییەو بە واتای: (دەبێت یاخود نابێت)، (دەشێت یاخود ناشێت) ئەو جۆرە دەربڕینانە خۆیان لە خانەی زانستییانەدا نابیننەوە.

٢- بە نووسەری کورتە چیرۆکی (بۆچی جلخوارم) دەڵێت: کەریم سەعید ناوێك، ئەمە لە کاتێکدا نووسەرەکەی کەسایەتیەکی ناوداری رۆشنبیریو پەروەردەیی شاری سلێمانییە و راستیەکەی کەریم سەعید زانستییە، ئەو بەرهەمە ئەدەبییەی ناونیشانی (بۆچی جلخوارم؟) لەخۆگرتووە دەتوانرێت هەندێك مۆرك و خەسڵەتی کورتە چیرۆکی هونەری تیا ببینرێت، بەڵام یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری کوردی نییە.

هەر سەبارەت چیرۆکی (بۆچی جلخوارم؟) ئەم رەئیەش دەربڕاوە:

---

١ – سەرەتای چیرۆکی کوردی و جیاوازی نیوان یەکە چیرۆك و دووەمیان، رەئوف حەسەن، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە(٦٩) ئابی ١٩٧٨، ل ١٥

**{ئەوەی مەبەستمە لێرەدا لێی بدوێم، چیرۆکێکی ترە، پێش (لەخەوما) بڵاوکراوەتەوە ئەویش چیرۆکێکی کورتە بە ناوی (بۆچی جلخوارم؟) نووسەرەکەی مامۆستا کەریم سەعید زانستییە، ئەم چیرۆکە لە ژمارە (١٥) ی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) دا لە ١٦/ شوباتی ساڵی ١٩٢٥ بڵاوکراوەتەوە، واتە چوار مانگ و نیو پێش چیرۆکی لە خەوما دایە }** [(١)].

ئەگەرچی نووسەری ئەو بۆچوونەی پێشەوە، زانستانە دەستنیشانی ڕەنگ و جۆری تێکستی ئەدەبی ئەم ژانرەی چیرۆکی کردووە بەچیرۆکێکی کورتی داناوە، وەلێ... هەلومەرج و پرنسیپە هونەری و زانستییەکانی بە تەواوی دیارینەکردووەو لەرووی کاتی بڵاوکردنەوەشەوە، بەیەکەم کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی دانانرێت.

**تەوەری پێنجەم:**

لەبارەی ئەو بۆچوون و ڕایە کە چیرۆکی (مەم زین) ی مەلا مەحموودی بایەزیدی بە یەکەم چیرۆك و پەخشانی کوردی دادەنرێن دکتۆر فەرهاد پیربال وای بۆ چووە: (**بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیەی خوارەوەش: چیرۆکی مەم و زینی مەلا مەحموودی بایەزیدی کە مێژووی نووسینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ساڵی ١٨٥٦ و لە هەر هەموویان کۆنترە – دەبێتە یەکەم پەخشانی هونەری کوردی و یەکەم چیرۆکی کوردی لە مێژوودا**) [(٢)].

لەم بۆچوونەی پێشەوەدا مەم زینی مەلا مەحموودی بایەزیدی بە یەکەم چیرۆك و نووسەرەکەش بە یەکەم چیرۆکنووسی کورد ناودێر کراوە.. ئەم تێبینیانەی لەسەر گەلاڵە بووە:

١ – بۆچی جلخوارم ؟ دووەم چیرۆکی کوردییە، یاسین بەرزنجی، گۆڤاری بەیان ژمارە (١٢٧) تشرینی دووەم ١٩٧٨، ل ٨٥.

٢ – مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩– ١٨٦٧)، یەکەمین چیرۆکنووس، پەخشانووسی کورد، د. فەرهاد پیربال –چاپی یەکەم– چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٢٦

١- نووسەری ئەو بیروڕایە دوو بۆچوونی سەبارەت بە بەرهەمەکەی مەلا مەحموودی بایەزیدی دەربڕیوە: جارێك لە ناونیشانی کتێبەکەیدا دەبینرێت: (**یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشانووسی کورد**) و جارێکی دی لە ل ٢٦ هەمان کتێبدا دەڵێت: (**ئەو نووسینە دەبێتە یەکەم پەخشانی هونەری کوردی و یەکەم چیرۆکی کوردی لە مێژوودا**) ئەمە لە کاتێکدا تێکستی ژانری پەخشانی هونەری، کەسایتی و ئەدەبی خۆی هەیە و خاوەنی کاریگەری تایبەتی خۆیەتی، هەروەها چیرۆکی هونەریش تێکستێکی ئەدەبیو ژانرێکی ئازاد وسەربەخۆیەو خاوەن کەسایەتی و کاریگەری و بڕیاری ئەدەبی خۆیەتی واتە: هەر یەکەیان بۆ خۆیان ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆن و خاوەن خەسڵەت و مۆرکی ئەدەبی و پرنسیپی هونەری خۆیانن، تەنانەت لەرووی زمانیشەوە هەریەکەیان زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە.

٢- لە ڕووی واتاو ناوەرۆکەکەیو بنیاتنانی هونەرییەوە، لەنگەر لە سەرچاوەی مەم و زینی ئەحمەدی خانیەوە دەگرێت، واتا داهێنانێکی نوێ نییە، بەڵکو لەسەر داخوازی ئەلێکسەندەر ژابا مەلا مەحموود مەم و زینەکەی خانی بۆ خوێندۆتەوە و ئەویش سەرلەنوێ بۆی دارِشتۆتەوە..

٣- لە هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبیانەدا و لە ئەنجامی بەکارهێنانی پێوەر و هەلومەرجی تەکنیکی نوێی چیرۆکی هونەریدا، دەردەکەوێت مەم و زینی مەلا مەحموودی بایەزیدی زیاتر لە خانەی حیکایەتی ئاسایی پەخشان ئامێزدا خۆی دەبینێتەوە و دوورە لە دارِشتنو چنینی تایبەت بەچیرۆکی نوێی هونەرییەوە.

# بەشی سێیەم

**تەوەری یەکەم: یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری کوردی کامەیە:؟!**

پێشتر بەروونی ئاماژە بەو لایەنەدرا، ئامانج لەم بابەتی توێژینەوەیە، پێکهێنانی پرۆسەیەکی مەعریفی پۆزەتیڤانەیە و بەپێی پێوەری زانستانە و پرنسیپی هونەری، سحری ئەدەب و تەکنیکی نوێی دارشتنی چیرۆکی هونەریی، یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری کوردی دیارییبکرێت، دوور لەوەی بە زۆرو نارەوا بە لایەکدا داتاشرێ و یاخود بیروڕا بسەپێنرێت.

بۆیە بەلای توێژەری ئەم توێژینەوەیەوە گرنگ نییە، یەکەم کورتە چیرۆکی نوێی هونەری کوردی کێ نووسیویەتی، یاخود سەر بەچ ناوچە و دەڤەرە و زارێکە، گرنگ ئەوەیە بە هەقیقەتی راستی ئەم پرۆسە مەعریفییە بگەین.

بەباش دەزانرێت، دوای ئەوەی رەچاوی ئەو رۆژگار و قۆناغە دەکرێت کەژیان و بزووتنەوە ئەدەبیەکەی پێداتێپەڕیووە، ئاستی پلەی رۆشنبیری چیرۆکنووسی کورد بزانرێت، ئەو پێوەر و کێشەرەی تای تەرازووی ئەم توێژینەوەیە لەنگەر پێدەگرێت لە بەردەست خوێنەری ئەم توێژینەوەیەدایە دابنرێت، تاکو بزانێت بۆچوون و بیروڕای دووتۆیی ئەم پرۆسەیە لە گۆترە نەوتراون.

ئەگەرچی مەرج نییە، ئەم هەلومەرجە ئەکادیمی و پرنسیپە هونەری و توخم و رەگەز و کەرەسانەی دیاریکراون هەر هەموویان لە یەکەم کورتە چیرۆکی هونەریدا هەبن، وەلێ پێوەر و کێشەر، پەیوەندی بە کات و شوێن و قۆناغی لەدایکبوونی ئەو تێکستەی کورتە چیرۆکەوەکە هەیە.

**ئەمەش پێوەر و کێشەرەکانن:**

**یەکەم: (هەیکەلی بنیاتنان).**

١- سەرەتا یاخود پێشەکی (أ)
٢- لوتکە یاخود گرێ (ب)
٣- ئەنجام یاخود کۆتایی (ج)




ئەگەرچی ئێستا لەلایەن چیرۆکنووسی پسپۆڕەوە پاش وپێش بە هەنگاوەکان دەکرێت.

**دووەم: شێوازی داڕشتنی بینای کورتە چیرۆکەکە:**

١- شێوازی خستنە ڕوو. (گێڕانەوە- سرد): وەك خەوبینین.

٢- شێوازی نوێی هونەری کە زمان ڕۆڵی مەزنی تیادەگێڕێت و خۆیان لە مانەدا دەبیننەوە: (دایەلۆگ، مەنەلۆگ، خۆ دواندن (مناجات)، فلاش باك، تەداعی، شەپۆلی هۆش،- پلوت- چاو برینە داهاتوو- ((استشراق المستقبل))-، هێنانەپێش-((الاستحظار))-، بوونی پێویست-((تزامن))-، مۆسیقای ناوەوە(خامۆشی- ترپە، دەگی کتوپڕ- دەنگی بەرز... تادوای).

**سێیەم:**

{فانتازی روخسار ((جوانی تێکستەکە))}

١- داڕشتنی چڕی واتادار.

٢- چینێکی وردو سفتو جوان.

چوارەم:

**توخمە بنچینەی و سەرەکییەکانی کورتە چیرۆکی هونەری**

**١- رووداو:** بزوێنەری ململانێ و داینەمۆی کارەسات و رووداوەکانە.

**٢- کەسایەتی:** پاڵەوان، کەسایەتی سەرەکی، کەسایەتی لاوەکی، کەسایەتی حەقیقی، کەسایەتی وەهمی(خوازراوی خەیاڵ).

**٣- کات:** ئاڵ و گۆڕو گواستنەوەی کات بەهەموو جۆرەکانیەوە(رابردوو، ئێستا، ئایندە).

**٤- شوێن:** شوێنی (کراوە، داخراو ... گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردن بە شوێن).

پێنجەم:

**(خاڵبەندی):** رەچاوکردنی خاڵبەندی کاریگەری مەزنی لەسەر واتاو ناوەرۆكو فانتازی جوانی و رێکوپێکی و روخسار هەیە.... دەبێت زۆر بە دیقەت رەچاو بکرێت.

**تەوەری دووەم: کورتە چیرۆکی (رۆژەوە بوونێك):**

بۆ ئەوەی چەندە بکرێت و لە دەستبێت، ئەم توێژینەوەیە لە هەڵەو هەڵەشەیی و بڕیاری سەرپێی دووربخرێتەوەو ئەم توێژینەوەیە تەنیا ئاراستەی سەرهەڵدان و لە دایکبوونی یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری کوردی بکرێتو، بەپێی رێبازی لێکۆڵینەوەی شیکاری دەلالیی و پشت بەستن بەمێژوو و رۆژی لەدایکبوونی مەتنەکان، کورتە چیرۆکی (رۆژەوەبوونێك) لە نووسینی جەمیل سائیب (کاکینە) کە لە ژمارە(٣٠) رۆژنامەی پێشکەتنی رۆژی پێنج شەممە ١٨/ نۆڤێمبەری / ١٩٢٠ لە ئەنجامی کێبڕکێیەکی ئەدەبیدا بلاوکراوەتەوە، هەڵدەسەنگێنین، ئەم بۆچوون و بڕوایەش مەحکومی بەرژەوەندی تایبەتی نییە و ملکەچی خواست و ئارەزووی تاکە کەس نییە، پێوەری ئەدەبی. هەلومەرجی تەکنیکی و بۆچوونی سەردەمییانە لەم رووەوە سەرباشقەیە... بەوەی تا ئێستا (رۆژەوە بوونێك) یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری کوردییە و خاوەنی خەسڵەتی سەرەتاییو مۆرکی ئەدەبی تێکستی چیرۆکی هونەریی سەردەمی لە دایکبوونی پێوەیە.

دەنا بەر لەم کورتە چیرۆکە هونەرییە، لە ژمارە (٤) رۆژنامەی پێشکەوتنی رۆژی پێنج شەممە ١٩٢٠/٥/٢٠ بە ناونیشانی (طمع.. چاوبرسی) نووسینێکی ئەدەبی بلاوکراوەتەوە و لە سەریشی نووسراوە (چیرۆك)، بەڵام پاش خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی ورد، دەرکەوت خەسڵەت و هەلومەرجی تەواوی کورتە چیرۆکی هونەریی تیانییە و ناگاتە کورتە چیرۆکی رۆژەوەبوونێك... خۆ نووسینی (طمع.. چاوبرسی) پێنج مانگ و بیست و هەشت رۆژ بەر لە کورتە چیرۆکی ڕۆژەوەبوونێك نووسراوە.

ئەو بۆچوون و بە ئەنجامگەیشتنەی توێژەر، ئەنجامی خولیایەکی زانستانە و عەشقێکی گڕگرتووی ئەدەبیە، ئەمەش دوای تێڕامانێکی ورد و قوڵ و هێمن بوو، دواتر پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە و بینای سەرلەنوێ هاتۆتە کایەوە!.

دیاریکردنی کورتە چیرۆکی (رۆژەوەبوونێك) وەك یەکەم کورتە چیرۆکی

هونەری کوردی لە خۆوە نییە، چونکە وەك ئاماژەی بۆ کرا بەر لەم چیرۆکە هەوڵی نووسینی کورتە چیرۆکی کوردی دراوە هەروەك چۆن لەدوای نووسینی (رۆژەوەبوونێك) دوو هەوڵی دی لە بواری نووسینی کورتە چیرۆکدا دراوە.. لە ژمارە (٣٤) ی ڕۆژی ١٩٢٠/١٢/١٦ی رۆژنامەی پێشکەوتن، بە ناونیشانی (حەقایەتی پشت کیوی قاف) [1]. لەنووسینی م.ع. ن بڵاوکراوەتەوە و لەسەریشی نووسراوە چیرۆك.. هەر لە هەمان ژمارەی رۆژنامەی پێشکەوتندا، کورتە چیرۆکێکی تیا بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی (بایەخی جلدرو) [2] لە نووسینی م. ئەنوەر...

دیارە لەو قوناغە دا و بە تایبەت لە ساڵی (١٩٢٠) دا چالاکی ئەدەبی لە بواری نووسینی کورتە چیرۆکی کوردیدا بەهێز بووە.

زانیاری دوو تۆیی ئەم بۆچوونانەی لای خوارەوە زیاتر لەو هەقیقەتەمان نزیکدەخاتەوە و دەیسەلمێنێت، تا ئێستا **(رۆژەوە بوونێك) یەکەم کورتە چیرۆکی نوێی هونەری کوردییە**، بەم بەڵگانەی لای خوارەوە:

١- لەساڵی ١٩٢٠ بە دواوە، هەست بە جموجۆڵ و چالاکییەکی بەرچاو لە بواری نووسینی کورتە چیرۆکی کوردییدا دەکرێت، بە جۆرێك بەر لە (رۆژەوەبوونێك) کە لە ژمارە(٣٠) رۆژنامەی پێشکەوتندا بڵاوکراوەتەوە، لە ژمارە(٤) ی رۆژی ١٩٢٠/٥/١٨ هەولێك لە و رووەوە بە ناوی (تەماع... چاوبرسی) دراوە.. پاش نووسینی رۆژەوەبوونێك بە چوار ژمارە.. واتە لە ژمارە (٣٤) ی رۆژنامەی پێشکەوتنی رۆژی ١٩٢٠/١٢/١٦، دوو هەوڵ لە بواری چیرۆکنووسیندراوە بەناوی: هەقایەتی پشت کێوی قاف و بایەخی جلدروو.

٢- نووسەری کورتە چیرۆکی (رۆژەوەبوونێك) بەهۆی ئەوەی چیرۆکی لە

---

١- پێشکەوتن یەکەمین رۆژنامەی سلێمانی (١٩٢٠- ١٩٢٢) کۆکردنەوە و ئامادەکردنی بۆ چاپ: عەلی ناجی، کاکە حەمەئەمین عەتا، سیروان بەکر سامی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ١٩٩٨ ل١٧٦-١٧٧

٢- پێشکەوتن یەکەمین رۆژنامەی سلێمانی ..... سەرچاوەی پێشوو.

خەوما بڵاوکردۆتـەوە لەلایـەن توێـژەرانی ئـەدەبی پسـپۆری بـواری چـیرۆکی هونــەری، بــە یەکــەم نووســەری چــیرۆکی هونــەری کــوردی نــاوزەدکراوەو پێشینەیەکی گەشی لەو رووەوە هەیە.

٣-بە پێی هەموو شیکردنەوە دەلالیـەکان، ئـەو راسـتییە دەردەکـەوێت: جـەمیل سـائیب، بـە ر لـە نووسـینی چـیرۆکی لـە خـەوما خولیـا، و عەشـقی نووسینی چـیرۆکی لـە کەللـەدا بـووە، و لـەو رووەشـەوە خـاوەنی بـە هـرە و توانایەکی بەهێز بووە.

٤- بۆ سەردەمی لەدایکبوونی کورتە چیرۆکی رۆژەوەبوونێك، ئەو کورتـە چـیرۆکە بـە پێـی قۆناغەکـەی خەسـڵەتی تازەگـەری و پرنسـیپی تـەکنیکی چیرۆکی هونەری تیایە.. ئەوەتا: سەرەتایەکی بەهێز و سەرنجراکێشـەری بـۆ نووسـراوە، بـە جۆرێـك مـرۆڤ بـۆ نـاخی چـیرۆکەکە دەبـات، پاشـان گـرێ و هەڵکشانو گەیاندن بە لوتکە لە ناوەڕاستی کورتـە چـیرۆکە کـە دایـەو دواتـر شـۆڕبوونەوە بـەرە و کۆتـایی و ئـەنجام بەدەسـتەوەدەدا، ئەمـە خەسـڵەتی داڕشتنی هەیکەلی کورتە چیرۆکی هونەری کوردیە لەسەرەتاوەو لـەو قۆناغـە دا، لای چیرۆکنووسانی دیش وا دەستیپێکردوە.

٥- ئەو زمانەی چیرۆکنووس بەکاریهێناوە، جیاوازە لـە زمـانی نووسـینی پەخشان و وتار. بـەڵکو زمانێکـە تایبەتـە بـە رۆحـی چـنینی چـیرۆکی نـوێی هونەری.

٦- لە کورتە چیرۆکی (رۆژەوە بوونێـك) هەسـت بـە بـوونی توخمـەکانی بنیاتنــانی چــیرۆکی هونــەری دەکــەیت وەك: (رووداو) و کاراکتــەر)و کــات (بەهارە) شوێن: (بەغداو کرێچیە، سەگرمە، قوپی قەراغ)ە.

٧- کەسایەتی خودی چیرۆکنووس بەناوی کەسـی یەکـەمی قسـەکەرەوە دەدوێت، ئەمەیان یەکەم و بەهێزترین هەل و مەرج و تایبەتمەندێتی داڕشتنی ئەوســای کورتــە چــیرۆکی هونەرییــە، ئــەو خەسڵەتەشــە لــە حەکایــەت جیادەکاتەوە.

٨- گفتوگۆ(مەنەلۆگ و دایەلۆگ و لەگەڵ خودوان (موناجات)، مـۆرکێکی

ئامادەو دیارو بـەهێزە، ئـەوەش دەیسـەلمێنێت ئـەم کورتـە چـیرۆکە لایـەنی داهێنانی هونەری نوێی لە خۆگرتووە.

٩- ڕووداو، داینەمۆی چیرۆکی هونەرییە.. لە (ڕۆژەوەبوونێك)دا نووسـەر زیرەکانە باس لە ڕووداوێکی نهێنی و ململانێیەکی ئاشـکرای خـەڵك و رەش و رووتـەکان دەکـات... ڕووداو هەمیشـە لـە جووڵـە و چـالاکیدایە، بـەوەش خەسـڵەتێکی مـەزن و بـەهێزی بەلایـەنی هونـەریی و نوێکردنـەوەی کورتـە چیرۆکەکە داوە.

١٠- فەنتازیان و جوانی باریبنی ئـەدەبی، ئامـادەیی هەمیشـە هەیـە، بـەو مەبەستەی کلیلی هەموو دەرگاکانی هونەریی یەکەم کورتە چیرۆکی هونـەری کوردی لای خوێنەر و لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی بێت، بەباش دەزانرێـت.. کـت و مت تێکستەکە وەك خۆی پێشکەش بکرێت.

## دەقی کورتە چیرۆکی: ( ڕۆژەوە بوونێك )

جەمیل سائب

**لە دوای ئەم بـەهارەدا لەبەغـدا دەهاتمـەوە، شـەوێك لـە کرپچـنەوە دوو کەس بووین، سواری دووبـارە کـەر، لەگـەڵ قەتارچـیەکەدا، سـێ بەسـێ لـە سەگرمەوە هاتین، دنیا چونکە هیچ جەردە و دز و حیزی نەبوو، بێ تـرس و لەرز، بێ دڵەداخۆرپێ بەرێکەوتین شەو، مانگەشەو بـوو، تریفـە تریـف، ئـەو دیوی سەگرمە دێت، زۆر بەر دەڵانی و خوار خێچە، هەر لە نیوەی ڕێگاکە من دابەزیم، بە هەزار نقە و جرِە سەرکەوتم، کە هاتمە سەرێ زۆر مانـدوو بـووم، لە سووچێکی سەرکەژەکەوە قنکەڵ فسیکم دایەوە، تۆزێ دانیشتم، وەختی بەرەبەری بەیان بوو، مانگیش لە ئاوابوونابوو، جریوە جریـوی ئەسـتێرەکان وبریقە بریقـی مانگـە شـەوەکە عینسـان تێـری لێ نـەدەخوارد، هـەر وا تـاس دەیبردمەوە، جێگەکەم وا هەڵکەوتبوو هەموو قوپی قەرەداخم لێـدریار بـوو، هەتا چاوبڕی دەکرد ئاو و دارستانی قۆپییە، وەکو ئاوێکی زۆر مەنگ و کش و مات سۆز ڕاگیرابوو، شنەشنی ئەوبا فێنکە کە دەهات خشپ و هـوڕی بـەو**

گەڵایانە دەخست، لەو لایشەوە، تازە شەبەق بەیانیدابوو، قـەراغ و بیجـاغی عاسمان سپی داگەڕابوو، هەرچێکم دەکرد تێرم لە روانـینی نـەدەخوارد، لـە خوارەوە، لەبەردەممدا لە ناو قۆپیدا جار جارە لوورە لووری دەعباو مەعبا، زریوە زریو و فڕکو هۆڕی چۆلەکە و مۆلەکە، کەوا تازە لە خەوهەڵدەسـان و دەگـەڕان، دڵــی دا دەخورپــان، لەناوقۆپیــدا نــاو بــەناو شــوان و مــوان ئاگرۆچکەیان کردبووە و بریسق و هۆڕی ئەو ئاگرانەش لـە دوورەوە دەتـوت گوڵە ئەستێرەیە دەنوێنێ، ئەو رووناکیە بێ تۆزە، ئەو (با) خۆشە بۆنـدارە، ئەو کەژو کێـوە سـەوزە، ئـەو دانیشـتن و پاڵدانەوەیـە، ئـەو بیرکردنەوەیـە، هەروا تۆزقاڵێکی مابوو لـە خۆشـیانا ببورێمـەوە، دەمویسـت هـەتا مـاوم لـە دنیادا لەو جێگا و سەعاتەدا بوومایە.

لەپرێکا کابرای قەتارچی گرمانی..

وتی: فلانەکەس.. فلانەکەس ! ؟.

وتم: هەی بلە باقە، ئەوە چییە کوڕە ؟.

وتی: درەنگە هەڵسە بەڕێکەوە بڕۆین !.

منیش هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا و داپەڕیم بۆ خوارەوە، لەو سـەرەو لێژییە، بەدوو سێ قەڵـەمباز خـۆم گەیانـدە خـوارەوە، پـێش هـەتاو کـەوتن گەیشتینە دەربەندەکە، باوەڕ دەکەن ئەویش بەقـەد سـەری لاخۆشـبوو، لـە ملاو لەو لاوە، ئەو بەردو تاوێرانە، چـوون بـە عاسمانـا، سـەریان گەیشـتۆتە کەشکەشان، سەر هەڵدەبڕی کلاوت دەکەوێتە خوارەوە، تافـە تـاف و هـاژە هاژی ئەو ئاوە سپیو ساردە کە ئەهاتە خوارەوە، ئەو (با) فێنکە، خێرا خێرا دەیدا بەسەرو چاوما لە خۆشیانا قاچم نەبوو بڕۆم بەڕێوە، لەبـەر دەربـەنگا جۆگەلەیـەکی نەشمیلـە و خنجیلـە و رێـك و پێـك هـەڵگیرابوو، هەرچـوار لای دارستان و سەوزە گیا و گوڵی زەرد و سوور، لـە وەخـتی هـەتاو کـەوتنا لـە قەراغی ئەو جۆگەلەیە، بارمان کوتا بە زەویدا، هەتاو تازە دەکەوت بریسقەی هەتاوەکــە لەمەعبــەینی لقــی گەڵاکانــەوە دەیــدا بــەناو جۆگەلەکــەدا، لەپرشنگەکانی چاوم رێشکەو پێشکەی دەکرد.

**کتـوپڕ ئـاگرێکی نێڵـەنێڵمان کـردەوە، چـایەکمان لێنـا، قاوەیـەکمان پێگەیان، چونکە بەرێی ئاسن هـاتبووین، هێشـتا سـەمون و (...) و پـەنیر و ماستی بەغدا و خەیار و پورتوقاڵی باقوبە و قەیسی و سێوی شارەبانمان تێر و پڕ پێهەبوو، بە چای و قاوەوە تێر وپڕمان خوارد و دوایـی سـەرخەوێکمان شکان و هەڵساین و هاتین بەڕێوە، ئێستاکەیش و هـەتا ئـەو ڕۆژەی دامێڵنـە لێوی قەبر، ئەو خۆشیەم لەبن دانایە.** [(١)]

**محەمەد جەمیل**

لەخوێندنەوەیەکی وردو بابەتیانەی ئەو کورتە چیرۆکە هونەرییەدا، مـرۆڤ هەسـت دەکـات، نووسـەرەکەی شـارەزایانە بابەتەکـەی داڕشـتووە و سـەرەتایەکەی سەرنجڕاکێشـی بـۆ نووسـیوە، مـرۆڤ، چـێژ لـە چـنینی ئـەو ڕووداوە ئاساییە و جوانکاری بەکارهێنانی زمانەکەی وەردەگرێت.

**(چێژ وەرگرتن دەگمەنە.... ئەگەرچی تێکست پەیوەستە بە چـێژەوە و تام و خۆشیش لە تێکست جیانابێتەوە)** [(٢)]

دوای ئەو سەرەتا جوان و ڕوونە، ڕووە و لوتکە هەڵدەکشێت و دواتـر زۆر بە هێوری و عەقڵێکی هێمنەوە بەرەو ئاکام و ئەنجام دەڕوات.

ئەو کورتە چیرۆکە توخمەکانی چیرۆکی هونەری هاوچەرخی تێایە !.

+ دوان (گێڕانەوە) کەسی یەکەمی قسەکەری تاك (من).

+ کات: بەهارە، ئێوارە، شەو، مانگە شەو بەری بەیان شەبەق.

---

١ – (ڕۆژەوە بوونێك)، محەمەد جەمیل (جەمیل سـائب)، ڕۆژنامـەی پێشـکەوتن: ژمـارە (٣٠)، ڕۆژی پێنج شەممە ١٨/١١/١٩٢٠.

تێبـینی: – ئـەو کورتـە چـیرۆکە (ڕۆژەوە بوونیـك) بـە ڕێنووسـی کـۆن داڕێـژرابوو، بـێ هـیچ دەسکاریەك لە وشە و ڕستەدا بە ڕێنووسی نوێ نووسیمەتەوە. تـەنیا یـەك وشـەم بـۆ سـاغ نەبووەوە ئەویش لە ناو کەواندا دامناوە.

٢ – هسة اللغة، رۆلان بارت، الاعمال الکاملة (٥)، ترجمة: د. منذر عیـاش، الطبعـة الاولی، مرکـز الانماء الحضاري، دمشق، ١٩٩٩ ص ١٩٤–١٩٥

+ شوێن: بەغدا، کرپچنە، سەگرمە قوبی قەرداغ.

+ کەسـایەتی: دوو هـاوڕێ و قەتارچـییەکی... پاڵـەوان یـاخود کەسـی سەرەکی خودی چیرۆکنووسە.

+ زمانی گفتوگۆ:– وتی – وتم.

+ مناجات: دوان لەگـەڵ خـودی خۆیـدا، خەسـڵەتێکی مـەزنی بـە کورتـە چیرۆکەکەداوە.

+ فلاشباك: کات و شوێن بەر لە سەفەرەکەیە... بەغدا وباقوبە.

ڕووداو: گەشتێکی کورتی بەتام چێژی ژیانی نووسەرە.. بەئازادی سەفەر دەکات، چونکە دزو جەردە نییە، لە خۆشی دیمـەنی قـۆپی قـەرەداغ خەریکە ببووریێتەوە. قەرەداغ..مانەوەی شەوێکی خۆش لەوێ... بەری بەیان خۆیان و قەتارچی بەرەو مەنزڵ بەڕێدەکەون.

زمان: چیرۆکنووس بـە زمـانێکی تـەڕو پـاراو ڕەوانـی سـەردەمەکەی ئـەو کورتە چیرۆکەی نووسیوە.. لـەو پێشـبرکێیەدا کـە مێجەرسـۆن بـۆ باشـترین نووسینی ئەنجامیدا جەمیل سائیب خەڵاتی وەرگرتووە.

چیرۆکنووس هەماهەنگیەکی جوان و گونجاوی لە نێوان بنیـاتی هەیکـەلی کورتە چیرۆکەکەو فەنتازیا روخسارە ئێسك سووکەکەیدا سازکردووە، جـوانی هەمیشە ئامادەیە.

بەوەش تا ئێستا خانەی یەکەم کورتە چیرۆکی هونەری کوردی پێـبڕاوە، ئەگـەر ئـەم هەوڵـە نەوازشـدارە، کـەلێنێکی زۆر چـکۆڵانەی لـە مێـژووی لـە دایکبوونی کورتە چیرۆکی هونـەری کـوردی پڕکردبێتـەوە، جێـی شـانازیمە و دڵشادم بەوەی ڕەنجەکەم بەفیڕۆ نەڕۆیشتووە.

## ئەنجام

**توێژەر شادمانە بەوەی:** لەم توێژینەوەیدا ((تەکنیکی نوێ سەردەم و دیاریکردنی یەکەم چیرۆکی هونەریی کوردی)) ئەم ئەنجامە نوێیانە وەك مەلۆیەك لەسەر خەرمانی ئەدەبی کوردی دابنێت.

١- مەبەست لە زیندوێتی تێکستی ئەدەبی، یاخود ژیانی هەمیشە بەردەوامی تێکستی ئەدەبی: گەشەسەندنو پەرەپێدانو ئەو گۆڕانکارییە پۆزەتیفانەیە کە بە سەر تێکستەکەدا دێتو هۆکارە بۆ ئەفراندنی نوێو رەنگالەییو فرەژانری ئەدەبی، واتا: خولقاندنو لە دایکبوونی ژانری نوێو نوێتری تێکستی ئەدەبی.

٢- لە ئەفراندنی تێکستی ئەدەبیو ژانرە جۆربەجۆرەکانیو لە ناویاندا کورتە چیرۆکی هونەری، چەندین هۆکارو بنەما هەن، گرنگترینیان: ئەو عەشقو خولیای خۆشەویستییەی ناخی دەروونی مرۆڤە، لە رێگای هەستی ناسكو بیری بەهێزو هزری تیژەوە، پەی بە سحری ئەو نهێنیە دەبات، کە لە دیوی ناوەوەی تێکستی کورتە چیرۆکی هونەریدایەو وەلامی حەزو خواستەکانی مرۆڤ بە ئازادی دەداتەوەو ئەفراندنو داهێنانە نوێیەکە لە دایك دەبێت.

٣- هەولدراوە ئەم توێژینەوەیە لە خانەی پسپۆڕی وردی ئەدەبیدا جێگەی بۆ بکرێتەوەو تەنیا تەرخانکراوە بۆ دیاریکردنی ئەو تەکنیکە نوێو سەردەمانەیەی بۆ ئەفراندنی یەکەم کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی بەکارهێنراوە. ئاکام لەم پرۆسە مەعریفیە پۆزەتیڤانەیەدا راستی ئەو هەقیقەتە پێشکەشکراوە کە تا ئێستا یەکەم کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی (رۆژەوە بوونێك)ی جەمیل سائیبە، لە ژمارە (٣٠) رۆژی پێنجشەممەی ١٩٢٠/١١/١٨ی رۆژنامەی پێشکەوتندا بلاویکردۆتەوە. ئەوەش دەبێتە رۆژێکی مێژوویی لە دنیای ئەدەبی کوردیو سەرهەلدانی ئەم ژانرە نوێ و هاوچەرخە.

# سەرچاوەكان

## سەرچاوەی كوردی

**(كتێب)**

١- بینـای هونـەری چـیرۆكی كـوردی لەسـەرەتاوە تـا كۆتـایی جـەنگی دووەمـی جیهانی، دكتۆر پەرێز سابیر، چاپی یەكەم چاپخانەی دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠١.

٢- پێشـكەوتن، یەكـەمین ڕۆژنامـەی سـلێمانی (١٩٢٠- ١٩٢٢)، كۆكردنـەوە و ئامادەكردنی بۆ چاپ: عـەلی نـاجی، كاكـە حەمـەدەمین عـەتار- سـیروان بـەكر سـامی، چاپی یەكەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ١٩٩٨.

٣- چیرۆكی نوێی كوردی، حەسەن جـاف، چـاپی یەكـەم، چـاپخانەی عـەلاء بەغـدا ١٩٨٥.

٤- چیرۆكی هونەریی كوردیی (شێوە و شێواز و بونیـاد)، زاهـیر ڕۆژبـەیانی، چـاپی یەكەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٧.

٥- چیرۆكی هونەری كـوردی (١٩٢٥- ١٩٦٠)، حوسـێن عـارف، چـاپی یەكـەم، دار الحرية للطباعة، بەغدا ١٩٧٧.

٦- دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی كوردی، پ.ی. دكتۆر هیمداد حوسـێن، چـاپی یەكەم، چاپخانەی خانی، دهۆك، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی، ٢٠٠٧..

٧- لێكۆڵینـەوە و بیبلیۆگرافیـای چـیرۆكی كـوردی (١٩٢٥-١٩٦٩)، عومـەر مـارف بەرزنجی، چاپی یەكەم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بغدا ١٩٧٩.

٨- مـــەلا مـــەحمودی بایەزیـــدی (١٧٩٩-١٨٦٧)، یەكـــەمین چـــیرۆكنووس و پەخشاننووسـی كـوردی، دكتـۆر فـەرهاد پیربـاڵ، چـاپی یەكـەم، چـاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٠.

**نامەی ماستەر**

١- بینـای هونـەری لـە كورتەچـیرۆكی كوردیـدا (١٩٧٠-١٩٨٠)، نامـەی ماسـتەری ئەحلام مەنسور، پێشكەشی كۆلێژی پەروەردەی (إبن رشد)ی زانكـۆی بەغـدای كـردوە، تەمووزی ١٩٩٨.

٢- لێكۆڵینـەوەی كورتـە چـیرۆكی كـوردی لەكوردسـتانی باشـووردا، ١٩٧٠-١٩٨٠ نامەی ماستەری ئیبراهیم قادر محەمەدە، پێشكەشی كۆلێژی ئادابی زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر- ی كردووە، ئابی ١٩٩٧.

٣- ململانێـی کەسـێتیەکان لـە ڕۆمانـەکانی (حوسـێن عـارف)دا، نامـەی ماسـتەری (سەرکەوت عومەر ئیبراهیم)ە پێشکەشی بەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی کۆیـەی کـردووە، ٢٠٠٨.

## گۆڤار

١- گۆڤاری بەیان، ژمارە (٢٧) تشرینی دووەم ١٩٧٨.
٢- گۆڤاری بەیان، ژمارە (٨٦)، ئایاری ١٩٨٣.
٣- گۆڤاری دەفتەری کودەواری، بەرگی سێیەم، بەغدا، مایسی ١٩٧٠.
٤- گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٦٩)، ئابی ١٩٧٨.
٥- گۆڤاری مــەتــیــن، (٧٥)، نیسانی ١٩٩٨.

## ڕۆژنامە

١- ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ساڵی یەکەم، ژمارە (٤)، پێنج شەممە ١٩٢٠/٥/٢٠.
٢- ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ساڵی یەکەم، ژمارە (٣٠) = = ١٩٢٠/١١/١٨.
٣- ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ساڵی یەکەم، ژمارە (٣٤) = =١٩٢٠/١٢/١٦.
٤- ڕۆژنامەی هاوکاری، ڕۆژی ١٩٨١/٥/٢١

## سەرچاوەی عەرەبی

**(کتێب)**

١- الكتابـة في درجـة الصـفر، رولان بـارت، ترجمـة نعـيم الحمصـي، منشـورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٧٠.
٢- الواقعية في الادب الكردي، الدكتور عزالدين مصطفى رسول، الطبقة الاولى، مطبعـة (بلا)، بيروت ١٩٦٦.
٣- فن القصة القصيرة، الـدكتور رشـاد رشـدي، الطبقـة الثانيـة، دار العـددة، بـيروت ١٩٧٥.
٤- مدخل الى التحليل البنيوية، رولان بارت، ترجمة د. منذر عيـاش، الطبقـة الاولـي، دار الموسوي، باريس ١٩٩٣.
٥- مـدخل الى نظريـة القصـة (تحلـيلاً و تطبيقـاً)، سمـير المرزوقـي و جميـل شـاكر، الطبعة الاولى، دار الشوؤن الثقافية العامة، آفاق عربية، بغداد، ١٩٩٦.

٦- معجم المصطلحات العربية في اللغة والادب، مجدي وهبة و كامل المهندس، مكتبة لبنان، ساحة رياض الصلح، بيروت، ١٩٧٩.

٧- نشأة القصة وتطورها في العراق (١٩٠٨-١٩٣٩) الدكتور عبدالاله أحمد، الطبعة الثانية، مطبعة دار الشوؤن الثقافية العامة، بغداد، العراق ١٩٨٦.

٨- هسسة اللغة، رولان بارت، الاعمال الكاملة (5) ترجمة الدكتور منذر عياش، الطبعة الاولى، مركز الأنماء الحضاري، دمشق ١٩٩٩.

### گۆڤار

١- مجلة الثقافة الجديدة، العدد الثاني، ايار ١٩٦٩.

### سەرچاوەی فارسی

**کتێب)**

١- أدبيات سياسي ايران در عصر مشروطيت، عبدالرحيم ذاكر حوسێن، چاپ أول، جلد چهارم، چاپخانەی مهارات، تهران ١٣٧٧.

٢- عناصر داستان، جمال مير صادقى، چاپ سوم، باو برايش جديد، چاپخانەی بهمن، انتشارات سخن، حيابان انقلاب، مقابل دانشگاه تهران، ١٣٧٦.

٣- هزار توى داستان: (أرتورسى، كلارك، لنكستون هيوز، إبزاك أسيموف، پرل پاك، ساكى و...) ترجمه نسرين مهاجرانى، چاپ أول، چاپ حيدرى، نشر چشمه، تهران ١٣٧٨.

٤- هنر داستان نويسى، ابراهيم يونسى، مؤسسة انتشارات نگاه، چاپ ششم، چاپخانەی نوبه، تهران، ١٣٧٩.

# جوانیی زمان لەتەکنیکی دارِشتنی
# کورتە چیرۆکی نوێی کوردیدا

**بەرچاو ڕوونی ( ناساندنی توێژینەوەکە ) :**

گەوهەری مەبەست لەنووسینی ئەم بابەتە، ئەوەیە: ڕۆڵی تەوزیفکردنی زمان لەجوانکاری و ڕازاندنەوەی داڕشتنو بنیاتنانی هونەری کورتە چیرۆکی کوردی دەرخرێتو زیاتر ئەو ڕاستییە بسەلمێت، جوانی زمان لای نووسەری بەتواناو شارەزا لەبەکارهێنانی کەرەستەی زمان: (سینتاکس، مۆرفۆلۆژی، فۆنۆلۆژی، فۆنەتیك – فۆنیم– "ڕێزمان گرامەر" چ شۆڕشێکی داهێنان دەخولقێنێتو چ جوانیەکیش بەروخساری کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی دەبەخشێت؟.. بەهاو کاریگەری فیکری بەرهەمی ئەدەبی ناوازە لای خوێنەر جێدێلێتو خۆی بەنوێنەرو خاوەنی وەڵامی پێداویستییەکانی کۆمەڵایەتی تاكو کۆمەڵ دادەنێت، ئەوەش بەئەفراندنو خولقاندنی بەرهەمی مەعریفی پۆزەتیڤانەی سەردەم دادەنرێت.

**پێشەکی**

ئەم باسە تەرخانە بۆ توێژینەوە، لەبوارێکی مەعریفیی ژانرێکی ئەدەبی ناسكو گرنگی سەردەم، ژانری: کورتە چیرۆکی هونەریی کوردیو وپراکتیکی کردنی جوانی وەك چالاکییەکی عەقلانیی ناسكو بەچێژی مرۆڤ، لەبنیاتنانی هەیکەلی کورتە چیرۆکی هونەری کوردیدا، بەجۆرێك نەکهەی تام لەجوانیی روخساردا خەسڵەتەکانی: "شەوق، خەندە، چێژ، گەرمیو جۆش" بەکارەکە دەبەخشێتو حاڵەتی شەوقو گەشکە باڵ بەسەر ڕەگەزی: " وەرسبوون، ساردبوونەوە، بێزاربوون " دا دەداتو خوێنەر لەنهێنی بەدوادا چوونو خوێندنەوەی دیوی ناوەوەی بەرهەمەکە نزیکدەکاتەوەو کارەکەش بەرەو لوتکەی بەئاکام گەیشتن هەڵدەکشێت.

کرۆکی جوانی "ستاتیکا" لەچۆنیەتی بەکارهێنانی ئاستی ژیریو مەعریفی، ڕوو لەدنیای سەلیقەی وردو شارەزاییەکی بلیمەتانە دەکات، خۆی بەسانایيو (شفافیة) بەدەستەوە دەداتو خوێنەر زیاتر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت.. لەم توێژینەوەیەدا پەنا بۆ نموونەی زیندووی ژانرێکی ئەدەبیی سەربەخۆ براوە، ئەویش ژانری "کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی"یە.

**گرنگی ئەم باسە**

لـەدایکبوونی بەرهــەمی نـوێی تیـووری وپراکتیکـی، ئـەنجامی چـالاکی فیکری مرۆڤەو مەبەستێکی دیاریکراوو روون هانـدەرو هـۆی سـەرهەڵدانێتی، سائەوە لەسەر ئاستی بەدیهێنانی ئارەزوو یـاخود وەك ویسـتو بـەجێهێنانی ئـەرکی سەرشـانی ئـەو مرۆڤـە بێت، هـیچ بەرهـەمێك لـەخۆوە هـەڵناتۆقێتو ناخولقێت، بەڵکو وەڵامی پرسیارێك یاخود پێداویستیەکانی ژیانی تاك یـاخود کۆمەڵە، ئالێرەوە رێژەی بەهاوبایەخی ئەو بەرهەمەو ئامـانجی خاوەنەکـەیو مەنزڵی لای گشت دیاریدەکات.

گرنگـی ئـەم بابەتـە زیـاتر خـۆی لەولایەنـەدا دەنوێنێـت، تـا هەنووکـە توێژینەوەی ئاراستـەکراوی راستـەوخۆ بـۆ بابـەتی جـوانی زمـان لەتـەکنیکی دارشـتنی کورتـە چـیرۆکی نـوێی کـوردی لای ئێمـە ئەنجامنـەدراوە، ئـەم دەستپێشـخەریو کـارە نەوازشـانەیەش، هەولێکـە بـەئامانجی ئەنجامـدانی کــارێکی زانســتییانە، ئەوەنــدەی توانــا هـــەبووبێت پـــەیرەوی رێبـــازی لێکۆڵینـەوەی زانسـتییانەکراوەو رەچاوی هاوسـەنگی نێـوان: جـۆری دەقو توانای نووسەرو ئاستی زەوق و مەبەستی خوێنەر کراوە.. بۆیـە: هەوڵدراوە گرێدراوێکی بازەنگەیی، هەردوو جەمسـەری: **جوانی زمانو جوانی دارشتنی کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی** پێکـەوە ببەسـتێتەوەو بەرهـەمێکی: جـوانو بەتامو بەسوود بکاتە دیاری وپێشکەشی خوێنەر بکات، تارۆحی چێژو بەهای ئەدەبی بە خوێنەر و بیسەرو بینەر ببەخشێت.

**گیروگرفتی بەردەم ئەم توێژینەوەیە :**

لەهــەر پرۆســەی بەرهــەمهێنانی فیکریـدا، دوان لەفەلسـەفەی جـوانی، لێبوردبوونەوەیەکی ژیرانـەو رۆچـوونێکی هـێمنو قـووڵی مەعریفانـە دەوێت، پێویســـتە بەهـــەناوی بابەتەکـــەدا شۆڕشـــبیتەوە، دوای شـــیتاڵکردنو هەڵســـەنگاندنی، ئەوســـا بەشـــێنەیی پرۆســـەی بـــەراوردی بەســـەردا جێبەجێدەکرێت ئامانج بەئاکام دەگەێنێت. بۆ ئەوەی بچینە ناودنیای جوانی

هەستو جەستەیی بابەتەکەوەو زیاتر لامان روونبێتو بزانین جوانی چ رۆڵێك لەچالاکیو فەنتازیا دارشتنی کورتە چیرۆکی هونەریی کوریدا دەبینێت؟... بۆیە کەمیی یاخود نەبوونی سەرچاوەی کوردی، راستەوخۆ پەیوەندی بەم باسەوە هەبێت کۆسپێکی کەمنەبوو، راستە لەبارەی فەلسەفەی جوانی لێرەو لەوێ نووسینو باس دەستدەکەوتن، بەڵام کەم و زۆر لەگەڵ ئەم باسەدا پەیوەست نەبووە، تابزانرێت فەلسەفەی جوانی چ رۆڵو کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لە گەشەسەندنو بەرەو پێشبردنی زمانی کورتە چیرۆکی هونەریدا..بۆیە کەمی یاخود نەبوونی سەرچاوەی راستەوخۆ بەکرۆکی ئەم توێژینەوەیە کەلێنێکی دیاربوو.

### مەبەست و ئامانج لەم توێژینەوەیە

بەشێوەیەکی گشتی و دوور لەپەنهانی، لەسەر ئاستی تاكو کۆمەڵ؛ چالاکییە فیکریو کارە پراکتیکیەکان لەئامانج خاڵی نین، سا ئەو مەبەستو ئامانجانە هەرچیبن، مەبەست لەئەنجامدانی پرۆسەی ئەم بابەتەش خۆی لەدوو تویی گەوهەری ناونیشانەکەیدا دەبینێتەوە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە لایەنی شاراوەیی واتایی دیوی ناوەوە و تەلیسمی جوان تەکنیکی دارشتنی کورتە چیرۆکی نوێی کوردی لەرێگای فەلسەفەی جوانی و مامەڵەکردن لەگەڵ کەرەسەکانی زماندا چ جوانیەك بەسەرماندا دەبارێنێت: "دیمەنی سیحراوی جوانی بارین دەنەخشێنێت".. هەست و هۆش دەورووژێنێت و دڵ دەرونو دەهەژێنێت.. بەوەش مرۆڤ شەیدای بەرهەمە ئەدەبییەکە دەبێتو دەرخستنی ئەو راستییەش ئامانجی ئەم توێژینەوەیە.

### رەهەندی کارای ئەم توێژینەوەیە

زادەی بیرو بەرهەمی ئەدەبی بەگشتیو ژانری چیرۆك بەتایبەت، لە بەرەبەیانی مێژووی (نووسراو)ی مرۆڤەوە سەریان هەڵداوە، بابە ستایلێکی سادەو ساکاریش لەدایکبووبێت.

ئەم بابەتە– **جوانی زمان لەتەکنیکی داڕشتنی کورتە چیرۆکی نوێی کوردی–دا**، بەبەریەوە هەیە لەتێکڕای قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئەدەبو ژانری چیرۆکی هونەریدا، ئاوڕیان لێبدرێتەوە.

لەدایکبوونو سەرهەڵدانی کورتە چیرۆکی هونەری لەچاو لەدایکبوونی شیعرو ئەفسانەوداستانو حیکایەت، مێژوویەکی دێرینی نییەو لای کوردیش، چیرۆك یاخود کورتە چیرۆکی هونەری، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەدایکبووەو نووسراوەتەوەو وەکو ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆ، لەدنیای ئەدەبدا چاوی هەڵهێنا...

لەو سەرەتایەدا چیرۆکنووسانی کورد بەقەدەر پەنجەکانی هەردوو دەست نەدەبوون... بۆیە رەهەندی ئەم توێژینەوەیە پەلوپۆی دوور نەهاویشتووە، بێ رەچاوکردنی شوێن وکات، چەنێەکان "عینات"ـە کانم وەرگرتووە، بەجۆرێك لەگەڵ پانتایی چالاکیو دەستەڵاتی وزەو ئەنجامی بەجێی لێکۆڵینەوەکەدا بگونجێن.

**رێبازی ئەم لێکۆڵینەوەیە**

بۆ بەرچاو روونی خوێنەر و بەو مەبەستەی کلیلی هەمووەدەرگاکانی ناوەوەو دەرەوەی ئەم باسە لای خوێنەر بێتو بەئاسانی نهێنیو لایەنە شاراوەکانی دیوی ناوەوەی ئەم پرۆسەیە بەجوانی بخوێنێتەوەو مامەڵەی پرۆسەیەکی مەعرفیی پۆزەتیڤانەی لەگەڵدا بکات.

بەباشزانرا: رێبازی شرۆڤەکردنی فیکریو شیکردنەوەی مێژوویو پیاهەڵدان "المنهج التحليلي الفكري التاريخي والوصفي" پەیڕەو بکرێت، تا جوانی چنینی خودی تێکستەکان مافی رەوای خۆیان بدرێتێ، ئالەو روانگەیەوە بەهاو گرنگی وئاستی ناسکی بەرهەمەکە دەردەخرێتو رۆڵی کاریگەری وسیحری بەکارهێنانی زمان لەئەفراندنو خولقاندنی جوانی داڕتنی کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی لای خوێنەر بەجۆرێك جێدیلێت کەماوەیەکی باش لەگەڵیدا بژی.

# بەشی یەکەم

## کورتە چیرۆکی هونەری:

ئـەو چـەمکە – تیـۆری‌و پراکتیکیانـەی – هاوبەشـی لـەپێکهاتنی ئـەم پرۆسەیەدا دەکەن، چەند لایەن‌و ئەڵقەی بەیەکەوە گرێدراون، هاوکات یـەکتر تـەواو دەکـەن‌و تائاسـتێکی لەبەرچـاو ئامـانج‌و ئـەنجامێکی ڕۆزەتیڤانـە بەدەستەوە دەدەن‌و پێکهاتەکەش بەمجۆرەیە:

١– دەقی کورتە چیرۆکە هونەریەکان.

٢– کەرەسە ناسک‌و هەستیارەکانی زمان.

٣– چرۆی فەلسەفەی جوانی– ستاتیکا–.

پرۆسەی خولقاندکەش خۆی بەم شێوەیە دەنوێنێت:



## تەوەری یەکەم

## کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی:

چــیرۆك (story) بــەواتا بەرینیەكــەی‌و كورتــە چــیرۆك (short story) بەتایبــەت، هونــەرێكیٚ نــوێی ســەردەمەو بــەژانرێكی ئــەدەبی ســەربەخۆ دادەنرێــت، لەبوونیــەوە، خــاوەنی كەســایەتی‌و بڕیــارو كاریگــەری خــودی خۆیــەتی‌و ئــەركی بــەجێهێنان‌و بــەدیهێنانی پرۆســەی مــەعریفی لــە ئەســتۆ گرتــووەو كرێچــێتی هــیچ ژانرێكــی ئــەدەبی دی قــەبوڵ ناكــات، بــەرگری لەسروشتی بوونی خۆی دەكات: { لەوەیە چیرۆك یەكەم هونەر بۆبێت، مرۆڤ بەرجەســتەی كــردووەو تائێســتاش لەبــەهێزترین هونــەری ئەدەبــەو ئــەدەب توانیویەتی گوزارشتی پێبكات...}[1].. چونكە ئەدەب تەنیا یەك ژانر یاخود یــەك جــۆر و بــەش نییــەو لــە پانتاییەكــدا خــۆی بنوێنێــت، بــەڵكو بۆخــۆی دنیایەكی مەزن وبەرینە رۆلان بارت دەڵێــت: {ئــەدەب خۆیمــان وەك دەزگــاو كردەوەو چالاكی پێشكەش دەكات}[2].

ئەو بۆچوونەی رۆلان بارت، ئەو راستییە دەســەلمێنێت: ئــەدەب لــەرووی چــەندێتی‌و چــۆنیەتی‌و جــۆرو بەشــەوە فــرە لایەنــەو لەئایندەشــدا، داهێنــان لەژانرو بەشەكانیدا دەخولقێنرێت.

لەكۆنــدا لەلایــەن شــارەزایانەوە چــەندین بــیروڕا ســەبارەت چــۆنیەتی دابەشــكردنی ئــەدەب خراونەتــەروو، ئەگەرچــی بەمــەیوی نەماونەتــەوەو گۆڕانكاریــان بەســەردا هــاتووەو بــەپێی فراوانــی ئاســۆی بــیری مــرۆڤ گەشەیانكردووەوبەرەو پێشەوەچوون..جاران ئەدەب بەمجۆرەدا بەشكراوە:

---

(١) فن القصص– محمد محمود/ فن القصة: مجموعة قصص تركية مترجمة الى اللغة العربية– ترجمة شوقي امين الداودي، الطبعة الاولى، مطبعة (بلا)، مكان الطبع (بلا) سنة ١٩٣٤)، ص٧.

(٢) هسهسة اللغة– رولان بارت– ترجمة: د. منذر عياش– الطبعة الاولى–مركز. الانماء الحضاري– حلب، سوريا– ١٩٩٩، ص١٦٥.




بەو پێیەی دەبوو، هەر نووسینێك یاخود بەرهەمێکی ئەدەبی شیعر نەبێت، ئەوا خۆی لەخانەی پەخشاندا دەبینێتەوە، بەڵام ئێستا ئەم بۆچوونەش خۆی خزاندۆتە دووتوێی دەقو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیەوە، بەوەی هەریەك لەژانرە ئەدەبیەکان، بەشیعرو پەخشانیشەوە، واتە:(چیرۆك، رۆمان، پەخشانە شیعر.. تادوای)، هەریەکەیان خاوەنی هەلومەرجی هونەری و خەسڵەتی تایبەتی خۆیانن‌و راستەوخۆ بەئەدەبەوە بەستراونەتەوە، لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونە، گەوهەری ئەدەب لەم ژانرەئەدەبیانە پێکهاتووەو لەوەشە لەئایندەدا ژانری دیکەی نوێی ئەدەبی لەدایکبێت‌و ئەوانەش خاوەنی کەسایەتیی تایبەتی خۆیاندەبن‌و راستەوخۆش سەر بە ئەدەب دەبن، ئەم نەخشەیەی لای خوارەوە مەبەست‌و ناوەرۆکی ئەوبۆچوونە ڕووندەکاتەوە، ئەدەب هەر هەموو ژانرەکانی وەك رۆڵەیەکی ئازیزو نازداری خۆی لەباوەش کردوون:



لەروانگـەی ئـەو بۆچـوونەوەو لـەئاكامی فراوانـی ئاسـۆی بـیری مـرۆڤ و لەئەنجامی ئەوەی گڕكانی بەهرەو تواناو هزری مرۆڤ دەتەقیتـەوەو داهێنـانی نـوێی هونـەری لەدایكدەبێت، بەنموونـە تـەنیا ژانـری چـیرۆكی هونـەری كـە هونەرێكی نوێی سـەردەمە، لـەكۆتایی سـەدەی بیسـتو سـەرەتای سـەدەی بیســت ویەكـدا، چـەندین داهێنــانی نــوێی بەخۆیــەوە بینــەوە، وەلاّمــی پێداویسـتییەكانی خواسـتی فكـری مرۆڤـەو بەوپێیـەی هەریەكـەیان لـەرووی (كـاتو شـوێن) و ئاكـام و ئـەنجامو كاریگـەریو هەلومـەرجی هونەریـەوە، خـاوەنی تایبەتمەنـدێتی خۆیـانن، ئـەم دیاریكردنـەش، جۆرەكـانی چـیرۆك (story) ئەو بۆچوونە پشتراستدەكات:




ئالـەو دەرگـا كـراوە بەرینـەوە، روو لـەدنیای كورتـە چـیرۆكی هونـەری دەكەین، وەك ژانرێكی ئەدەبی سەربەخۆ، مامەڵەی لەگەڵدا دەكەین.. بۆ ئەو بیروڕایەش پاڵپشـتی جیاجیـاو سەرچـاوەی بـەهێزی فیكـریو زانسـتی دێنـە پێشێ:

**{ كورتە چیرۆك لەچەند توخمێكی جیاواز پێكهاتووە:**

**١- خستنەڕوو. ٢- كەسایەتی. ٣- كات. ٤- شوێن. ٥- گۆشەنیگا. ٦- رووداو}**(١).

ئـەم بەرهەمـە ئەدەبییـە: " كورتەچـیرۆكی هونـەریی كـوردی" ژانرێكـی

(١) هزار توی داستان- ؟ -، ترجمه نسرین مهاجران، چاپ حیدری- تهران -١٣٧٨. ل١٠.

سـەرەکی هـەرە دیـارە، بۆیـە: کاتێـك بـاس لەهونـەرو ژانـرە ئەدەبییـەکان دەکرێت، رەوا نییـە کورتـە چـیرۆکی هونـەری فەرامۆشـکرێت، چـونکە رۆڵـی دیارو کاریگەری بەهێزی هەیە لەبـەجێهێنانی ئـەرکی عـەقڵانی وهـزری مـرۆڤ، بەرەو بیرکردنەوەیەکی دروست و سەردەمانە ئاراستە دەکات:

**{چـیرۆك هونەرێکـە لەهونـەرەکانی ئـەدەب، مەبەسـت لەهاتنەکایـەی: هەژانـدنی دەرونـە، بەئاراسـتەی گەشـیو بـەجێهێنانی ئـەرکی ژیـریو رۆشنبیریو پێگەیاندنی ئاکاری دروست و زانستی ورێنمایی چاك }**[1].

کورتـە چـیرۆکی هونـەری ژانرێکـی ئەدەبییـەو لەچـاو ژانـری شـیعرو پەخشانی هونەریدا نوێیە، وەلێ شان بەشانی پێشکەوتنی زانستو شۆڕشـی تەکنەلۆژیاو ئاڵوگۆڕی بـیروڕاو کراوەیـی عـەقڵی مـرۆڤ، ئـەم ژانـرە هـەنگاوی بـەرەوپێشو ئەفرانـدن نـاوەو دەنێـتو بـاڵ بەسـەرژانرەکانی دی ئەدەبـدا دەکێشـێت: **{واپێدەچـێت —چـیرۆك— بـاڵ بەسـەر تێکـڕای ئـەدەبی نوێـدا بکێشێت}**[2].

ئەم ژانەرە ئەدەبییە، لـەنیوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەمدا لەشـێوازو ناوەرۆکدا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووەو بە بابـەتێکی نـوێ، مامەڵـەی هونـەری لەگەڵـدا دەکرێـت، چـونکە لـەرووی داڕشـتنو بنیاتنـانی رووداو چـالاکی کەسایەتیو خەسڵەتە هونەریەکانی دیدا، لەژانرەکانی دی ئـەدەبی جیـاوازە:

**{لەکورتە چیرۆکدا، مرۆڤ بەئاسانی دەتوانێت جیاوازی لەگەڵ هونەرەکانیدیدا بکات، ئەمە بە بـەراوردی پلـەو خانـەی کەسـایەتیو خەسـڵەتە دیارەکـانیو جۆری بیناسازی و ئاستی پەرەپێدانی}**[3].

---

(١) معجم المصطلحات العربية في اللغة والادب— مجدي وهبـة، كامـل المهنـدس— مكتبـة لبنـان— ساحة رياض الصلح—بيروت، ١٩٧٩، ص١٦٢..

(٢) أدب القصة— عبدالوهاب. امين— فن القصة: قصص مختارة مجموعة قصص تركية مترجمـة الى اللغة العربية— خلف شوقي امين الداودي الطبعة الثانية— المطبعة (بلا) مكان الطبـع (بـلا) ١٩٣٤، ص١٢١.

(٣) سميرة عزام رائد القصة القصـيرة الفلسـيطنية— دراسـة الـدكتور يوسـف حطـيني— الطبعـة الاولى— دار العائدي للدراسات والنشر والترجمة —١٩٩٩.

ئەو خەسڵەتانە، والە توێژەر دەکات، مامەڵەی پڕ بەپێستی خودی کورتە چیرۆکی لەگەڵدا بکات، وەك هونەرێکی نوێی وردو چالاكو سەرنج ڕاکێش،زادەی بیرو هۆشی مرۆڤ و زەوقو تواناو سەلیقەی هونەری، ڕۆڵی گرنگ لەداڕشتنیدا دەبینێتو کاری داهێنانو ئەزموونی ئەفراندن لای مرۆڤ دەوڵەمەندەکات.

**{ لەگەڵ ئەوەی چیرۆك سەربەچەندین قوتابخانەیە، سا ئەو قوتابخانە ئەدەبیانە، لەسەر ئەزموونو شێوەو شێوازی چیرۆکەکان ڕێکەون یاخودنا.. چیرۆك بەگشتیو کورتە چیرۆك بەتایبەت خودی خۆی تاقیکردنەوەیەکی روونو مرۆڤانەیە}**[1].

ئەو بیروڕاو بۆچوونە زانستی و هونەریانەی، ئاراستەی جۆرو چۆنیەتی بنیاتنانی چیرۆکی هونەری جیهانی دەکرێن، لەزادەی بەرهەمی کورتە چیرۆکی هونەریی کوردیشدا دەبینرێن و هەن.

**تەوەری دووەم: فەلسەفەی جوانی**

لەدایکبوونی بەرهەمی ئەدەبی ناوازەو داهێنراو، ئاکامی بەهرەو تواناو بیرکردنەوەی تیژ وقووڵی مرۆڤی زیرەکە، سەرچاوەی هەڵقوڵانی ئەو بەرهەمە فیکریانەی هەن و دەبن، لەبواری: ((ئەدەب، هونەر، ئابووری، سیاسەت، فەلسەفەو.. تادوایی)).

ئەوانەش خودی هرزی مرۆڤن، تاك و کۆمەڵی کۆمەڵگا، ئاشناو شارەزای مەعریفە دەکات. **{فەلسەفەش جۆرێکە لەجۆرەکانی مەعریفە، مەعریفەش چەند بەشێکی هەیەو فەلسەفەش یەکێکە لەجۆرەکانی، چونکە: فەلسەفە پرۆژەیەکی عەقڵی ئینسانی یەو باس لەواقیع دەکاتو لەوشتەی کەهەیە.. فەلسەفە باس لەمرۆڤو پەیوەندییە مرۆڤایەتیەکان دەکات}**[2]. فەلسەفە،

---

(١) مخاضات التجربة–مخاضات الذات – لطفي جميلة محمد– جريدة العراق– العدد (٧٥٥١)– ٢٠٠٢/٣/١٩، ص٤..

(٢) فەلسەفە یان فەلسەکاری– محەمەد حوسێن پیرۆت– ڕۆژنامەی خەبات ژ (٢١٣٠) لە ٢٠٠٦/٥/٦

چالاكییەكی هۆشیو هزری مرۆڤەو هەمیشە بەدوای پێكهێنانی پرۆسەیەكی مەعریفی پۆزەتیڤانەدا دەگەڕێت. وبوێرانە وەڵامی پرسیارە سركو عاسیەكان دەداتەوەو مامەڵە لەگەڵ هەستە ناسكەكاندا دەكات.. جوانیش خاوەنی فەلسەفەی خۆیەتی، قورساییو كاریگەری بەهێزی لەسەر هزرو چالاكییەكانی مرۆڤ و دەوربەر هەیە.

لەدیدی عەقلانی مرۆڤەوە چەندەها چێژی جوانی هەن، لەوانە، جوانی: (سروشت، رەوشت، مرۆڤ، بیر، ئەندێشە، شێواز، ئاخاوتن... تادوایی).

فەلسەفەی جوان تامەزرۆی دیمەنی جوانو نەبینراوە، جریوەی وشە دادێنێت.. چونكە جوانی هونەرێكی ئەزەلیە، هونەر لەگەڵ جوانی ئاوێتە دەبنو زمانی جوان لەدایكدەبێت.. جوانی خاوەنی مزگێنیو پەیامێكی سروشتییە، هەستو بزاوندنی عەقڵی دەینەخشێننو لەئەنجامی هەست بەجوانی عەشق لای مرۆڤ دەخولقێنێتو سات لەدوای سات شەوق و كاریگەری بەهێز تر دەبێتو عەشق و شەیدایی عەشق، چالاكی نوێی بەسوودو كاری داهێنەرانە لای مرۆڤ دەخولقێنێت.

ئەفلاتوون ئاوا لەبارەی عەشقەوە دەدوێت: **{عەشق ئەو حاڵەتە دەرەخسێنێت، مرۆڤ بەرەو بەرزترین ئاستی سروشتی ببات، دەستكەوتی بەهادار بۆ مرۆڤ بەدیبێنێت}**[1]. هەستكردن بەگەوهەر ونهێنیە سیحراویەكانی جوانی لەروانگەی تاكو كۆمەڵەوە یەكسان نییەو تائاستێكی دیایكراویش رێژەییە.. " زەوق، هەستیاری، سەلیقە،حەساسییەت، زەكاوەت، كات، شوێن، مەزاج، تەمەن... تادوای" رۆڵی خۆیان دەبینن.. شێوازی چالاكی فەلسەفە لەبواری بەراوردكاریدا ئەركی بەهێز لە دەستنیشانكردنی جوانیدا دەبینێتو دەشێت ئەوەی بەلای (س)ەوە جوانە لای (ص) وانەبێت، خو "القلب یعشق كل جمیل" ئەوەی لێرەدا مەبەستە، ئەو جوانییە فەلسەفییەیە

---

(١) ئەفلاتوون فەیلەسوفی ئەبستمۆلۆژیاو ئیستاتیكاو فەلسەفەی سیاسی– ئەنوەر حوسێن، رۆژنامەی خەبات ژ(٢١٠٠) لە ٢٠٠٦/٤/١.

کە رای گشتگیریی بەهاترینو راسترینی مرۆڤی لەسەر ساقامگیر دەبێت.

جوانی حاڵەتێکی هەستی و رۆحییە، تائێستا ودنیاش دنیایە، جوانی پرسیارێکی فەلسەفییەو بەردەوام وەڵامی جۆراوجۆری نوێی دەدرێتەوە، خۆ ناشکرێت بەرهەمی ناسكو هەست بزوێنی ئەدەبی لەفەلسەفەی جوانی دابڕێت... ئەدەبی فەلسەفی لەرەحمی ئەدەبدا لەدایکدەبێت: { **ئەدەبی فەلسەفی بەشێکە یا نیشانەیەکی ترە لە جۆری ئەدەب، نەك رەگەزێکی تازەی ئەدەبە، ئەونیشانەیە، یا ئەو تایبەتمەندییەی لەهەندێ بەرهەمی ئەدەبیی مەزنو نەمردا هەبێت** }[1]. راست وایە، ئاماژە بەوەبکرێت، عەشق وشەیدایی لەبوارەکانی ئەدەبو هونەردا پانتاییەکی زۆری پێبڕاوەو لەژێر کاریگەری جوانیدا تاو دەستێنێت و گڕکانی هۆگریو خۆشەویستی لای مرۆڤ دەتەقێنێتەوە.. جوانی: خۆشەویستی دەخولقێنێتو خۆشەویتیش رۆحی جوانی لای مرۆڤ دروستدەکات.

لەو چەپەرەوە، پەنا بۆ ئەم گوزارشتە دروستە دەبەین: {**ئەدەب گوزارشت لەژیاندەکات،لەبەر ئەوە: ئەدەب بەتوندی پەیوەستە بەفەلسەفەی کۆمەڵگاوەو ناکرێت ئەدەب لەبازنگەی ئامانجە گشتییەکانی کۆمەڵ دابڕێت**}[2].

کەواتە، فەلسەفەی جوانی، بەداشکاندنی بەلای جوانی بەرهەمی ئەدەبیدا پرۆسەی ئاوێتەبوون ساز دەکات، بۆیە ناکرێت فەلسەفەو ئەدەب، لێکدابڕێن.. ئائەو حاڵەتە فەلسەفییە لەدنیای بەرهەمی ئەدەبیدا حەزو ئارەزەکانی رۆح بۆ حاڵەتی عەقلانی مرۆڤ دەگوێزێتەوە، هیگڵ لەم رووەوە ئاوا دەڵێت: {**ئەرکی راستەقینەی هونەر، گواستنەوەی گەورەترین**

---

(١) لێکۆڵینەوەیەك لەشیعرە ئاینی و سۆفیگەریو فەلسەفیەکانی نالی- نامەی دکتۆراه،عەبدوڵڵا خدر مەلوود- کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر-٢٠٠٣، ل١٢٦.

(٢) طبيعة المجتمع الكردي في أدبه، دراسة نفسية- اجتماعية-. بدرخان السندي- الجزء الاول- مطبعة بلدية كركوك- ١٩٦٧، ص٥٦.

**ئارەزووەکـانی رۆحــە بـۆ ئاگـایی}**[1]. ئالــەو بۆچـوونەی هیگڵــەوە روونــتر مەبەسـتمان بـۆ سـاغدەبێتەوە: چـالاکیو بزوانـدنی بـیرە فەلسـەفیەکە رۆڵ لەخولقاندنی ئارەزووی رۆحدا دەبنێت، ئـەو خۆشەویسـتیو شـەیدابیەی رۆح دەبێتــە میــوانی جــوانیو ژوانــی ئاوێتــە بــوون دەخولقێــت، رۆح وامــان لێدەکات،خۆشەویسـتی وعەشـقی جـوانی لامـان بچەسـپێت.. بۆیـە دەکرێـت بڵـێن: دوای ئـەوەی هەسـتی خۆشەویسـتی بەهـەر هۆیەکـەوەبێت، لای مـرۆڤ دروسـت دەبێـت، دواتـر هەسـت بـەجوانی دەکرێـتو بازنگەکـە تـەواو کامـل دەبێت، بەوەی جوانی خولقێنەری هەستی خۆشەویستیەکەیە..

---

(١) جوانیناس (هیگڵ، کانت، شۆپەنهاوێر)– فەرزین رۆژنامەی (رۆژنامـە)ژ (١٠٠) یـەك شـەممە ٢٠٠٧/١٢/٩.

فلسفه هیگڵ– ن. وت. ستیس، ت.د. حمید




**کەواتە:** ئیستاتیکا دەبێتە زاراوەیەکی فەلسەفیو مەرجەکانی جوانیو چێژوتام لێوەرگرتنی بەرهەمی ئەدەبیی پێدەپێورێت.. ئەمانەش هەر هەموویان پەیوەندییەکی بەهێزو پێزیان بەبیرەوە هەیەو بیر لەم بارەیەوە سەرباشقەیە: **{ بیر هۆکاری پێکهاتنی شتەکانە، شتەهەستپێکراو بەرجەستەکان، رەنگدانەوەی بیرە ئایدیاییەکانن کەهەستیان پێناکرێتو بەرجەستەنین}**[1]، بیرو هزر لەهەموئاستە جۆراو جۆرەکانیدا، تەنیا سەرچاوەی خولقاندنو ئەفراندنە.

جوانی لەدنیا ناسکو بەتامو هەستی بزوێنی ئەدەبدا، هەروا لەخۆوە

(١) موجز تاريخ النظريات الجمالية– م. اوسيانيكۆظ و زه سمير نۆظا: ت: باسم السقاط، دار الفارابي–بيروت– ١٩٧٩، ص٢٥..

پەیدا نابێت.. جوانی تائێستاش پرسیارێکە، وەڵامەکەی لەدنیای فەلسفەدا دەبینین‌و دەبیستین.. ئێستاش دەڵێین: جوانی چییە؟! چی جوانەو چی ناشرین؟.. ئەو هێزو توانا عەقڵانییە چین پێناسەی ببڕای ببڕی جوانیت بۆ دیاریدەکات؟ وەڵام لەئاستیدا وەنەز دەدات.. جوانیش لەئەدەبدا بووکی جوانکیلەو رازاوەی توانا‌و بەهرەو زەق‌و شارەزای مرۆڤەو جۆرو چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ کەرەستەکانی زماندا حاڵەتی ئەفراندنی بێ وێنە دەخوڵقێنێت.



**تەوەری سێیەم: زمان ((کەرەسەو ئامرازو هۆکارەکانی))**

ئەم پرۆسەی لێکۆڵینەوەیە، لەهەردوو جەمسەری سەرەتاو کۆتاییەوە، زمان داینەمۆی چالاکیو هۆکاری هەرە بەهێزێتی، بۆ ئەوەی جوانی دارشتنی زمانی کورتەچیرۆکی هونەری کوردی دەربخرێت و رۆڵی جوانی خودی زمان نیشانبدات روو لەگەوهەرو هەقیقەتی زمان دەکەین.

زمان بەهرەیەکی بێ وێنەیەو خودابەمرۆڤ بەخشیوە، هۆکاری پەیوەندییەکانی ژیانەو بنەمای چالاکی کۆمەڵایەتی تاکو کۆی مرۆڤە: **{زمان مەدلوولێکی مێشێکی ئاڵۆزو بیرکردنەوە دەربڕاوەکانە}**[1].

زمان ئامرازی بیرکردنەوەی تاکە، بۆیە: لەهەر پلەو ئاستێکدا بێت، جیاوازی بیرکردنەوە هەستپێدەکرێتو هەر لەوبوارەوە کاروبارو چالاکیە فیکریو کردەییەکانی ژیانی مرۆڤ رێکدەخرێت: **{زمان ئامرازی بیرکردنەوەیەو گوزارشت لەئاخاوتن دەکاتو رۆڵی کاریگەر دەبینێت}**[2].

چیرۆکی جوان یاخود جوانی چیرۆك، چیرۆکنووسی بەتواناو زمانزانی لێهاتوو دەیخولقێنێت بەهۆی سەلیقەی رێزمانزانیو شارەزایی لەبەکارهێنانی کەرەسەکانی زماندا دارشتنێکی نوێی داهێنەرانە دێنێتە کایەوە، بەجۆرێکی ئەوتۆ وا لە خوێنەری زیرەك دەکات، سەرجەمی جوانی روخساری بەرهەمەکە بەلای خۆیدا رابکێشێتولەخانەی چیرۆکێکی جوانو پەسەندا جێیبکاتەوە، ئەو جۆرە بەرهەمە، ئیحساساتی وروژاندن لای خوێنەر پەیدا دەکات، ئالێرەدا ئەو لایەنە دەردەکەوێت، زمانی چیرۆك، بەتایبەت زمانی چیرۆکنووسی بەتواناو داهێنەر، زمانی جوانی بێتو لەرێگای بەکارهێنانی ئەو زمانە جوانو نەخشینو درەوشەدارەوە، ئارەزووی ناخی تاکەکانی مرۆڤ

(١) پێرەوی فۆنۆلۆجی و دیاردەکانی – د. محەمەد مەحوی– کۆنگرەی دووەمی زمان– کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەدین– کاتی ١٠ی سەرلەبەیانی ٢١/٥/٢٠٠٧..

(٢) تأملات فلسفية– لغة النقد– الدكتور ناجي التكريتي جريدة العراق العدد (٧٤٥٣) ٢١/١١/٢٠٠١

بەجۆرێك بورووژێنێت تا بەدوای ڕەگەزی شەوق‌و لایەنی گەش‌و شادیەکانیدا بگەڕێت، لەوەش پردی بەیەکگەیشتن لە نێوان ئەرك‌و مەبەستی چیرۆك‌و خوێنەردا دروست دەکات‌و ئالێرەوە جیاوازی نێوان زمانی ئاسایی‌و زمانی ئەدەبیمان بۆ دەردەکەوێت، ئەگەرچی سەرچاوەی کەرەسەکانی زمان یەکن، ئەگەرچی جیاوازی نێنوان بەکارهێنان‌و بنیاتنانی زمانی ئاسایی‌و ئەدەبی؛ لە بەکارهێنانی وشەو زاراوەو رستەو دەستەواژەو کۆپەلەدا نییە، بەڵکو تەلیسمی نهێنی داهێنان لەجۆرو چۆنیەتی‌و شێوازی بەکارهێنانی داڕشتنی کەرەسە زمانیەکاندایە، ئەویش بەو میتۆدە دەبێت، ڕێکی و تەبایی‌و گونجاندن لەنێوان وشەکاندا هەبن، ئاوازی نوێی جوان‌و نەبیستراو ساز بکات‌و هەنسکی جوانی لەجەستەی وێنەکاندا بمەێنێت، ئەوەش سەر تۆپی داهێنانی هونەری دیاریدەکات، بەوشێوەیە ڕۆڵی گرنگی بەکارهێنانی وشەو کەرەسەکانی زمان لەداهێنانی هونەریدا دەردەکەوێت: {**لەهەموو کارێکی هونەریدا، زمان یەکەمین دیاردەیە، کە وشە وەك هۆکارێك بۆ دەربڕین تێدا بەکاردێت**}[1]. پرۆسەی داهێنانی جوانیی هونەری ئەدەب بەگشتی‌و کورتە چیرۆك بەتایبەت، لەزمانەوە سەرهەڵدەدات: {**زمان وەك ئامرازێك یەکەم جووڵاندن‌و پڕۆسەی داهێنانی فیکرییە**}[2]. ئەو لایەنەی ئەرکی بەجێهێنانی پرۆسەی داهێنانی جوانی لەهونەرو ئەدەبدا دەبینێت، گرنگ ئەوەیە: نووسەر چۆن دەتوانێت لەو کەرەسە زمانییە، داهێنێکی دەگمەن بخوڵقێنێت.

لەورد بوونەوەو لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن‌و بەراوردکردنی خودی ئەرکی خۆیی زمان چ وەك گەیاندنی واتاو جوانی بارین، جگە لەفەلسەفەی درکەی واتاکان لەئەدەبدا، زمانی ئەدەبی بەرگی نوێ دەپۆشێت و چەندین جۆر

(١) الشعر العربي المعاصر، قضاياه وظواهر الفنية والمعنوية، د. عزالدين اسماعيل، ط٣، دار الفكر العربي، التاريخ (بلا)، ص١٧٣.

(٢) ئەرکی زمان لە ڕۆژنامەی کوریدا – د. دڵشاد عەلی – کاتی– ١١ی سەر لەبەیانی ٢٠٠٧/٥/٢١، کۆنگرەی دووەمی زمان– کۆلیژی زمان– زانکۆی سەلاحەدین.

لەخشتەی پۆلینکردنەکەیدا دەبینرێت وەك:

+ زمانی ئاسایی: زمانی ئاسایی‌و سروشتی خەڵکی سادەیە.

+ زمانی ئەدەبی: زمانی مرۆڤی بەتوانای خاوەن بەهرەی ئەدەبی: ((سۆزو ئەندێشەو میهرەبانی.. تا دوایی)) تیا بەکاردێت.

+ زمانی نەرم‌و نیان: زمانی لەیەکگەیشتن‌و تەباییە.

+ زمانی زبر: زمانی هەست رۆشێنەرو بریندارکردنە.

+ زمانی گوڵ: زمانی بێوەیی وناسك‌و جوانییە.

+ زمانی درِك یادرِکاوی: زمانی تیرو تەشەر هاویشتنە.

+ زمانی برایەتی‌و دۆستایەتی: زمانی بنیاتنانی پەیوەندی پۆزەتیڤانەیە.

+ زمانی دبلۆماسی: زمانی کار مەیسەر کردنە.

+ زمانی ئاشتی‌و برایەتی: زمانی نەهێشتنی جیاوازی‌و نەهێشتنی دوژمنکارییە.

+ زمانی شەڕو شەڕەجوێن: زمانی ئازاردان‌و دڵ ئیشانە.

+ زمانی سووکایەتی‌و ناوزڕاندن: زمانی ناڕاستی‌و چەواشەکاریەو زمانێکە بۆ کەم کردنەوەی بەهاو پایەی مرۆڤ بەکاردێت.

ئەمەو چەند جۆرو چەشنی دیی بەکارهێنانی (زمانی) هەن، زمان ئامرازێکی بیرکردنەوەیە، داهێنانی تیا لەدایك دەبێت، هەموو جۆرە بەکارهاتووەکانی لەئەدەبدا، رۆڵی خۆیان دەبینن‌و لەو قەناعەتەوەی: زمان دەبێت ئازاد بێت و مافی بەکارهێنانی تواناو دەستەڵاتی لێزەوت نەکرێت، لەو پانتاییەی تیایدا دەژی، داهێنان دەخولقێنێت، ئەوەش لەو روانگەیەوە پشتڕاستدەکرێت: زمانی باڵا لەفیکرو ئەدەبدا زمانێکە، رێز لەخۆی دەگرێت‌و پەیڕەوی یاسا دەکات‌و جوانی دەبارێنێت، ئەو رۆحی جوانییەی زمان بە فکری دەبەخشێت، بەهۆی چوونە ناو دنیای واتای زمانەوە ئەنجامدەدرێت، ئەگەرچی زمان بۆخۆی هۆکاری پێکهێنانی پرۆسەی جوانییەو لەهەمان کاتیشدا ئەنجامە.

## بەشی دووەم

### چیرۆکی هونەری

مێـژووی لـەدایکبوونی چـیرۆك هاوكاتـە لەگـەڵ سـەرەتای هـەرەدێرینی مێـژووی ژیـانی مرۆڤـدا، ئەمـە بەشـێوە گشـتگیرییەكەی، زاراوەی (چـیرۆك) ئەگەرچی لەو دەمە دێرینەدا، خۆی لەشـێوەی حیكایـەتی فۆلكلـۆریو دواتـر ئەفسـانەو داسـتانە بینیوەتـەوە: **{ هـەر چـەندە رەگـو ریشـەی چـیرۆك زۆر كۆنەو لەمێژووی ئەدەبی جیهاندا بۆ هەزاران ساڵ پـێش ئێسـتا دەچـێتەوەو خـۆی لــەقاڵبی هەقایــەتی فۆلكلــۆریو ئەفســانەو چــیرۆكی گیاندارانــدا دەنوێنێ}**[1].

كەواتـە: چـیرۆك یـاخود حیكایـەت {ئەفسـانەو داسـتان}، لەسـە رزاری گیانلەبەرانەوە گێڕدرابێنەوە، یاخود مرۆڤ بۆ خۆی پاڵـەوانی بووبێـت، زادەی خەیاڵو بیرو لێكدانەوەی مرۆڤن، ئەم ژانرە ئەدەبییە؛ حیكایەت، دەماو دەم تائێستاش بەئێمە دەگات بۆیە: **{چیرۆك رەگ و ریشەی كۆنی هەیـە، لـەبیرو هۆشی مرۆڤدا هەڵقوڵاوە، دەگەڕێتەوە بـۆ سـەدەی ئەفسـانە كـەدەماو دەم لەسەرزاری خەڵكەوە دەگێڕدرانەوە تاسەردەمی ئێستاماونەتەوە}**[2]. ئەوەی لێـرەدا مەبەسـتە ئەفرانـدنی كورتـە چـیرۆكی هونەرییـە، كەلـەناو پانتـایی و رەحمـی چـیرۆكدا سـەریهەڵداوەو وەك ژانرێكـی ئـەدەبیی سـەربەخۆ بەتـەنیا مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت، لەبارەی وەردكردنـەوەی ئـەم بۆچـوونە، پـەنا بـۆ رای رۆڵان بارت دەبەین: **{ كاتێك زانای رووەك لەگوڵێك دەدوێت، ناكرێـت و**

---

(١) پەخشانی كوردی – ئامادەكردنی عەزیز گەردی، چاپخانەی زانكـۆی سـەلاحەدین هـەولێر، ١٩٨٧، ل٤٧.

(٢) رۆژنامــەی برایــ–برایـەتی(١٩٦٧–١٩٧٤) ورۆڵــی لەپێشخســتنی ئــەدەبو رۆشــنبیری كوردیدا– نامەی ماجستێری: ئاریان ئیبراهیم محەمەد–بەشی كـوردی، كۆلێـژی پـەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٤، ل١٧٠.

**نابێـت گرنگـی بەباسـکردنی چـەپکە گوڵەکەبـدات }**[1]. بـۆ بەرچـاوڕوونی خوێنەرانی، ئەم توێژینەوەیە تەنیا تەرخانە بۆکورتە چیرۆکی هونـەری، ئـەم ژانــرە ئەدەبییــە، لــەکۆتایی ســەدەی نــۆزدە هەمەوەبــەزەقی لەئــەوروپا سەریهەڵداو هۆکارەکانیشی بۆ ئەمانەی خوارەوەدا دەگێڕدرێتەوە:

یەکــەم: بــەرپابوونی شۆڕشــی فڕەنســاو تەنینــەوەی بــیری ئــازادیو دیموکراتی بـۆ میللـەتانو وڵاتـانی دەوروبـەر، بـەوەش شـەپۆلی بزوتنـەوەی هوشیاری کۆمەڵایەتیو سیاسیو رۆشنبیری ئەوروپای گرتەوە.

دووەم: بــەرپابوونی شۆڕشــی پیشەســازیو داهێنــانی ئــامێری نــوێو پەیدابوونی توێژی بورژوا، کە گوایـە خولیـای داهێنـانی ئـەم ژانـرە ئەدەبیـە (کورتە چیرۆکی هونەری) بوون.

سێیەم: گەشەکردنو پێشخستنو بەهێزبوونی هەسـتی نەتەوایـەتیو خـۆ شەویستی مرۆڤ و خاك و بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵ، هۆکاری لەدایکبوونی ئەم ژانرا ئەدەبیەن.

دەشێت ئەو هۆکارانەی لەسـەرەوە باسـکرانو چـەندین هۆکـاری دیـش، بەشێوەیەك لەشێوەکان، لابـەلایی یـاخود راسـتەوخۆ رۆڵیـان لەسـەرهەڵدانی کورتە چیرۆکی هونەریدا بووبێـت وەلـێ واقیـع ئـەو راسـتییەی سـەلماندووە: کورتە چـیرۆکی هونـەری، خـاوەنی هەلومـەرجی تایبـەتی خۆیـەتیو وەڵامـی پرسیارو خواستی تاکی مرۆڤی بـەهرەدارو لێهـاتووی سـەردەمەکەیەتی، ئـەو هەستە ناسكو ئارەزووە گەرمەی، بیرو ئەندێشەی مـرۆڤ هۆکـارن بـۆ ئـەوەی گرکانی توانای بتەقێتەوەو ئەفراندن پەیدا بێت.

ئەم حاڵەتە لەئەوروپا لەجوولەو بەرەو پێشچوونو داهێنانی نوێدا بـوو، ئەوبزوتنەوە هونەرییەی ئەدەب، پەلوپۆی بـۆ دەرەوەی کیشـوەری ئـەوروپا

---

(١) مدخل الى التحليـل البنيـوي للمحكيـات، رولان بـارت، مـن البنيويـة الى الشـعرية رولان بـارت وجيرار جينيت، ترجمة: د. غسان السيد، السلسة النقدية، الطبعة الاولى، دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، سوريا، دمشق، ٢٠٠١، ل١٦.

هاویشـت، بـەجۆرێك بـێ ئـەوەی ئـەو زەمینـەو هـەلو مەرجانـەی لەئـەورووپا ڕەخسـابوون، بـۆ لـەدایكبوونی كورتـە چـیرۆكی هونـەری لـەزۆر وڵاتو لـەناو چەندین میللەتی ڕزگار یاخود ژێردەستەو داگیركـراودا نـەبوو، كەچـی كورتـە چیرۆكی هونەریش لەدایكبوو، بەجۆرێك ئێستا ئـەم ژانـرە ئەدەبییـە (كورتـە چیرۆكی هونەری) باڵی بەسەر زۆربەی ژانرە ئەدەبییەكانـدا كێشـاوە لەوانـە: (شـیعر، پەخشـان، مەتـەڵ، قسـەی نەسـتەق، یادداشـت، گەشـتنامە.... تادوای).. لـەو ڕوانگەیـەوە دەكرێـت بوترێـت: ڕەوتـی بزووتنـەوەی هونـەری كورتـە چـیرۆك لـەكۆتایی سـەدەی نـۆزدەوە تـاكو نیـوەی یەكـەمی سـەدەی بیست، لەسەر شێوازێكی تەقلیدی خـۆی دەنوانـدو لـەدوای نیـوەی دووەمـی سەدەی بیسـتەمەوە تـا سـەرەتای سـەدەی بیسـتو یـەك، هـەنگاوی بـەرەو نوێكردنـەوەو ئەفرانـدن نـا... بـەوەش زیـاتر ئـەو ڕایـەی سـەلماند، كورتـە چـیرۆكی هونـەری ژانرێكـی سـەربەخۆی ئەدەبییـەوخاوەنی هـەلو مـەرجو كەسایەتی تایبـەتی خۆیـەتی: **{ لەسـەدەی نۆزدەهـەم، دوای ئەوگرنگیدانـە مەزنەی لەئەورووپا بەكورتە چیرۆكدرا، ئیدی چـیرۆك بـووە ژانرێكـی ئـەدەبی جیاواز لەژانرە ئەدەبیەكانی تـر، كـەخاوەنی سـیماو خەسـڵەتی دیـاریكراوی خۆیەتی}**[(١)].

حاڵ گەیشتۆتە ئەوەی: كێبركێ لەنێوان ژانری كورتە چیرۆكی هونـەریو جۆرەكـانی دی (چـیرۆك) دا هاتۆتـە كایـەوەو هەریەكـەیان هەلومـەرجو خەسـڵەتی تایبـەت بـەخودی خۆیـان هەیـە، بۆیـە: هەسـت بـە جیـاوازی جۆرەكانی پۆلینكردنی (چیرۆك) دەكەین، ئـەوەتا كورتـە چـیرۆكی هونـەری، سەرەڕای ئەوەی فەلسـەفەی بـیرو جـوانی تیـا خەسـتكراوەتەوە، گوزارشـت لەخواستو ئارەزووەكـانی تـاك و كۆمـەڵ دەكـات، خـۆی كردۆتـە سـەرتۆپی ژانرە ئەدەبیەكان: **{سەدەی دوایی، سەدەی زاڵبوونی كورتە چیرۆكە بەسەر**

---

(١) مدخل في فن القصة القصيرة– الدكتور صبيح الجابر– جامعة التحدي، سرت، الجماهيرية العربية الليبية الشعبية الاشتراكية العظمى، ١٩٩٩، ص٢٠.

**ژانرەکـــانی دیکـــەی ئەدەبیاتـــدا}**[1]. لـــەدووتوێی ئـــەو بیروڕایانـــەی لـــەم توێژینەوەیەدا پێشکەشکراون، ئەم ژانرەی ئەدەب: کورتە چیرۆکی هونەری چەندە زەمینەی فیکری فراوانو گەشەداربێت ئەوەندەی بوونو سەربەخۆیی خـۆی دەسـەلمێنێتو زیـاتر پـەرە دەسـێنێتو بـەرەو پێشـەوە هـەنگاوی پۆزەتیڤانـە دەنێـت، **{ تـوخمی ئـەدەبی کۆنـەو پەیوەسـتە بەکـەلتوورو شارســـتانیەتمانەوە، چـــەندە ئـــەم هونـــەرە هەلومـــەرجی بـــوونی خـــۆی بسەلمێنێت، ئەوەنەپێشدەکەوێت و پەرە دەسێنێت}**[2].

ئەو بۆ چوونە، نهێنی ئیعجازی لـەدایکبوون و ئایندەی گەشو دروستی ئـەم ژانـرە ئەدەبییـە دەردەخـات، پایـەو مـەنزڵی لـەپێکهێنانی پرۆسـەی مـــەعریفی پۆزەتیڤانـــەدا، بـــۆ تەرخانـــدەکات، ئـــەو پرۆســـەیەی خزمـــەت بەشارستانیەت و بیری مرۆڤایەتی دەکات.

### تەوەری دووەم: کورتەچیرۆکی هونەریی کوردی:

لەدایکبوونو سەرهەڵدانی چیرۆکی هونـەری بەگشـتی و کورتـە چـیرۆکی هونەری لای کورد، لەژێر کاریگـەریی داهێنـانی ئـەو ژانـرە تازەیـەی ئەدەبـدا هاتۆتـــە ئـــاراوەو لەســـەر ئاســـتی جیهـــانیو ناوچـــەیی، زەمینـــەی بـــوونی بۆرەخساوەو تاکۆتایی نیـوەی یەکـەمی چـەرخی بسـتەم هاوشـانی شـێوازی داڕشتنی تەقلیدی کورتە چـیرۆکی گـەلانی دنیـا رۆیشـتووەو دواتـر لـەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ ئەوەی کورد دەوڵەتی سـەربەخۆی خـۆی نەبووەو خاوەنی دەزگای ئەدەی رۆشنبیری خۆی نەبووەو لەچـاو رۆشـنبیرو ئەدەبیانی میللەتێکی وەك عـەرەب کـە خـاوەنی دەیـان حکومـەتی خۆیـانن، هێشتا ئەو دیاردەیە بەجوانی لای کورد هەست پێ دەکرێت: چیرۆکنووسـانی

---

(١) پێناسەی. کورتە چیرۆك، ن.و. خ، وەرگێڕانـی حەسـەنی سـەلیمی، رۆژنامـەی کوردسـتان ژمارە(٤٧٢) لە ٦/١١/٢٠٠٧.

(٢) صفحات في فن القصة (من القصة القصيرة) — طارق شفيق حقي،
. come.11/7/2007www.Gigole

کورد لەکاروانە کە دوا نەکەوتوون: {**سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری لەئەدەبی کوردیـــدا، هـــەر لەســـەرەتای بزوتنەوەکەیـــەوە، یەکێکـــە لـــەدیاردە هەرەگرنگەکانی کەدەبێ لەمێژووی ئەدەبی هاوچاخماندا بایەخێکی تایبەتی بدرێتی، چونکە بەوە هونەرێکی ئەدەبیی نـوێ کەوتـە ئەدەبەکەمانـەوە کـە لەوەوبەر نەبوو**}[1]. ژانری ئەدەبی کورتە چیرۆکی هونەریی کـورد لـەکۆتایی گرێـی سـێیەمی سـەدەی بیسـتەوە رۆژ لـەدوای رۆژ لەلایـەن هەڵبـژاردە (نخبە)ـەوە گرنگیی پێدرا، بەتایبەت لەدەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژەوە..دواتر ئـەم گرنگیپێدانـە پـەلوپۆی بـۆ نـاو پانتـایی شـەپۆلی هۆشـیاری جـەماوەری کوردی هاویشت، ئەمەش هاندەرێکی بـەهێز بـوو، رەگـەزی شـەوق و رەوقـی چیرۆکنووسانی کوردی بەهێزکردو زۆر بەجیدی روو لەدنیای کورتـە چـیرۆکی هونـەری کـرد، بەتایبـەت لەسـەرەتای پـەنجاکان و بـەدواوە: {**لەسـەرەتای پـــەنجاو شەســـتەکانی "ســـەدەی بیســـت"دابەکردەوە کورتەچـــیرۆك لەدایکبووە**}[2]. ئەو حاڵەتی گەرمو گوڕییـەی دیـاردەی سـەرهەڵدانی کورتـە چـیرۆکی هونـەری بەخۆیـەوە دی. جگـە لـە خوێنـەری (نوخبـە) خوێنـەری ئاسایی لەدەوری خۆی کۆکردەوە، کاریگەری لەسەر تێگـرای بـوارە فیکـریو پراکتیکیەکانی ژیانی مرۆڤ هەبوو، بەجۆرێك جێگاو مەنزڵی شیاوی خـۆی لای خوێنەرو ئەدەب دۆستان بۆ تەرخانکرا: {**کاریگەریی کورتە چـیرۆك، لەسـەر کۆمـــەڵگا یـــەجگار بـــەهێزە، ســـا لەهـــەر تەوەرێکـــەوە: سیاســـی، ئایینی،کۆمەڵایەتی**}[3]. خەریکبن لەو بۆچـوونانە: ئـەم راو قەناعەتـە گەڵاڵـە دەبـن: تـامرۆڤ خـاوەنی بیرۆکـەی ناسـكو بەسـۆزو هەسـتبزوێنی قـووڵی فەلسـەفیانە بێـت، ئـەم رەنگـە جوانـەی ئـەدەب (کورتـە چـیرۆکی هونـەری)

---

(١) چیرۆکی هونەریی کوردی (١٩٢٥–١٩٦٠)، حوسێن عارف، چاپی یەکەم،بەرگی یەکـەم، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧، ل٢٥..

(٢) کورتە چیرۆکی هونەری،راهب الشوق، انترنیت سایتی:
www.Gogole.com.12/7/2004.

(٣) فن القصة القصيرة، هدى التشايب، منتدى الشباب لمناقشة، فن كتابة القصة القصيرة، www.Gogole.com.18/9/2005

لەبرەو بەرەو پێشچووندا دەبێت وکاریگـەریی راسـتەوخۆی لەسـەر هەسـتو ئەندێشەوبیری مرۆڤ دەبێت، دیارە هەمان کاریگەریی کورتە چیرۆکی هونەری کوردیش لەسەر خوێنـەری کـورد دەبێـت، چـونکە چـیرۆکی هونـەری قسـەی ئاسایی بێ سەرو بەر نییـە،{ **کورتـە چـیرۆکی، تـەنیا حیکایـەتێك نییـە، لـە چـەند لاپەڕەیـەکی کەمـدا ترنجێنـرا بێـت، بـەڵکو ڕەنگێکـە لەرەنگاڵـەیی بەرهەمی ئەدەبی نـوێ لـەکۆتایی سـەدەی نـۆزدەوە دەرکـەوتوەو خـاوەنی خەسڵەتیو تایبەتمەندێتی و سیمای دیاریکراوی خۆیەتی**}[1].

ئەو بیروڕاو بۆچوونانەی، شارەزایان و پسپۆڕانی بـواری هەڵسـەنگاندنو لێکۆڵینــەوە، لەمێـژووی سـەرهەڵدانی چـیرۆکی هونـەری بەگشـتیو کورتـە چـیرۆکی هونـەری بەتایبـەت دەریـانبڕیوە، بـە شـێوەیەکی گونجـاو بەسـەر لەدایکبوونی کورتە چیرۆکی هونەری کوردیشدا دەسەلمێت.. ئەگەرچی دووان لەیەکـەم چـیرۆکی هونـەریی کوردی،نـەك کورتـە چـیرۆکی هونـەری کـوردی، چـیرۆکی (لەخـەوما)ی جـەمیل سـائیبەوە، بەیەکـەم چـیرۆکی هونـەریی دادەنرێت کەلە ١٩٢٥/٧/١ لە رۆژنامەی (ژیانـەوە)دا بـڵاوی کـردەوە، ئەگـەر سەبارەت یەکەم چیرۆکی کوردی بیروڕای دیش هەن لەوانـە هیمـداد حوسـێن دەڵێـت: {**بۆیەکـەمجار لـەگۆڤاری " رۆژی کـورد"دا چـیرۆکێك لەلایـەن – فوئادی تەمۆ– ەوە بەناوی "شویش" لە ساڵی ١٩١٣دل بڵاوکراوەتەوە**}[2].

ئەوەی جێی سەرنجە هیمداد حوسێن روونی نەکردۆتەوە ئایـا ئـەو چـیرۆکەی فوئـادی تـەمۆ بـڵاوی کردۆتـەوە، هەلومـەرجو خەسـڵەتی هونـەری چـیرۆکی تێدایە؟ یاخود سیماو خەسڵەتەکانی زیاتر بەلای هەقایەتی فۆلکلۆری کوریـدا دەشکێتەوە؟ کەچی بۆ دیـاریکردنی یەکـەم یـاخود سـەرەتای سـەرهەڵدانو لەدایکبوونی کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی، ئەوا هەوێنی مەینی ئەم ژانـرە ئەدەبییە لەو گرەوەوە، ئاسۆ روونەکەی دەرکەوێت کـە مێجەرسـۆن لەسـاڵی

---

(١) فن القضة القصيرة، حسن خليل، الحلقة الاولى، منتديان قصيمى نيت، سايت:
www.Gogole.com.12/7/2004

(٢) دەروازەیەك بۆچیرۆکی هونـەریی کـوردی –سـەرهەڵدانی تـاکو گۆڤـاری گەلاوێـژ– هیمـداد حوسێن– گۆڤاری کاروان، ژمارە(١٥٢) کانوونی یەکەم ساڵی ٢٠٠٠، ل٥.

١٩٢٠دا بەمەبەستی هاندانی نووسەرانی کورد کەبە کوردیەکی پەتیو رەوانو پاراو بنووسن، گرەوێکی لە رۆژنامەی پێشکەوتندا بۆ ئەو نووسەرە کوردانە ساز کرد کەبابەتێکی رەوانو پاراو بەزمانی کوردی بنووسنو سێ پاداشتی بۆ تەرخانکردن.-

لەئەنجامدا: {**شێخ نووری شێخ سالح ١٨٩٦-١٩٥٨/١٢/٢٠ بەشیعری جووت گاو شتێکی چاکە پاداشتی یەکەمی وەرگرت، مستەفا سائیب بەپەخشانی "بۆچپووك" وجەمیل سائیب (١٨٨٧-١٩٥١/١٠/١٣) بەپەخشانی (رۆژەوە بوونێك) پلەی دووەمو سێیەمیان وەرگرت**}[1].

دەکرێت، نووسینی ئەو دوو بابەتەی ناوی پەخشانیان لێنراو لەلایەن مستەفا سائیبو جەمیل سائیبی خاوەنی چیرۆکی لەخەوەما نووسراون، بەسەرەتای دەرکەوتنی ئاسۆی روونی کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی دابنرێت، وردبوونەوە لەم باسە، ئەم راستییە دەردەکەوێت: جەمیل سائیب بەر لەنووسینی چیرۆکی لەخەوما، چووزەرەی فیکری بنیاتنانی هونەری چیرۆکنووسینی لا گەڵاڵەو خولقابێتو لەو کورتە چیرۆکەوە دەستپێکردووەو بابەتی "رۆژەو بوونێك" سیمای سەرەتا و هەلومەرجی ئاساییو خەسڵەتی هونەری کورتە چیرۆکی تیا دەبینرێت.

دوای ئەو دەستپێکە ساکارو سەرەتاییەی لەلایەن جەمیل سائیبو مستەفا سائیبەوە ئەنجامدرا، مزگێنی لەدایکبوونی کورتە چیرۆکی هونەریی کورد بە دنیای ئەدەبی کوردی دراو دواتر لەو قاوغە داخراوەی خۆی هاتەدەرێو چاوی بەرووناکی دنیاکەوتو ساڵانی سییەکان بەولاوە، بەتایبەت لەسەردەمی دەرچوونی گۆڤاری دیاری لاوان و یادگاری لاوانو گۆڤاری گەلاوێژو گۆڤاری دەنگی گیتی، لەسەر دەستی نووسەرە لاوەکانی ئەو دەمە،وەك: ئیبراهیم ئەحمەد و شاکر فەتاحو عەلادین سەجادیو پیرەمێرد برەویان بەم بابەتە هونەرییە نوێیەی ئەدەبدا، ئەم دۆخە درێژەی هەبوو تا

---

(١) لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥-١٩٦٩)، عومەر مەعروف بەرزنجی- چاپخانەی کۆری زانیاری کورد-بەغدا، ١٩٧٨. ل٢.

ئەوکاتەی رژێمی پاشایەتی گۆڤاری گەلاوێژی داخست، هێشتا بزاڤی ئـەدەبی و چالاکی لـەبواری نووسـینی کورتـە چـیرۆکی هونەریدا قـەتیس نـەماو رژێـم نـەیتوانی کـوتو زنجـیر لەگـەردنی هـۆش‌وبیری نووسـەرانی کـورد بکـات، لەسـالانی پەنجاکانـدا، چـەندین نووسـەری لاو روویـان لـە دونیـای چـالاکی نووسینی کورتە چیرۆکی هونەری کرد وەك: مسـتەفا سـالح کـەریم، محـەڕەم محەمـەد ئـەمین، محەمـەد سـالح سـەعید، محەمـەد مـەولود (مـەم) حوسـێن عارف.. فەرەیدون عەلی ئەمین‌و عومەر عەبدولڕەحیم، ئەم رەوشە تا شۆڕشی ١٤ تەمموزی سالی ١٩٥٨ درێژەی هەبوو، لەوماوەیەدا لەڕووی بـەکارهێنانی کەرەستەکانی زمـان‌و تـەکنیکی نـوێی هونـەری کورتـە چـیرۆکەوە، چـیرۆکی هونـەریی کـوردی پێشـکەوتنی بەخۆیـەوە بینـی، بەتایبـەت دوای شۆڕشـی چـواردەی تـەمموزی ١٩٥٨ تاسـالانی شەسـتەکانی سـەدەی بیسـتەم و تـا سەرهەڵدانی دیاردەی بزووتنەوەی روانگەی ئەدەبی کوردی‌و هاوبەشـیکردنی چەند نووسەرێکی بـەتوانای بـواری نووسـینی هونـەری کورتەچـیرۆکی کـورد تیایـدا وەك: محەمـەد نـوری تۆفیـق، کاکـە مـەم بۆتـانی، ئەحمـەد محەمـەد ئیسـماعیل، سـاجد ئـاوارە، سـەدرەدین عـارف، لـەتیف حامیـد بـەرزنجی، عەبدوڵڵا ئاگرین، ئەکرەم قەرەداغی ئەمینی میرزا کـەریم، ئەحمـەد شـاکەلی، محەمەد رەشید فەتاح، جیهـان عومـەر، تـاهیر سـالح سـەعید، (م. ئـارام)... تادوای..دەتوانرێت مەینی هەوێنی کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی بەسـتایلە نوێکەی سەردەم، بـۆ کۆتـایی سـالی پـەنجاو سـالانی شەسـتەکانی سـەدەی بیستەم ببرێتەوەو بتوانرێت ئەوراستییە، بسەلمێنرێت لەوماوە دیـاریکراوەدا، نوێکردنـەوەوداهێنان لـەبورای کورتـە چـرۆکی هونـەری کـوردی هاوتـای، داهێنانی کورتـە چـیرۆکی هونـەریی میللـەتانی دەرو دراوسـێ کـورد بـووە و لەگەڵ کاروانی بزوتنەوەی کورتە چیرۆکی جیهانیدا هەنگاوی بەرەو پێشەوەو نـاوو دەنێـت‌و رۆژ لـەدوای رۆژ بـوونی خـۆی وەك کەسـایەتێکی سـەربەخۆی ئـەدەبیی خـاوەن سـیماو خەسـڵەت‌و هەلومـەرجی نەتـەوەیی‌و سـەردەم دەچەسـپێنێت، ئـەوەش بەخەسـڵەتێکی پۆزەتیڤانـە بـۆ ئـەدەبی نـوێی هاوچەرخی کوردی تۆمار دەکرێت.

# بەشی سێیەم

بەو مەبەستەی، لەکەشێکی سروشتیدا رووله ستایلی بابەتەکە بکرێتو گەوهەری هونەریو رۆحی ستاتیکا، بیرو ئەندێشەی جوانو بەچێژو سوودمەند ببەخشێت، تەلیسمی گیانیی زمان لەجوانکاری و بیناسازی دارشتنی کورتەچیرۆکەکاندا خۆی بنوێنێت.. ئەوەش خوێنەر تامەزرۆی نهێنیەکانی دیوی ناوەوەی دەکاتو لە ماندووبوون بێزار نابێت..بۆیە بەرکۆڵی ئەوین لەکڵپەی گەشی کوانووی هەستی ناسکو عەقلانیەتی ئامانجدا دەبێنێت.

ئەو فەزا ئازادەی باسکرا خولقاندنو ئەفراندنی هونەری کورتەچیرۆك ئەنجامدەدات، لێرەدا مەنزڵی مرۆڤ (چیرۆکنووس) کاریگەری بەهێزی لەدیارکردنی پرۆسەکەدا هەیە، مرۆڤی بەهرەدارو بەتواناو بلیمەت دەتوانێت لەهەموو کەرەسەیەکی خاوی دیاردەو رووداوەکانی ژیان بدوێت وکاری نوێو ئەفراندنی لێ بخولقێنێت ئەمەش بەهۆی جۆرو چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەسەکان زمانەوە دێتەدی: **{بۆ مرۆڤ کەرەسەی هەموو بابەتەکان بەجێیو دروستن تاکو مەودای دەربرینی بۆ برەخسێنێت}**(1).. لێوەشاوەییو زیرەکی چیرۆکنووسی زمان پاراو، لەرێگای زمانەکەیەوە جوانی بەرهەمەکەی دەرازێنێتەوە.. کەواتە: وەك چۆن: (زمانی شیعری، زمانی گوڵ، زمانی گورگ.. تادوای) هەن، زمانی چیرۆکیش لەبواری نووسینی کورتە چیرۆکی هونەریدا رۆڵی مەزن ودیاری هەیە.. زمانی چیرۆکنووسین یەکێکە لەو خەسڵەتانەی ژانری کورتە چیرۆکی هونەریی لە ژانرە ئەدەبییەکانی دی پێ جیادەکرێتەوە.. ئەم دیاردەیە لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی

(١) مدخل الی التحلیل البنیوي للمحکیات. رولان بارت، من البنیویة الی الشعریة، رولان بارت– جیرار جینیت، ترجمة: د. غسان السید، الطبعة الاولی، دار نینوی للدراسات والنشر والتوزیع، سوریا، دمشق، ٢٠٠١، ص١٣.

بیستەمەوە سەربهەڵداو تاسەرەتای هەفتاکانی هەمان سەدە، بەتایبەت لەسەردەستی حوسێن عارف لەچیرۆکی:((چاڵی جەرگی پیرێژین، و چیرۆکی ئاهەنگی ئەشکەوتەکەی –کاوە– و لەچیرۆکی زەردو....سوور... سەوز.... شینی لەتیف حامید بەرزنجی و چەندانی دیش.

ئەو بۆچوونو سەرنجو بیروڕایانەی پێشکەشکران، بەمەبەستی بەرچاوڕوونی ئەم توێژینەوەیە بوو، چونکە خوێندنەوەی نوێی سەردەمانەی هەرتێکستێکی ئەدەبی، بەتایبەت ژانری کورتە چیرۆك، ئەستەمە گەر میتۆدی هەڵسەنگاندنو توێژینەوە کەدیارینەکەیت، بۆیە بەرچاو روونی خوێنەر و ڕێز گرتن لەئازادی تێکستەکەو لەهەستو بۆچوونی جیاوازی خوێنەر مەرجی بەدیهێنانی ئامانجو ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، بەتایبەت ئەو ململانێیە فکریو پراکتیکیەی دێتەکایەوەو یەخەی خوێنەر ئەگرێت، خۆیان لەم دوو کەلی ئاسۆیەدا دەبیننەوە:

**یەکەم:** کورتە چیرۆکی هونەری هەیە، هاوتایە لەگەڵ دەربڕینی ئەو پێشبینیانەی خوێنەر دەیان بینێت ئامانجو ئەنجامی کورتە چیرۆکەکە بەر لەتەواوبوونی خوێندنەوەی دیارە.

**دووەم:** کورتە چیرۆکی هونەری هەیە، سەرەتا بوار بە خوێنەر نادات، سووكو سانا پێشبینییەکانی بەدەیبێن، لەم کورتە چیرۆکانەدا ئامانجو ئەنجام سرکەو دەستەمۆ نابێت. خوێنەر پێویستی بەبیرکردنەوەو چوونە قووڵایی رووی مەبەستو ئەنجامی کورتە چیرۆکەکە هەیەو بەوەش تاکۆتایی کورتە چیرۆکەکە، لەگەڵیدا دەژی.

لەو گۆشانەوە روو لەفەزای ناوازەو جوانیی ئەوکورتە چیرۆکە هونەرییانە دەکەین، بەرکوڵی ئەم توێژینەوەیەن..(لەشەوێکی پایزدا) کورتە چیرۆکێکی هونەرییە، چیرۆکنووس، توانای زمانیی تیا چڕ کردۆتەوە، وێنەی شیعری ناسك جوانی تیا بەرجەستەکردووە، لەئاستێکی سەرنجراکێشدا بەهایەکی بەنرخی ئەدەبیی پێبەخشیوە، چێژە ئەدەبییەکەی لەفەلسەفەی جوانیدا دەنەخشێنێت:{**لەپەنجەرە پچکۆلەکەوە چاوەکانی بڕیبووە ڕیزە**

**شاخەكان و لەئاسۆی خەیاڵێكی بێ بنا مەلی تاسـەی لەشـەقەی باڵیـدا بـوو، دوو دڵۆپ فرمێسكی روون لەپێڵویـدا وەك شـەونمی سـەر گـەڵای وەری پـایز قەتیس مابوون.. لـەدەرەوەش درەختـەكان لەسـەرمانا هەڵئەلـەرزین وگـەڵا كانیان یەك لەدوای یەك بەئەسپایی‌و هێمنی ئەوەرینە ئەو جۆگەیەوە كە بـە بەردەمی ماڵەكانداسەر بەرەوخوار درێژئەبوونەوە}**[1].

ئەوە سەرەتای كورتە چیرۆكی هونەریی كوردیی (لەشـەوێكی پایز)دایـە، توانـای دەقەكـەو هێـزی نـاوەوەی وایكـردووە خوێنـەری بـەلای خۆیـدا رابكێشێت، چیرۆكنووس زیرەكانە كەش‌و فەزایەكی تایبەت و نوێی بۆ كورتـە چیرۆكەكەی خولقاندووە.. ئەندێشەو بیر سەربەستانە داویـە لەشـەقەی بـاڵ‌و سنووری دیلێتـی فكـری بەزانـدووەو بـاڵ بەسـەر ئـیرادەو ویسـتی خوێنـەردا دەكێشـێت، نـاوەرۆك لـەجوانیی دڵفڕێنـی سروشـتی بـێ ئاریشـتكراوەوە روو لەژان‌و ئازاری مرۆڤ دەكات‌و هۆكاری ئەو ئازارەو ئیرادەی بـەرزی مرۆڤایـەتی دەر دەخات.. لەو پەرەگرافەی دەقی چـیرۆكەكەدا، وێنـەی شـیعری ئـەوتۆی خولقاندووە تەلیسمی كاریگەری جوانی بەكارهێنانی زمانی لەداڕشتنی بینای چیرۆكەدا، خەسڵەتێكی مەزنی هەلومەرجی هونـەریی بەدەقەكـە بەخشـیوە، چیرۆكنووس زمـانی جـوانی‌و رەونـەق‌و ئەندێشـەیەكی ئـەوتۆی بـەكارهێناوە خەیاڵ لەجوانیدا مەسـت دەكـات‌و مـرۆڤ لەبەردەمیـدا رادەمێنێـت.. هونـەری رەنگـین‌و نـاوازەی چـیرۆكنووس لـەم كورتـە چـیرۆكەدا، بەئاسـپایی لەگـەڵ شەپۆلی هۆشی مرۆڤدا دەدوێت: ئەوەتا ئێمە دەڵـێن: بـەدوای واتـای گـرنگ‌و چێژی جوانی ناوەوەی چیرۆكەدا دەگەرین كەچی لێـرەدا پێچـەوانە بۆتـەوەو لەناوەوە لەپەنجەرەی ژوورەكەوە، یەكێك لـەو دیمەنـە جوانـە سروشـتیانەی دەرەوە دەبیـــنین: " لـــەدەرەوەش درەختـــەكان لەســـەرمانا هەڵئەلەرزێن"..وشـــەی درەوشـــەداری جـــوان بەتـــەنیا وێنـــەی جـــوان،

---

(١) لەشەوێكی پایزا– كاوە– (شێركۆ بێكەس) رۆژنامـەی برایـی، ژمـارە (٢٣)، سـاڵی یەكـەم، ١٩٦٧/١٠/٢١، ل٣.

نانەخشـێنێت، وێنـەی جـوانیش بەتـەنیا واتـای جـوان نابەخشـێت، جـۆرو چـۆنیەتی مامەڵـەکردنی چـیرۆکنووس لەگـەڵ وشـەداو شـێوەی گونجانـدن‌و تـەبایی‌و خزمایـەتیان، ئاهـەنگی خـۆش و دیمـەنی جوانـت بـۆ دەسـازێنێت، خوێنەر رووبەڕووی رووداوەکان دەکاتەوە.. کورتـە چـیرۆکەکە دنیـاو نهێنیـە شـاراوەکانی رووداوێکـی دڵتـەزێن دەخاتـەروو، دایك‌و کۆرپـەو کـوڕە شـەش ساڵانەکەی لەژووریکدان، بەر لە شەش مانگ باوکی کۆرپەو کوڕەکەی لـەدێی سـیارەی نزیـك دەربەنـدیخانی لای شـاری سـلێمانی، بەدەسـتی ئەفسـەرێکی سوپای عێراقـی سـاڵی ١٩٦٢ شـەهید دەکرێـت.. کۆرپەکـە لەبێشـکەدا بـوو، دایکی: {**ماچێکی کردوو..کەوتـە کردنـەوەی دەسـرازەکە.. مناڵەکـە لەگـەڵ کردنەوەکەدا زەردەخەنەیەگرتی کەبەچاو بەدایکی ئـەوت: منـیش ئەمـەوێت سەربەستبم**}[1].

ئـالێرەدا ئیعجـازی جـوانی زمـان لـەجوانی دارِشـتنی هونـەری کورتـە چیرۆکەکەو بەخشینی واتای بـەهێز دەردەکەوێت..خوێنـەر بـۆی دەسـەلمێت لەبـەردەم دەقێکـی جـوان‌و نـاوازەی نـوێی ئەدەبیدایـە، کورتـە چـیرۆکی هونەری، بووکی جوانی سەردەمە، پیر نابێت، ئـەوەتا تەمـەنی لـەدایکبوونی ئـەم کورتـە چـیرۆکە زیـاد لەچـڵ سـاڵە، کەچـی وەك ئەوەوایـە، ئـەمڕۆ لـە دایکبووبێ، تواناوچالاکی‌و کاریگەری سەردەمی جەحێڵی کـاتی خۆیـانی تیـا دەبینرێت‌و سیمای ناسك‌و ئاکاری جـوانی خـۆی پاراسـتووە.. چـیرۆکنووس، شارەزاییەکی تـەواوی هونـەریی نـوێی کورتـە چـیرۆکەو ئـەو سـتایلە کۆنـەی دارِشتنی کورتەچیرۆکی بەزاند، چونکە (گێرانەوە– سـرد) شـێوازی تەقلیـدی سەرەتای دارِشتنی کورتە چیرۆکی هونەری بوو: {**لەژانری ئەدەبی چـیرۆکدا، گێرانـەوە هۆکـاری یەکـەمی بـوو**}[2]. کورتـە چـیرۆکی "لەشـەوێکی پـایزا"

(١)لەشەوێکی پایزا– کاوە– (شێرکۆ بێکەس)، سەرچاوەی پێشوو، ل٣.
(٢) البنا ء الفني في الرواية العربية في العراق، شجاع مسلم دغيم العاني، رسالة دكتوراه كلية الاداب= جامعة بغداد ١٩٨٧،ل١..

بەگێڕانــەوە "ســرد"ێکی ســاکاری وەرِســکەر دەســتیپێنەکردووە، بــەڵکو ئاسۆیەکی جوانی فیکری دەبێتـە میـوانی خوێنـەر و تەنانـەت میهرەبانانـەو بەئازادی دەستی خوێنەر بۆ ناخی کورتە چیرۆکەکە رادەکێشێت.

زمانی ئەم چیرۆکە: هەوڵی ئەفراندنی هونەریداوە، دەستەڵاتی دەربڕینـی زمانی جوانی چیرۆکەی خستۆتە روو: {**لەهـەموو هـەوڵو کـارێکی هونەریـدا، زمان سەرباشقەی دیاردەکەیە، وشەشو ئامرازی دەربڕینی بەرهەمەکەیە**}(1)

ئـەو هۆکـارە بـەهێزەی، ئاکـاری تایبـەتیو هونـەریی بەکورتـە چـیرۆکی هونـەری دەبەخشـێتو بـاڵ بەسـەر کەشـە هونەریەکـەدا دەکێشـێت، زمـانی داڕشتنی بنیاتنانو خولقاندنی نوێی کورتـە چـیرۆکە هونەریەکەیـە: لەکورتـە چیرۆکی (پاداشتی شەش سـاڵ)ی چـیرۆکنووس "سـۆران" هـەولێکی نـوێیو هەنگاوێکی سەرکەوتوانەی بواری کورتە چیرۆکی هونەری کوردییەو ئەو دەقە ئەدەبییە مەیووەی کورتە چیرۆکی ساڵانی چلو پەنجاکانی سـەدەی بیسـتی شـکاندو گـوڕو تـەوژمێکی بـەهێزی نوێکردنـەوەی سـەردەمانەی بەکورتـە چیرۆکی کوردیدا، ئەم کورتە چیرۆکە بەواتاو ناوەرۆکێکی سۆزدار چەخماخە.

لەهەسـتی مرۆڤانـەی مـرۆڤ دەدات.. بـاس لـە ژیـانی دایـکو کـوڕێکی دە ساڵان دەکات، کوڕە باوکی لەشۆڕشی کوردستاندا شـەهید دەکرێـتو منـداڵ هــەتیوو و دایــک بــەرگی رەشــی بێــوەژنی دەپۆشــێت، چــیرۆکنووس دوور لەشێوازی گێڕانەوەی ئاسایی بەزمانی کەسی یەکەمی قسەکەرەوە، بەلا پاڵی خــودی رووداوە ســەرەکییەکەی کورتــە چــیرۆکەکەدا ئاشــنای فــەزای لەدایکبوونی چـیرۆکەکەمان دەکـات: {**کردبـووم بـەخوو، هـەموو ئێوارانێـک، تاکارێزی وەستا شەریف بەپیاسەی تەنیا ئەڕۆیشـتم، چـونکە زۆر ئـارەزووم ئـەکرد، تێـر تاسـەی چـاوەکانم بـەبینینی گـردی مامـەیارەو گومەزەکـەی**

---

(1) الشعر العربي المعاصر، ظواهر الفنيةو المعنوية، د. عزالدين اسماعيل، ط٣، دار النشر ص١٧٥.

**ئارامگـای هەمیشـەیی شـاعیری گـەورەی نەتـەوەیمان –پیرەمێـردی نـەمر– بشکێنم}**[1].

ئەو زمانە تەڕو پاراوە ڕەوانەی بینای کورتـە چـیرۆکەکەی پێدڕاڕێـژراوە، خوێنـەر لەبـەردەم کۆمـەڵێك ڕەمـزی پـیرۆزی نەتـەوەیی‌و ڕووداوی مێژوویـدا رادەگرێت، بەفلاش باك، یادوەری جوان‌و بەچێژمان بەبیردێنێتەوە.

ڕەمزەکانی ناو چیرۆکەکە، بەهای مێـژوویی‌و کـەلتووریان خۆیـان هەیـە، گردی مامـەیارە، تـەنیا گردێکـی ئاسـایی لـەخوڵ دروسـتکراو نییـە، مـەزاری پیرەمێردی شاعیرەو جێنزرگەی باوانەو ڕەمزێکە لەهەرە ڕەمزە زینـدوەکان‌و مێژووی کوردی تیا زیندوکراوەتەوە...

لەکووانوی گڕوکڵپەی ئاگری نەورۆزی سەرگردی مامەیارەوە، کوڕوکاڵانی نیشـتمانپەروەری کـورد سـەر لـەنوێ یـادی سـەری سـاڵی کـوردی‌و ئـاگری نەورۆزیان وەك جەژنی نەتەوەیی کورد سەلمان‌و چەسپان، ئەمەجگە لـەوەی گردی مامەیارە دراوسی‌و هاودەنگی گردی سـەیوان‌و دار ئەرخـەوان‌و خـوێنی شەهیدانە: { **بەڵام ئەم ئێوارەیە بەپێچەوانەوە، لەرژێمی ئێوارانم لامدا بـوو، چونکە کەمێك لەبن گـردی مامـەیارەی قارەمانـدا دانیشـتم.. بۆیـە، درەنگـم پێکەوت‌و کەسەرم هەڵبڕی، بینیم خۆرئاوا بوو بوو،گەرووی چیاکەی ئەوبەرم قـووتی دابـوو بـەس ئەوەنـەبێ کەدەریایـەکی ڕەنـگ پەیمـەیی لەئاسـۆوە ئەبینرا}**[2]. خەسـڵەتێکی نـوێی دیـاری کورتـە چـیرۆکی هونـەری سـەردەم، لەئەنجامی هێزو کاریگەری زمانەوە پەیدا دەبێـت‌و جـوانی، پانتـایی فراوانـی چـیرۆکەکە دەتـەنێت، لەئاسـۆیی گرێچـنی دەقەکـەوە، هەسـتپێدەکرێت، دەلالاتە شاراوەکان لەکازێوەی هونەرییەوە دەردەکـەون.. لـەو پەڕەگرافـەی پێشەوەی کورتە چـیرۆکی "پاداشـتی شـەش سـاڵ!"دا گـردی مامـە یـارەی

---

(١) پاداشتی شەش ساڵ!،سۆران– (جـەمال نـووری)، رۆژنامـەی برایـی، پاشـکۆی رۆژنامـەی (التآخي)، ١٩٦٧/١١/١٨ ل٥.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٧.

قارەمان، لاپەڕەی داستانێکی مەزنی کوردمان بۆ هەڵدەداتەو چیرۆکنووس هوشیارانەو بەزمانێکی جوانی ئەدەبی ئاکامو ئەنجامی دوای ئەوداستانەمان پێشکەش دەکاتو ناڵێت دووچاری نسکۆو شکتهێنان هات، بزانە چەند جوان دەدوێت؟ جوانیو شیرینی بەئاکام دەگەێنێت " کە سەرم هەڵبڕی، بینیم، خۆرئاوا بوو بوو، گەرووی چیاکەی ئەوبەرم قووتی دابوو.." چیرۆکنووس زللەی قەدەرو هوشیاری سەردەم، والێدەکات لەپڕ هۆشی بەخۆیدا بێتەوەو بزانی لەرابردوودا چی بەسەر نەتەوەکەی هاتووە؟.. دەبینێت (خۆر) مەبەست لەهیواو ئامانجێتی، ئاوابوە، نەهەنگی زۆردارو ستەمکاران تیشکی خۆر کە ئامانجی کوردەو لەوێنەی دەریایەکی خوێنیندایە "چیایەکەی ئەوبەری" قووتیداوەو، قووتدان بەواتا ساکارو رووکەشەکەی لووشدان نەمانە، کەچی هیوای گەش لای چیرۆکنووس کە خۆرئاوا ببوو، ئەم دەریا رەنگ پەمەییەکە لەئاسۆی هیوایەکی زیندوودا دەبینێت..هەموو ئەو واتا قووڵانەی لەو پەڕەگرافەدا هەستیان پێدەکەین، ئەنجامی رەهەندی پۆزەتیڤانی زمانی چیرۆکەکەیە.

ئەو دیمەنو واتا جوانوناسکانەی، جوانیی داڕشتنی زمان بەچیرۆکی دەبەخشێتو چیرۆکنووسی شارەزا، لەساتە چرکەیەکی تیژدا دەیخولقێنێت تەنیا لەکورتە چیرۆکی هونەریدا بەجوانی دەنەخشێنرێتو مرۆڤ چێژ لەو جوانی بارینە دەبینێت:{**ئەوساتە چرکە تیژتێپەڕە کورتو جیاجیایانە،تەنیا بە کورتەچیرۆك گوزارشتی لێدەکرێت**}[1]. لەهونەری کورتە چیرۆکی نوێدا، ساتە چرکەییەکان، یەکلاکەرەوەی ئامانجو ئەنجامیشە، ئەو دیاردە جوانو کەشە سازگارو خۆشە لە کورتە چیرۆکی "شەوێك" دا دەیبینین.. جوانی بەکارهێنانی کەرەسەکانی زمان، رۆڵی مەزنی تیادا بینیووە، دیمەنی دەگمەنو ناوازەی خولقاندووە، خوێنەر لەئاستیدا سەرسام دەبێتو وای لێ دەکات شەپۆلەکانی میشكو دەروونی هێوربکاتەوە ئەو تامو چێژە خۆشە

(١) فن القصة القصيرة، رشاد رشدي، الطبعة الثانية، دارالعودة، بيروت، لبنان، ١٩٧٥، ص١٣.

لەكيس خۆی نەدات! {... **تاریكە شەو بەرپێی خۆمانی لێ شاردبوینەوە، ئەو شەوە نەمانگ، نەتریفەی مانگ، نەتروسكایی، لەترسی زەبرو زەنگی جانەوەران دەرنەكەوتبوون، ئێمە نەبین!! كە زۆر تاریكە شەوی لەم شەوە ترسناك ترمان لەوەو بەر راو نابوو.لەخشەی پێی یەكتر.. گوێمان. لەچی ترنەبوو** }[1]... لێرەدا ئەو وێنە جوانو ناسكو دڵرفێنانە تەنیا لەو پەرەگرافەی، (كورتە چیرۆكی (شەوێك)دا هەیە، هەوێنی دیمەنە جوانەكانی، لەئەنجامی هێزی دارشتنی زمانەكەیدایەو ئەمەو سەرەرای ئەو جێگۆركێ وەستایانەیەی بە وشە كراوە، جێی رامان وسەرنجن، سەیرە.. لەبری ئەوەی بەزمانی ئاسایی بڵێت: بەو تاریكە شەوە، بەرپێی خۆمان نابینین، كەدەستی هونەریی نەگەیشتۆتێ.. كەچی هەمان رستەی بەم شێوە هونەریە جوانە دارشتووەو وێنەیەكی نەبینراوی پێشكەشكردووین: (تاریكە شەو بەرپێی خۆمانی لێ شاردبووینەوە). جیاوازی ئەو دووگوزارشتە، جیاوازی نێوان كارو بەرهەمی ئاساییو هەرەمەكی لەگەڵ بەرهەمی هونەری دەردەخات، گرنگ تەنیا خولقاندنی نوێی روخساری هونەری چیرۆكەكە نییە، بەڵكو هاوكات پێویستە لەگەڵ ئەوبایەخەی بەستاتیكای بەرهەمەكە دەدرێت، واتای ناوەرۆكیش لەئاستی پلەی بەرزی كارە هونەریەكەدا بێت، ئەو خەسڵەتە،لەم كورتەچیرۆكە هونەریەدا دەبینین، بۆیە، بوونی خۆی وەك، بەرهەمێكی نوێی سەردەمانە دەنوێنێت، {.. **تولە رێ یەكە لەوە زیاتر كەیەك یەك بتوانین لەپشتی یەكەوە پێ هەڵگرین، بواری دووانی نەئەدا كەشان بەشان برۆین، بەدەم هەناسە بركێیەوە لەگەڵ سالاری هاورێما كەوتینە قسە، بێ ئەوەی ئاورم لێ بداتەوە وتی:**

**-ئەمەش هێرشەكەی بەهاری داگیركەران، چیان كرد؟ نۆرەی چۆك**

---

(١) شەوێك، (؟)، رۆژنامەی برایی، ژمارە (٣٧٨) ساڵی دووەم، شەممە ١٩٦٨/٩/٢١.

* تبنی: رێنووسی دەقە چیرۆكیەكانم وەك خۆیان چۆن بوون ئەوام نووسیوتەوە،بێ ئەوەی دەستكاریان بكەم.

**دادانێکـی تریانـه.. ئـای کـەبۆردومانێکی سـەخت بـوو.. چـۆن مـاوین تـێ ناگەم}**[1].

چیرۆکنووس ئەو واقیعە راستەقینەیە دەردەخـات کـە خـۆی تێیـداژیاوە، راستی نەك خەیاڵ رۆحی ئێستاتیکای بەبەری جەستەی چیرۆکەکەدا کـردوە، کۆد، شاراوە نییە، جوانی بیری خەملاندووە کە جوانیەکی ئەزەلییەو لەگـەڵ سامناکی کارەساتو تەقینەوەی دەمو دەستی گڕکانی هەڵوێست هاودەنگن، بەو زمانە تەڕو رەوانە (هونەری لەگەڵ جوانیو جوانی لەگەڵ هونەردا) ئاوێتە کردووەو شاکارێکی ئەدەبیی نوێی داهێناوەو لایەنی فەنتازیای تیا فـەرامۆش نەکردووە، چیرۆکنووس لەم کورتە چـیرۆکەیدا پـەنای بـۆ خولقانـدنی زمـانی شیعری بردووەو لەو هونەرەشدا دەست و بیر رەنگینـی خـۆی سـەلماندوە... ئـەودیاردەو هەڵوێسـتە کارامانـەش لـەدنیای ئەفرانـدنی ئەدەبیـدا، کـارێکی شـیاوە: {**زمـانێکی شـیعری، رەنگـە لەکورتـە چـیرۆکێك یـان رۆمانێـك یـان دەقێکی شانۆییدا بـەدی بکـرێ.. بـەڵام قسـە کـردن لەسـەر زمـانی شـیعری گوزارشتە لەسەر زمانەکانی ناوەوەی " نەستی شاعیر" هزرو هەست بابەتی رەگەزی سانەوین** }[2]... زمانی چیرۆك وەك زمانی شیعری، تواناو لێهاتوویی خۆی هەیە، بەتایبەت لەچـڕکردنەوەی زمانیـدا، رۆڵـی دیـارو مـەزن لـەبنیاتی هونـەریی بەرهەمەکـەدا دەبینێـت، ئـەم بەرهەمـە هونەریـە نوێیـە "کورتـە چیرۆك" داهێنانێکـە لـە حـزوری هـەر دوو مـەرجی (روخسـار– نـاوەرۆك) دا، کاریگـەری کـەشو دۆخـی گـەشو رەشـبینی نووسـەرەکەی بەسـەرەوەیەو لەئاکامـدا بـەروونی رەنگیداوەتـەوە ناونیشـانی کورتـە چـیرۆکی "شـەوێك" رەمزی تاریکستانو نائومیدییە،کەچی ناوەرۆکەکەی بەگەشبینیو چەکی بڕوا بـەخۆکردنو ورەی بـەرزەوە لەچـەقی مەیـدانی ململانێـی رووداوی سـەرەکی چیرۆکەدا هەڵوێستی جوامێرانە دەنوێنێت، داستان دەخولقێنێت.

---

(١)شەوێك، (؟)، رۆژنامەی برایی ، سەرچاوەی پێشوو.ل٥.

(٢) زمانی شیعر: فەرەیدون سامان، رۆژنامەی خەبات، ژ(٢٧٠٠)، ٢٠٠٧/١٢/٩.

لەکورتە چیرۆکی "شەوێك"دا خەسڵەتو ئەدگاری نوێی هونەری کورتە چیرۆکی بەزەقی، پێوەدیارە، ئەو رووداوانەی لە دیمەنە جوانەکانیدا دەبینرێن، هەریەکەیان بۆ خۆیان چرکەساتێ ئیستشراقیان دەدرەوشێتەوە، لەچرکەدا کلێپەی رووناکی دەوروبەرو رەهەندە دوورەکانیش رۆشندەکاتەوەو لەچرکە ساتی هەڵگیرسانی مەشخەڵەکەی، بەساتێکی جوانو پۆزەتیڤانە دادەنرێتو ئەنجام و ئامانجێکی جوانو بەسوود دەبەخشێت، رووداوی ناو دیمەنە جوانەکانی ئەم چیرۆکە، سەرەتاو کۆتایی لەیەك دانە (وحدە —uniet) دا دەنوێنێت: {... **هەتائەهات چڕی دارستانەکە تەنگەبەرتر ئەبووە... لەچەند هەنگاوێکا چەند سەرسم دانێك رووی ئەدا، هەمووشتێ تاریك بوو، چاو هیچ رەنگێکی لەیەکتر جیا نەئەکردەوە، قۆناغ درێژبوو،برانەوەی نەبوو، تابریسکە ئاگری جگەرەکەم دەرنەکەوێت، لەناولەپی دەستما شاردبوومەوە، ناوبەنا نەفەسێکی قوڵم لێ ئەدا.. راچڵەکیم کە وتی: —ئەبێ لەم کاتەدا، لەم دنیا بەرینەدا، وەك ئێمە چەند جەنگاوەران بەرێوەبن.. دەڵێم.. درەنگ یا زوو هێزی رەشی ناو ئەم دنیایە دەبێت بمرێ..مردن لەژێرپێی شۆڕش گێررانی هەموو شوێنێکا..**} [1].

چرکە ساتی، رۆشنی هەریەك لەدیمەنە جوانەکانی ناو ئەو پەڕەگرافەی پێشەوە: " هەتا ئەهات چڕی دارستانەکە تەنگەبەرتر ئەبووە، چاو هیچ رەنگێکی لەیەکتر جیانەئەکردەوە، رەشی ناو ئەم دنیایە دەبێ بمرێ".. هەست بەچنینی سفت دەکەینو هەر وێنەیەکیش، سەربەخۆ خاوەنی زمانی پیاهەڵدانو ئامانجی تایبەتی خۆیانو هەر تاکە بەتەنیا ئەرکی خۆی دەبنێتو پەیوەندیشی بە رووداوی ناو دیمەنەکانی بەرو دوای خۆی توندو تۆڵو پێکەوە گرێدراون، ئەوەش نهێنییەکی کورتە چیرۆکی هونەری سەردەمە.. شارەزاییو وردەکاری لەجۆرو چۆنیەتی کەرەسەکانی زمان، تەکنیکی نوێ بۆ کورتە چیرۆکی سەردەم دەرەخسێنێت، لە کورتە چیرۆکی

(١) "شەوێك". (؟) رۆژنامەی برایەتی، ژ(٣٧٨) ساڵی دووەم شەممە ١٩٦٨/٩/٢١، ل٥.

"مانگو دڵێکی بەسزمان"دا ئەو نەخشاندنە هونەرییە هەست پێ دەکەین، ئەو کورتە چیرۆکە، لەناونیشانەکەیەوە، وێنەی جوانی زمانی شیعریمان دەکاتە میوان، لەکورتە چیرۆکەکانی پێشەوە تاریکی لەرووناکیدا دەتوێتەوە، کەچی سەرەتای دەستپێکردنی ئەم کورتە چیرۆکە تیشکی زەردەپەڕی خۆر لەتاریکی شەودا دەتوێنتەوە،بەوەش مرۆڤ لەبەردەم رووداوی نوێدا دەوەستێتەوە" هێشتا دواتیشکی زەردەپەڕ لەشەودا نەتوابوەوە کەنەسرین گەیشتەماڵەوە بەروویەکی گەشاوەو پڕ پێکەنینەوە، چوەبەر ئاوێنە شکاوەکەی کە لەزەمانی نەنکیەوە لەدیوارەکەیان چەسپ کردبوو، سەیری رووی کرد – گەش، رووناک– گۆنای ئاڵ، گەردنی نەرمو ناسك، قژی خورماییەکی کاڵ.

**{دوو سێ جار زەردەخەنەی پژانە سەرلێوە تەڕەکەیو دەسێکی هێنا بەکەمەری باریکیا ورای کردە هەیوانەکەیان، لەم کاتەدا رۆژ ماڵ ئاوایی کردبوو، لەسەر گوێسوانەداڕو خاوەکەیانەوە مانگ بەکاڵی سەرنجی ماڵی ئەوانی ئەدا}**(1).

هێزی دەربڕین لای نووسەری ئەم چیرۆکە یەجگار باڵایە، دەسەتەڵاتی دەربڕینی بەسەر جوانیو واتای وشەدا زاڵەو کاریگەریی بەهێز لە رۆحی جوانی دەکات، پێکهاتنی ئەو موعادەلەیە،خوێنەر بۆ ناخی چیرۆکەکە دەبات لەپەڕەگرافی کورتە چیرۆکی – مانگ و دڵێکی بەسزمان– وێنەی شیعریی ناوازەمان پێشکەشکراوە ((هێشتا دواتیشکی زەردەپەڕ لەشەودا نەتوابووەوە)) وێنەیەکە رۆحی لەجووڵەدایە، ئەو وێنەیەکە جوانی تیشکی خۆری دەم ئێواران بەرەو تاریکی ئێوارەو شەودەبات.. نووسەر هوشیارانە شەپۆلی خۆشی وجوانی لەشکستی هێنانی ئایندەی عەشقو شەیدا بوونیدا دەبینێتەوە.

---

(1) أ– مانگ و دڵێکی بەسزمان – کامەران، رۆژنامەی ژین، ژمارە (١٣٣٦)، ساڵی ٣٢ پێنج شەممە ١٩٥٧/٣/١٤.

ب– کامەران موکری چیرۆکنووس، حەسەن جاف، چاپخانەی سۆمەر، بەغا، ١٩٨٨، ل١٠٣..

لەبەخشینی هونەری ئەم ژانرە ئەدەبییەدا، خوێنەر سەر پشکە بەوەی: چۆن بەژوانی گیانی جوانی بەرهەمەکە دەگات؟ ئەمەش بەچوونە دنیای واتای زمانەوە، مەبەستەکە بەدیدێت.. چیرۆکنووس لەوێنەیەکی جوانترو شیرینتردا، تروسکەی هیوایەکی گەشی خۆی بۆ عاشقبوونەکەی دەبەخشێت: **{... لەم کاتەدا رۆژ ماڵئاوایی کردبوو، لەسەر گوێسوانە داڕووخاوەکەیانەوە مانگ بەکاڵی سەرنجی ماڵی ئەوانی ئەدا}** ئەم وێنە جوانە، بارانی جوانی بەسەر دیمەنەکەدا دەبارێنێت، ئەگەر چی تریفە زیوینیەکەی مانگ کاڵە، بەلام دنیای شەوەزەنگی رۆشنکردۆتەوە، هیوای لەدڵی عاشقاندا ژیاندۆتەوە.. وێنەکە، بەواقوڕماویەوە لەو شوێنەدا متەقی لەخۆی بڕیووەو ڕووناکی لەرووی نەسرینەوە وەردەگرێت رووی نەسرینی بەرۆژ چواندوە.. لێرەدا وێنە وەستاوەو (زمان و جوانی) برالەن بۆ خوشکەلەی یەک داك وباب!.

ڕووداوی سەرەکی ئەم چیرۆکە، بەسەرهاتی ژیانی دڵداریی نەسرینی جوانو قەشەنگە، نەسرین کچە هەژارێکەو لەخانوویەکی دارو خاودا لەگەڵ ئاوازو دایکیدا دەژی، دڵخوازی نەوزادی کوڕە دەوڵەمەدنی شارەو حەز لەیەك دەکەن وبەلێنی بەیەکگەیشتنیان بەیەکداوە: **{.. بۆ بەیانی هەر وەك جاران نەسرین چاوی بەنەوزاد کەوتەوە، وەك جاران پێکەنین، سەیری یەکتریان کرد، دەستی یەکتریان گوشی.. ناز رژا، زەردەپژا،بەلێن دووبارە سەری بەرزکردەوەو کەوتە لەنجەو لار}**[1].

دواتر نەوزاد بەلێنی خۆی دەشکێنێتو نەسرینیش روو لەکونجە داڕووخاوەکەی باوانی دەکات: **{.. شەوهاتەوە.. مانگ دیسانەوە– ئەم جارە وەك بەگاڵتەپێ کردنەوە پێ بکەنێت– سەرنجی خانووە داڕووخاوەکەو چاوی بەفرمێسك سوور بووی نەسرینیدا.. نەسرین سەیری مانگی کردو دایە**

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.

**پرمەی گریان**}[1]. چیرۆکنووسی شارەزا، لـە بەرهـەمهێنانی کورتـە چـیرۆکی هونەریدا دەستەلاتی خۆی بەهۆی زمانەوە دەسەلمێنێت، لەو زمانەی تایبەتە بەچـــیرۆکەوەو لەئاســتی هەلومەرجــە هونەرییـــەکانی کورتـــە چـــیرۆکی سەردەمابێـتو ئامانجی چـیرۆکەکە بـەروونی دەردەخـاتو داهێنـانی نـوێی هونـــەریش فەراهـــەم دەبێــت.. ئـــەو ئەنجامـــە ئامـــانجی چـــیرۆکەکەش بەدەسـتەوەدەدات.. هـەر وەك چـۆن رۆڵـی سـەرەکی لەرازاندنـەوەو جـوانی دەقەکەدا هەیە، بەهەمان هێزو گوڕ، زمان هۆکارێکی دیـارە بـۆ لـەدایکبوونی ئـاوازی خۆشـی بـەجۆش‌و خـرۆش‌و واتـای وردو قـووڵی عـەقلانی ((.. نـازڕژا، زەردەپـژا، بـەڵێ، دووبـارە سـەری بـەرزکردەوەو کەوتـە لەنجـەولار)) ئـەو وێنـە شـیعرییە لەبەرزییـەوە روو لەژێلـد دەکـاتو دواتـر لەشـوێنی خـۆی لەنجـەو لار دەکات، واتە وێنەکـە سـتوونی دێـتو دەچـێت وێنەکـە: دەجووڵێـت دەوەسـتێت جوولەدەکاتەوە.




لەو وێنەیـەدا ((نـاز، زەردەپـەڕ، بـەڵێن))، نیشـانەو هیمـان بـۆ رابـردو و ئایندەی رووداو و پەیوەندی نێوان نەسرین و نەوازد نیشاندەدەن.

لایەنێکی گەشی ئاست بەرزی هونەریی ئەم چیرۆکە لەوکەلینـەوە هەسـت پێدەکرێــت، سـەرەتا زەردەپـەڕ لـە شـەودا توایـەوەو لەشەویشـدا تریفـەی

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧.

مانگەشـەو بـەکاڵی خـۆی نوانـدو لـە کۆتـایی کەئـەنجامی کورتـە چـیرۆکە دەبەخشێت چیرۆکنووس زۆر هونەرمەندانە سەرەتاو لوتکە "گرێ"و ئـەنجام لەبازنگە یەکی داخراودا دەستیان لەملی یـەك پێکـردون، بـەوەش خەسـڵەتی جوانی شەو ئەوەندەی تر هێزی بەهونەری چیرۆکەکەداوە "شەوهات.. مـانگ دیسانەوە ئـەمجارە وەك بەگاڵتـە پێکردنـەوە پێبکـەنێت، سـەرنجی خـانووە داڕووخاوەکەو چاوی بەفرمێسك سوور بووی نەسرینی دا..

نەسرین سەیری مانگی کرد، دایە پڕمەی گریان واتای ڕمزەکـان: ((گاڵتـە پێکردن، سووربوونی چاو، پڕمەی گریان)). هەوێنی وێنە جوان و پرماناکـانی ئەو کورتە چیرۆکەن.

ئـــەو نووســـەر و چیرۆکنووســـەی توانـــای داهێنـــانی لەبـــەکارهێنانی کەرەسەکانی زماندا هەبێت، چـاوەڕوانی داهێنـانی بەرهـەمی ئـەدەبیی نـوێی لێدەکرێـت.

لەهەموو کارێکی ناوازەی داهێنەرانەدا، خولقاندنی: واتایەکی نوێ، ئاوازێکی خۆشی نەبیسـتراو، وێنەیـەکی جـوانی دەگمـەنو سـەرنجڕاکێش، زمـان هۆکـاری داهێنانە کەیەو زمـان شـێوازێکی گرنگـی عـەقڵانی دەربڕینەکەیـەتی. فەریـدون عەلی ئەمین لەبواری نووسینی کورتەچـیرۆکی هونەریـدا خامەیـەکی رەنگینـی دیارەو خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندەو زمانزانێکی بەتواناو شـارەزاییەکی باشی تێـدا هەیـە.. لەکورتـە چـیرۆکی: ((نا..نـا.. نـابێن بـە لم)) چـیرۆکێکی رەمزی نـوێی هونەرییـە، چـۆنیەتی بـەکارهێنانی زمـان لـە داڕشـتنو چـنینی تاڵەکانی چیرۆکەکەداو ئاڵو گۆڕکردن بەشوێنی وشە، لێهاتووانە رەونـەقێکی جوانی بەئاستی بەرزی لایەنی هونەرییو واتا قووڵەکەی بەخشیوە.

ئەم کورتە چیرۆکە، لەناونیشانەکەیە هەست بە داهێنانێکی نـوێی جـوان دەکەین: {**بەردێکی زل بەچیاکەوە، دەیڕوانییە چـەمو ئاوێـك وتـی: خۆزگـە خۆم تلۆر ئەکردەوە، بەگرمە گرم ئەچومە گوێ ئەوچەم و ئـاوە! بـەردێکی زلتر: بۆچی؟!.**

**– حەز ئەکەم گوێ لەهاژەی ئاوبگرم.**

**- نەکەی، نەخەڵەتێت، جێگای ئێمە ئـەم سەرشـاخانەیە، لەگـەڵ لێـرە ترازاین لەناوئەچین}**[1].

چـیرۆکنووس بـەزمانێکی کـوردیی بـێ گـرێ و گـوڵ ئاشـنای سـەرەتای چیرۆکەکەی کردوین، وێنەی "بەردێکی زلە بـە چـیاکەوە، دەڕوانێـتە چـەمو ئاوێك" وێنەیەکی رەمزی چەسپاوی جوانە

لەرێگای دیوی نـاوەوەی رەمزەکـانی: {بـەرد= نەتـەوەی کـورد، چـیا= خاکی کوردستان} ئیدی زمان بەشێوازێکی هێوری هونەرییانە، بەشـەفافیەت واتات پێدەبەخشێت، لایـەنی نـوێی هونـەری ئـەم کورتـە چـیرۆکە لەوەدایـە: دەرکەوتنی واتای ئەو دوو رەمزە: (بەرد = نەتەوەی کـورد)و (چـیا = خـاکی کوردسـتان) ئیـدی بوونەتـە کلیلـی کردنـەوەی قفڵـە داخراوەکـانو زمـانیش ئـەرکی یـەکلایی کردنـەوەی واتـای تێگـڕای رەمزەکـان لەئەسـتۆ دەگرێـت، چیرۆکنووس شارەزایانە تـەوزیفی زمـانی لـەپێناو خولقانـدنی وێنـەی جوانـدا کردووە: { **چۆن؟...بۆ هەرواخۆراییە؟.**

**- نا..نا، خۆڕایی نییە، گوێ ئەوچـەم وئـاوە هـەر ئەوەنـدە خۆشـە تـا دەبێتەلافاو، کەبووە لافاو دەتبات، دەتبات، هـەزار گرمـەگرمو هـاوار هـاوار بەپووڵێك ناچێت ئەوەندەت ئەدا بەزەیدا تاشـەق و پـەقت دەکـات، وات ورد دەکات تانەتکات بە(لم) وازت لێناهێنێت.**

**- تا نەتکات بەچی؟**

**- بە(لم) بە(لم)}** [2]

وردبوونەوە لەچینینی سفتو توندو تۆڵی بیناسازی دەقەکە رەچاوکردنی خەسڵەتی هونـەری نـوێی کورتـە چـیرۆکو بـەکارهێنانی فـەنتازیانی هونـەری جوانیو کاریگەری لەسـەر پاراسـتنی یـەکێتی واتـای سـەرتاپای چـیرۆکەکەو

---

(١) بارانی رەنگاو رەنگ- کۆ بەرهەمەکانی مامۆسـتا فەرەیـدون عـەلی ئـەمین- سـاغکردنەوەو نووسینەوەو ئامادەکردنی: کاوە ئەحمەد میرزا، سـەلام مسـتەفا، چـاپی یەکـەم، چاپخانە، دەزگای حەمدی، سلێمانی، کوردستان، ٢٠٠٦، ٢٧٧..

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٧..

خولقاندنی ڕەمزی نوێ وەك وشەی (لم) بەو واتایەی كە شرۆڤە دەكرێت، بە واتای (بیابانی عەرەبستانو عەرەب) دێت پراكتیزكردنی مەعریفیانەی ئەم شێوازە هونەرییە نوێیەی چیرۆكنووسی: (نا.. نا..نابین بە لم)). ئەوەندی دی توانای نووسینی چیرۆكی هونەری سەردەم دەچەسپێنێتو ئەمە نەك خزمایەتی لەنێوان: فۆرمو ناوەرۆكدا پتەو دەكات، بەڵكو ڕۆحی جوانی، هونەری نوێی جەستەی تەنیاو تەنیا خودی دەقەكەیە.. لەو كورتە چیرۆكەكەدا، چیرۆكنووس رووبەڕووی سیاسەتی رژێمی بەعس دەبێتەوە، چونكە بەعس دەیەوێت كورد نەهێڵێت و خاكی كوردستانیش بۆ خۆی زەوتكات، چیرۆكنووس بەكوردو سەركردایەتی شۆڕشی كوردستان دەڵێت: بەرەنگاری سیاسەتی راگوێزان ببنەوەو خاكی خۆتان جێمەهێڵن، دەنا دەتوینرێنەوەو دەكرێنە عەرەب... ئەوچالاكییە بزێوەو بەرخودانە ئازایانەیەی لەم كورتە چیرۆكەدا دەدرەوشێنەوە، بانگێشتەیەكی سەردەمانەیە بۆ بەجێهێنانی ئەو ئەركە مرۆڤایەتییەی لەئەستۆی چیرۆكی هونەریی كورد دایە:

**{ – تا نەمكات بەچی؟**

**– بە(لم) بە(لم).**

**– ئینجا كەبوویت بە(لم) ئیتر هەزار سوێند بخوێت، بڵێت من بەردێكی زڵبووم بەو شاخانەوە كەس بڕوات پێناكات.**

**– ئەی چار چییە؟**

**–چار هەر ئەوەیە: بەسەر ئەم شاخانەوە بمێنینەوە، نەترازێین، ئالێرە بمێنینەوە نابین بە(لم)، نابین بە(لم)}**[1].

ئابەو شێوەیە، پرۆسەی مەعریفی پۆزەتیفانە بەئەنجامدەگات و راستی دەردەكەوێت، لەداڕشتنی كورتە چیرۆكی هونەریدا، هەروەها چۆنیەتی بەكارهێنانی كەرەسەكانی زمان چ ئیعجازێك لەداهێنانی نوێو جوانكاری دەگمەنو واتای بەهادار دەبەخشێت.

---

(١) بارانی رەنگاو رەنگ،......، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٧.

## ئه نجـام

پــاش هــەوڵو تەقەلاّیــەکی هــێمنو ڕەچــاوی پــەیڕەوکردنی ڕێبــازی لێکۆڵینەوەی زانسـتییانە.. بەنەوازشـەوە، توێـژەر هیـوادارە، بـەم کـارەی وەك بەرکولێك خزمەتێکی بەرچاوی بە ڕەهەنـدی ئاینـدەی ئـەدەب بەگشـتیو ژانـری کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی کردبێت، بەوە شادو بەختەوەرە.. توێـژەر لـەم لێکۆڵینەوەیەیدا، بەم ئەنجامانە گەیشت:

١– کورتە چیرۆکی هونەریی کوردی وەك ژانرە سەربەخۆکانی دیی ئـەدەب. خاوەنی کەسایەتی ئازادو بڕیارو خەسڵەتی ئەدەبیو تایبەتمەنـدیتی خۆیـەتی.. وەك لەزۆربەی پێناسەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا سەلماوە.

٢–فەلسەفەی ئیستاتیکا لەسەر دەستی چیرۆکنووسـی شـارەزاو ڕۆشـنبیر، ڕۆحی جوانی بە واتا و بەدیمـەنی ڕازاوەی ڕوخسـاری بەرهەمەکـە دەبەخشـێت. وەك لەکورتە چیرۆکی (لەشەوێکی پایزا) خۆی دەنوێنێت.

٣– زمان ڕۆڵی هـەرە مـەزنو کاریگـەری لـەجوانی داڕشـتنو چنینی سـفتی کورتــە چــیرۆکی هونەریـدا هەیــەو هەلومەرجــە هونەرییــەکانی دەخولقێنێــتو خانەیــەکی دیــاریکراوی لــەناو ژانــرە ئەدەبییەکانــدا بــۆ تــەرخان دەکــات. لــە نموونەی کورتە چیرۆکی ((نا.. نا.. نابێن بە لم))دا دەردەکەوێت.

٤– ئەو سـیماو شـەقڵە هونـەریو جـوانیی فەلسـەفییەی لەکورتـە چـیرۆکی کوردیــدا هەیــە، لەچــاو ســەردەمەکەیدا، پلــەو پایەیــەکی شــیاوی بــەرزی پێبەخشــیوە.. وەك لەکورتـــە چـــیرۆکی ((پاداشـــتی شـــەش ســـاڵ)دا دەدرەوشێتەوە.

٥– نووسەر یاخود چیرۆکنووسـی بـەتواناو زمـانزانی چاك، لەباریـدا هەیـە، بەشێوەیەکی ئاساییو سروشتی دەستەڵاتی بەسەر لایـەنی داڕشـتنی هونـەریو ڕازاندنــەوەو جوانیکــاری بەرهەمەکەیــدا بشــکێتو داهێنــانی نــوێ بخولقێنێــتو بەرهەمێکی ناوازەی دیمەنو ڕوخسار جوان بەبالاّی جەستەی واتاکەیدا بکـات.. بەوەش سەرکەوتووانە هەنگاوی بەرەو هەڵکشانناوە وەك لەچیرۆکی (شەوێك)دا هەستپێدەکرێت.

**ئــەوەش مەبەســتو ئامــانجی نووســەرو وشــەیەو لەهــەمان کاتــدا وەلاّمــی ڕاستگۆیانەی پرسیارو داخوازییە ڕۆشنبیریو ئەدەبییەکانی سەردەمن.**

## سەرچاوە کوردییەکان

### کتێب

١- بارانی رەنگاو رەنگ- کۆبەرهەمەکانی مامۆستا فەرەیدون عەلی ئەمین- ساغکردنەوەو نووسینەوەو ئامادەکردنی: کاوە ئەحمەد میرزا، سەلام مستەفا -چاپی یەکەم- چاپخانەی دەزگای حەمدی -سلێمانی- کوردستان -٢٠٠٦.

٢- پەخشانی کوردی - ئامادەکردنی: عەزیز گەردی- چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- ١٩٨٧.

٣- چیرۆکی هونەریی کوردی (١٩٢٥-١٩٦٠) حوسێن عارف چاپی یەکەم- بەرگی یەکەم - دار الحرية للطباعة- بەغدا ١٩٧٧.

٤- کامەران موکری چیرۆکنووس - حەسەن جاف - چاپخانەی سۆمەر بەغدا- ١٩٨٨.

٥- لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی (١٩٢٥-١٩٦٩) - عومەر مەعروف بەرزنجی -چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا - ١٩٧٨.

### رۆژنامە

١- رۆژنامەی برایی - ژ(٢٣) - ساڵی یەکەم -١٩٦٧/١٠/٢١.

٢- = = - پاشکۆی (التآخي) ژمارەی رۆژی ١٩٦٧/١١/١٨.

٣- = = - ژ(٣٧٨)- ساڵی دووەم - شەممە ١٩٦٨/٩/٢١.

٤- = خەبات - ژ(٢١٠٠)-/٤/٢٠٠٦.

٥- = = - ژ(٢١٣٠)- ٢٠٠٦/٥/٦.

٦- = = - ژ (٢٧٠٠)- ٢٠٠٧/١٢/٩.

٧- = رۆژنامە - ژ (١٠٠) - یەك شەممە ٢٠٠٧/١٢/٩.

٨- = ژین - ژ (١٣٣٦)- ساڵی (٣٢) -پێنج شەممە ١٩٥٧/٣/١٤.

٩- = کوردستان - ژ (٤٧٢) - ٢٠٠٧/١١/٦.

### گۆڤار

١- گۆڤاری کاروان - ژ(١٥٢)- کانوونی یەکەم ساڵی ٢٠٠٠.

**نامەی ماستەر**

١- رۆژنامــەی برایــی-برایــەتی (١٩٦٧-١٩٧٤)ورۆڵــی لەپێشخســتنی ئــەدەبو رۆشــنبیریی کوریــدا- ئاریــان ئیــبراهیم محەمــەد بەشــی کــوردی - کۆلێــژی پەروەردە - زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٤.

**نامەی دکتۆراە**

١- لێکۆڵینەوەیەك لەشیعرە ئایینی وسۆفیگەری و فەلسەفیەکانی نالی - عەبدوڵلا خدر مەولوود- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر - ٢٠٠٣.

**کتێبی فارسی**

-هزار توی داستان-؟ - ترجمه نسرین مهاجران، چاپ حیدری- تهران-١٣٧٨.

**کۆنگرەی دووەمی زمان/ کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٧**

* ئەرکی زمان لەرۆژنامەی کوریدا - د. دڵشاد عەلی- کۆنگرەی دووەمی زمان کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر - کاتی (١١) ی سەرلەبەیانی - دووشەممە ٢٠٠٧/٥/٢١.
* پێڕەوی فۆنۆلۆجیو دیاردەکانی - د. محەمەد مەحوی- کۆنگرەی دووەمی زمان- کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر- رۆژی دووشەممە ٢٠٠٧/٥/٢١.

**کتێبی عەرەبی**

١- ادب القصــة - عبــدالوهاب أمــين - فــن القصــة القصــيرة المختــارة، مجموعــة قصص تركية مترجمة الى اللغة العربية- خلـف شـوقي امـين الـداودي- الطبعـة الثانية مطبعة (بلا)- مكان الطبع (بلا) -١٩٣٤.

٢- الشعر العربي المعاصر "قضاياه وظواهر الفنيـة والمعنويـة" الـدكتور عـز الـدين اسماعيل - ط٣- دار الفكر العربي- التاريخ (بلا).

٣- سمـيرة عـزام رائـدة القصـة القصـيرة الفلسـطينية " دراسـة الـدكتور يوسـف

حطيني- دار العائدي للدراسات والنشر والترجمة -١٩٥٩.
٤- طبيعة المجتمع الكردي في ادبه (دراسة نفسية واجتماعية) بدرخان سندي - الجزء الاول- مطبعة بلدية كركوك -١٩٦٧.
٥- فن القصة القصيرة -الدكتور رشاد رشدي- الطبعة الثانية- دار العودة- بيروت-لبنان- ١٩٧٥.
٦- مدخل الى التحليل البنيوي للمحكيات - رولان بارت- من البنيوية الى الشعرية " " رولان بارت- جيرار جينيت" ترجمة الدكتور غسان السيد- سلسلة النقدية - الطبعة الاولى- دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع - (دمشق- سوريا)٢٠٠١.
٧-مدخل في فن القصة القصيرة - الدكتور صبيح جابر- جامعة التحدي - الجماهيرية العربية الليبية الشعبية الاشتراكية العظمى -١٩٩٩.
٨- معجم المصطلحات العربية في اللغة والادب " مجدي وهبة -كامل المهندس " مكتبة لبنان- ساحة رياض الصلح -بيروت - ١٩٧٩.
٩- موجز تاريخ النظريات الجمالية - " م أوسيا نيكوف - زه سمير نۆڤا" ترجمة باسم السقاط - دار الفارابي، بيروت، ١٩٧٩.
١٠- هسهسة اللغة - رولان بارت- ترجمة الدكتور منذر عياش - الطبعة الاولى- مركز الانماء الحضاري حلب- سوريا -١٩٩٩.

**رۆژنامەی عەرەبی**

١- مخاضات التجربة - مخاضات الذات -لطفي جميل محمد. جريدة العراق - العدد (٧٥٥١) ٢٠٠٢/٣/١٩.
٢- تأملات فلسفية - لغة النقد - الدكتور ناجي التكريتي جريدة العراق- العدد (٧٤٥٣)-٢٠٠١/١١/٢١.

**نامەی ئەکادیمی (دکتۆراه)**

١- البناء الفني في الرواية العربية في العراق- شجاع مسلم دغيم العاني- رسالة دكتوراه - مكتبة الاداب - جامعة بغداد-١٩٨٧.

**سایتی ئەلەکترۆنی**

١- القصة القصيرة الفنية -راهب الشوق:www.Gegole.com,12/7/2004

٢- فن القصة القصيرة - حسن خليل الحلقة الاولى- منتديات قصيمي نيت:
www.Gogole.com.11/3/2005.

٣- = = =- هدى التشايب - منتدى الشباب لمناقشة فن كتابة القصة القصيرة:
www.Gogole.com.18/9/2005.

٤- صفحات في فن القصة القصيرة (فن القصة القصيرة)طارق شفيق حقي:
www.Gogole.com.11/7/2007.

# کورتە چیرۆکەکانی لەتیف حامید و
# خۆشەویستی شاری کەرکووک

## پێشەکی

زۆرجار وتراوە: ئەدەب رەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵە، ئەوەش تەنیا فۆتۆ گرتنێکی رووت نییە، بەڵکو شایەتێکی راستگۆیانەی سەردەمەکەیەتی.. بۆیە ئەکرێت سوود لە گەشی و لایەنی بەهێزو کەڵك بەخشی ئەدەب وەربگیرێو پەندو ئامۆژگاریش لە کەموکورتی و لایەنی رەش و ناڕێکی لە بەرچاو دابنرێت.

**ئەدەب بە هەموو چەمك و بەشەکانیەوە، بیرو هەست و سۆزو ئەندێشەو خۆزگەو ئاواتە، خۆراکی گیانی بە مرۆڤ ئەبەخشێت، هۆش و مێشك ئەهەژێنێت و کسپە لە جەرگ هەڵئەسێنێت، دەرگا کڵۆم دراوەکانی مەعریفەت دەخاتە سەر گازی پشت و گڕکانی خواست و ئەندێشەو ئازارو خۆشیەکانی ناخی دەروونی مرۆڤ ئەتەقێنێتەوەو لە دووتۆیی بەرهەمە ئەدەبیەکەدا خۆشەویستی خاك و عەشقی ئازادیو هەڵوێستی جوامێرانەی دەرئەبڕدرێت، مرۆڤ ئەتوانێت لە روانگەی تیشکی واتاو کاریگەری خودی بەرهەمەکەوە، مێژووی سەردەمەکەو هەڵوێستی خاوەنەکەو کەش و بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیریو کۆمەلایەتی ژیانی تاك و کۆمەڵی مرۆڤ هەڵسەنگێنێت و دیاری بکات.**

**ئەم باس و بابەتە، لێکۆڵینەوەیەکە، ئەنجامی ئەو بیروڕاو بۆچوونانە دەرئەخات.**

### هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

کارێك بە پێی بەرنامەیەکی نەخشە بۆ کێشراو هەنگاوی بۆ بنرێت، هۆی جۆشدان و بنەمای بەهێزیو سەرەکی خۆی هەیە.

**هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، پاش بیرکردنەوەیەکی قووڵو تاوتوێکردن و شەن و کەوکردنی هەموو چمك و لایەنەکانی هاتۆتە دیو چەندین وردەکاریی لە رووی کەڵکی زانستی و کاریگەری سیاسی و ئاکامی گەشی مێژوویییەوە بۆ کراوە.**

ئەو هەلومەرج و هۆو بنەمایانە، ئاقارێکی بەهێزو فراوانی بەخۆیەوە بینیوە، سەرجەم ناونیشان و گەوهەرو ناوەخنی بابەتەکەی لە ئامێزی گەرمی لێکدانەوەو بۆچوونی سەردەمانە گرتووە.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، لە رووی مێژوویی و سیاسی و ئەدەبی و رۆشنبیرییەوە، چەند هەلومەرجێکی لەخۆ گرتووەو زەمینەی لەباری بۆ خۆش کردووە، لەوانە:

**لەسەر ئاستی گشتی:**

١- شاری کەرکوک، شارێکی دێرین و مێژوویی کوردە، بەهۆی سامانی ژێر زەوی‌و خاکە بەپیتەکەیەوە، زۆر لە زووەوە داگیرکەران چاوی تەماعیان تێبڕیوەو ئەو دەوڵەمەندی‌و سامانە سروشتییەی هەیەتی ئەبوو بۆ ژیانی کامەرانی و بەختیاری دانیشتوانەکەی بەکاریان بهێنایە، کەچی بۆتە مایەی چەوساندنەوەو سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد.

٢- گیانی بەرخودانی خەڵکە کوردەکەی شاری کەرکوک و بەرەنگاربوونەوەی شالاوو پەلاماردانی داگیرکەران، ئاکامێکی سەربڵندی بۆ مێژووی کورد بەجێ هێشتووە.

٣- بەهێزبوونی خۆشەویستی خاك و پەرەسەندنی گیان و هەستی کوردایەتی‌و قوربانیدان لە پێناو پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی‌و سەروەری خاکی نیشتماندا، دیاردەیەکی هەمیشەیی خەڵکی کەرکوك و کوردستان بووە.

٤- دانیشتوانی شاری کەرکوك لە پێناو بەدیهێنانی مافی تەواوی چارەنووسی کورددا، هەمیشە هەوڵیان داوە خۆیان لە رێکخراوی رۆشنبیری و ئەدەبی و پارتی سیاسیدا رێکبخەن، تا بتوانن کوردستان لە چنگی داگیرکەران رزگاربکەن.

٥- ئەدیب و رۆشنبیرانی ئەم شارە، پێشەنگی کاروانی خەبات و قوربانیدان بوون...

**لەسەر ئاستی تایبەتی:**

١- لەتیف حامید وەك هەر رۆڵەیەکی رۆشنبیرو هۆشیارو دڵسۆز بە نەتەوەو خاکەکەی، لە کاتی دوورکەوتنەوەی لە شاری کەرکووك، هەمیشە گیان و هەستی نەتەوەیی هاندەرێکی سەرەکی بوو کە دڵی لەگەڵ کوردە ستەمدیدەکەی کەرکووکدا بێت و کوڵی جۆشی نیشتمانپەروەری بەهێزتر بێت.

٢- ئەدیب و رۆشنبیرانی شاری کەرکووك بە تایبەت لەتیف حامید رۆڵی گرنگیان لە بەرزکردنەوەی ئاستی وریاکردنەوەی خەڵکەکەدا بینیوە.

٣- لەتیف حامید بەرزنجی چیرۆکنووس رۆڵێکی لەبەرچاوی هەبوو لە گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی ئەدەبی کوردی بە گشتیو تازەگەری لە هونەری کورتە چیرۆکدا بە شێوەیەکی تایبەت.

٤- لە چاو تەمەن کوردتی لەتیف حامید بەرزنجی چیرۆکنووس و ئەو چەند چیرۆکە کەمەی بەرهەمی هێناوە، خاوەنی گۆڕانکاریو داهێنان بووە لە کورتەچیرۆکەکانیدا، ئەمەش هەردوو لایەنی روخسارو ناوەرۆکی کورتە چیرۆکەکانی گرتۆتەوە.

٥- تیشکی لێکۆڵینەوەی یەکجار کەم ئاراستەی بەرهەمەکانی کراوەو لەو رووەوە مافی خۆی بە تەواوی نەدراوەتیو زۆر کونج و لایەنی هەڵوێستی ژیان و گەشی بەرهەمە ئەدەبیەکانی بە تاریکی ماونەتەوە.

**ئامانج:**

مەبەست لە لێکۆڵینەوەی ئـەم بابەتـە هەمەلایەنـە، چـەندین پـەلوپۆی لێ دەبێتەوە، گرنگترینیان:

١- ئـەو راسـتیە ئەسـەلمێنێت: رەگ و ریشـەی خۆشەویسـتی خـاکی کەرکووك لە دڵو دەروون و ناخی هەموو کوردێکدایـە، هـیچ هێـزو توانایـەکی زۆرداران و داگیرکەران، لـە توانایـدا نییـە هەڵیکێشـێت و کـەرکووك لـە کـورد دابڕێت.

٢- بـۆ پاراسـتنی پێناسـەی کـورد لـە کـەرکووك، رۆڵـەکانی پـەنایان بـۆ هەموو شێوازێکی خەبات و بەرخودان بـردووە.. سـا ئـەوە لـە رێگـای پـارتی سیاسییەوە، یاخود بەهۆی رێکخراوی ئەدەبیو رۆشنبیرییەوە بووبێت.

٣- لەتیف حامید بەرزنجی قەڵەمێکـە بـە بەڕشـت و ئـەدەبێکی بـەتواناو داهێنـەرو خـاوەن هەڵوێسـت بـووەو لـە بـواری پێشخسـتنی کورتەچـیرۆکی هونەری کوردیدا دەنگێکی دیارو تایبەت بوو.

## بەشی یەکەم

### ژیانی چیرۆکنووس:

بۆ ئەوەی لێکۆڵەرەوە ئاکامێکی بەجێی کارەکەی چنگ کەوێت، جۆری ئامانج و مەبەست و شێوەی هەوڵو تەقەلاکەی دیاری دەکات، لەبەر رۆشنایی ئەو واتایەی سەرەوە ئەتوانین بڵێین: بۆ دیاریکردنی بیروڕاو هەڵوێستی چیرۆکنووس لەتیف حامید بەرزنجی؛ ئەکرێت لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی ژیانی ئاسای و ئەدەبی و سیاسییەوە بە مەبەست بگەین، ئەمە لە کاتێکدا ئەو لایەنانەی پێویستن باسیان لێوە بکرێن، روون و ئاشکرابن، یاخود ئەوەتا لە رێگای لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانییەوە ئاکامی هەندێك مەبەست و ئامانجمان پێ ببەخشێت، خۆ ئەگەر ژیانی چیرۆکنووس بە روونی لەبەردەستا بێت و لە روانگەی بەرهەمەکانییەوە بەراوورد کرێن و بە وردی تیشکی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیان ئاراستە بکرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەنجامێکی راست و دروستی باشترو زانستییانەترمان چنگ ئەکەوێت.

### ژیانی:

ژیانی لەتیف حامید بەرزنجی لە سەرجەم قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنیدا رەنگیان بەسەر ژیان و هەڵوێستی ئەدەبی و سیاسییدا داوەتەوەو کاریگەری توندو تۆڵو بەهێزیان بووە، تەنانەت من پێم وایە، لە ئەنجامی شێوەی گۆشکردن و جۆری پەروەردەیی خێزانیدا، ژیانە ئاساییەکەشی سروشتی نەبووە، تێبینی ئەکرێت، بەر لە کۆچی ماڵئاواییکردنی بە ماوەیەکی زۆر، کورتە چیرۆکی بڵاو نەکردۆتەوەو بەرهەم نەهێناوەو لە ئەنجامی ئەو نەخۆشی و دەردە سامناکەی لە دوا تەمەنیدا دووچاری بوو، گۆڕانکاری خێراو تیژ بەسەر ژیانی ئاساییدا هاتووەو تەم و مژێکی چاوەڕوان نەکراوی لە

بەردەم ئایندەیدا قوت کردۆتەوە.

- لەتیف حامید ساڵی ١٩٤٠ لە شاری چەمچەماڵ سەر بە پارێزگای کەرکووك چاوی بە رۆشنایی ژیان هەڵهێناوەو خوێندنی قوتابخانەی سەرەتایی لە کەرکووك و قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندیی لە شاری کفری و کەرکووك تەواوکردووە.
- بە مەبەستی خوێندنی باڵا ساڵی ١٩٥٩ رووی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا کردووەو ساڵی ١٩٦٢ خوێندنی تەواوکردووە لە ١٩٦٢/١١/١٠ بە مامۆستا لە شاری بەسرە دامەزراوە.
- لە ١٩٦٤/٦/٢٢ بە مامۆستای زمانی عەرەبی لە ئامادەیی هەولێر دانراوە، لە ساڵی ١٩٦٨ هەر بە مامۆستایەتی بۆ شاری کەرکووك گوێزراوەتەوە.
- لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٢دا دووچاری دەردێکی سەخت و بێچارە دەبێت و هەر بەدەم ژانی ئەو نەخۆشییەوە ئەتلێتەوە، تا لە رۆژی ١٩٧٤/٢/١١دا بە یەکجاری ماڵئاوایی لە دۆست و یاران و ئەدەب و کوردستان دەکات و لە گۆڕستانی شێخ محیّ دین لە نزیك گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکووك بە خاك ئەسپێردرێت.

**ژیانی سیاسیی لەتیف حامید:**

لە ئەنجامی چەوسانەوەی نەتەوەیی کوردو پێشێلکردنی مافەکانی.. لەتیف رۆژ لە دوای رۆژ خۆشەویستی نەتەوەو خاکی کوردستانی لا بەهێزتر دەبێت و ئەو هەستە بەرزو گیانە شۆڕشگێڕییەی دەروونی وای لیّ دەکات عاشق و عەوداڵی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردایەتی بێت و لە ناویدا درێژە بە خەباتی بدات و سەرەتا روو لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەکات و ئەندامێکی گورج و گۆڵو چالاك دەبێت و لە ریزەکانی پارتیشدا تێدەکۆشێت و لە *(کۆتایی ساڵی ١٩٦٢دا بەشداری شۆڕشی ئەیلولی کردو لە ١٩٦٤/٦/٢٢دا هەلومەرجێکی گونجاوی سیاسیدا گەڕایەوەو لە ئامادەیی*

*هەولێر بە مامۆستای زمانی عەرەبی دامەزرا)*[1].

ئیدی دوای ئەوەی ریزەکانی شۆڕش بەجێ ئەهێڵێت و دەبێتەوە بە مامۆستا، روون نییە، ئاخۆ لەو کاتەی شۆڕش بەجێ ئەهێڵێت و دووبەرەکی لەناو شۆڕشدا پەیدا دەبێت، لەتیف حامید لەگەڵ کام بارەدا خەباتی کردووە یاخود وازی لە تێکۆشانی حزبایەتی هێناوە؟.. ئەمەیان بەڵگەیەکی سەلمێنەرمان بۆ هەر یەکێ لەو دوو رایە بە دەستەوە نییە.

بەڵام پێدەچێت خولیای کارکردنی سیاسی و حزبایەتی هەراسانی کردبێت و بە پەرۆشەوە، شەیدایی خۆی دەربڕێت، بۆیە دەنگی ئەوە هەبوو کە نەك لە حزبە سیاسییەکانی ئەوسای کوردستاندا هاوبەشی تێکۆشانی کردبێت، بەڵکو بۆ خۆی لەگەڵ هاوبیرەکانیدا هەوڵی دامەزراندنی حزبێکی سیاسی داوە: *(لە دەوروبەری ساڵی ١٩٧٢دا یا لە سەرەتای ١٩٧٣دا تووشی نەخۆشییەکی کوشندە هات و بەبۆنەی ئەو نەخۆشییەوە کە هێشتا تەشەنەی بە گیانیدا نەکردبوو، هەر لە سەرەتادا بەڕێز کاك فەرەیدون عوسمانی ناسی، کاك فەرەیدون مامۆستا بوو لە کەرکووك و وابزانم بەڵێنیدابوو بە لەتیف حامید کە نەخۆشییەکەی لە رێگای چارەسەری دەروونییەوە چاك بکاتەوە، لە ئەنجامدا لەگەڵ کاك فەرەیدون و هەندێ کەسی تردا حزبێکیان دامەزراندو لە دوای مردنی لەتیف حامید حزبەکە ئاشکرابوو حکومەت راوینان و هەندێ لە ئەندامەکان گیران و هەندێکیان کوژران، مەسەلەی حزبەکە هەردوو ئامۆزای بەڕێزم کاك شێخ رەزا حامیدو کاك قادر حامید زیاتری لەبارەوە دەزانن)*[2]. تا ئێستا ئەم لایەنە گرنگەی ژیانی لەتیف حامید بە شاراوەیی مابووەوەو پەردەی لە روو هەڵنەدرابووەوە.. گەر ئەو راستییە سەلما، ئەوە پێویستە بە شێوەیەکی

---

١- لەتیف حامید لە یادەوەری مندا (لەتیف هەڵمەت) (رۆڤار) - ژمارە (٤) - دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی - ١٩٩٩/١٠/٥- ل٤.

٢ - سەرچاوەی پێشوو - ل٦.

تایبەت و ورد لەسەر ئـەم خاڵـە بوەسـتین، چـونکە هەسـت ئـەکرێت تێکـڕای نووسینی ئەدەبی و کورتە چیرۆکەکانی بنەمای بیروڕاو ئامانجی ئـەو حزبـەی پێوە دیارەو کاریگەریی تەواوی بەسەریانەوە هەیە.

**ژیانی ئەدەبی لەتیف حامید:**

ئـــەوەی مەبەســـتە لـــەم لێکۆڵینەوەیـــەدا چـــەپکە تیشـــکی ســـەرنج و بۆچوونمانی ئاراستە بکەین، ژیانـە ئـەدەبی و کورتـە چـیرۆکەکانێتی... بـەو پێیەی لەتیف حامید لەناو خێزانێکی ئایینیدا ژیاوەو گۆش کـراوە، لـە ژیـانی رۆشنبیریو ئەدەبییەوە نزیك بووە، ئەمەش لە سەرەتای تەمـەنی لاوێتیـەوە دەرکەوتوو: *(لەتیف حامید لە سەرەتای لاوێتیدا زۆر حەزی لـە چـیرۆکەکانی –ألف لیلـە ولیلـە– بـووە، زۆر جـار دادەنیشـت بـە دەنگـەوە بـۆ هـەمووانی دەخوێندەوەو دەیکرد بە کوردی).*[٣]

پێدەچـێت لـەتیف حامیـد لـە سـەرەتای ژیـانی ئەدەبیـدا؛ وەك زۆربـەی ئەدیبان رووی لە دنیای شیعر کردبێت.

لـەتیف هەڵمـەت لـە رۆژنـامەی ژمـارە چـواری رۆژی ١٩٩٩/١٠/٥ی لاپـەڕە (٥)ـــدا ئەڵێت:

(ئـەوەتا لـە نامەیەکیـدا لـە رۆژی ١٩٦٩/١٠/٢٩دا بـۆی نـاردووم و لـە پاشکۆی ئەم باسەدا دەیخەمە روو، لەتیف حامید دەڵێ (برا گیان: حەزم بـە چـاوپێکەوتنت ئـەکرد، بـەڵام وادیـارە نـاتوانم، چـونکە چـەندە لـە تـۆ دووربکەومەوە ئەوەندە لە شیعرو ئەدەبەوە دوور ئەکەومەوە).

ئەو رایەی خودی لەتیف حامید ئەوە ئەگەیەنێت سەرەتا رووی لە دنیـای شیعر کردبێت، دەنا ئەیووت چونکە چەندە لە تۆ دوور بکەومەوە ئەوەندە لە چیرۆك و شیعر دوور ئەکەومەوە.

هەروەها لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ئەدەبیشی بەهـەردوو زمـانی کوردیـو

---

٣ – لەتیف حامید لە یادەوەری مندا، ل٧.

عەرەبی نووسیوە، وەك: (وێژەی کورد، ملامح الثورة في الشعر الكوردي)..

سەبارەت مێژووی دەستپێکردن و نووسینی یەکەم کورتە چیرۆك و چیرۆکەکانی دیار نین، مەگەر پەنا بۆ رۆژی بڵاوبوونەوەیان ببرێت ئەمەش مەرج نییە بۆ دیاریکردنی تەواوی رۆژی نووسینیان.

وەك لەتیف هەڵمەت ئاماژەی بۆ دەکات، سەرەتای نووسینی کورتە چیرۆك و شیعریش لای لەتیف حامید لە ساڵی ١٩٦٩دا بێت، ئەگەر چی بڵاوکردنەوەی دواکەوتووە، لە بارەی دەستپێکردن و نووسینی چیرۆکیشەوە ئەم رایە هەیە:*(بە پێی نامەیەك... لە ١٩٦٩/١٠/٢٩دا لەتیف حامید لە کەرکووکەوە بۆی ناردووم، چیرۆکەکانی خۆی پیشانی کاك ئەحمەد شاکەلی داوە، هەروەها شیعرەکانیشی، ئەحمەد لە چیرۆکەکەی رازی بووە بەڵام شیعرەکەی بە پەخشان خەملاندووە).*[٤]

لەتیف حامیدی چیرۆکنووس جگە لە چیرۆکێك بە ناوی (وەرزی گرانەتا..)[٥]، شێخ قادری شێخ حوسێن کەسنەزانی نووسیویەتی و لەتیف حامید بۆی تەواوکردووە، ئیدی چەند چیرۆکێکی بڵاوکردۆتەوەو تا ئێستاش مشتومڕ لەسەر ژمارەکەیان هەیە: *(لەتیف حامید لە ماوەی تەمەنە کورتەکەیدا چوار چیرۆکی کورتی بڵاوکردۆتەوەو بەو چوار چیرۆکە رچەی کۆنی چیرۆکی کوردی شکاندو پێشەنگایەتی لە بوارەکەدا بۆ خۆی تۆمار رکردو چیرۆکەکانی لە رۆژنامەی هاوکاریو گۆڤاری بەیاندا بڵاوکردۆتەوە.)*[٦]

لەتیف هەڵمەت سەرجەم چیرۆکەکانی چیرۆکنووس بە چوار کورتە چیرۆك دائەنێت، هەر لە هەمان سەرچاوەدا دڵشاد عەبدوڵڵا لەبارەی کورتە

---

٤ – لەتیف حامید لە یادەوەری مندا، ل٥.

٥ – وەرزی گرانەتا (چیرۆك) – نووسینی قادر حوسێن و تەواوکردنی لەتیف حامید – گۆڤاری نێرگز – چەپکی دووەم – ساڵی ١٩٨٥ – کەرکووك.

٦ – رۆڤار ژمارەی (٤)، ١٩٩٩/١٠/٥، ل٦.

چیرۆکەکانی لەتیف حامید بەم جۆرە دیاری دەکات:*(لە کاتی ئامادەکردنی ئەم ژمارەیەدا، بەشێکی بەرهەمەکانیمان لەلای کەسوکاریان لە کتێبخانەی سلێمانی و ئەوقاف، یان لەلای کاك لەتیف هەڵمەت دەستکەوت، بەداخەوە تەنیا چیرۆکێکی مایەوە کە کاتی خۆشی لە رۆژنامەی هاوکاری بڵاوکراوەتەوە، بەڵام نە ئەو ژمارەیەی (هاوکار)مان دەست کەوت، نە کەسوکاریشی چیرۆکەکەیان لا مابوو، لەتیف حامید بەپێی ئەو دەستنووسانەی لەبەردەستایە تەنیا پێنج چیرۆکی نووسیوەو بڵاویشی کردونەتەوە.)*[7]. دڵشاد عەبدوڵڵا کۆی ئەو کورتە چیرۆکانەی نووسیونی و بڵاوی کردۆتەوە تەنیا بە پێنج چیرۆك دائەنێت.

لە رووی ژمارەی چیرۆکەکانی چیرۆکنووس و کات و ماوەی بڵاوکردنەوەیان ئەم بیروباوەڕە هەیەو دەشێت لە خزمەت دەوڵەمەندکردنی ئەم بابەتەدا بێت:*(مامۆستا لەتیف حامید لە (٣١)ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠وە تا ساڵی ١٩٧٣ تەنیا (٥) چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە، یەکەمیان بە ناوی سێ هەنگاو بەرەو ئەودیو لە رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٤٣)ی رۆژی ٣١ت تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠. دوا چیرۆکیشی بە ناوی (زەرد، سوور، سەوز، شین) لە ژمارەی (٩)ی گۆڤاری بەیان ساڵی ١٩٧٣)*[8].

محەمەد حەسەن رۆژبەیانی سەرەڕای دیاریکردنی ژمارەی چیرۆکەکانی تەنیا بە پێنج کورتە چیرۆکی داناون، حەسەن جافیش پێیوایە: تەنها ئەم پێنج چیرۆکەی هەن:

١- سێ هەنگاو بەرەو ئەودیو.

٢- قوڵپی رشانەوەی رەش.

---

٧- لەتیف حامیدی چیرۆکنووس، تەمەنێکی کورت وماڵئاواییەکی ناوەخت - دڵشاد عەبدوڵڵا - رۆڤار، ژمارە(٤)، ١٩٩٩/١٠/٥، سلێمانی ل٢.

٨ - لەتیف حامیدو چەند لایەنێکی شاراوەی ژیان و بەرهەمەکانی، محەمەد حەسەن رۆژبەیانی، گۆڤاری هاواری کەرکووك، ژمارە (١) ئەیلوولی ١٩٩٨، هەولێر

٣- ڕۆژمێری خەواڵویەکی شاری سەلجوقی.

٤- بەشێك لە داستانی سواڵکەرە نەناسراوەکە.

٥- زەرد.. سوور.. سەوز..شین.

بۆیــە دەڵێــت:*(دەتــوانم بڵــێم: ئــەم پێــنج چــیرۆکە یــەك چــیرۆکن و پاڵەوانەکانیشیان هەر یەکە)*[9].

لەو بۆچوونانەی لە پێشەوە پێشکەشمان کرد، جگە لە لـەتیف هەڵمـەت، کە ژمارەی چیرۆکەکانی چیرۆکنووس لەتیف حامیدی بە چوار چیرۆك داناوە، ئیدی لەحەسـەن جـاف و دڵشـاد عەبـدوڵڵاو محەمـەد حەسـەن ڕۆژبـەیانی لـە نووسینی بابەتەکانیانـدا کـۆی ئـەو چـیرۆکانەی لـەتیف حامیـد نووسـیونی و بـڵاوی کردونەتـەوە بـە پێـنج کورتـە چـیرۆك دائـەنێن، ئەمـە لـە کاتێکـدا لـە ئەنجامی گەڕانێکی زۆر بە دوای سەرچاوەکان و پشکنینی دووتوێی ئەو بـاس و بابەتانەی پەیوەندیان بە ژیان و نووسینی ئەدەبی چیرۆکنووسـەوە هەیـە، بۆمان ساغ بووەوە، لەتیف حامیدی چیرۆکنووس، شەش چیرۆکی نووسیوەو بڵاویکردونەتـــەوەو کورتـــە چیرۆکێکیشـــی بـــە هاوبەشـــی وەك تەواوکـــەری چیرۆکێکی ناتەواو لەگەڵ (شێخ قادر شێخ حوسێن)ی کەسنەزانیدا پێشکەش بە لانکی ئەدەبی نوێی کوردی بـە گشـتی و بـە تایبـەتی بـە کورتـە چـیرۆکی هونـەری کـوردی کـردووە، ئەشـتوانین بـەپێی ڕۆژی بڵاوکردنـەوەیان یەکـەم چیرۆك و دوا چیرۆکی دیاری بکەین و بریتین لەم کورتە چیرۆکانە:

١- سێ هەنگاو بەرەو ئەودیو.[10]

٢- قولپی ڕشانەوەی ڕەش.[11]

---

٩ – پاڵەوان لە چیرۆکی لەتیف حامیددا (حەسەن جاف)، گۆڤاری کاروان، ژمـارە (٢)، ١٩٨٢، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ل٧٢.

١٠ – سێ هەنگاو بەرەو ئەودیو، کورتـە چـیرۆك، لـەتیف حامیـد، ڕۆژنامـەی هاوکـاری، ژمـارە (٤٣)ی ٣١/تشرینی یەکەم / ١٩٧٠.

١١ – قـولپی ڕشـانەوەی ڕەش، کورتـە چـیرۆك، لـەتیف حامیـد، ڕۆژنامـەی هاوکـاری، ژمـارە (٢٣)ی ١٠/٧/ ١٩٧١، ل٣.

٣- رۆژمێری خەواڵویەکی شاری سەلجوقی.[١٢]
٤- بەشێك لە داستانی سواڵکەرە نەناسراوەکە.[١٣]
٥- زەرد.. سوور.. سەوز..شین.[١٤]
٦- وڕێنەی پیاوێکی نوقمی سێبەر.[١٥]
٧- وەرزی گرانەتا، نووسینی قادر حوسێن و تەواوکردنی لەتیف حامید، گۆڤاری نێرگز، چەپکی دووەم، کەرکووك/ ١٩٨٥، ل٢٤.. نووسین و تەواوکردنی ئەم چیرۆکە لەتیف حامید، مێژووی ١٩٧٢/١/١ی لێ نووسراوە.

**لەتیف حامیدو هونەری کورتە چیرۆك:**

بۆ دوان و لێکۆڵینەوەی دروست و زانستییانە لە هەر دیاردەیەکی نوێو رووداوێکی سەرنج راکێشەرو بابەتێکی رۆژانەو سەردەم، ئەکرێت دوو رێچکەو رێباز پەیرەو بکرێت:

یەکەم: تاوتوێکردنی ئەو باسەی مەبەستە لە زمان خودی خاوەنەکەیەوەو ئەکرێت لەو روانگەیەوە شۆڕببێتە خوارەوە.

دووەم: ئەگەر خاوەن دیاردەو رووداوی بابەتەکە نەمابوو، یاخود شتێکی ئەوتۆی بە زمانی خۆی سەبارەت مەبەست نەدرکاندبوو یاخود تیشکی رووناکی ئاراستە نەکردبوو، ئەوا دەشێت، لەبەر رۆشنایی چرای بابەتیانە لێکۆڵینەوەیەکی ورد، بەرهەمەکانی هەڵسەنگێنرێت و دیاردەکانی

---

١٢ - رۆژمێری خەواڵویەکی شاری سەلجووقی، کورتە چیرۆك، لەتیف حامید، رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٣٩)ی ٣/١٠/ ١٩٧١، ل٣.

١٣ - بەشێك لە داستانی سواڵکەرە نەناسراوەکە، کورتە چیرۆك، لەتیف حامید، گۆڤاری بەیان، ژمارە (١)، ١٩٧٢، ل٤٦-٤٧-٤٨.

١٤ - زەرد.. سوور.. سەوز..شین، کورتە چیرۆك، لەتیف حامید، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٩)، ١٩٧٣، ل٢٥-٢٦.

١٥ - وڕێنەی پیاوێکی نوقمی سێبەر، کورتە چیرۆك، لەتیف حامید،رۆڤار، ژمارە (٤)، ١٩٩٩/١٠/٥، ل١٠.

دیاریبکرێن، بەوجۆرە کاکڵو گەوهەری مەبەست چنگ ئەکەوێت.

بە هەرحاڵ بۆ ئەم بابەتەی ئێمە، تا ئاست و ئەندازەیەکی باش کەرەسەی بنیاتنانی مەبەستمان لا هەیە.. لەتیف حامید بۆ خۆی بۆچوون بیروڕای بەرامبەر جۆرو چۆنێتی و بیروباوەڕەکەی دەربڕیوەو رای تایبەتی خۆشی سەبارەت دنیای ژیانە ئەدەبی و رۆشنبیریو سیاسییەکەی خستۆتەڕوو، ئەمەو سەرەڕای ئەوەی سامانێکی ئەدەبی بەپێزی لە بواری (کورتە چیرۆکی هونەریدا) بۆ جێهێشتووین.. بەوەش کاری زانستییانەی توێژەرەوەی ئەدەبی ئاسان و فەراهەم دەکات.

بەلای کەمەوە چیرۆکنووس بۆ قۆناغ و سەردەمی ژیانە ئەدەبییەکەی خۆی دەنگێکی دیارو تایبەت بووەو لە دنیای نووسینی کورتە چیرۆکی هونەریدا جێ پەنجەی دیارە.

چیرۆکنووس لەچاو زۆربەی ئەوانەی لە تەمەنی مێردمنداڵیدا روو لە دنیای (شیعرو چیرۆک) ئەکەن، ئەم لە تەمەنێکی هەڵکشاوتردا خۆی لە دنیای نووسینی چیرۆکدا بینیوەتەوە یاخود بڵێین: لە تەمەنی (٣٠)ساڵیدا چیرۆکەکانی بڵاوکردۆتەوەو خۆی بە خوێنەر ناساندووەو بەو چەند چیرۆکەی پێشکەشی کردوین و لە حەوت چیرۆك تێپەڕ ناکات، پایەیەکی بڵندو خانەیەکی رێزداری بۆ خۆی و بەرهەمەکەی مسۆگەر کرد: *(لەتیف حامید بەرزنجی: ئەو دەنگە چڕو پڕ لە داهێنانە بوو کە لە ماوەی چیرۆك نووسیندا، توانی لەگەڵ ئەو تاقیکردنەوە تازەیەی چیرۆکی حەفتانەکان زیاتر لە بەخششێك پێشکەشی بە کتێبخانەی چیرۆکی کوردی بکات و شوێن پێیەك لە چیرۆکی کوردی بۆ خۆی دیاریبکات.)* (١٦)

راستە یەکێك لەو هۆیانەی بایەخ بە چیرۆکەکانی چیرۆکنووس دراو مایەی دڵخۆشی ئایندەیەکی گەش بوو، ئەو داهێنانە بوون کە گۆڕانکاری بەسەر

---

١٦ – گەڕانێك بە دوای "لەتیف حامید"ی جوانەمەرگدا، شێرزاد عەبدولرەحمان، چاپخانەی راپەرین، سلێمانی، ١٩٧٨، ل٥.

شـێوازە کۆنەکـەی کورتـە چـیرۆکی کوردیـدا هێنـا.. تەنانـەت لای هەنـدێك نووسەر ئەو گۆڕانکارییە بە تەقینەوەیەك لە ناخی ناوەوەی ئەدەبی کوردیـدا دائەنرێت: *(لەتیف حامید بەرزنجی وەك دەنگێك بە گـوێرەی تەمـەن درەنـگ تـەقییوە، بـەڵام کـاتێکیش تەقییـەوە دنیـای ئـەدەبی کـوردی بـە گشـتیو هونەری کورتە چیرۆکی هەژاند)*[17].

چیرۆکنووس لـەتیف حامیـد دەنگێکی تایبـەت بـوو لـە دنیـای ئـەدەب و هونەری کورتە چـیرۆکدا، تەنانـەت بـە یـەکێك لـەو بەهرەمەندانـە دائـەنرێت، بەرهەمـە ئەدەبییـەکانی لـە بـواری چـیرۆکی کوردیـدا تەقینەوەیـەکی نـوێی دروسـت کـردووە، دیـارە ئـەو قۆناغـە بـە ئـەزموونێکی نـوێی داهێنـان بـۆ چیرۆکنووس دائەنرێت.

لێرەدا مرۆڤ بۆی هەیە بپرسێت، ئاخۆ ئەو دەنگە تازەو داهێنانە لە بواری نووسـینی کورتـە چـیرۆکدا چ رۆڵێکـی کاریگـەری لەسـەر چیرۆکنووسـانی سـەردەمی خـۆی و ئاینـدەدا هـەبووە؟ لـەم رووەوە حەسـەن جـاف ئـەڵێت: (لەتیف حامید یەکێکە لەو کەسانەی رۆڵێکی دیـارو دان پیانراویـان هەیـە لـە تازەکردنـــەوەی چـــیرۆکی کوردیـــدا، لـــە راستەقینەشـــدا لـــەتیف حامیـــد چیرۆکنووسێکی ئاسایی نییە)[18].

راسـتە چـیرۆکنووس لـەتیف حامیـد دەنگێکـی نـوێ بـوو، داهێنـانی سـەردەمییانەی بەسـەر کورتـە چـیرۆکەکانیدا هێنـاوەو لـەو رووەوە کـەس ناتوانێـت لـە ئاسـتیدا نکـولی بکـات، چـونکە رۆڵـی دیـارو دانپیـانراوی لـە تازەکردنەوەی چیرۆکی کوردیدا هەبووە.

لە جێی خۆیدایـە ئـەو راسـتییە بخرێتـە بەرچـاو، لـە سـەردەمی قۆنـاغی

---

١٧ – لـەتیف حامیـدو چـەند لایـەنێکی شـاراوەی ژیـانی و بەرهەمـەکانی، محەمـەد حەسـەن رۆژبەیانی، گۆڤاری هاواری کەرکووك، ژمارە (١) ئەیلوولی ١٩٩٨، ل٥٣.

١٨ – پاڵەوان لە چیرۆکی لەتیف حامیددا، حەسەن جاف، گۆڤاری کـاروان، ژمـارە (٢)، ل٧١، هەولێر، ١٩٨٢.

ژیـانی لـەتیف حامیـد، وەنـەبێت تـەنیا گۆڕەپانـە ئەدەبییەکـە لـەتیفی تیابووبێت، بەڵکو چیرۆکنووسـی داهێنـەری وەك حوسـێن عـارفیش هـەبووە، منـیش لەگـەڵ ئـەوەدام، لـەتیف حامیـدی چـیرۆکنووس دەنگێکـی تایبەتـەو داهێنانی بەسەر هونەری کورتە چیرۆکی کوردیدا هێناوەو ڕۆڵی تازەگەری لـە ئەدەبی کوردیدا بینیوە.. کـارێکی باشـە، گـەر بکرێـت، بنـەمای سـەرەکی و هەلومەرجی زەمینە خۆشکردن و هۆکاری بنچینەیی بۆ ئەو دەنگـە تایبـەت و نوێیە دیارو دەستنیشان بکرێت.

لەم ڕووەوە ئەحمەد شاکەلی لە دیدارێکیـدا لـە لـەتیف حامیـد ئـەدوێت و بەم جۆرە پێشکەشی دەکات:*(لـەتیف حامیـد یەکێکـە لـەو پێنووسـانەی زوو هەستیان کردووە بە پێویستی ڕوودانی گۆڕانێکی تیژ لە ئەدەبی کوردیاو ئەو چیرۆکانەی کە بڵاوی کردونەتەوە، دڵنیای کـردوین کـە چـاوەڕێی باشـتری لێ بکەین)* [١٩].

من پێم وایە، بەهۆی جۆرو شێوەی ژیانی منداڵی و پـەروەردەیی خێزانـی لەتیف و دواتر ڕووی لە دنیاری گەورەبوون کـردو تێکـەڵ بـە ژیـانی خـەڵك و هاوزمانانی لە شاری کەرکوك بوو، ئەو دۆخە ڕۆڵی گرنگیان لە ژیانی لەتیفدا بینیوە.

ئەمـە سـەرەڕای کاریگـەریی بـارو دۆخـی ژێـر دەسـتەیی کوردسـتان و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ژان و ئازاری مرۆڤ، هۆکـاری بزوانـدنی هەسـت و بیرکردنەوەی لەتیف حامید بوون، ئەو کاریگەرییە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی و بواری داهێنان و تازەگەری لە کورتـە چـیرۆکەکانیدا ڕەنگیـان داوەتـەوە.. ڕەنگـە هۆکـاری سـەرەکی بـۆ زەمینـە خۆشـکردنی ئـەو بـیرو باوەڕانـەی لـە نـاوەخنی چـیرۆکەکانیدا دەری بڕیـون: هەسـتی ناسـك و بیرکردنـەوەی وردو قووڵو ئاستی بەرزی هۆشیاری بووبێت کە پاڵی پێوە نابێـت بـۆ هەوڵـدان لـە

---

١٩ – "لـەتیف حامیـد" و شـتەکانی سـەردەمێکی کـە، دیـدار، ئەحمـەد شـاکەلی، ڕۆژنامـەی هاوکاری، ژمارە (٣٤)، ١٩٧١/٩/٢٥، ل٣.

پێناو گۆڕانکاری تیژو خێرا بەسەر ناوەرۆکی بابەتی ئەدەبی کوردیداو هەر ئەو بۆچوونە وای بەسەردا سەپاندبێت، ناوەرۆکی گرنگی سەردەمانە، پێویستی بە گۆڕاکاریو بەرگێکی نوێو روخسارێکی هونەرمەندانەی ئەوتۆی هەیە، لەگەل ئاستی گەشەکردن و پێشکەوتنی گۆڕانکارییەکانی سەردەممدا بگونجێت، لە هەڵسەنگاندنی بیرو بۆچوون و هەڵوێست و هەوڵدانی لەتیف بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی خۆی مەبەستی بووە، دەشێت ئەم بنەمایانە بایەخ و گرنگیدانیان رەچاو بکرێت:-

١- لەتیف حامید لە تافی تەمەنی لاوێتیدا بوو، شۆڕشی ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ بەرپابوو.. لەو ساڵەو دواتریش نەك هەر ئەوانەی لە بواری سیاسیو جووڵانەوەی پارتایەتیدا کاریان ئەکرد، بەڵکو نەتەوەی کورد دووچاری ململانێیەکی فیکری سیاسی ببوو.. لە لایەن هەندێك هێزو پارتی سیاسییەوە دان بەوەدا نەئەنرا: کورد نەتەوە "ئوممە"یە، تاوەکو رێکخراوە جەماوەریو پیشەییەکان بە ناوی کوردستانەوە ناوبنرێن، ئەو ململانێیە کاری مەزن و بەهێزی هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی لاوانی کوردو بەخۆداچوونەوەی بیروراو هەڵوێستی رابردووی ئەو حزبانەو میللەتی کوردا.

٢- لەگەرمەی ئەو ململانێیە سیاسییە خاڵی یەکەمدا، زەمینە بۆ شۆڕش خۆش بوو، تا لە ١٩٦١/٩/١١ بەرپابوو.

٣- لە کوورەی بەجۆشی ئەو ململانێ سیاسییەو خەباتی شۆڕشگێڕانەی کورد لە شۆڕشەکەیدا.. شاری "کەرکووك" خانەیەکی تایبەتی لای کوردو دانیشتووانەکەی و داگیرکەرانی خاکی کوردستان هەبوو.. چەوسانەوەی نەتەوەیی دانیشتووانە هەرەدێرین و خاوەن خاکە راستەقینەکەی کەرکووك، کاری یەکجار کاریگەری لە ئەدیب و رۆشنبیرانی کردو ئەیانویست لە هەر رێگاو بە هەر شێوازێکی خەباتی سیاسی و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە بێت، بەرەنگاری ململانێی ناهەموارو دیاردە دزێوو نامرۆڤانەکان ببنەوە کە ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەی کورد لە کەرکووکی خاکی کوردستان ئەسڕێتەوە.. دیارە ئەو بۆچوونانەی سەلماندویانە کەرکووك شارێکی

کوردییە، بێ بنەمای بەڵگەی مێژووی و زانستانە نییە...

سەبارەت بوونی کورد لە شاری کەرکووکدا، دکتۆر جەمال ڕەشید ئەم بەڵگەیە لە بەردەممدا دائەنێت:*(سەدان ساڵ بەری زایین، کورد لەکەرکووکدا هەبووەو هەیە... بوونی کورد لە کەرکووکدا زۆر کۆنە، لەوەش گرنگتر ئەوەیە: یەکێك لەو ناوچانەی کوردستان کە مەرجی میللەتی کوردی لێ پەیدابووە، واتە، کورد لە کەرکووك لەدایکبووە.. لە کورکوکیش زمانی کوردی پەیدا بووەو سەری هەڵداوە...)*[٢٠]

بەو بەڵگەیە: دێرینی سیمای نەتەوەیی خاکی کەرکووك و بوونی کورد تێیدا ئەسەلمێنێت، کە خاوەنی شاری کەرکووك کوردەو ڕەگ و ڕیشەی خۆشەویستیی و پیرۆزی لە ناخی قووڵایی دەروونی هەموو کوردێکدا داکوتاوە.

زانای شارەزا مامۆستا (تۆفیق وەهبی) بەبێ بەڵگەی سەلمێنەری مێژوویی بیروڕای دەرنەبڕیوە.. ئەم بەڵگەیەی سەبارەت کەرکووك پێشکەش کردووە: *(... کەرکووك شارێکی دێرینە، لە مسماریدا ناوی لە شاری ئەربیل کۆنترە، کۆنترین زانیاری تایبەت بە کەرکووکیش کە لە بەر دەستماندایە، ئەوەیە: کە لەو تەقویمە جوگرافییە بەناوبانگەی کە لەسەر سامان و موڵکەکانی "سەرگۆن"ی ئەکەدی (٢٥٣٠-٢٤٧٣)پ.ز تۆمار کراوەو تیایدا ناوی وڵاتی (ئەرپەح) لە نێو ناوەکانی تری وەك ئاشووری، لۆلۆیی، گۆتیۆم، ئەکەد...هتد. دەبینین و ئەربەحیش بە شاری کەرکووك دانراوە.*

*لە سەردەمی (نەرام سین) ئەکەدی (٢٤٠٠)پ.ز بە باکووری عێراقیان ئەووت (سۆپارتۆ) و ناوچەی (ئەرەپح)یش بەشێك بوو لە وڵاتی سۆپارتۆو ناوچەی کەرکووکیش لەم سەردەمەدا هۆزو تیرەی جیاجیای تێدا نیشتەجێ*

---

٢٠ - د. جەمال ڕەشید، دیدارو چاوپێکەوتن، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (٦٥)، ساڵی چوارەم، ٢٠٠٠/٥/١، ل٥.

*بوون، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی ڕۆشنبیری سامیەکان باڵادەست بوو)*[٢١].

هۆیەکی سەرەکی بۆ هاندانی چیرۆکنووس لەتیف حامید بەرزنجی یاخی بوون لە نەریتە باوەکانی سەردەم و هەوڵدان بوو، بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکاری نوێی ئەوتۆ لەگەڵ ڕاستی واقیع و مێژوودا بگونجێت.

ئەو عەشق و خۆشەویستییە بێ وێنەیە بوو، بۆ خاکی گڕو خوێن، شاری کەرکووك.. بۆیە زیاتر قووڵبوونەوە لەم بوارەدا لە خزمەتی سەرەکی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی چیرۆکنووسدایە، کەواتە گەر چاوێك بە سەرچاوە باوەڕپێکراوە مێژووییەکاندا بگێڕینەوە دەرئەکەوێت، شاری کەرکووك شارێکی کوردستانە:*(فەرهەنگ "قاموس الاعلام"ی تورکی، کە یەکێکە لەو کتێبە بەڵگەییانەی پشتیان پێ ئەبەسترێ و ساڵی ١٩٨٩ لە ئەستەمبوڵ چاپکراوەو نووسەرەکەی مێژوونووسی تورك شەمسەددین سامییە، ئەڵێ:*

*"شاری کەرکووك مەرکەزی ئەو لیوایەیە، کە پێی ئەڵێن شارەزوور، ئەکەوێتە ویلایەتی موسڵ لە کوردستانداو سێ چارەکی دانیشتووانی کوردن و چارەکەکەی تریان: تورك و عەرەب و شتی ترن، حەوت سەد جوولەکەو چوار سەدو شەست کلدانی تێدایە)*[٢٢]

بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم لێکۆڵینەوە ئەدەبییە پەنابراوە بۆ ئەو سەرچاوە باوەڕپێکراوە مێژووییانەی، ئەیسەلمێنن: کەرکووك شارێکی دێرینی کوردستانە.

چیرۆکەکانی چیرۆکنووس بە بەرهەمێکی ئەدەبی بەرخودان لە

---

٢١ – بنچینەی ناوی کەرکووك – تۆفیق وەهبی – وەرگێڕانی محەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی... ئەو باسەی تۆفیق وەهبی لە ژمارە (١)ی حوزەیرانی ١٩٥٨ی ساڵی یەکەمی گۆڤاری (الکتاب) بلاوکردۆتەوە، گۆڤاری هاواری کەرکووك، ژمارە (٣)، ئازاری ١٩٩٩، ل٣٠.

٢٢ – شاری کەرکووك لە مێژوودا، قاموس الاعلام، زانای بەناوبانگ و مێژوونووسی تورك (شەمسەددین سامی)، گۆڤاری برایەتی، ژمارە (١)، ڕۆژو مانگ و ساڵ بە ژمارە نەنووسراوە.. ل٣٠.

رەسـەنايەتیو دێرینـی شـاری کـەرکووکی کـوردی دائـەنرێت و لـەو رووەوە لەتیف حامید لە چیرۆکەکانیدا هەڵوێستێکی راست و بـەهێزی نوانـدووە، لـەو بارەیەشــەوە دکتــۆر ئیــبراهیم قــادر محەمــەد لــە نامــەی دکتۆراکەیــدا (لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کـوردی لـە کوردسـتانی باشـووردا) ((١٩٧٠-١٩٨٠))ی ئابی ١٩٩٧ لـە لاپـەڕە ((٣٨))دا بـەم جـۆرە رای خـۆی دەردەبڕێـت (نووسەر لەتیف حامید، خۆشی رۆڵەی شاری کەرکووك بوو، یـەکێك بـوو لـەو رۆشنبیرە شۆڕشگێڕانەی، کە شـاری کـەرکووکی زۆر بـە لاوە مەبەسـت بـوو، بەرگری لە کوردبوونی و لەدەستنەدانی دەکرد!).

# بەشی دووەم

## هەڵسەنگاندنی چەند کورتە چیرۆکێکی لەتیف حامید:

بـە مەبەسـتی هەڵسـەنگاندنی وردو دروسـتی چـەند کورتـە چـیرۆکێکی چـیرۆکنووس و ئاراسـتەکردنی بـارو سـەرنجی زانسـتیانە، بـاش وایـە: ئـەم لێکۆڵینەوە تەنیا یەك لایەنی چیرۆکەکانی نەگرێتەوە، لەبـەر ئـەوەی لـەتیف حامید بەپێی بەهرەی ئەدەبیو تواناو لێهاتوویی و جۆری بۆچوون و شێوەی بیرکردنـەوەو بیروبـاوەڕو ئیمـانی خـۆی، گۆڕانکـاری بەسـەر هـەردوو لایـەنی نـاوەرۆك و شـێوازی هونـەری "روخسـار"دا هێنـاوە، بۆیـە ئێمـەش لـەم لێکۆڵینەوەیەدا هیچ لایەکیان فەرامۆش ناکەین.

### شێوەی هونەری چیرۆکەکانی:

بـەر لـە نووسـین و بڵاوکردنـەوەی کورتـە چـیرۆکەکانی لـەتیف حامیـدو پەیدابوونی بزوتنەوەی ئەدەبی روانگە، زۆربەی هـەرە زۆری چیرۆکنووسـانی کورتە چیرۆکی کوردی لە رووی هونەری نووسینی کورتە چیرۆکەوە، پەنایان بۆ شێوازە کۆنەکەی نووسـینی کورتـە چـیرۆك ئـەبردو سـەرەتا بـە شـێوەی گێڕانەوەیـەکی دورو درێـژی وەرسـکەر، دەسـتیان پـێ ئـەکردو پـەیڕەوی هـەنگاوو رێچـکە کلاسـیکیان ئـەکردو بـە شـێوەیەکی "ریپۆرتـاژنووس" لـە نووسینی ئاسایی رووکەش، پلەو قۆناغی کورتە چیرۆکی هونەری: "سەرەتا، ناوەنـد، کۆتایی"یـان بـەکارهێناوە... بـەڵام دوای ئـەو گۆڕانکـاری و پێشکەوتنانەی کورتە چیرۆکی هونەری لە سەر دەستی داهێنەران بەخۆیەوە بینی، چیرۆکی کوردیشی گرتەوە، ئەگەر چی لە چاو ئەو پێشکەوتنانەی لـە رووی روخساری هونەریو ناوەرۆکەوە بە سەریدا هـات، درەنگـە وەخـت لای کورد سەریان هەڵداو دەرکەوتن.

روخسـار یـاخود لایـەنی رازاندنـەوەو پێکهێنـانی هونـەری بـۆ ئـەدەب بـە

گشتیو کورته چیرۆك به تایبەت، بایەخ و تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو پێویسته:*(هونەری چیرۆك وەك هەموو داهێنانێکی ئەدەبی نەك هەر پێویستی بە هۆش و بیرێکی هەستیارانە هەیە، بەڵکو دەبێ ئاگاداری دۆزینەوەی شتی نوێو بۆچوونی کارامانەی تایبەتیش بێت، سەرەڕای دەرخستنی باری دەروونی مرۆڤەکانی)*[٢٣].

راسته روخساری کورته چیرۆك، لایەنی هونەری ئیستاتیکاو جۆرو شێوەی بنیاتنان و فانتازیکردنەو واتاو زاراوەی داهێنان بە شێوەیەکی پراکتیکی خۆی لە هونەری داڕشتن و شێوەکاری ڕازاندنەوەی چیرۆکەکەدا ئەبینێتەوە، لە جێی خۆیایەتی بزانین دوای سالآنی حەفتاو، لە گەرمەی بزووتنەوەی ئەدەبی نوێی روانگەدا، ئەم چیرۆکنووسە چۆن لە رووی بەرهەمی ئەدەبییەوە هەڵسەنگێنراوە: *(بەلآم لە دوای سالآنی حەفتاوە لەگەڵ بەردەوامبوونی ئەم چیرۆکنووسانەی کە ناومان بردن... چەند چیرۆکنووسێکی تر هاتنە کایەوەو بازاڕێکی گەرمیان دایە چیرۆك، وەکو خوالێخۆشبوو "لەتیف حامید")*[٢٤].

چیرۆکنووس رۆڵی دیارو لە بەرچاوی خۆی لە داهێنان و تازەگەری لە کورتە چیرۆکی هونەریی کوردیدا بووەو لە هەمان کاتیشدا وەك ئەدیبێکی رۆشنبیرو هۆشیار، لە دەربڕینی بیروڕای نوێی ئەدەبیشدا خانەی دیاری هەبووەو تا ئێستا حیساب بۆ بیروڕاکانی ئەکرێت، بۆیە بە راستی ئەزانم سەبارەت هونەری نووسینی کورتە چیرۆك بە تایبەتی لایەنی "روخسار" پەنا بۆ بۆچوونی تایبەتی خودی چیرۆکنووس بەرین و بزانین چی ئەڵێت:*(چۆن هۆشی مرۆڤ دوو دیوە، دیوی دەرەوە "العقل الظاهر" و دیوی ناوەوە "العقل*

---

٢٣ – چیرۆکی ریالیزمی نوێ، (مستەفا سالح کەریم)، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٤٨)، ئادارو نیسانی ١٩٧٨.

٢٤ – زمان و ئەدەبی کوردی، پەخشان، د. شوکریە رەسووڵ، چاپخانەی زانکۆی سەلآحەدین– هەولێر، ١٩٨٧، ل٤٧.

*الباطن". هەروەها چیرۆکیش پێکهاتووە لە ناوەرۆك و روخسار........ خوێنەر لە رێگای روخسارەکەیەوە ئەتوانێ بگاتە مەبەست، روخساریش تێهەڵکێشی ناوەرۆکە، جووتە لەگەڵیا بە وێنەی مرواری ناو قاوغەکەی، بوونی توانایەك لە روخسارا، کە گیروگرفتە تەجریدییەکانی هۆشی مرۆڤ "المشاكل التجريدية العقلية" بگرێتە خۆی و یە رێگەیەکی هونەری پەسندەوە بتوانێ وێنەیەکی روونی گرفتەکان بخاتەڕوو، مەرجێکی پێویستی روخسارە، بە واتایەکی هونەری رێکوپێکە)*[٢٥].

لە رووی روخسارو هونەری نوێو نووسینی کورتە چیرۆکی سەردەمییەوە، سەرێك بە ناخی خودی چیرۆکەکانی چیرۆکنووسدا شۆڕئەکەینەوەو بە شێوەیەکی پراکتیکی لێیان ئەکۆڵینەوە.

چیرۆکنووس لە کورتە چیرۆکی "سێ هەنگاو بەرەو ئەودیو" بەم شێوەیە سەرەتای بنیاتنانی بەردی بنچینەیی چیرۆکەکە دائەڕێژێت:*(هەنگاوی دووەم: ئەمڕۆ رۆژی لەدایکبوونێکی نوێمە.. خۆم گورجەوە کردەوە بۆ ژیانێکی نوێ، ئەتوانم بە تەواوی رووداوەکانی دوێنێم بهێنمەوە پێش چاو.. تیشکی دەروونم هەموو هەنگاوە چەوتەکانی پێشوومی هەڵمژی.. سەرانسەر ژیانی دوێنێم هەڵەیەکی گەورە بوو.*

*تەکانم دایە خۆم لە سەر جێگەکەم راست بوومەوەو رووی قسەم کردە ئەو کچە بەرگ سپییەی، کە بەرامبەرم راوەستابوو، بە چاوێکی پڕ لە ترس و بەزەییەوە بۆی ئەڕوانیم)*[٢٦].

لە سەرەتای دەستپێکردن و داڕشتنی کورتە چیرۆکەکەوە، هەست بە گۆڕانکاریو تازەکردنەوەیەك ئەکرێت، بە پێچەوانەی رێچکەو رێبازی

---

٢٥ – لەتیف حامیدو گفتوگۆیەکی ئەدەبی، دیدارو چاوپێکەوتن، مارف عومەر بەرزنجی، رۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٧٣)، ١٩٧٣/١٠/١٩، ل٣.

٢٦ – سێ هەنگاو بەرەو ئەودیو، کورتە چیرۆك، لەتیف حامید بەرزنجی، رۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٤٣)، ٣١ی/ تشرینی یەکەم/١٩٧٠، ل٦.

نووسینی کورتە چیرۆکە کۆنـەکانی پـێش خـۆی، کـە بـە وەسـف و شـێوازی ریپۆرتاژنووسین دەست پێئەکرا، ئەم یەکسەر بە ناونیشـانی لاوەکـی دەسـت پێدەکات و چیرۆکەکە بە پێی ناونیشـانەکەی بەسـەر سـێ هـەنگاودا دابـەش دەکات و یەکسەریش روو لە کاکڵی مەبەست دەکات، کە خۆی لە خۆیدا ئـەم شـێوازە بـۆ سـەردەمی نووسـین و بڵاوکردنـەوەی چـیرۆکەکە نوێیـە... هـەر دانانی ناونیشانی هەنگاوی دووەم لە پێش هەنگاوی یەکەمـدا کـارێکی تـازە، ئا بەوە چیرۆکنووس رێچکە کۆنەکەی نووسینی کورتـە چـیرۆکی شـکاندووە: بۆیە پێم وایە: چـیرۆکنووس بەمەبەسـت هـەنگاوی دووەمـی پـێش هـەنگاوی یەکەم خستووە ئەمە خـۆی لـە خۆیـدا یاخیبوونـە لـە کـۆن و پـەیڕەوی ئـەو رێچکەو یاسایەی نەکردووە، کە لێرەوە سەرهەڵدەدات، ئـەوەتا پـاش دانـانی ناونیشـانی لاوەکـی، کـە هـەنگاوی دووەمـە، کەچـی وەك سـەرەتا هـەنگاوی یەکەم هەڵوێست ئەنوێنێت و ئەڵێت: "ئەمڕۆ رۆژی لە دایکبوونێکی نوێمـە.." دیارە ژیانی قۆناغی هەنگاوی یەکەمی بە هەدەرو خۆڕایی لە کیسچووە.. ئەو ئاڵوگۆڕە لە هەنگاوەکاندا بۆ خـۆی هونـەرێکی نـوێ دەرئـەخات. ئـەوەتا لـە هـەنگاوی یەکەمـدا ئـەڵێت:*(هـەنگاوی یەکـەم: کاتـێ کـە دەرگاکـەم لـە دوای خۆمەوە داخست، گـوێم لـە دەنگـی دایکـم بـوو وتـی: " رۆڵـە چەترەکەیشـت دڕاوە، باران تەڕت دەکات.. بۆ تانەی خەڵکی ئەهێنێتە سـەرمانا؟ چـەترێکی ترت هەر نەکڕی!)*[٢٧].. واتای ژێـر سـایەی هـەنگاوی یەکـەم زور هۆشـیارانە داڕێـژراوەو دەسـتی وەسـتاییەکی هونەرمەندانـەی پێـوە دیـارە، ئـەوەتا دەرگاکە لە دوای خۆیەوە پێوە دەدات و دایکی، کە هێمایە بۆ مێژووی دێرین و خۆشەویستیی کورد، داوای لێ دەکات بە رۆڵـی خـۆی هەڵسـێت و نـەهێڵێت بـەر تـیرو شـەرو تانـەی زەمانـە بکـەوێت، کەچـی لـە هـەنگاوی سـێیەمدا بـە رستەیەکی سەرنجڕاکێشەر کۆتایی پێئـەهێنێت و چـەندین پرسـیار لـە نـاخی

٢٧ – سێ هەنگاو بەرەو ئەودیو، کورتە چیرۆك، سەرچاوەی پێشوو، ل٦.

مرۆڤدا دروست دەكات و چاوەڕوانی وەڵامی بەجێو هەڵوێستی جوامێرانەشی لێ دەكات.

لە رووی هونەری دارشتن و بنیاتنـانی هونەرییـەوە، ئـەم كورتـە چـیرۆكە جووڵەیـــەكی نەســـرەوتی تیـــا هەســـت پێئـــەكرێت، هێمنیـــو ئـــارامی بەخۆیەوەنابینێت و هـەردەم لـە شـوێنی خۆیـدا راناوەسـتێت و هەمیشـە لـە جوولەو بزواندایە.

لە كورتە چیرۆكە "زەرد... سوور... سـەوز... شـین"دا چـیرۆكنووس بـە توانایەكی نوێو داهێنەرانەو لایەنی هونەری كورتە چیرۆكەكەیمان پێشـكەش دەكات و یەكسە روو لە ناوەرۆكی چیرۆكەكە دەكات و مەبەست بە دەستەوە دەدات:*(باخچـەكە رازابـووەوە، تـۆزێ شـڵەژام، بلیتەكـەم دەركـرد، مێـزی خەبات، رووم تێكرد، دانیشتم، چاوێكم بە دەوری خۆما گێڕا تەریقەوە بووم، خۆزگە نەهاتمایـە، پیـاو ئـەبێ پـێش هـاتنی بۆ شـوێنێ، ئاوهـا خـۆی بـاش رێكبخات. جگەرەیەكم داگیرساند، ئەمنوارِیە دووكەڵەكـەی، ئەمویسـت بەمـە شەرمی خۆم بڕوێنمەوە)*[٢٨].

لە سەرەتای نووسینی ئەم چیرۆكەشیدا، لایەنی درەوشـانەوەی هونـەری نوێی دارشتنی كورتـە چـیرۆكی كوردیمـان پێشـكەش ئـەكرێت.. خوێنـەر بـە چاوپیاخشاندنێكی سەرپێی و ساكار هەست بە تازەگەری هونەری چیرۆكەكە دەكات.. تەنانەت لەچاو چیرۆكی یەكەمدا "سێ هـەنگاو بـەرەو ئـەودیو"دا.. سیمایەكی نوێی هونەری دی هەست پێئەكەین.. لەو كۆپلەیـەی لـە پێشـەوە بۆ چیرۆكی یەكـەم پێشـكەشمان كـرد، ئـەوەبوو لـە نێـوان: وشـەو پاڕسـتەو شاڕســتەدا دووپنــت "خــاڵ" دانــراون، *(هــەنگاوی دووەم: ئــەمڕۆ رۆژی لەدایكبوونی نوێمە.. خۆم گورجەوە كـردوە بـۆ ژیـانێكی نـوێ.. ئـەتوانم بـە تەواوی رووداوەكانی دوێنێم بهێنمەوە پـێش چـاو)* دانـانی ئـەو دوو خاڵـە لـە

---

٢٨ – (زەرد... سوور... سەوز... شین)، كورتە چیرۆك، لەتیف حامید، گۆڤاری بەیان، ژمـارە (٩)، مانگی شوباتی ١٩٧٣.

نێوان نووسینەکەدا مەوداو فراوانی و پاشماوەی فیکری ناوەخنی باسەکان رائەگەیەنن.

کەچی لە چیرۆکی "زەرد... سوور... سەوز... شین"دا لە کۆپلەی سەرەتای چیرۆکەکەیدا تەنیا پنت "خاڵێك" دائەنرێت: باخچەکە رازابووەوە، تۆزێ شڵەژام، بلیتەکەم دەرکرد:

*"مێزی خەبات، رووم تێکرد، دانیشتم، چاوێکم بە دەوری خۆما گێڕا" .*

ئەو جۆرە دارشتنە نوێیە، نیشانەی بەکارهێنانی تەکنیکی نوێی سەردەم لە نووسینی کورتە چیرۆکدا ئەگەیەنێت و نێوان هەر خاڵێك و هەر رستەیەك یاخود وشەیەك بۆ خۆی واتایەکی قووڵی سەربەخۆ دەرئەبڕێت، بێ ئەوەی چاوەڕوانی وشە یاخود پاڕستەو شاڕستەی دوایی بکەیت.. شایانی باسە ئەو چیرۆکە "زەرد... سوور... سەوز... شین" لە ١٩٧١/٦/٢٢دا نووسراوەو لە مانگی شوباتی ١٩٧٣دا بڵاوکراوەتەوە.

چیرۆکنووس لە کورتە چیرۆکی "وڕێنەی پیاوێکی نوقمی سێبەر"دا جیا لە شێوازی هونەری ئەو نموونەیەی لەو دوو چیرۆکەی پێشکەشکران، هەست بە لەیەکچوونی تەکنیکی نووسینە هونەرییەکە ناکەین..ئەم چیرۆکە لە (رۆڤار)دا وەك یەکەم چیرۆکی چیرۆکنووس بڵاوکراوەتەوەو مێژوو: "رۆژ، مانگ، ساڵ"ی نووسینی بەسەرەوە نییە، سەرەتا بەم شێوەیە بە دنیا بەرینەکەیمان ئاشنا دەکات:*(وای ئەزانی ئاوێنەکانی ئەودیو مێڵە بەردینەکانیش هەر بێ نوونەو لەکەن، وەکو ئەوکانیەی کە پێش ساتێك دەمی پێوە ناوتوێتی خۆی تیا تواندەوە، تریفەدارو دەم بەبەستن..!).*

*وای ئەزانی کەمەری شینی ساماڵی بە زیوچێنراو هەردەم بە جریوەی شەونخونی و چاوزیتی پۆلاڕێژکراوەو لێڵی و ترازانی نییە.. ئەو رۆژەی کە لە دڵی ئەودا تیشکی داوەتە پەرژینی سەرانسەری ئەو جیهانەیە کە دڵبەندی بووەو بە نەرمی هەنگاوی بۆ ئەنێ..!)*[٢٩] .

---

٢٩ – وڕێنەی پیاوێکی نوقمی سێبەر، کورتە چیرۆك، لەتیف حامید، رۆڤار، "رۆژنامە – گۆڤار"، ژمارە (٤)، ١٩٩٩/١٠/٥، ل١.

بەهرەی هونەریو داهێنانی نوێ بەسەرجەم نموونەی ئەو سێ چیرۆکەوە دیارن، کە پێشکەش کران... ئەوەتا تەنانەت هەر لە ناونیشانی کورتە چیرۆکەکەوە "وڕێنەی پیاوێکی نوقمی سێبەر" تیایدا هەست بە تازەگەری ئەکرێت و چیرۆکنووس پەیڕەوی ڕێبازی شێوازە کۆنەکەی کورتە چیرۆکی نەکردووە، یەکسەر رووی لە دنیای بابەتەکەی کردووە، بێ درێژدادڕی، ئەوەی ویستویەتی پێشکەشی کردووین.

**هونەری نوێی کورتە چیرۆك و بەکارهێنانی زمانی سەردەم:**

یەکێك لەو خەسڵەتانەی بنکەو بنەمای سەرکەوتنی هونەری لە نووسینی کورتە چیرۆکدا بەهێزو مسۆگەر دەکات، زمانی دووان و نووسینە، ئەمە چەند لایەن و رووی گەش و دیاری لە خۆگرتووە، گرنگترینیان کە چیرۆکنووس پەیڕەوی کردوون:

١- بەکارهێنانی وشەو زاراوەی نوێ، بە شێوەیەکی خوازەیی و درکەیی.. ئەمەیان بۆتە مایەی زیاتر ڕازانەوەی ڕستەکان، کە واتاکەی چڕو سەخت کردۆتەوە.. خوێنەرو بیسەر بۆ بیرکردنەوەی قووڵو وردتر بەرەو ناخنی مەبەست ڕائەکێشێت.

٢- بەکارهێنانی وشەو پاڕستەو شاڕستە، بە هاوکاری و یارمەتی و نیشانەو هێمای خاڵبەندی.. لە هەردوو حاڵەتی پێشوودا، لێهاتوویی نووسەرو دەسترۆیشتوویی لە زمانی دایك و زمانی عەرەبی و بەکارهێنانی کەرەسە خاوەکانی زمان، هاوکارییەکی بەهێزو ڕاستەوخۆی کردووە لە تازەگەریو داهێنانی نوێ لە کورتە چیرۆکەکانیدا.

لەتیف حامیدی چیرۆکنووس خاوەنی سامانێکی زۆری کەرەسەو ماددەکانی زمان بوو، زمانێکی تەڕو پاراوو چڕوپڕو خەستی لە چیرۆکەکانیدا بەکارهێناوە، ئەوەش یارمەتییەکی باشی داوە، لە داڕشتن و بنیاتنانی کۆشکی بەرەو ئاسمان هەڵچووی کورتە چیرۆکەکانیدا.

شایانی باسە، بەپێی پێویست جێگۆڕکێی بە واتای وشەو ڕستەش

کردووەو ئەوەش هۆیەکی سەرەکی و گرنگ بوو لە داهێنانی نوێی هونەری نووسینی کورتە چیرۆکی سەردەمدا.

### کاکڵ و ناوەرۆکی کورتە چیرۆکەکان:

هەموو کارو بەرهەمێکی نوێ و داهێنەرانەی ئەدەبی دوولایەنی لە یەك دانەبڕاویان هەیە"روخسار و ناوەرۆك".. ئەوەی لەم رووەوە مەبەستە بۆچوونی زانستیانەی ئاراستە بکەین، ئەو راستییەیە: هیچ چمك و بەشێکی دنیای بەرهەمە ئەدەبییە جۆربەجۆرەکان، ئەوەندەی کورتە چیرۆکی هونەری،ئەو واتایەی بەسەردا ناسەلمێت،بەوەی هەرگیز ناکرێت لەسەر حسابی گرنگیدان بەلایەکیان،قوربانی بەلایەنی دووەمی بدرێت و گەر چیرۆکنووس دووچاری ئەو غەفڵەتە بێت، ئەوا هەر زوو لاوازی وکەموکورتی بە کورتە چیرۆکەکەیەوە دەرئەکەوێت و نەشارەزای خۆی لەو بوارەدا ئەنوێنێت.

چیرۆکنووسی هۆشیار و شارەزاو لێهاتوو،هەمیشە لە هەوڵی خۆپێگەیاندنداییەوە،ئاگای لەو گۆڕانکاری و پەرەپێدان و بەرەو پێشچوونانە دەبێت کە لە بواری هونەری کورتە چیرۆکی سەردەممدا روو ئەدەن.. بۆیە هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە..فیکرێکی باش و بە هێزلە رووداوێکی گەرمی سەرنجڕاکێشەر هەڵهێنجێت و لە قاڵبێکی بەرزی هونەری دا دایانڕێژێت و روخسارێکی ئیسك سووك و جوانی پێ ببەخشێت،کورد واتەنی: "کالاّ لە قەد بالاّ بێت".. پەیڕەوکردنی ئەو رێبازو رێچکەیە،تا ئاست و ئەندازەیەکی باش سەرکەوتن بەدی ئەهێنێت.

لەتیف حامید یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی سەرکەوتووانە، چوون یەك بایەخ و گرنگی بە داهێنانی نوێی لە روخسارو ناوەرۆکی چیرۆکەکانیدا داوە،ئەوەش هۆیەکی ئاشکرایە، وای لە خوێنەری چیرۆکەکانی کردووە لێییان دانەبڕێت و ئاوێتەی یەك بن: (*چیرۆك و خوێنەر، هەردوولایان، لەو*

*تەقەلایەدان، یەکتر بجوڵێنن و لەم ئاست یاخود ئەو ئاستا بێت روو لە ناخی یەکتر بکەن.)*[٣٠]

کەواتــە چیرۆکنووســی شــارەزا چــیرۆکێکی زینــدوو بەرهــەم ئــەهێنێت و هەمیشە گیانی لە بەردایەو نرکە و جووڵەی هەست پــێ ئــەکرێت، راســتەوخۆ کـار لـە خوێنـەر دەکـات و بەخۆیـەوە شـەتەکی دەدات..چـیرۆکنووس خـۆی لـەبارەی نـاوەرۆکی چـیرۆکەوەبەمجۆرە بـیرو بۆچـوونی خـۆی دەرئـەبڕێت: *(...نــاوەرۆك پێویســتە جەوهــەری رووداوەکــان وەك نرخێکــی تەجریــدی وەرگرێت و بە وێنە و جموجۆڵ کردار بکاتەوە لە هۆشمان و نەك بە نـاوبردن و دەسـت بـە سـەراگرتنی راسـتەوخۆوە بـۆ ئـەوەی چـیرۆك ببێتـە مرۆڤێکـی دروست و تەواو،مەرجە ناوەرۆکەکەی رژابێتە جەوهەری رووداوەکەوە)*(٣١)

چـیرۆکنووس ئـەو بیروبـاوەڕەی خـۆی بـە کـردەوە لـە داڕشـتنی کورتـە چیرۆکەکانیدا پیادەکردووە. باش وایـە، هێمنانـە روو لـە بابـەت و نـاوەرۆکی چیرۆکەکانی بکەین.

چیرۆکنووس هەروەك لە شێوازی نوێی داڕشتنی کورتە چـیرۆکی هونـەری کوردیدا، شێوەیەکی سەردەمییانە و فەنتازییەکی شارەزایانەی لە روخسـاردا بەکارهێنا، کە بێگومان لە شێوازی بنیاتنانی هونەری کورتە چیرۆکی بـەر لـە خۆی جیاوازیان هەیە..هەر بە هەمان پلەو ئاست و بـە هەناسـەو پشـوویەکی نوێیــوە رووی لــە بابــەتی نــاوەرۆك کــردوە، ئــەو دەستپێشــخەرییەی بــە تازەکردنــەوە دائــەنرێت کــە تــەعبیر لــە ژان و ئــاوات و خواســتی کــوردێکی چەوســاوەو مــاف پێشــێلکراوی جــوامێر بــە هەڵوێســت دەکــات: *(لــەوەتی کەوتوومەتــە بیرکردنــەوەو نووســین هــەر خــەریکی داڕشــتنی تابلۆیــەکی*

---

(٣٠) القـص القـرئ–الشـائح لا يمـوت–فيصـل ابـراهيم كـاظم–جريـدة العـراق–العـدد(٧١٠٣) ٢٠٠٠/٧/٢١.

(٣١) لەتیف حامیـد و گفتوگۆیـەکی ئـەدەبی–دیـدارو چـاوپێکەوتن–مـارف عومـەر بـەرزنجی–رۆژنامەی برایەتی–ژمارە (٧٣)–هەینی–١٩٧٣/١٠/١٩.ل.٣.

*زیندووم،کـە ئەویش،کوردێکـە.. مرۆڤە..شـۆڕگێڕە..پێ خـۆی لـە سـەر خاکەکـەی گـیر کـردووە بـە رووی زۆرداری و نـەزانی و خۆبەدەسـتەوەدان ئەجەنگێت بۆ ئەوەی مۆلەتی ئـەوەی دەستکەوێت،کانیاوی خۆشەویستی و هـەتاو بتەقێنێتـە سـەردەمی ولآتەکـەی و بـە درێـژایی سـنوور و ئـەودیو سنووردا)* [٣٢]

یەکێکە لە خەسڵەتە هەرە گرنگ و دیارەکانی ناوەرۆك و لە چـیرۆکەکانی چیرۆکنووسدا سـفتی و چـڕی داڕشـتنی واتـای (وشـەو پاڕسـتەو شاڕسـتەی) نووسینەکانێتی، بەوردی و قووڵی بە جۆرێکی ئەوتۆ مرۆڤ هەسـت بـە فـەزای نێوان بیرو بۆچوونی نـاو نووسـینەکانی ناکات،بـە واتایـەکی دی: هـیچ وشـەو رسـتـەیەکی بـێ هـۆو بەمەبەسـتی درێـژ دادڕی دانەناوە،لـەم حاڵەتـەدا لێکۆڵـەرەوەی بەرهەمـەکانی بـۆی هەیە،لـە هـەر کوێیـەکی نووسـینی چیرۆکەکانیەوە کـاری زانسـتانەی خـۆی بکـات و هـەر وشـەو رسـتەیەکی بـە جیالێـك بداتەوە،ئەمـە بـێ ئـەوەی هەسـت بـە دابڕانـی واتـای یـەکگرتووی ناوەرۆکەکەی بکرێت.

لەتیف حامید رۆشنبیرێکی سەردەمەکەی خۆی بوو، ئاسۆی بیری یەکجار فراوان بوو، رووی لە هەر باس و بابەتێکی فیکری کردبێت بە وریایی و قووڵی و شارەزایانە بەرەگ و ریشەیدا شۆڕبۆتە خوارێ..بۆیـە: هەرکەسێك بیـەوێت روو لە دنیای فیکرو بیروڕاو بۆچوونی بکات، بەرهەمە ئەدەبیەکانی بە ئاسانی دەستەمۆ نابن و بەزەحمـەت و پـاش لێکدانـەوەو تـاوتۆکردنێکی هۆشـیارانە چەمکەکانی رۆشن و ساغ ئەبنەوە.

زۆربەی چـیرۆکەکانی لـەتیف تـەعبیر لـە نـاخی خواسـت و ئەندێشـەکانی خـودی خـۆی و نەتەوەکـەی دەکات..هـەر بۆیـە هەسـت ئەکرێت،پاڵـەوانی چیرۆکەکانی خودی چیرۆکنووس بن.

لەتیف خـاوەنی هەسـتێکی ناسـك و ئـەوینێکی خـاوێن بـوو، سەرچـاوەی

---

(٣٢) لەتیف حامید و گفتوگۆیەکی ئەدەبی، سەرچاوەی پێشوو ل ٣.

کانیاوی بیروباوەڕی کوردایەتی شۆڕشگێڕانە و مرۆڤانە بووە.. ئەویش لە ئەوینی خاکی کوردستان و "شار"ـە نازدارەکەی کەرکووکی خۆشەویستدا تواوەتەوە.

**خۆشەویستیی شاری کەرکووک لای چیرۆکنووس:**

جاران کە ناوی شار ئەبرا خەڵکی دەم و دەست، شاری سلێمانی خاوەن هەڵوێست و خۆبەخت کەریان ئەهاتە بەرچاو، بەڵام شار لە چیرۆکەکانی چیرۆکنووسدا رەمزێکی ئاشکراو پڕ لە شانازی کەرکووکی چەوساوە و خاك داگیرکراوە..چیرۆکنووس لە زۆربەی دەربڕینە ئەدەبیەکانیدا هانای بۆ بەکارهێنانی رەمزبردووە: *(رەمز لە داهێنانی مرۆڤەو بەکارهێنانیشی لە لایەن مرۆڤەوەیە)*(٣٣)

سەبارەت واتای رەمز ئەم رایەش دەربڕاوە: *(رەمز شتێکە لە جێی شتێکی دییەو ئەرك وکارەکانی ئەو شتە سەرەکییە بەجێ ئەهێنێت.)*(٣٤)

کاتێك ئەدیبی لێهاتوو پەنا بۆ بەکارهێنانی رەمز ئەبات،لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەیە کە تیایدا ئەژی و مەودای دەربڕینی واتای زاراوە حەقیقەتیەکان تەنگەبەرن..چیرۆکنووس بۆ خۆی بڕوای بە رەمزە وەك نیشانەی بەرخودان و تۆمارکردنی هەڵوێست،پێی وایە: لە ئەنجامی پێویستییەکانی خەباتی ئەو سەردەم و قۆناغە هاتۆتە پێش: *(رەمزیەت وەکو قوتابخانەیەك لە ئەنجامی چەند پێویستییەکی مێژووی دا سەری هەڵدا... رەمزیەت دەبێتە پەیامنێری نووسەر و دەبێتە تاکە رێگە بۆ خەباتی وشەی ئازاد بۆ ئەوەی لە خەباتا وەستانن نەزانێ.)*(٣٥)

---

(٣٣) اسس التربية الفنية–دكتور محمود السيونى–دار المعارف–مصر–١٩٦١.ل٢٥٥.

(٣٤) سەرچاوەی پێشوو ل ٢٥١.

(٣٥) لەتیف حامید و گفتوگۆیەکی ئەدەبی–دیدار و چاوپێکەوتن–مارف عومەر بەرزنجی–رۆژنامەی برایەتی–ژمارە (٧٣)–هەینی ١٩٧٣/١٠/١٩ ل٣.

شار لای چیرۆکنووس رەمزێکی حەقیقییە بۆ خۆشەویستی و خۆراگری شاری کەرکووك و دانیشتووانە کوردەکەی.

مەینەتی دانیشتوانی خامۆشی شار، هۆیەکی پاڵپێوەنەری بەهێزە و هەمیشە هۆش و بیری لەتیفی هەژاندووە، دیمەنە تراژیدیایەکانی خەڵکی شار مایەی هەڵوێست وەرگرتن بوو: *(بازاری شارەکە خامۆش بوو، تاکو تەرا خەڵکی سەری لە ماڵ هێنابووە دەرەوە، گەلێك لەوانەش لە ترسی باران خۆیان خزانبووە چاپخانەکانەوە، لە ناوەراستی شەقامەکەدا هەر خۆمم بەدی ئەکرد.)*(٣٦)

چیرۆکنووس لەو پەرەگرافەی کورتە چیرۆکەکەیدا: شارو بارانی وەك دوو رەمز لە ژیانی شاری کەرکووکدا بەکارهێناوە.باران بارین، دەشێت رەمز بێت بۆ تەقەو گوللەباران و کاری شۆرشگێرانەی پێشمەرگەی کوردستان، لە هەمان کاتیشدا هێما بە هەڵوێستی تاك و تەنیا خۆی و تاك و تەرای خەڵك دەکات، بەلاَم بە گشتی خەڵکەکە لاتریسکەیان گرتووەو خزاونەتە ناو چایخانەکانەوە، دانیشتووانی چایخانەش رەمزە بۆ کەسانێك،بێ کارن و لەوێ وەخت بەسەر ئەبەن و زۆربەیان دەست بە کلاَوی خۆیانەوە ئەگرن.

چیرۆکنووس بە شێوەیەکی هۆشیارانەی سەردەم کەڵکی لە رووداوە سەختە خەماوییەکانی شاری ماف پێشێلکراوی کەرکووك وەرگرتووە... کردەوەی ناهەمواری تەپلە بەسەرە زلەکانی بێگانەی هێناوە و دیمەنی هەڵوێستی داگیرکەرانی تیا نیشانداون،کە بە پانی و درێژی شەقامەکانی شاری کەرکووکدا باڵ فش دەکەنەوەو خۆیان بەسەر دانیشتوانەکەی دا با ئەدەن، تاکو بەرجەزرەبەی شۆڕشی کورد ئەکەون: *(لا رەشە دەمی خستۆتە خوێنیان،هەر بەوەیا ئەگەن رۆژێ یەکێکیان بەرێ بخەن.*

*ئەمەی واخراوەتە سەرشان چەکدارێکی ورگنی تەپلە زل بوو. هەوای*

---

(٣٦) سێ هەنگاو بەرەو ئەودیو–کورتە چیرۆك–لەتیف حامید–رۆژنامەی هاوکاری–ژمارە(٤٣)–٣١/١٠/١٩٧٠.ل٦.

*گەشتێکی خۆش کەوتبوە سەریەوە،خۆی پێیانەوە لکان،دۆزێکیان لە نێوان خۆیاندا بۆ کردەوە بە هاسانی خۆی پیاکرد،دە رۆژ لە مەوپێش لە ناو شارا باڵی رائەوەشاند،بازی بەنی قۆڵی پیشان ئەدان،سەرکردەییانی ئەکرد،پێیانی ئەوت: خۆتان لە پەتا بپارێزن، دوێنێ کەلێی نزیك بووەوە سێ بەرەکەی دی لارەوە بوو بوو.)* [٣٧]

لەتیف قسەی رووت و بێ بایەخ پێشکەش ناکات، بەڵکو بە ناخی قووڵایی رووداوە تێکچڕاوەکانیدا شۆڕدەبێتەوە و هەست و نەست و جووڵانەوەی قارەمانەکانی دەرئەخات و هەندێك جاریش لایەنی دەروونیش شیدەکاتەوە،ئەمەش وای کردووە، کورتە چیرۆکەکە، خانەیەکی باشی لە هونەری نوێیی کورتە چیرۆکدا پێ ببڕێت: *(چیرۆکی باش،ئەو ئەو چیرۆکەیە، زمانی سفت و بەتین و ساکار بێت، بزووتنەوەی قارەمانەکانی رێکوپێك بن، وێنەی سووچێك لە ژیان و سایکۆلۆجیەتی مرۆڤ دەربخات)* [٣٨]

لە کورتە چیرۆکی: (رۆژژمێری خەواڵویەکی شاری سەلجووقی)دا چیرۆکنووس بە زمانێکی ئاسان و رەوان پێناسەی خودی خۆی و شارەکەیمان پێشکەش دەکات و بەمجۆرە ئاشنایمان دەکات. *(پێناسین: من هاووڵاتیەکی شاری سەلجووقم. ناسنامەکەم ئەم شارەی پێوەیە،خۆشەویستی خاکەکەی نەخشەیەکی تووڕەی بۆ هەنگاوەکانم کێشاوە.)* [٣٩]

تا ئێرە تەنیا خۆشەویستی شارو خاکەکەی دەرئەخات، بەڵام کام شار؟..بەڵێ ئەو شارەیە: *(کڵپەی ئاگرەکەی لە پەرەی تەمەنمەوە*

---

(٣٧) قوڵپی رشانەوەی رەش–کورتە چیرۆك–لەتیف حامید–رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٢٣)–١٠/٧/١٩٧١.ل.٣.

(٣٨) وێژە–گفتوگۆیەك لەگەڵ دکتۆر مارف خەزنەدار–دیدار–رۆژنامەی هاوکاری–ژمارە(٥)–٦/٢/١٩٧٠.ل١٠.

(٣٩) رۆژمێریەکی خەواڵویەکی شاری سەلجووقی–کورتە چیرۆك–لەتیف حامید–رۆژنامەی هاوکاری–ژمارە (٣٩)–٣/١٠/١٩٧١.ل.٣.

*ئالأوه،ڕەنگــە هەڵقرچــاوەکەی ئـــاوازێکی تراجیـــدی بەخشـــیوە بـــە گۆرانییەکانم).*[40]

ئەو پەرەگرافەی پێشەوە هیچ گومانێك لەوەدا ناهێڵێتەوە کە شاری کڵپە و ئاگر..شـاری کەرکووکە..ئێسـتە بـا بـزانین ئـەو هاولاتیـە (لـەتیف حامیـد) بەتاکی تەنیاو دابڕاوی لـە خەڵکەکـە ئەمێنێتـەوە یـاخود بـیروڕاو هەڵوێسـتی تایبەتی خۆی لە خەڵکەکە جیاناکاتەوە؟.

*(مـن هاوولاتیـەکی شـاری سـەلجووقم، هەسـت بـەوە ناکـەم کـە شـتێکی جیاوازم لە خەڵکەکەی..شێوەی هەڵبزرکاویان کرووزە دەخاتە دڵمەوە،کەچی ئەوان من ناناسنەوە،ڕاستی منیان لێ شـاراوەتەوە،بە زۆرەملێـی خـۆم نـەبێ داڵدەی شەوێکم نادەن.)*[41]

لەو پەرەگرافەی پێشەوەدا بـۆ کـروزی هەناسـەی چـیرۆکنووس دێـت بـە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ،ئایندەی خۆی بە خەڵکـە چەوسـاوەو سـتەمدیدەکەوە گـرێ دەدات و خـۆی بەبەشـێکی دانـەبڕاو لـە جـەماوەر ئەزانێت،ئەگـەر چـی خەڵکەکە لە ڕاستی و دڵسۆزی و خاوێنی دەروونی نەگەیشتوون و بە تـەواوی ناینـاسن..بۆیە لە ناو خۆیاندا بەباشی جێی ناکەنەوە لەوەشە بەبێگانە بـزانن بۆیە تەنانەت بە زۆرەملێی خۆی نەبێت داڵدەی مانەوەی شەوێکیشی نادەن.

یەکێ لەو دیاردانەی چیرۆکەکانی لەتیف حامیدی پێ ئەناسـرێتەوە..پەنا بردنە بەر "خەو"و لە کورتە چیرۆکەکانیدا کەم و زۆر بایـەخی پێدراوە..ئـەم حاڵـە دەروونییـەی چـیرۆکنووس تیـا ژیـاوە،وای کـردووە بـە شـێوەیەکی سروشتی خەو تێکەڵ بە چیرۆکەکانی بێت.باشە ئەمە چیبوو و لەبەر چـی؟..

*(..خەو ڕەنگدانەوەی ئارەزووە دامرکاوەکانـە و مەبەسـت بـە دیهێنـانی ئـەو خواستانەیە،لە واقیعدا نایەنەدی)*[42]

---

(٤٠) ڕۆژمێریەکی خەواڵویەکی شـاری سـەلجووقی–کورتـە چـیرۆك–لـەتیف حامیـد–ڕۆژنامـەی هاوکاری–ژمارە ل٣.

(٤١) سەرچاوەی پێشوو ل٣.

(٤٢) مدخل علم النفس–لندال.دافیدوف–ترجمة: دکتـور سـید المطلـوب، دکتـور محمـود عمـر، دکتور نجیب خزام–مراجعة وتقدیم: دکتور فؤاد ابو حطب–الطبعة العربیة–المکتبة الاکادیمیة بالقاهرة ودار المریخ لنشر بالریاض–١٩٨٣.ل.٣١.

ئەم حاڵەتی پەنا بردنە بەر بەکارهێنانی خەوە، لای لەتیف چەندین جار دووبارە ئەبنەوە،دیارە ئەو ئارەزوو خواستانەی لەتیف گینگڵی پێوە خواردوون و تلی پێوەداون،ئەو خەم و ئاواتانەیە،مەبەستیتی بە واقیع بیان هێنێتە دی: *(...شارەکەم ئاوسی زێیرێکی سووتێنەر بوو.*

*پێم ووت: دوێنیمان پڕ لە خەوبوو.*

*وتی: خەوبینین بەشێکە لە ئاواتەکانمان.*

*وتم:لە بیرتە ئەو رۆژەی دوو بە دوو یاریمان ئەکرد.*

*وتی: وام ئەزانی ئەمڕۆیە.*

*وتی: کش سەرباز.*

*وتم: ئەسپەکەم سەر کێشە.*

*وتی: کش قەڵا.*

*وتم:شالیارەکەم جێ لەق مەکە.*

*وتی کش پاشا.*

*وتم: بردتەوە.*

*دەستیم گوشی و پێم ووت: ئەم یاریەشی بردەوە. پێیان بڵێ پێی خۆیان داگرن.. نەخشەی شاری سەلجوقی ئەدۆرێنن کێ ئەڵێ: من خەواڵووم؟! فەرهەنگەکان پڕن لە هەڵەی زمانەوانی).* (٤٣)

چیرۆکنووس لەم چیرۆکەیدا–شاکارێکی ئەدەبی مەزنی هێناوەتە بەرهەم و لە رووی ناوەرۆکێکی بە پێزی فیکری لە قالبێکی هونەری یەجگار داهێنەرانەدا جێکردۆتەوەو تەکنیکێکی تازەی ئەوتۆی بەکارهێناوە، مەگەر هەر لە دەست ئەو هاتبێت: دەفەرموو لە بەردەم ئەم گفتوگۆیەدا خۆڕاگرەو دۆش دامەمێنە؟.

وتی: کش قەڵا.

---

(٤٣)رۆژمێری خەواڵویەکی شاری سەلجووقی–کورتە چیرۆك–لەتیف حامید–رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٣٩)– ٣/١٠/١٩٧١.ل٧.

وتم: شالیارەکەم جیّ لەق مەکە.

وتی: کش پاشا.

وتم: بردتەوە.

ئـای لـەو جوولـە و چـالاکییە برووسـك ئاسـاییەی لـە نێـوان خـۆی و بەرامبەرەکەیدا رووئەدا..

ئەوەتـــا: وەك بــە ڕووی لــە دەممــدا تەقێبێتــەوە،بیّ چــەند و چــۆن ئەنجامێکی کتوپڕی خێرا و تیژ بە دەستەوە دەدات و هـەم تەسـلیم بـوون و هەم بەرەنگار بوونەوە.. ئەدەبی کوردی شانازی بەم بەرهەمـەوە دەکـات لـە رووی روخسـاری هونـەری و نـاوەرۆك و هەلّوێسـتی چیرۆکنووسـەوە، کـە بـە توانـاو لێهاتوویـیـەکی چاکەوە سـیمایەکی زینـدووی بـە کورتـە چـیرۆکەکانی بەخشـیوە،لەتیف حامیـد لـە چـیرۆکی: (بەشـێك لـە داسـتانی سـوالّکەرە نەناسراوەکەدا) روو بە رووی جەماوەر دەبێتەوە چونکە خەلّکەکە هـەموویان باش لەو دۆخە نالەبارە گەیشتوون کە شارەکەی تیادا ئەژی: *(داستانەکەتان بۆ ناگێرمەوە،چونکە تا وەکو ئێستە هەمووتان لە سوێرایی رووداوەکانیا بە دوای وێنەی خۆتانا ئەگەڕێن،بە وێنەی پاڵەوانەکانی هەڕەشە لە تیشکی خۆر ئەکەن.*

*وتیان: شارەکەمان ئاوێنەیە.*

*وتم: هەرکەس بە جۆرێك خۆی تیا ئەبینیّ.*

*وتیان: پاشا هەنگاوەکانی سەنگینە.*

*وتم: سەرگوزشتەکەیم لە داستانەکەدا بیستوە.*

*وتیان: چاوی زۆر بڕ دەکات.*

*وتم:بەر پێی خۆی پیّ نابینیّ.*

*وتیان: دڕ بە هەور دەدات.*

*وتم: بەر بروسکەکەی ئەکەوێت.*

*وتیان: دوورە..)* (٤٤)

---

(٤٤) بەشێك لە داستانی سوالّکەرە نەناسراوەکە – کورتە چـیرۆك – لـەتیف حامیـد – گۆڤـاری بەیان ژمارە (١) ی سالّی ١٩٧٢. ل ٤٦.

لـەم کورتــە چــیرۆکەی لەتیفـدا لــە رووی ناوەرۆکــەوە هەســت بــەزیاتر قووڵبوونەوەی فیکرو بۆچوونەکانی ئەکرێت و تەنانەت پەلوپۆی تازەشیان لێ دەبێتەوە... بەرەنگاری خەڵکەکە دەبێتەوە پێیان ئەڵێت: داستانەکەتان بۆ ناگێڕمەوە، هەڵبەت داستان، نیشانەیە بۆ مێژووی خەباتی پـڕ لـە سـەروەری خەڵکی شاری کەرکووك، بەڵام ئێستە زۆر کەس خۆیانی لێ گێـل ئەکـەن. کـە دێتەسەر باسی شار بە چیرۆکنووس ئەڵێن: شارەکەمان ئاوێنەیە.

مەبەســــت لەوەیــــە،دەروونی خەڵکەکـــــە کوردەکــــەی خـــــاوێن و بێگەردە،ئەوانەی قسە ئەکـەن خۆیـان بـە راسـتی و بێگـەردی تیـا ئـەبینن.. کەچی چیرۆکنووس زۆر زوو بـە زمـانێکی رەوان لێیـان دێتـە زمـان و ئـەڵێت: وانییە هەر کەس بە جۆرێك خۆی تیا ئەبینێت.. واتە: ئەم ژیانـە بریتـی نییـە لە لایەنی رووکەشی و رواڵەت.. بەڵکو ژیان بریتی یە لەوەی، ئەو مرۆڤە چۆن بوونی خۆی تیا ئەسـەلمێنێت نـەك بـەوەی خـۆی بـەدەم لافـاوی قـەدەرەوە بدات و تا بە چ کەند و کۆسپێکیدا دەدات بیدات.. ئەم هەڵوێستەی نووسـەر، هەڵوێسـتێکی رووبەڕووبوونــەوەو بەرەنگارییــەو نیشـانەی یـاخیبوون و خـۆ بەدەستەوە نەدان دەرئەخات:

لــــە پــــەڕەگرافی پێشــــوودا، هەڵوێســــتی لــــەتیف لەرەتکردنــــەوەی بیروڕاوبۆچوونی "پاشا"،یاخود گەورەی شوێنەکەدا خۆی ئەبینێتـەوە پـێش بینیەکی رەش بۆ ژیانی ئایندەی پاشا دیاری دەکات.

لەتیف خۆی پاڵەوانی چیرۆکەکانێتی لە دۆخەکە یاخی دەبێت و رێنمـایی باوکیشی ئەسەلمێنێت: *(باوکم،لە سەرەمەرگا وتی: جوامێر،رۆڵـە تـۆ رێگـەی من مەگرە، ئازا ئەو کەسەیە رێگەیەکی تـازە ئەدۆزیتـەوە بـۆ ژیـان و مردنـی خۆی.)*(٤٥)

چــیرۆکنووس بــە مێــژووی رابردوویــدا دەچــێتەوە،ئامۆژگاری بــاوکی لاپەسەندەو ئاوێنـەی هەڵوێسـتی نـوێ و شۆڕشـگێڕانەی خـۆی دەکـات و بـە

---

(٤٥) بەشێك لە داستانی سواڵکەرە نەناسراوەکە، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

شێوەیەکی داهێنەرانە،بیروڕا و هەڵوێستی جوامێرانـەی لـە چـوار چـێوەیەکی بەرزی هونەری نویٚ کورتە چیرۆکدا بەرجەستە دەکات:

*(وتیان: شارەکەمان دەریایە.*

*وتم: دەریایەکی تێنوە.*

*وتیان: پاشا نەخشەیەکی نوێی بۆ ئەکێشیٚ.*

- *تێبینـی: لە دەرەوە دەنگی منالٚ بەرزەوە بـوو: منـاڵی گـەڕەك سـەر بنە خەڕەك. وەرنە دەریٚ بۆ شەڕە گەڕەك.*

*ووتم: لە وێنەی نەخشەکەی باوکم.*

*وتیان: رووی مێژوویان ئەگۆڕیٚ.*

*وتم: مێژوو باوەشێك باویژە.*

*وتیان: گڕ بەر دەداتە چەوو چێڵە.*

- *تێبینـی: لەم کاتـەدا هـەورە برووسـکە جـار جـارە ژوورەکـەی رۆشـن ئەکردەوە.*

*وتم: بەرشەوارەی گڕی خۆمی ئەخەم.*

*وتیان: بەهار نزیکە.*

- *تێبینـی: هەموو بەیەك دەنگ هاواریان لیٚ هەڵسا: بە خەنجەریٚ. مناڵی گەڕەك وەرنەدەریٚ. پاشا کوژرا.*

*وتم: نزیکە).*(٤٦)

بەراستی چیرۆکنووس بەهرە و توانای یەکجار زۆری لە داهێنانی هونـەری کورتە چـیرۆکدا هـەبووە.. لـەو پەڕەگرافـەی پێشـەوە نـەك هـەر یـاخیبوونی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەرئەکەوێت، بەڵکو هەست بە بزێـوی و سـرکی کەسـانی ناو رووداوەکەش ئەکەین، خۆیان لە دەست چیرۆکنووس رائەپسـکێنن، ئەمـە دوو جۆریاخی بوو، لە رووداوێکدا نیشان دەدات و ئەمە بۆ خـۆی داهێنـانێکی نوێیە لە تەکنیکی تازەی کورتە چیرۆکدا.

---

(٤٦) بەشێك لە داستانی سواڵکەرە نەناسراوەکە، سەرچاوەی پێشوو ل٤٨.

بەر لەم لێکۆڵینەوەیە، جگە لە نامیلکەی مامۆستا شێرزاد عەبدولڕەحمان بـە نـاوی – گـەڕانێك بـە دوای لـەتیف حامیـدی جوانـە مـەرگ–دا و ئـەو نووسینەی مامۆستا حەسـەن جاف بـە نـاوی –پاڵـەوان لـە چـیرۆکی لـەتیف حامیـد–دا و ئـەو باسـانەی لـە ڕۆژنـاری ژمـارە (٤)ی ١٩٩٩/١٠/٥ دا بڵاوکراونەتەوە، دکتـۆر ئیـبراهیم قـادر محەمـەدیش سـاڵی ١٩٩٧ لـە لاپـەڕە ٣٦،٣٧،٣٨ی نامەی دکتۆراکەیدا–لێکۆڵینەوەی کورتـە چـیرۆکی کـوردی لـە کوردستانی باشووردا (١٩٧٠–١٩٨٠)– لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیانەی لەسەر چیرۆکەکانی کردووە.

ڕەمـز وەك هێمایـەکی سـەردەمییانە، زۆر وریایانـە لـە شـوێنی خۆیـدا بـەکارهێنراون و جـۆرێ لـە جۆرەکـانی بیرکردنـەوەی ورد و هەڵوێسـتی جوامێرانـەی پاڵـەوانی چـیرۆکەکەوە دەرئـەخات و خـۆی لـە خـودی نـاخی چیرۆکنووسیشـدا ئـەنوێنێت: لـە کورتـە چـیرۆکی (زەرد..سـوور.. سـەوز.. شین)دا ڕوو لە کەسی بەرامبەر دەکات: (*بۆچـی سـەرت دا ئەخـەیت؟ ڕاسـتی شـتێك نییـە کـەس سـڵی لێ بکاتـەوە." ئـەو ئێوارەیـەی کـە قرمـەی گوللـە شەقامەکەی پێ چۆڵ کردین، لەشـت وەك شـەختە سـارد بوو،وادیـار بـوو لـە دڵداری نەگەیشتبوویت!"*) [٤٧]

لەتیف ڕووی دەمی لۆمەی دەکاتە بەرامبەرەکەی و لێی ئەپرسێت، بۆچ دەبێت لە ئاستی ڕاستیدا سەرداخەیت؟ ئەو ڕۆژەشی بە چاودا دەداتەوە کـە ئەو ئێوارەیەی قرمەی گوللە شەقامەکەی پێ چۆل کردن، ئەو لە ترسا لەشی سـاردببووەوە،ئەبوو لەوسـاتەوە لـە ڕاسـتی نـاخی بگەیشـتایە کـە لـە خۆشەویستی خاك و نەتەوە نەگەیشتووە و ئامادەنییـە قوربـانی لـە پێنـاودا بدات.

ئێستە بزانین..کرۆکی مەبەست و ئەو ئاواتەی لە چیدا بەدی ئەکردو کەی

---

(٤٧) زەرد..سوور..شین–کورتە چیرۆك– لەتیف حامید– گۆڤاری بەیان– ژمارە(٩)– شوباتی ١٩٧٣ل٢٥.

ئەو ئامانجە مەزن و پیرۆزەی لە دەست داوەو دۆڕاندویەتی: *(هاوینی ساڵی شەست و شەش بیستم کە خۆشەویستەکەت دۆڕاندوە، وابزانم بە هەڵەی منی ئەزانی، تۆ ئەتووت من پێی چەوت دانانێم،خۆشەویستی تۆ بە ماڵی دنیا ناگۆڕمەوە،دڵی ناحەز خۆش ناکەم:کە لە شانۆکە هاتیتە خوارەوە،ڕەنگ لە رووت بڕابوو..ئەژنۆت کەوتبوە لەرزین.. شەو لەو دیوەوە وەك پڕ چەکەت تەڵی سپێنی رازاندبویەوە.)*[٤٨]

هەڵوێستی بوێرانەی چیرۆکنووس و راستگۆی لە قسەو کردەوەیدا بە جوانی و روونی دەرکەوت..لەتیف باسی ئەو مەینەتی و نەهامەتییەی ئەکرد، چۆن ساڵی شەست و شەش کوردو شۆڕشەکەی دوچاری کەرت و پەرت بوون ببوو،لەو ساوە خۆشەویستەکەی دۆڕاندووە.. لێکدانەوەی پەرەگرافی پێشوو بۆ ئەو قۆناغە، مەبەست لە..خۆشەویستەکەی رەمزە بۆ شۆڕش و ئازادی کوردو سەربەخۆیی کوردستان، ئەو کەسەی چیرۆکنووس مەبەستێتی کەسێك بوو بە شۆڕش کوردو کوردستانەوە رێزی هەبوو، کاتی خۆشی بەڵێنی ئەوەی دابوو کە دڵی دوژمن و ناحەز خۆش نەکات..بەلاّم کاتێك دەستبەرداری شۆڕش دەبێت، ئیدی رەنگ لە رووی ئەبڕێت و هێزی ئەژنۆی نامێنێت و لە ناو کۆمەڵدابێ رێز تەماشا ئەکرێت.

لەم چیرۆکەشدا لەتیف بۆ خستنەڕووی لایەنێکی بڕواو بۆ چوونی خۆی لە رێگای خەوەوە دەری ئەبڕێت ئەڵێت: *(دوێنێ شەو خەوێکی هەڵبزڕکاوم دی: لافاوێکی لێڵ راتی ماڵی. ئەڵێن خەو پەیوەندی زۆری بە رابوردوە هەیە. کارناکاتە سەر نەخشەی سبەینێ.)*[٤٩]

مەسەلەی خەو لە کورتە چیرۆکەکانی چیرۆکنووسدا زۆر پەنای بۆ ئەبرێت و دووپات دەبێتەوە هەر جارەی بۆچوونێك و لێکدانەوەیەکی نوێ پێشکەش دەکات، چونکە خەو لە لایەن زانایان و پسپۆرانەوە،بەم شێوەیەش

---

(٤٨) زەرد..سوور..شین–کورتە چیرۆك، ل٢٥–٢٦.

(٤٩) سەرچاوەی پێشوو ل٢٦.

لێکدراوەتەوە: *(خەو بە حاڵـەتێکی تایبـەت و دەگمـەن دائـەنرێت و دەشـێت سەرچاوەی ئیلهام بەخشین بێت کە لە ژیانی بـە ئاگـابوون "بەخـەربوون"دا نموونەی نییە)*[٥٠]

دەشێت لەتیف کەلکێکی باشی لە دیاردە و حاڵەتی خەو وەرگرتبێت و تا ئاست و ئەندازەیەکیش سەرچاوەی ئیلهام بەخشینی بوو بێت.

لە کورتە چیرۆکی: (وڕینەی پیاوێکی نـوقمی سـێبەر) جگـە لـە هەسـت و بیری قووڵ و لایەنی فەنتازی لە بنیاتنـانی هونـەری کورتـە چـیرۆکەکەدا، لـە رووی پاراوی زمان و بەکارهێنانی وشەی ئاهەنگ بەخشی جۆشـداردا..لەتیف چەندین وێنەی جوان و ناسك و دڵفڕێنی ئـامێزە شـیعری پێشـکەش کـردووین کە زیاتر قووڵبوونەوەی واتا و فکرو ئەبەخشێت:

*(سمفۆنیەکی بێ لەنگەر لە لوورەی چەقەڵ خـۆرەی چـەمەکان و ترپـەی پێی دروستی ئەبوو تاریکایی بەکپی ئەیخواردەوەو،زاخاوی توێژی سامناکی سەختی خۆی پێ ئەدا.)*[٥١]

لـەو پەڕەگرافـەی پێشـەوە، چـەندین ئیلـهامی شـیعری تیـا هەسـت پـێ ئەکرێت.. چەند جوانی وتووە سمفۆنیای بێ لەنگەر، ئەو بێ ئاوازییە، ئاوازی سمفۆنیەکانی بتهۆڤن ئەشێوێنێت و ناوبانگی ئەزڕێنێت و لە لوورەی ناسـازی چـەقەڵ دەچـێت "زۆر لـەو نموونـە و وێنـە شـیعریانەی ئاوێتـەی داڕشـتنە ئەدەبیەکەی کردووە: *(پەنجەیەکی نـەبینراوی ئـاگرین ریشـەی دڵـی لـە یـەك ئەترازان، لە چـزووی تـرس پێشـێل کردنـی گـوڵ هـەناوی ئەشـێوان و زۆری نەمابوو ورشـەی ئـاونگی زیـوینی بـەر پێـی لەبـەر چاوبکاتەوە رەشمارێك و هەنگاوەکانی کـوور بکـات و ئاسـۆی هیـوای ژیـانی تـازەی سـبەینێی لـە نـاو چنگی گوشراویدا جێ بکاتەوە.)*[٥٢]

---

(٥٠) باب النوم وباب الاحلام—الدكتور علي كمال—الطبعة الثانيـة—الـدار العربيـة للطبـع—بغـداد—١٩٩٠ ص٦٩٩.

(٥١) وڕینەی پیاوێکی نوقمی سێبەر—کورتە چیرۆك—رۆڤار— ژمارە(٤)— ١٩٩٩/١٠/٥ ل١٠.

(٥٢) سەرچاوەی پێشوو ل١٠.

پەڕەگرافی پێشەوە، پارچە پەخشانێکی جوان و ناسکی شێواز شیعری نایاب و بەرزەو توانا و شارەزایی نووسەرەکەی لە وتەبێژی و ڕەوان بێژی و جوانکاریدا دەرئەخات و هەر ڕستەیەی بۆ خۆی واتایەکی سەربەخۆی خۆی هەیە..چیرۆکنووس لەو چیرۆکەیدات بە هەمان شێوە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە دەخاتەڕوو: *(ئەو گەردەلوولە سوورەی کە لە قووڵایی کارەساتی ئەم شەوە تاریکەدا ئەزیێ و لە بازووی پاسەوانە دلێرەکانی چیاو هەردا لوولی خواردوە،بەرەبەیانی سبەینێ هەڵ دەکات پەڵەڕەشی: سەر رووی چەرخی راپەڕینی مرۆڤە.)* [٥٣]

چیرۆکنووس لە ڕوانگەی کارەساتی جەرگبڕو دڵتەزێنی ناو شۆڕش و کوردستانەوە،جۆشی جەماوەرو خەڵك دەدات بۆ رسکان و لە دایکبوونێکی نوێ..مەبەستی سەرەکی لەتیف حامید، زیاتر خەمی سەخت و گرانی شارە خۆشەویستەکەیەتی و هیوای زۆری بە بازووی تێکۆشانی پێشمەرگە دلێرەکانی ناو دۆڵ و سەر چیاکانی کوردستانەوە.

لەتیف حامیدی چیرۆکنووس لە تێکڕای چیرۆکەکانی، وەك دەنگێکی تایبەت و نوێ لە ئەدەبی کوردیدا خانەیەکی شیاوی بۆ خۆی دابین کردووە..بەرزی وبە پێزی و گرنگی بەرهەمەکانی،ئەو راستییەی سەلماندوە هەر توێژینەوەیەکی زانستییانەو لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیانە لە سەر داهێنانی گرنگ و تازەگەری لە هونەری کورتە چیرۆکی کوردیدا بکرێت و باس لە خۆشەویستی خاك و نەتەوەو شاری کەرکووك و هەڵوێستی جوامێرانەی شۆڕە سواری خەباتی گەرمی نەتەوەیی بکرێت، ناتوانرێت لەتیف حامید بە فەرامۆش بهێڵرێتەوە..چونکە پشتگوێخستن و پەڕکردنی لە ئەنجامی کزی و لاوازی وبێ کەڵکیی بەرهەمەکەوە سەر هەڵدەدات: *(مرۆڤ پەرۆشێتی،بەرهەمی کزو لاوازلە مافی خۆی زیاتری پێ بدرێ...* چونکە

(٥٣) سەرچاوەی پێشوو ل١٠.

*بەرهەمی بێکەڵك کەسیش لە دژی نەوەستیٚ لە خۆوە دەمرێ.)*[٥٤]

لەتیف حامید هەر بەوەوە نەوەستاوە، تەنیا خودی خۆی بیروباوەڕ دەربڕێت و هەڵوێست بنوێنێت، بەڵکو هەمیشە ویستویەتی لە ڕێگای بەرهەمەکانییەوە دەنگی بە خەڵك و جەماوەر بگات..چونکە کورتەچیرۆکی هونەری ڕۆڵی خۆی لای ئەدیب و ڕۆشنبیران بینیوە، بە تایبەت کاریگەری خۆی لە وروژاندنی هەستی کوردایەتی و گیانی شۆڕشگێری و سەربەخۆ بووندا بووە: *(کەس نکوڵی لەوەناکات چیرۆکی کوردی هاوبەشیەکی کردەیی لە هەژاندن و خەملاندنی هۆشیاری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی و سەربەخۆبووندا کردووە.)*[٥٥]

چیرۆکنووس هەمیشە خاوەنی بیروڕاو هەڵوێستی نوێی سەردەمانە بووە..ئەو هەڵوێستەی لەگەڵ خواست و داخوازی ڕەوای نەتەوەکەیدا گونجاوە، تەنانەت ئەم کورتە چیرۆکەی شێخ قادری شێخ حوسێنی کەسنەزانی کە بەناوی "وەرزی گرانەتا" نووسینی و پێی تەواو نەکرا..لەتیف حامید بۆی تەواو کرد و ئەمەش بە دەستپێشخەریەکی نوێ دائەنرێت و هەڵوێست لەو بەشەی لەتیف نووسیویەتی هەمان ڕێچکەی بیروڕا هەڵوێستی چیرۆکەکانی دی گرتووە: *(بە درێژایی هەفتەیەك نەهاتە زمان،خەڵکی بەشێتی تێ دەگەیشتن، بەڵام نەیشیان ئەتوانی ڕێز لە کردەوەکانی نەگرن،تا ڕۆژێك هاتە قسەو زەردەخەنەیەك کەوتە سەر لێوی: "ئەوەی من دیم خەو نەبوو،بەڵکو دادگایەکی ڕاست و ڕەوان بوو.. بەڵام ئێوەکە لە ڕاست و چەپەوە وەستاون هەموو نەزانن، گوێم لێبگرن لەمەودوا بە دەوری ڕاستەقینەی خۆم هەڵسم بۆ ڕاستکردنەوەتان")*[٥٦]

---

(٥٤) شاکارێکی ئاگرین –مەسعوود محەمەد–گۆڤاری بەیان–ژمارە(٢١)–کانوونی دووەمی ١٩٧٥.

(٥٥) القصه الكرديه ڤ غيلب التجاوز–احمد شوكت–مجله (پەيڤين العربى) العدد–(٣–٤)–نيسان/٢٠٠٠ل١١٤.

(٥٦) وەرزی گرانەتا–کورتە چیرۆك–نووسینی: قادر حوسێن– تەواوکردنی:لەتیف حامید–گۆڤاری نێرگز–چەپکی دووەم–کەرکووك–١٩٨٥ل٢٨.

کورته چیرۆکەکانی لەتیف حامید پڕ لەهێمای هوشیار کردنەوەی بەهێزو رەسەنن.. من پێم وانییە تەم و مژاوی بن، بەڵام ئەوەندەش ساناو ساکاریش نین هەرکەس بکەوێتە وێزەیان، دەرەقەتیان بێت، بەڵکو تێگەیشتن لە کرۆك و گەوهەری ناوەخنی بابەتە ئەدەبی و کورتە چیرۆکەکانی، پێویستیان بە: بوونی زەمینەیەکی رۆشنبیری فراوان و بەرز هەیە و شارەزایەکی باشی ئەوێت لە دنیای ئەدەب و هونەری کورتە چیرۆك، هەروەها ئەوەی چیرۆکەکانی هەڵسەنگێنێت پێویستە سەبارەت ژیانی سیاسی و شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١/٩/١١ تا ٣/٢١/ ١٩٧٥ زانیاری تەواوی لابێت.. ئەوسا ئەتوانین لە دەریای بەرینی فیکری و چیای سەختی هەڵوێستەکانی لەتیف تێبگەین..لەتیف لە ڕوانگەی ئەو چەند کورتە چیرۆکەیەوە خوێنەری سەرسام کردووە لە دەریای پرسیار و بۆ چووندا هێشتونیەتەوە، واش لێك ئەدرێتەوە کورتە چیرۆکەکانی بە چیرۆکی تەم و مژاوی دانرێن، کەچی لە راستیدا چیرۆکەکانی تەم و مژاوی نین، بەڵکو بە هێماو رەمز نووسیونی..ئەگەر چی چیرۆکنووسی بەتوانا و بەهرەدار ئەتوانێت کورتە چیرۆك بنووسێت، بە تەم و مژ داپۆشرابێت و سەرکەوتنیش بەدەست بهێنێت: *(نووسەر لە توانایدا هەیە،چیرۆکەکەی لە جۆری تەم ومژاوی بێت و خوێنەر بۆ ماوەیەکی دوور لەوەشە بۆ چەند ساڵێك سەرسام و وێڵی پرسیار کردنی بکات.)* (٥٧)

گرنگ ئەوەیە لەتیف حامید بەرزنجی لە بواری نووسینی کورتە چیرۆکی هونەریدا وەك داهێنەرێکی مەزن و هەڵکەوتوو جێگای خۆی لە ڕیزی نوێخوازی داهێنەردا کردۆتەوە ناوو بەرهەمەکەی بە زیندوویێتی ئەمێنێت، ئەو دەقە ئەدەبیانەی چیرۆکنووس پێشکەشی کردین تەعبیر لە هەڵوێستی جوامێرانەی دەکات، بیروباوەڕ وفەلسەفەی ژیانی دەرئەبڕێت: *(دەقی داهێنەرانە، بەرامبەر ژیان و بوونی مرۆڤ، رۆڵی دەربڕینی هەڵوێستی*

---

(٥٧) فن كتابة القصة—حوسێن القباني—دار الجيل—بيروت—الطبعة الثالثة—١٩٧٩ ل٦١.

*فەلسەفیانە ئەبینێت)*[٥٨]

چیرۆکنووس لە ئەنجامی ئەو دەقە داهێنەرانەی پێشکەشی ئەدەبی کوردی کردو، بەروونی تەعبیری لە فەلسەفەو بیروباوەڕەکەی خۆی کردووەو لەبەر رۆشناییدا،هەڵوێستی بەرامبەر: کوردو گیانی شۆڕشگێڕی و مرۆڤ و ژیان وەرگرتووەو بە شێوەیەکی هۆشیارانە و بە بڕواو ئیمانێکی تەواوەوە لە ناوەرۆکی کورتە چیرۆکەکانیدا بەرجەستەی کردون و لە قاڵبێکی هونەری داهێنەرانەدا،روخسارێکی هونەری بەرزی سەردەمی پێشکەش کردوین و بەوەش شوێن دەست و پەنجەی بەهرەو توانا و داهێنانی پێوە دیارن و ئاکامێکی باشی لە دوای خۆی بەجێ هێشتووەو بەرگی رەسەنی و زیندویتی لە بەرکردوون.

---

(٥٨) الرمز بين الوهم والحقيقة–سليمان شهيب–جريدة الثورة–العدد (٩٤٠٧) في ١٩٩٧/١٢/٢٨.

## ئەنجــام

بڕیــاردان لەســەر گەشــی ورەشــی ئاكــامی هــەركارێك لــە ئــەنجامی تاوتۆكردنێكی هۆشیارانە و لێكۆلینەوەیەكی وردو هەڵسەنگاندنێكی بابەتیانە دێتەدی.

بۆ بەرچاو روونی خوێنەر لەم لێكۆڵینەوەیە،بەباشی ئـەزانم، ئـەم خالآنـە وەك پوختەی ئەنجام و گەوهەری ناوەرۆكی لێكۆڵینەوەكە پێشكەش بكـەم، تــا ئێســتە زۆربــەیان لــە لایــەن لێكۆڵــەرەوەی كورتــە چــیرۆكەكانی لــەتیف حامیدەوە پەی پێ نەبراوەو بریتین لە:

١-خۆشەویسـتی شـاری كـەركووك و خـاك و خـۆڵی كوردسـتان هـەوێنی سەرەكی و گەوهەری مەبەستە لای لەتیف حامید..

٢-بـەهۆی بـارودۆخی سیاسـی و چەوسـاندنەوەی نەتـەوەیی كـورد و داگیركردنی خاكی كوردستان و پێشـێلكردنی مـافی مرۆڤـی كـورد لـە شـاری كەركووك و لە ئـەنجامی ئـەو سیاسـەتە رەگـەز پەرسـتییەی بەرامبـەر كـورد بەكارهێنراوە، نەوەیەكی نوێی هۆشیار هاتەكایەوەو لـە ناویانـدا لـەتیف وەك لاوێكی خوێن گەرم، بە وردی و قووڵی بیری لە ئاینـدەی گەشـی نەتەوەكـەی ئەكردەوە.

٣-دوای ئـەو نسـكۆیەی سـاڵی ١٩٦٦ بـە سـەر شۆڕشـگێڕان و شۆڕشـی ئەیلوولدا هات، وەرچەرخانێكی گرنگ و نوێ بەسـەر ژیـانی سیاسـی لەتیفـدا هات و گۆڕانكارییەكی تیژو خێـرای سـەردەمانە بەسـەر شـێوەی لێكدانـەوەو جۆری بۆچوونیدا روویـدا و خـۆی لـە باوەشـی گـەرموگوڕی دنیـای ئـەدەب و بیری نەتەوەیی شۆڕشگێڕو یاخی بووندا بینیەوە... دیارە هەر ئەوەش بـوو، وای لێ كردبوو لە تەمەنی نزیكی سی ساڵیدا لە دنیای داهێنانی نـوێی كورتـە چیرۆكدا خۆی ببینێتەوە..لە كاتێكدا، تەمەنی نزیكی سی ساڵی بۆ نووسەرە

تازە پێگەیشتووەکانی کورد بە تەمەنێکی هەڵکشاو دائەنرێت.

٤- دوای جێهێشتنی ریزەکانی شۆڕش، ئیدی وازی لە حزبایەتی و خەباتی ژێر زەمینی هێناوە، کەچی بەرهەمە ئەدەبیەکانی لە ژێر رەشماڵی بیرو هەڵوێستی سیاسیدا لە دایك بوون، تەنانەت لە ناوەرۆکی بابەتەکانیدا بانگێشتەی لە دایکبوونێکی نوێی هەڵداوە..هەروەك لە کورتە چیرۆك "سێ هەنگاو بەرەو ئەو دیو" دا دەرئەکەوێت.

٥-تیشکی گزنگی بیروباوەڕ و بۆ و بەرامەی دنیای سیاسیی، دووتوێی بەرهەمە ئەدەبیەکانی، ئەوە ئەسەلمێنن: لەتیف بە خەبات و بیروڕاو هەڵوێستی حزبە سیاسیەکانی ئەوسای سەر گۆڕەپانی کوردستان رازی نەبووە..بۆیە: ویسستویەتی رێکخراوێکی نوێی سیاسیی سەربەخۆ دامەزرێنێت.

٦-تا ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەستان..هەموو ئەوانەی بەرهەمەکانیان هەڵسەنگاندووە، کورتە چیرۆکەکانیان بە چوار یاخود پێنج کورتە چیرۆك داناوە...بەڵام دوای گەڕان و پشکنینێکی زۆر توانرا هەموو بەرهەمی کورتە چیرۆکەکانی چنگ کەوێت و ساغ بووەوە جگە لەو کورتە چیرۆکەی شێخ قادری شێخ حوسێنی کەزنەزانی نووسیویە و تەواوی نەکرد بوو، لەتیف بۆی تەواو کردووە. ئەوا تێکڕای کورتە چیرۆکەکانی شەش کورتە چیرۆکن، ئەمە جگە لەو کورتە چیرۆکەی کاتی خۆی بۆ گۆڤاری توتنی ناردووەو فەوتاوە...بۆ راستی ئێمە رۆژی ٢٠/٩/٢٠٠٠ لە میهرەجانی شێخ ئەحمەدی جزیری لە دهۆك پرسیارمان لە کاك محەمەدی مەلا کەریم کرد..ئەو راستییەی سەلماندو ئەویش گومانی لەوە هەبوو تا ئێستە کورتە چیرۆکەکە مابێت.

٧-کەسێك سەرپێی روو لە دنیای ئەدەبی لەتیف بکات لەوەیە بڵێت: نووسینەکانی تەم و مژاوین، کەچی وانییە، بەڵکو بۆ دەربڕینی شێوازی جوانکاری ئەدەبی و بیروڕای کوردانەو هەڵوێستی جوامیرانەی، پەنا بۆ

بـەکارهێنانی –ڕەمـز–بـردووە ئەمـە وەك بڕوابـوون بـەرەمز کـە ڕێبـازو قوتابخانەیـەکی ئـەدەبی مێژوویـیـەو لەوەشـدا سـەرکەوتووانە لـە بـواری ڕەوانبێژیدا: خوازە و درکەی بەکارهێناوە.

٨- لەتیف لـە نووسـینی کورتـە چـیرۆکەکانیدا، گرنگییـەکی تـەواوی بـە هـەردوو لایـەنی ڕوخسـاری هونـەری و هێـزو پێـزی هـەوێنی نـاوەڕۆك داوەو لەسەر حسابی هیچ لایەکیان، قوربانی بەوی دی نەداوە.

لە ڕووی هونەری کورتە چیرۆکی کوردییەوە، لـەتیف هـەوڵێکی بێوچـانی بۆ تازەگەری و داهێنانی هونەری کورتەچـیرۆکی سـەردەم داوە و بـە هـەمان شـێوەش نـاوەڕۆکی کورتـە چـیرۆکەکانی بـە گەوهـەری بیروبـاوەڕی مرۆڤـی کوردی شۆڕشگێڕو هەڵوێستی جوامێرانە خەملاندووە.

٩- لـەتیف وەك دەنگێکـی تایبـەتی نوێخـوازو داهێنـەر لـەبواری کورتـە چیرۆکدا..بەر لەوەفاتی و لەو ساتەی حزبە نهێنیەکـەیان دامەزرانـدووە، لـەو شەش کورتە چیرۆکەی زیاتر بەردەست نەکەوتووە پێدەچێت بەکارو چالاکی سیاسی و حزبایەتیی نهێنیو ژێر زەمینیەوە خەریك بووبێت.

زمـانی دووان و نووسـینی لـەتیف حامیـد یـەجگار تـەڕو پـاراو چـڕوپڕو خەست و ڕەوان بوو، گوزارە بێژی و جوانکاری، ڕەونـەقێکی ئیسـك سـووك و قووڵ بوونـەوەی لـە واتـادا بەبەرهەمـەکانی بەخشیوەو خـاوەنی سـامانێکی یەجگار زۆری وشەو زاراوەی کوردی بووە.

١٠- لەتیف لە ڕوانگەی نـاوەخنی بەرهەکانییـەوە خـەڵکی و خوێنـەر بـە خۆشەویستی نەتەوەو خاکی کوردستان و شاری کەرکووکی چەوساوە گۆش ئەکرد و هانی بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش ئەدان..تا لە پێناوی بەدیهێنانی خواسـت و ئاواتەکانی کورد دا، هەڵوێست بنوێنن و بە کردەوەش قوربانی بدەن.

١١-ئەوەی پاش ئەم لێکۆڵینەوەیـە سـاغ بۆتـەوە: لـەتیف هـەر بـەوەوە نەوەستا،لە ڕێگای بەرهەمە ئەدەبیە شۆڕشـگێڕیەکانیەوە، مرۆڤـی کـورد بـۆ

تێکۆشانی سیاسی هانبدات..بەڵکو بە کردەوە بەر لەوەفاتی،لە ساڵی ١٩٧٣ دا بە هاوبەشی چەند هاوبیرێکی بە نهێنی حزبێکیان دامەزراند، ئەگەر چی بیروباوەڕ و ئامانج و شێوازی خەباتی ئەو حزبە، تا ئێستە بە تەواوی ئاشکرا نەکراوەو لە چوار چێوەو سنوورێکی یەکجار تەنگەبەردا ماوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەپکە گزنگی خۆری بیروباوەڕو کاکڵی ئامانج و شێوەی تێکۆشانیان لە بەرهەمە ئەدەبی و ناوەڕۆکی کورتە چیرۆکەکانیدا هەست پێئەکرێت و دەرئەکەوێت و بە تەواوەتی رەنگیان تێدا داوەتەوە.

# سەرچاوەکان


## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

١–شوکریە رەسووڵ ئیبراهیم (د) زمان و ئەدەبی کوردی–پەخشان–چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین–هەولێر–١٩٨٧.

٢–شێرزاد عەبدولڕەحمان–گەڕانێك بە دوای "لطیف حامد" ی جوانە مەرگ دا– چاپخانەی ڕاپەرین–سلێمانی–١٩٧٨.

## نامەی دکتۆرا

لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا (١٩٧٠ –١٩٨٠) ئابی ١٩٩٧ زانکۆی سەلاحەدین – ئیبراهیم قادر محەمەد.

## گۆڤارەکان بە زمانی کوردی:

٣–گۆڤاری برایەتی–ژمارە(٢١)–ساڵی (١).. ڕۆژ و مانگ و ساڵ بە ژمارە نەنووسراوە.

٤– گۆڤاری بەیان – ژمارە (١)– ١٩٧٢.

٥– = – ژمارە (٩)– ١٩٧٣.

٦– = = – ژمارە (٢١)– کانونی دووەمی١٩٧٥.

٧– = = – ژمارە (٤٨)–ئادار و نیسانی– ١٩٧٨.

٨– = هاواری کەرکووك – ژمارە (١)–ئەیلوولی ١٩٩٨.

٩– = هاواری کەرکووك – ژمارە (٣)– ١٩٩٩/٣/٣.

١٠– = کاروان – ژمارە (٢)– ١٩٨٢.

١١– = ڕۆڤار (ڕۆژنامە – گۆڤار) – ژمارە (٤)– ١٩٩٩/١٠/٥.

١٢– = نێرگز – چەپکی (٢)–١٩٨٥.

## ڕۆژنامەکان بە زمانی کوردی:

١٣–ڕۆژنامەی برایتی – ژمارە (٧٣)–١٩٧٣/١٠/١٩.

١٤– ڕۆژنامەی هاوکاری – ژمارە (٥)– ١٩٧٠/٢/٦.

١٥– ڕۆژنامەی هاوکاری – ژمارە (٤٣)–١٩٧٠/١٠/٣١.

١٦– ڕۆژنامەی هاوکاری – ژمارە (٢٣)– ١٩٧١/٧/١٠.

١٧- رۆژنامەی هاوکاری - ژمارە (٣٤)-١٩٧١/٩/٢٥.
١٨- رۆژنامەی هاوکاری - ژمارە (٣٩)- ١٩٧١/١٠/٣
١٩- رۆژنامەی میدیا - ژمارە (٦٥)-ساڵی چوارەم- ٢٠٠٠/٥/١.

**سەرچاوەکانی بە زمانی عەرەبی:**

٢٠-حوسێن القباني-فن الكتابة القصة-الطبعة الثالثة-دار الجيل-بيروت-١٩٧٩.
٢١-لندال.دافيدوف-مدخل علم النفس-ترجمة:دكتور سيد المطلوب، دكتور محمود عمر، دكتور نجيب خزام-مراجعة دكتور فؤاد ابو حطب-الطبعة العربية-المكتبة الاكاديمية بالقاهرة، دار المريخ بالرياض-١٩٨٣.
٢٢-محمود البسيونى (د)-اسس التربية الفنية-دار المعارف-مصر-١٩٦١.
٢٣-علي كمال (د)-باب النوم وباب الاحلام-الطبعة الثانية-الدار العربية للطبع-بغداد - ١٩٩٠.

**گۆڤارەکان بە زمانی عەرەبی:**

٢٤-مجلة "پەیڤین" - العدد(٣-٤)- نيسان /٢٠٠٠.

**رۆژنامەکان بە زمانی عەرەبی:**

٢٥-جريدة الثورة - العدد (٩٤٠٧)-١٩٩٧/١٢/٢٨.
٢٦- جريدة العراق - العدد (٧١٠٣)-٢٠٠٠/٧/٢١.

# چنین و جۆری
# چەند کورتە چیرۆکێکی هونەریی کوردی

# سەرەتا

لـەم سـەردەمی پێشـکەوتنی زانسـت و تەکنەلۆژیایـەدا، نووسـینی کورتـە چـیرۆکی هونـەری پانتاییـەکی یـەکجار فـراوان و زەمینیـەکی پتـەوی لـەدنیای ئەدەبدا پێ براوە.

ئـەو خـاوەن توانـا فیکـری و بەهەرەدارانـەی ئەیانـەوێت داهێنـان بنـوێنن، دەرگای هۆش و سۆز بیریان بۆ ئاواڵەیە، چەندە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر روخسار و ناوەرۆکی کورتە چیرۆکی هونەری بکرێت هێشـتا هـەر کەمـە و مـافی تەواوی خۆی نادرێتێ.

نـاوەرۆکی بابـەتی ئـەم باسـە، لـە بەرۆشـنایی رێبـازی شـیکردنەوەیەکی پراکتیکی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، باس لە بنیات نان و جـۆری نـاوەرۆکی چـەند کورتە چیرۆکێکی هونەریی کوردی سـاڵانی شەسـت کـراوە، ئەگەرچـی ئـەو دوو لایەنەی باسیان لێکراوە لق و پـەل و پـۆی زۆری لێدەبێتـەوە، بـەڵام هەوڵـدراوە لەگەڵ پێشکەشکردنی نموونەو پـەرەگرافی کورتـە چـیرۆکەکان، تیشـکی بـیرورِاو بۆچوونی تایبەت، ئاراستەی ووردەکاریەکان بکرێت.

ئەوەی تا ئێسـتا لای زۆربـەی شـارەزایانی بـواری کورتـە چـیرۆکی هونـەری چیرۆکنووسـان زەق دیـارە، ئەوەیـە: ((زەمینــەو فــەزای)) کورتــە چــیرۆکی هونەری، دەرفەتێکی لەباری ئەوتۆی بۆ چـیرۆکنووس رەخسـاندووە، کـەمتر لـە بوارەکانی دی ئەدەبدا چنگ ئەکـەوێت، بۆیـە ئـەو بایەخـەی ئێسـتا بـە دنیـای کورتە چیرۆکی هونەر ئەدرێت وەك تەرزێکی نوێی بەرهەمی ئەدەبی، تەواو دیـار و ئاشکرایە، ناتوانرێت لـە ئاسـتیدا چـاوی لـێ بنوقێنرێت، ئـەوەش لـە خـۆوە سەری هەڵنەداوەو چەندین هۆ هەن، لەوانە: نووسینی کورتە چیرۆکی هونـەری، بەهرو توانـاو هۆشـیاری هـۆش و بـیری قـووڵ و وردی خاوەنەکـەی دەرئـەخات، پردی نێوان رابردوو ئێستا و ئاییندە بەیەك دەگەینێت و چیرۆکنووس لـە ئاسـت: رووداو و ململانـــێ و مەبەســـت و ئامـــانجی چـــیرۆکەکەدا دەســـت کراوەیـــە و ناوەرۆکی بابەتەکەشی بەپێی توانا و لێهاتوویی بەهرەی خۆی، بەرێکوپێکی لـە قاڵبێکی ئەدەبی و هونـەری نوێـدا دابرِێـژێت و لایـەنی جـوانی ئـەدەبی و ووردە کاری هونەری بنوێنی و کار و بەرهەمێکی ئـەدەبیی نـوێ پێشـکەش بـەم بـوارە بکات و جێپەنجەی ماندووبوونی دیاربێت و ئەنجامێکی بەکەڵك ببەخشێت.

# بەشی یەکەم

## سیماو دیاردەی بنیاتنانی کورتە چیرۆك:

کورتــە چــیرۆکی هونــەری.. کــارێکی ئــەدەبیی نــوێ و داهێنــانێکی سەردەمییانەیەو پەیتا پەیتا شان بەشانی پێشکەوتنی فیکری و رۆشنبیری و زانست هەنگاو بۆ گۆڕانکاری نوێ ئەنێت.

دیارە کورتە چـیرۆکی هونـەری رێکوپێـك و بـێ کـەم و کـورتی، خـاوەنی هــەردوو لایــەن و رووی نــاوەرۆکێکی بــەپێزوو روخســارێکی جــوان بەخشــێت لەئاستێکی هونەری بەرز و لە پلەیەکی گەییوو کامڵدایە.. ئەو حاڵەتە سـاتێك دێتەدی سەرجەم توخمە هونەریـەکانی کورتـە چـیرۆك لـە قـالبێکی تۆکمـە و روخساری جواندا داڕێژرێت و پڕ بە پێستی ناوەرۆکەکەی بێت.

لە تێڕوانینێکی تەواوی سـیماو دێرینـی کورتـە چـیرۆك بـەم جـۆرە خـۆی ئەنوێنێت..

((سەرەتا، لوتکە.. ئەنجام)).. ئەمـە لـە کاتێکـدا پـەیڕەوی ئـەو زنجـیرە یەك لە دوای یەکە: ((پێشەکی،گرێ، کۆتایی)) کرابێت، مەگـەر هەنـدێك جـار لە زارەوەدا ئاڵوگۆڕی پێکرابێت.

**لەم رووە ئەم بۆچوونە دەربڕاوە:**

((دەست پێکردن، گەیشتنە تەوقەسەر ((لوتکە)) ئـەنجام و کۆتـایی، بـە هۆیەکی گـەورەو کۆڵەکەیـەکی گرنگـی چـیرۆك دائـەنرێ، کـەم و زۆر دەبێـت چیرۆك لێیان بێ بەش نەبێ)) [1].

نووسـەری ئـەو رایـەی پێشـەوە، هەرسـێ سـیماکەی شـێوەی بنیاتنـانی چیرۆکی بـە شـێوەیەکی زنجیرەی نەپسـاو دانـاوەو بـە مـەرجێکی سـەرەکی چیرۆکی خستۆتە روو، ئەڵێن:– کـەم و زۆر دەبێـت چـیرۆك لێیـان بـێ بـەش

(١) چیرۆکی کوردی و هونەری چیرۆك نووسین– عەبـدوڵڵا ئـاگرین– گۆڤـاری دەنگـی مامۆسـتا ژمارە (٢) ساڵی (١) مایسی ١٩٧١، ل٢١.

نەبێ- لێرەدا نووسەر ئەو مەرجەی دایناوە بۆ بنیاتنانی چیرۆك هونەری مەبەستە، ئەو سێ شێوەو قۆناغی بنیاتنانەیە؟ یاخود تەنیا ئەو شێوە ڕیزکردن و زنجیرەیی قۆناغەکەی مەبەستە؟... ڕەنگە نووسەر تا ئێستە لەبارەی مەرجی بوونی هەرسێ سیمای قۆناغەکەوە، مەبەستی پێکابێت، بەڵام سەبارەت شێوەی ڕیزکردنی ((سەرەتا و لوتکە و کۆتایی)).. ئەوا ئێستە ئەو بەرگە تەقلیدییە فڕێ دراوەو گۆڕانکاری نوێی بەخۆیەوە بینیوە.

سەبارەت هەمان سیماو قۆناغەکانی بنیاتنانی چیرۆك، تا ئاستێك ئەو پلەو زنجیرە نەپساوەی پێشوو دەقی گرتبوو تەنانەت جار بووە ناوی گێجی چیرۆکی لێ نراوە:

((عەلائەدین سەجادی لەم ڕووەوە ئەڵێت: گێچی چیرۆك ١- سەرەتا ٢- ناوەڕاست ٣- کۆتایی)) [1]یە.

لەو پەرەگرافەدا، سەرەتاو کۆتایی هەمان ناون و لە شوێنی خۆیاندان و تەنیا لە بریتی لوتکە، ناوەڕاست بەکارهاتووە ئیدی تیشکی لێکدانەوەیەکی نوێی ئاراستە نەکراوە.

هەر لەو بارەوە ڕایەکی دیی هاتۆتە پێش و سیماو قۆناغەکانی بنیاتنانی چیرۆکی بەمجۆرە دیاریکردووە.

((بنیاتێت چیرۆکی ١- پێش گوتن ٢- گرێ ٣- ئارمانج و رامان ٤- زمان)) [2].

نووسەر هەمان بیروڕای پێشووی نووسەرەکانی دی دەبڕیوەو بەزاری کرمانجی ژوورو لە بریتی" سەرەتا، پێشگوتنی بەکار هێناوە لە جێگای ((لوتکە)) ((گرێ))ی بەکار هێناوە و بۆ ئامانج و کۆتایی ئارمانج و رامانی داناوە. ناو و زارەوی هەرسێ سیماکە تا ئاستێکی بە هێز لەیەکەوە نزیکن،

---

(١) دەقەکانی ئەدەبی کوردی- عەلائەدین سەجادی- ١٩٨٧، ل١٧٧.

(٢) دیرۆکا چیرۆکا کوردی یا هونەری- شعبان مزیری باڵا- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا- ١٩٨٩- ل١٠.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجەن لە کەرەسە هەرە گرنگ و دیارەکانی بنیاتنانی چیرۆك کە ((زمانە)) سووك و ئاسان تێهەڵکێشی ئەو سێ سیمایەی کردووە... لێرەدا مەبەست دوان لە کەرەستەی بنیاتنانی چیرۆك نییە، مەبەست دیارکردنی سیماو قۆناغەکانی بنیاتنانی کورتە چیرۆکی هونەرییە.

پێشتریش ئەو راستییە روونکرایەوە، ئەدەب بە گشتی و کورتە چیرۆك بە تایبەتی، هەمیشە شان بەشانی پەرەپێدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و گۆڕانکارییەکانی دنیا، هەنگاو بەرەو گەشەکردن و پێشکەوتن ئەنێت و لەسەر دەستی مرۆڤی هۆشیار و خاوەن بەهرەو بلیمەت، داهێنانی نوێ دێنێتە کایەوە و جۆرو تەکنیکی چیرۆکنووسیش لە قالبە مەیوەکەی خۆیدا نامێنێت و گۆڕانکاری بەسەردا دێت.. بۆیە دەشێت، ئاڵوگۆڕ بە سەر ئەو سێ سیمای قۆناغەکانی بنیاتنانی چیرۆکدا بێت و فەنتازی بکرێت- حوسێن القبانی- سەبارەت هەیکەلی چیرۆك بیروڕای خۆی دەربڕیت و ئەڵێت:

((هەیکەلی چیرۆك لەسەر سێ کۆمەڵەکەی بنچینەیی دادەمەزرێت)) (١)

١- گرێ

٢- ئەو ململانێیەی لە ئاکامی گرێکە دێتە کایەوە.

٣- ئەو چارەسەرکردنەی لە ئەنجامی ململانێیەکە پێکدێت.

نووسەری ئەو پەڕەگرافە بە تێڕوانینێکی وردو قووڵەوە، دیاردەیەکی نوێی بۆ جۆرو چۆنیەتی بنیاتنانی چیرۆك دەستنیشان کردووە و زیرەکانە خوێندنەوەیەکی ژیرانەی بۆ دیوی ناوەوەی چیرۆکی هونەری خستۆتەڕوو، ئەوەی لێرەدا روون و ئاشکرا بێت، لە هەموو حاڵ و بارێکدا و لەگەڵ ئەوەی جێگۆڕکێ و پاش و پێش بە قۆناغەکانی بنیاتنانی و تەرزە فەنتازیا لە جوانکاری و داهێنانی نوێ لە رووی هونەریەوە بکرێت ئەوەیە: چیرۆك، لە پلەو قۆناغەکانی بنیاتنان و نووسیندا، لە هەر بەرگ و قالبێکدا بێت، سەرەتایەکی هەیە، هۆش و بیری خوێنەر یاخود بیسەری چیرۆکەکە بۆ ناو

(١) فن كتابة القصة- حسن القباني- دار الجليل -الطبعة الثالثة- بيروت - ١٩٧٩- ل٣٣.

جەرگەی مەبەستی چیرۆکەکە رائەکێشێت و راپێچی ناو داوە تێك ئاڵاوەکـانی هەڵسـوکەوتی کەسـایەتی و رووداوەکـانی چـیرۆکەکەی دەکـات، هەڵوێسـتە کتوپڕەکانە، سەرنج بە لای خۆیاندا رائەکێشن.

بەجۆرێکی ئەوتۆ وا لە مرۆڤ دەکات خولیای بە ئاکام گەیشتنی مەبەست و ئەنجامی دوایی، کاسەی سەر هەراسان بکات.

هەر لە روانگەی ئەوەی، شوێنگۆڕکێ بـە سـیمای قۆناغـەکانی بنیاتنـانی ئـەکرێت و هـەنگاوێکی ئاسـاییە– گرێـی چـیرۆکەکە لـە سـەرەتادا دابنرێـت، یاخود هەندێك جار ئەنجام لە سەرەتادا بێت.

لەبـەر رۆشـنایی ئـەو بـیروڕاو بۆچـوونە، ئاشـکرا دەرئەکـەوێت بنیاتنـانی هەیکـەل و رێکخسـتنی نـاوەوەی چـیرۆکێکی هونـەری کـارێکی داهێنەرانـەو هونەرمەندانەیـەو پێویسـتە چـیرۆکنووس شـارەزایی تـەواوی لـە ناسـین و دیـاریکردنی کەرەسـەکان و بابـەت و هەلومـەرجی کورتـە چـیرۆکی هونەریـدا هەبێت و رەچاوی پەرەسەندن و بەرەو پێشچوونی چیرۆك و داهێنانی نوێ لە بواری چیرۆکی هونەریدا بکات.

# بەشی دووەم

## هەلومەرجی چنینی کورتە چیرۆك

**بەندی یەکەم:**

کە باس و بابەتێکی زانستییانە بەرهەم ئەهێنرێت، سۆز: پانتایی هۆش و بیر ناتەنێت، بەڵکو گەڕان و پشکنبن بە دوای بەڵگەی سەلمێنەر و واقیعیدا کۆڵەکەیەکی راگر و سەرکەوتووی کارەکەیە.. ئەدەبیش بە هەموو بەش و چمك و لق و پەلەکانیەوە لە سنووری کێشانە و پێوانەی دروست دەرناچێت و خاوەن کەسایەتی و شەقڵ و سیمای تایبەتی خۆیەتی و قورسایی ئەم بڕیار و حوکمەش لە ئەستۆی نووسەرەکەیەتی:

((وێژە ئاوازێکی خۆییە، واتە ((ذاتی))یە کەسایەتی تەواوی خاوەنەکەی کە وێژەرە دەنوێنێت و هەست و بەهرە و هەڵوێستی دەخاتەڕوو...)) [1].

هەر بۆیە، کورتە چیرۆکی هونەریش لەو یاسایە بەدەر نییە و توخم و رەگەزی پێکهێنەری (کەرەسەی) بنیاتنانی خۆی، تایبەتمەندی پێبەخشیوە... لەم بارەوە دەشێت بیروڕا لە شێوەی پاش و پێشی توخمەکاندا هەبن... یاخود لای شارەزایەکی ئەدەبی توخمێك لە توخمەکانی دی گرنگتر بێت... بەڵام ئەو راستییەی سەلماوە ئەوەیە: پێکهێنانی قەوارەی کورتە چیرۆك، بێ یەکێك لەو توخمانە کارو بەرهەمێکی ناتەواو دەردەچێت و پێویستە هەموو توخمەکانی تێدابێت، ئەوەش بریتین لە:

١- زمان: زمان یەکێکە لە هۆو کۆڵەکەی هەرە گرنگی لەدایکبوونی بەرهەمی ئەدەبی جوان و سەرنج ڕاکێش، مرۆڤ بەهۆی زمانەوە ئەتوانێت،

---

(١) مێژووی رەخنەسازی- دکتۆر کامل حەسەن بەسیر- چاپخانەی (دار الحرية للطباعة) بغدا- ١٩٩٤- ل١٥.

کار و بەرهەمی داهێنەرانە بێنێتە کایەوە، ناوێکی نهێنی لە یەکگەیشتنی نێوان مرۆڤە، هەموو هاوبەشی تێدا ئەکەین، ئەو نووسەرەی زمانزانێکی باش و بێ گرێ و گۆڵ بێت، ئەوا دەسەڵاتی تەواوی بەسەر کارەکەیدا ئەشکێت، چیرۆکنووسی سەرکەوتووش دەسەڵاتی زمانی بەهێزو فراوانەی پێویستە...

٢- رووداو: نەك هەر کورتە چیرۆك، بەڵکو هەر بەرهەمێکی داهێنەرانەی ئەدەبی رووداوی تێدا نەبوو، ئەوا کارەکە وەك گوێزی پووچی لێدێت و مرۆڤ لە ئاستی خوێندنەوەی ئەو کورتە چیرۆکەی رووداوی تێدانییە دەستەو ئەژنۆ دۆش دائەمێنێت و نازانێت لە چی ئەدوێت و مەبەست چییە؟... بۆیە رووداو بۆ چیرۆك داینەمۆیەکی گرنگە و خوێن بە جەستەی چیرۆکەکەدا ئەباو ئەهێننێت... باش وایە کە باس لە رووداوی چیرۆکێك ئەکرێت، مەبەست لەوە نییە رووداوەکە بەشێوەیەکی رووت و قوت باسکرێت و بگوێزرێتەوە... چونکە لەو کاتەدا وەك نووسینەوەی مێژووی لێدێت، بەڵکو دەبێت رووداو یاخود رووداوەکانی ناو چیرۆك زیندوو بزێوبن.. رەنگە زۆر جار زمانی وەسف و وردەکاریەکانی لە خزمەتی رووداو دابێت، دکتۆر رشاد رشدی ئەڵێت: ((هەرچی بۆ چنینی چیرۆکەکە بەکار دێت، هەر لە زمان و وەسف کردنی گفت و گۆگێرانەوە دەبێت لە خزمەتی رووداودا پیادە بکرێت...)) [(١)].

زووجاو لە چنینی کورتە چیرۆکەدا ئەگەرچی لەبچووکترین هەڵوێست یاخود دیاردەیەکی کورت و تیژدا بێت، بایەخی هەیە و چیرۆکنووس بە توانا و بەهرەدار و لێهاتوو کار و بەرهەمێکی چاك و نایاب لێپەیدا دەکات- حوسێن القبانی ئەڵێت: ((هەر رووداوێك ئەگەرچی بچووك بێت، دەشێت بۆخۆی بابەتی چیرۆکێك یاخود چەند چیرۆکێکی جیاواز بێت...)) [(٢)].

لای شارەزایانی هونەری نووسینی کورتە چیرۆك، ئابەو شێوەو جۆرە

---

(١) فن قصة القصيرة- الدكتۆر رشاد رشدي- دار العودة- بيروت، ل٩٧.

(٢) فن كتابة القصة- حوسێن القباني: الطبعة الثالثة ١٩٧٩، ل٢٥.

نیگای بۆچوونیان ئاراستەی بایەخ و گرنگی رووداو لە کورتە چیرۆکدا ئەکەن.

**٣- کەسایەتی:** کەسایەتی بریتیە لەو مرۆڤانە یاخود (کاراکتەرانە)ی دەوریان لەناو رووداو یاخود دروستکردنی رووداودا هەیە، ئەگەر چی ئەگونجێت رووداو جگە لە مرۆڤ بەهۆی گیانلەبەرێك یاخود بە هۆی کارەساتی سروشتی وەك بوومەلەرزە و لافاوەوە بێتی دی..

بەڵام لێرەدا کەسایەتی ناو چیرۆك مەبەست مرۆڤە، مرۆڤیش خاوەنی جووڵە و هەست و نەست و خواست و ئامانجی خۆیەتی... سەرچاوەی بابەتەکانی لە ژیانی خۆی و دەوروبەرەوە هەڵئەهنجێت و پەلکێشی بۆ ململانێی ژیان دەکات و کەرەسەی ئەدەب و فیکری نوێ بۆ شارستانیەتی ئایندە بەجێ ئەهێڵێت، ئەو حاڵ و بارە لە کەسایەتی کورتە چیرۆکی سەردەمدا ئەبینرێت: ((اکمل الدین احسان- ئەڵێت: کەسایەتی چیرۆکی سەردەم، مرۆڤن، بابەت و باسەکانیان ژیانی واقیعی و رووداو کەسایەتی مێژوو ئەدەبە و زۆر کات چیرۆکنووس هونەرمەندێکی داهێنەرە نەکە شوێنکەوتەی لاساییکەرە...)) [1].

کەسایەتی توخمێکی گرنگ لە کورتە چیرۆکی هونەریدا پێك ئەهێنن و ئەتوانرێت بە "دڵ"ی جەستەی چیرۆکی دابنرێت کە خوێن بۆ تانوپۆی لەش ئەنێرێت و هەموو رەگ و دەمارەکانی پێوە بەستراون.

کەسایەتی چیرۆك گرنگی تایبەتی هەیەو و هەموو باس و خواستەکانی روو لەو دەکەنەوە- حوسێن القبانی- بیروڕای وایە: ((کەسایەتی لە چیرۆکدا ئەو چەق یاخود ناوەندەیە، سەرجەم قەزیەکەی بە دەورا ئەخولێتەوە)) [2]. ئەوە بایەخی کەسایەتی ناو چیرۆکە، بۆیە بە توخمێکی گرنگی پێکهێنانی چیرۆك دا ئەنرێت.

---

(١) من الأدب التركي الحديث- مختارات من القصة القصيرة، ل٢٣.

(٢) فن كتابة القصة- حوسيَن القباني- الطبعة الثالثة، ١٩٧٩، ل٦٨.

٤- پاڵەوان: بە شێوەیەکی گشتی لە چیرۆکدا و بەتایبەتی لە کورتە چیرۆکی هونەریدا پاڵەوان کەسێکی یاخود کاراکتەرێکی دیار و لە رووی چیرۆکەکەیە و بەشی هەرە زۆری ئەرك و قورسایی لەسەرە.

کاتێك باس لە پاڵەوانی هەر چیرۆکێك ئەکرێت مەبەست لەوە نییە: ئەو کەسە((پاڵەوان))ـە و ئازاترین و نەبەزترین و قارەمانترین کەسی ناو چیرۆکەکەیە، بەڵکو ئەو کەسە ((پاڵەوان))ە زۆرترین دەور لەناو چیرۆکەکەدا ئەبینێت...

کارێکی پێویست و بەجێیە گەر ((پاڵەوان))ی چیرۆك و ((کەسایتی)) بە یەك چاو تەماشا نەکرێن، بەتایبەتی لە ساتێکدا، لە کەسێك زیاتر رۆڵی کەسایەتی لەناو چیرۆکەکەدا ببینن، لەو حاڵەتەدا ((پاڵەوان)) لە کەسایەتی ئاسایی جیایە، بەلاّم کاتێك لەناو چیرۆکەکەدا یەك دەور ئەبینێت ئەوا پاڵەوان و کەسایەتی لەناویەکدا ئەتوێنەوە، ئەکرێت زاراوەی کەسایەتی، پاڵەوانی بەسەردا ببڕێت: مستەفا ساڵح کریم لەو بارەیەوە باری سەرنجی خۆی دەرئەبڕێت: ئینجا ئەگەر هاتوو گواستمانەوە بۆ باسی شەخسیەتی پاڵەوان لە چیرۆکی ئەم سەردەمەدا، پێویستە ئەوانەی پێیان ئەڵێن- ئەدەبی واقعی ئەوانە جیاکەینەوە لەوانەی پێیان ئەووترێ- ئەدەبی کۆشك و تەلار...)) [1].

ئەو نموونەیەی پێشەوە تەنیا بۆ بەڵگەی راستی بەکارهێنانی زاراوەی ((شەخسیەتی پاڵەوان)) هێنراوەتەوە کە پاڵەوان کەسێکە: لەناو سەرجەم ئەو کەسایەتیانەی رۆڵیان لە ناو چیرۆکەکەدا هەیە و کەسێکی جیاوازە و مامەڵەی تایبەتیشی لەگەڵدا ئەکرێت.

٥- گفتوگۆ: لایەنێکی تەواوکەری چیرۆکە و رۆڵی بەرچاوی هەیە، لە

---

(١) تەنگ و چەڵەمەی پاڵەوان لە چیرۆکی سەردەمدا- مستەفا ساڵح کەریم- گۆڤاری دەفتەری کوردەواری- بەرگی یەکەم- بەغدا- کانوونی دووەم، ١٩٧٠، ل٤١.

جوانکـاری و رازانـدنـەوەی چـیرۆکەکەدا، بـزەو جووڵـە بـە دنیـای چـیرۆکەکە ئەبەخشێت و بەردێکە فڕێ ئەدرێتە گۆمە مەنگەکەی دنیای کپ و بێ دەنگی چیرۆکەکەوە و ڕەگـەزێکی بـەهێزە لـە ورووژانـدنی کانگـای شـەوق و ڕەوق و گـەڕان بـە دوای ئاکـامی چـیرۆکەکەدا.. ئـەکرێت بووترێـت: گفتوگـۆ تیشـکی دەنگی بۆ دیاریکردن و ڕۆشنکردنەوەی هێماکان.. بۆیە هەنـدێك جـار هێمـای بێ دەنگیش هەیـە گفتوگـۆ گرنگـی خـۆی هەیـە: ((لـە چـیرۆکدا هـەر جـۆرە چیرۆکێك بێت، کەم زۆر گفتوگۆ پێویستە، گفتوگۆ لـە چـیرۆکدا بـە لایـەنێکی بایەخدار دادەنرێت..)) [1].

گفتوگۆ پەیوەندی ڕاستەوخۆیی بە کەسـایەتی نـاو خـودی چـیرۆکەکەوە هەیە و دەبێتە مایەی جووڵاندن و هاندان و هەنگاو نانی نـوێ، ئاکـام، ڕووداو ئـەنجام بەدەسـتەوە دەدات.. مـرۆڤ لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەو گفتوگۆیـە شـێوەو جـۆری ململانێـی نـاو چـیرۆکەکە سـاغ دەکاتـەوەو تەنانـەت گـەلێك شـێوەو حاڵەتی مرۆڤ هەن، وەك باری گرژی و ئاڵۆزی دەروونی تەنیا بە هێمای ڕووت و جووڵـە دەرناکـەوێت، بـەڵام ئـەکرێت ئـەو حاڵەتـە لـە ڕێگـای گفتوگـۆوە دەربڕێت و نیشاندرێت.. لەبەر ئەوەی زۆر جار سەرکەوتنی چیرۆك بە جـۆرو چـۆنیەتی گفتوگـۆوە بەسـتراوە، چـیرۆکنووس چـۆن چـۆنی ئـەتوانێت مامەڵەیەکی سروشتی لەگەڵدا بکات، حوسێن القبانی– ئەڵێت:

((سەرکەوتنی تەواوی چیرۆك بـە بلیمـەتی و لێهـاتوویی نووسـەرەکەیەوە بەنگە، بەوەی چۆن مامەڵە لەگـەڵ گفتوگـۆی نێـوان کەسـانی چـیرۆکەکانیان دەکات)) [2].

گفتوگـۆ دەنگـداری نێـوان کەسـانی نـاو چـیرۆکەکەو یـاخود بـە هێمـای جووڵاندنی دەست و بەو گفتوگۆیەی مرۆڤ لە ناخەوە لەگـەڵ خۆیـدا ئـەیکات، هێزێکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەرخستنی چیرۆکەکەو وادەکات بە ئاسانی خـەڵکی لێی تێبگات و ئاشکراو ڕوون بێت و بە ئاکامێکی دیاری بگەیەنێت.

---

(١) چیرۆکی کوردی و هونەری چیرۆك نووسین– عەبدوڵڵا ئاگرین– گۆڤاری دەنگـی مامۆسـتا– ژمارە (٢)– ساڵی (١) مایسی ١٩٧١، ل٢٢.

(٢) فن كتابة القصة– حوسَين القباني– الطبعة الثالثة– ١٩٧٩، ل٩٨.

**بەندی دووەم:**

بـۆ نووسـین و داڕشـتنی کورتـە چـیرۆك جگـە لـەو توخمـە سـەرەکییانەی دیاریکران چەند توخم ڕەگەزێکی لاوەکـی و بنـەڕەتی دی هاوبەشـی پێکهێنـانی چیرۆکی هونەری ئەکەن.. ئەمانەش دەبن بە دوو بەشەوە:

ڕەگەزە لاوەکییە نا سەرەکییەکان: بـۆ نووسـینی کورتـە چـیرۆکی هونـەری ئەم ڕەگەزانەی ئێستە پێشکەش ئەکرێن، بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی دروست و هۆشـیارانە هاریکـاری نووسـەر دەکـات و بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـك و جـوان و دروست چیرۆکەکە لەدایك دەبێت؛ لەوانە:

### أ- جۆر و چۆنیەتی هەڵبژاردنی بابەتی ناوەڕۆك:

ئەم لایەنە پەیوەستە بە جۆر و چۆنیەتی بیرکردنەوە و ئامـانج و مەبەسـتی چیرۆکنووسـەوە، دیـاریکردنی بابـەتی نـاوەڕۆك و پێشکەشـکردنی لـە بـەرگ و ڕوخسارێکی جوانی هونەرمەندانـەدا سـەرکەوتنی چـیرۆکنووس ئەسـەلمێنێت... لایەنی هەڵبژاردنی باس و بابەتی ناوەڕۆك گرنگی پێدراوە، لـەم ڕووەوە ئـەم بـۆ چـوونە هەیـە: ((مەبەسـت لـەم بەشـە ئەوەیـە نووسـەر بایـەخێکی تـەواو بـە کەرەسەو مادەی نووسینەکەی بدات بۆ ئەوەی بـە تـەواوی پـڕ بـە پێسـتی ئـەو نەخشە ڕەنگ بۆ کێشراوە بێت کە بۆی دانراوە)) [1].

پێشتر ڕوونکراوەیە، هەڵبژاردنی بابەتی ناوەڕۆك، ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە بیرو باوەڕ و ئامانج و شارەزایی و ڕۆشنبیری نووسەرەوە هەیـەو بابەتـەکانی لـە ژیان و بەسەر هات و ڕووداوی ڕۆژانە یـاخود مێژووییـەوە هەڵئـەهێنجێت یـاخود ئەوەتا لە ئاکـامی بـیر و بیرکردنـەوەی خـود خـۆی ئەیانچـێنێت و پێشکەشـیان دەکات، تەها بابان لەم ڕووەوە ئەڵێت:

((ئـــەو بەســـەرهاتانەی بەســـەر کۆمەڵـــدا دێـــن، دیســـان سەرچـــاوەیەکە چیرۆکنووس باسی چیرۆکەکانی لێوە هەڵئەهێنجێ، لە ڕاستیدا وەنەبێت کۆمـەڵ تـەنیا هـەر لـە ڕێـی ئـەو بەسـەرهاتانەوەی کـە بەسـەریدا دێـت بـیری چـیرۆك

---

(١) چیرۆکی کوردی و هونەری چیرۆکنووسـین- عەبـدوڵڵا ئـاگرین- گۆڤـاری دەنگـی مامۆسـتا ژمارە (٢)، ساڵی (١) مایسی ١٩٧١، ل١٩.

ببەخشێت، بەڵکو نەریتی کۆمەڵ لەو بیروباوەڕانەی کە خەڵکەکەی هەیانە، کرداریان و جۆری ژیانیان باری ئابووریام... هتد هەموو هەوێنن بۆ باسی چیرۆك... مێژووش سەرچاوەیەکی ترە... دوا سەرچاوە کە چیرۆکی لێوە بەدەست بهێنرێت خەیاڵە، لەراستی بە دەگمەن چیرۆك هەیە کە خەیاڵی چیرۆکنووسی کەم یان زۆر تێکەڵ نەبێت)) [1].

دیاریکردنی بابەتی بەهێز لە بەرگێکی هونەری بەرزدا چیرۆکێکی نایابی لێدێتە بەرهەم.

**ب- دیاریکردنی ناونیشانی چیرۆك:**

ئەم لایەنەش سەنگ و بەهای خۆی هەیە و کاریگەری لە هەست و هۆشی خوێنەری چیرۆك دەکات... پێویستە ناونیشانی چیرۆك نزیکی و خزمایەتی لەگەڵ ناوەرۆکدا هەبێت و ئاسمان و رێسمان لە نێواندا نەبێت...

سەبارەت هەڵبژاردنی باسی چیرۆك محەمەد نوری توفیق بیروڕای وایە:

((**هەڵبژاردنی باسی چیرۆك:** سەر باسی چیرۆك یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتیەکانی چیرۆکێکی سەرکەوتوو، واتە ئەو باسەی کە نووسەر ئەیگێرێتەوە پێویستە سەر باسەکەی تام و چێژێکی وای تیابێ کە خوێنەر بەلای خۆیدا راکێشی و واز لە خوێندنەوەی نەهێنی تا دوا وشەی چیرۆکەکە)) [2].

ناونیشانی چیرۆك مەرجێکە ناتوانرێت وازی لێ بهێنرێت دەشێت چیرۆك ناوونیشانێکی وەك: (چیرۆکی بێ ناونیشان)ی بۆ دابنرێت، بەلاّم هەرگیز چیرۆك بێ ناونیشان نابێت.

**ناوی کەسان و پاڵەوانی چیرۆکەکە:** بایەخی خۆیان هەیە و پێویستە ئەو ئەرکەی بە هەر یەك لە کەسایەتی ناو چیرۆکەکە ئەسپێرێت، ناوەکەی لە گەڵیدا بگونجێت و چیرۆکنووسی هۆشیار رەچاوی ئەم لایەنە دەکات تا کەمترین کون

---

(١) چیرۆکنووس لە کوێوە باسەکانی ئەهێنی- تەها بابان- گۆڤاری بەیان- ژمارە (٣) نیسانی ١٩٧٠، ل٢٤.

(٢) پەیدابوونی چیرۆك و مەرجەکانی کورتە چیرۆك- محەمەد نوری توفیق- گۆڤاری رزگاری ژمارە (١٤ و ١٥) لە ٢٧/ ٣/ ١٩٧٠، ل ٨.

و کەلەبەر لە چیرۆکەکەیدا هەبن.

حوسێن عارف بایەخ و گرنگیەکی زۆری بە ناوی کەسانی چیرۆك داوە و ئەڵێت: ((هەڵبژاردنی ناوی کەسانی چیرۆك هێندە ئاسان نییە وەك هەندێك لە برا چیرۆکنووسەکانمان تێگەیشتوون، من بەش بە حاڵی خۆم بە دەست هەڵبژاردنی ناوی کەسانی چیرۆکەکانمەوە گەلێك ماندوو ئەبم و هەردەم تەقەلاّ ئەدەم کە ناوەرۆك پڕ بە پێستی ئەو کەسە بێ کە لە مێشکی خۆما نەخشەی جموجووڵ و جێگە و شوێنی لە کۆمەڵدا بۆ ئەکێشم)) [1].

ئەم لایەنەش هەڵبژاردنی ناوی کەسانی چیرۆك پەیوەستی بە شارەزایی نووسەر لە هونەری کورتە چیرۆکی هونەریدا هەیە.

**بەندی سێیەم:**

چۆن روو لە ناو باسی چیرۆکەکە ئەکرێت و بە چ شێوازێك بیروڕاکە دەرئەبڕێت و دائەڕێژرێت؟ ئەم شێوەو شێوازە بۆ نووسینی چیرۆکی هونەری یەکجار گرنگە و بایەخی هەیە و سەرکەوتنی چیرۆکەکە تەواو پەیوەندی بە توانا و بەهرەو لێهاتووی و شارەزایی چیرۆکنووسەوە هەیە... بەوەی چەندە رۆشنبیرەو زانیاری لە دنیای هونەری چیرۆکدا هەیە.

کەرەسەو بابەت هەر چەندە بەهێزو پێزو گرنگ بن، چیرۆکنووسی بێ توانا چیرۆکێکی هونەری مەزنی لێپەیدا ناکات وەك ئەوەی: کەرەسەی بیناسازییەکی چاك و زۆر لەبەردەست کۆلکە وەستایەکدا دانێیت تەلارێکی نایابت بۆ دروستکات ئەو کۆلکە وەستایە؛ چەندە خۆی ماندوو بکات، هەر ناتوانێت تەلارێکی چاکت پێشکەش بکات....

کەواتە: کەرەسەو رووداو چەندە بایەخدار بێت؛ لە بەردەم چیرۆکنووسی بێ توانا و نەشارەزادا؛ دابنرێت، بەرهەمی چیرۆکێکی ناوازەت پێشکەش ناکات... بۆیە... شێوەی دەربڕین و شێوازی داڕشتنی چیرۆك زۆر گرنگ و بایەخدارە...

سەرەرای ئەو توخم و رەگەزانەی پێشکەشکران و رۆڵی گرنگیان لە رووی

---

(١) ناوی کەسانی چیرۆکمان چۆن هەڵبژێرن– حوسێن عارف– گۆڤاری بەیان (٣)ی نیسانی ١٩٧٠، ل٣٨.

هونەری کورتە چیرۆکی هونەرییەوە هەیە.. ئـەم دوو توخمـەش ئاوێتـەی ژیـانی هونەری چیرۆکن، چیرۆکنووسی شارەزا و لێهاتوو فەرامۆشیان ناکات:

**١- کـات لـە کورتـە چـیرۆکدا: ئـەو ماوەیەیـە:** دیمـەن و رووداو هەڵوێسـتی چـیرۆکەکەی لـە سـەرەتا تـا کۆتـایی تێـدا پێشـکەش ئـەکرێت... کـات لای چیرۆکنووسـی هونەرمەنـد و شـارەزا گرنگـە و بایـەخی خـۆی هەیـە... بـەپێی جۆرەکانی چیرۆك پێەیستە هونەرمەندانە مامەڵە لەگەڵ کاتـدا بکرێـت، نابێـت و ناگونجێت هـەرگیز بوترێـت: کـات لـە چـیرۆکدا نییـە، عەبـدوڵڵا سـەڕاج ئـەڵێت: ((ئاشـکرایە چـیرۆك لـە کـات و جێگـای تایبەتـدا روو دەدات، واتـە: پێویسـتە پەیوەنـدییێکی تونـد هـەبێ لـەنێوان رەفتـار و رەوشـتی پاڵەوانـەکان و جێگـای دیاریکراو)) [1].

چیرۆکی هونەری و کات دوو براڵەن و لێکدانابڕێن.

**٢- شوێن- جێگا لە کورتە چیرۆکدا:** ئەو زەمینەیـە؛ دیمـەنی چـیرۆکەکەی تێـدا نیشـان ئـەدرێت و جـم و جـۆولی چـیرۆکەکەی تێـدا روودەدات... هـیچ چیرۆکێك بێ جێگاو زەمینەی رووداوەکەی نایەتە بەرهەم... مەبەست لە جێگاو شوێن تەنیا سـەر زەوی و خـاکێکی دیـاریکراو نییـە، بـەڵکو دەشـێت شـوێن لـە بۆشـایی ئاسمـان و لـەبن دەریـاو نـاو جێگـای تـردا بێـت.. تەنانـەت بۆشـایی (فەراغ)ی دەرەوەش بە جێگـا دائـەنرێت.. کەواتـە کـات و شـوێن دوو رەگـەزی هەمیشە دانەبڕاوی چیرۆکن هەرگیز چیرۆك بـە هـەموو چەشـن و جۆرەکانییـەوە بێ کات و شوێن لە دایك نابێت.

ئـەو رەگـەز و تـوخم و کەرەسـتانەی پێشـوو، لـە لایـەن چیرۆکنووسـەوە، بنیاتی کورتە چـیرۆکی هونـەری پێئـەنرێت و زیـاتر رووی هونـەری و روخسـار و شێوەی چیرۆك لە خۆ ئەگرێت، دیارە لەم روخسارو نـاوەرۆکی چـیرۆك وەك دوو رووی پارەیەك وان و بە هەردووکیان بـەهای پارەکـە پێکئـەهێنن، ئێسـتەش تـا باش مافی شـێوەو روخسـار و رووی هونـەری چـیرۆك پێشکەشـکراو تەواوکـەری بەشە سەرەکییەکەی چیرۆکەو بریتییە لە کەرەسەو بابەتی ناوەرۆکی چیرۆك.

---

(١) چیرۆك لە وێژەی کۆن و نوێ ماندا- عەبدوڵڵا سەراج- گۆڤاری بەیان- ژمارە (٣)ی نیسان ١٩٧٠، ص٣٣.

# بەشی سێیەم

## جۆرەکانی چیرۆک:

ئەو گرنگی و بایەخە زۆرەی بە چیرۆك ئەدرێت چ وەك تێکست یاخود ئەو هەموو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی بەردەوام لەسەر جۆر و چۆنیەتی و لایەنی هونەری چیرۆك ئەنجام ئەدرێن، نیشانەی ئەوەیە: چیرۆك ئەرکێکی گەورە و مەزنی لە دنیای فیکر و ئەدەب دا لە سەرەو رۆڵی مێژوویی بەرچاوی لە بزووتنەوەی رۆشنبیر دا هەیە... لای هەندێك ئەدیب و رۆشنبیران: چیرۆك بە گرنگترین شێوەی ئەدەب لەسەرانسەری دونیا دا دائەنرێت: (رەزا براهنی- پێیوایە: چیرۆك: فراوانترین و گرنگترین شێوەی ئەدەبی سەرانسەری دونیای سەردەمە...)) [1].

ئەوە بایەخ و گرینکیدانە بەچیرۆك لەلایەن هەندێك ئەدیب و رۆشنبیرە، هەڵبەت لە دیاریکردنی جۆرەکانی چیرۆك، چەندەها بیر و بۆچوون هەن و دەرئەبرێن.. ئەمانە هەموویان بەو مەبەستەن، لەبەر تیشکی زانستدا لە رووی ناوەرۆك و روخسارەوە جۆرەکانی دیاریبکرێن و هەر یەکەشیان لە خانەیەکی تایبەتی دا دابنرێن: لە رووی بابەتی ناوەرۆکەوە چیرۆك لەم حاڵەتاندا ئەبینێتەوە بەدەر نییە...

١- چیرۆکێك روو داوەکانی لە واقیعی ژیانەوە وەرئەگرێت و گەلێك جار شێوەی گواستنەوەی فۆتۆیەکی رووت لە ئامێز ئەگرێت، هەندێك جاریش نووسەر بە بیرێکی ورد و قوڵەوە رووداوە واقیعیەکان دائەڕێژێت.

٢- ئەو چیرۆکەی بابەتەکانی لە ئەندێشە و خەیاڵی نووسەرەکەیەوە سەر هەڵدەدات و بە شێوەیەکی هونەری دائەڕێژرێت.

هەر لەم رووەشەوە بیروڕا هەن پاڵپشتی ئەو رایە ئەکەن لەوانە عەبدوڵلا

---

(١) قصة نويسى- رضا براهني- چاپ سوم، چاپ و صحافي- شركة افسيت- ل١.

سـەڕاج ئـەڵێت: ((چـیرۆك لـە سەرچـاوەوە ئـەكرێت بـە دوو بەشـی گـەورە "یەكەمیان: چـیرۆكی واقیعـی ((ریالیسـت)) ئـەوی تـر چـیرۆكی ئیندێشـەیەو خەیاڵە)) [1].

نووسـەر لـە دیـاریكردنی جۆرەكـانی چـیرۆك تـەنیا لای بـەلای ناوەرۆكـدا كردۆتەوەو روخساری جوانی و لایەنی هونەری و قەوارەی چیرۆكەكەی بەلاوە ناوە.

٣- ئەو چیرۆكەی بابەتەكانی لەئاوێتەیی واقیعو خەیاڵ دائەڕێژێ.

راستوایە: لە دیاری كردنی شێوەو جۆرەكانی كورتە چیرۆك- مەبەست لە چیرۆكی هونەرییە- هەموو هەلومەرج و خەسڵەتێكی هونەری كورتە چیرۆكی تێدابێت و بە پێوانەی دەستوور و یاسای هونـەری چـیرۆك مامەڵـەی لەگەڵـدا بكرێت، ئەمەش تا ئاست و ئەندازەیەك لە چوارچێوەی سنووری بۆ داڕێژراوی ئەم بابەتی لێكۆڵینەوەیەدا جێگایان بۆتەوە.

**جۆرەكانی كورتە چیرۆك:** لە رووی قەوارەو چەندێتی وشە و مەودای كات و شوێن و كەسایەتی و چۆنیەتی رووداوی ناو چیرۆكەكە خۆیـان لـەم خانانـەدا ئەبنەوە: (چیرۆكی زۆر زۆر كورت، كورتیلە چیرۆك، كورتـە چـیرۆك، بروسـكە چیرۆك...).

**كورتە چیرۆك:** ئەم جۆرە چیرۆكە باوترین و بڵاوترین تەرزی چیرۆكی ئـەم سەردەمەیەو هەلومەرج و خەسڵەتی چیرۆكی لە كورتە چیرۆكدا چەسپاندووە و لەنگەری پێگرتووە.. **هەر ئەمەش هاوسەنگی تای تەرازوو كێشانەی هەموو چیرۆكێكی هونەری پێكهێناوە..**

نووسـەری كورتـە چـیرۆك جگـە لـە بـەهرەو توانـای ئـەدەبی، دەبێـت شارەزایی تەواوی لە دەستوور و یاسا و هەڵ و مەرجەكانی داڕشـتنو چـنینی كورتەچیرۆك دا هەبێت، پێویستە خاوەنی زمانێكی تەڕ و پـاراو بێـت، ئەگـەر

---

(١) جۆرەكانی چیرۆك- عەبدوڵڵا سەڕاج- گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٢- ١٩٧٢- ل٣٣).

لـه چـیرۆکنووس داوای ئـەوە نـەکرێت پسـپۆرێکی یەکچـار دەسـتە بـاڵای زمانەوانی بێت، بەڵام باشتر وایە لە کـون و کەلەبـەری ڕێزمـانی و شـێوەکانی زمانەکەیدا شارەزا بێت.

نووسەری چیرۆکی هونەری ئەتوانێت بە هۆی نووسینی کورتە چـیرۆکەوە بەهرە و لێهاتووی و شارەزایی و داهێنانی خۆی دەربخات و شـارەزایی خـۆی بسەلمێنێت.

لە نموونەی کورتە چـیرۆکی: ((ژیانمـان شـەهیدێك بـوو))، سـەعید ناکـام نووسیویەتی و سەرەتاکەی بەم شێوەیە دەست پیێ دەکات ((**مـام تـەوفیق- تۆ فەشەل- ئەو ئێوارەیە قالەی کوڕی و ئامەی کچی لەگەڵ خۆیا برد بۆ ناو ڕەزەکەیان کە کەوتۆتە پشت ئاوی جەنگنیان، لەکاتێکدا بە بارێکە ڕێکەی دا سەرئەکەوتن بۆ ناو رەز، مام تەوفیق کۆچانەکەی لە زەوی گیر کرد و خـۆی دا بەسەریا کە قاچە شلەکەی بحەسێنێتەوە**)) (١).

چیرۆکنووس بـە توانایـەکی بـەهێز وە بەهرەیـەکی تـەواوو شـارەزاییەکی چـاکی هونــەری چـیرۆکە وە بابــەتێکی بــەهێزی ژان و سـویی خواسـت و ئاواتەکانی نەتەوەی کوردی پێشکەش کردووین.. ڕووداوەکە خۆماڵیەو لـەناو کوردسـتان دا ڕوویـداوە، پەیوەنـدی ڕاسـتەخۆی بـە پێشـمەرگە و شۆڕشـی کوردسـتانەوە هەیـە.. گیـان فیـدای ڕۆڵەیـەکی کـورد لـەپێناوی بـەدیهێنانی رزگاری کوردستان نیشان دەدات...

تۆفــە شــەل پاڵــەوانێکی نادیــاری ســەرەتای چـیرۆکەکەیەو لـە شـەڕی ئـەیلوولی ١٩٣٠ی بـەردەرکی سـەرای سـلێمانی بەرکـەوت و تیاچـوو، کـوڕ و کچێکی لەدوا بەجێ ئەمینێت، کوڕەکەی مام تۆفیق ناوی قـادرە دوای چـەند ساڵێك لە تیاچوونی باوکی، ژن ئـەهێنێت، کـوڕێکی دەبێـت و نـاوی محەمـەد لێئەنێت.. محەمەد لە تەمەنی حەوت سـاڵیدا دەچـێتە قوتابخانـەی دێیـەکان

---

(١) چیرۆکی- ژیانمان شەهیدێك بوو- سەعید ناکام- گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە- ژمارە (٢٠) مایسی ١٩٦٩، ل٨.

چنگنیان، چوار پۆل لەوێ و دوو پۆل لە چوارتا و دواتر لە سلێمانی تا پـۆلی سـێی ناوەنـدی ئـەخوێنێت، بـەهۆی کۆچـی لـەناکاوی باوکییـەوە، واز لـە قوتابخانە دێنێت و ڕوو دەکاتەوە چنگنیان و لەگەڵ پووریدا پێکەوە ئـەژین، ئا لەو ساڵەدا شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ بەرپا دەبێت و کوردسـتان لـە دوژمـن دەبێتە یـەك پارچـە ئـاگر و هەسـتی نەتـەوەییش پـاڵ بـە حەمـەوە ئـەنێت، مەچەکی خەباتی لێهـەڵماڵێت بـۆ بـەرگری لـە کەرامـەتی نەتەوەکـەی بچێتە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

چـیرۆکنووس (سـەعید ناکـام) بـە سـەرەتایەکی بـەخێز و پانۆرامایـەکی سەرەنجڕاکێشــەوە ڕووداوەکــانی نــاو چــیرکەکەمان پێشــکەش دەکــات: هوشیارانە دەستی خوێنەر بۆ ناو جەرگەی چیرۆکەکە ئـەگرێت و وا لـە مـرۆڤ دەکـات لـە ئاسـتی ڕووداوەکانـدا چـاو نـەتروکێنێت. تـا چـیرۆکەکە ئەگاتـە لوتکە.. ئەویش لەو کاتەدایە: حەمەی کوڕی حاجی قـادری مـام تۆفـە لەبـەر ئازایی و جەسووری و چاونەترسی پلەی سەرلقی ئەدرێتێ.

حەمــەو ڕووداو هــەر لــە ســەرەتادایە و ڕۆژ لــەدوای ڕۆژ لــەدوای کــاری قارەمانانـە بـە سـەرکەوتوویی و سـەلامەتی ئـەنجام دەدات... چـیرۆکنووس شارەزاییانە ڕووداو بەرەو لوتکە ئەبات..

لوتکەی چیرۆك گرنگەو هەسـت ئـەبزوێنێت و نـاخ ئەهـەژێنێت.. لوتکـەی ڕووداوی چیرۆك، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لـە هێـزو پێـزو ئاکـامی دوایـی چیرۆکەکە.. هەڵوێستی ئازایانە هەستی پڕ لە سۆز و لە خۆبـووردووی حەمـە مەنزڵی لە لوتکەی ڕووداودا دیاری دەکات: ((کاکە حەمـە عـادەتی وابـوو کـە ئەچـوو بـۆ شـەڕ خـۆی پـێش ئەکـەوت کـە ئەگەڕانـەوە لـەدوای هەموانـەوە بوو)).[1].

ئـەم هەڵوێسـتە گـرنگ و بوێرانـە خـۆی لـە لەتکـەی ڕووداوەکـانی نـاو

(١) چیرۆکی– ژیانمـان شـەهیدێك بـوو– سـەعید ناکـام– گۆڤـاری دەنگـی پێشـمەرگە، ژمـارە ((٢٠)) مایسی ١٩٦٩، ل١٧.

چـیرۆکەکەدا ئەبینێتـەوە، چـونکە لـە رۆیشـتن و گەڕانـەوەی هـەر کـارێکی پێشـمەرگایەتیدا ترسـناکترین شـوێنی بـۆ خـۆی دانـاوە، کـە لوتکـەی رووداوەکانی تیا بەرپا دەبێت.

لەکاتی بەجێهێنانی ئەرکێکی پێشمەرگایەتیدا و لەگەرانەوەدا بێ ئـەوەی هەستی پێبکـەن، گوللەیـەکی وێـڵ ئـەیپێکێت. چـیرۆکنووس ئـەڵێت: ((هـیچ هەستێکیان بەو تاکە تەقەیە نەکرد)) [1].

تەقەی ئەو تاکە گوللەیە رووداوی بردە لوتکە، کاتی رووداو ئەگاتە لوتکە ئەوا دەیان پرسیار و نیشانەی سەرسوڕمان دێتە پێش و هۆش و بـیری مـرۆڤ ئەورووژێنێت و چاوەڕوانی دووبارەبوونەوەی ئەکرێتەوە:

ئاخۆ چیرۆکەکە، لە لوتکەدا کۆتایی دێت یاخود بە ئاکامیی دی ئـەگات؟ لوتکە لـە چـیرۆکدا بایـەخ و تایبەتمەنـدێتی خـۆی هەیـە و پردێکـە لـە نێـوان سـەرەتای کـار و ڕووداو بـە ئـەنجام گەیشـتنی ئـەو کـارو رووداوو.. بۆیـە چاوەڕوان ئـەکرێت، تـا بزانرێـت رووداوی لوتکـەی چـیرۆکەکە بـە چ ئاکامێك ئەگات: ((**چەند هەنگاوێك ڕۆیشتن یەكێكیان كاكە حەمەی بانگ كـرد. بـەڵام وەڵامی نەبیست، هەموویان ویسـتیان و دوانیـان بـەرەوە پـاش گەڕانەوەكـە ئـەبینن كاكـە حەحـەی قارەمـان لەسـەر چـەقی ڕێگـا كـەوتووەو بـە حـاڵ هەناسەی تیا ماوە**)) [2].

پاش ئەوەی گرێی چیرۆکەکە لە لوتکەی هەرە بەرزدا روو لە ئاشکرابوون دەکات.. ئەوەتا گوللەی وێڵ شوێنی کاریگەری پێکاوە، پەرێشـانی کـردووەو بە حاڵ هەناسەی تیا ماوە.

چیرۆکەکە لە رووی هونەرییـە، مەرجـەکانی هونـەری کورتـە چـیرۆکی بـە

(١) چیرۆکی– ژیانمـان شـەهیدێك بـوو– سـەعید ناکـام– گۆڤـاری دەنگـی پێشـمەرگە، ژمـارە ((٢٠)) مایسی ١٩٦٩، ل ١٧.

(٢) چیرۆکی– ژیانمـان شـەهیدێك بـوو– سـەعید ناکـام– گۆڤـاری دەنگـی پێشـمەرگە، ژمـارە ((٢٠)) مایسی ١٩٦٩، ل ١٧.

جوانی تیا رەچاوکراوە.. روداوو کەسایەتی و جۆری گفت و گۆو کات و شوێن و ناویشانی تەواو کوردانەیە، هەست نەست و بۆو بەرامەی نەتەوەیی لێدێت و بڵێسەی گیانی شۆڕشگێڕانەی لێبەرزدەبێتەوە.. کاریگەری بیروباوەڕی کوردایەتی بە پاڵەوانی چیرۆکەکەوە بە زەقی دیارەو خۆی لەپێناوی کوردستاندا بەخت کردووە.. بەدەم ژان و ئازارەوە دوا هەناسە دەدات و ئەڵێت: ئێوە بە تەنگ جەنازەی منەوە مەیەن، بەڵکو دەستکەوتەکان بپارێزن.. کوردستان خۆش بێت، ئەوسا وەسیەتی ئەوە دەکات: لە دوای گیان بەخشینی، جەنازەکەی بۆ گوندی چنگنیانی نزیک شاری سلێمانی ببەنەوەو جێی نزرگەی باوانی پێشادبێت.

چیرۆکنووس شارەزایانە رووداوی لوتکە و بەرەو ئاکام ئەبات و ئەنجام بەدەستەوە دەدات:

**(هەموو لەدەوری کۆبونەوەو ویستیان هەڵیسێنن، برینەکەی زۆر کاریگەر بوو، گوللەی وێڵ لە دواوە بەرپشتی کەوتبوو، لە ناو سنگیان بەجێ مابوو، کاتی پێشمەرگە دەستیان کرد بە گریان، هەندێکیان کەوتنە ماچکردنی، بۆ هەناسەیەك چاوی هەڵێناو وتی: کوردستان خۆش بێ، دیلەکان بە جێ مەهێڵن... تەرمەکەم بەرنەوە لە چنگینان بمنێژن ئیتر بە یەکجاری چاوە گەشەکانی لێك ناو گیانی بەخشی بەو ئامانجەی بڕوای پێ بوو))** (1).

---

(1) چیرۆکی ژیانمان شەهیدێك بوو– سەعید ناکام– گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە– ژمارە (٢٠) مایسی ١٩٦٩، ل ٨.

# بەشی چوارەم

## ناوەرۆکی کورتە چیرۆك:

نەك تەنیا لە کورتە چیرۆکدا، بەڵکو لە هەموو کار و بەرهەمێکی ئەدەبی و فیکری و پراکتیکی... کاکڵ مەبەستەو هەر هەموو هەنگاو و کارو هەڵوێست و ماندووبوون لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو مەبەستە دایە کە رەنگی نەخشەکەی بۆ رێژراوە، وردەکارییەکی هونەری و جوانکاری روخسار و شێوەی کورتە چیرۆکەکە دیارەو هەر لە خزمەت سەرخستنی کارە ئەدەبیەکە دایە و بەو نیازەیە، کاکڵی مەبەست بهێنێتەدی، تەنانەت زمان پاراوی و هەموو زانیاریەکی دی هەیە هەر لە قازانج و بەرژەوەندی ئامانجی ناوەرۆکی کورتە چیرۆکەکەیدایە.

### کورتە چیرۆکی مێژوویی:

سەرچاوەی بابەتەکانی ئەم جۆرە کورتە چیرۆکانە لە کارەسات و رووداوە مێژووییەکانەوە هەڵئەهێنجرێت، بەشێوەیەکی هونەری و لە قاڵبێکی نوێی سەردەمدا دائەرێژرێتەوە، تاوەکو نەوەی نوێ، مێژووی کارەساتەکانی گەلەکەی تۆمار بکات و لەیادی نەچێت و هەم بۆ ئەوەی پەندو عیبرەتی لێوەرگرێت، لە نموونەی کورتە چیرۆکی بووکە شووشەی دکتۆر مارف خەزنەدار بەم جۆرە ئاشنای چیرۆکەکەیمان دەکات: ((قارەمانی ئەم بووکە شووشەیەی من مناڵ نییە، دەمێکە ئەو تەمەنەی بەرێ کردووە، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز بووکە شووشەی لەیاد نەچۆتەوە، چونکە مناڵی تر پێ نەگەیشتووە)) [1].

چیرۆکنووس بە روونی ئەو راستیە دەرئەخات: مەبەستی بووکە

---

(١) بوکە شووشە– دکتۆر مارف خەزنەدار، چاپخانەی ئەسعەد– بەغدا– ١٩٦٩، ل٧.

شووشەی ئاسایی نییە و وەك مندالّی دی پێنەگەیشتووە، بەلّکو مەبەستی لە سەرەتایی تەمەنی کۆرپەی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ـە.. هەروەها چیرۆکی ((باکوردانە بمرین))! هەر لە سەرەتاوە بانگێشتەی نەوەی ئێستە و ئایندەش دەکات.. بۆ ئەوەی چاو بە مێژووی خوێناویادا بگێڕنەوەو راستی رەفتارە دەڕندەکانی دوژمنی میللەتی کورد بناسن و بەم شێوەیە دەستپێدەکات: ((کات رۆژی ١٩٦٣/٦/٩ یە.. شوێن مالّی حاجی رەشید بازرگانە لە گەڕەکی گۆیژە سلەیمانی.. دانیشتوان: (حاجی رەشید بازرگانەو تەمەنی ٥٠ سالّە، وریای کوڕی حاجی رەشید موچە خۆرە لە بانق.. کاوە گەنجێکی ٣٠ سالآنەیەو پارێزەرە.. پشکۆ لاوێکی ٢٠ سالّییەو لە کوللیەی بازرگانی بەغدا ئەخوێنی..

وریا- لە دوێنێیەوە هاتوچۆیان قەدەغەکردووە کەس بە کۆلآن و شەقامەکاندا ناڕوا، کەچی یەك هەناسە تەقە بێدەنگ نەبوو، نازانم مەبەستیان لەم تەق و تۆقە چییە؟ پشکۆ وەلآمی دایەوە: مەبەستیان ئەوەیە دلّخۆشی خۆیان بدەنەوە.. ئەمانە تاوان، لەگەلّ میللەت ئەکەن و ئەزانن پێشمەرگە نابوورێ و لە هەلێکا تێیان ئەسرەوێنێ. بۆیە دارو بەردیان لێ بووە بە پێشمەرگە. بە تەق و تۆق ورەی خۆیان بەهێز ئەکەن)) [1].

چیرۆکنووس بە شێوەیەکی ئەدەبی جوان.. ناخی رووداوە دلّتەزێن و کارەساتە خوێناویەکەی (٩)ی حوزەیرانی سالّی (١٩٦٣)ی رژێمی بەعس راستەگۆیانە بۆ ناو جەرگەی چیرۆکەکەی ئەگوێزێتەوە.. وەك رووداوێکی مێژوویی نەتەوەییمان ئەو رۆژە رەشە تۆمار دەکات و جۆری ململانێ نێوان نەتەوەی کورد و داگیرکەران دەرئەخات و نایەوێت ناوی بەرپرسی ئەو کارەساتە ((زەعیم سدیق مستەفا)) لە یاد بچێتەوە وەك بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت.. لەم چیرۆکەدا رووداوی مێژوویی نەتەوەیی هەوێنی چیرۆکەکەیە.

---

(١) چیرۆکی باکوردانە بمرین- سەعید ناکام- گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە- ژمارە (٢٣) ئەیلولی ١٩٦٩- چاپخانەی خەبات- ل٨.

**کورتە چیرۆکی سیاسی:**

ناوەخنی بابەتی ئەم جۆرە چیرۆکە لە ژیانی واقیعی رووداوەکانەوە وەرئەگرێت یاخود لە چنینی بیر بۆچوونی چیرۆکنووسەوە چیرۆکەکە دانەڕێژرێت.

کورتە چیرۆکی ((گوڵاڵە و بەکر)) رووداوی ناو چیرۆکەکەی راستەوخۆ لە ژیانی سەردەمی نووسینی چیرۆکەوە وەرگرتووەو بێ پێچ و پەنا روو لە ململانێیە سیاسییەکە دەکات و ئەڵێت: گوڵاڵە ((نون)) بێ قەزابی ئەوە بۆ ئەوەندەت رق لە بەکری فەقیرە بەستەزمانە بۆ کوردایەتی دەستی لە خوێندن هەڵگرت و هاتووە بۆتە پێشمەرگە، کەچی تۆیش قسەی پێ ئەڵێی؟.

شنە وسبە خوشکم کفر مەکە، کام کوردایەتی و پێشمەرگەی چی، ئەمانە جاشن بەکرێ گیراوی میرین، تفەنگ ئەنێن بە پێشمەرگەوە، ئەمانە رێ بۆ دوژمن پاك دەکەنەوە بێنە سەر خاك و ناو ژن و منداڵی کورد خوا هەڵناگرێ تۆ باوکت لە شۆڕشی کوردستاندا شەهید کراوە کەچی جاشێکی خائن ئامشۆتان بکا" بڵێن ئەمە دەزگیرانی گوڵاڵەیە؟.

گوڵاڵە بۆچی جاشە دایکم، ئەویش لەگەڵ باوکم و باوکتا نەبوو بە پێشمەرگە؟ ئەوان نەیان ئەهێنایەوە بۆ ماڵی ئێمە و ماڵ ئێوە؟.

شنە ئەوسا خیانەتی نەکردبوو، باوکی من پێشمەرگەیە کەوا لە سەنگەرایە بەرامبەر بە دوژمن، خوا ئەیزانی ئەمرۆ باوکت بمایە لەمن زیاتر رقی لێ ئەبووەوە)) (١). چیرۆکنووس هوشیارانە قەزییەکی سیاسی گرنگی خستۆتەڕوو، نێوان شۆڕشی کوردستان و سەنگەرەکانی دوژمن و داگیرکەری ئاشکراو روون کردۆتەوە بەجۆرێکی ئەوتۆ هیچ تەم و مژێك لەبەردەممدا قوت نەبێتەوە، ئەمەش لە رێگای گفتوگۆی نێوان دوو دەستە خوشکەوە ((شنە و

---

(١) چیرۆکی گوڵاڵە و بەکر- سەعید ناکام و گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە (١٦) تشرینی دووەم ١٩٦٨، ل١٠.

گولاڵە)) هەر دووکیان خەڵکی سلێمانین و باوکیان پێشمەرگەی کوردستان بووە.. باوکی شنە ماوەو پێشمەرگەیە، باوکی گولاڵە شەهیدی ناو شۆڕشە.. ئێستە گولاڵە دەزگیرانی بەکرە کە سەر بە سەنگەری دوژمنە و دژ بە شۆڕشە.. شنەش هەروەك باوکە پێشمەرگەکەی سەر بە شۆڕشە، ململانێی سیاسی نێوانیان بەردەوامە.

هەر لە بواری سیاسەتدا مارف بەرزنجی کێشەی دنیای رۆژگارەکەی بەم جۆرە دەخاتەڕوو **((من و براکەم پێکەوە ژیاوین لەبەر ئەوەی لە هاوڕێ ئەکەین، هەرجارەی یەکێکمان شۆڕشگێڕترین لە رووی یەکتردا بەرانبەر بە کاروباری گۆڕانی کۆمەڵەکەمان رائەوەستاین))** (1).

نووسەر مەبەستی لە خۆی و براکەی.. هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبە.. لێرەدا سیمای هەڵوێستی رۆژگاری هەردوو نەتەوە ئاشکرا دەکات و ئەوسا دێتە سەر کێشەی نەتەوەکەی خۆی و بواری سیاسی رۆژگارەکەی و ئەڵێت:

**((ژیانی سەخت بیر لەلای مرۆڤ تیژ ئەکا لەبەر ئەوەی لە زووەو دەممان لە سیاسەت ئەدا و بە کول خۆمان ئەکتوتایە کۆڕی کۆمەڵایەتی یەوە، ئەوسا کۆمەڵی سیاسی هەر لەسەر بیروباوەڕی نەتەوایەتی لەناو کوردا پێك ئەهات. پۆلی شەشەممان تەواو نەکردبوو دەستی کۆمەڵێك لەو کۆمەڵە سادانەمان پێگەیی کە لەو کاتەدا سەر دەستەی کۆمەڵەکانی تر بوو، هەر چەند هەمەرەنگ بوو بەڵام چونکە هەر لە لاوان پێك هاتبوو، ئەو لاوانەی کە هێشتا خوێندنیان تەواو نەکردبوو، لووتیان لە بەردی ئەلحەدی ژیانی کۆیلەیەتی و ژێردەستی ئیستعمار نەکەوتبوو، هەر دەمەو وەك کورد ئەڵی (دەمە چیت لێ کەمە) هەر کورە شێخ و ئاغا و کوڕە دەوڵەمەند بوو سەری هەشتا هەشتای ئەبری و سەری کردبووە مەیدان تێکۆشان و خۆ بەخت کردن لە رێگای**

---

(1) چیرۆکی من و براکەم– مارف بەرزنجی.. سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید، ساڵی ١٩٩٣، ل ٢٠٦.

**کوردایـەتی دا، سـەری تـورك و عـەرەب و فارسمـان ئـەبڕی و یادداشـتمان بەدەستخەت ئەنووسییەوە بە پۆستەدا ئەمانە دایە باڵیۆزخانەکان و لە پێش هەموویانـەوە بالیۆزخانـەی (بـەریتانیای مـەزن) شـکاتی گـەلی کوردمـان لـە دەست عەرەب ئەدا بە سەفیری ئینگلیز).**

**هەر لاوەیشی کە خوێندنی تەواو بکردایە بێ پرسـیار خـۆی نەدایـە پـاڵ وەزیرێك و وەزیفەیەکی ئەپچڕی و خـۆی وون ئـەکرد لـە کۆمـەڵ خـۆ ئەگـەر بچوویتایە بەلای دا خوا خوای بوو نەتناسیێتەوە، ئەگەر بیرت بخستایەوە کە ئەوسا دڵسۆز و نەترسـی سـەردەمی خوێنـدنگا بـووەو ئـەمڕۆ لـە کزەبایـەك رانەچلەکێ و لە ورتەیەك ناوکی نەکەوێ و هەموو بەهانەکەیشی ئەوەیە (چی بکەم لەبەر وەزیفەکەم) هەروەك تێکۆشان و نەتەوە رزگار کردن فشە گاڵتـە بـی و منـاڵان خۆیـانی پێـوە بخلافێـنن و شـایانی پیـاوی خـاوەن وەزیفـە نەبێ...))** [1].

نووسـەر پـاش ئـەوەی سەرگوزەشـتەیەکی سـەردەمی منـداڵی خـۆی ئەگێڕێتـەوە، ئەوسـا بـاس لـە ژیـانی حزبایـەتی و سیاسـی کۆمەڵـەی هیـوا دەستە سیاسییەکانی ئەو سەردەم دەکات، دەبێـت کۆمـەڵی برایەتیشـی لـە چوار چێوەی سنووری کاری حزبایەتی ئـەو سـەردەمەدا بووبێـت؟ کـە بـیر و باوەڕی کوردایەتیان بڵاو ئەکردەوە و یەکەم قوتابخانەی رێکخسـتنی هەسـت و بیری نەتەوەیی بوو، رۆڵە و نەوەی نوێ روویان تێئەکردن.. دیارە نووسـەر لــە روانگــەی بــیری ئایــدیۆلۆژی خۆیــەوە ئــەو کۆمەڵــە نەتەوەییانــەی هەڵسەنگاندووە. لەم چیرۆکەدا سەرەتای ململانێی فیکـری و سیاسـی نێـوان قوتابخانەی بیری کوردایەتی و بیر و باوەڕی نانەتەوەیی سەرهەڵدەدات کە تا ئێستەش درێژەی هەیە.

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٨– ٢٠٩.

**کورتە چیرۆکە کۆمەڵایەتی:**

سـەرەرای گرنگی بـە روخسـاری هونـەری کورتـە چـیرۆکی کۆمەڵایـەتی، ناوەرۆکەشی بایەخێکی یەکجار گرنگ و ناسکی هەیە، بابەتی باسەکانی ئـەم چیرۆکانە لە دەردو ژان و کێشە و تەنگ و چەلەمە کۆمەڵایەتییەکانی ئەدوێت و لەناو کۆمەڵەوە سەرهەڵدەدات سا ئەوە وەك رووداو، دیـاردەی تاکەکەسـی یاخود کۆمەڵ؟

ئەمەش لەلایەن چیرۆکنووسی هۆشیارەوە، زیاتر هەست پێئـەکرێت و لـە هۆش و بیری چیرۆکنووسدا پەنگ ئەخواتەوە، تا لەدوایدا لە قالّبێکی هونەری ناسکدا دائەرێژرێت، مەبەست خستنە رووی کێشەکانی، تاوەکو چارەیەکیان بۆ بدۆزیتەوە، لە کورتـەی چـیرۆکی ((شـانۆی ژیـان))دا چمك و لایـەنی ئـەو جۆرە دەرد و کێشە کۆمەڵایەتیە هەست پێئـەکرێت و سـەرەتا بـەم شـێوەیە دەسـت پێـدەکات: ((لـە پـاڵ دیـوارە خشـتە بەرزەکـەدا و لـە تەنیشـت ئـەو تەختەیەی کتێبەکانی لەسەر رێزکردبـوون، بـە ملیـوانی پالّتۆئەسـتوورەکەی سەرو گویلاکی شاردبووەوە، لە ترسی ئەو وشکە ((با)) بـەهێزەی ئـەت ووت زەردە زیرەیە ئەچزا بە بناگۆی دا)) (1).

نووسەر باس لە یـەکێك لـە کتێـب فرۆشـەکانی سـەر شۆسـتەی شـەقامی بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی دەکات کە چۆن بێ بازاڕی و بێ دەرامەتی وەك دەردێکی کوشندە سواری سەری بووە.. لە کاتێکدا ئەم لاوە لیقەو ماوە فێری ئەمجۆرە کڕین و فرۆشتنە نەبووە.. بەڵکو هیوایەکی گەشی دی دنیـای بووە: ((ئەو کاتە ئەمیش قوتابی بوو لە پۆلی سێیەمی ناوەندی، شەوو رۆژی تەرخان کردبوو بۆ تەقـەلا و کۆشـش بـەنیازی ئـەوەی رۆژێـك زوو قوتابخانـە تەواو ببێتەوە یارمەتی دەرێکی بـاوکی بـێ لـە خۆشـگوزەرانی خێزانەکەیـدا. بـەم ئاواتـەوە شـەو و رۆژیـان ئـەبری و چـاویان بریـووە ئـەو رۆژەی ئـەم

---

(1) چیرۆکی- شانۆی ژیـان- تـاهیر سالّح سـعید گۆڤـاری سلێمانی ژمـارە (٣) سـاڵی دووەم شوباتی ساڵی ١٩٧٠ ل٢٣.

قوتابخانەی تیا تەواو دەکات، بێ ئەوەی چاوەڕێ بن و بزانن ڕێکەوت چەند بەقینە لێیان، تا شەوێك لە شەوە تۆفەکانی پار لە کاتێکدا بەفر دەشت و دەری سپی کردبوو، ئەو باوکەی بە درێژایی تەمەنی خۆی ئەچەوسانەوە لە پێناوی ژیانێکی بەختیار و خۆشدا بۆیان کۆچی دوایی کردو جێی هێشتن، لە وەختێکدا کەس نەما ئاوڕێکمان لێ بداتەوە و نانە وشکێکیان بۆ پەیدا بکات دوای ئەوەی هەناسەیەکی قوولی ساردوو و سری هەلکێشا لەسەری ڕۆیشت: بۆیە بە ناچاری هەستاو وازی لە قوتابخانە هێنا و ملی درێژکرد بۆ هەموو کارێکی قورس.

بۆ ئەمە ماوەیەك ڕێگەی کرێکاری گرت ئەوە بوو لە ئەنجامدا گیرۆدەی لاوازی دەردەداری کرد، بۆیە هات وازی لێ هێناو پەنای بردە بەر چەند کەسێك تا هەندێك پارەیان بۆ مەیسەر کرد و دای بەو کتێبانەی وا ئەوانیش هەر لە جێگەی خۆیانن...)) [1].

لەم چیرۆکەدا گەنجێکی تازە پێگەیشتوو، مێشك و دەروونی پڕن لە هیوای گەش و مەزن کەچی دەردو کێشەکانی ناو کۆمەڵ ئاواتەکانی ناهێنێتە دی و دووچاری مەینەتی دەکات یاسایەك لەناو کۆمەڵدا نیە، چارەی ئەو کۆسپانەی بکات کە دووچاری گەنجێکی ئاوا دەبێت باوکی کۆچی دوایی دەکات.. واز لە قوتابخانە ئەهێنێت.. بۆ ژیان پەنا بۆ کرێکاری ئەبات کەچی دەرەقەتی ئەویش نایەت، ناچار هانا بۆ هەندێك کەس ئەبات، تا بڕێك پارەی بدەنێ: کاسبی پێوە بکات، کەچی لەکتێب فرۆشتنەکەشیدا هەر سەرناکەوێت و بەبێ دەرامەت ئەمێنێتەوە بێ ئەوەی یاسایەك، دەستورێکی ڕەسمی هەبێت ئەم گیرو گرفتانە چارەسەر بکات.

لایەنێکی دی دەردو کێشەی کۆمەلایەتی لە کورتە چیرۆکی ((فرمێسکی بێ دایکێ))دا دەرئەکەوێت و ئەلێت: ((ئێوارەکەی تا بلێیت ساردبوو– سەرەرای ئەوەش وردەبارانێکی تیژ بەباوە ئەبارێ، ئەم باران و ساردو

---

(١)چیرۆکی– شانۆی ژیان– هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢٨– ٢٩.

سەرمایە وای لەم خەڵکە کرد هەریەکەیان خۆیان بکەن بە کونێکا دەسا منیش ناچار خۆم کرد بە چایخانە دارو خاوەن شڕەکەی مام سەلیما)) [1].

ئەو سەرەتایە زەمینەی بۆ ناو بابەتی باسە کۆمەڵایەتیەکە خۆش کردووە.. هەر لێرەدا بە پێویست ئەزانرێت ئەم راستیە بووترێت:

تەنیا بیروڕا سەبارەت ناوەرۆك و مەبەستی چیرۆکەکە دەربڕاوە، لایەنی هەڵەی رێنووس و رێزمانی چیرۆکەکە لەبەرچاو نەگیراوە و وەك خۆیان هێڵراو نەتەوە.. لە پەرەگرافێکی دی چیرۆکەکەدا پەردەی لەسەر لایەنی کێشەکە هەڵمالیوە و ئەلێت:

**((دوای نەختێك من و مەحموود لە قسەکردنا بوین، نوزەی منداڵێکی نەخۆشمان هاتە بەر گوێ، جارە ناجارێك هاواری ئەکرد.. دایە!.. دایە گیان سەرمامە.. نەخۆشم!!.. کاتێك ئەمەم کەوتە بەر گوێ چووم بەرەو دەنگەکە کە بینیم منداڵێکی جوانکیلە لە تەنیشت و جاخەکەوە کەوتوە لەسەر کورسیەك، چاکەت و کراسیێ:ی شر گیانی داپۆشیوە! فرمێسکی بەری چاوەکانی گرتووە.. پیم ووت دادەگیان چیتە بۆ وائەکەی!.. دوای تۆزێك ئاورم دایەوە بۆلای مام سەلیمەوە راوەستابوو بێ دەنگ دیار بوو گوێی لە قسەکانم بوو..**

**منیش لێم پرسی مامە گیان هۆی چییە وا ئەم منالە بێ گوناهەت! لێرە فرێ داوە بۆ نایبەیتەوە مالەوە لە باوەشی دایکیا بخەوێ و تۆزی نازی بکێشێ. کاتێك ئەم قسانەم ئەکرد مام سەلیم نەیهێشت لێببمەوە بە تووڕەبوونەوە ووتی:**

– مالی چی و... دایکی چی و.. باوەشی چی و نازی چی بەسەرزمانی چی... دایکی ئەگەر بەرەحم بوایە. بەجەرگ بوایە ئەم تولفە زیرەی ئەوا بەم چلەی زستانە. بەم تۆفانە. بە ساردوو سەرمایە بەرەڵا نەئەکرد. بەجێی نەئەهێشت..)) [2].

---

(١) چیرۆکی ((فرمێسکی بێ دایك)) محەمەد رەشید فەتاح، رۆژنامەی (ژین) ژمارە ١٦٥١، پێنج شەممە ١٦/١١/١٩٦١، ل ٤– ٥.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤.

چیرۆکنووس بابەتی دەردێکی کۆمەڵایەتی پێشکەش کردووین منداڵێکی ئاوا، لە ئاکامی گیرو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان سا ئەوە لەئەنجامی نەگونجانی باوك و دایکە بێت یاخود هەر هۆیەکی دی کێشەکانی ژیان بێت، ئەو منداڵە بۆتە قوربانی کێشەکە.. بێ دایك بوو.. لێرەدا ناوترێت ئەو منداڵە لە برسا ئەمرێت، بەڵام رەنگدانەوەی ئەو ژیانەی سەردەمی منداڵی، کارێکی سەخت و دژوار لە ئایندەی دەکات و دوور نییە نەك هەر زیان بە خۆی بگەینێت بەلکو بۆ خۆی ببێتە کەسێك زیان بەکۆمەڵ و بەرژەوەندی گشتی بگەینێت.

## کورتە چیرۆکی دڵداری و خۆشەویستی:

بە زۆری بابەتی سەرەکی ئەمجۆرە چیرۆکانە لەناخی چیرۆکنووسەوە هەڵئەقولێت و خۆی لەناو رووداوەکەدا ئەژی و هەست بە ئازار و خۆشییەکەی دەکات و بەشێکە لە ئەزموونی دڵداری و خۆشەویستی، یاخود هەندێك جار چیرۆکنووس رووداوەکانی ئەم بابەتەی ژیان لە کەسانی دڵدار و عاشقەوە وەرئەگرێت و راستەوخۆ، کار لە تەلی سۆزو خۆشەویستی دەکات و ئاکام لە قالبێکی ئەدەبی و هونەریدا کورتە چیرۆکیکی لی دێنێتە بەرهەم.. لە کورتە چیرۆکی ((کۆشکی سەروەر)) دا بەمجۆرە دەرگای دنیای سۆز و خەیاڵی خۆشەویستی دەخاتە سەر پشت و ئەڵێت: ((ئەم نیوەڕۆیە بە بەر ماڵێکی خۆشدا ئەرۆیشتم، کچێکی جوان لەبەر دەرگابوو بە پێکەنینێکی پڕ لە واتاوە سەیرم کرد، ئەویش بە زەردەخەنەیەکی شیرین وەڵامی دامەوە، ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی تۆزێ غیرەت بم گری، چومە پێشی بە نەرمیەکەوە پرسیم: ئەگەر زوویر نابی ئەتوانی پێم بڵێی کاتژمێر چەندە؟

بە دەنگێکی پڕ لە ئاوازەوە وەڵامی دامەوە نزیك دوانزەیە.

دڵم زیاتر پڕ بوو لە خۆشەویستی و ئازایەتی لە یەك کاتدا..)) [1].

---

(١) کورتە چیرۆکی– کۆشکی سەر هەور– ئیسماعیل فەرهادی– رۆژنامەی راپەرین– ژمارە– (١٤٥) لە ١٩٦٦/٧/٣١، ل٤.

لەمجۆرە چیرۆکانەدا هەست بە سۆزێکی ناسك و دڵفڕێن ئەکرێت،

بەرهەم و بابەتی ئەدەبی دڵداری و خۆشەویستی ئەگەرچی بە ئاکامی دوایش نەگات، هەر تام و چێژی خۆی ئەمێنێت، چونکە لەناخی دەروونی راستگۆیی‌و خۆشەویستی پڕ لە جۆش و کوڵی مرۆڤەوە دێتە دەرێ.. ناوەرۆکی کورتە چیرۆکی کۆشکی سەر هەور لەو خانەی ئەدەبەدا جێی ئەبیتەوە، مرۆڤ بەبیستنی و خوێندنەوەی رستە هەست بزوێنەکانی: ئاه و هەناسە بۆ سەردەمەکەی هەڵئەکێشێت.. هەر لەو جۆرە کورتە چیرۆکانەی خۆیان لە خانەی بابەتی دڵداریدا ئەبێننەوە، کورتە چیرۆکی- رۆژانی ژیانم-ە کە بە شێوەیەکی جوان و ناسك دڵبەندی دڵداری و خۆشەویستیت دەکات و ئەڵێت: (ئاواتەکانم هاتەدی، رۆژێك کوڕە چاو کاڵەکە هات.. دەم و چاوی لە شادیا جوانی لێ ئەتکا تیشکێکی پڕ، لە چاویا ئەبریسکایەوە، بە خۆشیەوە تەماشایەکی گەرمی کرد، وەکو هەموو لەشی هاواربکات بڵێ: ئۆخەی پێت شاد بووم..)) [1].

لەو پەرەگرافەی چیرۆکەکەدا نووسەر بەشێوەیەکی ئەدەبی جوان و سەرنج راکێشەر بە کامی دڵ خواستەکانی دارشتووەو لە چەند دیمەنێکی زمان شیعری مەبەستەکانی بەدەستەوە داوە.

یەکێك لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی بەرهەمی ئەدەبی و چیرۆکی دڵداری و خۆشەویستی ئەوەیە: لە کین و تووڕەییەوە دوورە، تەنیا تۆوی بێ وەیی و دڵسۆزی و چاکە و خۆشەویستی لە دڵ و دەروون و مێشکی مرۆڤدا ئەچینێت و دنیایەکی ناسکت بۆ پێك ئەهێنێت و پەڵە هەورێکی سپییەو هەمیشە جوانی و سۆز و ناسکی ئەبارێنێت و دنیایەکی مەزن و نموونەییت پێشکەش دەکات.

---

(١) کورتەچیرۆکی- رۆژانی ژیانم- دڵشاد مەریوانی- رۆژنامەی راپەڕین- ژمارە (١٣٢)- ساڵی چوارەم- پێنج شەممە ٦/نیسان/١٩٦٧.

**کورتە چیرۆکی دەروونی ((سایکۆلۆژی)):**

جگە لەوەی بابەتی ئەم تەرزە کورتە چیرۆکە هونەرییانە مەبەست لە کاکڵو ناوەرۆك ئەوەیە: ئاکامێکی دیارو ئاشکرا بگەیێنێت، بەڵام شارەزایی لەخودی زانستی دەروونناسیو هونەری وردەکاری لە چنینی رووداو، هەروەها پێوانەو کێشانەیەکی قووڵی جووڵەو بزووتنەوەی کەسایەتی ناو چیرۆکەکەیە سائەوە کەسی سەرەکی بیت ((پاڵەوانی چیرۆکەکە)) یاخود کەسایەتی لابەلا... گرنگ ئەوەیە لە روانگەی جوولەو قسەوە، لایەنی شاراوەو ناخی دەروونی کەسایەتییەکە ئاشکرا ئەکرێتو دەرئەخرێت.. ئەو جۆرە بەرهەمانە لە ئەدەبی کوردیو کورتە چیرۆکی هونەریدا بەفراوانی بڵاونەبۆتەوە... کورتە چیرۆکی ((خویەکی پوچ)) نموونەیەکی ئەم بابەتەیە کە سەرەتا بەمجۆرە خۆی ئەنوێنێت: ((**لەخۆیەوە زەردەخەنە ئەی گرتو بەدەمی یەوە وەك گاڵتەی بەشتیك بیت سەری بائەدا! کەسی لە تەکا نەبوو... بەتەنیا لەسەر کورسییەکی تاك لە سووچیکی چایخانەکەدا رووەو شەقام دانیشتبوو بەچاو سەرنجی ئەدایە مەردومی سەر شەقامەکەوە بەبیرو هۆشیش ئاڵابووە کلافەیەك باسو خوازی هەمە چەشنە. زوو زووش زەردەخەنەو سەربادانەکەی دووبارە ئەکردەوە، ناسیاوێکی بەلایا تیپەری لە ئاستی یا هەڵوێستێکی کردو بە پیکەنینەوە پێی ووت: ئەوە چی یە؟! لەخۆتەوە زەردەخەنە ئەتگرێو سەر بائەدەی؟!. سەرێکی کەم تەرخەمی بۆ هەلبرێو سرنجیکی قووڵی دایەو ئەوسا هەر بەدەم هەمان زەدەخەنەوە لە وەڵامی یا وتی، هەر کەسەو خووی تایبەتی خۆی!. ناسیاوەکەی بێ لیکدانەوە وتی: جا گوایە خوو نەمابوو بیگریت، ئەم خووە پووچو بێ؟ مانایە نەبێ! تەنیا هێندی وتو پشتی تێ کردو جێی هێشت! ئەمیش دووبارە سەرێکی بادایەوە لەدڵی خۆیا وتی: ((ئاژەڵ))**[1].

---

(١) کورتە چیرۆکی– خویەکی پوچ– حوسێن عارف– گۆڤاری دەفتەری کوردەواری بەرگی دووەم– بەغدا– مارتو نیسان/ ١٩٧٠ چاپخانەی ئەسعەد– ل٥١

لەو بەشەی کورتە چیرۆکەکەدا لە روانگەی پانتایی‌و قووڵی چیرۆکەکەوە هەست‌و نەستی ناوەوەی خاوەن خووەکە ئەخوێنرێتەوەو سرتەو جووڵە نائاساییەکان بەرووونی دیارەو، هێما ئەبەخشێت، پێویستی بەوەیە. باشتر وردکرێتەوەو تیشکی بۆچوونی قووڵ‌و بیرکردنەوەیەکی هەمەلایەنەی ئاراستەی بکرێت تاکو بەئاسانی تەونی چنراوی رووداوەکە شیبکرێتەوەو ئاکامێکی روون بەدەستەوە بدات‌و بزانرێت: ئاخۆ ئەو خووە سروشتییەو هەر لە منداڵیەوە کابرا دەقی پێوەگرتووە یاخود لە ئەنجامی کێشەو ئاڵۆزی ژیانی دووچاری بووە؟.. ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە چەندین لێکدانەوەو لیکۆڵینەوە هەڵئەگرێت.

مەرج نییە چیرۆکی سایکۆلۆژی جۆری دەردو گرێ دیاری بکات‌و چارەشی بۆ بدۆزێتەوە.. هەندێك جار تەنیا پەردە لە رووی لایەنە شاراوەکان هەڵئەماڵی‌و ئاکامی دوایی بۆ خوێنەر بەجێ ئەهێڵێت. ((خویەکی پووچ)) بابەتێکە، ئەم حاڵەتی دەروونییە نیشان دەدات.

**کورتە چیرۆکی خەیاڵی زانستی:**

ئەم تەرزە بەرهەمە ئەدەبیە بەکورتە چیرۆکیشەوە لەدنیای ئەدەبدا تازە سەریانهەڵداوە.. نووسەرەکانیان بۆ بەرچاو روونی ئایندەی مرۆڤ‌و کۆمەڵگاو شارستانیەت پەنا بۆ جۆری بەهرەو داهێنانی فیکری زانستی مرۆڤ ئەبەن، پێشکەوتن‌و گۆڕانکاری‌و پەرەپێدانی بوارەکانی زانست‌و زانیاری لەبەرچاوو دیدەو بیرکردنەوەی قووڵ‌و وردی مرۆڤدا دائەنێن.. هەربۆیە کورتە چیرۆکی خەیاڵی زانستی کەرەسەو بابەتی ناوەرۆکەکەی هەر لە بواری زانست‌و بیرکردنەوەی زانستییانەو ئامێری نوێی سەرسوڕهێنەرەوە هەڵئەهێنجێت، وەك کورتە چیرۆکی ((تەوقەی خۆشەویستی))ی رەئوف حەسەن‌و کورتە بڵاوکردۆتەوە، هەر لە یەکەم رستەی کورتە چیرۆکەکەدا بەخەیاڵی زانستیەوە

زۆر دوور بۆ ئاینده ئەڕوانێتو ئەڵێت: ((وا سەرەتای ئەیلولی ١٩٩١ی زاینی یە، چوار ساڵ تێ پەڕیوە بەسەر کردنەوەی یەکەم نەخۆشخانەی ئەلکترۆنی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی چاو لەشاری سلێمانی دا.. ئەم نەخۆشخانەیە لەقەد پاڵی گوێژە لەشەقامی هەندرین دروست کراوە، بێ گومان هەموو ئەزانین کە دیمەنی ئەو گەڕەکانە چەند دڵگیرەکە بەقەد پاڵی چیاکەوە ئاوەدان کراونەتەوە بە تایبەتی لە شەودا ئەگەر مرۆڤ لە سلێمانی کۆنەوە لە گەرەکی شۆرش یا ئەزمرەوە سەیری بکا هەروا ئەزانێ ئاسمانێکی دەست کردەو بە پەنجەی ژیری زانستی رازاوەتەوە..))[1].

چیرۆکنووس بە بیرو لێکدانەوەیەکی زانستییانەی قووڵەوە ئەم کورتە چیرۆکەی بە زمانێکی ئەدەبی رەوان دارشتووە.. لەوەیە بۆچوونی چیرۆکنووس ئێستە زۆر نوێ نەبێت، بەلام بۆ ئەو کاتەی چیرۆکەکەی تیا نووسراوە ساڵی (١٩٦٨)و باس لە ساڵی (١٩٩١)دەکات ئەوە زۆر گرنگە، ئەگەرچی ئێستەش ئەوەی ئەو باسی دەکات سەبارەت ئەو نەخۆشخانە ئەلکترۆنی چاوە لە شاری سلێمانی نەهاتۆتەدی، بەلام هەر بیرو بۆچوونێکی بەجێو زیرەکانەیە.

چیرۆکنووس تەنیا لەکەشە زانستیەکەدا ناخولێتەوە، بەڵکو هەستو بیری نەتەوەیی پاڵی پێوەناوە، وروژاندنی ئەوسا زانستییە لە خزمەت کێشەی رەوای میللەتەکەی‌و شۆڕشی کوردستاندا بەکاریان بهێنێتو دەردودووی نەتەوەی کورد دەرخاتو بڵێت: ((بەیانی یەکیان زوو لە ئێستگەیەکی وەستاندا چاوەڕوانی گەیشتنی بێشکەیەکی گواستنەوەم ئەکردکە بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی کۆن، سەرنجم دا ئافرەتێکی کارامەی بە

(١) کورتە چیرۆکی - چاو، نووسینی غەریب رەوف رەشید ((زەوەری))ـ رۆژنامەی راپەرین٢١/١١/١٩٦٨ـ ل ١.

تەمەن، نزیکی سی، سیودووساڵە هاتــە نزیکمەوە...بــەڵێ نــەختێ لــێم هاتــە پێش وتی: بۆردوومانەکەی خورماڵت لە بیرە؟.. وتم:

**بــەڵێ ئــەو بۆردوومانــەی کــە دوو ڕۆژ دوای ئــەوەی دێیەکــەی ئێمــەش بۆردوومان کرا وە هەردوو قاچی من بە گوللە تۆپــەوە بووشـکان.. ئـاخ لــەو ڕۆژە چەند ئـافرەت بــە کۆرپــەی باوەشـیەوە چــەندەها پــیر بەریشـی سـپی یەوەبە پارچە گوللە لەشیان کون کـون بـوو، خوێنیـان تێکـەڵ بـە دوکـەڵو باروت بوو...))**[1].

چیرۆکنووس دوای ئەوەی تــەوزیفی داهێنـانی بـواری زانسـت لــە پێنـاوی مەسئەلە نەتەوەییەکەدا دەکات، وەنەبێت واز لە کەڵكو ئاکامی دوای بـواری داهێنانی زانستەکەش بهێنێت، بەڵکو شان بە شانی یەکتر گرنگیان پێدەدات ((.. لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو کە جوتیارە هەشتا ساڵەکە لە کێلگوکـەدا لەو کاتە دا کۆرپە دوو ساڵەکەی بە باوەشەوەبوو، دایانەبـەر گوللـەی تانكو زرێپۆش، لە ئەنجام کوژراو کۆرپەکـەی باوەشـی هــەر دووچـاوی کـویر بـوو؟ وتی: بەڵێ هەر ئەو کارەساتە ئەلیم، ئەو ریش سپییە باپیری من بـوو، دە: ساواکەی باوەشی خۆم بوو، ئا لەو ڕۆژ چاوم کـویر بـوو بـوو، هــەتا ئــەم ساتە کە ئەمبینی، ئیتر چۆن دڵخۆشو بەختیار نابم، دوای ئەم هــەموو سـاڵە تاریكو نەبینایی و پڕ لە ناسۆرەم، پێکەنینو شادمانی هەر بۆ من باشە، وازم لێ بینە با تێر سەیری ئەم بەهەشتە پڕ لە خۆشیو هێمنیە بکەم))[2].

چیرۆکنووس لە پاڵ خەیاڵی زانستییانەیدا داهێنانێکی مەزنی لــە بــەردەم ئایندەی کوردو شۆڕشدا داناوە..ئەوەتا بەشێوەیەکی ئایدۆلۆژیانــە پاداشـتی ئەو پێشمەرگەو هاوڵاتیانــە دەداتــەوە کــە لــە ئــەنجامی شۆڕشـی کوردسـتان

---

( ١) کورتە چیرۆکی - چاو، ل١.

( ٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل١.

دووچاری مەینەتیو ناسۆریو کەم ئەندامی بوون..لە بیروبۆچوونی تیژی خۆیەوە دەبێت تا ساڵی١٩٩١ شۆڕشی بە ئەنجامی خۆی گەیشتبێتو شاری سلێمانی بە دەست حوکمو دەسەڵاتی کوردییەوە بێت ئەوسا پێویستە لە خۆشترین شوێنی شار، لەسەر چیای گوێژە خەستەخانەیەکی ((چاو)) بۆ ئەو کەسانە بکرێتەوە کە لە ئەنجامی شۆڕشو کردەوەی رژێم یاخود لەهەر رووداوێکی دیدا چاویان دووچاری مەینەتی بووە، یاخود چاویان لە دەست داوە.. لە مەدا.. چیرۆکنووس هەم مافی پێشکەوتنی زانست داوەو هەم لە ژێر کاریگەری بیری نەتەوەییدا پاداشتی ئەو کەسانەی داوەتەوە کە لە رێگای سەرخستنی شۆڕشدا زیانیان لێ کەوتووە.

## ئەنجــام

کاری زانستییانەو ئەکادیمیانە، تەنیا خۆی لە بەرنامـەو شـێوازێکی رێـك و پێکدا نابینێـت، بـەڵکو پیوێسـتە ئـەو کـارە دروسـتە ئـەنجامێکی بـاش و بـە کەڵکی لێبکەوێتەوەو مەلۆیەك لە سەر خەرمانی گەشەسـەندن و بـەرەو پـێش بردنی ناوەرۆکی ئەو باسە دابنێت، ئاکامێکی نـوێ ببەخشـێت و بابەتەکـە بـە هێزو دەوڵەمەند بکات...

**بابەتی ئەم باسەش چەند ئەنجامیکی لێکەوتەوە:**

١ ـ لـە ئـەنجامی فراوانـی ئاسـۆی بـیری چیرۆکنووسـانی دنیـا بەگشـتی و چیرۆکنووسی کورد بە تایبەتی ئەو بەسەرچووە، داهێنـەری بـواری ئـەدەبی، خۆی بە کت و متی هەنگاوەکانی پێش خۆیەوە ببەستێتەوە، بـەڵکو هانـا بـۆ ئەفراندن ئەبات تاکو داهێنانی تیا بـەرپا دەکـات، بـە نموونـە: پێشـتر نـەبوو چیرۆکنووس پابەندی ئەلقەی زنجیرەی قۆناغە یەك لە دوای یەکەکانی یاسای نووسینی کورتە چیرۆکی هونەری بێـت... واتـە((سـەرەتا، لوتکـە، ئـەنجام)) کەچی ئێستە چیرۆکنووسی لێهاتوو ئەو تەوقەی شکاندوەو پاش و پێشی بەو یاسایە کردووە، وەك چیرۆکی((گوڵاڵەو بەکری))سەعید ناکام.

٢ ـ نـاوەرۆکی زۆربـەی ئـەو کورتـە چـیرۆکانەی سـەردەمی سـاڵەکانی شەسـت..لە شـار یـاخود لـە نـاوەوەی کوردسـتان نووسـرابن لـە خزمـەت پێشـمەرگەو شۆڕشـی کوردسـتاندا بـوون، وەك: کورتـە چـیرۆکی ((بووکـە شووشە))ی دکتۆر مارف خەزنەدارو((باکوردانە بمرین))ی سەعید ناکام.

٣ ـ جیـاوازی دیـارو ئاشـکرا هەیـە لـە نێـوان پاڵـەوانی کورتـە چـیرۆك و تەنانەت کەسـایەتییە سـەرەکییەکان نـاو ئـەو کورتـە چـیرۆکە.. مـەرج نییـە هەموو کەسایەتییەك پاڵەوان بێت... ئـەگونجێت لـە کورتـە چـیرۆکێکدا یـەك کەسـایەتی هـەبیت، ئـەوە بـۆ خـۆی ببێتـە کاراکتـەرو پاڵـەوانی چـیرۆکەکە.

هەروەها مەرج نییە پاڵەوانی چیرۆك كەسایەتیەكی ئازاو نەترس‌و قارەمان بێت، پێچەوانەش ئەسەلمێنێت.

٤ ـ چیرۆكنووسانی كوردیش لە شەستەكاندا خاوەنی خەیاڵی زانستی بووە... كورتە چیرۆكی ((چاو)) لە نووسینی– زەوەری لە ١٩٦٨/١/٢١. نووسیویەتی، باس لە داهێنانی بواری زانستی ساڵی ١٩٩١ دەكات، خەیاڵە زانستیەكە با لە كوردستانیشدا نەهاتبێتەدی، بەڵام وەك واقیع لەدنیای پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای ئەمڕۆماندا هاتۆتەدی.

٥ ـ رەگەزە بنچینەیی‌و لاوەكییەكانی كورتە چیرۆكی هونەری لای هەموو چیرۆكنووسانی دنیا نزیك‌و هەندێك جار چوون یەكن، ئەگەرچی، پێوانەو كێشانەی شارەزایان‌و لێكۆڵەرەوانی ئەم بوارە یەك بۆچوون‌و بیروڕاشیان نەبێت.

ئەوەش ئەو راستیە ئەسەلمێنێت بزاڤی ئەدەبی نوێی كوردی بەگشتی‌و كورتە چیرۆكی هونەری كوردی بەتایبەتی شان بە شانی گەشەسەندن‌و پیشكەوتنی ئەدەبی نوێی سەردەم‌و ئەو گۆڕانكاری‌و پەرەپێدانەی بەسەر كورتە چیرۆكی هونەریدا هاتووە، لەلایەن چیرۆكنووسانی كوردیشەوە هەنگاوی بەرەو پێشی ناوەو لەكاروان دوانەكەوتوون وەك كورتە چیرۆكی– خوویەكی پووچ–ی حوسێن عارف.

# سەرچاوەکان


## سەرچاوەکان بەزمانی کوردی

### کتێبە کوردییەکان

(١) شەعبان مزیری باڵا، دیرۆکا چیرۆکا کوردی یا هونەری، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٨٩.

(٢) عەلائەدین سەجادی، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٩.

(٣) کامل حەسەن بەسیر ((د))، مێژووی رەخنەسازی، چاپخانەی ((دار الحریة للطباعة))، بەغدا، ١٩٩٤.

(٤) مارف بەرزنجی، سەرجەم بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٣.

(٥) مارف خەزنەدار ((د)) بووکە شووشە، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٦٩.

### گۆڤارەکان بە زمانی کوردی

(٦) گۆڤاری دەنگی پێشمەرگە. ژمارە (١٦)، تشرینی دووەم ١٩٦٨.

(٧) = = پێشمەرگە. ژمارە (٢٠). مایسی ١٩٦٩.

(٨) = = پێشمەرگە. ژمارە (٣٢)، ئەیلولی ١٩٦٩.

(٩) = سلێمانی، ژمارە (٣) سالی دووەم، شوباتی ١٩٧٠.

(١٠) = دەفتەری کوردەواری، یەکەم، کانوونی دووەم ١٩٧٠.

(١١) = = = ، بەرگی دووەم، مارتو نیسانی ٩٧٠.

(١٢) = = = ، (٣) نیسانی ١٩٧٠.

(١٣) = بەیان، ژمارە (٢) نیسان ١٩٧٢.

(١٤) = = ، ژمارە (١٤-١٥)، ١٩٧٠/٣/٢٧.

(١٥) = دەنگی مامۆستا، ژمارە (٢) سالی (١) مایسی ١٩٧١.

### رۆژنامەکان بە زمانی کوردی

(١٦) رۆژنامەی ژین، ژمارە (١٦٥١)، پێنج شەممە ١٩٦١/١١/١٦ چاپخانەی ژین، سلێمانی.

(١٧) رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (١٤٥)، ١٩٦٦/٧/٣١.

(١٨) رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (١٣٢)، ساڵی چوارەم، پێنج شەممە ٦/نیسان/١٩٦٧.

(١٩) رۆژنامەی راپەڕین، ژمارە (٠٠٠)، ١٩٦٨/١١/٢١.

## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

(٢٠) اكمل الدين إحسان: ترجمة ودراسة من الادب التركي الحديث، مختارات من القصة القصيرة، تقديم الدكتور ثروة عكاشة، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، دار الكاتب العربي، مطبعة الثقافة، مصر، ١٩٧٠.

(٢١) حوسێن القباني، فن كتابة القصة، دارالجليل، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٧٩.

(٢٢) رشاد رشدي ((د))، فن القصة القصيرة، دار العودة، بيروت، (؟).

## سەرچاوەکان بە زمانی فارسی

(٢٣) رضا براهنی، قصه نویسی، چاپ و صحافی، شرکت افسیت، تهران ١٣٦٢.

# حەللاج لەناخی شیعرەکانی مەحویدا

## پێشەکی

رووکردنە دنیای مەزن‌و پیرۆزو ناسکی حەللاج، مرۆڤ دووچاری حەیران بوون‌و سەراسیمە دەکات.. باش وایەو راست ئەوەیە: بەپێی رەنگڕشتنی بەرنامەیەکی داڕێژراو جۆرو چۆنیەتی چوونە ناو جیهانی بەرینی مەنسووری حەللاج دیاری بکەین.

عەشقی خودایی ((سۆفیگەری)) و هەڵوێستی بوێرانەو شیعری راستی پەرستی، دیاردەی هەرە درەوشەداری مەنسوری حەللاجە.. دروست وایە، هەر یەکەیان خانەیەکی دیاریو شیاویان بۆ تەرخان کرێت.. دەنا بیروباوەڕی بەرزو هەڵوێستی جوان‌و شیعری ناسکی حەللاج کاریگەری لەدنیای دەوروبەر، وردە وردە دەپوکێتەوە.

لەبەر رۆشنایی ئەو بۆچوونەمان بەدروستی نازانین بیروڕاو بۆچوون ئاراستەی سەرجەم لایەنەکانی بەرهەمو کردەوەی حەللاج بکەین.. دەشێت لەم چمکو لایەنانەوە ئاسۆی رووناکی حەزو ویستی حەللاج ببینین‌و بەتەواوی ژیریی هۆش‌و بیروباوەڕو هۆی ئەندێشەکانی شی بکەینەوە:

١ ـ جۆرو چۆنیەتی ژیانی ئاساییو سۆفیگەری حەللاج چییەو چۆن بووە؟.

٢ ـ حەللاج ئیمامێکی خاوەن رێبازی ئاینیو سۆفیەکی خواپەرستی سەردەمەکەی خۆی بووە.

٣ ـ هەڵوێستی جەربەزانەو ئارامو خۆڕاگرتنی حەللاج لەبەردەم شالاوی ناحەزانی دا دەگمەنەو بەخوێن باجی کردەوەکانی ژیانی داوە.

٤ ـ حەللاجو کاریگەری لەشیعریو شاعیرانی موسڵمانان‌دا.

٥ ـ حەللاج شەهیدی عەشقی وشەی پاکو هەڵوێستی راستو بیروباوەڕی پیرۆز بووە.

دووان‌و لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەهەر یەکێك لەو بابەتو دیاردانەی

دیاریمان کردن... نووسینەوەی چەندین کتێبی گەورە گەورە هەڵدەگرێت.. مێـژووی سیاسـیو ئـەدەبیو ڕۆشـنبیریو ئـاینی ئـەو مرۆڤـە لـەیاد ناکـات، خاوەنی ئەو وتە بەنرخەیە کە دەڵێت:

**(بەخوێن دەست نوێژ نەگریت، دوو ڕکاعەت نوێژی عەشقت گیرا نابێت).**

شاعیرو سۆفیزمی خواپەرست بەخوێنی خۆی دەست نوێژ دەشـواتو ڕوو لەبارەگای عەشقی خودایی دەکاتو وەك خـاوەن هـەقێك خـۆی دەنوێنیـتو ((خۆی هەقەکەیە))و تا دنیـا دنیـا بێـت ناوونیشـانو هەڵوێسـتو بیروبـاوەڕو خۆبەختکردنی بەزیندوویی دەمێنێت، ئەو شکۆو مەنزڵە بڵندەی حـەللاج وای کردوە: ژیانو بیروباوەڕو هەڵوێستو بەرهەمە فکریو ئەدەبیەکانی بەردەوام لەسەرخوانی لێکۆڵینەوەی فکریو ئاینیو ئەدەبی ببێتە مایـەی مشـتو مـڕو گفتو گۆی توندوتیژی نێوان لایەنگیرو نەیارەکانی.. تا ئێستا دەیان کتێـبو سـەدان وتـار لـەبارەی خـودی ژیـانی تایبـەتیو هەڵوێسـتو بیروباوەڕەکـانی بڵاوکراونەتەوە..

دیمـەنی سـامناكو تراژیـدای خوێنـاوی دواهەناسـەو مـەرگی پـیرۆزی حەللاجی چوار مێخ دا کـوتراوی شـەهید هەتاهەتایـە مێـژوو لـەیادی ناکـاتو جێی ی شانازی مرۆڤی سـەربڵندو شـەرەفمەندی ئـەم دنیایەیـە! بیروبـاوەڕو هەڵوێستو ناوەرۆکی شـیعرەکانی حـەللاج تـەنیا لـەخولیای کەللـەی خـودی خۆیدا نەخولاوەتەوە، بەڵکو بروسك ئاسا کاری لە جۆرو چۆنیەتی چـەندەها بیرمەنـدو شـاعیرو ئـەدیبانی دنیـا کـردووە.. سـنووری نەتـەوەو وڵاتـە جیاجیاکانی بەزاندوە.. بەڕاستی ئەو دیاردەیـە خـۆی لـەخۆی دا شۆڕشـێکی مەزنی فکری بەرپا کردوەو هەمیشـە خـۆی لـە نێـو دەروونـی بزوتنەوەیـەکی ئازادیخوازی ئیماندارا دەنوێنێت.. هەر لەدەم کەلی ئاسۆی ئـەو بزووتنـەوەو شۆڕشـە ئـازادی خوازانەیـەوە، تـۆوی بـەهێزو پێـزی ڕەسـەنی بیروبـاوەڕو هەڵوێستی جوامێرانەی حـەللاج لـەناو شـیعرو هەڵوێسـتی مـەحوی دا هەسـت پێدەکرێت..

# بەشی یەکەم

**سەرەتا:**

لەم لێکۆڵینەوە ئەدەبییەدا ناکرێت بێ بەرنامە، سوكو ئاسان روو لەسەرجەم دنیا بەرینەکەی مەنسوری حەللاج بکەین.. لەو شێوەیە بڕیاردانە، ئەوا نەك هەر ناهەقی بەرامبەر حەللاج دەکەین، بەڵکو زوڵمیشی بەرانبەر دەنوێنین.

بۆیە ناشێت سەرپێی بەپانیو درێژی بیروڕاو هەڵوێستو شیعرەکانیدا گوزەر بکەین.. ئەوەی لەم باسە ئەدەبییەدا مەبەستە چەپکێ تیشك ئاراستەی کورتەیەکی ژیانو هەندێك هەڵوێستی بکەینو کاریگەریی بیروڕاو جەربەزەیی حەللاج لە ئەدەبو شیعری مەحوی دیاری بکەین.. بۆ ئاسانکردنی هەنگاوی کارەکەمانو زەمینە خۆشکردن باش وایە، کەمێك لەو خاڵە هاوبەشانە بدوێین کە خزمایەتیو نزیکییان لەنێوان بیروڕاو هەڵوێستی حەللاجو مەحویدا هەیە.. بەتایبەت ئەوەی راستەوخۆ پەیوەندی بەباسەکەمانەو هەیە وەك:

١ـ لایەنی بیروڕای سۆفیگەریو خواپەرستی نێوان هەردوولایان.

٢ـ رەنگ دانەوەی هەڵوێستی شۆڕشگێرانەیان لە ژیانو شیعرەکانیاندا.

٣ــ کاریگەری راستەوخۆی هێماکانی حەللاج لەناخی شیعرەکانی مەحویدا.

بۆ زیاتر رۆشنکردنەوەی لایەنە نادیارەکانی بابەتەکەمان، بەباشی دەزانین گەشتێکی کورتی چڕوپڕ بەدنیای ژیانی حەللاج دا بکەین....

## ژیانی حەللاج

زۆربەی سەرچاوەکان بەیەك شێوەو جۆر لەژیانی مەنسوری حوسێنی حەللاج نادوێنو تەنانەت لەساڵی لەدایکبوونەکەیدا یەك ناگرنەوەو جیاوازی لەنێوانیان دا هەست پێدەکرێت، ئەوەش شیاوی ئەوەیە: هەڵوێستەیەکی بابەتانەی لەبەرامبەردا بکرێت.

ئێمە بەپێچەوانەی ئەو بیروڕایانەی سیمای هەڵچوونو داچوونی بەرامبەر حەللاج پێوەیە.. بەباشی دەزانین روو لەدنیای مەزنو بەتامو چێژی بیروڕاو هەڵوێستی حەللاج بکەین.

ساڵی ١٩٨٤ جیوانی شیعری حەللاج لەلایەن دکتۆر کامل مستەفا شەبیبی چاپکراوە تیایدا دەڵێت:

(ئەبو مغیث حوسێنی کوڕی مەنسوری مەحمی (البیضاوی) لە ((طور)) لە باکووری رۆژهەڵاتی شاری ((البیضاء)) ساڵی ٢٤٤ کۆچی ٨٥٧ زاینی لەناوچەیەکی فارسی لە ئێران لەدایك بووە.. شارەکە لەباکووری شاری شیرازەوە ٣٠ کم دوورە.). [١]

کەچی ساڵی ١٩٩٨ دیوانە شیعرییەکەی حەللاج لەسوریا لەلایەن عبدالناصر ئەبو هاروونەوە دەرچووە، بەم جۆرە باس لەدایك بوونەکەی دەکات:

(حەللاج ساڵی ٢٤٢ك/ ٨٥٨ زاینی لەدایك بووە). [٢]

یاخود دەڵێن:

(حەللاج ٢٤٤ك/ ٢٥٨ ز لەدایك بووە). [٣]

هەروەها دەڵێن:

(حەللاج ساڵی ٢٤٤ك/٨٥٧ز هاتۆتە دنیاوە). [٤]

دیسان باس لە ساڵی لە دایکبوونی دەکرێت کە(ساڵی ٢٤٤ك/ ٨٥٨ز چاوی بە دنیای رۆشن هەڵێناوە). [٥]

ئەگەرچی دوو سەرچاوەیان ساڵی ٢٤٤ك/٨٥٨ز بە ساڵی لە دایك بوونی حەللاج داناوە ئەوانی دی جیاوازیان تێدا بەدی دەکرێت، کە چی سەبارەت شوێنی لە دایکبوونی، هەموو سەرچاوەکان یەك بیرو بۆچوونیان هەیە.

**باوكی حەللاج:**

گوایە لەسەر ئەوەی باوكی باج بە دەسەلأتدارانی سەردەمەكەی نادات لە لایەن ((عمربن الليث الصفار)) دەكوژرێت. ئیدی ئاساییە خێزانی حـەللاج بـە دوای شوێنیكی هێورو ئارامو بێوەی دا بگەڕێن.لە شاری (البیضاء)ـەوە روو لە شاری((الواسط)) دەكەنو خۆشی لای سۆفی مەزنو مامۆستای گـەورەی: سەهلی كوڕی عەبدوڵلأی تەسەتوری دەگیرسێتەوە..بۆ زیاتر شارەزایی ژیانی حـەللاج روو لـە نـزیكترین كەسـی دەكـەین، ئـەویش ئەحمـەدی كوریـەتی (ئەو)دەڵێت:

(شوێنی لە دایك بوونی باوكم((مەنسوری حەللاج))لە شوێنێك بوو، پێیـان دەوت((تور)) لە شاری بەیزا ((بیضاء))بەلأم لە شاری تەسەتور گۆشـكراوەو پێگەیشتووە، دوو ساڵ قوتابی سەهلی كوڕی عەبـدوڵلأی تەسـەتوری بـووەو دوایی رووی لـە بەغـدا كـردوە، هەنـدێك كـات جلوبـەرگی ئاسـایی دەپۆشـیو هەندێك جاریش دوو خەرقەی رەنگاو ڕەنگی لەبەر دەكرد..لە تەمەنی هەژدە ساڵأندا یەكەم سەفەری بۆ شاری تەسەتوركرد).[٦]

حەللاج لە ژیانی دا تەنیا ژنێكی هێنـاوە، تـا سـەر بـە كامـەرانیو شـادی لەگەڵیدا ژیاوە..(..دایكی حوسێن كچی.. ((ئـەبو يعقـوب الاقطـاع البصـری)) بوو.. تا دواتەمەنی، ژیانیان پێكەوە بوون چوار منالّیان هەبوو، سێ كوڕ یەك كچ..).[٧]

سـەرتاپا ژیـانی حـەللاج زنجـیرە رووداوی پـڕ لـە ناسـۆرو تراژیـدیایی خوێناییە، ئەو سەردەمەی حەللاجی تیـا لـەدایك بـووە، سـەردەمێكی پـڕ لـە شـەڕو شـۆڕو ئـاژاوەو گێرەشـێوێنی بـووە.. دەسـەڵاتی عـەرەبی كـزو لاواز، ناعەرەب تا ئاستو ئەندازەیەكی زۆر دەستیان بەسـەر دەسـتەڵاتی حكومـدا گرتبوو.. زمانی فارسی بوو، بەچاكی پەرەی سەندبوو.. سەردەمو حوكمڕانی دەوڵەتی عەباسییە، شاری بەغدا مەڵبەندی ململانێیەكی بەهێزو تیژی ئـاینو ئاینزادەو ناوچەگەریو دەكارگێریو تیرەگەری نێوان عـەرەبو ناعەرەبـەكان بەزەقی خۆی دەنواند. حەللاج لەتەمەنی هـەرزەییو خـوێن گـەرمیو كـەفـو

کـولّی گەنجیـەتی دابـوو.. چـەرخو دەورێکـی تیـژ تێپـەڕی دی..: (ئـەو سەردەمەی کە حەللاجی تیا لەدایك دەبێت سەردەمی دەوڵەتی عباسییەو لە تەمەنی خۆیدا فـەرمان ڕەوایـی یـانزە خەلیفـەی ئـەو دەوڵەتـەی بینیـوە کـە یەکەمیان ((المتوکل)) بووە، دواییەکەشیان ((المقتدر)) بووە کە فەرمانی لـە داردانی حەللاجی مۆر کرد).[8]

دەوڵەتی عەباسی بەهۆی ئەو پەشێویو بێ سەرو بەرییـەی تێیکـەوتیوو، مەترسی ئەوەی لێدەکرا لەلایەن ناحـەزانو دوژمنانیـەوە زەفـەری پێبـەرن.. لـەو سـەردەمەدا مەترسـی ((قـرامط))یـەکان بـەهێزبوو.. بەتایبـەت بـاڵی سـەربازی بزوتنـەوەی فاتمیـەکان... ئـا لـەو بارودۆخـە نالـەبارەدا حـەللاج چاویکرایەوەو تروسکەی خۆشەویستیو عەشقی خـودایی لـە کەللەیـدا بـوو، گڕوکڵپەی نزیکبوونەوە لەخاوێنیو هەقویستی لە دەروونیـدا پەرەیدەسـەند، رووەو کەرنای دەریای بێ بنی فەلسەفەی زوهدو سۆفیگەری عیرفان ڕاپێچـی دەکردو ئارامی بە دەروونی شەیدای دەبەخشی.

مەنسـوری حـەللاج لـەناو گەرمـەی شـەپۆلی ئـەم کێشـانەدا کێشـەی ئـاینزادەیی نێـوان ئیمامـەکان لەلایـەکو جیـاوازیکردن لـەنێوان نەتـەوەی عـەرەبو ناعـەرەب لـەولاوە.. هـەر هـەمووی کاریـان لـە ئاینـدەی حـەللاج کردووە..

حەللاج سات بە سات ئاسۆی بیری گەشی فراوان تر دەبوو، پێویست بوو رووبـەرێکی تەسـکی وەك شـاری ((واسـط)) بـەجێبهێڵێتو بـۆ ئـەوەی بەمەعریفەو هەقیقەت بگات دەبوو بـاوەش بـەدنیای بەرینـدا بکـات.. تـا لـەو مـەنزڵگا پـیرۆزە ئـاوی ژیـانی هەمیشـە زینـدوو نـۆش بکـات.. بەشـەوقو رەونـەقێکی بـێ نموونـەوە پەرۆشـی خـۆ پێگەیانـدنو پـەروەردەکردنی بیروگیـانو جەسـدەی بـوو.. رێبـواری کـاروانێکی مانـدوو نەناسـەو خـەریکی وەرزشێکی سەختی بیروگیانو جەستەیەتی.. تـا پلەیـەکی ئـەوتۆ بپچڕێتو ئاکام هێزی هـەق سـەربخاتو بـەوەش پلەیـەك زیـاتر لـە نـووری خـودا نزیـك بێتەوە.. لەو پێناوەدا هەستی بەتەنیا بـاڵی دەکـرد، هەوڵیـدەدا گـەورەترین

ڕێگا بۆ پاڵپشتی هێزی هەق بدۆزێتەوەو دەروێشو موریدو یاران لەخۆی کۆبکاتەوە.. هەمیشە خەریکی خۆخواردنەوە ((الفناء فی النفس)) بوو.. لەهەر کوێیەك سووسێك، تروسکەیەکی بەدی کردبێت بێ پەروا خۆی بۆ گەیاندویەتیو تینوێیەتی دەروونی خۆی بەبیرو فەلسەفەی سۆفیگەری شکاندوەو ئەوساتە ئارامیو فەرامۆشی بەبیرو گیانو جەستەی گەیشتووە.

## ڕەگەزو ڕەچەڵەکی حەللاج:

شکۆو مەزنیی مەنسوری حەللاج چ وەك سۆفیەکی بەهەلۆێست یاخود شاعیرێکی سۆفیزمی بەهرەدار وای سەپاندوە.. هەرکەسو لایەنێك بێ پەروا تێبکۆشێت، حەللاج بکاتە موڵکی خۆیو خۆیانی پێوە بابدەن، دیارە ئەو دیاردەیەش مایەی شانازییە بۆ حەللاجو حەللاج دۆستان.. سەبارەت ڕەگەزو ڕەچەڵەکی..

## دوو بیروڕای پێچەوانەی یەك هەن:

یەکەم: پێیوایە لەبەر ئەوەی زمانی زگماکی خۆی لەبیر چۆتەوە.. (حەللاج بە منداڵی زمانی فارسیی بەتەواوی لەبیر چۆتەوە) [٩].. تەنیا زمانی عەرەبی زانیوە، دەبێت عەرەب بێت (لە ڕەچەڵەکی- أبی أیوب الانصاری)[١٠] یە ئەویش یەکێك لەیارانی پێغەمبەر (د.خ) لێبێت.

ئەو ڕایە لە دەمارگیرییەکی توندڕەوی عەرەبیەوە هاتووە.. زۆر لاوازە تا بناگوێی خاوەنەکەی بڕ ناکات.. چونکە سەرجەم مێژووناسو ئەدەب دۆستان، ئەو لایەنەیان یەکلاکردۆتەوەو بێ چەندوچوونە.. حەللاج لەوڵاتی فارس لەدایك بووە وە بەئەسڵ مرۆڤێکی فارسە: ((سەرجەم مێژوونووسان لەسەر ئەوە تەبان، حەللاج بەئەسڵ فارسە.. هەروەك چۆن بەفارسی لەدایك بووە) [١١].

ئەگەرچی هەندێك والێکی دەدەنەوە، حەللاج هەر لە منداڵیەوە زمانی زگماکی خۆی کە فارسییە لەبیری چۆتەوە، کەچی دیوانێکی شیعری بە

زمانی فارسی بۆ نۆیەمین جار ساڵی ١٣٧٥ لە تاران چاپکراوە بەناوی ((دیوانی منصور حلاج)) لەلایەن بەڕێز ((ولی الله یوسف))یەوە پێشەکیەکی خەستو خۆڵی بۆ نووسراوەو ناوەڕۆکی خواپەرستانەی چەند کۆپلە شیعرێکی شیکردۆتەوە.. شیعری فارسی دیوانەکەی حەللاج تامو بۆیەکی تەواوی دنیای سۆفیزمو هەڵوێستی بوێرانەی حەللاجی لێدێت.. لە ڕووی داڕشتنو هونەری شیعریو شارەزاییو لێهاتوویی لەزمانی فارسیدا لە پلەیەکی باڵادایەو لەوە ناچێت فارسی نەزانێك ئاوا ئەسپی خۆی لەمەیدانی زمانو ئەدەبی فارسی تاوبدات.. لەگەڵ ئەوەشدا باشتر وایە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو دوو بۆچوونە جیاوازە یاخود بۆ ئەوەی تەمی گومانو ڕاڕایی سەبارەت بەساغکردنەوەی دیوانە فارسییەکەی بڕەوێنرێتەوە، پێویستی بە توێژینەوەیەکی ئەدەبی بەراوردکاریانە هەیە.. ئەگەرچی لەپەراوێزی لاپەڕە (١٨)ی کتێبی ((قوس زندگی منصور حلاج)) نووسراوە: (ئەو دیوانە فارسییەی بەناوی ئەوەوە لەیەکێك لە چاپخانەکانی هندستان بڵاوکراوەتەوەو دەست بە دەستی کردووە.. هی– حوسێنی منسوری هەللاج– نییە، بەڵکو هی سۆفیەکی دیە بەناوی حوسێنی کوری حەسەنی خوارزی، ساڵی ٨٤٥ کۆچی وەفاتی کردووەو لەلایەن بەڕێز رضا قلی هیدایت لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە.)[١٣].

حوسێنی مەنسوری حەللاج لەخواناسیو هەقپەرستیو شیعری عیرفانیدا، جێگای تایبەتی خۆی کردۆتەوەو خانەیەکی شیاوو پیرۆزی پێبڕاوە.. سا دیوانی شیعری بەزمانی عەرەبی یاخود فارسی هەبێت یاخود نەبێت، هیچ لەمەنزڵی شکۆدارو شوێنی مێژووی لەق ناکات.. گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ڕاستیو حەقیقەت دەرکەوێت.. حەللاج هەر حەللاجەو حەللاج.. حەللاج کە ڕێبازی سۆفیگەریو خواپەرستیو هەق ویستی هەڵبژاردووە، وەنەبێت ئەو بڕیارەی هەروا لەگۆترە دابێت چونکە باش زانیویەتی: ڕێگای خواو هەق پەرستی سەختو ترسناکەو دەبێت ئامادەی هەموو قوربانیەك بێتو پێدەچێت پێشەکی ئەو ڕاستیەی لا ڕوون بووبێت، ئەوەتا ساتێك مەرگی

سـەربەرزی یەخـەی گرتـووەو چـاوەڕوانی ئـەوە بـووە، پـەتی سـێدارە لـە گەردەنی بجەڕێنن لێیان پرسیوە:

(عەشق چییە؟.. حەللاج وەڵام دەداتەوە...

ئەمڕۆ بینینەو سبەینێ بینینەوە دووسبەی بینینە!.. ئـەمڕۆ بەکوشـتنو سبەینێ بەسووتاندنو دوسبەی سووتوی ئێسكو پروسکت بە ((با)) بدرێت.. ئا ئەوەیە عەشق!!) [١٤].

ئەز پێم وانییـە حـەللاج لـەناکاوو کتـوپڕ ئـەو ڕێبـازە مـەزنو ترسـناکەی هەڵبـژاردبێت کـە بـاش لای روونبـووە، باجەکـەی بـەخوێن دەداتو گیـانی لەپێناودا دەبەخشێت.. بەڵکو زەمینەی هەڵبژاردنی ئەو ڕێبازەی، دوور نییـە بۆ سەرەتای تەمەنی منداڵیی نەگەڕێتەوەو لەوسـاتەی هەسـتی بـە جیـاوازی زمـانو نەتەوەکـەی کـردوەو ناعەرەبـەکانیان بەچـاوی سـووکەوە تەماشـا کردووەو فرمانو کاری شیاویان نەداونەتێ.. دەشێت هەستی نەتەوەیی پاڵی بەحەللاجـەوە نابێـتو لـە دەربڕینـی بـیروڕای ئاینیـدا هـەوڵو تەقـەلا بـۆ ڕزگاربوونی نەتەوەو خاکەکەی بدات.. هەر لەبـەر ئـەوەش بـووە یـەکێك لـەو تاوانانـەی خرابوونـە پـاڵی.. دامەزرانـدنی دەوڵـەتی خوراسـان بـوو... دیـارە بـەپێی لێکدانـەوەو بۆچـوونی ئـەو سـاتەی حـەللاج بـە تیرێـك دوو نیشـان دەپێکێت: لەلایەك ئەرکی خواپەرستیو ئـاینی سەرشـانی بـەجێ دەهێنێـتو لەو لاشەوە خواستو ئاواتی نەتەوەیی دێتەدی.

**نازناوی حەللاج:**

مەنسـور کـوڕی حوسـێنەو بـاپیری نـاوی ((مەحمی))یـە.. ئـەو زاراوەو نازناوەی حەللاجە، چەند بیروڕاو بۆچوونی بەرانبەر هەیە.

یەکەم: گوایە ڕۆژێك دەچێتە دوکـانی حـەللاجێك ((لوکـە شـیکەرەوە)).. کابرا.. بۆ ماوەیـەك دوکانەکـەی بەسـەر مەنسـوری حەللاجـدا جێـدێڵێت.. و پـــەمووی لێـــدەبێت کـــە دێتـــەوە تەماشـــا دەکـــات هـــەموو پـــەمووکان شیکراونەتەوە..

دووەم: نازناوێکە.. دۆستو خۆشەویستانی بەسەریاندا بڕیوە.. بەوەی حەللاج.. هەمیشە بەدوای راستیدا دەگەڕێتو لە هەڵەی جیا دەکاتەوە.. وەك چۆن تۆوی پەموو لە قۆزاخەکەی دەردەچێتو جیادەکرێتەوە..

سێیەم: حەللاج باسی لەنهێنی دڵو دەروونی خەڵك کردووە.. بەمەش ناونرا شیکەرەوەی نهینی دڵو دەروونی خەڵك). ئەو نازناوەی حەللاجەی پێبەخشراوە.[١٥].

کورتەیەکی سەرپێیی لەبارەی تەسەوفەوە: تەسەوف وشەیەکە لەرووی فۆنەتیكو واتاو نووسینەوە بەزمانی عەرەبی گەلێك ڕاو بۆچوون هەڵدەگرێت.. لەبەر ئەوەی سۆفیزم وەك بیرو فەلسەفە بەر لەهاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام پەیدا بووە.. ناکرێت بەهۆی فۆرمو واتاکەیەوە بەزمانی عەرەبیەوە گرێی بدەینو واتاکەی وەك وشەو زاراوەیەکی زمانی عەرەبی مامەلەی لەگەڵدا بکەینو لێکبدەینەوە... سەبارەت لێکدانەوەو شیکردنەوەی زاراوە ووشەی سۆفیزم بەو جۆرە لێکدراوەتەوە:

١- وشەی سوفی ((التصوف)) لە الصفاءأو الصفو– واتە: دڵو دەروون خاوێنی خاوەنەکانیان دەگەیەنێت.

٢- لە ((الصفه))ەوە هاتووە کە هاوخەسڵەتی یارانی پێغەمبەرە (د.خ) یان لێبێت.

٣- لە ((الصف))ەوە وەگێراوە بەو مەبەستە دێت خاوەنەکانیان لە ریزی یەکەمی بەردەم خودای مەزندان.) [١٦].

ئەوە لێکدانەوەیەکی عەرەبیو ئیسلامییە.. دەنا هەرگیز وا نەدەکەوتە.. چونکە سۆفیزم بە عەرەبو ئیسلامەوە تایبەت نییە، بەڵکو سۆفیزم ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە فەلسەفەوە هەیە، خۆی لەخۆیدا بیرکردنەویەکی قووڵو وردی مرۆڤەو پەیوەندی نێوان دروستکەر ((خودا – خالق))و دروستکراو ((بەندە – مەخلوق)) دیاریدەکات.. هەوڵدەدات بەهۆی وەرزشی گیانیو بیرکردنەوەو خۆماندووکردن لەخۆشەویستیو عەشقی یەزدان نزیکبێتەوە.. ئەو حاڵەتە، خۆی لە بزووتنەوەیەکی نوێخوازو شۆڕشگێڕدا دەنوێنێت.

**سۆفیزمی ئیسلامی:**

١ـ بزووتنەوەیەکی نوێیە.. سەرەتا بەناوی زوهدەوە سەریهەڵدا پێش دەستی بوو، بۆ سۆفیزمو توندڕەوی، بۆ عەقیدەی ئیسلامو دەستوری قورئانو شەریعەت.

٢ـ ململانێی نێوان تەریقەتو شەریعەت بۆ) [١٧].

هەندێکیش وشەی ((التصوف)) بۆ ئەو حاڵەتە دەگێرنەوە.. گوایە ئەوانەی ئەم ڕێبازەیان هەڵبژاردووە، جلو بەرگی خورییان لەبەر کردووە.. تاکو بەهۆی زبریی جلە خوریەکەوە هەمیشە بەئاگابن‌و زەنگێک بێت بۆ ئەوەی خوای خۆیان لەبیر نەچێتەوە.. ئەم لێکدانەوەیە، لای زۆر رۆشنبیری کوردو عەرەبو فارس سەقامگیر بووە.. کەواتە: دەبێت خۆڕاهێنان بەکاری سەختو ناڕەحەت، لایەکی دیکەی ئەو وەرزشە گیانییە بێت..

(سۆفیزم– التصوف: کەس‌و ئایین‌و زانستە.. بریتیە لەهەوڵو تەقەلادانی هەمیشەیی بەمەبەستی پەروەردەی دەروونی بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی بە پەروەردگارەوە) [١٨].

سۆفیزم: ڕێبازێکی ئاینی‌و عەشقی خودایی‌و ڕاستییە.. بەهەوڵو تەقەلای سەرو مرو بەماندووبوونی بەردەوام، بەوەرزشی سەختی گیان‌و بیرو جەسەد.. بەڕاهێنان‌و فێربوون، خۆپەروەردەو گەش دەکات تا بەڕاستی‌و دروستی پێبگات.. بیروگیان‌و جەستە لە ڕەوشتی بەرزو خووی پیرۆزو خۆشەویستی پاک‌و عەشق‌و سەوداسەری راستی‌و خوداپەرستی نزیک بخاتەوەو دیوارێکی پۆلایین لەنێوان چاکەو خراپەو پیرۆزی‌و ناپەسند چێژو خۆشی‌و ئارەزووی ئەم دنیایە لەگەڵ چێژو خۆشی ئەو دنیا دابنێت‌و ئاکام مرۆڤ ((بەندە)) بە پەروەردگار ببەستێتەوە، دیارە کە مرۆڤ ملکەچی فەرمایشتی یەزدان بوو، ئەوا بەشێوەیەکی سروشتی لەپاکەو چاکە نزیکەو لە پۆخڵی‌و خراپەش دوورە..

## حەللاجی سۆفی و بزوتنەوەی سۆفیزم:

لەساتێكدا شاری بەغداد جەرگەی ململانێیەكی گەرمی فكریو گیانی نێوان خاوەن ڕێبازە فكرییە جیاجیاكان بوو. حەللاج لە خزمەت ((ئەبو قاسم)) شێخ جونەیدی بەغدادیدا بوو.. (معتزلە)كان دژی سۆفیگەری بوون.. ئەوان هەموو شتێكیان بە پێوانەی ((ژیریو مەنتیق)) دەپێوا.. بۆیە: مافێكی ڕەوای سۆفیەكان بوو، بەرگری لەخۆیانو بیرو باوەڕەكەیان بكەن، دژ بە معتزلەكان بوەستنەوە.. لەم حاڵەتەدا نەدەكرا حەللاج دەستە پاچە بوەستێتەوەو دەبێت لەسەر شێخەكەی هەڵبداتێت.

حەللاج بۆ پێگەیاندنی خودی خۆی هەرگیز بۆ ساتە وەختێكیش ئەو لایەنەی فەرامۆش نەكردووە.. پەیتا پەیتا بەپەرۆشەوە وێڵی بەدواداگەڕانو دەسكەوتنی خۆراكی نوێی فكری بووە.. شەیدای ئەو عەشقە پیرۆزە بووە، لەسەر دەستی زیرەكترینو هۆشیارترینو دڵسۆزترین شێخی سۆفیزم ئاوی ژیانی زیندەگێتیو خۆشەویستی عەشقی خودایی نۆش دەكات چونكە عەشق لای حەللاج مرۆڤ بەرەو حەقیقەت ئەبات. هەربۆیە.. زۆر سۆفی مەزن رۆڵی بەرچاویان لەژیانی هەللاج دا هەبووە: (عومەری كوڕی عوسمانی مەكی رۆڵێكی گرنگی لەژیانی حەللاج دابووە.. ئەم ڕووەو ڕێبازی سۆفیزمی بەكێش كردو هەر ئەویش بوو خەرقەی لەبەركرد). (١٩)

مەنسوری حەللاج لە ئەنجامی خۆماندوو كردنێكی زۆرو خۆگۆشكردن بەبیرو گیانی خۆشەویستی خودا لەتاو عەشقی ئەو خۆشەویستیە ئارامی لەبەر هەڵگیرابوو، عەشقێكی پیرۆزی لە ئەندازە بەدەر لەناخی دەروونیدا دادەگیرسا.. ئەو شەیداییە وای لێ كردبوو پێش سەردەمەكەی خۆی بكەوێت بۆیە: هەندێك نەزان بەشێتی تێدەگەیشتن.

حەللاج تەنیا بەوەوە نەوەستا وەك سۆفییەك بەدەوری خۆیدا بخولێتەوە، بەڵكو هەوڵی ئەوەیدەدا خەڵكی بێ ئاگاو ستەمدیدە، هۆشیار بكاتەوە.. حەللاج سۆفییەكی چاونەترس بوو، نەك زاهیدێكی گۆشەگیری دوورەپەرێز.

حـەللاج سـۆفیەکی جەربـەزەی بـەتواناو لێهـاتوو بـوو.. دەیویسـت ئـەم دنیایە، زاڵم خۆی بەسەردا نەسەپێنێتو بۆ خزمەتی خوداوەندو هەق تەرخان کرێت.

هەللاج بانگێشتەی ڕێبازێکی فکریو گیانی هەڵدا کە ئاکام لەبواری دنیای (سیاسی– حوکمڕانو خواپەرستی) دا خۆی بینییەوە.

هەللاج لەدنیای سۆفیزمو شیعردا پلەی ئەوەندە بڵندی بڕیوەو مەنزڵێکی شیاوی پێ براوە، شاعیری سۆفیزمی گەورەی فارسی جەلالـەدینی ڕۆمـی بـۆ ڕێزلێنان لە فەریدەدینی عەتاری نیشاپوری دەڵێت:

(گیانی حەللاج لە عەتاردا دەدرەوشێتەوە). [٢٠].

لەم بابەتە بیروڕاو بۆچـوونانە سـەبارەت گـەورەییو بـەهرەداری حـەللاج زۆرن..

**پلەی ڕۆشنبیری حەللاج:**

مەنسوری حەللاج وەك رۆڵەی نەتەوەیەکی ژێر دەستەو خـاك داگیرکـراو، لەسەری پێویست بووە، زیاد لە ڕۆڵـەکانی نەتـەوەی باڵادەسـتو حـوکمران، خۆی ماندوو بکات خۆی بەخۆراکی ڕۆشنبیریو ئەدەبی مێژوویی هەمەرەنگو شێوە پەروەردە بکـاتو خـۆی پێبگەیـەنێت.. دیـارە دەبێـت جگـە لـەزمانی زگماکی خۆی بەلای کەمی زمانی نەتـەوەی دەسـتەباڵا بزانێـت.. واتـە: جگـە لەزمانی فارسی زمانی عەرەبیشی زانیبێتو دەشـێت جگـە لـەو دوو زمانـەش زمانی دیش فێر بووبێت، سەرچاوەکان ئەو دەگەیەنن گەشتی بۆ وڵاتی چینو هیندستان کردبێـت.. بـەو پێوانەیـەی پێشـەوە، حـەللاج رۆشـنبیرو ئـەدیبو موفەکەرێکی زیرەكو بلیمەتی

سەردەمەکەی خۆی بووە.. زادەی بیری قووڵو وردی بە ((بـا)) نـەداوە، بیروڕاو بۆچوونەکانی تەنیا لەقالبی ((دەمی))و گفتوگۆدا نەماوەتەوە، بـەڵکو ویستویەتی بە زیندوی بۆ مێژووی بهێڵێتەوە تاکو دوای خۆی، یارو عاشـقانی لـەو خۆراکـە بـەپێزەی بیروهۆشـی نـۆش بکـەنو ئـەو بـیروڕاو بۆچـوونانەی

سەبارەت ئایینو خواپەرستیو هەق ویستیو شیعرو کاروباری بەڕێوەبردنی دەسەڵات زیاتر هەڵسەنگێننو کەڵکی لێوەرگرن.. حەللاج زادەی بیرو سامانی ماندوو بوونەکەی بەنووسین بۆ هێشتوینەتەوە: (حەللاج ((٤٩)) کتێبی نووسیوە، دووانیان لەدنیای سیاسەت دەدوێن... ئەوەی تەنیا ئێستا لەبەر دەست دایە: کتێبی ((الطواسین)) دیوانە شیعریەکەیەتی).[٢١].

دیارە مرۆڤێك خاوەنی ئەو بیروباوەڕە نەگۆڕەو ئەو هەموو بەرهەمانە بێت لە بواری: ئەدەبیو رۆشنبیریو ئایینیو سیاسەتدا، گومانی تیا نییە لایەنگیرو نەیاری دەبێتو هەر لایەنەیان لە روانگەی بۆچوونی خۆیانەوە هەڵوێست دەنوێنن.

## لایەنگیرو ناحەزانی حەللاج:

حەللاج مرۆڤێکی دەرکەوتووی سەردەمەکەی خۆی بووە.. بیروڕاو هەڵوێستی تا ئێستە لەبوارەکانی خواپەرستیو ئەدەبو سیاسەتدا رەنگ دەداتەوە.. دیارە بۆ هەڵکەوتنی دیاردەیەکی حەللاجیانە ئاساییە دۆستو نەیاری هەبێت.. دۆستو یارانی بەباشیو چاکی بیرو باوەڕی هەڵدەسەنگێننو بەگەرمی پشتگیریو بەرگری لێدەکەنو ناحەزو دوژمنانیشی دژایەتی دەکەنو گەلێك جار دان بەهیچ چاکەو جوامێرییەکیدا نانێن وەبگرە دەگاتە ئەو ئاستەی درۆو دەلەسەشی بۆ هەڵبەستن.. لایەنگرانی بیروڕای حەللاجو دیاردەکانی بەچاکەو کەرامات دا دەنێن کەچی نەیارانی بەفرتو فێڵو چاوو ڕاوی لە قەڵەم دەدەن وەك:

(ئەحمەدی کوڕی فاتك دەیگێڕێتەوە: کە حەللاجیان بەند کرد، منی لەگەڵدا بووم، شەوی یەکەم ((سەجانە)) کە هاتو زنجیرو پێوەندی لەگەردن کردو لە ژوورێکی تەسکدا داینا..

مەنسور پێی وت: بۆ وام لێدەکەیت؟.

وتی: ئەمە فەرمانە.

مەنسور وتی: ئێستە لەمن دڵنیا بوویت؟.

وتی: بەڵێ.

حەللاج خۆی راوەشاند، کۆتو زنجیر وردوخاش بوو، بەدەستیشی هێمای بۆ دیوارەکە کرد، دەرگایەکی تیا کرایەوە..

سەجان بینی، دنیایەکی بەرینو ئازادە، سەرسام بوو.. ئەوسا حەللاج دەستی درێژ کرد:

ـ فەرموو ئێستە فەرمانی چیان پێداویت بیکە وەك یەکەم جار کردت..

کابرا ئەمەی بۆ خەلیفە ((المقتدر)) گێڕایەوە پێی سەرسام بوو)(٢٢).

ئەو رووداوە لای دۆستو یارانی بەکەراماتو کردەی پیاوچاکان دادەنرێتو بەدەم هەنسكو هەناسەی شادیەوە، حەیرانو باڵاگەردانی دەبن کەچی لای نەیارانی بە تەلیسمو جادوگەری لەقەڵەم دەدرێت، کەسایەتی وەك شێخ جونەیدی بەغدادی بەربەرەکانیی دەکرد.

# بەشی دووەم

## بیروڕاو هەڵوێستی سەرەتای ژیانی حەللاج

حـەللاج تـەواو بـەناخی قـوڵایی بیروباوەڕەکـەی خۆیـدا شـۆڕ ببـووەوە.. زانیویەتی چۆن باس لە ڕێبازەکەی دەکاتو بە چ شـێوەیەك بـۆ دەورووبـەری ڕوون دەکاتەوە، حەللاج بیروڕای خـۆی بەتـەنیا ڕێبـازو ڕێچـکەی ئـاین زادەو ئیمامێکەوە نەبەستۆتەوەو بۆ خۆی بۆتە خاوەن ڕێبـازێکی سـۆفیزم بـەناوی حەللاجیانـە، ئـەو رووی لـەدنیای بـەرینی ئـایینی پـیرۆزی ئیسـلام کـردووەو کەڵکی لەلایەنو رووی چاکەی هەموو ڕێبازە ئاینیـەکان وەرگرتـووەو بـەژانو ئازارەو لـەوەرزی هـەموو کەسـێك دا نییـە ئـەوەی پەسـند کـردووە، ئاکـامی دواهەناسەکانی ژیانی حەللاج بەڵگەی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن.

**چوارمێخی حەللاج داکوترا:**

کۆتایی ژیانی حەللاج.. ڕووداوێکـی سـاکارو سـادە نییـە، هـەروا سـووكو ئاسان بەسەرماندا تیپەڕێت.. ئەمە چ وەك سۆفیو خواو هەق پەرست یـاخود شاعیرو مرۆڤێکی بەهەڵوێست..

دیمەنی تراژیدیای خوێناوی دواتەمەنی ژیانی حەللاج لەمێـژووی ئیسـلامو گەلانی دیدا، وەرچەرخانێکی گەورەو مەزنە، سەبارەت کرداری ((خەلیفە))ی حوکمڕانــانی ئیســلامو هەڵوێســتی جــەماوەری ڕەشو رووتو ســتەمدیدە بەرامبەر ئەم تاوانو ناهەقییەی بەرانبەر بەحـەللاج بـەناوی ئـایینی ئیسـلامو خوداوەندی تاکو تەنیاوە کراوە لەیاد ناچێت.

ئەو حوکمە ناڕەوایەی بەرامبەر حەللاج درا لەئاکامی بیرو هەڵوێستی ئـەو مرۆڤە بوو.. پێشبینی کردووەو بەلایەوە سەیر نـەبووە.. ئـاخۆ ئەمـە بۆچـی دەگەڕێتەوە؟.. چاوی ((ظاهری وباطنی))؟ یـان هەسـتی شەشـەمو بـەزمانی سەردەمی ئێستامان ((پاراسایکۆلۆژییە))؟.

رووداوی شەهیدکردنی حەللاج تەنیا خودی خۆی هەستی پێنەکردووە، بەڵکو بەر لەئەوە: أبو قاسم ((شێخ جونەیدی بەغداد))ی نوقڵانەی بۆ لێداوەو بەحەللاج دەڵێت: (تۆ دەکوژرێیت.. حەللاج وەڵامی پێشبینییەکەی جونید بەهەمان راستگۆییەوە دەداتەوەو پێیدەڵێت: بەڵێ.. و بەردەوامن لەسەر کوشتنم) [٢٣].

حەللاج بێ باکانە ژیانی ئاسایی خۆی بەسەر دەبردو هەڵوێستی جوامێرانەی خۆشی دەنواند..

## تاوانبارکردنی حەللاج:

مەنسوری حەللاج خاوەنی هەڵوێستی نەبەزانەی خۆی بووە... کۆمەڵێك موریدو یارو عاشقی، لەدەور کۆببوّوە.. نەدەکرا هەروا لەگۆترە ڕاپێچی دادگای بکەن‌و حوکمی خنکاندنی بەسەردا بدەن، ناحەزانی بەپێی نەخشەیەکی رەنگ بۆڕێژراو کاریان بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەیان کردوەو چەند تۆمەتێکیان خستەپاڵ:

١- گوایە حەللاج پەیامی نهێنی لەگەڵ دوژمنانی خەلافەتی عەباسیدا هەبووە.. ئەویش ((القرامطە))کان بووە.

٢- قوتابی‌و موریدەکانی بڕوایان وابوو حەللاج خودایە!

٣- وتە بەناوبانگەکەی ((أنا لحق)).

٤- زیارەتی حەج مەبەستێکی ئاینی گرنگ نییە). [٢٤].

کەسێك ئەو هەموو تاوانەی بخرێتە پاڵ‌و مەترسیەکی زۆری لێبکرێت، دیارە ناتوانێت بەئاسانی‌و ئازادی هەناسە بدات‌و دەبێت هەڵوێستی سەختی بەرامبەر بنوێنرێت:

حەللاج بوێرانە دژی ناحەزانی جەنگاو ئەوانیش بۆ لەناوبردنی پەنایان بۆ هەموو جۆرە پیلانێك دەبرد.

(ساڵی ٢٩٦کۆچی لەبەغدا هەوڵی چارەسەرکردنی دەستەڵاتدار بۆ دانانی پۆستنشینی حەنبەلی کرا.. کۆششەکە سەری نەگرت‌و ((المقتدر)) کە

منداڵێکی هـەرزه بـوو حـوکمی گرتـە دەسـتو ((إبـن الفـرات))ی شـیعەی بـۆ سـەرۆکایەتی وەزیـران دیـاریکردو ئـەویش فـەرمانی گرتنـی حـەللاجو یـارانی دەرکـرد.. حـەللاج دەسـگیرکرا.. سـێ سـاڵ بـێ سەروشـوێن مایـەوە.. هێنایانەوە بەغدا..و کێشەی دادگاییەکەی نۆ ساڵی خایان..)[٢٥].

حـەللاج بەرامبـەر ئـەو شـاڵاوە ناڕەوایانـەی دەکرانـە سـەری هـەرگیز دەربەست نەهاتووە چونکە ئەو خاوەنی فەلسەفەیەکی تایبەتیەو ڕێبازەکەی بەویستی خۆیو شەوقێکی تەواوەوە هەڵبژاردوەو ڕێبواری ڕێگایەکی پیرۆزە، سۆفیەکی جەربەزەیەو ئامادەیە لە پێناوی بیروباوەڕی هـەقخوازی دا گیـانی بـەخت بکـات.. چـونکە ڕێبازەکـەی گـڕی خۆشەویسـتیو عەشـقی خـودایی لەدەروندا بەهێز کردوە، (سۆفیگەری بەگشتی فەلسەفەی ژیانێکی تایبەتیەو ڕێگایەکی دیاریکراوە، لەئاکارو هەڵسوکەوتی ڕێبـوار بـۆ گەیشـتنە ترۆپێکـی ئەو ڕەوشتە کە خوا بەشایستەی پێغەمبەری دیوە).[٢٦]

حەللاج هەموو گیانفیداییەکی لەپێناوی بیروباوەڕەکەیدا لا هەرزان بـووەو بەخۆشـیەوە بـەرەو پـیری چـووە، هـەرگیز لەدەسـت جـەوری ڕۆژگـار هەڵنـەهاتووەو نەبـەزیوو.. تـا ئـەو سـاتەی پیلانـی ناحـەزانی سـەردەگرێتو خوێنی حەڵاڵ دەکەن..

### دواهەناسەی تەمەنی حەللاج:

#### دادگاییکردنی:

ئەو ڕۆژەی حەللاج راپێچی دادگا کـرا.. سیمای نـاڕەزایی بەدەموچـاوی خەڵکی بەغداوە دیاربوو، خەڵکی بە لە شوێنی خۆیان پیشیان دەخواردەوە، ئێستە یـاخود سـاتێکی دی بارودۆخەکـەی دەتەقیتـەوە: (جـەماوەری بەغـدا ورووژابـوونو ابـن(عطـا)سـەرکردەی هەڵچـوونو شۆڕشـەکەی دەکـردو شۆڕشـگێڕان هیتافاتیـان دژی حامـدی کـوڕی عـەبباس دەکێشـا)[٢٧]..پـاش ئـەوەی دادگـا بـە ناحـەق خـوێنی حـەللاجی حـەڵاڵ کـرد پێیـانوت (خوێنـت حەڵاڵـە)[٢٨] بڕیـار دەدرێـت سـەرەتا هـەزار شـەڵلاقی(جلدە)ی لێبـدەن، گـەر

هیچی لێنەهات ئەوسا بیکوژنئەمە(رۆژی ٢٦/٣/٩٢٢زاینی)بوو.[٢٩]

دوای ئەوەی هەزار شەڵلاقەکەی لێدەدەن‌و لەبەردەم ئازارەکەیدا ئارام دەگرێت..پێشەکی چوار مێخی (صلیب)دادەکوتن...ئای لە دیمەنی چوار مێخ داکوتانی مەنسوری حەللاج لە مێژوودا کەم وێنەیە..ئەو رۆژە ژانێکی بە سۆیی بەگەرووی دادەکەن..ئەوسا هەر دوو دەستی دەبڕن..خوێن بە پەلە بڕاوەکانیدا شێلاوگە دەبەستێت.

بە دووری نابینین حەللاج ئالەو مەرگە ساتە سامناک‌و دیمەنە دڵتەزێنەیدا ووتە هەرە بە نرخ‌و پیرۆزەکەی فەرمووبێت کە دەڵێت:

(بە خوێن دەستنوێژ نەگریت دوو ڕکاعەت نوێژی عەشق گیرانابێت).[٣٠]

پێم وایە حەللاج لەو مەرگە ساتە چێژی لەژان‌و خوبەختکردنەکەی بینیوەو بەدەم راچەنینی نەك سۆفیگەرییەوە بەڵکو عیرفانیەوە ئەو موناجاتە ناسك‌و شکۆدارەی فەرمووە.

خەڵکی بەغدا شەویان بە دیار ئەو دیمەنە سەرسوڕهێنەرەوە بەسەربرد..پاش ئەو ئاهەنگە خوێناوییە سەریان قرتاندو لاشەکەیان سووتاندو خوڵەمێشەکەیان دا بەدەم ئاوی دیجلەوە..بۆ زیاتر چاو ترساندنی یارو دۆست‌و لایەنگرانی حەللاج، ((سەرە)) براوەکەیان بە پردی بەغدادا هەڵواسی‌و دوایی ناردیان بۆ خوراسان، گوایە لەوێ لایەنگری زۆری هەبووەو نیازیشی ئەوە بووە حکومەتی خوراسان دابمەزرێنێت!!.

سەرتاسەری ژیانی حەللاج پڕە رووداوی سەرسام بوون‌و کارەساتی دڵتەزێن‌و لێقەومانی سەرنجڕاکێشەر..بە هەمان شێوە دوا مەرگەساتی تراژیدای کۆتایی ژیانی جێی مشتومڕێکی گەرمی لیکۆڵەرەوە مێژوویی‌و ئەدەبیەکانە، ئەوەتا تەنانەت جێگای مەزاری پیرۆزو مەرقەدە موبارەکەکەی دوو بۆچوونی لەسەر هەڵچنراوە:

**یەکەم:**

دەڵێن شوێنی لە مێخ دانو هەڵواسینی گۆڕستانەکەیەتی..

**دووەم:**

دەڵێن:پاش ئەوەی سەرە بڕاوەکەی بۆ چاوترساندنی خەڵکی بۆ خوراسان دەنێردرێت پاشان بۆ بەغدای دەهێننەوەو گوایە لەگەڵ هەندێك جێماوی ئێسکی هەڵقرچاوو سوتاوەکەی لە شوێن جێگای ئێستەی گورستانی شێخ مەعروفی کەرخییە لە بەغدا، هەر لە نزیك مەزاری ئەویشدا بە خاك سپێردراوە.

# بەشی سێیەم

## کاریگەری حەللاجی سۆفیو شاعیر لە شیعرەکانی مەحویدا

**حەللاجی شاعیرو سۆفی:**

بیروبـاوەڕو بۆچـوونە سـۆفیزمەکانی حـەللاج، تـەواو لەشـیعرەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە.. دەشێت مەبەستی سەرەکی لەبڵاوبوونەوەی شیعرەکانی ئەوە بێت: بیرو بۆچوونی سۆفیزمیانەی خودی خـۆی بەخـەڵك بگەیـەنێت تـا بەو هۆو ڕێگایەوە خەڵکی دۆستو یاران لـەخۆی کۆبکاتـەوەو هێزێکی بـاش پەیدا بکات.

حەللاج خۆی لەخۆیدا بۆتە: ڕەمـزو هێمـای ڕێبـازو دنیـای سـۆفیزم هـەر بەوناوەشەوە دەناسرێتەوە زاراوەی ((حوسێنی مەنسور، مەنسوری حـەللاج، جەللاج، أنا الحق)) لە هـەر شـوێنو کاتێکدا بەدیـدەو بییـەمان ئاشـنا بێـت، دەمو دەسـت دەزانـین مەبەسـت لـە ((بیروبـاوەڕ– هەڵوێسـت– شـیعر))ی حوسێنی مەنسوری هەللاجە.. ئەم دیاردەیە تەنیا لای نەتەوەیەکی دیاریکراو هەسـت پێناکرێـت. بـەڵکو لای زۆربـەی شـاعیرانی سـۆفیزمو مرۆڤـی بەهەڵوێستو سیاسەتمەدارانی جەربەزەو کۆڵنەدەر هەست پێدەکەین.

حەللاج کاریگەری خۆی بەسەر شاعیرو ئەدیبو پیـاوانی سیاسـی کـودرو فارسو عەرەبو زۆربەی میللەتە موسڵمانە ڕۆژهەڵاتەوە هەیە.. حەللاج بۆتە ڕەمـزی شـەهیدێکی غـەدر لێکـراوی مێـژوویو قوربـانی دەسـتی سـتەمکار، کاریگەری بەسەر (شاعیرانی عەرەب: عەبدلوەهاب بەیاتی، شاعیرانی سوریا: عەلی ئەحمەد سـەعد، عـەدنان مـەردم بـەگو چیرۆکنووسـی لوبنـانی میشـال فەرید غەریبو سەلاح عەبدولسەبوورو عیزەدین مەدەنیوە) [٣١] هەیە.. ئەوانە لەبەرهەمەکانیاندا هەریەکەیان بەجۆرێك هانایان بۆ دنیای حەللاج بردووە.

سیماو دیاردەی کاریگـەری حـەللاج لای شـاعیرانی فـارسو کـورد گـەلێك بەهێزە:

مامست الستيم بيك جرعه منصور [٣٢]

اندیشه پروای سردار نداریم

(شمس تەبریزی)

دیسان شێخی ((شبستری)) دەفەرموێت:

روا باشد أنا الحق أز درختی

چرا نبود روا أز نیکبختی [٣٣]

هەروەها شاعیری گەورەی فارسی ((سەرمەد کاشانی)) دەفەرموێت:

عمریست که أوازه منصور کهن شد

من أز سرنو جلوه دهم دارو سن را [٣٤]

بیروڕای خواپەرستیو هەقویستیو هەڵوێستی جوامێرانەی حەللاج کتومت لای شاعیرانی کوردیش رەنگیان داوەتەوە:

موحەققەق هەر کەسێ مەسلەکیە حەققو حەققیە، مەنزور

سلووکی چوونە سەرداره، تەریقەی پیرییە مەنسور [٣٥]

((مەحوی))

زۆر بەرەهایی دەتوانم بڵێم مەحوی لەهەموو شاعیرێکی کورد زیاتر، کاریگەری حەللاج بەشیعرەکانییەوە دیارەی ئەوەش کارێکی سەیر نییە، هەڵبەت بنەمایەکی بەهێزو بەپێزی هەیە.

ساڵی ١٨٣٠ مەحوی لەدایك بووە، لەو سەردەمەدا ئەمارەتی بابان لەدوا تەمەنی ژیانیدابوو.. دنیایەکی پڕ لەئاژاوەو شەڕو شۆڕی حوکمڕانانی بابان خۆیان لەلایەكو لەو لاشەوە هەڕەشەی دەستەڵاتدارانی دەرو دراوسێ هەبوو.

مەحوی لەو دنیا پڕ لە گێرمەو کێشەیەدا چاوی رۆشنبیریو سیاسەتی کراوەتەوە.. دۆخ تا دەڕۆیشت ئاڵۆزتر دەبوو تاساڵی ١٨٥٦ بۆ یەکجارەکی دوای هیوای حوکمڕانی کوردان، ئەمارەتی بابان بەدەستی تورکەکانی عوسمانلی تێکوپێکدرا.

مەحوی هەروا لەشوێنی خۆی دەستە پاچە نەوەستاو دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر ستەمکارو زۆرداران بەرز کردەوەو وەك کێوێکی سەرسەخت

رووبەڕووی جەورو زۆڵمی رۆژگارەکەی وەستایەوە.

بـیری تیـژو ئەندێشـەی بـەژانو سـوێی لـە کـوورەی بەجۆشـی خـواو هەقویستیدا قـاڵبوو.. لـە کـەناری ئـارامو خـۆڕاگریو جەربەزییـەوە ئاوێتـەی دنیای پانو بەرینی مەنسوری حەللاج بوو.

بارودۆخی ژیانو هەڵوێستی حەللاجو مـەحوی لـەزۆر رووەوە لێـك نزیـكو خزمایەتیەکی گەرمو توندو سفتیان هەیە.. بەنموونە:

١ـ بارودۆخو سەردەمی ژیانی هەردووکیان لەرووی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئایینیەوە، زوڵمو ستەمێکی بیٚ ئەندازەی تیا بڵاوبوو.

٢ـ هەردووکیان موسڵمانی سوننی بوون.

٣ ـ هـەردووکیان موسـڵمانی ناعـەرەب بـوون.. حـەللاج فـارسو مـەحوی کورد بوو.

٤ ـ لەئەنجامی جیاوازیو رەگەزو زمان عـەرەبو ناعـەرەب هەسـتیان بـە چەوسـانەوەی نەتـەوەیی کـردووە.. دوور نییـە مەبەسـتیان لـە (خـواو هەقپەرستی).. هەم خزمەتی ئـایینی پـیرۆزی ئیسلامو هـەم هەقپەرستیەکە مافی نەتەوەیی نەبووبێت.

٥ــ هـەردووکیان وەك شـاعیر ئاشـنایی دنیـای ئـەدەب بـوونو نـاوەرۆکی شیعرییەکانیشیان عیرفانیو خواپەرستییەکی روونو ئاشکرایان پێوە دیارە.

٦ــ ئـەو بـیروڕاو دروشمانـەی بانگێشـتەیان بـۆ هەڵـداوە بـەکردەوە سەلماندویانەو باجەکەشیان داوە.

٧ ـ هـەردوو لایـان وەك رۆشـنبیرێکی شـارەزای سـەردەمەکەی خۆیـان بیروڕاو فەلسەفەی ئیمانداریێتی خۆیان ئاوێتەی رووداوە مێژووییەکان کردوەو لەخزمەتی مەبەستە سەرەکیەکانی باڵادا بەکاریان هێناوە.

٨ ـ هەردووکیان زیارەتی ماڵی خودا ((حەج))یان کردووە.

٩ ـ هەردووکیان دیوانێکی شیعریان لەپاش بەجێماوەو دەتوانرێت بەهۆی هەڵسـەنگاندنی ناوەرۆکەکەیانـەوە جەمسـەری هـەموو بـیروڕاو بۆچـوونو رەمزەکان دیاری بکەی.

١٠ ـ هەردووكيان تا ماڵئاواييـان لـەژيان كـرد لەسـەر بيروبـاوەڕێ خۆيـان سوربوون‌و لێی پاشگەز نەبوونەوە..

هێماو ڕەمزی حەللاج دیاردەیەكی زەقە لە شیعرەكانی مەحویدا:

لەگەڵ ئەوەی مەحوی شاعیرێكی ڕۆشنبیرو شارەزایی لەئەدەب‌و هونەری دارشـتنی شـیعریدا بـووەو شـیعرەكانی بەشـێوەی دارشـتنی هینـدی هۆنیوەتەوەو پەنای بۆ هونـەری بـەرزی ڕەوانبێـژی‌و جوانكـاری‌و وردەكـاری بـردووە... ئـەوەی بیـەوێت تـەواو بـەقووڵایی‌و نـاخی نـاوەوەی شـیعرەكانی مەحویدا شـۆڕ بێتـە خـوارێ، پێویسـتە تـا ئاسـت‌و ئەندازەیـەكی بـرزو بـاش شارەزای دنیای شیعرو هونەری دارشتنی شیعر بێـت.. ئەوسـاش هەركەسـێك بیەوێت ناوڕۆكی شیعرەكان شیبكاتەوە، دەبێت مێشكی خۆی لەگەڵدا ماندوو بكـات.. بـۆ ئـەوەی بەباشـی نزیكـی‌و خزمایـەتی نێـوان بـیروڕاو بۆچـوون‌و هەڵوێسـتی حوسـێنی مەنسـوری حـەللاج‌و مـەحوی بزانێـت.. ئـەوا دەبێـت ئاشنایەتی لەگـەڵ هونـەری بـەرزو ناسـكی ڕەوانبێـژی بەگشـتی‌و بەتایبـەتی تێلنیشان ((تلمیح))دا هـەبێت.. تـا وەك كليـل، قفڵـی كلـووم كـراوی دەرگـا داخراوەكـانی پێبكاتـەوە.. هێمـاو نیشـانەكانی: (مەنسـور – حوسـێنی مەنسور– مەنسوری حەللاج– حـەللاج– أنـا الحـق– سـەردار...)، بزانێـت كـە دیاردەیەكی درەوشەدارن لەئاسمانی بیروهـۆش‌و هەڵوێسـتی حەللاجـداو بـەو هۆیـەوە دەتـوانین بەئاسـانی رایـەڵ‌و پـردی فكـی‌و گیـانی نێـوان حـەللاج‌و مـەحوی دیـاری بكـەین... ئـەم لایەنـەشمان زیـاتر لـەدوو تـۆی شـیعرەكانی مەحویدا بۆ دەردەكەوێت‌و دەتوانین حوكم‌و بڕیاری ئەدەبی بەسەردا بدەین.

مـەحوی زۆر هۆشـیارانەو شـارەزایانە لـە ڕێگـای شـیعرەكانیەوە بـیروڕاو هەڵوێستی خۆی دەبڕیوەو هێمـای بـە ڕەمـزی شـكۆداری مەنسـوری حـەللاج كردووە:

**بەهەق هەر هەق بە ناهەق ناهەقم‌و تووە لەڕۆژی بووم**
**وەكو مەنسور ئەگەر بیشمكوژن ناكەم لەهەق لادەم** (٣٦)

مەحوی نەترسانە، پـەردەی ڕاستی لەسـەر ڕووی سـەرەتای ژیـانی خـۆی

هەڵدەداتـەوەو ئاشـكرا دەڵێـت: لەوسـاتەی ڕاسـتو چـەپی خـۆم ناسـیوە هەمیشە هاوتاو هاوسەنگەری راستی بووم.. ئەوە عەشـقێكی خوداییـەو وازی لێنـاهێنم، ئەگـەر وەك مەنسـور بشـمكوژن..... چـۆن ئـەو لەسـەر ڕاسـتیو هەقویستی پەلپەلیان كردە هەق هەر وێردی سەرزمانی بوو.

جۆشو خرۆشی وشەی هەق لای مەحوی شۆڕشێكی مەزنی بەرپاكردووە، جوانكاری لەو بەیتەدا بۆكێكی رازاوەیە، دووجار وشەی هەقو دووجار وشەی ناهەق بەكارهاتووە واتە چوارجار وشەی هەق بـەكارهاتووە.. جێـی سـەرنجە كەوشەی بەناهەق ناهەقم وتـووە.. هـەر ئـەوە دەگەیـەنێت كـە بـە ((هـەق)) ((ناهـەق)) كەیـە، هـەر ((هـەقی)) وتـووە كـە ((ناهـەقی)) دووەمـە.. هـەقو مەنسـور رەمـزی شـەهیدبوونی حەللاجـەو كاریگـەری بـەهێزی لای مـەحوی بووە..

**لەهەق بێژی بووە بەحری ((أنا الحق)) هەر قەسیدێكم**
**لەباتی جائزە، واجب گەرا قەتڵم بكەن واجب** [(٣٧)]

شـاعیر هـەروەك حـەللاجی خواپەرسـتو خـاوەن هەڵوێسـت، لەئـەنجامی هەقپەرسـتیو هەڵوێسـتی جوامێرانـەی، چـاوەڕوانی پاداشـتو خـەڵات لەستەمكاران ناكات.. بەڵكو پێشەكی باش دەزانێـت سـزای ئـەو هەڵوێسـتو هەقویستیەی چییە؟ ئەگـەر زاڵـمو زۆردار سـزای بـەمردن نـەدات ئـەوا خـۆی دەزانێـت، پێویسـتە لەسـەر ئـەو هەقپەرسـتییەی بیكـوژن. مـەحوی شۆڕشـگێڕێكی سـەركەشو بەجورئـەت بـوو.. كـوورەی دەروونـی هەمیشـە دەكوڵاو جۆشی دەخواردو دەڵێـت: لـەوەتی هـەم ئەوەنـدەم قسـەی راسـتو هەق ووتوە دەریایەكی ((أناالحق))ی منسور لە قەسیدەیەكمدا بەرپابووە.

دەبوو دەستەڵاتدارو ستەمكارانی ئەو سەردەمە بەهەر هۆیەك بێت نـەیان وتایە: قسـەكەت ڕاسـتو هەقـە.. دەبـوو سـزای مـەرگیان بەسـەردا بدامایـە، چـونكە ئەوەیـە پاداشـتی هەقبێـژیو هەقپەرسـتی، هـەروەك چـۆن حـەللاج لەسـەر وشـەی ((أنـاالحق)) چـوار مێخیـان داكوتـا، لای مـەحوی وتنـی هـەق پێچـەوانەی چـاوەڕوانی خـەڵكی دییـە. ئـەوان چـاوەڕوانی خـەڵاتنو مـەحوی

باوەش بۆ مەرگ دەگێرێتەوە.

**هەتا هەق ناصیرە، هەر هەقمە منظور**

**وەکو مەنسور ئەگەر بمکەن بەدارا** (٣٨)

مەحوی هەروەك مەنسوری حەللاج دروشمی هەقویستی بڵند کردۆتەوەو بوێرانە بانگێشتەی بۆ دەکات، هێندە بڕوای بەخۆیو سەرچاوەی هەقەکەیە کە خواوەندی مەزنو میهرەبانە.. ئا ئەوە ئەوەندەی تر گوڕو تەوژمی گیانیو جەربەزەییو ورەی شۆڕشگێڕی لەدەروونیدا کڵپە پێکردوە.. چونکە سەرچاوەی دڵو ناخی دەروونی، روونو گەشو بەهێزەو وێنەی نییەو نابێت.. خودای تاكو تەنیایە.. مەحویش لەشالاوی لەشکری ستەمکارو گەردەلوولی رەشی تۆڵەو کینو زووخاوی قیزەو نیانە بێ باکەو تاسەر لەگەڵ خودای خۆیو هەقو راستیدایەو دەڵێت: تا ئەو کاتەی هەناسە دەدەم وەك مەنسوری حەللاج تا لە سێدارەم دەدەن هەر هەق دەڵێمو دژ بەناهەقم.

دیوانەکەی مەحوی لەم شیعرە بەهەڵوێستانە لێواولێوە.. مەحوی نەك هەر ئەوەندە باسی هەڵوێستی خۆی دەکات بەڵکو وەك نموونەیەکی زیندووو پیرۆز هانا بۆ ژیانو هەڵوێستی سۆفیەکی گەورەو مەزنی وەك حەللاج دەبات.. پێیوایە.. ئەڵقەی خۆخواردنەوەی خودی خۆیی لەسنووری مقامەکانی سۆفیزمدا بمێنێتەوە تەنیا تاکە کەس تامو چێژو خۆشی گیانی لەخۆشەویستیو عەشقی خودایی وەرگرێت.. ئەمەش راست نییە بەڵکو پێویستە لەچوارچێوەی پەرۆشیو تاسە شکاندنی تاکە کەسیدا نەمێنێتو خەڵکی... جەماوەری ئیمانداریش هاوبەشی ئەو کارە پاکو خاوێنو مەزنە بکەن.

**هەیە گەر عیشقی سەرداری لەسەرەتا**

**بکە مەشقی لەوانەی چوونە سەر دار**

جوانکارییەکی دروستو وردەکارییەکی ئەدەبیانە لەو بەیتەدا هەست پێدەکرێت، مرۆڤ حەیرانو سەراسیمە دەکات، زاراوەکانی ((عیشقی سەرداری، چوونە سەر دار..)) دوو رەمزن.. هەستی بەرزو گیانفدایی

شـەهیدی ڕێگـای خـواو هەقویسـتی پێدەناسـرێتەوە.. خزمایـەتی نێـوان وشـەکان، سـەرەڕای ڕەوانـیو خۆشـبینی ئاهـەنگێکی بەجۆشـی لـەنێوان سـەرتاپای بەیتـە شـیعریەکەیدا سـازکردەوە.. شـاعیر ئەمەنـدە دیمەنەکـەی بـەجوانیو خۆشـی لەبەردەمـدا دانـاوین.. مـرۆڤ حـەز دەکـات دەمو دەسـت مەشقی ئەو عاشقە مەزنە بکات، ئەو مرۆڤەی شەیدای هـەق بێـتو ئامـادەش بێت دەستەڵات بگرێتە دەست تا بتوانێت پارێزگـاری لەهـەقو مـافی خـەڵکی بکات.. ئەوا ئەو مەنزڵو شـوێنە هـەروا ئاسـان نایەتـە دیو دەبێـت مەشـقو پـەیرەوی خـەباتی ئەوانـە بکـات کـە چـوونە سـەر دار.. دیـارو ئاشـکرایە.. ((سەردار)) لەڕووی ڕەوانبێژی، واتاسازی ئەدەبیـەو بـە دووبـارو شـێوە لێـك دەدرێتەوە:

یەکەمیان:ئەوانـەی چـوونە سـەر دار واتـە: ئـەو مرۆڤانـەی لـەپێناوی بیروباوەڕو هەڵوێستی نەگۆڕیاندا سزا دراون چـوونەتە سـەر سـێدارەو پـەتی قەنارەو خنکاندنیان لەمل کراوە.

دووەمیـان: مەبەسـت لـەو مرۆڤانەیـە لەئـەنجامی خـەباتو تێکۆشـانیاندا سـەرکەوتووبوونو ئاکـام دەسـتەڵاتیان گرتۆتـە دەسـتو بـوون بەسـەردارو حـاکمو دەسـتەڵاتدار. عەشـقی ڕاسـتەقینەیە، خۆشەویسـتیەکی خـاوێنو بێگەردەو هیواو ئاواتەخوازی ئەوەیە:

بەمـەرامو مەبەسـتێکی دیـاریکراوی بـێ گـەرد بگـەیت.. دیـارە عەشـقو خۆسووتاندن بە واتـا ئەدەبیەکـەی.. عەشق، خۆبەختکردنەوئـەو مرۆڤـە واز لەخۆشی ژیان دەهێنێتو لەپێناوی ئەوینێکی مەزندا دەژیو دەمرێتو تـەنیا چێژو خۆشەویستی لـەو ڕێبـازە وەردەگرێت.. ئـەوە نـاوەڕۆکی شـیعرەکانی مەحوییەو ئەوەش کاریگـەری بیروبـاوەڕو هەڵوێسـتی مەنسـوری حەللاجـە.. شەهیدی عەشقو خوداو هەقپەرستی.

## پوختە و ئاکام

پوختــەو ئاکــامی هــەرباسو بابــەتو کــارو هەڵوێســتێك هەوێنــە بــەهێزو پێزەکەیەتی.. باش وایە سـەبارەت ئـەم بابەتـەی ئێمـە بەچڕوپڕی لەمانـەی خوارەوەدا کۆیان بکەینەوە، ڕەنگە کەڵكو قازانجی خۆی هەبێت.

**ئاکامی باسەکە:**

١ ـ حوسێنی مەنسور کە ناسـراوە بەحـەللاج ئیمـامێکی زیـرەكو خـاوەن ڕێبازێکی فیکری ئایینی سیاسی بووەو سۆفیەکی خواپەرەستو ڕاسـت گـۆو شاعیرێکی بە تواناو بوێربوو..خاوەنی هەڵوێستی دیاریکراوی خۆیەتی.

٢ ـ حـەللاجو حـەللاجیات بۆتـە قوتابخانەیـەکی فیکـری شۆڕێشـگێڕی ئایینیو سیاسی..خاوەنی کۆمەڵێ هێماو ڕەمزی تایبـەتی خۆیەتی..لـە هـەر شوێنو کاتێکدا ببێنرێتو ببیسترێنبە مولكو سامانی بیرو هەڵوێستی هـەللاج دادەنرێن وەك:(حەللاج ـ أنا الحق ـ شـەهیدی عەشـقی خودایی..سـۆفیی بـە هەڵوێست).

٣ ـ حەللاج خۆراکی فیکری خـۆی لـە تـەنیا ڕێبازێکـەوە هەڵنـەهێنجاوە، بەڵکو بەگشتی ڕووی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کردوە..ئـەم دیاردەیـەش بـە باشی لەبەرهەمەکانیدا ڕنگیانداوەتەوە.

٤ ـ حەللاج سۆفیەکی سوننی بووە...لە پاڵ بە جێهێنانی ئەرکی ئـاینیو خواپەرەســتیدا..بیروڕاو بــاری بۆچــوونی سیاسیشــی بەرامبــەر فــەرمانڕەوا ستەمکارەکان هەبووە.

٥ ـ کاریگـەری گـەرموگوڕی دیـاری لەسـەر ڕێبـازی سۆفیگەریوشـیعری شاعیرانی گەلانی ئیسلام هەبووەو بە باشی هەسـت بـە ڕەنگدانـەوەو بـوونی گیانی حەللاج لەبەرهەمەکانیاندا دەکەین.

٦ ـ حەللاج شەهیدی وشەو هەڵویستی جوامێرانەی خۆی بـووە، لـەم ڕوو

وە گەیشتە لوتکەی گیانفیدایی‌و ئەوەبوو لەسەر هەقخوازی پەل پەل کراو سەری لە جەستەی لێکرایەوە، بۆ چاو ترساندنی دۆستو یارانی سەرەبڕاوەکەی بۆ خوراسان ناردرا..ئا بەوەش کۆتایی ژیانی بۆتە داستانێکی خوێناویی مێژوویی‌و دیمەنی دوا ساتە مەرگی هەرگیز لە یاد ناچێتەوە.

٧ ـ کاریگەری حەللاج بە شیعرو هەڵوێستی مەحوییەوە دیارە، ئەمە بۆ چەند هۆو خاڵی هاوبەشی نێوانیان دەگەڕێتەوەلەوانە:

أ ـ لەگەڵ ئەوەی نێوان حەللاجو مەحوی ماوەیەکی کاتی زۆریان لە نێواندایە، بەڵام هەستدەکەین هەردووکیان لەبارو دۆخێکی وەك یەکدا ژیاون سەردەمەکەیان لەرووی ئاینی‌و سیاسی‌و رۆشنبیرییەوە ناهەموار بووە..ستەمو زوڵمی زۆرداران بە هێز بووەو بە ناوی خواپەرەستی‌و هەقویستیەوە مافی خەڵکی پێشێلکراوە.

ب ـ مەحوی وەك حەللاج بڕوای تەواوی بە خودای تاكو تەنیاو هەق بووە.

ج ـ هەردوو لایان شاعیرێکی عیرفانی بوون.

د ـ هەردوو لایان وەك دوو ناعەرەب هەستیان بە ستەمو چەوساندنەوەی نەتەوەیی کردوە..حەللاج بۆ لابردنی ئەو ستەمە، لەرێگای سۆفیگەرییەوە هەوڵیداوە خەڵکانی دڵسۆزو بە ئیمان لە خۆی کۆبکاتەوەو دژ بە کاربەدەستان ستەمکار بووەستێتە، بەڵام هەستی نەتەوەیی لای مەحوی بە ئاشکراترو روونتر دەبینرێت.. لەبەر ڕۆشنایی گزنگی خۆری ئەو راستیانەی باسمان کرد.. ئاساییە حەللاجی سۆفی‌و شەهیدی رێبازی هەق‌و خواپەرستی، کاریگەری لە شیعرو هەڵوێستو ژیانی مەحویدا هەبێت.

## پەراوێزەکان

(١) ديوان ألحلاّج الدكتور كامل مصطفى الشبيبى ل ١٥.
(٢) = = عبدالناصر أبو هارون ل٥.
(٣) ألحلاج التأثر الروحي في الإسلام ـ الدكور محمد جلال شريف ل ١٣.
(٤) أخبار ألحلاج ـ ل ٤٩.
(٥) مذهب الحلاج ـ ل ١٧.
(٦) ألحلاج التأثر ـ ل ١٤.
(٧) قوس زندەگی ـ ل ٢٠.
(٨) مەحويی لوتكە ـ ل ١٧٣.
(٩) ألحلاج التأثر ـ ل ٣٥.
(١٠) ألحلاج التأثر ـ ل ٣٢.
(١١) ألحلاج التأثر ـ ل٣٢.
(١٢) ديوان منصور حلاج ـ فارسی.
(١٣) قوس زندەگی ـ ل ١٨.
(١٤) حلاج وراز أناالحق ـ ل ٧٠.
(١٥) الحلاج واراءە الصوفيه ـ ل٩.
(١٦) التصوف الإسلامی ـل ١٣.
(١٧) محازەرەیەکی خوێندنی بالا ((دکتوراه)) ـ دکتۆر مارف خەزنەدار ٥–٦– ١٩٩٧.
(١٨) الحلاج و أراءه الصوفية ـ ل ٣.
(١٩) أخبار الحلاج ـ ل ٢٥.
(٢٠) الحلاّج شهيد التصوف الإسلامي ـ ل ١٧.
(٢١) ديوان الحلاّج ـ الدكتور كامل مصطفى الشبيبى ل ١٦.
(٢٢) أخبار الحلاّج ـ ل ٨٧ ـ٨٨.
(٢٣) ألحلاج التأثر ـ ل ٧٩.
(٢٤) = =ـ ل ٨٤.
(٢٥) = = ـ ل ٤٣ـ٤٤.
(٢٦) شیعری ئاینیو سۆفیگەری لە شیعرە کوردیەکانی مەحویدا ـدکتۆر ئیبراهیم ئەحمەد حوسێن.. ل ٨.
(٢٧) الحلاّج شهيد التصوف ـ ل ١٢١.
(٢٨) أخبار الحلاّج ـ ل ٤٦.

(٢٩) = = ـ ل ٤٦.

(٣٠) حلاج وراز أناالحق ـ ل ١٤١.

(٣١) ديوان الحلاّج ـ الدكتور كامل مصطفى الشبيبى ل ٢١.

(٣٢) حلاج وراز أناالحق ـ ل ٢.

(٣٣) = = =ـ ل ٢٢١.

(٣٤) = = = ـ ل ٢٧١.

(٣٥) ديوانى مەحوى ـ ل ٢٥٤.

(٣٦) = = ـ ل ٢٢٧.

(٣٧) = = ـ ل ٥٤.

(٣٨) = = ـ ل ٨.

(٣٩) = = ـ ل ١١٩.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی:


(١) لەبارەی مەحوی لوتکەوە ـ چاپی یەکەم ـ کۆکردنەوەو لەسەر نووسینی: عەبدوڵڵا ئاگرین– چاپی یەکەم چاپخانەی سومەر– بەغدا ـ ١٩٨٦.

(٢) دیوانی مەحوی ـ چاپی دووەم ـ مەلا عەبدولکەریمی مودەریس‌و محەمەدی مەلا کەریم ـ چاپخانەی ئوفیستی خیام ـ بەغدا ١٩٨٤.

(٣) محازەرەیەکی خوێندنی باڵا ـ ((دکتوراه)) دکتۆر مارف خەزنەدار ـ ١٩٩٧/٦/٥.

(٤) شیعری ئاینی‌و سۆفیگەری لەشیعرە کوردییەکانی مەحویدا ــ نامەی دکتۆرای ــ ئیبراهیم ئەحمەد حوسێن ـ کانوونی دووەم ـ ١٩٩٦.


### سەرچاوەی عەرەبی


(١) أخبار الحلاّج: تصنيف على بن أنجب الساعي البغدادي ـ تقديم هادي العلوي، أكرم أنطاكي، فائق حويجه ـ حقق أصوله وعلق عليه: موفق فوزي الجبر ـ الطبعه الثانية ـ دار الطليعة الجديدة سوريا ـ دمشق ١٩٩٧.

(٢) الحلاّج الثائر الروحي في الإسلام: الدكتور محمد جلال شريف، مؤسسة الثقافية الجامعية ـ أسكندرية ـ دار بوز سعيد للطباعة – ١٩٧٠.

(٣) الحلاّج الشهيد التصوف الإسلامي ــ طه عبدالباقي سرور ــ الطبعة الثانية ــ دار النهضة مصر للطبع والنشر الفجالة ـ القاهرة ـ ١٩٦٩.

(٤) الحلاّج أراءه الصوفية و موقف أعدائه ومناصريه منها ـ الدكتور موسى بناي العليلي – مطبعة الجاحظ ـ بغداد ـ١٩٩١.

(٥) ((ديوان الحلاّج)) صنعه وأصلحة ـ الدكتور كامل مصطفى الشبيبى ـ الطبعة الثانية ـ طبع بالاوفسيت على مطابع دار أفاق عربية ـ بغداد ١٩٨٤.

(٦) ديوان الحلاّج ـ عبدالناصر أبوهارون ـ الطبعة الأولى — دار الحكمة للطباعة والنشر والتوزيع سورية ـ دمشق حلبوني بناء ساد كوب – ١٩٩٨.

(٧) التصوف الإسلامي تأريخه ومدارسه وطبيعة أثرة: تأليف: أحمد توفيق عياد ــ مطبعة الأنجلو المصرية ـ المطبعة الفنية الحديثة ـ سبتمبر ١٩٧٠.

## سەرچاوەی فارسی

(١) ((ديوان منصور حلاّج)) بانضمام شرح مبسوطى درباره مكتب عشق الهى چاپ نهم ـ چاپ أحمدى صحافى إيرانمهر ـ مقدمه ناشر: دواد شيرازى تهران أول ديماه ــ ١٣٤٣ ـ پيشگفتار از أقاى ولى الله يوسفيه ١٣٧٥.

(٢) مذهب حلاّج روزه أرنا لدز ـ ترجمه عبدالحوسێن ميكده چاپ دوم ــ با همكارى انتشارات و أموزش أنقلاب إسلامى ((شركت سهامى)) ١٣٧٠ = ١٩٩٢.

(٣) حلاّج و راز ((أناالحق)) ـ نويسنده: عطاالله تدين. نوبت چاپ: ششم ليتوگرافى و چاپ ـ چاپخانه ديبا –١٣٧٦.

(٤) ((قوس زندى منصور حلاج)) به قلم: لوى ماسينيون ترجمه دكتر عبدالغفور روان فرهادى ـــانتشارات بنياد فرهنگ إيران: در چاپخانەداور پناه چاپ شد در خردادماه– ١٣٤٨.

# خوێندنەویەکی نوێ
# بۆ ئەدەبی دیالێکتی گۆرانی

## پێشەکی

**گرنگی ئـەم بابەتـە:** ئەگەرچی لەسایەی هـەوڵو مانـدووبوونی ئـەدیبو رۆشـنبیرانی نەتەوەکـەمانو سـووربوونیان لەسـەر پشـوو دریـژییان بـۆ ساغکردنەوەو یەکلا کردنەوەی راستی مێـژووی زۆربـەی لایەنـە شـاراوەکانی فیکریو سامانی نەتەوەییمان، زۆر راستیو لایەنی رۆشنو گەش دەرکەوتوو.

بەرهەمی هەڵوێستو ماندووبوونی ئەو لەخۆبووردانە جێگای رێـزە، جێـی وەبیرهێنانەوەیە، لەگەڵ ئەو هەموو پەرۆشییەی رۆشنبیرانو پسپۆرانی کورد بـۆ دۆزینـەوەی مێـژووی سـەر راسـتی تێکڕایـی لایەنـە شـاراوەکانی بزاڤـی فیکریمان هێشتا بەتەواوەتی هەر نەخراوەتە روو، وە ماویـەتی.. یـەکێك لـەو لایەنانەی پێویستە خۆی لەگەڵدا مانـدوو بکرێـت: ئـەدەبی دیـالیکتی گـۆرانی بەشی هەورامانی یە کە بەزارو نووسین بۆمان ماوەتەوە.

**ئەدەبی دیالیکتی گۆرانی:** زادەی بیرێکـی کامـلو رەسـەنو هەرەگەشـی نەتەوەی کوردەو لە سایەیدا زمانەکەمان بـۆ چـەند سـەدەو تەمـەنێکی درێـژ لەفەوتانـدن پـارێزراوە، بـەوەش دیـالیکتی گـۆرانی رۆڵێکـی دیـاری لـە گەشەسەندنو بەرەوپێشچوونیدا بینیوە.. ئـەم خوداپێداوییەشـی لـە گـۆترە یـاخود بـە زەبـری هێـزی کوتـەك سـەریهەڵنەداوەو نەچەسـپاوە، بـەڵکو لـە زەمینەو ژیانێکی سروشتی نەتەوەی کوردا لە دایکبـوون، ئـەدەبی دیـالێکتی گـۆرانی– شـێوازی هـەورامان – لەناوچـەیەکی یـەکجار گـرنگو سـتراتیژیدا هەلکەوتووە، ئەویش ناوچەی هەورامانە.

شارەزایەتی مێژووی زمـانی کـوردی ئـەو راسـتییەتان سـەلماندووە: ئـەم دیالێکتی گۆرانییە، بـە بنەچـەو کۆڵەکەیـەکی هـەرە بـەهێزی زمـانی کـوردی دادەنێن.

لـەبارەی دیالێکتـەکانی زمـانی کـوردی بەمشـێوەیە باسـی لێـوەکراوە: (یەکـەمین کەسـیك زانسـتانە پەنجـەی بـۆ نەتـەوەی کـورد درێـژ کردبـێو دیالێکتـەکانی زمـانو ئـەو تـیرەو هۆزانـەی نەتـەوە لێیـان پێـك هـاتووە، دەستنیشـانکردبی شـەرەفخانی بدلیسـی یـە ((١٥٤٣ – ١٦٠٣)) لـە کتێبـی شەرەفنامەدا.

لەوێدا کوردی بەسەر چوار تیرەی گەورەدا دابەشکردووە: کرمانجو گۆرانو لورو کەلهور) [1]

نووسەری ئەم باسە بۆ دابەشکردنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی سەرەتا پەنای بۆ رای شەرەفخانی بەدلیسی بردووەو پشتی بەتیرە سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد بەستووە.. بەڵام دواتر هەمان نووسەر تەنیا بەو رایەی پێشووە ناوەستێتو روو لە بیرورای تۆفیق وەهبیش دەکات:

(لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم تۆفیق وەهبی ئەم بیرورایەی شەرەفخانی کردووە بەبنجو بناوان بۆ دابەشکردنو دیاریکردنی دیالیکتە گەورەو بچوکەکانی زمانی کوردی) [2]

مارف خەزنەدار (د) پێیوایە، کارەکەی تۆفیق وەهبی دروست زانستانەیە:

(بەلأم ئەو لیستانەی تۆفیق وەهبی بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی دایناون راستیو زانستیان ون نەکردووە بۆ هەموو دەورو زمانێك دەست دەدەن) [3]

ئەمەش ئەو نەخشەیەیە، تۆفیق وەهبی بۆ دیالێکتەکانی زمانی کوردی دایناوە:

**(١ ـ کرمانجی دەکرێ بە دوو بەش:**

(أ) کرمانجی سەروو، لە باکوورەوە: یەریڤان- ئەرزنجان- ئەرزرۆم- مەلاتە- مەرش ((مەرعەش))- ئەسکەندەروونە.

(ب) کرمانجی خواروو: لە باکوورەوە: گۆلی وان- بەدرێژایی زێی گەورە- رووباری دیجلە.

لەباشوورەوە: کرماشان- خانەقین- رووباری دیجلە.

**٢ ـ لوڕی:** لەباکوورەوە: سولّتان ئاباد- دەولّەت ئاباد- کرماشان- خانەقین- رووباری دیجلە.

لەباشوورەوە: شیراز- کازەروونە- تا نزیك کەنداو.

**٣ ـ گۆرانی:** لەخەتی سنە- کرماشان بەرەو رۆژئاوا، لەهەندێ دێهاتی نزیك سنووری عیراقو ئێران قسەی پێدەکرێ.

زازایی: (لەهەندێ پارچەی ویلایەتەکانی ئەرزرۆم، خەرپووت، بدلیس، دیاربەکر قسەی پێدەکرێ. لە بنجدا گۆرانیو زازایی یەکتر دەگرنەوە) (٤)

ئەگەر کرمانجی سەروو لەگەڵ کرمانجی خواروو، هەریەکەیان بە دیالێکتێکی جیا دابنرێن، ئەوا بەپێی بۆچوونی تۆفیق وەهبی دیالیکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردی بریتین لە: (کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو– لوڕی– گۆرانی).

هەر لەم بارەوە فوئاد حەمە خورشید بیروڕای بەمجۆرەیە: (سەبارەت ژمارەی دیالیکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردی، ئەوا واقیعیترینو گونجاوترین دابەشکردن، کە لەگەڵ راستییەکانی زمانەوانیو جوگرافیادا رێکەوێت بەمشێوەیەیە:

**١ ـ دیالێکتی کرمانجی سەروو:** بایەزید– هەکاری– بۆتان– شەمدینانو بەهدینان– شێوەی رۆژئاوا.

**٢ ـ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست:** موکری– سۆران– ئەردەڵان– سلێمانی– گەرمیان.

**٣ ـ دیالێکتی کرمانجی خواروو:** لوڕی ئەسڵ– بەختیاری– مامسانی– کوهکلوری– لەك– کەلهور.

**٤ ـ گۆران:** گۆرانی ئەسڵ– هەورامانی– باجەلانی– زازائی) (٥)

بەپێی دوائەنجامی بۆچوونی فوئاد حەمە خورشید: دیالێکتەکانی زمانی کوردی بریتین لەچوار دیالێکتو لەناویاندا دیالێکتی گۆرانی کە بابەتی ئەم باسەیە. یەکێکی دی لەو خەسڵەتەی لە دیالێکتی((گۆرانی))دا بە زەقی دەبینرێت، ئەو ((فۆنە))خۆشە ناسكو مۆسیقاییەیە کە سروشت پێیبەخشیوە، وەك چۆن زمانی فرەنسی کە بە زمانێکی هەست بزوینی ناسکی ئاواز مۆسیقا دائەنرێت، ئەم جۆرە خەسڵەتەش بە کەمیو دەگمەن لە دیالێکتی جیاجیاو زامنی نەتەوەکانی سەر رووی ئەم گۆی زەویە هەست پێئەکرێت.

شێوەی زارەکی ((ئاخەوتن))و بەرهەمی ئەدەبی جێماوی نووسینی بەشی هەورامانی، تایبەتمەندێتیی زانستیو مێژوویی خۆی هەیەو ناشێت

کەمتەرخـەمی بەرامبـەر بکرێـتو دابڕینـی بەرهەمـە فیکرییـەکانی بـواری کەلچـەری دیـالێکتی گـۆرانی، گـەورەترین زیـان بـە زمـانو مێـژووی سـامانی نەتەوایەتی کوردو کوردستان دەگەینێت.

بۆیە چەندە ئەکرێت: پێویستە ئاوڕی بابەتیانەو زانستانەی لێبدرێتـەوەو لەبەر رۆشنایی کاری زانسـتییانەی سـەردەمو بەرژەوەنـدی بـاڵای نەتـەوەیی کوردو خزمەت بـە ئاسایشـی نەتـەوەییو جیۆپۆلـەتیکسو ئاینـدەی گـەشو دانانی دەوڵـەتی سـەربەخۆی کـورد هـەنگاوی کارامـەو کردەیـی بـۆ بنرێـتو ئەرکی سەردەمو رەسەنایەتیە دێرینەکەی خۆی لە دەست نـەدرێت، چـونکە شـێوەی دیـالێکتی گـۆرانی کۆڵەکەیـەکی بـەهێزە لـە ژێـر نێرگـەی زمـانی ستانداردی کوردیدا.

## هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

بۆکاری دروستو بابەتیانە، ناکرێت، بیٚ بنەماو هۆ بابـەتێك دیاربکرێـت، سامانو کەلتووری دەوڵەمەندی ئەم بەشە دیالێکتـەی زمـانی کـوردیش، بـەو هـەموو خەسـڵەتە بـەهێزو بـەها گرنگانـەوە، پێویسـتە ئـاوڕێکی باشـتری لێبدرێتەوە، چونکە حاڵی حازر، تا ئاستێکی شیاو، شان بەشانی لێکۆڵینەوە لەبەرهەمی ئەدەبی بەشە دیالێکتەکانی زمانی دیـی کـوردی، ئـاوڕیش بـەلای ئەمـدا دراوەتـەوە، ئەگەرچـی هەنـدێك رۆشـنبیرو خـەمخۆری گەشەسـەندنی ئـەدەبی دیـالێکتی گـۆرانی پێیـان وایـە: وەك پێویسـت بایـەخ بـە بەرهـەمی ئەدەبی دیالێکتی گۆرانی نەدراوە، ئەو بۆچوونانە تا سنووریك راسـتیی تیـادا هەسـت پێئـەکرێتو چـونیەك لێکۆڵینـەوەی تـێرو تەسـەل لەسـەر تێکـڕای بەرهـەمی ئـەدەبی دیـالێکتی گـۆرانی بەهـەموو چـمکەکانیەوە: (هـەورامانی، کاکـەیی، گـۆرانی شـەبەك)[٦] نـەکراوە.. ئەمـە لـە چـاو ئـەو تۆیژینـەوەو هەڵسـەنگاندنانەی لـە سـەر زمـانو ئـەدەبی کـراون، بـەلاٚم لەگـەڵ ئەوەشـدا دیالێکتی گۆرانیش بەشی خۆی لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجامدراوە.

ئەگەرچی بـاش وایـە، ئـەو راسـتیەش رەچـاو بکرێـت، گرنگـی نـەدان بـە بەرهەمی ئەدەبی دیالێکتی گۆرانی لـەو سەرچـاوەوە هـاتووە، تـا سـەرەتای

سەدەی بیستەم بایەخی ئەوتۆو پێویست نە بەئەدەبی کوردیو نە بە مافی چارەنووسی نەتەوەیی کورد وەك نەتەوەیەك نەدراوە.

## سنووری تویژینەوەی ئەم بابەتە:

بریتییە لەبەرهەمی ئەدەبیو شیعری ئەدیبانو شاعیرانی ناوچەی هەورامانو هەموو ئەوانەی بە دیالیکتی گۆرانی ئەدوێن، زۆربەیان خاوەنی بەهرەیەکی زکماکی خواکردی بەهێزن، لەسەر خاکەکەی خۆیان کوردستان، ژیانو تەمەنێکی زۆریان بەسەربردووە، ئەرکی خۆشیان لەخزمەتی زمانو ئەدەبی کوردیو شارستانیەتدا بەجێهێناوە، ئەو خزمەتە چڕوپڕەی خەمخۆرو دڵسۆزانی کورد لەناوچەو سنووری ئاخەوتنی دیالێکتی گۆران پێشکەشیان بەکورد کردووە، ئاکام چەندەها بەرهەمی ناوازەی ئەدەبیی بەرزی لێکەوتۆتەوەو بەبەرۆکی لانکی شارستانیەتو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا کراوەو خۆیان لەم بوارانەدا ئنوینن:

((زمان، ئەدەب، رۆشنبیری، مێژوو، ئاینزادە، ئایین، هونەر بەهەموو جۆرو شێوازەکانیەوە.. تادوایی)) ئەمەو سەرەرای ئەوەی کاریگەری باشیشی لەبواری بوژاندنەوەو دەوڵەمەندکردنی سامانو کەلچەرو فۆلکلۆری رەسەنی خەڵکی ناوچەکەدابووە. ئیستەش لەبەر گرنگی باسەکەو فراوانی بابەتەکەو ئەو پەلو پۆیانەی لێیدەبێتەوە، بەباشزانرا لەو هەموو بوارە دەوڵەمەندو رەنگاڵەییە بەپێزانەی لەبەرهەمی فیکریو ئەدەبیی دیالێکتی گۆراندا هەنو هەریەکەیان لەخانەی خۆیانو قۆناغی تەمەنی سەرهەڵدانو مانەوەیاندا بایەخی کاریگەریان هەبووەو هەیە لەبەرژەوەندی زمانو ئەدەبی کوردیدایە، هەڵسەنگاندنی پێویستیان لەسەربکرێت. بۆ هەڵبژاردنی کرۆکی ئەم بابەتە، خانەی شیعری ئەم دیالێکتیکە دیاریکراوەو مەودای سنووری باسەکە، تەنیا بۆ لێدوانو توێژینەوەیە لەبەشێك لەشیعری هەورامانی تەرخانکراوە، ئەمە بیّ ئەوەی جێگای لەدایکبوونو دەڤەری نیشتەجێبوونی ئەو مرۆڤانە رەچاوکرابێتو کاتی لەدایکبوونی شیعرەکانیش بەرچاو نەگیراوە.

ئەم توێژینەوەو هەڵسەنگاندنە ئەدەبییە، بۆ دووان لە گەوهەرو ناوەرۆکی بەشێك لەشیعری دیالێکتی گۆران تەرخانکراوەو کەمتر توخنی لایەنی جوانی روخسارو هونەرو بنیاتنانی شیعری کەوتووەو تەنیاش ئەو بەرهەمە شیعریانە هەڵسەنگێنراون، کە چنگ کەوتوونو لەخزمەت سەلماندنی راستی ئامانجو ناوەرۆکی ناونیشانی بابەتەکەدایە. سەرەڕای ئەوەش لەکاتی هەڵسەنگاندنی شیعرەکاندا چەندەکرابێتو بەپێویست زانرابێت رەچاوی دەمی لەدایکبوونی بەرهەمەکە کراوەو کەمتریش لەشیعری شاعیرانی ئەم دواییەش نزیکبۆتەوە.

## گیروگرفتی دەستکەوتنی سەرچاوەکان:

بەهۆی بارودۆخی نالەبارو دوورەدەستی لە مەڵبەندی هەورامان کە سەرچاوەی تێکستی شیعری هەورامانە.. ئائەوە سەبارەت ئەو سەرچاوانەی لێکۆڵینەوەیان لەسەر ئەدەبو شیعری هەورامانی ئەنجامدابوو، سوودی باشیان بەم باسە بەخشی، بەتایبەت ئەو توێژینەوانەی لەسەر شیعری ناو دیوانە چاپکراوەکان کرابوون.. ئەمە سەرەڕای ئەو هەوڵو تەقەلا ئەدەبیانەی خۆیان لە لێکۆلینەوەی ئەدەبو مێژووی ئەدەبیدا ئەنوێنیو سەرەتا لە کتیبەکەی ئەمین فەیزی بەگەوە ((ئەنجوومەنی ئەدیبان))ەوە دەستپێدەکات، هەوڵی ئەو ئەدیبە بەهەوڵی یەکەم رۆشنبیری ئەژمێردرێت، کەلە ئەدەبی دیالیکتی گۆرانی دوابێت.

هەروەها عەلائەدین سەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیو دکتۆر مارف خەزنەدار لە هەر دوو کتیبەکەیدا ((لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردی ساڵی ١٩٤٨و بەرگی یەکەمی مێژووی ئەدەبی کوردی ساڵی ٢٠٠١))ی دا بە تێروتەسەلی لەبەرهەمی ئەدەبیو ئایینی ئەم دیالیکتە دوواوە، هەروەها دکتۆر عزەدین مستەفا رەسووڵ لە ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا باسی لەشیعری شاعیرانی دیالیکتی گۆرانی کردووە.. ئەمەو ئەوەی لەم ساڵانەی دواییەشدا لە کەشکۆڵی ئەدەبی محەمەد عەلی قەرەداغیو کتێبی خانای قوبادی محەمەدی مەلا کەریمو فەقی قادری هەمەوەندی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریسو فاتیح عەبدولکەریم، یادی مەردانی مامۆستا مەلا

عەبدولکەریمی مودەریسی جێی دەستو پەنجەیان دیارە، دیسان لەم ساڵانەی دواییەشدا لە ئێران لەلایەن محەمەدی صدیق بۆرەکەیی‌و محەمەد ئەمینی ئەردەڵانیەوە کۆششێکی دیارو لەڕوو بۆ دەرخستنی هەندێك لایەنی شیعری هەورامانی کراوەو دواکاری زانستانەش نامەی دکتۆرای ئەنوەر قادر محەمەد لەبارەی شیعری مەولوییە، بەناوی لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی – دیارە لەبەر کەمی ماوە نەکرا ئاماژە بەهەموو ئەو سەرچاوانە بدرێن کە لە ئەدەبی دیالێکتی گۆرانی دواون.

واپێدەچێت: لەچاو ئەو لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندە ئەدەبیانەی لەسەر تێکڕای ئەدەبی. کوردی کراون، ئاوڕێکی باشیش لەبەرهەمی شیعری دیالیکتی گۆرانی دراوەتەوە، وەك هەندێك رۆشنبیرو ئەدیب پێیان وایە: بەرهەمی شیعری‌و ئەدەبی دیالێکتی گۆرانی لەلایەن رۆشنبیرانی شاری سلێمانی‌و ئەو ناوچەیە، وەك پێویست باسی نەکراوە یاخود بەفەرامۆشی لەچاڵی بیرچوونەوەدا وەلانراوە، ئا ئەو بۆچوونە: حوکم بڕیارێکی پەلەیەو پێوانەی بەراست ئەسەلمێنرێت‌و لەلایەن ئەدیب‌و رۆشنبیرو خەمخۆرانی ئایندەی گەشی میللەتەکەمانەوە لەو رووەوە دڵسۆزانە رەفتار نوێنراوە دەفەرموون بزانن چۆن؟... نکوولی لەوە ناکرێت، چەندین کەڵە شاعیری گەورە مەزنی وەك سالم‌و کوردی‌و مەحوی‌و پیرەمێرد...تاد، لە شاری سلێمانیدا چاویان بەدنیای رۆشت هەڵهێناوە، زۆربەشیان بەر لە مەولەوی لە سلێمانی لەدایکبوون‌و مەنزڵی ئەدەبیشیان دیارە، کەچی هەر لەلایەن دڵسۆزانی ئەدەبی کوردی ناوشاری سلێمانیەوە یەکەم تیپی مۆسیقاو یەکەم شەقامی سەرەکی هی ناوجەرگەی شار لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا هەر بەناوی مەولەوی شاعیرەوە ناو نرا، ئەمەو جگە لەوەی چەندین لێکۆڵینەوە، هەر لەلایەن نووسەرانی ئەوشارەو لەسەر بەرهەمی دیالێکتی گۆرانی ئەنجام دراون، بەنموونە نووسینەکانی ئەمین فەیزی بەگو رەشید نەجیب لەسەر شاعیرانی دیالیکتی گۆرانی ئەنجامیانداوەو ئەو هەنگاوە کردەییانەو ئەو خزمەتەی بە شیعرو شاعیرانی دیالیکتی گۆرانی کراوە، نیشانەی گرنگیدانی شاعیرو ئەدیب‌و نووسەرانی شاری سلێمانی بە

ئــەدەبو شــیعرو دیــالیکتی گــۆرانیو ئــەوەش لــە کانگــای راســتگۆییو خۆشەویستیەوە هەڵقوڵاوەو کارو هەڵویستێکی سەردەمیانەو زانستییانەیەو پڕ بە پێستی ئەدەبیو دیالێکتی گۆرانییە، بە گشتیو شێوەی هەورامانی بـە تایبەت، بۆیە لەوەش زیاتر گرنگی وبایەخ پێدان هەڵئەگرێت.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە:

بەرهەمی ئەدەبیی روخسار جوانی بە هێزی شیعر یاخود چیرۆك..یاهەر بابــەتێکی دی، زادەی بــیری مــرۆڤن، لــەکاتی هەڵســەنگاندنو توێژینــەوەدا پێویستی بە بەرنامەیەکی رەنگ بۆ رێژراو هەیە، چونکە هــەموو بەرهــەمێکی ئــەدەبی لــە چــەندین لاوە بۆچــوونی جۆراوجــۆر هەڵئــەگرێت ســەبارەت هەڵســەنگاندن لەبەرهــەمی ئــەدەبیی دیــالیکتی گــۆرانی بــە گشــتیو شــیعری شێوەی هەورامانی بە تایبەت، چەندین کێشانەو پێوانــەی زانســتانەی کــۆنو نوێی سەردەممان لەبەر دەستایە..ئاخۆ کامــە کێشــە رووپێــوەر بــۆ باســەکە دروستە؟.

باشتر وایە لەکاتی لێکۆڵینەوەی بوارە فیکرییەکاندا مـرۆڤ خـۆی بـە هـیچ یەکێك لە رێبازە دیارو تایبەتیەکانی بواری رێبــازی لێکۆڵینــەوەی زانســتیەوە نەبەستێتەوە بەپێی خواستی بەرهەمەکە هەڵسوکەوت بکات سائەوە: رێبازی خستنەڕوو یاخود شیکرنەوە یان بیردۆزیو پراکتیکـی یـاخود هـەر رێبــازیکی لێکۆڵینەوە بێت.

شیعر مەلێکی ئازادی ئێسك سووکی جوانکەلەی نەرمو نیانو دەنگخۆشو ناسـکە، ئـاوازی بـەجۆشو خرۆشـی مۆسـیقی ئەبەخشـیو ناکرێـت لەهێلانـە نازدارەکەی خۆی سەری لێبشێوێنێتو تەرەکرێت.بۆیە بەباشزانرا، خۆ بەهیچ یەکێك لە رێبازەکانی لێکۆڵینەوەوە نەبەستریتەوەو کەڵك لەهەموویان بـەپێی پێویست وەربگرێت.

# بەشی یەکەم

## ئەدەبو شێوە دیالێکتی گۆرانی

لەوەتی مرۆڤ هەستو سۆزی بزواوەو خۆی لەبەردەم شەپۆلی غەریزەی بوونو حەزەکانیدا بینیوەتەوە و بارانی شادیو فرمێسکی خەم بە هەردوو چاویدا هاتوونەتە خواری، هەر خورپەو ژانو خەمێك بۆتە هاندەری لەدایکبوونی بەرهەمێکی ناوازە، سا ئەو بەرهەمە لەسەرەتای ژیانیدا زارەکی بووبێتو دوای دۆزینەوەی نووسینو داهێنانی کاغەزو چاپ تۆمار کرابن، ئەو بەرهەمە ئەدەبییە، خۆراکێکی هەمیشەیی مرۆڤی هەست ناسك بووەو کاریگەریان هەمیشەیی مرۆڤی هەست ناسك بووەو کاریگەریان بەپێی چێژ لێوەرگرتن، کاتی تەمەنەکەیانی دیاریکردووە، بەرهەمی ئەدەبی کوردی یاخود هی هەر نەتەوەیەکی دی، زادەی بیری مرۆڤەو لەدایك دەبێت ئەمە بۆ رابردوو ئێستەو لە ئایندەشدا وەك راستییەکی کاریگەری مرۆڤی لێهاتووە: (ئەدەب زادەی بەرهەمی تاك تاکی مرۆڤی بلیمەتە) (٧). هەرهەمان نووسەر دکتۆر ناجی، پسپۆر لەزانستی فەلسەفەدا پێیوایە: کاری داهێنان لە ئەدەبدا تاکە کەسییەو لەم رووەوە بەراشکاوی ئەڵێت: (من بۆ تەنیا یەك چرکەش، گومانم لەوەدا نییە: کاری داهێنانی ئەدەبی بەرووتیو تەنیایی هی تاکە کەسە) (٨). ئەو بەرهەمە ئەدەبییە داهێنەرانەی لەدایکبوون، مرۆڤی بەهرەدار ئەنجامیان داون.. بەڵام وەنەبێت ئەمە وابکات، ئەو بەرهەمانە هەتا هەتایەو تەنیاو تەنیا موڵکی خاوەنەکانیان بن، بەڵکو پاش ئەوەی خەڵکی ئەیانبیستیو ئەیخوێننەوە، ئیدی لەموڵکی خاوەنە تاکە کەسییەکەی دەردەچێتو میللەت دەبێتە خاوەنی.

ئەدەب بەهەر زمانێك بێت دەبێتە موڵکی زمانی ئەو نەتەوەیەو ئەویش دەبێتە ئامێرێکی نوێی بنچینەیی بوونو مانەوەی نەتەوە.

بەرهەمی ئەدەبی نەتەوەیی وەچەی ئایندە هوشیار دەکاتەوەو هانیان

دەدات بۆ ئەوەی کیانی سەربەخۆی خۆیان دابمەزرێنن.

ئــەدەب ســیمای تایبــەتی نەتوەکەیــەو زمــانیش ئــامێری دەربڕینــی بۆچەتەوەکەیە:

(زمان بەئاخاوتن‌و وشەی جیا ئەو بیرە دەرئەبڕێت) [٩].

لەبەر رۆشنایی رێبازی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە روو لەلایەنـە گـەش‌و بـەپێزو رەسـەنەکەی شـیعری هـەورامانی کـراوە، ئەگـەر کـەلێن‌و کورتیشـیان تیـا بـەدیکرابێت، بەتایبـەت لـەرووی هونـەری هۆنینـەوەی شـیعرییەوە، ئـەوا بـۆ ئایـنـدەو پسـپۆرانی بـواری توێژینـەوەی لایـەنی جـوانی‌و هونـەری شـیعری جێهێڵراوە.

**ئەدەبی دیالێکتی گۆرانی:**

لەئەنجامی ئەو هەموو گرنگیدانەی، بە بەرهەمی ئەدەبیی زاری هەورامانی دراوە، واقیع وایسەلماندووە: چەندین شارەزای بـواری زمـان‌و لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی، بـە رەگـو ریشـەی دێرینـی‌و رەسـەنایەتی‌و مێـژووی لـەدایکبوونی یەکەم بەرهەمی ئـەدەبی لـەبواری شیعردا بچـنە خـواری‌و سـۆراغی راسـتی‌و مێژووی یەکەم شیعری کوردی بکەن.

ئەوەی تا ئێستە لەبارەی دێرینی‌و مێژووی لەدایکبوونی یەکەم بەرهـەمی ئەدەبی کوردییەوە، قسەی لێکـراوە، تێکسـتی شیعری دیـالیکتی گۆرانییـەو بـەکۆنترین تیکسـتی شـیعری کـوردی دانـراوە، لـەم رووەوە دکتـۆر مـارف خەزنـەدار ئـەڵێت: (تێکسـتی شـیعری شـێوەی گـۆرانی کـۆنترین تێکسـتە لەئەدەبی کوردیدا) [١٠].

دکتۆر مارف تا ئێرە بەشێوەیەکی ببڕای ببڕ، بـیروڕای خـۆی دەرئـەخات کە تێکستی شیعری دیالێکتی گۆرانی کۆنترین تێکستە لەئـەدەبی کوردیـدا.. کەچی هەر دوابەدوای دەربڕینی ئەو بیروباوەڕەی پێشووی: بەمجۆرە کۆتایی بە بۆچوونەکانی ئەو دەمـەی ئـەهێنێت: (یـاخود بـە واتایـەکی تـر دەتـوانین بڵـێین: سـەرەتای مێـژووی ئـەدەبی کـوردی بەشـێوەی گـۆرانی دەسـتی

پێکردووه، ئەگەر چوارینەکانی بابە تاهیری هەمەدانی (٩٣٤-١٠١٠ز) بخەینە ئەولاوە کە بەشێوەیەکی کوردی ئێرانی ناوچەی تێکەڵاو یا بەشێوەی لوڕی نووسراوەتەوە) [١١].

مەبەستی دکتۆر مارف لەکۆنترین کاتو سەردەم ئەوەیە: شیعری گۆرانی پێوترابێت، نیوەی دووەمی سەدەی چواردەهەمە، ئەوەتا لەو بارەیەوە بەمجۆرەش بیروڕای خۆی زیاتر روون دەکاتەوەو ئەڵێت: (کۆنترین شاعیرێك بەشێوەی گۆرانی شیعری دانابێ، مەلا پەریشانەو لە نیوەی دووەمی سەدەی چواردەمو نیوەی یەکەمی سەدەی پازدەهەم) [١٢].

دکتۆر مارف خەزنەدار نموونەی شیعری مەلا پەرێشانی بۆ بەڵگەی سەلماندنی بۆچوونەکەی هێناوەتەوەو خۆی لەم پارچەیەدا ئەنوێنێت:

**چون حەق ژ ئیجاد ماسیوا بەرداخت**

**ژنووری ئەحمەد لەوج و قەلەم ساخت**

**عەرش و کورسی هەم ژ نوور مورتەزا**

**ژ نووری حوسەین بەهەشت کرینا** [١٣]

لەبارەی یەکەم تێکستی شیعری دیالێکتی گۆرانی ئەم بیروڕایەش دەربڕاوەو لەجێی خۆیدایە بەچاوی پڕ لەبایەخەوە حسابی بۆ بکرێت: (هەر لەیەکەم شیعری گۆرانی کە تائێستە دەستکەوتووە، مێژووی بۆ ساڵی ٣١ی کۆچی ئەگەڕێتەوە) [١٤].

باش وایە هەریەك لەو دوو راوبۆچوونە بەتەواوەتی ساغبکرێنەوەو کاری زیاتریش لەخزمەت راستیو گەشەو پەرەسەندنی ئەدەبەکەماندایە.

کارێکی شیاوە حساب بۆ دەربڕینی دوابیروڕا بکرێت، دکتۆر مارف لە دوابەرهەمی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا... مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی یەکەم لە ساڵی ٢٠٠١دا بە چاپی گەیاندووە، بیروڕای خۆی سەبارەت باسی یەکەم تێکستی شیعری کوردی بەتەواوی روونکردۆتەوە ئەڵێت: (بێ گومان دیالێکتی گۆرانی وەك زمانێکی سەرەکی کۆنترین شیعری پێوتراوەو تەنیا زمانی ئایینی یارسانەکان نەبووە، بەڵکو زمانی شیعری کوردی بووەو

بەهەموو بابەتەکانیەوە، تائێستەش لەو ناوچە جوگرافییانە بەردەوامە کە خەڵکی بەو دیالیکتە دەئاخەڤن) [١٥].

بەپێی ئەو بۆچوونانە هەردوو رەئیەکە لەسەر ئەوە تەبان: کۆنترین تێکستی ئەدەبی کوردی تائێستە دۆزرابێتەوە، ئەدەبی گۆرانییە.. چونکە زۆربەی پسپۆرانی ئەدەبی کوردی لەسەر ئەو یەکئەگرنەوە: لەسەردەمی حوکمڕانی ئەمارەتی ئەردەڵانەوە ئەدەبو زمانی کوردی– دیالیکتی گۆرانی بەرجەستەو باو بووە، بەجۆرێکی ئەوتۆ، بۆتە زمانی ستانداردی کوردی ئەو سەردەمە، چونکە دەستەڵاتی سیاسی چاوگی ژیانو سەرچاوەی دراوەو ئەو چەقە دەبێتە مەڵبەندی بڕیار دابینکردنی بژێوی ژیانو چالاکی ئەدەبیو رۆشنبیریو سیاسیو خەڵکەکەش بەو زمانە ئەدوێن، لەبەر ئەوەی زمانی رەسمی دەوڵەتە.

بۆیە ئاساییە لەسەردەمی ئەمارەتی ئەردەڵاندا زمانو ئەدەبی کوردی بەدیالێکتی گۆرانی گەشەی سەندبێت، دکتۆر ئەنوەر قادر محەمەد ئەڵێت: (ئاشکرایە دیالێکتی گۆرانی چەند سەدەیەك لەسەدەی چواردەوە تا نۆزدەیەم– زمانی رەسمی ئەمارەتی ئەردەڵان بووەو لە هەندێ ناوچەی کوردستانی خوارووشدا، وەك زمانی ئەدەبی بڵاو باو بووە) [١٦].

دکتۆر مارف خەزنەداریش سەبارەت بەوەی شیعری دیالیکتی گۆرانیو زمانی کوردی لەسەردەمی میرنشینی ئەمارەتی ئەردەڵانەوە باو بووەو رۆڵی ئەدەبی خۆی گێڕاوەو دەڵێت: (شیعری گۆرانی زمانی کوردی لە میرنشینی ئەردەڵاندا باو بووە)[١٧].

توێژینەوە لەبەرهەمی ئەدەبیو شیعری کوردی، بەدیالێکتی گۆرانی، مەودایەکی یەگجار فراوانی بە بەرەوە هەیە، ئێستە باش وایە راستەوخۆ روو لە ناوەرۆکی بابەتەکە بکرێت.

### دەروازەیەك بۆ ئاشنابوونی بەشی دووەم

باش وایە دەستپێکێکی بەرچاو روونی لەبارەی بیروڕاو بۆچوونەکانەوە بخرێنەڕوو، تا ئەوە زیاتر ببێتە کلیلی کردنەوەی دەرگا داخراوەکانو تەرازووی کێشانو تیرمۆمەتری دەستی بیسەرو خوێنەر، بۆ هەڵسەنگاندنی باسەکە بەکار بهێنریت.

بۆ بەرچاو روونی ئاماژە بەم خاڵە ئەکرێت: لەروانگەی بیرو باوەڕی نەتەوەییەوە نیگای سەرنج ئاراستەی گەوهەری هەڵوێستو وەشاندنی تۆوی خۆشەویستی خاك لە شیعری دیالێکتی گۆرانی بەشی هەورامانیدا ئەکرێت، هەوڵیش ئەدرێت لەسەر یەك دەنگو ئاوازو رێچکەی شیعری سەقامگیر نەکرێتو لە هەر باخە گوڵێكو لەهەر تەلە دەنگێکی سازو هەست بزوێن پێشکەش بکرێت.

لەبارەی بیروڕای نەتەوەیی وەك پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنە ئەدەبیەکە دانراوەو لە ئاستیدا هەرگیز راڕاییو دوودڵی نەنوێنراوە: (بەبێ دوودڵی دەڵێم: بیری نەتەوەی کوردی، رێبازێکی فەلسەفییەو لۆژیكو گۆشەنیگای تایبەتی خۆی هەیە، لە لێکدانەوەی دیاردەو روداوەکاندا) (١٨).

لەو بۆچوونەوە، بڕوا بەراستیو بێوەیی بیروباوەری نەتەوەیی ئەهێنرێت کەبیروباوەڕی نەتەوەیی بیروباوەڕێکە رۆحی بیروباورەی مرۆڤایەتیەوە دوورە لەدەمارگیریو توندڕەویو رەگەزپەرستیو شۆڤینیەتەوە.

ئەوانەی لەژێر پەچەی بیری بەرزو پیرۆزی نەتەوەیدا خۆیان حەشارداوەو هەڵوێستی رەگەزپەرستانەو شۆڤینیانە ئەنوێنن، ئەوانە دژبە پاکی فەلسەفەو بیروباوەری نەتەوەیینو دەمامکی چاوڕاوی سیاسیان پۆشیوەو بازرگانی بەو بیروباوەرەوە ئەکەن.. بیروباوەری نەتەوەیی مرۆڤ بەخۆشەویستی خاكو نەتەوەو سەرجەم مرۆڤایەتی گۆش دەکات.. وا لە مرۆڤ دەکات، هەمیشە بەرامبەر بەهەموو شتەکانی دەوروبەر دەستو دەم و داوێن پاك بێت، نەتەوایەتی عەشقو خاوێنییە: (نەتەوایەتی، عەشقەو خۆشەویستی: خاكو رەچەڵەكو زمانو کەلچەری هاوبەشیو تەوژمی ئارەزووی سەربەخۆیی

سیاسیو سەلامەتی کەسایەتی نەتەوەیە) [١٩].

بیروباوەڕی نەتەوایەتی، بۆتەیەکە زمانی تیا ئەپارێزرێو ئاشکراشە: زمان ئامرازی دەربڕینی بیرەو شیعریش مەلۆتکەی ئازادی بیروسۆزی مرۆڤە.. لێرەشدا ویستگەی نزیکی بەردەممان شیعرە.

شیعریش روخسارێکی ئێسك سووکی جوانی هونەریو ناوەرۆکێکی بەهێزو پێزو بەکەڵکی ئەو خەسڵەتانەیەو تەمەنی زیندوویێتیو رەسەنیی بۆ دابین دەکات!

روخسارو ناوەرۆك دوو دیوی یەك پارەنو یەك ئەوی دیان تەواو دەکاتو لە یەکەم هەناسەو نیگادا، شەیداو هۆگری خۆیمان دەکاتو لەگەڵ مرۆڤی هەست ناسکدا ئاشنایەتی پەیدا دەکاتو دەمو دەست لەناخەوە ئەیهەژێنێتو هۆشی ئەورووژێنێتو بەرەو دنیایەکی تەلیسماوی راپێچی دەکات.

لەجێی خۆیدایە، چەند خەسڵەتێکی شیعر بخەینەڕوو لەوانە: (شیعر جوانی هەموو شتێکمان بۆ دەرئەخات، گیان تینووی جوانیو دڵیش برسی شیرینە، نە ئەم تیری لیئەخواتو نە ئەو تینوێتی لێئەشکێنی) [٢٠].

لەو پێناسانەی پێشەوەدا، شیعر لایەنی ستاتیکاو رازاوەی تێکرای شتەکان ئاویتەی واتاو ناوەرۆك دەکاتو رووی جوانی ئەبەخشێتو هۆشی مرۆڤ بەلای خۆیدا راپێچ دەکات ئەو کاریگەریەی شیعر لە وزەی هێزێکەوە هەڵقوڵاوە، ئاخۆ سەرچاوەی ئەو هێزە چییەو کامەیە؟: (هۆنراوە لە ویژدانو سۆزەوە پەیدا دەبێ، هۆنراوە زمانی سۆزو ویژدانە، کێش نیشانەی سەرەکی هۆنراوەیە، هۆنراوە بەکێشو ئاواز لە پەخشان جیا دەبێتەوە، لە هۆنراوەدا سەروای هەیە)[٢١].

سەرچاوەی ئیلهامی شیعر، ویژدانو سۆزە، هەستو عەشق لە دەروونی مرۆڤدا هۆکارێکی بەهێزە بۆ ئەوەی هۆشو بیر بورووژێنێت، ئەوسا دەمارەکانی مێشكو پەڕە ناسکەکانی دڵ ئەلەرێنێتەوە.

ویژدانو سۆز ئەو کانگایەن شیعریان تیا هەڵئەقوڵێت، کەواتە: ئەو

سەرچاوەیەی شیعری تیا لەدایك دەبێت خودی مرۆڤەو تا مرۆڤیش بمێنێت شیعریش ئەمێنێتو لەگەڵ گەشەسەندنو پەرەپێدانی ژیانی مرۆڤدا شیعریش هەمان هەنگاو بەرەو پێش ئەنێتو هەرگیز سەرچاوەکەی وشك نابێت. ئەو دوو رایەی پێشەوە هانمان دەدات بەدوای چرکە ساتی چاوتروکانی شیعردا بگەڕێینو لە نزیکەوە گوێبیستی ترپەی دڵی بین.. ئەد}نیس ئاوا چرکە ساتی لەدایکبوونی شیعرمان بۆ باس دەکات: (شیعر– لای ئەدۆنیس– تەقینەوەیەکی بەردەوامە، لە زەمینێکی بەردەوامدا، شیعر گەشتێکە بەرەو هەریمە نادیارەکان تا شاعیر ئەو شتانە کەشف بکات کە نازانرێن، نەك وتنی ئەو شتانەی ئەزانێن: شیعر هەوڵێکە بۆ وتنی ئەو شتانەی زەحمەتە بوترێن)[٢٢]. ئەدۆنیسی شاعیری عەرەبیش بەو شێوەیەی خۆی بڕوای پێیەتی باسی شیعری کردووە، ئەو وەسفانەی تا ئێستە بۆ شیعر کراون هێشتا مافی تەواوی خۆیان پێنەبەخشیوەو تا مرۆڤ بژیو شیعر لەدایك بێتو ئاسۆی بیری مرۆڤ فراواناتربیت، شیعریش وەسفی نوێترو بەهێزتر هەڵئەگرێت، بەوە لە زارەکانی دەگەین.

## بەشی دووەم

### هەڵوێست و خۆشەویستی خاك لە شیعری دیالێکتی گۆرانی دا :

هەڵوێست چالاکییەکی کردەییو خۆشەویستیش ریزەیەکی هەستو هۆشی مرۆڤەو هیچ کامیان لە خۆوەو بێ بنەما، نایەنە دی.. هەستو بیر، خواستو ئامانج ئەیانهێنێتە دی..

وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا: هەستو بیروباوەڕی نەتەوەیی سۆزو خۆشەویستی لەمێشكو دڵو دەروونی مرۆڤدا چەکەرە پێدەکات، ئەو هەستە لە بۆنەیەکی دیاریکراوی مەحکەمداو بیروباوەڕەکە لەشێوەی ئەوینێکی پیرۆزو زیندوو گەشە پیدەکات.. هەر ئەو هەستو سۆزەیە بەجۆرێك رەگو ریشەی خۆشەویستی لای مرۆڤ دائەکوتێت، رووبەڕووبوونەوەی، پێویستی بەچالاکیو هەڵوێست وەرگرتن هەیە.. خۆشەویستی نیشتمان تەنیا خۆشەویستی خۆڵو گڵ ناگەیەنێت، خۆشەویستی هەموو بوویەکی زیندووی سەر ئەو خاکەو خاکەکە ئەگرێتەوە، هەروەها خۆشەویستی جوانیو دڵڕفێنی سروشتو بەهای بەرزی رەوشتی خەڵکەکە شی ئەگریتەوە، ئەم خۆشەویستیە سنووردارو پێوەندی لە گەردندا نییە ! !.

ناوەرۆکی نەتەوەیی چەند نموونەیەکی شیعری شاعیرانی دیالێکی گۆرانی:

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکی روو لە جەرگەی باسەکە بکرێتو بەبەڵگەی خودی شیعری شاعیران رووی گەشیان بسەلمێنرێت، مشتێك لەبەرهەمی ناوازەی شیعری دیالێکتی گۆرانی پێشکەش ئەکەین:

**(١) رەنجوری شاعیری هەستو سۆزی نەتەوەیی**

سەرەتا روو لەدنیای شیعری مەلا عومەری زەنگەنە ئەکەین، نازناوی شاعیر رەنجورییە، شیعرەکانی رەنجوری تینو گڕی هەستی نەتەوەیی لێبڵند

دەبێتــەوە، بیرکردنــەوەی ئــەو ســەردەمەی رەنجــوری بــۆ رۆژگارەکــەی بــە هەڵوێستی کوردانەی باش دائەنرێتو ئەمەش نموونەیەکیتی:

**دەور بدەر نەمولك ((بابل)) ماچان ئەندیش**
**بشۆ وەجایی حیلله ماچان پیش**
**شەهزادی جەنەسل بەگزادەی بابان**
**جەنەوەی ئۆجاغ مالیك ریقابان**
**والی ویلایەت ((گشت کوردستانەن))**
**ئیسم شەریفش عەبدوالرەحمانەن** (٢٣)

رەنجوری ئەو شیعرەی بـۆ عەبـدولڕەحمانی پاشـای بابـان هۆنیوەتـەوە، لەوکاتەی دەسـتەڵادارانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی، سەرسـەختانە دژایـەتی کــوردو خــاکی کوردســتانیان ئــەکردو دڵڕەقانــە، کینــی خۆیــانو تۆڵــەی فەشـــەلبوونیان لـــەکوردو ئـــەمیرەکانی ئـــەمارەتی بابـــان کردۆتـــەوە، عەبـدولڕەحمانی پاشـای بابانیـان گرتـووەو پـاش سـووکایەتی پێکردنـی بەدەسـت بەسـتراوی بـۆ خـوارووی عـیراق دووریـان خسـتۆتەوە دواتـر لـە بەندیخانەی حیللەیان توندکردووە.. رەنجوری وەك مرۆڤێکی کـوردی هەسـت ناسكو شاعیرێکی بەهەڵوێست لە ئاست گرتنی عەبدولڕەحمان پاشـای بابـان دەستەو ئەژنۆ دۆشدا نەماوەو ئەوەندەی بۆ ئەو کاتە پێکرابێـت، هەڵوێسـتی کوردانەی نواندووەو هەستی نەتەوەییو خۆشەویستی خـاكو سـەرکردەکانی کورد پاڵی پێوەناوە بـە شـیعر بـیروڕای خـۆی دەربڕێـتو دەنگـی نـاڕەزایی بەرامبەر ئەو ناهەمواربیەی کاربەدەستانی تورکە عوسمانیەکان دەربڕێت.

خۆشەویســتی رەنجــوری لەســنووری حــوکمڕانی ئــەمیرە کوردەکانــدا نەوەستاوەتەوە، بەڵکو ((ئەو)) داروبەردی کوردسـتانەکەیو هـەموو مـرۆڤ و دانیشتوویەکی خاکەکەی لابەرزو بـەڕێز بـووە، بەتایبـەت رۆشـنبیرو شـاعیرو کەڵە پیاوەکانی دی کورد، ئەوەش نیشانەی دڵسۆزی رەنجوریيـە بـۆ خـاكو نەتەوەکەی:

شوعەرای کوردستان گۆیندان خاس
هەرچی مەشهورەن پەریت کەروو باس
مەلا نەجەف نام، خانای قوبادی
بەگ. مەلا سالح جەرگەی مۆرادی [٢٤]

(٢) بێسارانیو خۆشەویستی خاکی نیشتمان

مەلا مستەفای بێسارانی زانایەکی بەرزی ئایینیو رۆشنبیرێکی شارەزای سەردەمەکەی خۆی بووە، (ئەو) بە شێوەیەکی فەلسەفیانە بیروباوەڕی نەتەوەیی خۆی لەمەڕ خۆشەویستی نیشتمانەکەی دەربڕیووە.

هەقە لەهەموو توێژینەوەو هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبی سەبارەت مێژووی ئەدەبی ناوچەی هەورامانو دیالێکتی گۆرانی بەباشیو بەوردیو هۆشیارانە مافی خۆی بدرێتیو باری جیۆپۆلەتیکسی ئەو ناوچە شاخاویە سەختو جوانانەش بخرێتەڕوو، هەروەها کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی دانیشتوانو دیاریکردنی جۆروچۆنیەتی کەلچەرو سامانە نەتەوەییەکەی ئەو ناوچەیە دەربخرێت.

ئەوەتا ناوچەی هەورامان بەهۆی سەختی شوێنەکەیەوە، کەمتر دەستی سوپای داگیرکەرو تێکدەری گەیشتوویتیو سیمای شارستانیەتی کۆنو دیاردەی ئاینو ئاینزادە، تیایدا پارێزراونو زۆریان وەك خۆیان ماونەتەوەو لەلایەن دانیشتووانە دڵپاكو دڵسۆزەکەشیەوە بەچاوی رێزو پیرۆزیەوە تەماشا ئەکرین، ئەمەش لەو سەرچاوەیەوە لەنگەری گرتووە، خەڵکی ناوچەی هەورامان خۆیان بەخاوەنی راستەقینەی خاكو سامانی کەلتووری نەتەوەیی کورد ئەزانن.

بێسارانی لە بیرو زانستو رۆشنبیری سەردەمەکەی دانەبڕاوەو لەگەڵ بۆچوونی پێشکەوتنخوازیو هەستی نەتەوایەتیدا ژیاوە.. لەم پارچە شیعرەیدا داوا دەکات خۆڵی گلکۆکەی، هەر ئەو خۆڵە پیرۆزەی خاکی هەورامان بیت:

چراغ رەزان بۆ
خاس ئیدەن گلکۆم نەپای رەزان بۆ
نزیك وە پرشنگ پای قەلوەزان بۆ
ئامیتەی خاکم، وەلگی خەزان بۆ
باخاکی گلکۆم، خاکی نۆ نەبۆ
بایەکجار کۆنەی، سەدسال کۆنە بۆ (٢٥)

ئـەوەی شـیاوی ئامـاژە بۆکردنـە، مرۆڤێکـی لێهـاتووی وەك بێسـارانی لەسـەردەمی ژیانەکـەی خۆیـدا بـەهۆی دوورەدەسـتی لـە خـەڵکی ناوشـارە گەورەکان، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، لەژیانی دەوروبەرو دنیا بێ ئاگا نـەبووەو توانیوویەتی بوونی خۆی وەك زاناو شـاعیرێکی مـەزن بسـەلمێنێت، بـەهرەی کاتی شیعری بەو شیوەیە بتەقیتەوەو دوور لە لاسـایی کردنـەوەی شـاعیرانی کلاسیکیو کێشـی عـەروزی، شـیعرەکانی خـۆی بهۆنێـەوەو ناوەرۆکەکەشـی هەستێکی بێگەردی کوردانەو خۆشەویستی خاكو خۆڵی نیشتمانەکەی بێت.

(٣) حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە ((تالعی))

حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە شاعیرێکی بەتواناو لێهاتووی سەردەمەکەی خۆی بووەو لە (ناوەڕاستی سەدەی سیازدەهەمی هیجریدا ژیـاوەو هـاودەمی ئەحمەد پاشای بابان بووە) (٢٦).

حەمە ئاغـای دەربەنـد فەقـەرە بـەهۆی شـیعرەکانیەوە هاوخـەمی خـۆی بەرامبەر مەینەتیو پەشـێوی سـەردەمی حـوکمڕانی بابـان دەرئـەبڕێتو ئـەو ڕووداوە دڵتەزێنو جەرگبڕانەی بەسـەر دەسـەڵاتی کـوردی ئـەمارەتی بابانـدا هاتووە، کاری تێکردووەو بۆتە مایەی دەردەدڵیو بەشیعر پێشکەشکردووین:
گبێ خەبەر چەمە کردەور ئەفلاك بیم
لاقەید جە شۆرش دایەرەی خك بیم
ناگاه شمقاری شووم بێ ئارام
ئاشووب دەوران زوڵم کەردەی بێ رام (٢٧)

ئـەو چـەپکە شـیعرەی رەنجـوری وەك مشـتێك لـە نموونـەی خـەرواری شیعرەکانی پێشکەشمان کرد.

**(٤) شێخ عومەری شێخ چیاو الدین (فەوزی)و دەردی دووری خاکی نیشتمان:**

بەهرەی شاعیری داهێنەر، خـۆی وەك خـۆر ئـەنوێنێتو لـە شـیعرەکانیدا بەوردی هونەری هۆنینەوەی شیعری دەرئەکەوێتو ئەرکی شیعریش ئەوەیـە: دەردو دووی دڵــی شــاعیر، هــاواری لێ هەڵئەســتێتو عەشــقی دەروونــە پەنگخواردۆکەی، بووك جوانی شیعرمان پێشکەش دەکات.

شێخ عومەری شاعیر بەشـێوەیەکی زۆر هوشـیارانە خۆشەویسـتی خـاکی نیشتمانو شارە نازدارەکەی بیارەو تەوێڵەو گشـت ناوچـەی هـەورامانمان لـە شیعرەکانیدا نیشان ئەداو بە زمانێکی پاراو پێشکەشمان دەکات.

ئەو هەستە ناسکەی فـەوزیی شـاعیر دەری ئـەبڕێت، لەئـەنجامی هـۆگری خودی خۆیەوەیەتی بەرامبەر جێنزرگەی باوانی.. ئەو پێـی وایـە ئەگـەر لێـی دوور بکەوێتەوە، واتە: رەهەندەی چۆڵو بیابـان کـراوەو ئەمـەش لـەلای ئـەو بەرەو گۆڕو نەمان، ڕاپێچی دەکات.

هەوێنی شیعرەکانی فەوزی لە دوو تـوێی وشـەکانی: ((عەشـقو نـامۆییو وەفاو مەیلی گڵکۆو چۆڵەوانی)) دایەو گەلێك مانای بەرز دەرئەخاتو راسـتی رازەکانی دڵی شاعیرن. ئەوەتا ئەڵێت:

**قیبلەم ها بەردم.. قیبلەم ها بەردم..**
**داغ دووریی تۆ وە گڵکو بەردم**
**وە مەیل تۆوە روو وەچۆڵ کەردم**
**سڕار دووریی دەرد هیجران گشت وەردم** (٢٨)

**(٥) شێخ محەمەد عوسمانی سیراجەدینی نەقشبەندی، کزەی غەریبیو سۆزی بۆ نیشتمان:**

شاعیر یەکێکە لە شێخە هەرە مەزنـەکانی ناوچـەی هـەورامان، شـێخێکی

پایە بڵندی ڕێبازی نەقشبەندیو شاعیرێکی بەهرەداریشەو بە شێخ عوسمانی بیارە یاخود دووڕوان ناوی دەرکردووەو نازناوی شیعری ((عوسمان))ە.

ئەم شاعیرو شێخە خواپەرستە، لە دوای ساڵانی ١٩٥٨ـەوە نەیتوانیوە لە جێنزرگـەی بـاوانی ئـارام بگرێـتو دوور لەخواسـتی خـۆی لەشـاری بیـارە دوورکەوتـەوە، ئەگەرچـی تـا ماوەیـەکی کـورتیش لەسـنوور یـاخود نزیکـی سـنووری ناوچـەی هـەورامانو سەرانسـەری کوردسـتاندا بووبێـت، ئـەنجام لـەبیارەو کوردسـتانەکەی بـە یـەکجاری دوور کەوتـەوەو لـە غـەریبی سـەری ناوەتەوە.

شاعیر کۆمەڵێ بەرهەمی بەپێزی لـەبواری شـیعری ناسـکو نەتـەوەیی بـۆ بەجێهێشـتووین، زۆربـەی شـیعرەکانی بـۆو بەرامـەی کـزەی غـەریبی لێبـەرز دەبێتــەوە، تــۆوی سروشــتی شــیعرەکانی لەســۆزو خۆشەویســتی خــاکی هــەورامانو هەڵســوکەوتی خەڵکــە دڵپاکــە چــالاکەکەیەوە هــاتووە.. ئــەو دانیشتووانەی هێندە بڕوایان بەخۆیان هەیە، بۆ بـژێوی ژیـان هانـا بـۆ کـەس نابەنو لەسەر بەردی ڕەقی چیا سـەختەکانی هـەرامان، خۆیـان ژیانـدووەو ئەژیێنن.

شاعیر لەم شیعرەیدا بۆی هەناسەی خۆشەویستی یادی نیشـتمانەکەیمان پێدەگەینێت:

**نەواچی دوورەن دووری بێ مەیلەن**<br>
**بەگیانت قەسەم دەروونم کەیلەن**<br>
**تا ئەوسات جەستەم مەشۆنە تۆی گڵ**<br>
**عوسمان یادی تۆش بەرنەشبەن نە دڵ** (٢٩)

شێخ عوسمانی شاعیر، لـەدیوانی چـەپکە گـوڵێ لـە گـوڵزاری عوسمانیـدا بـەکرمانجی خـواروو سـۆزێکی یـەجگار گڕگرتـووی هەسـتە نەتەوەییەکـەی دەربڕیوەو بەراشکاوی خۆشەویستی بـۆ کوردسـتان دەرئـەخاتو هەڵوێسـتی کوردانەی نواندووەو لەم چەپکە شیعرەیدا بێ چەندوچوون ڕەنگیانداوەتەوە، شـایانی باسـە ئـەم هەڵسـەنگاندنە بـۆ شـیعری بەشـی هـەورامانی دیـالێکتی

گۆرانی تەرخان کراوە، بۆیە نەمویست بە چڕوپڕی ئەو نموونانەی بخەمەڕوو کە بەسۆرانی شیعری ناوەرۆك نەتەوەی پێ هۆنیوەتەوە.. بەڵام هەر بەمەبەستی دەرخستنی کاکڵەی بیروباوەڕی سیاسی شاعیرو بۆ ئەوەی سەرڕاستی بۆچوونەکە بسەلمێ، بێ هیچ هەڵسەنگاندنو لێدوانێك ئەم پارچە شیعرە وەك نموونەیەکی یەجگار بەرزو پڕواتای بابەتی شیعری نەتەوەیی، باسەر پشکو دادوەر بێت. ئەمەش پارچە شیعرەکەی شاعیرە:

**بەوخوایە کە یەکتاو یەکە، من یەك ئەناسم**

**هەر کوردم کوردە وەتی راسی یو راسم**

**بۆ تۆیە شەوو رۆژ نییە، من خوردو خۆراسم**

**بۆ تۆیە لە دنیا خەفەتم، بەرگی پەلاسم**

**بۆ تۆیە کە وێڵم، ئەگەر ڕێم من بە بەهاتە** (٣٠)

شێخ عوسمان مرۆڤێکی هەست ناسكو شاعیرێکی بەهرەدار بوو، دوورکەوتنەوەی لە مەرقەدی باوانیو حەوزەی خانەقاو خەتمو تەهلیلەی سەر سەکۆی نوێژکردنی خانەقای بیارە، ئا ئەوە کسپەی لە جەرگی هەڵساندووە.. ئەوەتا لە نامەیەکی تایبەتی شیعر ئامێز بۆ مەلا عەبدولکەریمی مدرس، تەنووری ئەو رازە کاریگەرە کڵپە ئەسێنێتو ئەڵێت:

**کون مودەریس و دەورو موتڵا**

**ماچا زیندەگی و عومرت بەتاڵا**

**بوومی شووم وانۆ شوومی وەی شوومەن**

**کەی جەمن بی یەن شوومی وەی شوومەن** (٣١)

شاعیر لەبواری رەوانبێژیدا، هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵ زاراوە ئەدەبیەکاندا کردووە، ئەوەتا لە بەیتی دوایدا دەستەواژەی ((شوومی وەی شوومەن)) رەگەزدۆزیەکی لێکدراوەو شاعیر بەمەبەستی تایبەتی دەردی دەروونو خەمەکانی خۆی بەکاریهێناون بەوەش لەرووی هونەری گوزارەبێژیەوە، شیعرەکەی لە پایەیەکی بەرزدا داناوە.

(٦) مەولەوی‌و خۆشەویستی بۆ کوردستان:

رووکردنە دنیا پڕ واتاو جوانەکەی شیعری مەولەوی، مرۆڤ بۆ لای خواستی رەنگاڵەیی پەلکێش دەکات، بە شەوقەوە هانی ئەدیب‌و رۆشنبیر دەدات بە وردی چاو بەبزاڤی ئەدەبی کوردیدا بگێڕێتەوە، بەتایبەت شیعری شێوەی هەورامانی، ئەو بایەخدانەی ئەدیب‌و رۆشنبیرانی کورد بەشیعری مەولەویان داوە.. بۆ خۆی گرنگیدان بەشیعری شێوەی هەورامانی ئەگەیەنێت.

ئەو ئەدیب‌و شاعیرە بلیمەتانەی شیعرەکانی دیالێکتی گۆرانی شێوەی هەورامانیان وەرگێڕاوە بۆ سەر دیالێکتی سۆرانی بەتایبەت یەکێکی وەك پیرەمێردی شاعیر، هەروەها صابر ((رازی)) کە سەرجەمی دیوانی وەلی دێوانەو محەمەد ئەمینی ئەردەڵانیش ساڵی ١٩٩١ دیوانی مەولەوی لە شێوەی هەورامانییەوە بۆ سۆرانی گۆڕیوە.. نیشانەو دیاردەیەکی پێشکەوتووی سەردەمە.ئەوەی بە ئاشکرا تێبینی ئەکرێت ئەوەیە: شێوەی هەورامانی بۆ سۆرانی دراوە.. ئەوەندە ئاوڕ بەلای شیعری دیالێکتەکانی دیدا نەدراوەتەوە.

مەولەوی: سید عەبدولڕەحیم، (معدوم)ە لەم پارچە شیعرەیدا بە زمانێکی ناسکی شیعری هەست بزوێن ناوی کوردستان ئەهێنێت:

جەو مەزرەعە نوور جۆش دا سەرەو ژوور
کوردستان پڕکا جە تۆفان نوور
بەو نوورەی ((ئوممی))ش کەردەن وە((اعلم))
کتێبخانەی چەن میللەت دا وەهەم
بۆیە رۆبەرقش جە کۆی کورد
رزگارییـن جە دەس نادان‌و ئاسان [٣٢]

مەولەوی یەکێکە لەو شاعیرە کوردە دەگمەنانەی یەجگار بایەخێکی تەواوی بەتێکڕای لایەنەکانی رەوانبێژی ((روونبێژی، جوانبێژە،

گوزارەبێژی)) داوە تەنانەت کەم بەیتە شیعری هەیە هونەری بەرزی شیعری تیا بەکار نەهێنابێت، لە بەیتی یەکەمی ئەو شیعرەی پێشەوە زۆر شارەزایانە وشەی نووری وەك سیمایەکی رەگەزدۆزی تەواو بەکارهێناوەو تەنانەت پارچە شیعرەکەی پێ جوانترو رازاوەتر کردووە.

مەولەوی ئەوەندە خاکی کوردستانەکەی خۆشویستووە، ئاواتە خواز بوو، بەچرای زانست سەرانسەری رووناکبێتەوە.

لای مەولەوی شاعیر سەرچاوەی زەبوونی نەتەوەی کوردو ژێردەستەیی خاکی کوردستان نەخوێندەواریە، لەجێی خۆیدایەتی لەبارەی ئەو پارچە شیعرەی پێشەوە، هەڵوێستەیەکی لەبناردا بکەین.

ئەو شیعرەی لە لاپەڕە (٣٨) کتێبەکەیدایە لە لایەن محەمەد ئەمینی ئەردەلانیەوە سەرچاوەکەی بڵاوکراوەتەوە، ئەم پەراوێزەی لەر نووسراوەو ئاماژەش بەوە دەکات چۆن چنگی کەوتووەو لە کوێشدا بڵاوکراوەتەوە، بەوەش ئاسانکاریەکی باشو بەرچاوروونی بۆ لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی داناوە.

ئەمە دەقی پەراوێزەکەیە: (ئەم قەسیدەیە لە دیوانی ((ئەسلو روح))ەکەی پیرەمێردەوە وەرگیراوە، بەیتی یەکەمو دووەمو سێیەمو چوارەم لە دیباجەی ((عەقیدە مەرسی))یەکەی خودی مەولەویدا بەو دەقەوە هەیە) [٣٣].

لەگەڵ ئەو ئامازە درووستو بەجێیەی محەمەد ئەمینی ئەردەڵانی بەسەرچاوەی پارچ شیعرییەکەی داوە جێی دەستخۆشیە، بۆ ئەوەی کەلێنو هیچ دوودڵییەکی لای خوێنەر بەجێ نەهێشتایە، هەق بوو ئاماژەشی بەو شوێنە بدایە بەیتەکانی (١، ٢، ٣)ی لێوەرگرتوون.

(٧) **شێخ محەمەد ئەمینی کاردۆخی:**

کاردۆخی شاعیرێکی خۆشخوانو خەمڕەوێن بوو، یەکێك بوو لەو رۆشنبیرە شارەزایانەی کورد، بێ هیچ دەمارگیریو توندڕەویەك مامەڵەی سەردەمییانەی لەگەڵ زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردیدا کردووە، نەك

هەرچەند شیعرێك، بەڵکو دیوانی شیعری بەزمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی هۆنیوەتەوە، خەم‌و خواستی، خەم‌و خواستەکانی نەتەوەی کورد بووە.

شاعیر بانگێشتەی بۆ مافی کوردو سەربەخۆیی کوردستان هەڵداوە.. هەمیشە هەڵوێستی نەتەوایەتی نواندووەو بێ پەروا داوای ئاوێتە بوونی دیالێکتەکان‌و دامەزراندنی زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کردووە.

کاردۆخی، کوردستانی نیشتمانی خۆشویستووە، بەلای ئەوەوە، نیشتمان بە زێڕو زیوو هەموو کلووری دنیا ناپێورێ‌و لەسەرو هەموو بەها گیانی‌و ماددیەکانی مرۆڤەوەیە.

شاعیر هەر لەسەرەتای ژیانی ئەدەبییەوە خاوەنی قەسیدەی نەتەوەیی‌و نیشتمانی بووەو بەدەنگێکی زوڵاڵ‌و زمانێکی پاراوەوە، بیری نەتەوەیی کردۆتە هەوێنی شیعرەکانی‌و ئەو دیاردەیە بۆتە سیمای سەرکەوتنی شاعیرێتی کاردۆخی.. ئەمەش نموونەیەکە بە خەرمانی شیعرە درەوشەدارەکانیەوە دیارە:

**((وەتەن مەورەشێو))**

**وەتەن ((ئەدانە))کەس مەدۆش بەزەر**
**ئانە دۆش بە زەڕ، شێتا یاخۆ هەر**
**وەتەن قیمەتش حسێب مەکریۆ**
**بسە هەزار.. کلووریٚ، لیریٚ مەدریۆ** (٣٤)

کاردۆخی دەستی نزا، بەرز دەکاتەوەو روو لە یەزدانی میهرەبان دەکات‌و بەزمانێکی تەڕو هەست بزوێنەوە، ئەپرسێ کوردی بەسزمان گوناهی چییە؟ ئاوا بەو دەردەت بردووەو بەهەستێکی خاوێن‌و گیان‌و ورەیەکی بەرزەوە خەمەکانی دەخاتەڕوو و ئەڵێت:

**واچی هەی خواچی پێسەکەری؟**
**تاکەی ئی کوردا پیٚ دەردەبەری؟**
**بەکام نەیاویٚ چی کوردستانە**
**خوایا فرینیٚ چی گۆڕستانە**

ئینە کوشیەینێ هیچ نەمەدرێنێ
تەنیا تاوانشا ئینەت کورد دێنێ (٣٥)

کاردۆخی شاعیر هاوخەمیو هاودەردی خۆی لەگەڵ میللەتەکەیدا هەر بە شیعر دەرنەبڕیوەو یەکێك بووە لەو دڵسۆزانەی هاوبەشی راستەوخۆی بزووتنەوەی کوردایەتی کردووەو باجی تێکۆشانی خۆی داوە.

(٨) شێخ ئەمینی شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی ((بێوەی))

بێوەیی نازناوی شیعری شاعیری هەست ناسكو هێورو بەهرەداری ناوچەی هەورامانە، (ئەو) رۆشنبیرێکی ئاسۆ فراوانی رەفتار هێمن بوو، شاعیر لە دووتوێی شیعرەکانیەوە، بەهرەی هونەروەری خۆیو خەمی پەنگخواردووی دەروونی دەربڕیوە، ئا بەم شێوەگڕی دەروونی کڵپە دەکات:

خەیاڵم پەرتەن هۆشم بێ هۆشەن
پنە زووانم زووانەن نە گۆشم گۆشەن
.......................
قوبان قوربانەن ئەر ئامان وەڵات
دەستم وەدامان وێش وەستأەن پەنات (٣٦)

بێوەیی هەستی نەتەوەییو خۆشەویستی نیشتمانەکەی هەوێنی رەسانەیەتی زۆربەی شیعرەکانێتی، ئەمەو دیاردەی نامۆیی ژیانو سوێی غەریبی شارانیش لایەنی گەشی شیعرەکانێتی.

لە جێی خۆیدایە ئەم بیرەوەریە بخرێتەڕوو، لەبارەی هەستی ناسكو نامۆی لەشیعرەکانی بێوەیدا ساڵی ١٩٨٠ بە کورتە نووسینێکی چڕ لە رۆژنامەی ((هاوکاری)) دا لەسەر لایەنی خۆشەیستیو نامۆیی لەشیعرەکانی بێوەیدا، نووسینێکم پێشکەش کرد، ئێستەش هەمان بیروڕا بۆچوونی ئەوسام هەیەو کە هەستی نامۆیی خەم پڕژێنو خۆشەویستیەکی پاکی ئەو مرۆڤە هەست ناسكو بەئەدەبە، تینو هێزی بە گڕو کڵپەی رەسەنایەتی شیعرەکانیدا و هۆشو بیری خوێنەرو بیسەرەکەی وروژاندووەو تامو چێژێکی

زیندووی خۆشی پێبەخشیوە:

**من سەرگەردانی کوچەی شارانم**
**دوو جە دیاران دوور جە یارانم**
**دوو جە پیقەی کەڵ کەڵە ڕمانم**
**دوور جە کۆسالان جە هەورامانم** (٣٧)

نــــامۆیی‌و دووره وڵاتــــی‌و ژیـــانی دەربـــەدەری ســـیمایەکی یـــەجگار درەوشەداری شیعرەکانی بێوەییەو بەتـەواوی بـاڵی نـازی بەسـەردا کێشـاوە ئەتوانرێت بوترێت کاریگەری هەسـتی دەربـەدەری‌و غـەریبی تێکرای شـیعرو ژیان‌و خەم‌و حەزەکانی بێوەی گرتۆتەوە:

**من دوور جە وولآت جە ماواو مەسکەن**
**دوور جە ئازیزان جە خاکی وەتەن**
**دوور جە بیارێ دوور جە ئاڵیاوا**
**دوور جە تافی زەڵم جە ئەحمەد ئاوا** (٣٨)

**(٩) خانای قوبادی‌و شانازیکردنی بەزمانی کوردیەوە**

پێشتر لایەنی گەشـی ئـەوینی شـیعرو خۆشەویسـتی نیشـتمانم لەشـیعری شـاعیرێکی بـەتواناو بـەهرەدارو هەسـت ناسـکی دیـالێکتی گـۆرانی بەشـی هەورامانی دەرخست.. ئێستەش لەسەر هەمان ڕێبازو واتای ناوەرۆکی بابەتی ناونیشانەکەوە روو لـەکانیاوی هەسـتی نەتـەوەیی‌و گیـانی نیشـتمانپەروەری شــاعیرانی دی ئــەکرێت، تــا بزانرێــت چــەندە زمانەکــەیان لاشــیرین‌و خۆشەویستە؟.

زمــان مــەرج‌و هۆکــاری ســەلماندنی بــوون‌و مانــەوەی نەتەوەیــە، ئــەو نەتەوانــەی بەتــەنگ پاراســتنی زمانەکانیانــەوە نــین، هەڕەشــەی نــەمان‌و فەوتاندن روویان لـێ دەکـات، زمـان مـەرجی نەتـەوەیی‌و پێناسـەی تایبـەتی نەتەوەیـە.. خانـای قوبـادی لـە روانگـەی ئـەرکی مێژووییـەوە، هەڵوێسـتی لەئاست‌و بەتەنگەوە هاتنی زمانەکەیدا نواندووە:

**راســـتەن مواچـــان فارســـی شـــەکەرەن**
**کــوردی جــە فارســی بــەڵ شــیرین تــەرەن**
**پەی چێش؟ نەدەوران ئەی دنیای بەو کێش**
**مــەحفوظهــن هەرکــەس بــە زوبــان وێــش**
**مەعلومـــەن هەرکـــەس بـــەهرە زوبـــانێ**
**بواچـــۆ نـــە ظمـــی جـــە هـــەر مکـــانێ**

............

**بە لە فظ کوردی/ کوردستان تەمام**
**پێش بوان مە حظوظ، باقی ((والسلام))** (٣٩)

**(١٠) فەقێ قادری هەمەوەندو شانازیکردنی بەوەی کوردە**

فەقێ قادر، شاعیرێکی بەتوانای کورد بوو، بە دیالێکتی گۆرانی شیعرە نەتەوەیەکانی هۆنیوەتەوەو پەلو پۆی بیروباوەڕی نیشتمانی شۆڕشگێڕانەی لە چەند بوارێکی جیاجیادا دەرکەوتووە.

شــاعیر هەڵوێســتی بەئاشــکرا دەبڕیــوەو شــانازی بــەزمانی کوردیــەوە کردووەو ئەڵێت:

**چۆن فارسی بی ((پەند حەکیمان))**
**بە لە فظ کوردی کەردەم تەرجومان**
**سا چۆن من ئەسڵم صنف ئەکرادەن**
**هەرکەس بە ئە مثال ویش خاتر شادەن** (٤٠)

فەقێ قادر رقی لەزمانی فارسیو عـەرەبیو تـورکی نـەبووە، بـەڵکو پێـی وابووە ئەو زمانانە خاوەنیـان هەیـەو تـەنیا زمـانی کـوردی بەسـە زمـان، بـێ کەسو دەرەتان ماوەتـەوەو تەنانـەت ئەوەشـیان پیچـڕەوا نـەبینیوە کتێبـە ئاینییە پیرۆزەکانی پێبنووسرێتەوە، ئەوەتا لەبارەی ئەوی ((میعـراج نامـە)) بکرێتە کوردی ئەڵێت:

هەرچەند بیٚ حەددەن سیبەر نەبیٚ
هەم بەفارسی هەم بە عەرەبی
جاهیلان کورد، بیٚ حەددو حیساب
نمەکەن تەفهیم فارسی کیتاب
کیٚشانم تەصدیع پەریٚ هاودەمان
کەردەم تەرجەمە بە لە فظ گۆران (٤١)

فەقیٚ قادری هەمەوەند، خۆشەویستی زمانو خاکو نەتەوەکەی تەنیا لە دووتوێی شیعرەکانیدا نەخەملاندووە، بەڵکو گیانی نیشتمانپەروەری لە کوانووی شیعرەکانیەوەبەرزدەبێتەوە..شاعیر لە پاڵ هەستی بەرزی نەتەوەیی‌و نیشتماندا، بیروباوەڕ بۆچوونی سیاسیانەی دەربڕیوە.. ئەتوانرێت بووترێت: فەقیٚ قادری هەمەوەند لەرووی فیکرو هەڵوێستی سیاسیەوە پێش سەردەمەکەی خۆی کەتوو.. شاعیر هەموو مرۆڤ و نەتەوەیەکی خۆش ئەوێت، بەڵام دیوارێکی پۆڵاینی سەختی لەنێوان زاڵم‌و ستەمدیدەدا داناوە، ئەوانەی بەدرێژایی مێژوو فێڵیان لەکورد کردوەو چەوساندوویانەتەوە، ئازایانە پەنجەی نەیارو تاوانیان بۆ درێژ دەکات‌و روو لە میللەتەکەی خۆشی دەکات‌و ئەڵێت: هوشیاربن بەرامبەر ئەوانەی چاوو ڕاوتان لێئەکەن‌و هەمیشە لەکاتی لاوازیاندا بەناوی دۆستایەتی‌و برایەتیەوە هەڵیان خەڵەتاندون‌و هەمیشە زوڵمتان لێئەکەن، لەم بارەیەوە زەبرو زەنگ‌و فێڵ‌و هەڵخەڵەتاندنی تورکە عوسمانیەکانی دەرخستووەو ئەڵێت بۆ ئێستەو ئایندەش هەرکەس بڕوایان پێبکات گێل و نەفامە:

بەدام‌و تەزویر، بحیلەو فەن
هاکەفتی نەدام تورک ئەهرەمەن
هەرکەس بە تورکان بکە رۆباوەر
ئەحمەق ئەو کەسەن جە من ئەحمەق تەر (٤٢)

فەقیٚ قادری هەمەوەند زۆر وردو دووربین بووەو تێگەیویانەو پێگەیویانە بیری کردۆتەوەو لەهەموو جۆرە بیرکردنەوەیەکی نوێدا داهێنانێکی بەرزی شیعری پێشکەش کردوین.. شاعیر.. زیرەکانە ئەو راستیەی دەرخستووە:

کەس لەسایەی دەسەڵاتی رەشی تورکە عوسمانیەکاندا هیچ مافێکی رەوای خۆی چنگ نەکەوتووە، بەڵکو هەمیشە لەرووی چینایەتیو نەتەوایەتیشەوە چەوسێنراوەتەوە.. ئەوەتا ئێستەش دوای دەیان ساڵ لە فەشەلهێنانو رووخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هێشتا لە بەکارهێنانی سیاسەتی رەگەز پەرستانەو فەوتاندنی کورد بەردەوامنو هەڵوێستی چەوتو سیاسەتی چاخە دواکەوتووەکانی سەدەکانی ناوەڕاست پیادە ئەکەن.. تازەبەتازە دژی ئازادی مرۆڤ و مافی میللەتێکە.

هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکی بچووکی زانستییانەم بەئەدەبی کوردی کردبێت.، ئەویش خۆی لەدەرخستنی رووی گەشو درەوشەداری هەندێ لایەنی ئەدەبی دیالێکتی گۆرانیو شیعری بەشی هەورامانیدا ئەنوێنێتو بیروباوەڕو هەڵوێستی نەتەوەییو جوامێرانەی رۆشنبیرو شاعیرانی هەورامان دەرئەخات.

## ئـه نجـام

توێژینەوەو هەڵسەنگاندنی ناوەرۆکی فیکریو دەرخستنی ئیستیتیکای روخساری ئەدەبو بەشێك لەشیعری هەورامانی سەر بە دیالیچکتی گۆرانی لەخزمەت دەوڵەمەندکردنی کەلچەری نەتەوایەتیماندایەو ئەرکێکی پێویستی سەردەمەو ئەم باسەش بەم ئاکامانەی گەیاندووین:

١) ئەدەبی دیالێکتی گۆرانی بەگشتیو شیعری شێوە زاری هەورامانی بەتایبەت گرنگی خۆیان لەبزاڤی ئەدەبی نەتەوەی کورددا سەلماندووە.

لەلایەن ئەدیبو رۆشنبیرانی شاری سلێمانیەوە، بایەخێکی مەزن، بە بەرهەمی شیعریو شاعیرانی ئەو دیالێکتە دراوە.. ئەوەتا: پیرەمێردی شاعیر چەندین بەرهەمی ئەدەبی ئەو دیالێکتەی بۆ دیالێکتی کرمانجی خواروو وەرگێڕاوە، وەك رۆحی مەولەویو هەروەها صابر (رازی) دیوانی وەلی دێوانەی بۆ شێوەی سلێمانی وەرگێراوە، خۆشەویستی خەڵکی سلێمانی بۆ شیعری شێوەزاری هەورامانی، وای لێکردوون چەندین شەقامو تیپی مۆسیقا بەناو شاعیرەکانیانەوە بنێن: یەکەم شەقامی سەرەکی سلێمانی و تیپی مۆسیقا بەناوی مەولەوی شاعیرەوە نراوە، لەپێش ئەو شاعیرە بەناوبانگانەی لەشاری سلێمانیشدا لەدایکبوون وەك سالمو کوردی و مەحوی!!.

٢) ئەدیبو شاعیرانی دیالێکتی گۆرانی بەهەستێکی نەتەوەییو عەقلییەتێکی کراوەی سەردەمیانەوە، مامەڵەیان لەگەڵ زمانی نووسینی ئەدەبی کوردیدا کردووە.

٣) زۆربەی شاعیرانی دیالێکتی گۆرانی ئەوانەی لەسەردەمی ئەمارەتی باباندا ژیاونو بەرەچەڵەك هەورامانی نەبوون، شیعریان بە دیالێکتی گۆرانی هۆنیوەتەوە، وەك حەمەئاغای دەربەند فەقەرە.

٤) لەسەردەمی حوکمڕانی بابانەکاندا بەگشتیو لە شاری سلێمانی بەتایبەت، زۆربەی شاعیرانی دیالێکتی گۆرانی خەمخۆرو دڵسۆزی سەرکردەکانی کورد بوون هەستی نەتەوەییان پاڵی پێوەناون، جوامێرانە

هەڵوێستی کوردانەو نیشتمانپەروەرانە وەرگرن.

٥) زۆربەی شاعیرانی دیالێکتی گۆرانی ((هەورامانی– زەنگەنە)) خاوەنی هەستو ئامانجی نەتەوەیین، هەوێنی شیعرەکانیان، بەرگریەکی دڵسۆزانەیە، لەزمانی کوردیو مافی نەتەوەییو خاکی کوردستان، وەك: خانای قوبادیو فەقێ قادری هەمەوەندی...تاد.

بە وانەدا بۆمان دەرئەکەوێت: بەرهەمی ئەدەبی دیالێکتی گۆرانی – بەتایبەت شیعر – خزمەتێکی یەجگار بەهێزی زمانی نووسینی ئەدەبی کوردی کردووەو رۆڵی لە گەشەسەندنو پەرەپێدانیدا بووە..

٦) ئەو گرنگیەی بە وەرگێڕانی تێکستی شیعری هەورامانی بۆ سۆرانی دراوە ئەوەندە ئاوڕ بەلای شیعری دیالێکتەکانی دیدا نەدراوەتەوە.

# پەراوێز

(١) مێـژووی ئـەدەبی کـوردی مـارف خەزنـەدار (د)، بـەرگی یەکـەم، دەزگـای چـاپ بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر ٢٠٠١. ل ٣٧.

(٢) سەرچاوەی پێشوو. ل٣٧.

(٣) = = ، ل ٣٧– ٣٨.

(٤) = = ، ل ٣٩.

(٥) – اللغة الكردية، التوزيـع الجغـرافي للـهجاتها، فـؤاد حمـه خورشـيد، مطبعـة الوسـام، ١٩٨٣،ص –٢٧.

(٦) سەر چاوەی پێشوو ل ٢٣.

(٧) تـاملات فلسـفية، الابـداع فـی الادب، الـدكتور نـاجی التكريتـی، جريـدة العـراق، العدد(٧١٧٩) فی ٢٠٠١/١١/٤ ص ٤.

(٨) سەر چاوەی پێشوو ل ٤.

(٩) تاملات فلسفية، لغة النقد، الدكتور ناجی التكريتی، جريدة العـراق العـدد(٧٤٣٥) فـی ٢٠٠١/١١/٢١ ص ٤.

(١٠) لە بابـەت مێـژووی ئـەدەبی کوردییـەوە، مـارف خـەزنـەدار(د)، بریتیـە لـە چـواردە لێکۆڵینەوە، چاپخانەی "المؤسسة العراقيه للدعايه والنشر" بەغدا ١٩٨٤ ل.٩١.

(١١) سەرچاوەی پێشوو ل ٩١.

(١٢) = = ، ل ١٠٨.

(١٣) = = ، ل ٩١.

(١٤) هزری نەتەوایەتی لـە ئـەدەبی شـێوەی گـۆرانی؟ بابـەتێکی دەستنووسـە نووسـەر (....)، ٢٠٠١/١٢/٢٥، ل٤١.

(١٥) مێـژووی ئـەدەبی کـوردی، مـارف خەزنـەدار(د)، بـەرگی یەکـەم، دەزگـای ئـاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر ٢٠٠١. ل ٣٠٦.

(١٦) لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، ئەنوەر قادر محەمەد(د)، دەزگای چـاپ بەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٠. ل ٥.

(١٧)لـە بابـەت مێـژووی ئـەدەبی کـوردیـەوە، مـارف خـەزنـەدار (د)، چـاپخانەی

(الموسسة العراقية للدعاية والطباعة)، بەغدا، ١٩٨٤، ل ٨٨.

(١٨) حەكیم كاكەوەیس چاوپێكەوتن، گۆڤاری سەربەخۆبوون، ژمارە (٥،٦)ی، هاوین، پایزی ٢٠٠٧، گۆڤارێكی هزری سیاسی وەزری یە. ل١٤.

(١٩) القومیة عرض وتحلیل، تالیف بوید شیفر، ترجمة الدكتور محمد بدیع شریف، مؤسسة فرانكلین للطباعة ونشر، بغداد، نیویورك، ١٩٦٦، ص-١٤.

(٢٠) وێژەی كوردو رەخنەی سازی، پرۆفیسۆر دكتۆر كامل بەسیر، چاپخانەی دارالجاحظ، چاپی یەكەم، بەغدا ١٩٩١ ل ٣٥٣.

(٢١) پەخشانی كوردی، ئامادەكردنی عەزیز گەردی، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٧، ل ١.

(٢٢) گفتوگۆیەك لەگەڵ ئەدونیس، رۆژنامەی القدس العربي، ژ (٣٤٦٨) لە (٢٠٠٠/٧/٥)، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، لەرێگای كوردستانی ژمارە (٤٢٥)ی ساڵی (٥٦) لە ٢٠٠٠/١٠/٢٥ بۆ كوردی وەرگێڕاوە لە ل ٨دا بڵاوكراوەتەوە.

(٢٣) دیوانی رەنجوری، مەلا عومری زەنگەنە، لێكۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەكەم، چاپخانەی ((افاق عربیة))، بەغدا ١٩٨٣ ل ٢٠٦.

(٢٤) سەر چاوەی پێشوو ل ٧٠-٧١.

(٢٥) دیوانی بێسارانی (١٦٤١- ١٧٠٢)، كۆكردنەوەو لێكۆلێنەوەی كیومرث نیك رەفتار، بەرگی یەكەم، (؟)- ل ٩٤.

(٢٦) حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە (تالعی)، كەشكۆڵی كەلەپووری ئەدەبی كوردی، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی یەكەم چاپی یەكەم، چاپخانەی ((الحوادث))، بەغدا ١٩٨٠ ل ٧٧.

(٢٧) سەر چاوەی پێشوو ل ٩٨-٩٩.

(٢٨) یادی مەردان شێخە نەقشبەندیەكان هەورامانیو هەندێ لە موریدو مەنسووبە دیارەكانیان، مەلا عەبدولكەریمی مدرس، بەرگی دووەم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٣ ل ١٦٦-١٦٧.

(٢٩) دیوان حضرت شیخ عثمان سراج الدین نقشبندی بدو زبان كردی وفارس، اماد كردن، عبدالله مصطفی صالح ((فنائی))، چاپ استانبول، برگ دوم، سنة ١٩٥٥ میلادي، ل ٤٢-٤٣.

(٣٠) چەپكەگوڵ لە گوڵزاری عوسمانی حەزرەتی شێخ محەمەد عوسمانی سیراجەدینی نەقشبەندی، كۆكردنەوەو ئامادەكردنو لەسەر نووسینی: عەبدوڵلا مستەفا ساڵح

((فەنایی))، چاپی دووەم، ١٩٩٢، ل ٧٦-٧٧.

(٣١) سەر چاوەی پێشوو ل ١٦٦.

(٣٢) دیوانی مەولەوی سەید عەبدولڕەحیمی معدومی، لەلایەن محەمەد ئەمینی ئەردەڵانی یەوە ل هەورامی یەوە گۆڕاوە بۆ زاراوەی سۆرانی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ١٩٩١ ل- ٣٨-٣٩.

(٣٣) سەر چاوەی پێشوو ل ٣٨.

(٣٤) دیوانی کاردۆخی، محەمەد ئەمین کاردۆخی، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٣١.

(٣٥) پیرێوی زانا، محەمەد ئەمینی کاردۆخی، رۆژنامەی (برایی)، ساڵی دووەم، ژمارە ٤١٣ ١٩٦٨/١٠/٢٦. ل ٧.

(٣٦) دیوانی بێوەی سەرجەمی ژیانی ی ئەمین نەقشبەندی، چاپخانەی (دارالحریة للطباعة)، بەغدا ١٩٨٠، ل ١٧٣-١٧٤.

(٣٧) سەرچاوەی پێشوو ل ١٩٠.

(٣٨) = = ل ١٩٤.

(٣٩) شیرین‌و خوسرەو شاکاری شاعیر ناوداری کورد خانای قوبادی، محەمەدی مەلا کەریم ساغیکردۆتەوە فەرهەنگی بۆ رێکخستووە پیشەکی بۆ نووسیوە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥- ل ١٤-١٥.

(٤٠) کۆمەڵێ شیعری فەقێ قادری هەمەوەند، مەلا عەبدولکەریم مدرس‌و فاتح عەبدولکەریم کۆیان کردۆتەوەو راستیان کردۆتەوەو فەرهەنگۆکیان بۆ ئامادەکردووە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا ١٩٨٠، ل ٣١.

(٤١) سەرچاوەی پێشوو ل ٣١.

(٤٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢.

## سەرچاوەکان

### کتێب بەزمانی کوردی


١- ئەمین نەقشبەندی: دیوانی بێوەی سەرجەمی بەرهەمو ژیانی ئەمین نەقشبەندی، چاپخانەی (دارالحرية للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٠.

٢- ئەنوەر قادر محەمەد (د)، لیریکا شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

٣-؟- هزری نەتەوایەتی لە ئەدەبی گۆران، دەستنووس، ٢٠٠١/١٢/٢٥.

٤- کامل حەسەن بەسیر (د)، وێژەی کوردیو رەخنەسازی، چاپخانەی (الجاحظ)، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٩١.

٥- کیومرث نیك رفتار، دیوانی بێسارانی (١٦٤١- ١٧٠٢) کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی (ناوبراو)، بەرگی یەکەم، شوێن(...) ساڵ(...).

٦- مەلا عەبدولکەریم مدرسو فاتح عەبدولکەریم، کۆمەڵە شیعری فەقی قادری هەمەوەند لەلایەن بەریزانەوە کۆکراوەتەوەو راستکراوەتەوەو فەرهەنگۆکیان بۆ ئامادەکردووە، چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٠.

٧- مەلا عەبدولکەریمی مدرس، یادی مەردان، شیخە نەقشبەندیەکانی هەورامانو هەندێ لەموریدو مەنسووبە دیارەکانیان، بەرگی دووەم، چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق، بەغدا ١٩٨٣.

٨- مەلا عومەری زەنگنە، دیوانی رەنجوری، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی، افاق عربیە. بەغدا، ١٩٨٣.

٩- مارف خەزنەدار (د)، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردیەوە بریتی یە لە چواردە لێکۆلینەوە، چاپخانەی ((المؤسسة العراقية للدعاية و الطباعة))، بەغدا، ١٩٨٤.

١٠- مارف خەزنەدار (د)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

١١- محەمەد ئەمین کاردۆخی، دیوانی کاردۆخی، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٨.

١٢- محەمەد ئەمینی ئەردەڵانی، دیوانی مەولەوی، سەید عەبدولرەحیمی معدومی، لە هەورامیەوە گۆڕاوە بۆ زاراوەی سۆرانی، بەرگی یەکەم، ١٩٩١.

١٣- محەمەدی مەلا کەریم، شیرینو خوسرەو شاکاری شاعیری ناوداری کورد خانای قوبادی ناوبراو ساغیکردۆتەوەو فەرهەنگی بۆ رێکخستووەو پیشەکی بۆ نووسیوە، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

١٤- محەمەد عەلی قەرەداغی، کەشکۆلی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٠.
١٥- عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی، سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٧٨.
١٦- شێخ محەمەد عوسمانی سیراجەدینی نقشبەندی، چەپکەگوڵی لە گوڵزاری عوسمانی، ئامادەکردنو لەسەر نووسینی: عەبدوڵڵا مستەفا ساڵح، (فەنائی)، چاپی ووەم، ١٩٩٢.
١٧- شیخ عثمان سراج الدین نقشبندی، دیوان حضرت شیخ عثمان سراج الدین نقشبندی بدو زبان کردی وفارسی، اماد کردن: عبدالله مصطفی صالح ((فنائی))، چاپ استانبول، برگ دوم، سنة ١٩٩٥.
**ڕۆژنامە بە زمانی کوردی**
١٨- محەمەد ئەمین کاردۆخی شیعر، ڕۆژنامەی برایی، ساڵی دووەم، ژمارە (٤١٣)، ١٩٦٨/١٠/٢٦.
١٩- ئەدۆنیس گفتوگۆیەك لەگەڵ ((ئەدۆنیس))، ڕۆژنامەی (القدس العربی)، ژمارە (٣٤٦٨) لە ٢٠٠٠/٧/٥ دواتر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە ژمارە (٤٢٥)ی ڕۆژی ٢٠٠٠/١٠/٢٥ ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستاندا کردویە بەکوردی.
**گۆڤار بەزمانی کوردی**
٢٠- حەکیم کاکەوەیس، گۆڤاری سەربەخۆبوون، ژ (٥، ٦)ی هاوینو پایزی ٢٧٠٠. گۆڤارێکی هزریو سیاسی وەرزیە.
**کتێب بە زمانی عەرەبی**
٢١- بوید شیغر، القومیة عرض و تحلیل، ترجمة محمد بدیع شریف (د)، مؤسسة فرانكلين للظباعة والنشر، (بغداد- نيويورك)، ١٩٦٦.
٢٢- فؤاد حمة رشيد، اللغة الكردية، التوزيع الجغرافي للهجاتها، مطبعة الوسام، ١٩٨٣.
ڕۆژنامەکان بەزمانی عەرەبی:
٢٣- ناجي التكريتي (د)، تأملات فلسفية، الأبداع في الأدب، جريدة العراق، العدد ٧١٧٩ في ٢٠٠٠/١١/٤.
٢٤- ناجي التكريتي (د)، تأملات فلسفية، لغة النقد، جريدة العراق، العدد ٧٤٣٥ في ٢٠٠١/١١/٢١.
قراءة جديدة للأدب الكردى بالهجة الگورانيه، مع نماذج شعرية هورامانية.

# پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەییە بە ناونیشانی ((خوێندنەوەیەکی نوێ، بۆ ئـەدەبی کـوردی دیالێکتی گـۆرانیو چـەند نموونەیـەکی شـیعری هەورامانی))یـەو لـە نووسـینەکەدا پەیڕەوی بەرنامەی لێکدانەوەی پراکتیکی کراوە.

**ئەم باسە:** لەپێشەکیو دووبەشو ئەنجامو لیستی سەرچاوەکان پێك هاتووە.

لـە پێشــەکیەکەیدا: گرنگیــی هەڵبــژاردنی ئــەم بابەتــەو ئــەو گیروگرفتانــەی لەبــەردەم پەیـداکردنی سەرچـاوەکاندا هاتوونەتــە پــێش دیــاریکراونو بایــەخی ئــەدەبیی، بەرهەمــە ئەدەبییــەکانی دیــالێکتی گــۆرانیو شــیعری هــەورامانیو کاریگەریان لە پاراستنو پەرەپێدانی ئەدەبو زمانی کوردی خراونەتە روو.

**بەشـی یەکـەم:** خوێندنەوەیـەکی دیـی ئەدەبییـەو چـەپکە تیشـکی بۆچـوون ئاراستەی ناوەرۆکی چەند بەرهـەمێکی ئـەدەبی دیـالێکتی گـۆرانی کـراوەو لایـەنی بیری نەتەوەییو هەڵوێستی ئایدۆلۆژیانەی رۆشنبیرو ئەدیبو شـاعیرانی دیـالێکتی گۆرانیو شێوەزاری هەورامانی دەرخراوە.

**بەشـــی دووەم:** چـەند نموونەیــەکی شــیعری رەســەنو زینــدووی شــێوەزاری هــەورامانی، پێشکەشـکراوە.. ئـەو شـیعرانەی بەمەبەسـتی خۆشەویسـتی خـاکو نەتەوە هۆنراوەتەوەو کاریگەری بـەهێزیان لـە پـەروەردەکردنو هانـدانی وەچـەی نوێدا هەبووە.

**ئـەنجام:** ئاکـامی بابەتەکـە، چـەند تـەوەرێکی لێکەوتۆتـەوە، لەوانـە: مێـژووی ئەدەبو بەرهەمی فیکریی دیالێکتی گۆرانیو شیعری هەورامانی رۆڵێکی مەزنی لـە پاراستنی زمانو پەرەپێدانی ئەدەبی کوردیو گەشەسەندنی گیـانی خۆشەویسـتی نەتەوەو خاکی کوردستاندا بینیوەو ئەو راستیەش سەلمێنراوە: ئەدیبو شاعیرانی ئەم دیالێکتە لە بەرهەمـە ئەدەبیکانیانـدا، دوور لـە دەمـارگیرێیو رەگەزپەرسـتیو ناوچــەگەری هەڵوێســتیان نوانــدووەو تەقــەلایان بــۆ بــەدیهێنانی ئــەدەبێکی سەردەمیانەو زمانێکی یەکگرتوو داوە.

هەر لەئەنجامەکـەدا، ئامـاژە بـەو راسـتیە دراوە: رۆشـنبیرو ئـەدیبانی شـاری سـلێمانی بایـەخێکی زۆریـان بەئـەدەبی دیـالێکتی گـۆرانیو شـیعری شـاعیرانی هەورامانی داوەو ئەو هەڵوێستەش دیاردەیـەکی شارسـتانیو سـەردەمیانە بـووەو لەمێژوودا بە هەنگاوێکی پێشکەوتوانە، بۆ خەڵکی سلێمانی تۆمارکراوە.

# هونەری شیعری نوێ و ململانێی فیکری و ئەدەبی
# لای حەسیب قەرەداغی

## پێشەکی

خـاوەنی فەرهـەنگی خـەمی کـوردی: حەسـیب قـەرەداغی شـاعیرە ((ئەو)) لە هاوینی ساڵی ١٩٣١ لە دێی سۆڵەی سـەر بەناوچـەی قـەرەداغ لـە دایك بووەو لە رۆژی ١٩٩٧/١/٩ لە شاری سلێمانیدا کۆچی ماڵئاوای لە ژیـان و کوردو شیعر کرد.

ژیـانی ئاسـایی حەسـیب هاوتـەریب لەگـەڵ دنیـای شـیعرا رووەو هـەوراز هەڵچووەو بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ دیاردەو قۆناغە جۆر بە جۆرەکـانی تەمەنی شیعرییدا بەرەو پێشچووە.

حەسیب تەمەنی منداڵیی لە دێ و لەناو بنەماڵەیەکی رۆشـنبیری ئایینیـدا بەسەر بردووە،هەر زوو ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەب و شیعردا پەیدا کردووە.

زیرەکی و زیتی، حەسیبی هانداوە بەشێوەیەکی وریایانە خۆی لەگەڵ ئەو دۆخـە بـارە بگونجێنێـت و دەرفـەتی ئـەو رەخسـاندنە، لـە بـار نـەبوو، بـۆ خۆپێگەیاندن و بۆ پێکهێنانی کەسایەتی خۆی لەرووی رۆشنبیرییەوە کـەڵکی لێوەرگرێت. بەهەمان مەبەست بەهات دەڵێ: هەر لـە منالّیـەوە، هەلومـەرج و کەش و هەوای ژیانی ئەو گوندە شێخنشـینە، کـە جێـی شـێخ عەبـدولقادر – شێخی قەمچی رەش بووە،کاریگەری زۆرو گەورەو ئاشکرای بەسـەر بونیـادی ئـەقڵی و رۆحـی حەسـیبی منالّـەوە هـەبووە. مزگـەوت و کـۆڕی مـەلاو فەقێیان،مەجلیسی شێخان..زیکرو تەهلیلە و ئەڵقەی دەروێشـان و گـۆرانی و سـۆزو مـەقام و موناجـاتی دەنـگ خۆشـان ... دەف و شمشـاڵ و نـەی ژەنان..حاڵ و قورئان و ((حدیث و نحو صرف)) ی زمانی عەرەبی[1] هەروەها لە رووی کاریگەری ئەدەبی ژیانی سروشتی و تایبەتی گوندنشینیەوە هـەمان سەرچاوە دەڵێت شیعری سوار چاکانی شـیعری کـوردی – نـالی و مـەحوی و سالم و کوردی و مصباح الدیوان و طاهر بـەگی جـاف و، شـاعیرانی گـەورەی

---

(١)بەسەرکردنەوەیەکی خێرای ویستگەگانی ژیانی حەسیب قەرەداغی نـەمر– بـەهات حەسـیب قەرەداغی – فەرهەنگی خەم حەسیب قەرەداغی ژمارە (٤) لك.

فارسـی– سـەعدی و حـافظ – خەڵوەکێشـان و زوهـدو هـەژاری و غـەم و پەژارەی بەر کوانووی ساردی ماڵە جوتیار و ڕاکە ڕاکەی دوای بەرغەل و چاوەڕوانی ئێوارانی هاتنـەوەی ڕان بـەرەو ئـاوایی ... هـەموو ئـەم کـەش و هەوایە بەردی بناغەی هۆش و سۆزی.. حەسیبی منداڵ و هەرزەکاریان دانا و پاشانیش کەم تا زۆر لە هەموو قۆناغەکانی تری ژیانیدا ڕەنگیـان داوەتـەوەو سەدایان لە دوو توێی شیعرەکانیدا دەبیسرێت ... بە تایبەت لـە ناوەڕاسـتی هەشتاکانەوە، بگرە تا دوایین شیعری شاعیر لە ١٩٩٧/١/٥ دا [1].

سـەرەتای ژیـانی سـادەو شـیعریی حەسـیب لـە نـاو خـەڵکانی دڵپـاکی دێهاتەکاندا سەریهەڵداوە.. نۆبەرەی شیعری لەو زەمینەیەدا لە دایـك بـووە و کاریگـەریی داب و نـەریتی ڕەسـەنی کـوردەواری و بـیروڕای ئـایینی پـیرۆزی ئیسلام و سروشتی دڵڕفێنی کوردستانیش بـە شـیعرەکانیەوە دیـارن و هـاوار دەکەن.

لەبەر ئەوەی هەموو پۆلەکانی خوێندنی ناو قوتابخانە ڕەسمیەکان لە ناو گوندەکەیاندا نەبووە. بۆ تـەواو کردنـی خوێنـدنی قوتابخانـە، ڕوو لـە شـاری سـلێمانی دەکـات و بـەم هـەنگاوەش پێـی دەنێتـە ژیـان و قۆنـاغێکی نـوێی تەمەنیـەوە و تێکـڕای ململانێـی ژیـانی گونـدو شـار، لـە ڕووی هۆشـیاری و تێگەیشتنی ئاینی – کۆمەڵایەتی و سیاسی و دابونـەریت و دەرکـەوتنی بـیرو چالاکی سیاسی و جموجـۆڵی حزبایـەتی لـە دەروونـی ((حەسـیب)) دا پـەنگ دەخۆنەوە و بۆ هەریەکە لەم دیاردەو حاڵەتانـە چـەندین پرسـیارو نیشـانەی سەرسـوڕمانی لا دروسـت دەبێـت و نـوقمی بیرکردنەوەیـەکی وردو قـووڵی دەکـەن.. تـا ئاکـام کەسـایەتی خـاوەن دەنـگ و ڕەنگـی شـاعیریی حەسـیب پێشکەش بە دنیای شیعری نوێی کوردی دەکرێت.

کاتێك مرۆڤ ڕوو لە هـەرکارێك دەکـات و بەخۆشـییەوە شـان دەداتـە بـەر جێبەجێکردنی و خۆی بۆ ماندوو دەکات، بەمەسـتی بـەدیهێنانی ئامانجێکـەو

---

(١)بەسەرکردنەوەیەکی خێرای ویستگەگانی....، سەرچاوەی پێشوو، پێشەکی لك.

خۆی بڕوای پێیەتی و مەبەستیشێتی بە باشی پێیبگات.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش لەو بۆ چوونە بەدەرنییەو لەخۆوە، لە دایك نەبووە، بەڵکو چەندین هۆکاری سەرەکی و لابەلایی ڕۆڵیان لە دیاریکردنی خودی ئەم بابەتەدا بینیوە، ئەمانەی دوایی کەم و زۆر چەردەیەکن لەو هۆکارانەی کاریگەریان لەدیاریکردنی ئەم بابەتەدا هەبوو:

*—سەرەتاو کۆتایی ژیانی حەسیبی مرۆڤ و شاعیر، هەر هەژاری و ژان و خەفەت بووە، هەمیشە هەستی بەچەوساندنەوەی فیکری و هەقخوراوی خۆی لە شیعر و ژیاندا کردووە.

*—لە چاو شاعیرانی هاوشانی خۆی و تەنانەت، ئەوانەی ئاستی بەهرەو توانای شیعریشیان کەمترە، هیچی ئەوتۆ لەسەر شیعرەکانی نەنووسراون و لێکۆڵینەوەی پێویستیان لەسەر ئەنجام نەدراون، بە تایبەت تا خۆی لە ژیاندا بوو.

*—وەك پێویست توێژینەوە لە قۆناغەکانی ژیانی شیعری لادێ و ناوشاری نەکراوەو ئەو قۆناغانەی کاریگەریان بەسەر تێکستی شیعرەکانیەوە هەیە، بە تایبەت لە ڕووی ناوەڕۆك و ڕوخسارەوە، بە وردی ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە و نەخراونەتە ڕوو، هەروەها لە ڕووی ململانێی فیکری ((نەتەوەیی و مارکسی)) یەوە یاخود ڕوونتر بووترێ، ململانێی دەروونی حەسیب لە کاتی خەباتکردنی لەناو پارتی دیموکراتی کورداو دواتر گواستنەوەی سەنگەری حزبایەتی بۆناو ریزەکانی حزبی شیوعی عیراقی، تا ئێستە بە باشی وەك پێویست یەکلایی و ڕوون نەکراوەتەوە.

### سنووری لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە:

ژیانی تایبەت و دنیای شیعرەکانی حەسیب قەرەداغی، یەجگار فراوانەو لە ڕووی گەوهەری ناوەڕۆکەوە، پەلوپۆی زۆری لێدەبێتەوە و خۆی لە تێگڕای بوارەکانی: ((سیاسی، فەلسەفی، دڵداری، خۆشەویستی، عەشقی سۆفییانە کۆمەڵایەتی، ئاینی، دەروونی ...تا دوای)) دەبینێتەوە و لە ڕووی هونەری شیعریشەوە لەجێگای خۆی دایە بەباش ئاوڕی لێیدڕێتەوە.

**بۆیە وا بەباش زانرا هەر لە ئێستاوە رەنگی سنووری ئەم بابەتە بەمجۆرە دیاریبکرێت:**

أ- لە رووی روخسارو هونەری ئەدەبیەوە، زیاتر دەست لەسەر ئەو شیعرانەدا دەگیریت کە دوای شیعری ((ئەی رۆژ)) دایڕشتوون کە لە رووی شێوەی هونەری و تازەگەرییەوە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتوون و بە شیعری نویێ دادەنرێن، ئەمەش لەو کاتەوەیە کە حەسیب خۆی بڕیاری ئەوەیداوە، واز لە لاسایی کردنەوەی شیعری شاعیرانی بەر لەخۆی بهێنێت و ئالآی شیعری خۆی هەڵبکات.

ب- لە رووی گەوهەری باس و ناوەرۆکی تێکستی شیعرەکانیەوە، باس لە ناوەرۆکی شیعری سیاسیی سەرەتای تافی لاوی شاعیر دەکرێت، ئەو ساتانەی سۆزو خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمانی لێهەڵدەستا، بەتایبەت کاتێك چۆوتە رێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردەوە.. هەروەها لەشێوەی بەراورد بەو شیعرانەی کاتێ ناو پارتی و سەنگەری خەباتی نەتەوەو نیشتمانی لێهەڵدەستا، بەتایبەت کاتێك چۆتە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردەوە.. هەر وەها لە شێوەی بەراورد بەو شیعرانەی کاتێ ریزی پارتی و سەنگەری خەباتی نەتەوەیی جێدەهێڵێت و لەسەنگەری حزبی شیوعی عیراقیدا درێژە بە خەباتی مارکسیانەی دەدات.. لە رووی گەوهەرو ناوەرۆکی شیعرە سیاسیەکانیەوە، بایەخ بە ململانێی دەروونی و دیوی ناوەوەو بە گژا چوونی هەردوو فیکری نەتەوەیی و ئومەمی دراوەو ئاکامیش یەکلایی کراوەتەوە.

لە هەردو حاڵەتی لێکۆڵینەوەکە جگە، لەچەند پارچە شیعرێکی سەرەتاو پێش گواستنەوەی قۆناغی شیعری و چەند پارچەکی دی، شیعرە سیاسیەکانی دوایی نەبێت، ئیدی بەزۆری دەست لەسەر ئەو شیعرانە داگیراوە کەلەدوای شیعری ((ئەی رۆژ)) لە دایك بوون و لە رۆژنامەی ((برایی)) خولی یەکەمدا بلآوی کردوونەتەوە، ئەویش لەبەر تیشکی راستی ئەمانەی خوارەوە:

*- ئەو شیعرانەی دوای شیعری ((ئەی رۆژ)) هۆنراونەتەوە، سا ئەوە لەناو زیندانی ((نوگرە سەلمان)) دا بووبێت، یاخود لە دەرەوەو پاش ئەوەی لە زیندان ئازادبوو، لە رووی شێوازی دارشتن و هونەری شیعری و روخسارەوە لە لایەك و لەولاشەوە لە رووی هەوێنی بیرو باوەرو فەلسەفەی ژیان و ئامانجی راستەقینەی حەسیبەوە، شاعیر خۆی بەتەواوی لێی رازییەو بەلایەوە پەسەندەو لەم رووەوە پێدەچێت، بریاری ببرای ببری خۆی داوەو بەوەش کەلێنێکی بۆچوون و دەلاقەی گومانی لێکدانەوەی کەم کردۆتەوە.

ئەوەتا حەسیب لە نامەیەکی تایبەتیدا دەڵێ: بۆ یەکەم جار لە ژیانما شیعرم لە ژیندا لە زەمانی گۆراندا بلاوکرایەوە بە مۆری (ح.ق) ئیتر رۆژگار هات و رۆژگار رۆیی هە تا دوای شۆرشی تەمووز شیعرم بوو بە هۆنراوەی وشەی زەق و دەستەو یەخەو دروشم دارشتن، هەتا ساڵی ١٩٦٤ ی زاینی بەندیخانەی نوگرە، لێرەوە من خۆم و شیعرم و هەستم و هۆشم هەموو گۆرانی بەسەرا هات، لێرەوە من رێگەی خۆم چەسپاند، ئاڵای خۆم هەڵکرد، بووم بە حەسیب قەرەداغی و چاو لێکەریم قەپات کرد[1]

**دەستنیشانکردنی ئەو سنوورە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو شیعرانەی لە رۆژنامەی ((برایی)) دا بلاوی کردۆتەوە لەبەر ئەم هۆیانەن:**

*-حەسیب تازە لە زیندانی نوگرە سەلمان ئازاد ببوو، تەنیا شوێنێك بتوانی بە ئازادی شیعرەکانی تیا بلاوبکاتەوە و بە جەماوەر بگات، رۆژنامەی ((برایی)) بوو، بەوەش پەرۆشی بینین و بلاوکردنەوەی بەرهەمە نوێیەکانی ئارامیان پێ بەخشیوە.

*- شاعیر لە کاتی لەدایکبوونی شیعرەکانیدا، بەهیچ شێوەیەك سانسۆری لەسەر هۆش و بیری دانە دەناو بەئازادیو بەو پەری ئارەزوویەوە،

---

(١)وێژەی کوردی و رەخنەسازی – لەبەرهەمەکانی –کامیل حەسەن عەزیز بەسیر (پ. د)– چاپی یەکەم –چاپخانەی ((دار الجاحظ)) بەغدا ١٩٩٠– ل٢٠٥–٢٠٦.

سەربەستی بە لەدایکبوونی شیعرەکانی دەبەخشێ.. ئەگەرچی ئەوەش هەبوو، لەبەر چەند هۆیەك بەناوی خوازراوی وەك: ((ح.ق، ب.خەبات، ب.ئازا، قەرەداغی)) ەوە شیعرەکانی بڵاودەکردنەوە.

*- شیعرەکانی ئەو سەردەمەی رۆژنامەی ((برایی)) گوزارشت لە ئاواتی دەروونی شاعیرو میللەت دەکات، چونکە رۆژنامەی برایی، زمانحاڵی پارتی و پێشمەرگەو شۆڕشی کوردستان بوو، بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و لەسەر زەمینەی خەباتی سیاسی و ژیانی شۆڕشگێڕی و بەرخودان دەنگێکی هەقبێژی و نەترسی بوو.

بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی شاعیر لە رۆژنامەی ((برایی)) دا هۆیەکی بەهێزو هاندەرێکی گەورەبوو، بۆ ئەوەی حەسیب بە شەوقەوە لەسەر رێچکەی فۆرمی تازەگەری و ناوەرۆکی نوێی شیعرەکانی بڕوات و قۆناغی گواستنەوەی شیعری نوێی کوردی خۆی بە ئاسایی و سروشتی ببڕێت، چونکە لەوە بوو گەر ئەو دەرفەتە لەبارە بۆ بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی شاعیر نەڕەخسایە، ئاکام بەمجۆرەی ئێستە نەبوایە، یاخود پێگەیشتنی حەسیب وەك شاعیرێکی تازەگەری قۆناغی دووەمی گۆڕانی شیعری نوێی کوردی دوای گۆرانی شاعیر سست بڕۆیشتایە.

**گیرو گرفتی بەردەم ئەم لێکۆڵینەوە یە :**

لە چاو دەوڵەمەندی سامانی شیعری حەسیب و تەمەنی ژیانە ئەدەبییەکەی، بەر لە وەفاتی لێکۆڵینەوەی تێرو تەسەڵ و شیاو بە مەنزڵی ئەدەبی لەسەر ژیان و شیعرەکانی نەکراون،ئەو هەوڵانەی ئەنجامیش دراون لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێپەڕیان نەکردووە،.. هەروەها یەکێکی دی لەو گرفتانەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە دروست بوو، نەبوونی دەستنووسی ئەسڵی تێکڕایی شیعرەکان و کاتی وتن و بۆنە ((مناسبە)) یان دیاری نەکراون.

### ئەو سەرچاوانەی لەبارەی شاعیرەوە نووسراون

دەبوو لەگەڵ ئەو هەموو بەرهەمە شیعرییەی دوای قۆناغی گواستنەوەی شیعرەکانی شاعیر، بە تایبەت دوای ساڵی ١٩٦٤ لە دایك بوون، چەندین لێکۆڵینەوەی زانستییانەیان لەسەر بکرایە، بەڵام ئەمە ئەنجام نەدراوە بۆیە دەشێت بووترێت.. یەکێك لە هۆکاری سەرەکی و بنچینەیی ئەو فەرامۆشکردنە مەسەلەی دەستەو تاقم تاقمێنە بوو، ئەوەندەی بزانرێت حەسیب عیزەتی نەفسی یەکجار بەرز بوو، بڕوای بە دەستە دەستەیەنەو گەلەکۆمەکێ نەبوو نەیدەویست دارشەق بخرێتە بن هەنگڵی و ئەوسا هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت، ئەو بڕوای بەتواناو بەهرەو باگراوندی رۆشنبیری شاعیریی خۆی و بە مرۆڤی خاوەن زەوقی ئەدەبی هەبوو پێی وابوو، مرۆڤ لەهەر بوارێکی ژیاندا بێ، پێویستە بەهەق دان بە تواناو بلیمەتیدا بنرێت. ئەو راستییەی شاعیر لەو رووەوە بڕوای پێی هەبوو، وای لێکرد لە ئاست ئەو ناهەقیەی بەرامبەر شیعرو ژیانی شیعریی ئەکرێت، بێ دەنگ نەبێت و هاواری لێ هەڵسێت و لە نامەیەکی تایبەتی خۆیدا ئەڵێ: .. ئەوەی تاکە پێلاوێکی لە دیواندا هەبوو، گۆڤارو رۆژنامە نەبوون بە راست و چەپا پێیاندا هەڵنەدەن و شیعرو نووسراوی ئێمەمانانیش بۆ سەبەتەی خۆڵ!.. [ ئای رۆژگار چەند بەدکاری! کار وای لێهاتبوو، ئەگەر شیعرێ یا وتارێك بەلای جرت و فرتا نەشکابایەوە، ئەو کاتە کەس نەشی دەخوێندەوە، تا خواو راستان، کردی جرت و فرت هەتا رادەیەك دامرکایەوە و زەوقی ئەدەبی خەڵك بەرەو باشی گۆڕا، ئینجا من وردە وردە خەڵکم پێ ئاشنا بوو ][(١)].

راستە ئەو تاقم تاقمینە یە، ببووە هۆی ئەوەی مرۆڤی خاوەن بەهرەو لەوانەی سەربەخۆیان نین، مافیان پێشێلکرابێت و ئەوەش زیانێکی زۆری بە پێشخستن و دەرخستنی رووی راستی بەرهەمی رەسەن و ئەدیبی داهێنەر گەیاند.

---

(١)وێژەی کوردی و رەخنەسازی ....، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٩

ئـــەو سەرچـــاوانەی لـــە شـــیعرو شـــاعیرێتی حەســـیب دووان خۆیـــان لە دوو بەشدا دەبیننەوە:

أ- ئەو سەرچاوانەی بەر لە کۆچی ماڵئاوایی شاعیر، لـە ژیـان و شـیعری حەسیب دوان، لەم رووەوە خۆی لە نامەیەکیدا دەڵـێ: [ئـەوەی کـە لەسـەر شیعرم نووسـرابێ زنجـیرە وتـارێکی شـێرکۆی شـاعیرە لـە براییـداو وتـارێکی رۆشنبیری وریا کەمال میراودەلی، لەسـەر فەرهـەنگی خـەم و وتـارێکی بـەڕێز کەمال غەمبارە لەسەر فەرهەنگی خەم لە بەیان دا ][1].

شـایانی ئامـاژە پێکردنـە ئـەو زانیاریانـەی نـاو ئـەو نامەیـەی حەسـیب ساڵی ١٩٨٣ بۆ پرۆفیسـۆر دکتـۆر کامـل حەسـەن عـەزیز بەسـیری نـاردوە و ئەویش لەبەر رۆشنایی ئەو زانیاریانەی ناو نامەکەو قەناعەت و بڕوای خۆی بە تازەگـەری شـیعری شـاعیری نەتـەوەیی حەسـیب قـەرەداغی، زنجیرەیـەك لێکۆڵینەوەی نووسی کە بریتی بوون لە چوار بەش بە ناونیشـانی ((حەسـیب قەرەداغی و هۆنراوەی کوردی رەسەن)) ئەویش ئەمانەن[*]

(*)- هەروەها دوای نامەکەی حەسیب و ئەو زنجـیرە لێکۆڵینەوەیـە لـە ١٩٩٧/١/٩ وە کە رۆژی وەفاتێتی، چەندین لێکۆڵینەوەی لەسەر نووسرابن.

ب- ئەو لێکۆڵینەوەو نووسینانەی لە دوای وەفـاتی لەسـەری نووسـراون، شـایانی ئامـاژە پێکـردنن و ئەمـەش چـەردەیەك لـەو سەرچـاوانەی چـنگ کەوتوون و دەشێت لەمانە زیاتر هەبن.

*- لـە یـادی حەسـیب قەرەداغیـدا - دکتـۆر حەسـەن جـاف -گۆڤـاری بەیان، ژمارە (١٧٩) - ١٩٩٧.

*- کۆچی دوایی مامۆستا حەسیب قەرەداغی - رۆژنامەی کوردسـتان - ژمارە (٢٤١) بەفرانباری ١٣٧٥.

---

(١)سەرچاوەی پێشوو -ل٢٠٨-٢٠٩.

(*)کە لە ژمارەکانی [ ٢٣٦٨ لە ١٢ / ١١ / ١٩٨٣ ، ٢٣٧٤ لە ١٦ / ١١ / ١٩٨٣ ، ٢٣٨٠ لە ٣٠ / ١١ / ١٩٨٣ ، ٢٣٨٦ لە ٧ /١٢ / ١٩٨٣]ی رۆژنامەی - العراق - دا بلاّوی کردەوە

*- دیوانەکەی شێخ حەسیب و فەرهەنگی خەم - عەبدولکەریم شێخانی، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان ژمارە (٢٨٥) لە ١٤ / ١/ ١٩٩٨.

*- کورتەیەك لە ژیاننامەی شێخی شاعیران - پیری عاشقان ((حەسیب قەرەداغی)) - ولات،ژمارە (٢٤١) لە ٣/٢٧ / ١٩٩٧.

*- حەسیب قەرەداغی، نیو سەدە لە ئۆف و ئاخ، و خەرمانێك لە هەڵوێستی نیشتمانی و داهێنان - عەتا قەرەداغی - ڕۆژنامەی برایەتی - پاشکۆی ئەدەب -ژمارە (٢٠)ی پاشکۆکەو ژمارە ٢٣٠٩ی ڕۆژنامەکە لە ٤/١/ ١٩٩٨ دا دەرچووە.

*- حەسیب قەرەداغی ماڵئاوای لێکردین - ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان - ژمارە (٢٣٥) لە ١٩٩٧/١/١٥.

*- چاوپێکەوتنێکی تێرو تەسەڵ لەگەڵ شاعیری ناودار (ع.ح.ب) ئامادەکردنی ئازاد عەبدولواحد -گۆڤاری رامان، ژمارە (٣٣) لە ١٩٩٩/٣/٥.

*- حەسیب قەرەداغی لەڕێی بەهەشتدا - غەریب پشدەری -گۆڤاری رامان، ژمارە (٨) ی شوباتی ١٩٩٧.

*- مەرگی شاعیرێکی گەورە - ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ - ژمارە (١٣٧٨) ١٣ / ١ / ١٩٩٧.

*- دیاردەی غەم لە شیعری حەسیب قەرەداغیدا -نامەی ماجستێر لەئەدەبی کوردیدا - تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح - کۆلێژی ئاداب - زانکۆیسەلاحەدین -ساڵی ٢٠٠١.

**ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە:**

حەسیب مرۆڤێکی دەروون خاوێن و شاعیرێکی هەست ناسك و بە هەڵوێست و دڵسۆزی نەتەوەو نیشتمانەکەی بوو، ڕۆشنبیرو کوردی زانێکی چاك بوو، بەهرەیەکی باش و توانایەکی بەهێزی لە دنیای ئەدەب و داهێنانی شیعری نوێی کوردیدا هەبوو. ئامانجیش لەم گوزارشتە ئەوەیە: هەقە وەك پێویست ئاوڕی بەلادا بدرێتەوە و ڕاستی بەهرەو داهێنانی لە بواری شیعریدا

دەربخرێت و تەم و مژی بۆ چوونی جیاجیای نادروستی لێ دوورخرێتەوە، بەتایبەت ئەو بۆچوونانەی ویستی تاکە کەسی و داتاشینی کارو توندڕەوی حزبایەتی تەسك، ڕۆڵی تیا دەبینن.. هەمیشە لەبارەی ململانێی نێوان ئایدۆلۆژی نەتەوەیی و ئومەمی، ناخی دەروونی شاعیر کە ڕەنگیان بەسەر شیعرەکانیدا داوەتەوە، یەکلایی بکرێتەوە و بزانرێت ئاکام تای تەرازووی کامەیان سەنگینەو تاسەر باڵی بەسەر ئەویدیدا کێشاوە.. دەرخستنی ئەو ڕاستیەو زاڵبوونی باڵی هەر بیروباوەڕێکیان بەسەر ئەویدیدا خەوش و نەنگی بۆ هەڵگرانی ئەو ئایدۆلۆژییە نییە ! ... بە تایبەت دوای ئەوەی حەسیب کۆچی ماڵئاوایی لە ژیان و شیعرو ئەدەبی کوردی کرد، ئومێد وایە، توانرابێت لایەنێکی ئەو پەیامە پیرۆزە ڕوونتر کرابێتەوە و بە مەنزڵی ئەمانەتی فیکری و ئەدەبی گەیاندرابێ.

# بەشی یەکەم

## بەهای شیعر لای رۆشنبیران

بەر لەوەی روو لە قوولآیی ئەم بابەتە بکرێت، بۆ بەرچاو روونی، باش وایە: بەرنامەو رێبازی ئەم لێکۆڵینەوە ئەدەبیە بە گشتی و بواری شیعرەکان بە تایبەت بخرێتە روو.

دەکرێت، بۆ هەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەو هەڵسەنگاندنێکی بواری فیکری: ((ئەدەبی – سیاسی – کۆمەلآیەتی...تاد)) خۆ بە رێبازو تەنیا بەرنامەیەکی رەخنەسازییەوە نەبسترێتەوە.. چونکە بڕوابوون بە مافی مرۆڤ و بەرجەستەکردنی ئازادی واله مرۆڤ دەکات سەردەمیانە بیربکاتەوە ئازادی بە بابەتەکە بدات، خۆی بەرنامەی لێکۆڵینەوەکە هەڵبژێرێت و چی بخوازێ داواکارییەکەی بۆ جێبەجێبکرێت و لێکۆلەرەوە دوای خواستی بەرهەمەکە بکەوێت، نەك ئەو ببێتە پاشکۆی خواست و ئارەزووەکانی نووسەر.

لەم بارەوە دکتۆر عەبدولواحد لۆلوئە ئاوا بیرو ڕای خۆی دەر دەبڕێ: [من وای بە سروشتی دەبینم خودی بابەتەکە، بڕیاری بەرنامەی نزیکبوونەوە لە تێکستە ئەدەبیەکە بدات، چونکە لە لێکۆڵینەوەو رەخنەسازیدا، سەپاندنی قالّب بۆ تێکستەکە، وەك ئەوە وایە: عەرەبانەیەك لەبەردەم ئەسپێکدا دابنرێت ](1).

باش وایە لە هەڵسەنگاندنی زانستیانەی تێکستە ئەدەبیەکاندا، مەودا بەو تێکستە بدرێت، تێنیوێتی خۆی لە لێکۆڵینەوەکە بشکێنێ.. چونکە دنیای فیکرو ئەدەب نیگای بۆچوونی هەمەلایەنەی رەنگاڵەیی هەڵدەگرێت. چێژو خۆشی سروشتی خۆی لەدەست نادات.

---

(١)لقاء مع الدكتور عبدالواحد لؤلؤة –حاوره سلام نوری – جريدة العراق – العدد (٧٥٠٨) في ٢٥ / ١ /٢٠٠٢ ص٤

حەسیب بۆخۆی لەبارەی هونەری تێکستی ئەدەبی دەڵێ: [ ئەدەب دارشتنێکی هونەریانەیە..ئەدیبی چاك وشاعیری چاك ئەوەیە: کە خاوەنی خەیاڵی بە پیت و فەڕ بێت و داهێنەرێکی بلیمەت و چاو تیژ بێت کە بە خەیاڵی قووڵی بتوانێ تاقیکردنەوە بەشەریەکان هەمە جۆر، دارێژێ کە راسترو کاریگەرتربێ لە واقیعی دەقاو دەق ][1].

ئەوە رای حەسیبی شاعیرە بەرامبەر دارشتنی هونەریانەی ئەدەب و شیعر و شاعیر. لەبارەی وشەی ئەدەب وەك واتاو زاراوە هەر لە دێرەوە بیروڕای جۆر بەجۆر بەرامبەری دەربڕاوە و تا مرۆڤ و بزاڤی ئەدەبیش لە ژیاندا بێت، پێناسەو بۆچوونی نوێتر بەرامبەر بە ئەدەب دەردەبڕێت، هەر حەسیب لەبارەی ئەدەب و ئەدەبی گەلان بەمجۆرە بیرو رای خۆی دەر دەخات: [بێ گومان ئەدەبی هەموو گەلێك ئاوێنەی پەیوەندی کۆمەلآیەتی و پلەی ژیان و رۆشنبیری ئەو گەلەیە و تێکەڵ بە خەیاڵ و خودی ((ذات))ە ئەدیبەکان و پلەی زانیاری و لایەنگیری چینایەتیان ئەبێ ][2].

حەسیب لەو باسەی لە ئەدەب دەدوێ، پێکهاتەو بوون و ئەرکی ئەدەب لە ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دیاری دەکات و بە ویستی خۆی لایەنگیری خەبات و ململانێی چینایەتی دەکات.. لە روانگەی پێشووی حەسیبەوە، کامەران موکری بەمجۆرەش لە ئەدەب

دواوە: [ئەدەب بریتیە لە دەربڕینی باری دەروونی بە ئازارو ئاواتییەوە، وەدەربڕینی بیرو باوەڕ بەشێوازێکی ئەوتۆکە سۆزی دەروونی و ئەند ێشەی تێکەڵ بێ][3]

---

(١) سالم لە تای تەرازووی کلاسیزم دا – حەسیب قەرەداغی– دیداری شیعری کلاسێکی کوردی – حەمە سەعید حەمە کەریم – دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی زنجیرەی (١٤٥) – بەغدا ١٩٨٦ ل ٢٦ –٢٧.

(٢) شێخ سەلامی شاعیر – حەسیب قەرەداغی –گۆڤاری بەیان ژمارە (٢١)ی کانوونی دووەمی ١٩٧٥ ل٢٨.

(٣) نەشکی باوان بەرهەمی بلاونەکراوەی کامەران موکری، ئامادەکردنی ئاشنا دەزگا چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس هەولێر ٢٠٠١، ل١٠٧

به هەموو پێوانەو بۆ چوونێکی کۆن و نوێ ، بەرهەمی ئەدەبی، دنیایەکی هەست ناسك و روخسار جوانە و واتای بەهێزو پێزی، هەست و هۆشی مرۆڤ دەورۆژێنێ ... ئەو خەسڵەتەش ئەدەب لەبەرهەمی زانستی و بواری زانیاری جیا دەکاتەوە. ئەدەب ئەو دنیا تەلیسماویە خۆش و بە چێژە سەرنجڕاکێشەرەیە، پەلوپۆیەکی زۆری لێدەبێتەوە و هەریەکەشیان خاوەنی هەلومەرج و خەسڵەتی تایبەتی خۆیانن و لەوانی دیش جیا دەبنەوە، کەچی هەر هەموویان لە ژێر رەشماڵی ئەدەبدا ئارامیان گرتووە..

یەکێك لەو بەشانەی ئەدەب، شیعرە و کاکەی فەللاحیش بەمجۆرە شیعری تێهەڵکێشی ئەدەب کردووە: [ ئاشکرایە نەتەوەی کورد شاعیری ئێجگار زۆرە، هەرچی لاوێك دەستی قەڵەمی گرت، کەم و زۆر خۆی بە هونەری شیعر تاقی دەکاتەوە.. دەبێ هۆی ئەم رواڵەتە چی بێت؟.. پێم وایە هۆی هەرە بنەڕەتی ئەدەبە: کە شیعر لقی یەکەم و سەرەتای ئەدەبە][(١)]

لەبەر گرنگی و رۆڵی شیعر لە بزاڤی ئەدەبی کوردو گەلانی دنیادا و بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی باسەکەمان لە جێی خۆیدا سەبارەت شیعر پەنا بۆ چەند بۆچوونێکی جیا جیا بەرین و لەشیکردنەوەی بیرو رای خاوەن بۆچوونەکان، واتای قووڵترو وردترمان چنگکەوێت.. بۆ ئەو مەبەستە، باش وایە، بۆ باس کردن لە شیعر،روو لە کانگاکەی بکەین و خودی شاعیر بدوێنین. لەم بارەیەوە هێمن موکریانی ئاوا لە خۆیو شاعیر دەگات:[شاعیر لە پێشدا ئینسانە، ئینسانێکە کە هەستی ناسکەو زوو دەجووڵێتەوە ][(٢)]

لە جێی خۆیدایە بزانرێت شیعر چییەو ئەدیبان و شارەزایانی سەردەم چۆن نیگای بیرکردنەوەیان ئاراستە دەکەن؟..[شیعر لە یەکەم ساتی هاتنی،

---

(١)کاروانی شیعری نوێی کوردی حەمە ئەمین قادر (کاکەی فەلاح)بەرگی یەکەم چاپخانەی حسام بەغدا ١٩٨٠، ل٦.

(٢)شاعیری گەل –پێشەکی تاریك و روون – عەبدولرەحمان قاسملۆ – تاریك و روون هێمن – سەید موحەمەد ئەمینی شێخەڵ ئیسلامی موکری.بنکەی پێشەوا –ل١٤.

له نێو هەست و نەست و شعوری مرۆڤەوە، لەگەڵ تیمی مۆسیقا سەری هەڵداوە، دەتوانین بێژین: مۆسیقاو شیعر گیانێکن لە دوو جەستەدا][1]

ئەو کانیاوەی شیعری لێهەڵدەقوڵێ ناخی مرۆڤە، هەر ئەویش سەرچاوەی هەست و نەستی بزوێنەرو کاریگەرە و ڕێڕەوی فیکرو بیرکردنەوەی مرۆڤ دەگۆڕێ و جۆرە خۆراکێکی بە پێزی پێدەبەخشێت و بەرەو دنیای سۆزو بیرکردنەوە رایدەکێشێت. شیعرو شاعیریش ئەرکی گران و مەزنیان لە ئەستۆیە، لەم رووەوە رەحیمی لوقمانی ئەم بۆ چوونەی هەیە:[شیعر، داهێنانی ناخی دەروونەکان دەدۆزێتەوە و جەوهەری هۆکارەکان دەخاتە روو، شاعیریش ئەو کیشوەرە نوێیانە دەدۆزێتەوە، کە گەشتیارەکانی بەر لە خۆی پەییان پێنەبردووە ][2].

ئەو پێناسانە بە شێوەیەکی گشتی، تەوژم و شەپۆڵ و دیاردەو ڕێبازو قوتابخانە شیعریەکانی گرتۆتەوە.

ئەوەی لێرەدا زیاتر پەیوەندی بە ژیان و شیعری حەسیب قەرەداغییەوە هەیە، دیاریکردنی قۆناغی گواستنەوەی شیعرییەتی، لە قۆناغی کۆنەوە بۆ تازەگەری، لێرەدا باس لە قۆناغی سەرەتای گواستنەوەی شیعری کۆن و شێوازی کلاسیکی بۆ شیعری نوێ لەسەر دەستی شێخ نووری شێخ ساڵح و رابەرەکەی ((گۆران)) ناکەین کە لە ژێر کاریگەری نوێخوازانی شیعری تورکی کۆمەڵی ((فەجری ئاتی)) بەرپا بوو، کە هەرە دیاریترینیان:جەلال ساهر و تۆفیق فیکرەت و عەبدولحەق فازڵ بوون.

**قۆناغی نوێی شیعری حەسیب:**

ئەو قۆناغەی شیعری کوردی بەقۆناغی دووەمی گواستنەوە دادەنرێت و

---

(١) ئیقاع لە شیعری مەولەوی دا – رەحیمی لوقمانی – مامۆستای ئەدەبی فارسی سنە – میهرەجانی مەولەوی – چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری– سلێمانی –٢٠٠٠ ل٢٣٥

(٢)اللفظ والمعنى في تعريف الشعر – خالد الخزرجي – جريدة العراق – ع. ٧٥٣٠ في ٢٠٠٢/٢/٢٠.

شـاعیرانی وەك حەسـیب سـەریان تیـا هەڵـداو بـە قۆنـاغی دوای گـۆڕان دەژمێردرێت و لە سەرەتاوە چەند لاوێکی وەك کامەران موکری و حەمە ساڵح دیلان و (ع. ح. ب) و کامل ژیرو نوری وەشتی بـوون و دواتـر حەسـیبیش لـە دوای نێوەی دووەمی ساڵی شەستەکان بـە هەناسـەیەکی درێـژەوە تـا سـەر، رۆڵی بە هێزی تیا بینی، حەسیبیش یـەکێك بـوو لـەو شـاعیرانەی بـەردێکیان خستە ناو گۆمە مەنگەکەی ئەدەبی کوردییەوە. ئەگەرچـی قۆنـاغی دووەمـی گواستنەوەی شیعری کوردی لە ناوەڕاستی شەستەکاندا زیاتر لە ژێر دیاردەو کاریگەری شاعیرانی نوێخـوازی عەرەبـدا بـوون بـە تایبـەت فەلەسـتینیەکان، ئەوان بە هۆی هەڵکەوتوویی چەند رۆشنبیرێکیان و نزیکی و تێکەڵیان لەگـەڵ بزووتنەوەی تازەگەری شیعریی لە ئەورووپادا زووتر بەو دیاردەیە شاد بـوون، بە تایبەت: مەحموود دەروێش و سەمیح قاسـم و غەسسـان کەنـەفانی و هـی دی..بەڵام لای ئێمە، بە حـوکمی پێکهاتـەی کۆمـەڵگای عیراقـی و پەیوەنـدی پتەوی نێـوان رۆشـنبیرو سیاسـیەکانی کـوردو عـەرەب، شـاعیرانی نوێخـوازو ئەدیبە لاوەکانی عیراق بوونە پـردی ئـەو پەیوەندیـەو سـەرهەڵدانی دیـاردەی روانگەی ئەدەبی نوێی کوردی، لەسەر دەستی کۆمەڵێ شاعیرو چیرۆکنووسی وەك:جـەمال شـارباژێڕی، شـێرکۆ بێکـەس، جـەلالی مـیرزا کـەریم، حوسـێن عارف، کاکە مەم بۆتانی و چەند لاوێکی ئەو سەردەمەی کورد هاتـە کایـەوە، ئەویش کاریگەریی ((البیان الشعری)) و گۆڤاری الشعر ((٦٩)) یان پێوە دیار بوو.

ئێستە لە جێگای خۆیدایەتی بۆ راسـتی مێـژووی سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە پەنا بەرینە بەر زانیاری و بیرو ڕای عەبدوڵڵا عەباس کە یەکێکی سەرەکیو بنچینەیی سەرهەڵدانی روانگەی ئەدەبی نوێی کوردی و پاش سـی ساڵ پەردە لەسەر کەسایەتیە سەرەکیەکانی ئەو بزوتنەوەیـە هەڵدەداتـەوەو بەرچاو روونیەك بۆ ئەم بابەتە سازدەکات ودەڵێ: [بە ئەمانەتەوە دەڵێم: من و جەلال ((جەلالی میرزا کەریم)) ئاگامان لەسەرجەم کەین و بەینی دەرکردنی ((البیان الشعری)) لە ئایاری ١٩٦٩داو لە گۆڤاری ((الشعر ٦٩))دا بە ئیمزای،

فازڵ عەزاو،سامی مەهدی،، فەوزی کەریم، خالد عەلی مستەفا بوو][1].

لە پێناو هەڵدانەوەی لاپەڕە شاراوەکانی بزووتنەوەی روانگەدا بە راست دەزانرێت لەو رووەوە زیاتر بەتان و پۆیدا بچینەوە و پەیوەندی ئەدەبی نێوان عەبدوڵڵا عەباس و یاسین و نزیکبوونەوەی خۆی و جەلالی میرزا کەریم لەگەڵ فازڵ عەزاویدا بزانین چۆن بووە؟: [جەلالی میرزا کەریم لە گەڕەکی بەتاوین لە بەغدا ژوورێکی هەبوو، هەر لەو گەڕەکەو نزیك بەو ماڵە، ((فازل عەزاوی)) کە ئەوسا سکرتێری نووسینی – الف باو – بوو، ژوورێکی هەبوو. بە هۆی پەیوەندی سیاسی کۆنەوە ((جەلال وفازل)) هەردووکیان لە سەرەتادا لە حزبی شیوعی دا بوون.. یەکتریان دەناسی، ئەویش بەمنی ناساندو بە هۆی پەیوەندی پیشەیی رۆژنامەنووسیەوە، پەیوەندی جەلال و ئەو تازە بووەوەو منیش هاتمە ناوەوە، هەندێ جار شەوان لە ژوورەکەی فازڵ یان رۆژ لە گۆڤاری – الف باو – یەکمان ئەگرتەوە ][2].

ئەو پەیوەندییە ئەدەبییەی نێوان فازڵ عەزاوی لەگەڵ عەبدوڵڵا عەباس و جەلالی میرزا کەریم هۆو هاندەرێکی بە هێز بوو کە پاڵی بەو کۆمەڵە گەنجەوە نا، دەست و بردکەن لە گەلاڵە کردنی ئەو بەیانەی رۆژی ٢٥/٤/١٩٧٠و ە ژمارەی (١٥)ی رۆژنامەی هاوکاریدا بە ناوی: بانگەوازێك لە روانگەی ئەدەبی کوردی نوێمانەوە بڵاوەوە لەپێناو زیاتر روونکردنەوەی زەمینە خۆشکردن بۆ گەشەکردنی ئەو بزوتنەوە ئەدەبیە.

بە باش دەزانرێت راستیی چۆنیەتی گەڵاڵە کردن و بڵاوکردنەوەی ئەو بەیانە بخرێتەروو: [ ئەوەی بە ئەسڵی بەیاننامەکەدا بچێتەوە و ناوەکانی ئیمزایان کردووە ببینێ، دوایی هەمان بەیاننامە لە ژمارەی یەکەمی روانگەدا کە لە ساڵی ١٩٧١ دەرچوو، سەیری ژمارەکانی (٦)و(٧)ی ساڵی دووەمی

---

(١) ئاوەها دەرگام کردەوە – یاداشت – یادگاری سی ساڵ ژیان لەگەڵ رۆژنامەی کوردیدا،١٩٦١–١٩٩١–عەبدوڵڵا عەباس چاپخانە (؟) بەغدا،ساڵ (؟) ل٩٨.

(٢) سەرچاوەی پێشوو. ل٩٨.

هاوکاری بکات، ئاسان بۆی دەردەکەوێ کامانەن بۆ ناوبانگ خۆی پێاکردو کامانەن لە پڕ خۆی فەرزکرد و کامانەن بە جدی مەسەلەکەیان گرتبوو.

ئێستا وەلامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: بانگەوازەکە چۆن دەرچوو؟ ناوەکانی ئەو دەقەی لە هاوکاری دایەو لە پەڕاوێزیەوە ئیمزایان کردووە، چۆن یەکیان گرتەوە؟ من و جەلالی میرزا کەریم کە خاوەن پێشنیازو هاندەری ئەساسی مەسەلەکە بووین چۆن ناوی منی لەسەر نەبوو ][1].

ئەو روونکردنەوەیەی عەبدوللا عەباس نەك هەر تەنیا لە بواری ئەدەبیدا، بەڵکو لە بواری سیاسیشدا گرنگەو کەڵکی خۆی هەیەو ئەو دیاردە دزیوە دەر دەخات: چۆن کەسانی ماندوو خاوەن هەق، مافی پێشێل دەکرێ و وەك پلەی پەیژە پیا سەر دەکەون و دواتریش هێڵی راست و چەپ بەسەریاندا دەهێنرێت و ئەمە ئەو راستیەش دەسەلمێنێت کە بەری تیشکی خۆر بە بێژینگ ناگیرێت و ئەوەتا لە بارەی خاوەن فیکرەی بەیانەکەوە عەبدوللا عەباس بەمجۆرە دەدوێ: [ ... رۆژان گەیشتە ئەوەی ئەمڕۆ سبەی رێکەوین لەسەر نووسینی بانگەوازەکە و بلاّو کردنەوەی،هەندێ جار هەستمان دەکرد دوای ئەوەی هەموو هەوڵدانێکی گەلالەکردنی مەسەلەکە کە لە من و جەلال و لەوە دەستی پێکرد وای لێهات ئێمەیان ئاگادار دەکرد چی بکرێ و چی نەکرێ و کەی و چۆن؟..من هەڵدەچووم و جەلال ساردی دەکردمەوە، رێکەوت من بەئیشی ((هاوکاری)) چووم بۆ سلێمانی بۆ نووسینی هەندێ ریپۆرتاجی رۆژنامەنووس لە زانکۆی سلێمانی کە هاتمەوە ((بانگەوازی روانگە)) لە هاوکاری بلاّکرابووەو بەچەند ناوێکەوە کە ناوی جەلالی میرزا کەریم خرابووە دوا ناوەوە، من بەجارێ هەڵچوو بووم، زۆرم لە جەلال کرد کە بەتەواوی بۆم باس بکات ئەمە چۆن بوو؟!! بۆ منتان لەبیر کرد؟. کاك کەمال رەئوف محەمەد چۆن بەوە رازی بوو ناوی بچێتە ئەم مەسەلەیەوە؟جەمال شارباژێری کەی ئاگای لەم مەسەلەیە بوو؟. ئەوەندەی

---

(١) ئاوەها دەرگام کردەوە – یاداشت – ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٢

له بیرمه بەم جۆره گفتوگۆیه دەیهۆنمەوه:جەلال: شێرکۆ و حوسێن زۆر بە پەله بوون ][1].

بانگەوازی روانگە رۆڵی گەش و دروستی هەبوو لە شڵەقاندنی گۆمە مەنگەکەی ئەدەبی کوردی، گەرچی هەندێك پڕکێشی نا دروستی لێکەوتەوە و له مەبەسته سەرەکیەکەی دەرچوو بوو، بەلام کۆمەڵێ بەرهەمی شیعریی و کورته چیرۆکی نوێ و نایاب له دایك بوون.. سا ئەوه له لایەن ئەوانەوه بوو بێت کە خۆیان بە روانگە زانیوه یاخود لە لایەن ئەو شاعیرو چیرۆکنووسانەوه بێت که نەك هەر لەگەڵ کۆمەڵی روانگەدا نەبوون بەڵکو تێبینیشیان لەسەریان هەبوو، هەروەها دژی بیرو ڕاو هەڵوێستی روانگەش بوون له بواری: سامان و کەلتووری نەتەوایەتی کوردو کۆمەلایەتی و ئاینیدا..

حەسیب قەرەداغی، بەر لە بلاوکردنەوەی بانگەوازی روانگە، نوێخواز بووەو بەرهەمی تازەی شیعری نوێی کوردی پێشکەش کردوین و با سەر بە تاقمی روانگەش نەبووبێ،بەلام به پێی ئەو هەل و مەرج و پێوانەی روانگه بۆ ئەدەبی نوێی دانابوو، ئەوا حەسیب قەرەداغی له لوتکەی روانگەدا دەبینرا.. لەم بارەیەوه بەهات دەڵێ: [ تا کۆتایی سالانی (٧٠) حەفتا، تا رادەیەك کەم و زۆر ژیانێکی ئارام و ئاسایی بردە سەر، بەبێ ئەوەی بەرەسمی لەگەڵ گرووپی روانگەدا بووبێ، له ١٩٧١/٣/٢٦ دا شیعری ((هەوەڵ مەزات))ی نووسی که ئەگەر بە وردی هەڵسەنگێنرێ بەبێ هیچ بەرتیلێك لە لوتکەی شیعرەکانی روانگەدا خۆی دەبینێتەوه ][2].

ئەوەی لەم رووەوه جێی ئاماژه پێکردنه، ئەو راستیەیه: نەك هەر تەنیا حەسیب قەرەداغی، بەڵکو زۆر ئەدیب ((شاعیرو چیرۆکنووس)) ی نوێخواز

---

(١)ئاوەها دەرگام کردەوه – یاداشت – ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠٤–١٠٥.

(٢) بەسەرکردنەوەیەکی خێرای ویستگەکانی ژیانی حەسیب قەرەداغی نەمر – بەهات حەسیب قەرەداغ – فەرهەنگی غەم (4) شیعر حەسیب – چاپخانەی ئۆفسێتی داناز – سلێمانی – ل ح.

هەبوون و هەن سەر بەو گرووپە نەبوون، واتە مەرج نییە، ئەو شاعیرو چیرۆکنووسەی لەگەڵ روانگەدا نەبووبێت ئیدی نوێخوازو تازەگەر نییە، یاخود ئەوانەی لەگەڵ روانگەدا بوون هەر هەموویان تواناو بەهرەی داهێنانی بەرهەمی نوێی ئەدەبیان هەبووبێت.. چونکە شەهادەو پێناسەی نوێخوازی و تازەگەری بەرهەمی ئەدەبی کوردی هەر لای ئەو تاقمە نەبووە.

لەبارەی تازەگەریش لەتیف محەمەد حەسەن (د) دەڵێ: [بەبڕوای من، بەپێی ((تاوتوکردن)) یاخود دژیەك و ناكۆكیەكان (المفهوم الجدل)بیلبیلەی هەرە زیندووی هەموو داهێنانێكی نوێ ((تازەگەری)) لەناو جەرگەی ململانێی خودی داڕشتنە ئەدەبیەكەدایە][1].

هەر دكتور لەتیف محەمەد لەبارەی تازەگەری شیعری كوردی و شیعری عەرەبی رای وایە، كورد لەم رووەوە پێش تازەگەری شیعری عەرەبی كەوتووە:[ لە كاتی خوێندنی بەكالۆریۆس دا، لێكۆڵینەوەیەكم لەسەر شیعری سەییاب و گۆران ئەنجامدا و لەوێدا سەلماندوومە: تازەگەری شیعری كوردی بە گرێی سەدەیەك پێش تازەگەری شیعری عەرەبی كەوتووە. هۆی ئەو دەستپێشخەریەشم دەرخستووە، بەوەی وازهێنانی ئەدەبی عەرەبی لە قەسیدەی ستوونی، دەستەبەرداربوونی لە رەسەنایەتی عەرەبی دەگەیەنێت و ئەو هەوڵەش بە كارێكی سەخت دائەنرێت، كەچی ئەوە بەلای كوردەوە پێچەوانە كەوتۆتەوە، وازهێنانی شیعری كوردی لە عەرووزی عەرەبی، ئەوە دەگەینێت شیعری كوردی رووی لەباوەشی رەسەنایەتی كردووە ئەویش فۆلكلۆرەو شیعر لەسەر بڕگەی دەنگی دائەڕێژێت ][2].

(١) الحداثة الكردية، تسبق الحداثة العربية، بعقد من الزمن تقريبا – الدكتور لطيف محمد حسن – حاورة عبدالله طاهر برزنجي – الملحق العربي – لمجلة (گەلاوێژی نوێ) العدد (٤) تشرين الثاني ٢٠٠١ ص ٥٧.

(٢) سەرچاوەی پێشوو – ل ٥٧.

**گەشەکردن لە ئەدەبی کوردیدا:**

گەشـەکردن لـە ئەدەبـدا ((شـیعر، چـیرۆك..تـا دوای)) تـەنیا لایـەنێکی نەگرتۆتـەوە، بـەڵکو تـانوپۆی دەقەکـە بـە نـاوەرۆك و روخسـارەوە لـە ئـامێز دەگرێت.. ئەگـەر چـی سـەبارەت شـیعرو چیرۆك ئەرکـەکان دەگۆڕدرێـت و لـە شیعردا.. تازەگەری خۆی لە کۆت و پێوەنـدی بـەحرە عەرووزییـەکانی خـەلیلی ئەحمەدی فەرهادی و قەسیدەی یەك قافیە رزگار دەکات و سـەبارەت شـیعری نوێی کوردی کێشی بڕگـەی دەنگـی پیـادە دەکـات، ئـەوەش لەگـەڵ سروشـتو خەسڵەتی رەسەنایەتی زمانی کوردیدا گونجاو و تەبایە و بـۆ کـورد ئاسـان و لـە بـار و دروسـتە، کەچـی وەك – دکتـۆر لـەتیف محەمـەد حەسـەن – باسـی لێـوەکردووە، سـەبارەت ئـەدەبی عـەرەبی و وازهێنـا شـیعری سـتوونی کـۆن و کلاسیکی، هەنگاوێکی سەختەو بیانەوێت یاخود نەیانەوێت ئەو هەنگاوانە، وایان لێدەکات، شێوازی چەند ساڵی شیعری عەرەبی بگۆڕن.

تەقەلادان بۆبەرەو پێشبردنی بەرهەمە ئەدەبیەکان، زیاتر شێوازی داڕشتنی زمانی و چۆنیەتی و بنیاتنـانی هەیکـەلی بەرهەمەکـە دەگرێتـەوە و ئەمـەش بـە زۆری خۆی لە جوانکاری و رێك و پێکی و روخسارەکەیدا دەبینێتـەوە واتـە: لـە ئەدەبدا گرنگیدان بە گوزارە بێژی و جوانکاری لە بـواری رەوانبێژیـدا کۆڵەکـەی سـەرەکی تازەگەریـە، ئەمـە بەڕەچـاوکردنێکی وردو قـووڵی جـۆرو چـۆنیەتی هەماهەنگی ئاوازو ئاهەنگی نێوان وشەکان سەرتاپای بەرهەمە ئەدەبیەکەیە لەم بارەوە وتراوە:[ بەرجەستەکردنی دیاردەی تازەگەری لە ئەدەبی کوردیدا خـۆی لـە جوانکـاری شـیعری و وزەی بـەهێزو گوزارشـتکردنی رەوان و لێـدانی ترپـە و ئیقاعی شیعردا دەنوێنێت][1]

تازەگەری دیاردە یاخود رووداوێـك نییـە، لـە کـات و شـوێنێکی دیـاریکراودا بچەقێ، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕان و پێشکەوتن و پەرەپێداندایە، ئەمـەش بەنـدە بە توانا و بەهرەو بنەمای رۆشنبیری ئـەو ئەدیبـە خولقێنەرانـەوە کـە بەرهـەمی داهێنەری نوێی رەسەن و زیندووی سەرنجڕاکێشەر پێشکەش بە دنیـای ئـەدەب و رۆشنبیری و شارستانیەت دەکەن.

---

(١) (افـق الحداثـة في الشـعر الكـوردي المعاصـر – هاوكـار سـليمان – ملحـق جريـدة ((دةنطـى ميللةت)) العدد (٥٤) قي ٢٠ /١٢/٢٠٠١.

## بەشی دووەم

### دۆخی نوێ لە ئەدەبدا :

یاسایەکی سروشتییە، ژیان هەمیشە لە گۆڕان و پەرەپێدان و بەرەو پێشچووندایە، دیاردەی هەرە ئاشکرا ئەو گۆڕانکارییە، ململانێی ناخی تازەکە لەگەڵ ئەوەی پێشخۆیدایە وئەوەش راستەوخۆ کار لە دیوی دەرەوەش دەکات.. واتە ئەو گۆڕانکاریانە لە قووڵایی ناوەوە (ناوەرۆك) دەست پێ دەکات و ئەوسا روو لە روخسار دەکات.. ئەو ململانێیەی نێوان بەرهەمی ئێستەو پێشوو لە دیاردە فیکرییەکاندا بە گوڕو هێزێکی سەرنج راکێشەرەوە خۆی دەنوێنێ. کۆن دەیەوێت زیاتر رەگ و ریشە داکوتێت و ژیانی جاویدانە بۆ خۆی مسۆگەر بکات و فیکری تازەش هەمیشە لەو هەوڵەدایە جێ بۆ خۆی خۆش بکات و تەنگ بە فیکری پێش خۆی هەڵچنێت و لە ناخی دەروونی دەریپەڕێنێ و هەردوو فیکری کۆن و تازەکە جێ بە خۆیان ناگرن و لە جووڵەو بزواندن و هەڵپەی جێ خۆشکردنی خۆیاندان.. ئەوی رۆڵی ناسك و گرنگ لەم رووەوە دەبینێت: هۆشیاری و بەهرەو توانای خودی مرۆڤەکەیە وە ئیرادەی ناوەوەی مرۆڤ سەرباشقەی هەموویانە.

حەسیب لە زگماکیەوە هوشیاری و بەهرەی شیعری پێوە دیار بووە، لە پۆلی سێی سەرەتاییەوە شیعری هۆنیوەتەوە، واتە: توانای لە دیاریکردنی ئیقاعی شیعریدا زگماکی بووە ئەوەش کۆڵەگەیەکی بە هێزی داڕشتنی شیعری سەرکەوتووە.حەسیب یەکێکە لەو شاعیرە هەڵکەوتووانەی رۆڵیان لە تازەگەری شیعری کوردیدا بینی.. ئەوەش دیاردەیەکی سروشتییە، چونکە ئەزموونی ژیانی ئەدەبیی هەموو بوارە فیکریەکانی دی گەلانی دنیا، ئەو راستیە یان سەلماندووە: هەڵکەوتووەکان کەم و دەگمەنن، ئەوەتا لەناو زۆر میللەتان، سەدان شاعیرو چیرۆکنووسیان تیا پەیدا بووە بەڵام لەناو هەموویاندا، تەنیا چەند ناوێك ئەستێرەی ژیانیان دەدرەوشێتەوە و دەبنە

وێـردی سـەرزمانی خـەڵك و بەرهەمـەكانیان بـەرگی رەسـەنی و زینـدوویی دەپۆشن.

حەسـیب قـەرەداغیش لـەناو ئـاپوورەو شـەپۆلی ئـەو هـەموو شـاعیرانەی سەردەمی خۆیدا لەبەردەم گەردەلوولی گۆڕان و بەرەو پێشچووندا، دەنـگ و رەنگی ئەدەبی خۆی پاراستووە.

خـۆڕاگری حەسـیب و بـەردەوامی لەتـەك كـاروانی شـیعری نـوێی كـوردی وجیهـانی ئـەو ئەركـەی سـەپاندووە، پێویسـتە لێكۆڵینـەوە لـە قۆناغـە جیاجیاكانی ژیانی ئاسایی و شیعری ئەو بكرێت، تا بەروونی و ئاسانی جـۆرو چـۆنیەتی هـەنگاونان و بـەرەو پێشچـوون و ئـەو گۆڕانكاریانـەی بەسـەریدا هاتوون دەستنیشان بكرێن.

لێكۆڵینەوە لە قۆناغەكانی ژیانی،بەم شێوەیە قازانج بـەم نووسـینەوەیە دەگەیێنێت و دەوڵەمەندی دەكات.

### قۆناغی یەكەم

### ***سەرەتای ژیانی شیعری حەسیب:***

حەسیب لەم قۆناغەی ژیانیدا، سەرەتای تەمەنی شیعریی لە لادێ و لەناو بنەماڵەیـەكی ئـاینی و ئەدەبیـدا دەسـت پـێ دەكـات، بـەجۆرێك هـەر لـە منداڵیـەوە زیرەكـی و بـەهرەو توانـای داڕشـتنی شـیعری پێـوە دیـار بـووە، كاریگەری ئەو كەش و هەوا ئەدەبیـەو خولیـاو هـۆگری خۆشـی بـۆ ئـەدەب و شیعر، هانی داوە لە پۆلی سێی سەرەتایی، گڕكانی پەنگ خـواردووی توانـاو بەهرەی شیعری بتەقێتەوە و ئەم شیعرە بۆ قوتابیانی قوتابخانە، دێی سۆڵە بهۆنێتەوە:

***ئێمەین قوتابی سۆڵەی موقەددەس***

***بێ ترسو پەروایـن باكمان نییە لەكەس***

تەنیا روانینە واتاو جوانی و ئیقاعی شیعری ئەو بەیتە شیعرییەی شـاعیر، بـەهرەو لێهـاتووی شـاعیرمان بـۆ دەردەخـات و ئـەو مزگێنیـە دەبەخشـێ:

ئایندەیەکی گەش چاوەڕوانی دەکات.

ئەو قۆناغەی ژیانی حەسیب لە دێیەکەی خۆیان و تێکەڵی لەگەڵ دنیای ئەدەب و رۆشنبیری ئایینی و کۆمەڵایەتیدا قۆناغێکی نوێی لا دروست دەکات و بەوەش بنەمایەکی پتەوی بۆ قۆناغی دواتر داناوە.ئەو قۆناغە، تا هاتنی بۆ شاری سلێمانی و وەرگتنی لە [خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی دێهاتەکان] لە شاری مەحاویلی سەر بە پارێزگای حلە، بەردەوام دەبێت..لەو ماوەیەدا ئاسۆی بیری شاعیر فراوانتر بووە، بەهۆی تێکەڵی لەگەڵ کۆمەڵگای نوێی شارو ئەدیب و شاعیرو مامۆستایانی سلێمانی و دواتر تێکەڵی لەگەڵ کۆمەڵێ قوتابی تازەکە هەریەکەیان لە گەڕەکێك یاخود شاریکەوە هاتبوون و کاریگەری بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمەی عیراق و کوردستان بە تایبەت پاش دامەزراندنی پارتی کورد لە ١٦ / ٨ / ١٩٤٦ دا کاریگەری بە هێزیان لەسەر جۆرو چۆنیەتی بیرکردنەوەی قوتابیان و لاوانی ئەو سەردەمە هەبوو..

پەروەردەکردنی حەسیب لە لایەن باوانی و ئەو دۆخە کوردەوارییە بێ خەوش و پاکەی تیایدا دەژیا، پاڵی بە حەسیبەوە نا، لەسەرەتای ژیانییەوە،سەنگەری خەباتی کوردایەتی بۆخۆی هەڵبژێرێت و لە ریزەکانی ئەوسای پارتی دیموکراتی کوردا تێبکۆشێت.

لەم بارەیەوە بەهات دەڵێ: [سەرەتای تێکەڵبوونی شاعیر، بەدنیای جەنجاڵی پڕ لە سیاسەت لە راپەڕینەکەی ١٩٤٨ ەوە دەست پێ دەکات، سەرەتا لە پارتی دیموکراتی کوردستاندا دەست بە تێکۆشان دەکات ][1].

ئاشکرایە ئەوانەی سەنگەری پارتیان بۆ تێکۆشانی خۆیان هەڵبژاردووە، لە روانگەی دیاریکردنی سەنگەری خەباتی کوردایەتیەوە بووە و نەتەوەییانە بیریان کردۆتەوە، نەك خەباتی مارکسیانەو چینایەتی !..ئەمە لە کاتێکدا

---

(١) بەسەرکردنەوەیەکی خێرای وێستەگەکانی ژیانی، حەسیب قەرەداغی نەمر –بەهات حەسیب قەرەداغی –فەرهەنگی خەم (4) – شیعر – حەسیب قەرەداغی ١٩٩٨ – سلێمانی ل ك.

حەسیب کە لە دێیەکەی خۆیانەوە هاتۆتە شارو دواتر بۆ مەحاویل چووە، سەنگەری خەباتی نەتەوەیی بۆ خۆی دیاریکردووە، ململانێی چینایەتی لە گوندەکەیاندا دیار بووە، نەك ئەوە، بەڵکو ململانێی نێوان هەردوو توێژی شێخ و رەش و رووتی خەڵکەکە بە زەقی هەستپێدەکرا، بەڵام ئەو بڕوای بە فیکرو خەباتی نەتەوەیی بووە کە لە هەمان کاتدا چارەسەری کێشەو ململانێی چینایەتیش دەکات.. شیعرەکانی ئەو سەردەمەی شاعیر جگە لە بنیاتنانی بەهێزی هونەری شیعری لە رووی ناوەرۆکیشەوە رەنگدانەوەی بیرو باوەڕی کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوەی کوردی پێوە دیار بوو:[ ...کە لەناو پارتیدا بوو،هۆنراوەکانی زیاتر دروشم هەڵگری نەتەوەو کوردایەتی و خۆشەویستی وڵات بوون ][1].

حەسیب تا لەناو پارتیدا خەباتی دەکرد، ناوەرۆکی شیعرەکانی بە ئاشکرا لەروانگەی خۆشەویستی خاك و نەتەوەی کوردەوە هەڵقوڵاوە، بەڵام کاتێ سەنگەری خەبات دەگوێزێتەوە بۆ ناو حزبی شیوعی، کاریگەری فیکرو ململانێی چینایەتی بە شیعرەکانییەوە زیاتر خۆی دەسەپێنێ هەر لەم بارەوە بەهات دەڵێ: [دواتر ریزەکانی حزبی شیوعی عیراقی بۆ تێکۆشانی چینایەتی و نەتەوەیی و نیشتمانی هەڵبژارد ][2]. پاش ئەوە دیسان بەهات لەبارەی ئەوەی حەسیب چۆتە ناو رێزەکانی ((حشع)) کاریگەری ئەو چوونەی لەسەر شیعرەکانی دەردەخات و دەڵێ:[کە چووە ناو رێزەکانی (حشع)ەوە تەوەرەکانی هۆش و سۆزی بوونە: برسێتی، هەژاری، زوڵم و زۆر، دەرەبەگ و ئیستعمار ...هتد ][3]

سەرەتای ململانێی فیکری و دەروونی حەسیب لە نێوان فەلسەفەو ئایدۆلۆژیەتی نەتەوەیی و ئومەمیدا لەو ساتەوە دەسپێدەکات کە چووە ناو

---

(١) بەسەرکردنەوەیەکی خێرای وێستەگەکانی ژیانی، سەرچاوەی پێشوو ل ك.

(٢) سەرچاوەی پێشوو ل ك.

(٣) سەرچاوەی پێشوو ل ك.

حزبی شیوعی عیراقەوە و ئەو ململانێیەش، تا دوا هەناسەی ژیانی کەم و زۆر و دوورو نزیك شوێنەواری مابوو، هەریەك لە فیكری نەتەوەیی ((خانە خوێی)) هـۆش و بـیری دەروونـی، لەگـەڵ فیکـری ئومـەمی (میـوان) لـە زۆرانبـازی و بەگژاچوونی هەمیشەیی یەكتریدا بوون.

لـەم بارەیەشـەوە تانیـا دەڵـێ:[ لـە سـاڵی ١٩٥٣ دا کـە لـەناو ریزەکـانی خـــەباتی ((حزبـــی شـــیوعی عیراقـــی))دا کاردەکـــات، شـــارەزای کلتـــووری ((کۆمـۆنیزم)) دەبێـت بـەلاَم دیسـان بـوونی دوو کلتـووری جیـاواز و دژ یـەك ((کلتـــووری ئیســـلامی و کلتـــووری کۆمـــۆنیزم)) جـــاریکی تـــریش دژیەکـــە ناکۆکەکان لە ناخی شـاعیردا دەورووژێـن و ژیـانی فیکـری شـلۆق و نـا ئـارام دەکەن][1]

لێرەدا نەوتراوە ژیانی فیکـری شـلۆق کـرد، بـەلاَم هەسـت بـە نائـارامی و زۆرجار دوودڵی لە نێوان قسـەو هەڵوێسـت و بەرهەمەکانیـدا دەکرێـت، بـەلاَم جیاوازی فیکری نێوان واتاو ناوەرۆکی شیعرەکانی بەرلەوەی واز لە ریزەکانی پارتی بهێنێت لەگەڵ ئەو شیعرانەی دوای وازهێنانی لـە پـارتی و چـوونە نـاو ریزەکانی حزبی شیوعی یەوە ئاشکرا و روون ئەبینرێت بە نموونە لە شـیعری هەیکەڵی ئیخلاص کە لە رۆژی ٢٨ /٣ / ١٩٥٣ دا دایناوە و دەڵێ:

**سـەرم قوربـانی گـەنجێ بـێ کـە بـۆ میـــللەت بـەقوربان بـێ**
**سـەری بـۆ تـیری بەدخـواهی وەتـەن، دائـم بـە قـەڵغان بـێ**
**ســـەرم، رۆحـــم، دڵ و دیـــنم، بـــە قوربـــانی دەمـــاخی بـــێ**
**بە بادەی عیشقی ئـــینسانی، رەئیسی جەمعی مەستان بێ**
**کـــە رۆژی ســـەندنی حـــەق هـــات و رۆح فـــیدایی بێـــت**
**نە ترسی کوشـتن و لێدان، نە ئـــەندیشەی لە زیــــندان بێ**
**هەزار پەیمان و کـــورسی بـــەرز، هـــەزاران سەفتەی کاغـەز**
**بـەرانبەر عەشقی میللی ئەو وەکو پووشێکی بێ دان بێ[2]**

---

(١) دیاردەی غەم لەشیعری حەسیب قەرەداغی دا نامەی ماجستێر، تەنیا ئەسعەد حەمە سالح کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاّحەدین، ٢٠٠١، ل١٨.

(٢) فەرهەنگی خەم(٢) شیعر حەسیب قەرەداغی چاپی یەکەم– ١٩٨٩، ل٣٠٥.

لــەو کۆپلــە شــیعرییەی پێشــەوەدا هەســتی نەتــەوەیی و گیــانی نیشـتمانپەروەری دوو رووی گەشـی نـاوەرۆکی شـیعرەکەن. شـاعیر لـە دوو تـوویی نێـوان بەیتـە شـیعرییەکانەوە، خـۆی بـەقوربانی نەتـەوەو خاکەکـەی دەکـات و تەنانــەت بــە قوربــانی ئەوانــەش دەبێــت، دڵســۆزی نەتــەوەو نیشـتمانەکەیانن، ئـەوە بـیرو ڕاو هەڵوێسـتی حەسـیبە لـە کاتێکـدا لـەناو ریزەکانی پارتیدا دەبێت.. بە پێی ناوەڕۆکی ئـەو شـیعرە ، هێشـتا حەسـیب وازی لە پارتی نەهێناوە، دیارە ئەو بەرواره واتە ٢٩/ ٣/ ١٩٥٣دوای بەستنی کـۆنگرەی سـێیەمی پارتییـە، چـونکە سـێیەم کـۆنگرە لـە ١٩٥٣/١/٢٦لـە شـاریکەرکووك بەسـتراوەو لـەم رووەوە عـەلی عەبـدوڵلا دەڵـێ:[ئـەوەبوو نوێنەرانی کـۆنگرە دیـاریکراو لـە ٢٦ی کـانونی دووەمـی ١٩٥٣ دا کـۆنگرەی سێیەم لە کەرکووك لە ژێر زروفێکی پڕ مەترسی و سامناکدا بەسترا..][1]

واتە ئەو شیعرە نەتەوەییانەی شاعیر دوای کۆنگرە نەك پێش کۆنگرە لـە دایك بووە، چونکە حەسیب لەگەڵ دەرکردنی هەمزە عەبـدوڵلا لـە کـۆنگرەی سێیەم، ئەویش وازی نەهێناوە و تا ئەو کاتـە سەنگەریشـی بـۆڵای ریزەکـانی حشع نەگواستۆتەوە.

لێـرەدا پرسـیارێك دەسـتەو یەخـە لێمـان دەوەسـتێت، ئـاخۆ وازهێنـانی حەسـیب لـە پـارتی لەبـەر ئـەوە بـووە، بـڕوای بـە مارکسـیەت و خـەباتی چینایەتی هەبووە؟.. خۆ گەر وابێ دەبوو حەسیب لـە کـۆنگرەی سـێیەمەوە زیـاتر پابەنـدی پرۆگـرام و پـەیڕەوی نـاوخۆو بڕیارەکـانی کـۆنگرەی ببوایـە، چونکە لە کـۆنگرەی سـێیەمەوە مارکسـیەت بـە زەقـی بـاڵی بەسـەر پارتیـدا گرت.. ئەمەش هەندێك لە بڕیارەکانی کۆنگرەی سێیەمە:

[:١–نـاوی ((پـارتی دیمـوکراتی کـورد)) بـوو بـە ((پـارتی دیمـوکراتی کوردستان –عیراق)).

---

(١) مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان تا کۆنگرەی سێیەم عەلی عەبدوڵلا، چاپخانەی خەبات ئەیلوول ١٩٦٨– ل ٢٩)

٢–گۆڕینی پرۆگرامی پارتی بەرەو چەپڕەوی و نەگونجاو لەگەڵ بزووتنەوەی ((کوردایەتی راستەقینە)) چونکە بەتەواوەتی بیرو باوەڕی ((مارکسیزم – لینینزم))ی هەڵگرت و دانی بەوە هێنا، کە کاتێک بزووتنەوەی کوردایەتی تەعارووزی کرد لەگەڵ بزووتنەوەی سۆشیالیزمی و ئومەمیەتی عالەمی پێویستە لێی لابدرێت.

٣–دەرکردنی سکرتێری پارتی ((هەمزە عەبدوڵڵا))بەیەکجاری لە ریزی پارتیدا][1].

لەبارەی ئەو راستییەی پێشوو، گەر حەسیب دوای کۆنگرەی سێیەمی پارتی بڕوای بە بیرو باوەڕو فەلسەفەی مارکسیەت و خەباتی چینایەتی و ئومەمیەتی جیهانی هەبوو، نەک چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا واز لە پارتی بهێنێت بەڵکو پێویست بوو لەسەری کە زیاتر و توندو تۆڵتر لە ریزەکانی پارتیدا خەباتی بکردایە، چونکە لە کۆنگرەی سێیەمەوە، دیاردەی مارکسیەت لەناو پارتیدا بەتەواوی بڵاو بووبوەو تا ئاستێکی بەهێزیش چەسپا.. [رێبازی نوێی دوای کۆنگرەی سێیەمی پارتی، ئەو راستیە ئەسەلمێنێت:((لە ئەنجامی شۆڕبوونەوەی باڵی رێبازی پێشکەوتنخواز بەسەر پارتیدا)) ئا ئەوە بووە هۆی هاو بەشی کردنی پارتی لە جموجۆڵ و چالاکی یەکگرتوو،بەگەڵ چەپڕەو و شیوعییە عیراقییەکان و لە میهرەجانە نێو دەوڵەتیەکان و جولآنەوەی ئاشتیخوازانە][2]

ئاخۆ چ هێزێکی فیکری یاخود دەروونی راستەوخۆ یا لاوەکی پاڵی بە شاعیرەوە نا، وەرچەرخانێکی ئاوا تیژ و توند، بەسەر ژیانی فیکریدا بهێنێت؟.. لەبارەی ژیانی حەسیب لەو سەردەمەی ریزەکانی پارتیی بۆ کارو خەباتی کوردایەتی هەڵبژاردبوو،، مستەفا سالح کەریم لە دانیشتنێکی

---

(١)مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان تا کۆنگرەی. ...، سەرچاوەی پێشوو،ل٧١–٧٢.

(٢)الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن ، ١٩٠٨ – ١٩٥٨ عبدالستار طاهر شريف (د)– الطبعة الاولى – بغداد ١٩٨٩ – ل ١٠٨

خۆمانەدا گێڕایەوە و ووتی: [کاتێك حەسیب پارتی بووە، سەیرانێکیان بۆ ئاوێسەری تەوێڵە کردووە، حەسیب لەهێڵی سنووری نێوان عیراق و ئێران، بە نووکە شەق لەبەردێکی هەڵداوەو وتوویەتی: باشە ئەمە سنوورە، ئەمە ئێمەی کورد لەیەکتر جیا دەکاتەوە؟!!].. ئەوە هەست و بیرو باوەڕی حەسیبی سەردەمی پارتایەتیی بوو ... سەرەتای خاڵی وەرچەرخانی فیکری لای ((ئەو)) لەم شیعرەدا رەنگی داوەتەوەو شیعرەکە لە ٢٠ /١١/ ١٩٥٣ دا هۆنراوەتەوە.. واتە پاش نزیکی (١٠) دەمانگ لە کۆتایی هاتنی کۆنگرەی سێیەمی پارتی و تیایدا دەڵێ:

**ئەی کرێکاری نەبەرد و کاکی جوتیاری هەژار**
**ئەی زەلیلانی چەپۆکی خوێن مژانی شەرمەسار**
**ئەی کەسانی دیل و بەندی زۆر و سوخرەی بێ شومار**
**ئەی رەفیقانی زەبوونی میری دەشت و حوکمی شار**
**ماوەیێکە بەشخوراوین سا بەسی بێ ، کۆششێ**
**بۆ نەجات و بەختیاری، راپەڕینێ شۆڕشێ**[1]

حەسیب کە وازی لە پارتی هێنا، هەر بەوەوە نەوەستاوە، هێزو توانای فیکری و جەسەدی خۆی بۆ خەباتی چینایەتی و بیرو باوەڕی مارکسی تەرخان بکات، بەڵکو گڕکانی تووڕەیی دەروونی بە جۆرێکە، تەنانەت بە هەڵچوونێکی ئەوتۆوە، هێرش بۆ سەر داب و نەریتی کۆنی کوردەواری و بۆ مەزاری باوانیشی دەبات.دیارە بە پێی بیرو بۆ چوونی ئەو سەرەتای ژیانی هەرزەییەی و رووکردنە حزبی شیوعی، ئەو هەڵوێستەی بە پێشکەوتنخوازی دژ بە کۆنەپەرستی داناوە. ئەوەتا لە ١٢ / ١٠ / ١٩٥٣ دا لە قۆپی قەرەداغ، لە ناو ئاپۆرەی گەرمی جووتیاراندا دەڵێ:

---

(١) دیاردەی غەم لەشیعری حەسیب قەرەداغی دا تانیا ئەسعەد محەمەد ساڵح، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠١، ل٢٢.

دەنامەردت نەکەن جوتیار، برای بەد بەخت و بێ چارە
لەرەنجی خـــۆت و خێزانـت غـەریب و دوورو ئـاوارە
وەکـــو شـێری نـــەبەرد هەڵسەو بناڵێنـە و بنرکـێنە
قـەڵای مـیرو بـەگ و ئاغـاو مـەزاری شـێخ بڕوخێنـە[1]

ئەوەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە، لەسەرجەم شیعرەکانی حەسیبدا ساغ بۆتەوە، ئەو توند ڕەوی بیرو باوەڕی مارکسیەتەی تەنیا لەچەند پارچە شیعرێکی سەرەتای وازهێنانی لە پارتی و چوونە ناو ریزی ((حشع)) ەوە هەست پێدەکرێت، دیارە زاڵبوونی تای تەرازووی بیری مارکسیەت و ئومەمیەتی جیهانی بەسەر ئەسڵی شیعرەکانی حەسیبدا تەمەنیان یەجگار کورت بوو، ئیدی هەردوو فیکر، لە بەگژا چوونێکی سەرسەختانەی یەکتردا بوون و ئاکام دەردەکەوێت کام لایان سەرکەوتنی دواییان بۆخۆی مسۆگەر کردووە و شایەتێکی راستگۆیە، ئەویش ژیان و ئەزموونی شیعریی و شیعرەکانی دوای قۆناغی گواستنەوەو تا کۆتای ژیانی ئەو مرۆڤە بەهرەدارەیە.

**قۆناغی دووەم:**

**گۆڕانکاری نوێ بەسەر ژیانی ئاسایی و شیعریی حەسیبدا**

ئەم قۆناغەی ژیانی ئاسایی شاعیر کە جیایە لە ژیانی ئەدەبیی، چەند گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە.

١- دوای ئەوەی بە هۆی چالاکی سیاسییەوە لە ((خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی دێهاتەکان)) دەردەکرێت و دەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی و دواتر روو دەکاتەوە گوندەکەی خۆیان و پاش چەند ساڵێك دیسان بەرەو شار دەبێتەوە و ساڵی ١٩٥٥ خانەو ژیانی هاوسەری پێك دەهێنێ تا شۆڕشی

(١)دیاردەی غەم لەشیعری حەسیب قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو١٢٢.

١٤ ی تـەمووزی ١٩٥٨ حەسـیب بـەکاری ئاسـایی و چـاودێری کرێکارانــەو بەموچەیەکی کەم ژیانی بەسـەر بـردووە و دواتـر بـە موچـەخۆر لـە دائـرەی ((ئیعاشــە)) دامــەزراوە.. ئــەو ژیانــە تــا کودەتــای هەشـتی شـوباتی ١٩٦٣ بەردەوام دەبێ.

٢- ژیـانی سیاسـی ئـەم قۆناغـەی حەسـیب لـە دوای سـاڵی ١٩٥٣ەوە دەستپێدەکات، بە تایبەت لەو کاتـەی واز لـە خـەباتی نـاو ریزەکـانی پـارتی دیموکراتی کوردستان دەهێنێت، روو لە تێکۆشانی ئومەمیانەی ناو ریزەکانی حزبی شیوعی عیراقی دەکات..ئەم قۆناغەی تەمەنی سیاسی بەر ژیـانی لادێ و ناو دێیەکەی خۆیان و دواتر شار دەکەوێت... کە لە شار دەبێت، نەك تەنیا بەشـداری جـم و جـۆڵ و چـالاکی سیاسـی دەکـات، بـەڵکو راسـتەخۆ لـە رێکخستنەکانی حزبی شیوعی عیراقیدا تێدەکۆشێت.. وەزع لـە سـاڵی ١٩٥٣ تا ساڵی ١٩٥٨ ئاسایی دەڕوات و ماوەی دوای بەرپابوونی شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ تا هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول لـە١١ /١٩٦١/٩ حەسـیب لەسـەر راسـتە هێڵێکـی سیاسـی و حزبایـەتی بـەردەوام بـووە، بـەڵام دوای بەرزبوونەی گڕوکڵپەی ئاگری شۆڕشی کوردسـتان..دۆخ و کەشـی سیاسـی و رۆشنبیری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی تەواو گۆڕانکاریان بەسـەردا دێ، لەلایـەك شۆڕش داوای مافە سـەرەتاییەکانی مـرۆڤ لـە حکومـەتی عەبدولکـەریم قاسـم دەکات و عەبدولکەریم قاسمیش بە ئاگرو ئاسن وەڵامی داخـوازی ومافـەکانی میللەتی کـورد دەداتـەوەو بـە دەبابـەو فڕۆکـەی سـۆخۆی و مێگـی روسـیای قەڵای میللەتانی ئەوسا، شارو دێهاتـەکانی کوردسـتان کـاول دەکـات و شـان بەشانی سوپای کۆماری عیراقی شەڕ لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستان دەکەن، ئـەو پێشـمەرگانەی زۆربـەی هـەرەزۆریان، پاڵـەو جوتیـارو زەحمـەتکێش و کرێکارو پۆلیس و کاسبکاری بچووك و قوتابیان بوون، لەو لاشەوە هەڵوێستی حزبـی شـیوعی یـان بـێ لایـەن بـوو یـاخود بـەهۆی پاڵپشـتی سـۆڤیەت بـۆ (عەبدولکـەریم قاسـم) لـە ژێـر دروشمـی ئاشـتی بـۆ کوردسـتان پشـتی ئـەو حکومەتـەیان دەگـرت. ئـەم دیـاردە ناکۆکـە، نـەك هـەرکاری کردبـووە سـەر

حەسیبی شاعیری هەست ناسك و بە هەڵوێست و نیشتمان پەروەر،بەڵكو ڕەنگدانەوەی لای زۆربەی ئەندام و دۆست و لایەنگرانی (حشع) بە ئاوەژووە هەبوو، ئەو حاڵ و بارەی ئەوسای سیاسی كوردستان، جۆرە دوو دڵی و ناڕەزایی، لای زۆربەی ئەندام و لایەنگرانی (حشع)دروست كردبوو، كوورەی ئەو ناڕەزاییە لای حەسیب زیاتر تاوی سەندبوو، تا ئەو كاتەی لە زیندانی نوگرە سەلمان بە خودی خۆی و بیرو باوەڕو شیعرو ژیان و هەڵوێستی خۆیدا دەچێتەوە و دوا بڕیاری یەكلایی كردنەوەی ئایندەی فیكری و شیعری خۆی دەدات.

٣- هەر لەم قۆناغەی تەمەنی ژیانی ئەدەبی حەسیب، هەست بەوە دەكرێت.. تەنیا وەك شاعیرێكی ئاسایی و لاساییكەرەوەی شاعیرانی بەر لەخۆی، شیعری هەیە، بێ ئەوەی كیانێكی شیعریی سەربەخۆی بۆ خۆی دروستكردبێت، لەو تەمەنەدا (ئەو) خاوەنی دەنگ و ڕەنگی شیعریی دیاری كراوی خۆی نەبووەو لەگەڵ ژیانە ئاساییەكەی خۆی و كاروانی چالاكی سیاسی و حزبی، هاوكار و هاوبەش بووە ... تا ساڵی ١٩٦٤ ڕەوانەی بەندیخانەی نوگرە سەلمان دەكرێت و ((شیعری ئەی ڕۆژ)) لە دایك دەبێت ئەمەش بە قۆناغی گواستنەوەو شیعری نوێی حەسیب دەژمێردرێت.

### قۆناغی نوێی ژیانی شیعری شاعیر.

ئەم قۆناغە لە ژیانی حەسیبدا یەجگار گرنگ وبایەخدارەو پێویستە بەوردی هەڵوێستەی لە بەرامبەر بكرێت.. ئەویش لەبەر ئەمانەی خوارەوە:

یەكەم: لە ڕووی فیكرو ناوەڕۆكی شیعرەكانییەوە، حەسیب دوای ئەوەی وازی لە ڕێزی پارتی هێنا، ئیدی دووچاری بەیەكدا چوونی فیكری و ململانێی دەروونی بوو، ئەو دیاردەیە تا دوا هەناسەی ژیانی مێوانی بوو. ئەو ململانێ فیكریەش لە نێوان ئایدیۆلۆژیەتی نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژیەتی ئومەمیەتی جیهانی یاخود ماركسیەتدا بوو.

سەرەتای ژیانی منداڵی حەسیب لەناو كۆمەڵگەی كوردەواری و خانەی

باوانی رۆشنبیرو ئاینیدا بەسەر بردبوو، لە لادێ بە دابو نەریتی کوردەواری و پـەروەردەی واتـای بـەرزی ئـەدەبی کـوردی گـۆش کـرا بـوو، ئـەو دۆخـە کوردەوارییـە، زەمینـەی لـە بـاری بـۆ چەسـپاندنی بـیرو چـالاکی و خـەباتی کوردایەتی لای شاعیر خۆشکردبوو.

،ئەو بنەما بەهێزەش، هانیدا لەسەرەتای ژیانی سیاسی و حزبایەتیی روو بکاتە ریزی خەباتی پارتی و سەنگەری کوردایەتی هەڵبـژێرێت، کەچـی دواتـر لە ژێر کاریگەری هەر هێزێکی فیکری و دەروونی یاخود قەناعەتی شەخسـیدا بوو بێت، خەبات و ململانێی چینایەتی و فەلسەفەی مارکسی بۆ خۆی دیاری دەکات و پاشتر دەچێتە ریزی حزبی شیوعی عیراقیەوە.

لە کاتی لێکۆڵینـەوەی ئەکادیمیانـە لـەو دیاردەو ململانێیـەی نێـوان دوو ((فیکـرو فەلسـەفەو کـەلتووری)) جیـاواز، زۆر راسـتیمان بـۆ دەر دەخـات و ئەوەش لە خزمەت شیعرو ژیانی شاعیر و هەم لە خزمەت ئەدەبی کوردیدایە.

گۆڕانکاری بەسەر بـیرو بـاوەڕو هەڵوێسـتی مرۆڤـدا کـارێکی ئاسـاییەو هیچ خەوش و عەیبێکی تیا نییە، چـونکە ئـەو گۆڕانکـاری و پەرەپێـدان و بـەرەو پێشچـوونە، سـوننەتی ژیانـەو هـەم لەگـەڵ یاسـای گۆڕانکـاری و پەرەپێدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا گونجاوە..بـەڵام ئـەوەی لێـرەدا جێـی ئاماژە پێکردنە، ئاخۆ ئەو مرۆڤەی واز لـە بـیرو باوەڕێـك دەهێنێـت، بـیرو باوەڕێکی دی هەڵبژێرێت و بڕوای پێدەهێنێت، یـان یـەکجاری واز لـە بـیرو بـاوەڕی پێشـوو دەهێنێـت؟ یـاخود ئەمـە رێژەییـە و هـەر لـە ململانێـی نیوانیاندا دەژی؟.. دەکرێت بووترێت: ململانێکـە درێـژەی هەیـە تـاکو بـە قەناعـەت و ئـیرادەی تـەواوەوە خـۆی یـەکلایی دەکاتـەوە و ئـەو لایەنـە هەڵدەبژێرێت کە پێی راستە.

زۆرجار یەکلاییکردنەوەی ئەو ململانێیە دەروونییـەی نـاخی مـرۆڤ، تـەنیا لەدەست خواست و ویست و ئارەزووە روو کـەش و سـادەکانی ئـەو مرۆڤـەدا نییە، ئیرادەی دیـوی نـاوەو قـووڵایی دەروونـی رۆڵـی مـەزن لـە قـەبوڵکردنی هەریەك لە بـیرو بـاوەڕە دێرینەکـە یـاخود تازەکـەدا دەبینێـت، وەك دەڵێن:

فلأنه شت بەدەست ئەو مرۆڤەیە، بەلأم بـەدڵی نییـە..!! حالـەتی ململانێـی دەروونی نێوان دوو فەلسەفە، تەنیا لای حەسـیب روونـەداوە.. ئـەوەتا لـەم بارەوە ئەحمەد هەردی دەڵێ:[ چونکە ژیانی دەروونی و هەست و سۆزی ناخ و هۆشی مرۆڤ، ئەوەندە سادە نییە، یان ژوورێکی سادەی دوو دەرگـا نییـە، لەم سەرەوە تەوژمێکی تیَ بکەیت، لەو سەرەوە بچێتە دەرەوە! بەڵکو هـەر شەپۆلێك یان تەوژمێکی بیروڕا، یان تەوژمێکی سۆزو خۆشەویستی و هونـەر، کەچووە دەروون و ناخی هەستەوە و ڕەگی داکوتا، هەروا بە ئاسانی شـوێن بۆ تەوژمێکی نویَ بە جیَ ناهێڵێ، بەڵکو لە تەکیدا ئەکەوێتە زۆرانبازی. بگرە لەوانەیـە تـا ماوەیـەکی زۆر هـەردووکیان شـوێنەواریان لـە دڵ و دەروونـدا دیاربێت، تا لەدواییدا یەکێکیان سەرئەکەوێت][1].

ئەحمـەد هـەردی بـیرو ڕای خـۆی لـە بـارەی سـەرکەوتنی بـیری نـویَ یـا دێرینەکە دەر نەبڕیوە تەنیا دەڵێ لە دواییدا یەکێکیان سەر دەکەوێت، ئـەوە کامە لایەنیانە؟ ... ئەوە ئەو لایەنەیە، کە مرۆڤەکە خۆی لـە ئاکامـدا بـڕوای پێدەهێنیَ.

بـە پێـی لێکدانـەوەی واتـای نـاوەوەی شـیعرەکانی شـاعیر تـا کۆچـی ماڵئاوای لەتەك ئەو دا ژیاوە ئەوەی تا ئێستە چەسپاوە، بە دڵ و هۆش و بیر لەناخەوە لە تەك بیرو باوەڕە دێرینە ((خانە خوێیەکە)) یـدا بـووەو هـەرواش مایەوە.. ئەو حاڵەتە دەمان گەێنێتە ئـەو ئەنجامـەی: ((حەسـیب شـاعیرێکی نەتەوەیی کورد بوو)).. کاتێك (ئەو) لە ژیاندا بـووە، (پ.د) کامیـل حەسـەن عـەزیز بەسـیر هـەمان ئـەو بـۆ چـوونەی دەربڕیـوە کـە حەسـیب شـاعیرێکی نەتەوەیی کوردە و حەسیبیش هیچ لارییەکی لەو ڕایە نـەبووە، ئـەوەتا پ.د. کامـل دەڵـێ:[مامۆسـتا حەسـیب قـەرەداغی کـە هەسـتیارێکی نەتەوایـەتی و شارەزای مێژووی دێرینی میللەتەکەیەتی ][2].

---

(١)رازی تەنیایی – شیعر – ئەحمەد هەردی – چاپی دووەم – چاپخانەی زانکۆی سـەلأحەدین –هەولێر – ١٩٨٤ ل. ١٠ – ١١

(٢)ویژەی کوردیو رەخنەسازی کامیل حەسەن بەسیر (پ. د) چاپی یەکەم – ١٩٩٠ ل ٢٣٥

شاعیر ئەگەر لە شیعرەکانیدا باسی چەوساندنەوەی کرێکارو جوتیار و زەحمەتکێشی کردبێت، هەر لەو روانگەیە بووە، ئەو چینانەش، بەشێکن لە نەتەوەی کوردو بە رزگاربوونی نەتەوەیی کورد لەدەست چەوساندنەوەی نەتەوەیی ئەوانیش ئازاد دەبن.

(ئەو)شاعیرێکی نەتەوەییە و خەمخۆری کوردو مرۆڤایەتی بوو، دەیویست کورد وەك مرۆڤ بژی و بە مافە نەتەوەییەکانی بگات. بەم جۆرە لە هەستی کوردانەو مرۆڤانەی شاعیر دواون: [ حەسیبی شاعیر: خەمی کوردو مرۆڤایەتی هەبوو][1]

بیر و باوەڕی نەتەوەیی، هەڵقوڵاوی ناخی بیرو باوەڕی مرۆڤایەتییە و یەك تەواوکەری ئەوی دیانن، چونکە بە رزگارکردنی هەر نەتەوەیەك لەدەست چەوساندنەوەو پێشێلکردنی ماف و خاکی داگیرکراویان، بەواتا بەشێك لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی رزگاری بووە..

دووەم: ئەم لایەنەی گۆڕانکاری ژیانی شیعری شاعیر، لایەنی هونەری بەرزی شیعرو جوانکاری روخسارو تازەگەرییە لە فۆرمەدا. حەسیب خۆشی مەبەستی لەم لایەنە، ئەوەیە: ببێ بەخاوەنی دەنگ و رەنگی هونەری شیعریی خۆی وتێکستی جوان و شیعری نوێی هونەری پێشکەش بکات.

تێکست: ئەو بەرهەمە چەسپاوەیە، روخسارو ناوەرۆك پێك دەهێنێت و دوای بڵاوبوونەوەی دەبێتە موڵکی خەڵك و مێژوو ... تێکستی ئەدەبی لە هەموو روویەکی فیکری و زمانەوانی و رەوانبێژییەوە بایەخی هەیە: [دەق هەر تەنیا بابەت نییە، دەق بونیادێکی زمانەوانی و رەوانبێژی و سسیۆلۆژی و دەلالیە..][2]

---

(١)دیمانە بە بۆنەی –ساڵیادی وەفاتی حەسیبەوە – چالاك تاڵەبانی – تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان – شەوی ٩ – ١٠ /١ /٢٠٠٢

(٢)باری ئێستای ئەدەبی– رێبین رەسوڵ ئیسماعیل – ئەدەب و هونەر – رۆژنامەی برایەتی – ژمارە ٣٦٠٨چوارشەممە ٢٠٠٢/٢/٦.

گـەر حەسـیب لـە دوای شۆڕشـی چـواردەی تـەمووزەوە پابەنـدی ئایـدیۆلۆژی و چـالاکی حزبایـەتی نەبووایـە، زووتـر هـەنگاوی بـۆ بـەدیهێنانی ئاواتەکانی لە دونیای ئەدەبدا دەنا.. ئەگەرچی لـە کۆتـایی پەنجاکانـەوە لـە ئاسـتێکی بـەهێزدا تەقـەلای بـۆ بەرەوپێشچـوونی شـیعریی خـۆی داوەو ویستوویەتی خۆی لە قەسیدەی یەك کێشی ستوونی بپارێزێت و پـەنای بـۆ کـــــێشی خۆمـاڵی (بڕگـە) بـردووە.ئـەو بـەخودا راپەرموونـەی شـاعیر، وایلێکـردووە. دەنگـی گلـەیی لیبەرزبێتـەوە، بۆچـی مـافی شـیاوی خـۆی پێنابڕێت:[بەڵام ئەوەی شیاوی باسە من لەبەر ئەوەی خۆم بێ دەست و ژیان بە ئاشووب و کوێرەوەری بـووم، نـەمتوانی هـەتا ئـەم سـاڵانەی دوایـیش کـە کۆمەڵە شیعرێ یا دیوانێ بڵاو بکەمەوە،خوا سەلامەتیان کات، رەخنـەگران و دراسە نووسان و ئوتروو‌حە بێژەکانیشمان منی فەقیر و هەژاریان بـە خەیاڵـدا نەهات و نە لە کاروانی شیعری کوردی کاکەی فـەللاح و نـە لـە واقیعییەکـەی دکتۆر عزەدین و نە لە هیچ لایەکی تریشـدا ناومـان بـە چاکەو خراپـە نـەبرا، ئەمـەش نـاڕەواو نادروستە،چـونکە ئـەو شـاعیرانەی کاکـەی فـەڵلاح ریـزی کردوون لە کتێبەکەدا –گۆرانی – لێ بەدەر لـە هـەموویان خـۆم بـە شـاعیرتر نەزانم بە کەمتر نازانم، هچیشیان رێیان بەمن نە بڕیوەو نە جێشیان هێشتووم هەتا ئەم ساتەیش][1]

راستە زۆر رۆشـنبیری ئاگـادار لـە رەوتـی بزووتنـەوەی ئـەدەبیمان، ئـەو شـایەتیە دەدەن: وەك پێویسـت بایـەخ بـە هونـەری شـیعری لای حەسـیب نەدراوە، بەڵام لەبارەی ئەو گازەندەیـەی حەسـیب لـە کاکـەی فـەللاح، بـاش وایە وەك هەق هەڵوێستی کاکەی فەللاحیش لەو بارەوە بخەینە روو: [ئەوەی راستی بێ، لە پێشەوە نیـازم وابـوو، وەك لـە دوایـدا روونـی دەکەمـەوە، کـە مەسەلەی نوێ کردنەوەی شیعری کوردی و کاروانی شیعری نـوێی کوردیمـان

---

(١)وێـژەی کـوردی و رەخنەسـازی –کامیـل حەسـەن عـەزیز بەسـیر پ. د – چـاپی یەکـەم – ١٩٩٠–ل٢٠٨.

كە لە ((گۆران))ەوە دەست پێ دەكات تا ئەمڕۆ لەسەر نزیكەی بیست شاعیرێك بنووسم. بەڵام وەكو بەنووسین و گەڵاڵە كردن و پوختەكردنی زۆر لەو شاعیرانەوە بۆم دەركەوت، بەرهەمەكە ئەستورتر دەردەچوو، ئەمەش دەبووە هۆی دواكەوتنی ئامادەكردن و لە چاپدان، جا سەبارەت بەم هۆیەو لەبەر چەند هۆیەكی كاریگەری تریش، وام بەباش زانی كە ئەو كتێبەی مەبەستمە، بكەم بە دوو بەرگەوە، بەرگی یەكەمیان لە ((گۆران)) و نەوەی دوای گۆران و دواتریشەوە بگرێتەوە و بەرگی دووەمیش بریتی بێت لە كۆمەڵە شاعیرێكی هونەرمەندو لێهاتووی دوای ئەو ناوانە، بە پێی پلەو پایەی شیعری و رادەی بەهرە و هونەرو بەرهەمیان[1]

نووسەری ئەم بابەتە لە (كاكەی فەللاح) ی بیستووە، كە یەكێك لەو بیست شاعیرە حەسیب قەرەداغییەو بەر بەرگی دووەم دەكەوێت.

### دەنگی تایبەتیی شیعری شاعیر:

تازەگەری شیعر، لای شاعیر لە زیندانی نوگرە سەلمانەوە سەری هەڵدا و ئیدی خۆی بۆ هونەرو جوانی و پڕ واتای شیعر تەرخان كرد.. باش وایە، جۆرو چۆنیەتی خەملاندنی ئەو گۆڕانكاریە لە دەمی خودی خۆیەوە وەربگرین و دەڵێ:[ ...بۆ یەكەم جار لە ژیانما شیعرم لە ژیندا لە زەمانی گۆراندا بلاوكرایەوە بە مۆری ((ح.ق))ئیتر رۆژگار هات و رۆژگار رۆیی هەتا دوای تەمووز شیعرم بوو بە هۆنراوەی وشەی زەق و دەستەو یەخەو دروشم داڕشتن، هەتا ساڵی ١٩٦٤ی زاینی بەندیخانەی نوگرە، لێرەوە من خۆم و شیعرم و هەستم و هۆشم هەموو گۆڕانی بەسەراهات، لێرەوە من رێگەی خۆم چەسپاند، شەخسیەتی شیعری خۆم چەسپاند، ئاڵای خۆم هەڵكرد، بووم بە حەسیب قەرەداغی و چاولێكەریم قەپات كرد][2]

---

(١)وێژەی كوردی و رەخنەسازی –پ.دكامیل حەسەن بەسیر –چاپی یەكەم –چاپخانەی ((دار الجاحظ)) –بەغدا – ١٩٩٠ل٢٠٥–٢٠٦

(٢)وێژەی كوردی و رەخنەسازی –كامیل حەسەن عەزیز بەسیر پ. د – چاپی یەكەم – ١٩٩٠–ل٢٠٦

گەوهەری مەبەست لەم نووسینە، ئەو راستییەیە، کە شاعیر خۆی دانی پیادەنیٚ و دەیسەلمێنێت کە گۆڕانکاری بەسەر لایەنی فیکریی ((ئایدیۆلۆژیەت و فەلسەفەی بیرکردنەوە) یدا هاتووەو هەست و نەست شیعریی بەرەو قۆناغی لە دایکبوونێکی نوێی بردووە.. ئەو دانپیانانەی حەسیب بەو گۆڕانکاریانەی بەسەر فیکرو هۆشیدا هاتووە، راستگۆییو بیٚ فیزی شاعیر دەگەیێنێت، بەوەش مەنزلٚ و پایەی بلٚند بووەو کلیلی دەرگای کلوومکراوی نهێنی ناوەرۆکی شیعرەکانی لەبەردەم لێکۆلٚەرەوەو هەلٚسەنگێنەری شیعرەکانیدا دانا،، یەکەم میوانی ئەم باسە شیعری **((ئەی رۆژ))** ی شاعیرە کەخودی خۆی بە قۆناغی وەرچەرخانی یەکەم تازەگەریی شیعرەکانی دادەنیٚ:

**ئەی رۆژ**

**[ ئەی رۆژ، شەوی تار پەنگی خواردەوە**
**ئاسۆی دەم کەلی ئەوا شاردەوە،**
**پەنجەرەی لەسەر شاری سەد ئاوات**
**وا داخستووە کە وازی نەکات**
**وا باڵی رەشی خۆی دا هێشتووە**
**تویٚ بە تویٚ ئەرزیش تامی چێشتووە**
**باخچەیە، چیمەن بە پێی پیٚ پەستە**
**گولٚ سیس و ماتە، گیانی بیٚ هەستە]**(١)

لەو پارچە شیعرەدا، تازەگەری بەدەقەوە دەبینرێت،ئەو شیعرە لە بەندینخانەی نوگرە سەلمان لە ١٠ /١٢ /١٩٦٤ دا هۆنراوەتەو ئیدی دوایی شاعیر وازی لە لاساییکردنەوەی شیعری کلاسیکی هێنا، بەوە هەست بەگۆڕانکاری لە روخسارو ناوەرۆکی دەکرێت. تێکشکانی یەك قافیەو پەنا بردنە بەر یەك بەیتی جووت قافیەو تاوتۆکردنی وشەو وەستاکاری لە

---

(١) فەرهەنگی خەم (١) —شیعر — حەسیب قەرەداغی — چاپی یەکەم — چاپخانەی کاکەی فەللاح —ل ١٣٥.

بـەکارهێنانی زمانـەوانی و پێشکەشـکردنی وێنـەی شـیعری ناسـك و جـوان و سـەرنجڕاکێش، بەڵگـەی راسـتی قسـەکانی خـودی شـاعیر دەسـەلمێنێت بانگیشـەی خـۆ ناسـین و هـەڵکردنی ئـالآی شـیعریی خـودی حەسـیب، لـەو شـیعرانەوە سـەریهەڵداوە کـە سـاڵی ١٩٦٧ لـە رۆژنامـەی ((**برایـی**)) بەشـە کوردییەکـەی ((التـآخی))دا بلاّوکراونەتـەوەو لـەو ساتەشـەوە (ئـەو) چـاکی هوشیارانەی لێهەڵماڵیوە و خۆی لە کۆت و یەك سەروای قەسیدە رزگار کرد و بوو بە خاوەنی کەسایەتی شیعری خۆی.

# بەشی سێیەم

## هەست و بیری نەتەوەیی لە شیعرەکانی حەسیبی شاعیردا

ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر هۆش و هەست و شیعرو ژیانی حەسیبدا هاتووە و خۆیشی ئاماژەی پێکردووە،رەنگی بەسەر ئەو شیعرانەدا،داوەتەوە کە ساڵی ١٩٦٧ لە رۆژنامەی ((برایی)) دا بلاّوی کردۆنەتەوە، شیعری ئەی ((شارەکەم)) نموونەیەکی دیار و زیندووی بۆچوونەکەمانەو دەڵێ:

**((پێشکەش بە شاری سلێمانی بریندار))**

**خۆشم ئەوێی وەکو ژیان**
**بە دڵ و گیان..**
**وەکو زەردەی دەمەو بەیان**
**وەکو ئاوی روونی کانی**
**گوڵی پشکو تووی بەیانی**
**وەك لێوی ئاڵ**
**وەك چاوی کاڵ**[1]

بەر لە بلاّوکردنەوەی شیعرەکە ئەم دیباجەیەی بۆ نووسراوە:

**ئەی.. شارەکەم !**
**بۆ شارەکەم !**

**کارەساتی ناهەمواری ئەم دواییە سولەیمانی زامەکانی رابردووشی هێنایەوە سوێ و میللەتی جولاّن بەرامبەر بە تاوانکار.**

**لە کاتێکدا *((شارەکەم))ی* هونەر کاك *((کاوە ـ شێرکۆ بێکەس))* مان**

---

(١) بۆ شارەکەم — ب. خەبات ((باوکی خەبات)) — حەسیب قەرەداغی — رۆژنامەی ((برایی)) — ژمارە (١٣) ی کوردی و ژمارە (١٠٣)ی (تەئاخی) — ساڵی یەکەم — ١٢ / ٨ / ١٩٦٧ ل٤.

**بۆ هات و خەریکی ئامادەکردنی بووین بۆ چاپ لەم ژمارەیەدا هۆنراوەیەکی تریشمان پێ گەیشت بەناوی ((ب.خەبات –حەسیب قەرەداغی)) ەوە وا ئەمجارە ئەمیان و لە ژمارەی ئایندەشدا ئەوی تریان پێشکەش بە خوێنەرەوەی دڵسۆز ئەکەین.**

**هیوامان وایە هیچ ناخۆشیەك لە هیچ شوێنێك روونەدات**

**((برایی))**

حەسیب لە کۆپلەی دووەمی قەسیدەی بۆ شارەکەم دا دەڵێ:

[ لەم سەر کۆڵان بۆ ئەو سەری

***بۆ هەر پەنایە رێ بەری***

***پەپوویەکی چاو خوێناوی***

***چنگ کۆڵ ووڕ***

***سەر باڵڕەشی..***

– – – – – –

– – – – – –

***پۆپنە گژ..***

***رەنگی کینەو رق ئەرژێنن***

***کە رۆژ هەڵهات***

***خومارییان***

***بە خوێنی لاوێ ئەشکێنن***

***ئەی شارەکەم***

***ئەی شارە بێ بە هارەکەم***][1]

هەست و بیری نەتەوەیی، بەو جۆرە جۆش و خرۆشی بە دەروونی

---

(١)بۆ شارەکەم – ب. خەبات ((باوکی خەبات))، سەرچاوەی پێشوو ل٤.

شاعیرداوەو لە ناخەوە بۆ شاری سلێمانی و ئەو دۆخە نالەبارەی تیایدا دەژی شەپۆلی خوێنی قولپ دەدا.

بەهەمان مەبەست شاعیرانی دیش لەو جۆرە هەڵوێستیان نواندوو(*).

***(شارەکەم)***

***[ ئەی شارەکەم گلێنەی چاو..!***
***بزەی لێوی هەڵقرچاوم..***
***ئەی بەهاری بەبەبێ هەتاو !***
***دایکی زۆر جار سك سووتاوم!***
***پرسیم.. منالەکان چۆنن؟***
***وتیان هەمووی گرژو مۆنن..***
***وتم ئەی باشە گەورەکان؟***
***وتیان هەموو وەك كەرو لاڵ]*** (١)

شاعیر، خاوەنی پەیامی عەشقێکی خاوێن و هەڵوێستی دڵسۆزانەی خۆیەتی، هەست و بیری نەتەوەیی نەبێ،چ هێزێکی مەزن و کارگەری تر، پاڵ بە شاعیرەوە دەنێت کە نەك هەر بۆ کوردستان گۆرانی بڵێت بەڵکو بۆ شارێکی کوردستان بچریکێنێ و هاواری لێهەڵستێت؟.

لە شیعری ((هاوارێك)) دا دەڵێ:

**[((بە بۆنەی قەلاچۆکردنی ناو شاری سلێمانییەوە شاری بێ بەهار))** لەم رۆژەدا:

***ئەی کوردستان ئەی گەلی کورد***
***وا سەگی خوێڕی گورگی هار***

---

(*)(کاوە) هەربەناوی - ئەی شارەکەم، کوورەی دەروونیو خەرمانەی بیرو هۆشی گر دەگرێتو لەتاو دۆخی شار، ئارامی لەبەر هەڵدەگریت و ئەم شیعرە لە دایك دەبێت:

(١) شارەکەم شیعر کاوە (شیرکۆ بیکەس) رۆژنامەی برایی ژمارە (١٤) ی کوردی ژمارە (١١٠)ی (تەئاخی) لە ١٩٦٧/٨/١٥.

***کەڵبەی پیسیان لە لەش گیرکرد***
***ئــارامیان بـڕی لەبـەر شــار ]***[1] ***.***

دیارە لە ئەنجامی هەڵچوونی گیـانی شۆڕشـگێڕی خـەڵکی خۆشەویسـتی شــاری ســلێمانی کــە هەمیشــە ورە بــەرز بــوون و بــۆ زاڵــم و ســتەمکار و داگیرکـەران دەسـتەمۆ نـەبوون، بۆیـە هەمیشـە ئـەو پـەڕی زەبـرو زەنگیـان بەرامبەر بەکارهێناو زۆردارو داگیرکەران ویستوویانە سەریان پێشـۆڕ بکـەن و چـۆکیان پێـدا بـدەن، بـەڵام خـۆگری و بـەرخودانی جوامێرانـەیان، هـەموو پیلانەکانی دوژمن و داگیرکەرانیان پووچەڵ کردۆتەوە.

شـاعیر لـە پارچـە شـیعری ((سـۆزێ بـۆ زەردیـاوا)) نەتەوەییانـە بـیری نـاوەرۆکی شـیعرەکە دادەڕێـژێ و دەڵـێ: کەسـێك لـەم بارودۆخـەی کـوردو کوردستاندا کە بارودۆخی داگیرکردنـی خـاك و زوڵـم و سـتەم لـە خەڵکەکـەی دەکـرێ، ئـا ئـەوەی کەمتەرخـەمبێت و پشـتێنی لێبکاتـەوە، نابێـت خـۆی بەنەوەی ئەم خاك و ئاوە بزانێت !

کــەی ئێمــە نــەوەی ئــەم خــاك و ئــاوەین؟!
پشــــتوێن پچــــڕاو قۆپچــــە کــــراوەین
چــــاومان بووەتــــە رەفــــەی خۆڵــــەمێش
پێمــان لــە دوایــە و دەممــان وا لــە پــێش
بووینەتــــە پەپــــووی کــــەلاوە ئاشــــنا
شــــەو دروســــت ئەکــەین بــەرۆژی رۆشــنا[2]

شاعیر لـەو شـیعردا، بەورەیـەکی بـەرزو بـڕوا بەخۆبوونـەوە، رووبـەڕووی

---

(١) (هاوارێك) — ب. خەبات — حەسیب قەرەداغی — رۆژنامەی برایی — ژمـارە (١٩)ی کـوردی — ژمارە (١٤٥)ی (تەئاخی) لە ٢٣/ ٩ /١٩٦٧ ل٤.

(٢) سـۆزێ بـۆ زەرد یـاوا —ب.خـەبات — حەسـیب قـەرەداغی — رۆژنامـەی (برایـی) ژمـارە (٢٦)کوردی ژمارە (١٩٤) (التیَخی) لە ١١ /١١/١٩٦٧.

نائومێدی و بەزین و چۆکدادان دەبێتەوە و حاڵ و باری زەبوونی میللەتی کوردو داگیرکردنی خاکەکەی دەخاتە ئەستۆی کورد خۆی کە تەمەڵ و بێ کارەو هەست بە ئەرکی سەرشان و بەر پرسیاری خۆی ناکات بۆیە ئاوای لێبەسەر هاتووە.

(ئەو)دوور لە هەڵچوون و هات و هاواری خۆیەوە، شیعرەکانی مەنزڵی نەمری و بەرگری نوێیان پۆشیوە و خۆیان مەنزڵی خۆیان پاراستووە:[شیعری نەمرو ریشەدار بەهات و هاواری خاوەنەکەی ناژی، تەنیا رەوتی زمان و بیردانی ئینسانان رایدەگرن و دەیژێیننەوە][(١)]

کاتێك شەوقی چرای زەوقی شیعر بەتین بێت، قەدری شیعری نایاب و کاریگەر جێی خۆی دەگرێت و تێکست بە هەردوو لایەنی جوانی شێوازو و سیمای سووك و روخساری قەشەنگ دەبێتە کاڵای بەژن و باڵای ناوەخنی بەهێز ...شیعری ((کوردم)).. خانەیەکی تایبەتی پێبڕاوە:

[ کوردم، کوردێکی دڵسۆزی کوردان
گرتوومە رێگای رێبازی مەردان
کوردم، دڵسۆزی ئەم کوردستانەم
قۆچی قوربانی ئەم نیشتمانەم
...............
...............
لەگەڵ کارگەڕان ئایین و بڕوام
برو ئامانجم یەکە وەك هیوام ][(٢)]

شاعیر لەو شیعرەدا، نەتەوەییانە بیری کردۆتەوە تا دوا هەناسەی لە

---

(١) هەڵوێستێك – رەحیم لوقمانی – رۆژنامەی کوردستان – ژمارە (٣٣٠) لە ٣ی دێسامبەری ٢٠٠١ ل ٤

(٢) کوردم –ب.خەبات –حەسیب قەرەداغی –رۆژنامەی ((برایی)) ژمارە (٤٢٥) التیَخی – ساڵی دووەم –١٩٦٨ل٦

ژیاندا، هەر هەمان ڕێچکەی بیری نەتەوەیی و مرۆڤانەی گرتووە، دوور لە شۆڤینیەت و توندڕەویو ڕەگەز پەرستی، چونکە بیری نەتەوەیی مەودا بە ڕەگەز پەرستی و شۆفینیەت و توندڕەوی و خۆبەزل زانی نادات..ئەوەتا بەو پەڕی خۆشی و بە قەناعەتیشەوە لە ساڵی ١٩٧٢ دا سروودی هاو سۆزی بۆ گەلی ڤێتنام دەڵێ:

**[لە ناو ڕقی پیس و پاکا شەپۆڵ ئەدا**
**لرفەی خوێنی، بە لافاوی ئاگرە سوورەی خەڵك ئەدا**
**بۆ ڤێتنامی ((هۆشی مینە))**
**بۆ ڤێتنامی ((خاتووبیە))**
**بۆ خاکی ئاگرو بڕوا**
**بۆ ئەو گەلەی..**
**نەی هێشت مێژوو سەرەوژێر و لاڕێ بڕوا**
**بەقەد ژمارەی فیشەکی کودەتاکان درۆ کرا]**[1]

شاعیر بەگیان و هەستێکی مرۆڤایەتیەوە، مامەڵەی لەگەڵ کێشەی چەوساندنەوەی نەتەوەیی خۆی و گەلان کردووە، ئەوەتا لەگەڵ مەینەتی نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ی شۆڕشی کوردستان کە لە ئەنجامی پیلانە کەی شەشی مارتی ئەو ساڵدا لە نێوان سەدام حوسێن و شای ئێراندا بە دەلالّی هواری بۆمەدین ئەنجام درا، هێشتا لەسەر ئەو کۆستە گرانەوە هەستی نەتەوەیی و سۆزی مرۆڤانەی جولاّوەو لە ١٩٧٥/٦/٨دا چەپکە گوڵی شیعری پێشکەش بە گەلی عەرەبی فەلەستینی کردووە:

**بەقەد ژمارەی ئەوانەی..**
**ئێستەش وەك خەم دێنە ناو باس**
**دێڕێ شیعار لە شوکرا**

(١) فەرهەنگی خەم – حەسیب قەرەداغی – چاپخانەی کاکەی فەللاح – سلێمان –. ل ٨٤ _ ٨٥

بەقـــــەد دار پرتــــــەقاڵی حـــــەیفاو یافـــــا
مـــــەجلیس گــــیرا، مــــەجلیس تێکچــــوو
ئێسـتگەیەك شـەرم نـەیگرت و بـێ دەنـگ نـەبوو!
یـــەوكوون ... وەرن كۆكەنەوە،كردییـــە چـــەن؟
دەنگێــــــك لـــــــە ژێــــــر دەوارێكـــــدا.
وەرن لای مـــــــن یـــــــەكوون ببـــــــەن
مێردێـــــــك، كوڕێــــــك، خوشـــــــكەزایە
بـــــــژی فەلەســــــــتین..ئاوایـــــــــە
ئـــەی چۆن؟ســـاڵی داگیركـــراو چـــاو لەدوایـــە
هـــەتا ئـــەم دنیـــا دنیایـــە.. چـــاو لـــە دوایـــە[1]

شاعیر هاوسۆزی و هاوخەمی و هاوهەڵوێستی خۆی بۆ رزگـاری گـەلان لـە زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە دەر دەبڕێت. ئـەو دوو شـیعرەی حەسـیب بـۆ گەلی ڤێتنام و عەرەبی فەلەستین، ئەو راستییە چەند بار دەكاتـەوە، مرۆڤـی نەتەوەیی لە شۆفینیەت و رەگەز پەرستی و توندڕەوی دوورە، شاعیر لە پاڵ ئەو شـیعرانەی بـۆ گـەلانی وتـوون هاوشـان شـیعری بـۆ نەتەوەكـەی خۆشـی وتـوە: لـە ٢١ / ٧ / ١٩٧٣ واتـە لـە نێـوان ئـەو دوو شـیعرەی بـۆ ڤێتنـام و فەلەستینی وتـوون لـە شـیعری ((یـادو خۆشەویسـتی)) دا ئـاوا بـۆ كـوردیش دەڵێ:

***[ لە ناو دێڕی دوژمنیشا***
***هەرناوی تۆم ئەقۆستەوە بی پەرستم***
***ئەتپەرستم***
***ئەی نیشتمان***
***ئەی كوردستان]***[2]

---

(١)فەرهەنگی خەم – حەسیب قەرەداغی – ، سەرچاوەی پێشوو ل٨٨.
(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠ – ٧١.

له شیعری ((خونچەو خـاك)) دا كـه لـه ٢٣ / ٣ / ١٩٨٦ دا هۆنیویەتـەوە دەنگی هەناسەو ترپەی دڵی بە سوێ لە ناخی شیعرەكەدا دەبیستین:

[ لەنــــاو هەژاری كوردیشا    خۆم دەبینم كۆڵ بە كۆڵم
ئەگەر ئەم خاكە پیرۆزەش    بابم نەبێ، ئەڵبەت زۆڵم
* * *
دوێنـی عارەقی بیست ساڵم    كرد بە كۆڵێك و سـووتانم
ئەمرۆ عـارەق دەرپـێـژمەوە    خۆ من خاوەن نیشتمانم][1]

ئەوەهەست ناسكی و راستگۆیی و دڵسۆزی شاعیری نەتەوەییـە بەرامبـەر خاك و نەتەوە.

شـــاعیر كوانـــووی دەروون و هەســـتی نەتـــەوەیی گـــڕ دەگرێـــت و بـــۆ كیمیابارانی هەڵەبجە كڵپە دەكات و شـیعری ((هەڵەبشـیما)) لـە ١٩٨٨/٣/١٩ لە دایك دەبێ:

[كە هەڵەبجە بوو بە شاری هەڵەبشیماو
وتیان ... هێشتا ئەمریمەنە و نازناوی خوای پێبڕاوە
ئەو باوەڕە، ئەو فەلسەفە..
پاشا خۆری كای خوراوە
نەفرەتی مەرگی هەڵەبجەو سێوسێنانی لێكراوە.][2]

چامەی هەڵەبشیما نەك تەنیا دەنـگ و هەڵوێسـتی مرۆڤێكـی نەتـەوەیی و شاعیرێكی بە هەڵوێست دەسەڵمێنێت، بـەڵكو گوزارشـت لـە ویـژدانی مرۆڤـی سەردەم و پێشكەوتووی نەتەوەیی و هەستی مرۆڤایەتی دەكات.

---

(١) فەرهـەنگی خـەم – ٣- شـیعر – حەسـیب قـەرەداغی – چـاپی یەكـەم چـاپخانەی ((دار الرسالة)) –بەغدا – ١٩٨٩. ل٣٢

(٢)چامەی (هەڵەبشیما) لە ١٥ / ٨ / ١٩٩٦ بەدەسنووس لە خودی شاعیرەوە وەرگیراوە

## ئـه نجـام

لەپێداچوونەوەو لێکۆڵینـەوە لـە هەندێك لایـەن و شـیعرەکانی شاعیر، ئـەم ئاکامانەمان چنگ کەوت:

١- کاتێك حەسیب قەرەداغی لە ساڵی ١٩٥٣داو لە دوای کۆنگرەی سێیەمی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان سـەنگەری خـەباتی کوردایـەتی نـاو پـارتی دەگوێزێتـەوە بـۆ کـاری حزبایـەتی نێـو حزبـی شـیوعی عێراقـی ، دوچـاری ململانییەکی زەقی فیکریی دەروونی دەبێ ، لەم لاوە لە ناو حزبێکی مارکسی کە بـڕوای بـە کـارو ململانێـی چـێنایەتیە،خەبات دەکـات، لـەو لاشـەوە مەسـەلەی ئایدیۆلۆژیـەتی نەتـەوەیی لێجیـا نابێتـەوەو تێکـەڵ بـە خـوێنی بـووەو ناتوانێـت دەسـتبەرداری بێـت. ئـەوەتا شـاعیر نزیکـی ((٢٠)) بیسـت سـاڵ بـەر لـە کۆچـی ماڵئاوایی و وازهێنانی لە خەباتی حزبایەتی ناو حزبی شیوعی و ژیـانی خـۆی بـۆ ئەدەب و خـەمخۆری کـوردو کوردسـتان تـەرخان کـردووە، بەمـەش ئـەو راسـتیە دەسـەلمێنێت کـە تـای تـەرازوی بـیرو بـاوەڕی کوردایـەتی بەسـەر ئایدیۆژیـەتی ئومەمیدا زاڵە.

٢-ئـەو گۆڕانکاریانـەی بـە سـەر نـاوەرۆك و شـێوەی شـیعری قۆناغـە جیـا جیاکانی تەمەنی شاعیردا هاتوون خۆی وا دەنوێنێت:

أ/ئەگەرچی شاعیر لە سەرەتای تەمـەنی ژیانییـەوە بـە خووڕەوشـت و داب و نەریتی کوردەواری وهەستی نەتەوەیی و ئاینی گۆشـکراو دەرگـای بیرکردنـەوەی هۆشی لە ناو پارتی دیموکراتی کورددا لێکرایەوەو دواتر لە تەمەنی هەڵکشاوتریدا سەنگەری خەباتی خۆی بۆ ناو ریزەکانی حزبـی شـیوعی عێراقـی بـرد. بـەڵام لـە رووی ناوەرۆکی شیعرەکانیەوە، لە ناخەوە درێژەی بە رێچکەی سەرەتای ژیـانی بـیری خۆیـدا، ئـەویش هەسـت و بـیرو بـاوەڕە نەتەوەییەکـەی بـوو.. واتـە لـە سەرەتاوە تا دوا تەمەنی ژیانی دیاردەی فیکری نەتەوەیی بـاڵی بەسـەر زۆربـەی هـەرە زۆری نـاوەرۆکی شـیعرەکانیدا کێشـاوە. وەك لـە شـیعری ((یـادو خۆشەویستیدا)) دەردەکەوێت..

ب/ له رووی بنیاتی هونەری شیعرییەوە، سەرەتا لاسایی شیعری کلاسیکی و شاعیرە نوێخوازەکانی وەك گۆرانی کردۆتەوە، ئەم حاڵەتە تا ساڵی ١٩٦٤ نێو بەندینخانەی نوگرە سەلمان درێژەی هەبوو، هەر لە بەندینخانەدا بە خۆیدا چووەوە، هەوڵی دا ببێتە خاوەنی دەنگ و رەنگی خۆی، دوای شیعری ((ئەی رۆژ)) بەیەکجاری لاپەڕەی لاساییکردنەوەی پێچایەوەو رووی لە دنیای شیعری نوێ کرد.

٣- هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی ژیانی شاعیر، ئەو شیعرانەی هەست بە بۆو بەرامەی فیکرو ئامانج و هەڵوێستی نەتەوەییان لێدەکرێت لە رووی هونەری دارشتن و بنیاتنانی شیعرییەوە رەوان و پاراون.

٤- سا لە ژێر کاریگەری هەر بارودۆخێکدا بووبێت شاعیر بۆ ماوەیەکی کورتی تەمەنی شیعریی دەستی لەسەر فیکری مارکسی و ململانێی چینایەتی داگرتووە، ئەوەش هەست دەکرێت نا ئاسایی و پێچەوانەی ویست و ئارەزووەکانی دیوی ناوەوەو دەروونی شاعیرە، بۆیە: ئەو ئایدیۆلۆژیەتە بە کەمینەیەکی کەمی شیعرەکانییەوە دیارن.

٥- دوای ئەوەی شاعیر واز لە خەباتی سەنگەری یەکەم و ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کورد دەهێنێ و رێچکەی تێکۆشانی ناو ((حزبی شیوعی عیراق)) بۆ ماوەیەك بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.. حاڵەتی هەڵبژاردنی سەنگەری یەکەم، بە ئاشکرا کاریگەری و رەنگدانەوەی بەسەر تێکڕای ژیانیەوە هەیە، بەتایبەت لە بواری ئەدەبی و بەرهەمهێنانی شیعریدا دووچاری ململانێ بووە، بەڵام لەو ململانێیەدا ئاکام خۆی یەکلایی دەکاتەوە کە شاعیر تا دوا شیعری هەست و بیرو ئامامج و هەڵوێستی نەتەوەیی بەسەر ئومەمیدا زاڵە.. واتە: بیرو هەست و هەڵوێست و ئامانجی ئاشکراو نهێنی حەسیبی شاعیر نەتەوەییە.

# سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردی:**

**کتێب**


١–ئاوەها دەرگام کردەوە – یاداشت – یادگاری سی ساڵ ژیان لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردیدا، لە ١٩٦١ تا ١٩٩١، عەبدوڵلا عەباس، چاپخانە (.....) بەغدا – ساڵ (.....)

٢ – ئەشکی باوان – بەرهەمی بڵاونەکراوەی کامەران موکری – ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – هەولێر – ٢٠٠١.

٣– ئیقاع لە شیعری مەولەویدا – ڕەحیمی لوقمانی –میهرەجانی مەولەوی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری – سلێمانی – ساڵی ٢٠٠٠.

٤–تاریك و ڕوون – هێمن: سەید محەمەد ئەمینی شێخە ئیسلامی موکری – بنکەی پێشەوا – شوێن (؟) – ساڵ (؟).

٥–دیداری شیعری کلاسیکی کوردی – حەمە سەعید حەمەکەریم – دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی – زنجیرەی ((١٤٥)) –بەغدا –١٩٨٦.

٦– ڕازی تەنیای – شیعر – ئەحمەد هەردی – چاپی دووەم – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر – ١٩٨٤.

٧– فەرهەنگی خەم، ژمارە ((١))–شیعر –حەسیب قەرەداخی –چاپی یەکەم– چاپخانەی کاکەی فەللاح –سلێمانی – ساڵ (٠٠٠)..

٨– فەرهەنگی خەم، ژمارە ((٢)) شیعر –حەسیب قەرەداخی–چاپی یەکەم– ١٩٨٩.

٩– فەرهەنگی خەم، ژمارە ((٣))– شیعر –حەسیب قەرەداخی –چاپی یەکەم– چاپخانەی– دار الرسالة – بەغدا –١٩٨٩.

١٠– فەرهەنگی خەم، ژمارە ((٤)) – حەسیب قەرەداخی–چاپی یەکەم– چاپخانەی ئۆفسێت دانا– سلێمانی – ١٩٩٨.

١١–کاروانی شیعریی نوێی کوردی – حەمەحەمەئەمین قادر –کاکەی فەللاح –بەرگی یەکەم – چاپخانەی حسام – بەغدا – ١٩٨٠.

١٢ ـ مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان ، تا بەستنی کۆنگرەی سێیەم – عەلی عەبدوڵلا – چاپخانەی خەبات – ئەیلولی ١٩٦٨.

١٣–وێژەی کوردیو ڕەخنەسازی – لە بەرهەمەکانی کامل حەسەن عەزیز بەسیر(پ. د) – چاپی یەکەم – چاپخانەی – دار الجاحظ –بەغدا – ١٩٩٠.

**به زمانی عەرەبی**

**کتێب:-**

١٤- الجمعيـــات والمنظمـــات والاحـــزاب الكرديـــة في نصـــف قـــرن ١٩٠٨-١٩٥٨- عبدالستار طاهر شريف (د)- الطبعة الاولى -بغداد -١٩٨٩.

**نامەی ئەکادیمی**

١٥- دیاردەی غەم لەشیعری حەسیب قەرەداخی دا - نامەی ماجستێر -تانیا ئەسعەد حەمەسالّح - کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەلاّحەدین - هەولێر -٢٠٠١.

**گۆڤار بە زمانی کوردی**

١٦- شیخ سەلامی شاعیر - حەسیب قەرەداغی - گۆڤاری بەیان - ژ ((٢١)) ی کانونی دووەمی ١٩٧٥ - بەغدا.

**(گۆڤار) بە زمانی عەرەبی**

١٧- الحداثة الكردية ، تسبق الحداثة العربية ، بعقد من الزمن تقريبا - لطيف محمد حسن (د) - حاوره: عبدالله طاهر برزنجي - الملحق العربي - لمجلة ((گەلاوێژی نوێ)) - ع. ((4))- تشرين الثاني - ٢٠٠١ السليمانية.

**(رۆژنامە) بە زمانی کوردی**

١٨- بۆ شارەکەم - ب. خەبات ((حەسیب قەرەداغی)) -رۆژنامەی برایی -ژمارە ((١٣)) پاشکۆی کوردی ـ التاخی ـ العدد ((١٠٣)) فی ١٩٦٧/٨/١٢- بغداد.

١٩- شارەکەم - شیعر - کاوە: شێرکۆ بێکەس ـ رۆژنامەی برایی ـ ژمارە ((١٤)) پاشکۆی- کوردی ـ جریدةالتاخي ـ العدد ((١١٠)) فی ١٩٦٧/٨/١٩ - بغداد.

٢٠- هاوارێک - ب. خەبات ((حەسیب قەرەداغی))رۆژنامەی برایی -ژمارە ((١٩)) پاشکۆی کوردی - جريدة التاخي - العدد ((١٤٥)) فی ١٩٦٧/٩/٢٣ -بغداد.

٢٠- سۆزی بۆ زەردیاوە - ب. خەبات ((حەسیب قەرەداغی))رۆژنامەی برایی -ژمارە ((٢٦)) پاشکۆی کوردی - جریدەالتاخی - العدد ((١٩٤)) فی ١٩٦٧/١١/١١-بغداد.

٢٢- کوردم - ب. خەبات حەسیب قەرەداغی - رۆژنامەی برایی - پاشکۆی کوردی - جريدة التاخي - العدد (٤٢٥)- سنه ١٩٦٨.

٢٣- حەسیب قەرەداغی – هونراوەی کوردیی رەسەن – کامل حەسەن بەسیر ((د))
ئەڵقــەی یەکــەم – پاشــکۆی کــوردی رۆژنامــەی عــیراق – پاشــکۆی کــوردی – ژمارە((٢٣٦٨)) لە ١٩٨٣/١١/١٢-بەغدا.
٢٤- حەسیب قەرەداغی – هۆنراوەی کوردیی رەسەن – کامیل حەسـەن عـەزیز بەسـیر ((د)) ئەڵقەی دووەم – پاشـکۆی کـوردیی رۆژنامـەی عـیراق – پاشـکۆی کـوردی – ژمارە ((٢٣٧٤))لە ١٩٨٣/١١/١٦-بەغدا.
٢٥- حەسیب قەرەداغی – هۆنراوەی کوردیی رەسەن – کامیل حەسـەن عـەزیز بەسـیر ((د)) ئەڵقەی سێیەم – پاشکۆی کـوردیی رۆژنامـەی عـیراق – پاشـکۆی کـوردی – ژمارە ((٢٣٨٠)) لە ١٩٨٣/١١/٣٠-بەغدا.
٢٦- حەسیب قەرەداغی – هۆنراوەی کوردیی رەسەن – کامیل حەسـەن عـەزیز بەسـیر ((د)) ئەڵقەی چوارەم – پاشـکۆی کوردییرۆژنامـەی عـیراق – پاشـکۆی کـوردی – ژمارە ((٢٣٨٦)) لە ١٩٨٣/١٢/٧-بەغدا.
٢٧- هەڵوێستێك – رەحیم لوقمانی- رۆژنامەی کوردستان – ژمارەی ((٣٣٠)) لـە ٣ ی دیسامبەری ٢٠٠١.
٢٨- باری ئێستای ئەدەبی – رێبین رەسول ئیسماعیل -. لاپەرەی ئەدەب و هونـەر – رۆژنامەی برایەتی – ژمارە ٣٦٠٨ لە ٢٠٠٢/٢/٦- هەولێر.

**رۆژنامە بە زمانی عەرەبی**

٢٩- افق الحداثة في الشعر الكوردي المعاصر – هاوكار سليمان -جريدة صوت الشـعب – الملحق العربي لجريدة – دەنگی میللەت -العدد ٥٤ في٢٠٠١/١٢/٢٠ – اربيل.
٣٠- لقاء مع عبدالواحد لؤلؤة ((د)) حاوره سلام نوري – جريدة العراق – العدد ٧٥٠٨ في ٢٠٠٢/١/٢٥ – بغداد.
٣١- اللفظ والمعنى في تعريف الشعر – خالد الخزرجي -جريدة العـراق – العـدد ٧٥٣٠ في ٢٠٠٢/٢/٢٠ – بغداد.

# هەڵوێست و بەرخودان لە شیعرەکانی
# شێخ مەحموودی حەفید دا

# پێشەکی

## سنووری کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە

بەو مەبەستەی، ئەم بابەتە بە سانایی و روونی بخوێنرێتەوە، بەباش زانرا سنووری ئەم کارە لە رووی (کات و شوێن)ـەوە دیاریبکرێت، تا پێشەکی خوێنەر بەرچاوی روونتر بێت و ئاسانتر بە ئەنجام و ئامانج بگات، بەڵام زەرورەتی رێبازی ئەم لێکۆڵینەوەیەو ژیانی ئەدەبی و هەڵوێستی سیاسی و خودی و کەرەستە شیعرییەکانی شێخ مەحموودی حەفید (نووربەخشی) وایکرد، سنووری (کات و شوێن) بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە دانرێت واتە نێوان ساڵانی (١٩١٩- ١٩٥٦)ە لەبەر:

١- بەهۆی بیروڕای نەتەوەییانەو هەڵوێستی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی شێخ مەحموودەوە، ژیانی ئاسایی و ئارام نەبووە، ئەمەش رەنگدانەوەو کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ژیانی ئەدەبی و بەرهەمە شیعرییەکانی کردووە.

٢- جگە لەهەندێك شیعری نەبێت، شیعرەکانی دیکە مێژووی لەدایکبوونیان لەسەر تۆمارکراوە، شیعری هەیە ساڵی ١٩١٩ی لەسەر نووسراوەو هەشیانە لە ٣/ ١٠/ ١٩٥٦ی لەسەر تۆمارکراوە، واتە شەش رۆژ بەر لە کۆچی دوایی شاعیر شیعری هۆنیوەتەوە.

٣- شوێنی لەدایکبوون و هۆنینەوەی شیعرەکان تۆمار نەکراون، مەگەر خوێنەر بە سەلیقەو ئەو بۆنانەی بۆی هۆنراونەتەوە، بزانێت لەکوێدا وتراون و بەڵگەی تەواو سەلمێنەر و بڕوای بڕمان چنگ نەکەوتووە. ئەو هۆکارانەبوون، وایکرد کات و شوێنی لەدایکبوونی شیعرەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەتەواوی (دیاری) نەکرێن.

## گرنگی ئەم بابەتە

بەچاو پۆشین لە لاوازی و بەهێزی (روخساری هونەری و نـاوەرۆکی) هـەر نووسینێك، کەم و زۆر خـاوەنی، مەبەسـت و ئامـانجێکی دیـاریکراوی خـودی یاخود گشتی هەیەو فەلسەفەیەکی مەعریفی هاندەرێتی، دواتر خوێنەر یاخود بەدواداچــوو، یــان لێکۆڵــەرەوە، بــەپێوەری (بــاش، باشــتر، نایــاب) دەیخەملێنێت.

بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیـە خانەیـەکی ئـەو پێـوەری پۆلینانـە بـەر ئـەم باسـە دەکــەوێت، ئەگەرچــی ســەبارەت ژیــانو چــالاکی سیاســی و ئــایینی و نەتەوەییانەی شێخ مەحمودی حەفید چەندین باس و لێکۆڵینەوەی ئاسـایی و زانستانەی لەسەر نووسراوەو تا ئاستێکی بـاش لـەو رووەوە مـافی رەنـج و قوربانی و ماندووبوونی خۆی دراوەتێ، وەلێ سەبارەت بە ژیانی رۆشنبیری و ئــەدەبی و بەرهەمــە شــیعرییەکانی جگــە لەماســتەر نامەکــەی خــانم "تــارا تەحوسێن ئەسعەدی" و چەند وتـارێکی ئاسـایی ئیـدە بـەپێی گرنگی خـۆی ئاوڕی ئەوتۆی لێنەدراوەتەوە، ئومێد دەکرێت ئـەم لێکۆڵینەوەیـە وەڵامێکـی پۆزەتیڤانە بێت، بۆئەوەی بەشێکی ئەو دەلاقەو کەلێنەی پێپڕکرابێتەوە.

## هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە

یــەکێك لــە هۆکــاری ســەرەکی و پاڵپێوەنــەری بــەهێز بۆئــەوەی روو لــە هەڵســەنگاندنی شـیعرەکانی شـێخ مـەحمود بکرێـت، ئەوەیـە: تـا کۆچـی ماڵئـاوایی شـێخ مـەحمود، لەلایـەن هەنـدێك منـەوەری سـەردەمی خـۆی و دواتریش، لەوانە: رۆشنبیر (جەمیل سائیب) شـێخ مـەحموودیان بـەمرۆڤێکی دەرەبــەگ و تەنانــەت دژ بــە رۆشــنبیر نــاوزەد کــردووە... ئەمــەش تــەواو پێچـەوانەی خەسـڵەتی پـیرۆز و رەوشـت و بـەهای بـەرز و ناسـکی مرۆڤێکـی نەتەوە پەروەر و شاعیرێکی هەست و دڵناسکی وەك شێخ مەحمووده، ئەمـە ســـەرەڕای ئـــەوەی لای زۆربـــەی جـــەماوەری کوردســـتان و تەنانـــەت رۆشـنبیرانیش، شـێخ مـەحموود تـەنیا وەك مـەلیکی حکومـەتی باشـووری کوردستان ناسراوە، نەك شاعیرێکی بەهرەدار و بەتوانای کورد.

### گیروگرفتی بەردەم ئەم لێکۆڵینەوەیە

ئەگەرچی چەند ژێدەری زانستییانەو مێژووی کوردی و بیـانی سـەردەمی حوکمڕانی و ژیانی شـێخ مـەحموود هـەن و خۆیـان زمـان دەگـرن و تەنانـەت مرۆڤی ئەوتۆ لە ژیاندا مـاون، راسـتەوخۆ ئاگـادارن و هاوبەشـی ژیـانی شـێخ مەحموودیان کردووەو دیکۆمێنتی نووسین و رەنگ و دەنگیان لا هەیە، بـەڵام لابەلایی نـەبێت سـوودیان بـەم لێکۆڵینەوەیـە نەگەیانـدووە... سـەبارەت بـە شـیعر و شـاعیرێتی شـێخ مـەحموودی حەفیـد نـە بـەدەنگ و نـە بەنووسـین تێکڕای شیعرەکانی شـاعیرم چـنگ نەکـەوتوون، بەتایبـەت بـە دەسـتنووسـی خودی شێخ رەشنووسی تەواوی شیعرەکانم لا نییە، ئـەوە وایکـردووە، سـەد دەر سەد لە راستی و دروستی شیعرەکانی دڵنیـا نـەبین، ئـاخۆ دەسـتکاریان کـراوەو گۆڕانکارییـان بەسـەردا هـاتوون یـاخود نـا؟ ئەمـەش گیروگرفتێکـی بەردەم ئەم باسە بووە.

### کەرەسەی خاوی ئەم بابەتە

کەرەسەی خاوی سەرەتای بابەتی ئەم نووسـینە، خـۆی لـەخودی دەقـە شـیعریەکان و سەرچـاوەی زارەکـی و نووسـیندا دەنـوێنن ئەمـەو سـەرەڕای ئەوەی پەنا بۆ بە جێهێنـانی پرۆسـەی مـەعریفی بـراوە، ئـەرکی سـەرەکی و بنچـینەیی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە، گەڕانـە بـەدوای دۆزینـەوەی لایـەنی گـەش و دەرخسـتنی ئـەو راسـتییە پۆزەتیڤانـەی خزمـەتی فیکـری مرۆڤایـەتی و کۆمەڵگەی پێشکەوتوو شارستانییەت دەکات.

### رێبازی لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە:

بۆ ئەنجامدانی پرۆسـەی نووسـینی ئـەم لێکۆڵینەوەیـەو بنیاتنـانی نـوێی لێکۆڵینەوەیەکی فیکریی ئازاد، گەیشتینە ئەو راستیەی، باش وایە: پـەنا بـۆ پەیڕەوکردنی رێبـازی لێکۆڵینەوەیـەکی زانسـتانەی ئـەوتۆ ببرێـت، لەئاسـتی وەڵامی خواست و (طموح)ی پرۆسە مەعریفییەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بێـت

و بە عەقڵانییەتی بیری وردو قووڵی ئەوتۆ مامەڵە لەگەڵ دەقە شیعرییەکاندا بکرێن، بەجۆرێك کاڵای لەقەد باڵایدا بێت و لەگەڵ مەزنی و گرنگی ئامانجی دیوی ناوەوەی شیعرەکاندا بگونجێت... بۆیە: پاش تاوتوێکردنی ئەملاو ئەولای ئەم هەڵسەنگاندنە و جۆری بەئاکام گەیشتنی ئەنجام و ئامانج، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی شیکاریکردنی بیر بە میتۆدی فەلسەفییانە، پەیڕەوکراوەو سەرتاپای ڕێبازەکەش خۆی لە گرێژەنەی ڕێبازی شیکردنەوەی سۆسیۆلۆژیدا دەبینێتەوەو بنەوانی مەبەست لە دیاریکردنی ڕاستی پێشکەش دەکات و هەموو وزەو توانا فیکرییەکانیش ئاراستەی دنیای ئەدەبی بەگشتی و شیعرەکانی شێخ مەحموود دەکرێن.

## ژیانی شاعیر

– شاعیر ناوی شێخ مەحموودی حەفیدە و کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەمەدە بچکۆڵەی کوڕی حاجی کاك ئەحمەدی شێخی کوڕی شێخ مارفی نۆدییەو ساڵی ١٨٨١ لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لەدایکبووە(*)، سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونی شێخ مەحموود بیروڕای جیاواز لەنێوان مێژوونووساندا هەن(*) ئەگەرچی پاش بەراورد کردنیان ئەوەی

---

(*) – اعلام کرد العراق– جمال بابان– المديرية العامة للطباعة والنشر– وزارة الثقافة– حكومة اقليم كوردستان، مطبعة شفان– السليمانية، ٢٠٠٦، ص٧٤٩.
– الطريق الى دولة كوردية– رشيد كريم خان عقراوي– مطبعة زانا– دهؤك– ٢٠٠٥، ص ٤٦.

(*) م./. هاوار لە ل ١٧٦ بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا {"شێخ مەحموودی قارەمان" لەبارەی ساڵی لەدایکبوونی (نوری پابت) جبزبور لەو گفتوگۆیەی لەگەڵ شێخ مەحموودا کردۆیەتی دەڵێ: شێخ مەحموود خۆی وتویەتی لەساڵی ١٣٠٢ی کۆچی کە بەرامبەر ١٨٨٤ زاینی دەکا لەدایکبووە، بەڵام شێخ محەمەدی خاڵ لە کتێبە عەرەبییەکەیدا: (الشيخ معروف النودهى) لە لاپەڕە (٢٠٠) دا دەڵێ: شێخ مەحموود لەساڵی ١٢٩٨ی کۆچی لەدایکبوو، کە دەکاتە ساڵی ١٨٨١ی زاینی کە ئەویش دەڵێ هەر لە خۆیم بیستووە.
زیوەر لەگەنجینەی مەرداندا: لەلاپەڕە (١٣٩)دا دەڵێ: شێخ مەحموود لەساڵی ١٣٠٠ی کۆچی

لەسەرەوە دیاریکراوە بە راسترین ساڵی لەدایکبوونی دادەنرێت.

– شێخ مەحموود لە بنەماڵەیەکی زانای ئایینی و رۆشنبیری سەردەمی خۆی پەروەردە بووە، لەحوجرەی خواجە فەندی خوێندوویەتی و لەلایەن مامۆستای تایبەتیشەوە وانەو زانیاری ئایینی و زمانەوانی بە زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی خوێندووە. هەر لەسەردەمی منداڵییەوە، هاوڕێ شیعر دۆستان بووەو لەهەڵکشانی تەمەنیشیدا تێکەڵی ئەدیب و رۆشنبیران بووە، لەوانە شاعیری نەتەوەیی کورد، شوکری فەزڵی و حەمدی ساحێبقڕان.

– شێخ مەحموود بەهۆشیارییەکی فیکرییەوە تێکەڵی دونیای تێکۆشان و چالاکی سیاسی بووەو بەپشتگیری دانیشتوانی سلێمانی بەتایبەت و جەماوەری کوردستان بەگشتی دووجار: حوکمڕانێتی و مەلیکی حکومەتی باشووری کوردستانی کردووە، لە ١٩١٨/١١/١ جەماوەری کورد بە حوکمڕانی کوردستانی هەڵبژاردووە لە ١٩١٨/١١/١٨ مێجەر نۆئیل بەناوی حکومەتی بەریتانیای مەزنەوە حوکمدارێتی شێخ مەحموودی لەباشووری کوردستان راگەیاند و نۆ مانگ حوکمدارێتی کرد.

بۆ جاری دووەمیش لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢دا بە مەلیکی کوردستان دانراوە لە ١٩٢٢/١٠/١٠دا تەشکیلی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتەکەی بەناوی مەلیکی کوردستانەوە راگەیاند.

– لە قۆناغی هەدوو حوکمداری و مەلەکیەتی شێخ مەحموودی حەفید لەپایتەختی حکومەتەکەی (شاری سلێمان) جموجۆڵێکی گەرم و گوڕی بزاڤی رۆشنبیری و ئەدەبی سەریهەڵداو لە سایەی ئەو ئازادی و بیروڕا دەربڕینەی شێخ فەراهەمی کردبوو، ژیانی رۆژنامەگەری کوردی بە قۆناغێکی زێڕیندا

---

لەدایکبووە کە دەکاتە ١٨٨٢– ١٨٨٣. راپۆرتەکەی قۆنسوڵی بەریتانی لە موسڵ کە لە کارەساتەکەی موسڵدا بەدوور و درێژی باسمانکرد کە لەمانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٠٩ دا ناردویەتی دەڵێ: تەمەنی شێخ مەحموود (٢٣) ساڵی، بەپێی ئەو راپۆرتە دەبی شێخ مەحموود لەساڵی (١٩٠٩– ٢٣– ١٨٨٦)ی زایینی لەدایکبوو بێت کە ئەمە لەگەڵ ئەوەی جبزبور و شێخ محەمەدی خاڵ و زێوەر باسیان کردووە لەگەڵ هیچیان یەکناگرێتەوە}.

تێپـەڕی و چـەندین ڕۆژنامـە لەلایـەن منـەوەران و ئـەدیب و سیاسـییەکانی کوردەوە دەردەچوون.

– (هەر لەشاری سلێمانی ڕۆژنامەی پێشکەوتن ۱۹۲۰ و ڕۆژی کوردسـتان ۱۲۲ و بـانگی کوردسـتان ۱۹۲۲ و بـانگی حـەق ۱۹۲۳ و ئومێـدی ئیسـتیقلال ۱۹۲۳) دەرچوون(*).

– پاش ئەوەی شـێخ مـەحموودی حەفیـد هاوبەشـی کـاروانی ئـەدەبی و ڕۆشنبیری و بزاڤی سـیایی میللـەتی کـوردی کـرد، لـە ڕۆژی ۱۹۵٦/۱۰/۹) بـە نەخۆشی لە خەستەخانەی حەیدەری شـاری بەغـدا کۆچـی ماڵئـاوایی کـرد و تەرمەکەیان بۆ سلێمانی هێنایەوەو لە مزگەوتی گەورە بەخاکیان سپارد.

---

(*) ڕۆژنامەنووسـی کـوردی و بزتنـەوەی ئـەدەبی لەسـاییەی یەکـەمین دەسـتەلاتی کوریـدا، لەمێژووی هاوچەرخدا (ئۆفیسی ژیر)سلێمانی، ۲۰۰٤، ل۱٦۱،

# بەشی یەکەم

## چۆن دەقی شیعری هەڵدەسەنگێنین؟

### بابەتی یەکەم:

### خەسڵەت و پێناسەی شیعر

بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە، ڕێگای هزری هەڵوەشاندنەوەو بنیاتنانەوەی دەق پەیڕەو کراوەو ئەمەش لەو ڕوانگەیەوەیە، پرۆسەی هزری بنیاتگەری لە ئەساسدا پشکنینو گەڕانە بۆ دەرخستنی ڕاستی، ئەم هەنگاوە بۆخۆی هەڵوێستێکی فیکریانەی هێمن و قووڵی فەلسەفییە، ئەمەش ئەرکی خوێندنەوەی نوێی دەق دەبەخشێت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە زانستییە، ڕوو لە دنیای دەقی شیعر و بەهرەو توانای شاعیرێتی شێخ مەحموودی حەفید دەکەین و ئیرادەی مەعریفی دەکەینە هۆکاری گەیشتن، بەزانیارییەکان ئەو زانیارییانە هەوڵدەدات پەیوەندی عەقڵانی پرۆسەکە لەڕێگای چوونە ناو دووتوێی دەقی شیعرەکانەوە لەڕێگای زمانی بەکارهاتووی دەقە شیعرییەکانەوە کە زمانی قۆناغی دەربڕینی شیعرەکانەوە گوزارشت لەباری: سۆسیۆلۆژیو ئایینی و بیری فەلسەفی سەردەمەکەی خۆی دەکات و پوختەی بیرۆکەو ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوەیەش لەبەردەم خوێنەری پسپۆڕ و هۆشیار و بەتوانا و زیرەکدا، دادەنرێت و ئیدی ئەرکی حوکمدان و بڕیاری دوایی لە ئەستۆی ئەواندایە.

باش وایە لەلێکۆڵینەوەیەکی وادا، سەرەتای ئەو پێوەرەی بۆ کێشان و پێوان و زانینی ئاستی پلەی هونەری شیعرەکانی شاعیر دانراون، بزانن، تا ڕوون و ئاشکرا بێت چۆن مامەڵە لەگەڵ دەقە شیعرییەکاندا کراوەو چەندەش نیشانەی پێکاوە؟... ئەمەش لەو بۆچوونەوە سەریهەڵداوە.. شێخ مەحموودی حەفید تا ئێستا لای زۆربەی کورد و تەنانەت لەنێوەندی ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتیشدا بەکەسایەتییەکی سیاسی و شۆڕشگێڕی و

نەتەوەپــەروەر و ڕێبــەری ڕێبــازی قــادری ناســراوە، ئەمــە لــە رووی سایکۆلۆژییەوە، کاریگـەری نێگەتیڤانـەی لەبـەردەم خوێندنـەوەی رابـردوو و ئێسـتادا قوتکردۆتـەوە ئـەوەتا، تـا ئـەم دواییـەش لـەدوو تـوێی بەرهـەمی شـارەزایانی مێـژووی ئـەدەبی کـورد، شـێخ مـەحموود وەك شـاعیر نـاوزەدە نەکراوە، بە نموونـە لـەم سەرچـاوانەی مێـژووی ئـەدەبی کـوردی ئامـاژە بـە دەقی شیعری و شاعیرێتی شاعیر نەکراوە:

١- مێژووی ئەدەبی کوردی- عەلائەدین سەجادی ١٩٥٢.

٢- لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردی- دکتۆر مارف خەزنەدار ١٩٨٤.

٣- شیعرو ئەدەبیاتی کوردی- رەفیق حیلمی- بەرگی یەکەم و دووەم- ١٩٨٨.

٤- وێژەی کوردی و رەخنەسازی- دکتۆر کامل حەسەن بەسیر- ١٩٩٠.

ئەمـە لەسـاتێکدا، دەبـوو: لـەو توێژینـەوەو لێکۆڵینـەوە ئەدەبیانـە و لـە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردیدا، خانەو پلەی شاعیری و خـودی دەقـە شیعرەکانی شاعیر فەرامۆش نەکرانایە.

شـێخ مـەحموود لـەدوو تـوێی دەقـی ئـەم شـیعرەیەوە، دەردەکـەوێت مرۆڤێکی هەست ناسكو بەهرەدار و رۆشنبیرێکی سەردەمەکەی خـۆی بـووە، ئیلهام و بەهرەی شیعری کـانی دەروونـی تەقاندۆتـەوەو ئـەم چـوارینەی تیـا لەدایك بووە:

***لوتف و کەرەم و قەهری، دەم و دەس، نەفەسێکە***
***هەرساتە بە رەنگێك و لەسەر تەبعی کەسێکە***
***تەخریبی گوڵی یاسەمەن و باغی مەحەبەت***
***کرداری لەسەر کەیف و هەوای تەرەسێکە***[1]

لـە رێگـای چـوونە نـاو زمـانی دەقـە شـیعرییەکەوە خوێندنـەوەی دێـڕی

---

(١) وێنـەی شـێخ مـەحموود لـە ئـەدەبی کوردیـدا، نامـەی ماجسـتێر، تـارا تەحوسـێن یاسـین ئەسعەدی، کۆلێژی پەروەردە، (ئیبن روشد) زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٢، ل ١١٣.

ناوەوە، جگە لەوەی هێمای وشەکان، ئاوێزانی سۆز و ئەندێشە بووە، هەست بە بەهرەو شارەزایی هونەری شیعری تیا دەکرێت، ئیقاعی ئاوازێکی مۆزیکی هەست بزوێن، کێشێکی هاوسەنگ و سەروایەکی رەوان نیشانەی بەهرەی شیعری و شارەزای شاعیر لە هونەری شیعر و عیشق و سووتانی بۆ ئەدەب دەردەخات. ئەم چوارینە بێ گون (گونك)ە، دەریای هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوفە. مفعولُ مفاعیلُ فعولن.

دیارە بەرزی هونەری شیعری چوارینەکە وای کردووە شاعیرێکی وەك ئەسعەد مەحوی پێنج خشتەیەکی لەسەر بهۆنێتەوە... شاعیر لەدیوانە شیعرییەکەیدا دەڵێت لەسەر داوای شێخ مەحموود کردوومە بە پێنج خشتەکی، نووسەری ئەم بابەتە بەدەمی لەبارەی ئەو پێنج خشتەکییەوە لە رۆژی ٢٠٠٢/٨/٢٤ لەمەلا محەمەدی خایاڵ، کە کەسایەتییەکی ئەدەب دۆستی خەڵکی سلێمانییە و پەیوەندی و تێکەڵی لەگەڵ شێخ مەحموود و ئەسعەد مەحویش بووە، لەنزیکەوە ئاگاداری ئەو رووداوەیە دەڵێت: ئەسعەد مەحوی کە لە رێگای باوکییەوە (مەلا خالید مەحوی)ـە نزیك و تێکەڵی بنەماڵەی شێخ مەحموود بووە، گوایە بەنیاز بووە ژنی دووەم بەسەر هاوسەرەکەیدا بهێنێت.. ئەمە بەشێخ مەحموود ئەگاتەوەو ئەو چوارینەی بۆ دەهۆنێتەوەو بۆی دەنێرێت و ئەسعەد مەحویش شیعرەکەی بەلاوە جوان و پەسەند دەبێت، وەلێ لەگەڵ ناوەرۆکی شیعرەکەشدا، تەبا نابێت، بۆیە بەم پێنج خشتەکییە وەڵامی دەداتەوە:

*دنیا بەمەسەل فاحیشەو خەرمەگەسێکە*
*بێ عەهد و وەفا، دون و دەنی، وەکجەرەسێکە*
*گەه یاری کەرو گەه لە ملی ئەبلە رەسێکە*
*لوتف و کەرەم و قەهری، دەم و دەس نەفەسێکە*
*هەر ساتە بەرەنگێك و لەسەر تەبعی کەسێکە*
*باوەڕ مەکە جەنا کەببێ ساغی مەحەببەت*

*هەروا بەدرۆ ئەیخەنە دەرها داغی مەحەببەت*
*پیشەیی حەسەنی زاڵمەکەی زاغی مەحەببەت*
*تەخریبی گوڵی یاسەمەن و باغی مەحەببەت*
*کرداری لەسەرکەیف و هەوایی تەرەسێکە* (١)

لەخوێندنـــەوەی دەقـــی ئـــەو چـــوارینەی شـــاعیر، لـــە رووی روخســـاری هونەرییـــەوە چـــەند لێـــی ورد بینـــەوەو هـــۆش هۆکـــاری تێگەیشـــتن بێـــت و لـــە بابەتەکە نزیکببینەوە، مرۆڤ بە میتۆدێکی ئاسان و روون دەتوانێت کۆنترۆڵی خـــودی بۆچـــوونەکان بکـــات و جـــوانتر و ئازایانـــەتر روو لـــە خەســـڵەتی سۆسیۆلۆژی و فیزیکی ناوەوەی دەقەکە بکات.

لەپێناو دیاریکردنی روخساری هونەری شیعری شاعیر، وەك پێوەرێك روو لە هونەری شیعری دەکەین... بـۆ پێناسـەی شـیعری دکتـۆر کامـل حەسـەن بەسیر پەنا بۆ بیروڕای شیلی دەباتو دەڵێت:

(شـــیعر وێنەیـــەکی ژیانـــە، لـــە راســـتی و ئەزەلییەتـــەوە وەرگـــیراوە، ئاوێنەیەکە، ناشرینی تیا جوان دەبینرێت و سەرچاوەکە تـا ئەبـەد جـوانی و ژیری لێهەڵئەقوڵێت، شیعر پەچە لە رووی جوانیەکی شاراوە لادەدات) (٢).

ئـەو خەسـڵەتە هونەرییـە، لـە چـوارینەکەی شـاعیردا بـەجوانی هەسـت پێدەکرێت و ناوەرۆکەکەشی گوزارشت لە مەبەستە پەنگخواردووەکەی نـاخی دەروونی شاعیر دەکات:

لەپێناو دیاریکردنی روخساری هونەری شیعری شاعیر، وەك پێوەرێك روو لە هونەری شیعری دەکەین... بـۆ پێناسـەی شـیعری دکتـۆر کامـل حەسـەن

---

(١) بەشێك لە دیوانی ئەسعەدی مەحوی، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم– چاپخانەی راپەرین، سلێمانی، ١٩٧٠، ل ٩٨.

(٢) رەخنەسازێك و بیردۆزی هۆنراوە– دکتۆر کامل حەسەن بەسیر– وێژەی کوردی و رەخنەسازی– چاپخانەی (دار الجاحظ) بەغدا، ١٩٩٠، ل ٢٥٤.

بەسیر پەنا بۆ بیروڕای شیلی دەبات کە دەڵێت:

(شیعر وێنەیەکی ژیانە: لە راستی و ئەزەلییەتەوە وەرگیراوە، ئاوێنەیەکە، ناشرینی تیا جوان دەبینرێت و سەرچاوەکە تا ئەبەد جوانی و ژیری لێهەڵئەقولێت، شیعر پەچە لە رووی جوانیەکی شاراوە لادەدات) [١].

ئەو خەسڵەتە هونەرییە، لە چوارینەکەی شاعیردا بەجوانی هەست پێدەکرێت و ناوەرۆکەکەشی گوزارشت لەمەبەستە پەنگخواردووەکەی ناخی دەروونی شاعیر دەکات:

بەر لەهەر شتێك شیعر لەناخی خودی ژان و سوێی خواستەکانی مرۆڤەوە لەدایك دەبێت) [٢].

مەبەستی شیعری، لەشاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی دی جیاوازەو دەگۆڕێت، جۆری ئامانج و تێگەیشتنی شاعیر بۆ مەرامی تاك و کۆی ناو کۆمەڵگا، هۆکار و کاریگەری بۆ دیاریکردنی ناوەرۆك. خوێندنەوەی (جاحظ) بۆ هونەری هۆنینەوەی شیعر و بنیاتنانی روخسارێکی جوان و هەست بزوێن بەمجۆرەیە: (شیعر پیشەسازییە، لەدانانی کێش و دەنگ و جۆرە دەرهێنانێکی ئاسان و پێکهێنانی رەگەزێکی وێنە، ئەمەش بەجاڕشتن و چنینێکی سفت و سۆڵ و جەستەیەکی دروست) [٣].

کەچی شیعر لای قودامەی کوڕی جەعفەر تەنیا داڕشتن نییە و لەخۆوە سەرهەڵنادات و بەکۆمەڵێك هەلومەرجی هونەرییەوە گرێدراوە، ئەو مەرجانەش خاوەنی یاسا و دەستووری دیاریکراون... قودامەی کوڕی جەعفەر دەڵێت: (شیعر بریتییە لە: کێش و یەراو واتا) [٤].

---

(١) رەخنەسازێك و بیردۆزی هۆنراوە– دکتۆر کامل حەسەن بەسیر– وێژەی کوردی و رەخنەسازی– چاپخانەی (دار الجاحظ) بەغدا، ١٩٩٠، ل٢٥٤.

(٢) الحداثة الكردية تسيق الحداثة العربية بعقد من الزمن تقريباً، دكتور لطيف محمد حسن، مجله گەلاوێژی نویَ– الملحق العربی (٤) نشلاین الپانی، ٢٠٠١، ص٧٩.

(٣) اللفڤ والمعنى فى تعريف الشعر، خالد الخرزجى، جريده العراق، العدد (٧٥٣٠)، ٢٠/٢/٢٠٠٢ز..

(٤) سەرچاوەی پێشوو.

بەو پێیەی شیعر رەگەزێکی بنچینەیی و هەرە دیاری ئەدەبە، بەرهەمی ئەدەبیش زادەی بیرو بەهرەو ئەندێشەی مرۆڤە و مرۆڤیش تا لە ژیاندا بێت، رۆژ بە رۆژ پێشدەکەوێت و ئاسۆی بیری فراوانتر دەبێت و داهێنانی نوێی فیکری لەلای لەدایك دەبێت، هەر بەهەمان پێوەری ئەو پێشکەوتنەی مرۆڤ بەخۆیەوە دەیبینێت، پێناسەی نوێش بۆ ئەدەب و شیعر لەدایك دەبێت، شیعرەکانی شێخ مەحموودیش لەو خەسڵەت و هەلومەرجە هونەرییانەی شیعر خاڵی نییەو لەگەڵ روخساری هونەریی شیعرەکانیدا، شاعیرانە مامەڵەی کردووە.

### بابەتی دووەم
### شیعرو پلەی شاعیریتی شێخ مەحمودی حەفید:

بەهرەی سروشتی و زگماکی و زیرەکی و توانای تاکە کەسی، بەتەنیا بۆ شاعیر بەس نییە، هەوڵ و تەقەلای خۆ گۆشکردن و گەڕان بەدوای زانیاری نوێ و بنەما فیکری و فەلسەفییەکان، نێڵەی ئاگری کوانووی شیعر خۆش دەکات، شاعیر رووەو ئەو بنەماو کۆڵەکانە دەبات، داهێنان لەبواری هونەری شیعری و ناوەرۆکی بەپێزا بخولقێنێت. ئەمە جگە لە زەوقی جوان و عەشقی بێگەردی شاعیر، هۆکاری بەهێزو کاریگەرن لەو خولقاندنە نوێیەی پرۆسەی لەدایکبوونی شیعر.




بەپێی شیتاڵکردنەوەی جەستەیی شیعرەکانی شاعیر و چوونە ناو قووڵایی لایەنە شاراوەو نهێنیەکانی، ئەو راستییەمان لا سەلماوە، شێخ مەحموود ئەو هەلومەرج و خەسڵەتانەی باسی لێوەکراوە پێویستی شاعیرە لای خولقاوە، ئەوەش بۆ شاعیر و بوونی ئەفراندنی شیعر پێویستن، لەدنیای شیعر و ژیان و هەڵوێستی شاعیرانەی شێخ مەحموودا خۆیان بەدرەوشەداری دەنوێنن.

بە نموونە: لەرووی پەروەردەی ژیان و بارودۆخی دەوروبەرەوە: شێخ مەحموود لەبنەماڵەیەکی زانست و رۆشنبیری و رابەری رێبازی فیکری ئیسلامی پەروەردەکراوەو ژیاوە و ئەو کەنزەشی لەباوانییەوە بۆ جێماوە. شێخ مارفی نۆدەیی جگە لەوەی رابەری رێبازی قادری بووە، زانایەکی عەقڵکراوەی سەردەمەکەی خۆشی بووەو لە رووی رۆشنبیری و بواری گۆشکردن و پەروەردەییەوە، مرۆڤێکی پڕ فیکر و ئاسۆ فراوانبووە،

فەرهــەنگێکی پــەروەردەیی بــۆ کــاك ئەحمــەدی شــێخی کــوڕی بــەناوی (ئەحمەد)یەوە داناوەو شوناسیو شارەزایی هونەری شیعریی پێوە دیارە شێخ سەعدی باوکی شێخ مەحموودی حەفید خاوەنی ئەم شیعرە بەرزەیە

*مردنە بێ تۆ ژیانم، زیللە بێ تۆ عیزەتم*

*دەردە خۆراکم بەبێ تۆ، ژەهری مارە شەربەتم*

*تۆش وەکو من قوڕ ئەپێوی گەر بزانی عیللەتم*

*وێڵی سەحراکەی نەهاتی غوربەتی پڕ میحنەتم*

*ئێرسی مەجنوونی خەڵاتم، لەیلەکەم ون کردووە*(1)

شێخ مەحموود بەهرە و ئیلهامی شیعری لە باوانییەوە بۆ ماوەتەوە: لێرەدا شایانی ئاماژەپێکردنە، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی شێخ مەحموود و پێگەیویی (نظوج)ی فیکری.. دوو هێزی نهێنی لەناخیدا ململانێیەکی بەهێزیان هەبووە، هێزی فیکری سیاسی و عەشقی شیعر ە ئەدەب... ئەو دوو هیزە فیکرییە، تا ماوەیەکی زۆر هاوتاو هاوڕێی تەمەنێکی بوون و ئاکام باڵی عەشق و سووتان بۆ ئەدەب و شیعر بەسەر باڵی سیاسەتدا زاڵبوو، لەدوای نسکۆی شەڕی ئاوبارێکی ساڵی ١٩٣١ ئیدی بە فەرمی وازی لەکاری شۆڕشگێڕانەی سیاسی هێنا، ئەگەرچی میللەت و کەسانی نەتەوە پەروەری کورد، لێیەوە نزیکبوون و بەسنبولی خەباتی کوردایەتیان داناوە.. کەچی مەلی شیعر تاداو ساتەکانی ژیان و ماڵئاواییکردنی لەم دنیایە، ئاوێتەی هەست و هۆش و گیانی ببوو.

---

(١) شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی لە خوارووی کوردستان، م. ر. هاوار، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٩٠، ل١٤١.

**بابەتی سێیەم**

**مەنزڵی شیعری شێخ مەحموودی حەفید:**

ئەو ناوبانگ و شوهرەتەی، پلەو پایەو مەنزڵی شێخ مەحموودی حەفیدی بەم ئاستەی ئێستا گەیاند و لەناو کورد و ناوچەکە و جیهاندا ناساند، خەباتی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی و هەڵوێستی جوامێرانەی نیشتمانی و ئایین پەروەری بوو، بەتایبەت تا دوا هەناسەی مەرگ لەبەردەم خواستی زۆرداریی ئینگلیز و حکومەتی عێراقی عەرەبیدا چۆکی دانەدا و نازناوی (مەلیکی کوردستانی) پاراست و ئەوەش بوو، بەهێمایەکی مێژوویی و فەخری هەموو کورد.

راستە لە ماستەرنامەکەی تارا تەحوسێن ئەسعەدیدا ٢٤ شاعیر، شیعرییان بۆ هۆنیوەتەوەو لە دەرەوەی ئەو ماستەرنامەیەش، ٥٤ شاعیری تەمەن جیاواز و لەکات و بۆنەی جۆراوجۆردا شیعرییان بۆ شێخ مەحموود وتووە، وەلێ سەرچاوەی هاندان و هەڵوێستی ئەو شاعیرانە، خەبات و دڵسۆزی و دەستەمۆ نەبوونی شێخ مەحموود بووە، ئەمە جگە لە شوکری فەزڵی شاعیر، هاوڕێی سەردەمی منداڵی شێخ مەحموود و دڵسۆزی قەزییەی کورد کە بە زمانی شیعر لەگەڵی دوواوەو پردی لە یەکگەریشتن پەیوەندی رۆحی نێوانیان شیعر بووە. شوکری فەزڵی، زمانی شیعری خۆی کردۆتە هۆکارێك بۆ خولقاندنی پرۆسەیەکی مەعریفیو عەقلانی بەسوود و بەدیاری پێشکەشی شێخ مەحموودی کردووە، ئەمەش قەسیدە بەناوبانگەکەی شاعیری نەتەوە پەروەری کورد شوکری فەزڵییە:

**ئیش کە رووی ئێستە لە هەورازە، سەرەو لێژینەکەی**
**فکری وردیشی ئەوێ، هەر بەدوعا و نوێژی نەکەی**
**گێرەشێوێنی کە (کا)ی کۆنی بە (با)دا لەکنت**
**چاکە هەر لێیخوڕی، سەیری دەم و کاوێژی نەکەی**
**سەرەتای ئیش هەموو یەکبوونە، ئەویش نابێ هەتا**
**هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی نەکەی**

حەیفــە چــاوێ کــە جــەفا، کۆڵــەوژێ تێدەشــکان
تــۆ بــە (کلچــیۆکی) وەفــا عــەینی گەلاوێــژی نەکــەی
قــەومی بــێ ســەر نییــە، ئــەمڕۆ لەهــەموو عالەمــدا
ئەتــەوێ تــاجی ســەری بــی، بــە (هــەوا) گێــژی نەکــەی
(شــا) وەکــو شــایەکی شــەترنجە لــە عالــەم ئــەمڕۆ
گــەورە قانوونــە، قســەی کــورت ئەمەیــە درێژینەکــەی[1]

شوکری فەزڵی بە زمانی شیعر کە جیایە لە زمانی ئاسایی و زمانی گوڵـە، هەڵوێستو بیروباوەڕی خۆی سـەبارەت حکومـەتی باشـووری کوردسـتان بـە شێخ مەحموودی گەیاندووە.

---

(١) شوکری فەزڵی شاعیرێکی سیاسی و نەتەوەیی کوردە، عەبدوڵڵا عەزیز خالد، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الحریة، بەغدا، ١٩٨٥، ل٣١.

# بەشی دووەم

## بابەتی یەکەم

## دەقە شیعرییەکانی شاعیر بە ئازادی لەدایکبوون:

بەهاتنە دنیای بەرهەمی فیکری بەگشتی و شیعر بەتایبەت، لەقۆناغێکی ناسك و حەساسدا دەژی، کاتێك زاراوەی دەقی بەسەردا دەسەلمێت و ئەرك و فرمانی دەق بەجێدەهێنێت، خاوەن دەق (نووسەری داهێنەری دەقەکە) بڕیاری لەسەر بدات و لەبەردەم خوێنەردا دایبنێت، ئا لەو حاڵەتەدا دەق لە دەسەڵاتی خاوەنەکەی جیا دەبێتەوەو خاوەنی پێناسە و کەسایەتی و بڕیاری خۆی دەبێت، ئەم حاڵەتە درێژەی هەیە، بەمەرجێك دوای ئەوەی دەقەکە لەلایەن هیچ کەس و لایەنێکەوە دەست لەکاروباری پەیوەندی ناوخۆو دەرەوەی نەدرێت.

ئەو دەقە شیعرییانەی چنگ من کەوتوون زۆربەیان ئازادن و بۆ ئەو دەشێن، داهێنانی نوێ و پرۆسەی مەعریفیان لەسەر بنیات بنرێن، تا ئێستا تێکڕای ئەو شیعرانەی لەبەر دەستمدان خۆیان لەژێر ڕەشماڵی شیعری (لیریك)دا دەبیننەوەو شیعری ئیسپۆس (چیرۆکە شیعر، داستان، بەیت)یان تێدا نییەو لەمجۆرەن:

(١)– ٦ تاك (٢)– ٧ چوارینی بێ گون (گوێك)، (٣)– ١ چوارینی تەواو (٤)– ٢ چوارینی تەواو (بەزمانی فارسی) (٥)– ١ پێنجین (٦)– ٢ پێنجینەی بەندی (٧)– ٥ پارچە.

کۆی شیعرە لیریکییەکانی شاعیر (٢٤) یەکە (وحدە)ی شیعری سەربەخۆن و لەم لێکۆڵینەوەیەدا، وەك دەقی شیعری ئازاد مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە.

ڕاست وایە، ئاماژە بەو ڕاستییەش بدرێت، هەندێك لەشیعرەکانی شاعیر مێژووی لەدایکبوونیان نووسراوەو ئەوەش ئاسانکاری بۆ بەجێهێنانی ئەم پرۆسەی لێکۆڵینەوەیە کردووە، تا لە خۆڕا بڕیار و حوکمیان بەسەردا نەدرێن و ڕەچاوی هەلومەرج و پرەنسیپەکانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانە بکرێت.

**بابەتی دووەم**

**لە رووی هونەری شیعرییەوە، ئاستی شیعرەکانی شاعیر لە چ خانەیەکدان؟**

دەقی شیعر، هونەرێکی فەنتازیایی سەربەخۆیەو بەشێوە (روخساری هونەری) و (ناوەرۆك)ی بەپێزو سوودمەند لەجۆرەکانی دی بەرهەمی ئەدەبی جیا دەکرێتەوە، چێژ لە هەردوو لایەنی (روخسار و ناوەرۆك) تامی رۆحی بەجەستە دەبەخشێت.. دەقی شیعریش قەوارەیەکی سەربەخۆیەو خاوەن یاسای تایبەتی خۆیەتی، سا ئەو یاسایە لەسەر بنچینەی کۆن یاخود نوێ خولقێنرابێت. بۆ دەستنیشانکردنی ئەو یاسایەی دەقی شیعری لەسەر بنیاتنراوەو ژیانی هەمیشەیی پێدەبەخشێت، باش وایە ئەو حاڵەتە بە ووردی و قوڵی رەچاو بکرێت و لە خزمەت ئایندەی گەشی پرۆسەکەدا بێت.

شیعرەکانی شاعیر لەسەرەتاوە، لەدایکبوونی قۆناغێکی تایبەت و دیاریکراوی بزاڤی ئەدەبی کورد بووە، بەتایبەت لە رووی واتای ناوەرۆك و ئەو ئەرکەی قۆناغەکە پێیسپاردووە.

شاعیر: شێخ مەحموودی حەفید، لە رووی هونەری هۆنینەوەی شیعرییەوە، پەیڕەوی شیعری کلاسیکی (عەرووزی عەرەبی) کردووە، ئەمە یەکێك لەو بەڵگانە بەدەستەوە دەدات، مرۆڤێك ئاستی پلەی رۆشنبیری لە مەعاریفە گشتییەکان و هەلومەرجەکانی شیعری کلاسیکی و بەهرە عەروزییەکانی خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی نەبێت و شارەزایی لە زاراوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی و تورکی نەبێت، ئاسان نییە، لەخۆڕا توخنی ئەم هونەرە شیعرییە بکەوێت.

شاعیر لە بەکارهێنانی بەحرە عەرەبییەکاندا، بە زۆری بەحری هەزەج و رەمەلی بەکارهێناوە، ئەمەش لەگەڵ سروشتی دەنگ و سەنگ و سحری زمانی کوردیدا گونجاوترن، تێکڕای شیعرەکانی کێش و سەروادارن و خاوەن ئیقاعێکی مۆسیقی بەتام و چێژ و هەست بزوێنن، شیعرەکانی شاعیر بەم هێڵ و قۆناغانەدا تێپەڕیوە:

## قۆناغەکانی شیعریی شێخ مەحموودی حەفید




شیعر لای شاعیر پەیامی ئەو نەخشەیەی لەخۆ گرتووە و ئەم پێنجینە بەندییە شایەتحاڵی ڕاستیی بۆچوونەکانە:

***نامەوێ ژینی ئەسارەت، بەسمە عومری گومڕەهی***
***نایکەمە سەر خۆم، بەدەستی مودەعی تاجی شەهی***
***قەت بەئەمری دوژمنانم، نامەوێ فەرمان ڕەهی***
***نامەوێ تەختی کەی و بەختی جەم و شاهەنشەهی***
***تیشنەیی خوێنی خوێنی عەدووم و بۆ حقوقی وا ئەکا*** [1]

---

(١) گۆڤاری نەورۆز ژمارە (١) ساڵی ١٩٥٩ سلێمانی هەروەها لەکتێبی شێخ مەحموودی

ئــەم پێنجینــە بەندییــە، لــە رووی ناوەرۆکــەوە، رەمــزی هەڵوێســتی جوامێرانـەی کـوردێکی نەتـەوەیی دڵسـۆزو ئازایـە، لەلوتکـەی رەفـزی ژیـانی زەبوونیـدا خـۆی دەبینێتـەوەو زمـانی شـیعرییەکەی ئاسـایی نییـە، لـەبواری رەوانبێژیدان درکە (مجاز) سەر مەشقە لـەرووی هونـەری شیعریشـەوە، جگـە لەوەی خـاوەنی ئیقـاع و ئـاوازێکی بەجۆشـی مۆسـیقییە، لـە رووی کێشـەوە تەواو رەوانەو رەوتێکی رێکوپێکی گونجاو و جوانی بـەکارهێناوەو شـیعرەکە رەمەڵی هەشتی مەحزوفە:

**(فاعلات فاعلات فاعلات فاعلن).**

پەیڕەوکردنی هونەری شـیعری کلاسـیکی و عـەرووزی عـەرەبی و بـەحری رەمەڵ، نیشانەی تواناو شارەزایی شاعیر لەبواری شیعردا نیشاندەدات.

لەدایکبوونی شیعر لای شێخ مەحموود حاڵەتێکی عەقلانی هەستپێکراوی هۆشیارانەیە، بوونی شیعرەکانی شێخ مەحموود دەلالەتە بۆ مەدلوولی بوونی خـودی وەك (رۆح) لــە شــیعرەکاندا هــەن و زینــدوون، رۆحیانیــەتی خــۆش لەرێگای شیعرەکانییەوە زیندوونو پرۆسەی خولقاندنی نوێ پێکدەهێنن.

شاعیر لەم پارچە شیعرەیدا بەناوی (فەرهادی کورد) شەپۆلە هزری بیری فەلسەفیانەی خۆی لەکالآیەکی هونەریدا خۆلقاندووە:

***فــەرهادی قــەومی کــوردم، فــەریادی کــورد ئەکــەم***
***دوژمــن بەکوتــەکی کــاوە، وەکــو شیشــە ورد ئەکــەم***
***بــــۆ بێســــتوونی مــــانعی ئامــــالی کوردەکــــان***
***وەك کۆهکەن، بەعەزمی مەتین، دەست و بـرد ئەکـەم***
***بــا کەشــتی کــورد، ئەبەمــە ســاحیلی نــەجات***
***یــا رۆحــی خــۆم و ئــالی پەیەمبــەر بــەپرد ئەکــەم***

---

قارەمان و دەوڵەتی خـواروی کوردسـتان، م. ر. هـاوار لەسـەر بەرگەکـەی سـێ نیـوەدێڕی یەکەمی بڵاو کراوەتەوە و لە ماستەرنامەکەی خانم: تارا تەحوسێن ئەسعەدی لـە لاپـەڕەی (١٠٦)دا هەیە.

***مـەحموودی فیکـرەتم، ئەخەمـە دووی ئـەیازی کـورد***
***یـا کەسـبی وەسـڵی میللـەت و نـەیلی کـورد وەکـەم***
***مـــن کـــوردم و بـــەکوردی وەڵـــێم و: برایـــەوە***
***زیللـــەت نـــەما، ســـەعادەتی کـــوردان گەڕایـــەوە*** [1]

لـەم پارچـەیەدا ئەفرانـدنی هونـەریی، پانتاییـەکی فراوانـی بەخشـیوە، وردەکارییـە هونەرییـەکانی، پلـەی بـەرز و خانەیـەکی موحتـەرەم و شـیاوی بەشیعر و شـاعیرێتی شـێخ مـەحموود داوە، لـەجێگای خۆیدایـە ئامـاژە بـەو راستییە بکرێت: شـێوازی هۆنینەوەکـەی بـەپێی دەریـای مـوزاریعی هەشـتی ئـەخرەیی مـەکفووفی مەحزوفـە واتـە: (مفعـولُ فـاعلاتُ مفاعـلُ فـاعلنُ) بەکارهێنانی ئەم بەحرەش هۆشیاری هەستی و هونەری دەوێت.

شاعیر لەم چوارینە جوانەدا روو لەحوزنی موکریانی (داماو) دەکات:

***کەیلی غەمە، دایم دڵەکەم، حوزنی درۆیە***
***باوەڕ مەکە، رووی رەش بێ، ئەڵێیە زرەتیتۆیە***
***دارو دۆڵ ە خاکە، رەواندوز بەقەڵەم کەی***
***حەققەت کەوەتەن شامیدی (ئیخلاس)ی درۆیە*** [2]

شـێخ لـەتیفی حەفیـد کـوڕی شـێخ مـەحموودی مـەلیك وەك شـاعیرێك بەهـەمان هەناسـە و پشـووی شـیعریەوە، فیکـرەی ئەوکۆپلـە شـیعرییەی پێشەوە شەنوکەو دەکات و دەڵێ:

***چەند هەزار ئینسانی ناسک، جوملە بوونە خاك و خۆڵ؟***
***کورەیی ئەرزە سەرانسەر، پڕ لەئێسقانی عیباد*** [3]

---

(١) وێنەی شـێخ مـەحموود لـە ئـەدەبی کوردیـدا، ماسـتەرنامەی، تـارا تەحوسـێن ئەسـعەدی، ل١٠٨.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٠.

(٣) گوڵی وەریو- بەشێکە لە هۆنراوەکانی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی نەمر، دایکی کـاوە، چاپی ئەکەم، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٥، ل١.

لـەكاتی هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو دەقـە شـیعرییە و شـیتاڵکردنەوەیەکی بیرمەنـدی هۆشـیارانە، بـەجۆرێکی ئـەوتۆ جەمسـەری واتـا بنچـینەییەکانی نەترازێت، ئەوسا دەردەکەوێت، شێخ مـەحموودی مـەلیك شـاعیرەو خـاوەنی بنەمایـەکی پتـەوی رۆشـنبیری گشـتییەو شـارەزای مێـژووی کـورد و گـەلانی دنیاشە.

شاعیر بەزمانی لەیەکگەیشتن و گیانی سـەردەمیانە، ئـەدای شـیعریی لـە خزمەت خولقاندنی پێگەیەکی رووناکی عەقڵانی ئەنجامـداوەو بـە سـەلماندنی وجودی خود وزەو دەسەڵاتی مەرام و ئەنجام بە ئاکام گەیاندووە.

شاعیر لەم چوارینەیەدا، سنووری هەڵخەڵەتاندن هەڵئەتەکێنێت و بەرچـاو روونی بۆ پانتایی عەقڵی سازی دەکات، هۆکاری رووداو، ئـەفکاری بنیاتنـان، کاریگـەری ئـەنجامی دەق پێشـکەش بـە ژیـان دەکـات، نـەك تـەنیا وەك شـایەتحاڵێك بـۆ راسـتی واقیعـی سـەردەمەکەی، بـەڵکو دەقـە شـیعرییەکە خولقاندنی نوێی پرۆسەی مەعریفیانە پێشکەش دەکات.

***پارێز ئەکەم بەهیمەتی حەیدەر حقوقی کورد***
***یا گیانی خۆو ئەهلی پێیەمبەر فیدا ئەکەم***
***گەر مانعی حقوقی میللەتی کورد بێ، عەرەب***
***بێ شوبهە نوێژی (ماضیم) بەکوردی (قضا) ئەکەم***[1]

پێدەچێت ئەو کۆپلەیە، بەشێك بێت لە پارچە یاخود غـەزەلێکی شـاعیر، وەلێ لە سەرچاوەکەیدا تەنیا ئەوەندە بوو، شیعرەکە لەسەر شێوەی شیعری کلاسیکی عەروزی عەرەبی هۆنراوەتەوەو پەیڕەوی بەحری موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزوف کـراوە[*]. (مفعـولُ فـاعلاتُ مفاعیـلُ فـاعلنُ) لـە

(١) شیعری سیاسی کوردی– ماستەرنامە– عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپی یەکـەم، صـاپخانە (؟)، دهۆك ١٩٩٦، ل١٠٧.

(*) بۆ دڵنیابوون لە راستیو دیاریکردنی جۆری بەحری عەروزی شیعرەکانی شێخ مـەحمودی

هۆنینەوەی دەقە شیعرییەکاندا سەلیقەی وردو شارەزایی تەواوی هونەری شیعریان پێوە دیارە، تۆو (ناوکی) رەسەنایەتیش هەوێنی مەیاندنی جەستەی شیعرەکانە و بەرگی زیندووی پێپۆشیون، لە عومقێکی فەلسەفییانە پرۆسەیەکی مەعریفی مرۆڤانە و شارستانیانەی لێپێکهێنراون، دەکرێت بە جووڵانەوەیەکی بەردەوام و مەکۆکی دەقی نوێی و ئەفراندنیان لێبخولقێنرێت.

---

حەفید، رەئی (ئەرێی) شارەزایانی زانستی عەروز: دکتۆر وریا عومەر ئەمین و دکتۆر عەزیز گەردی لە رۆژی پێنج شەممەی ١٠/١٠/٢٠٠٦ لەسەر دەربڕاوە.

**وتەیەك بەر لە ئەنجام:**

هـیچ نووسـینێك بـێ مەبەسـت و بـیری فەلسـەفەیەکی خـودی و تایبـەت لـەدایك نابێـت، هەڵبـەت ئامـانجێکی هەیـە و گوزارشـت لـە ژان و ئەندێشـە و ئامانجی خاوەنەکەی دەکات، لەوەیە: ئەو کارە کزو لاوازو کەم سوود بێت، یا بەپێچـەوانەوە، پرۆسـەی مـەعریفیش قـەوارەی کارێکـە، مەبەسـتی ئەوەیـە: بەراسـتییەکی پۆزەتیڤانـەی ئـەوتۆ بگـات، لەخزمـەت فیکـری مرۆڤایـەتی و شارسـتانیەتی سـەردەمدابێت، بەمـەرجێك ئـەو لایەنانـە بدۆزێتـەوە یـاخود دەریان بخات، بـەر لـەخۆی، پـەی پێنـەبرابێت و بـە ئەفرانـدن دانرێـت، ئـەم بۆچوونانەی خوارەوەش ئاکـام و ئـەنجامی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە، بـە ئومێـدی ئــەوەی گــەر توانرابێــت بــە (پنتێــك)یش بووبێــت ســامانی ئــەدەبی و رۆشنبیریمانی پێدەوڵەمەند کرابێت، ئەوە سەرکەوتنەو مایەی شانازییە.

# ئەنجام

١- لە سەردەمی دەسەڵاتی کوردی، حوکمداری مەلیکی شێخ مەحموودی حەفید لە ساڵانی (١٩١٨- ١٩٢٤)دا، شاری سلێمانی بە گەشترین قۆناغی رۆشنبیری و ئەدەبی و سیاسی و رۆژنامەگەریدا تێپەڕییوە، هەر لەو ماوەیەدا پێنج رۆژنامە (پێشکەوتن ١٩٢٠، رۆژی کوردستان ١٩٢٢، بانگی کوردستان ١٩٢٢، بانگی ١٩٢٣، ئومێدی ئیستیقلال ١٩٢٣) دەرچوون، ئەمە بە بەراورد لەگەڵ پایتەخت و شارە گەورەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا بە هەنگاوێکی یەجگار پێشکەوتووانەی سەردەم دەژمێردرێت.

٢- لە هەردوو قۆناغی حوکمدار و مەلیکی شێخ مەحموودی حەفید، فیکر و ئازادی و بیروڕا دەربڕین لە لوتکەی فەراهەم بووندا خۆیان دەنوێنن، بەڵگەش ئەو بزاڤە بەهێز و بەربڵاوەی رۆژنامەگەریی کوردی ئەو سەردەمەیە.

٣- کەش و بارودۆخی پەروەردەیی خێزانی و رابەرایەتیی رۆشنبیریی بنەماڵەی شێخ مەحموودی حەفید، هۆکاری بەهێز و هەرە کاریگەرە لەسەر بەرزی ناوەرۆکی شیعری و شاعیرێتی شێخ مەحموود.

٤- لای شێخ مەحموود شەپۆلی ململانێیەکی بەهێز لەنێوان رۆح و جەستەی: سیاسەت و شیعردا هەبوو، ئەو ململانێیە، تا ماوەیەکی زۆری تەمەنی لاوێتی شێخ مەحموود هاوتاو هاوڕێ بوون و ریشەیان لەناخی بیری شێخدا لە جووڵەیەکی بەهێزدا بووە، کەچی ئاکام هێزی سیحراوی شیعر بەسەر سیاسەتدا زاڵبوو، تا دوا ساتی ژیان و مەرگی شێخ مەحموود میوانی بوو.

٥- لەو روانگەیەی دەقە شیعرییەکانی شێخ مەحموودی حەفید لەدایکبووە لە حاڵەتێکی عەقلانی هەستپێکراوی هۆشیارانە و بیری فەلسەفەیدا هاتوونەتە دونیاوەو لەبەر ئەوەی بوونی شیعر دەلالەتە بۆ مەدلولی بوونی خودی شاعیر وەك (ناو) واتە: شیعرەکانی هەن و زیندوون، کەواتە رۆحیانەتی شاعیریش بە زیندووێتی لە رێگای شیعرەکانییەوە هەن و دەژین.

## سەرچاوەکان

**سەرچاوەی کتێبی کوردی**


١- ئەحمەدی، شێخ مارف نوودێی، گیو موکریانی، چاپی جووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ٢٥٢٧ی کوردی.

٢- بەشێك لەدیوانی ئەسعەد مەحوی، بەشی یەکەم، چاپی یەکەن، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی ١٩٧٠.

٣- وێژەی کوردی و رەخنەسازی، دکتۆر کامل حەسەن بەسیر، چاپخانەی (دار الجاحظ) بەغدا، ١٩٩٠.

٤- رۆژنامەنووسی کوردی و بزووتنەوەی ئەدەبی لە سایەی یەکەمین دەستەڵاتی سیاسی کوردی لە مێژووی هاوچەرخدا (١٩٢٢- ١٩٢٤)، دکتۆر محەمەد دلێر ئەمین میسری، چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، زنجیرەی (٣٨)، چاپخانەی (ئۆفیسی ژیر)، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٥- شوکری فەزڵی، شاعیرێکی سیاسی و نەتەوەیی کوردە (١٨٨٢- ١٩٢٦)، عەبدوڵڵا عەزیز خالید "ئاگرین"، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دار الجاحظ) بەغدا، ١٩٨٥.

٦- شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، محەمەد رەسووڵ هاوار، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لەندەن، ١٩٩٠.

٧- شیعری سیاسی کوردی، عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپی یەکەم، دهۆك، ١٩٩٦.

٨- گوڵی وەریو، بەشێکە لە هۆنراوەکانی شێخ لەتیفی شێخ مەحموودی نەمر، دایکی کاوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی راپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٥.


**گۆڤاری کوردی:**


١- گۆڤاری نەورۆز، ژمارە (١) مانگی نەورۆزیساڵی ١٩٥٩، سلێمانی.


**نامەی ماجستێری (کوردی):**

١- وێنەی شێخ مەحموود لە ئەدەبی کوردیدا، تارا تەحوسێن یاسین ئەسعەدی، کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن رشد)ی زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٢.

سەرچاوەی کتێبی (عەرەبی)

١- الطريق الى دولة كوردية- رشيد كريم خان عقراوي- الطبعة الاولى، مطبعة زانا- دهوك- ٢٠٠٥.

٢- اعلام كرد العراق، جمال بابان، المديرية العامة للطباعة والنشر، وزارة الثقافة، حكومة اقليم كوردستان، الطبعة الاولى، مطبعة شفان، السليمانية، ٢٠٠٦.

**ڕۆژنامەی عەرەبی:**

١- جريدة العراق، العدد (٧٥٣٠) في ٢٠٠٢/٢/٢٠، بغداد.

**گۆڤاری عەرەبی:**

١- مجلة (گەلاوێژی نوێ) الملحق العربي (٤) السليمانية، تشرين الثاني، ٢٠٠١.

# عەقڵیکراوە و بیرکردنەوەی سەردەمییانەی مەلای گەورە و کاریگەری لەسەر ڕێنیسانسی فیکری و بزووتنەوەی ئەدەبیی شاری کۆیە و کوردستان

# پێشەکی

لەبەر رۆشنایی رێبازی لێکۆڵینەوەی زانستییانەو شرۆڤەکردنی عەقڵانی سەردەم... ئەوەندەی بایەخەو گرنگی بە بیرو فەلسەفەی مرۆڤ دەدرێت، دەیەکی ئەوە بەلای پیاهەڵدانو ستایشی بێ بنەماو بێ سوودا ناچێت... ئەم لێکۆڵینەوەیە، لەژێر فشاری زەبرو زەنگو ترسدا لەدایکنەبووەو راوڵەتو بەرژەوەندی تەسکی خودی پاڵێوەنەری نییە...بەڵکو راستگۆییو هەوڵدانە، بۆ زیاتر دەرخستنی حەقیقەتی ئەو پرۆسە مەعریفیە پۆزەتیڤانەیەی مەلای گەورە هێناویەتیە کایەوەو خزمەتی ئایندەی فیکریو فەلسەفی کۆمەڵگای کوردی پێکردووە، رووی لە عەقڵو ئاسۆی بیرفراوانو رووناکی کردەوەو لەگەڵیدا دەدوێت، بەوەش رێنیسانسو شۆڕشی فیکریو مەعریفی لەشاری کۆیەو کوردستان بەرپا کرد... دیارە ئەمەش لە خۆوەو لە گۆترە ناخەملێنرێت، بەهای خەسڵەتە زانستیەکانی فیکری مەلای گەورە، سەلماندویەتی، ئا ئەو خەسڵەتو هەلومەرجانە لای هەموو مرۆڤێك چنگناکەوێتو دەگمەنن، مەگەر لەتاکی مرۆڤە لێهاتوو بلیمەتو زاناو فەیلەسووفەکاندا نەبێت... بیری نوێ بە عەقڵیەتێکی کراوەو لەلایەن مرۆڤێکی پەروەدەی زانستی ئایینیو ناو حوجرەو مزگەوت ئیعتبارێکی یەجگار سەرسوڕهێنەر هەڵدەگرێت، بەتایبەت دوای ئەوەی کاریگەری ئەو بیرو هەڵوێستە، رەنگدانەوەی لای ئەوە لەدوای ئەوە بەهێزتر بێتو کاریگەری داینەمۆیی بە ئایندەش ببەخشێت، بۆیە بەڕاستزانرا، لەو دنیا فیکریە مەزنەی مەلای گەورە تەنیا روو لە دوو چەمکی بیرکردنەوەو کاریگەری ئەو بیر کردنەوە بکەین، لە وەشە ئەمە مافێکی کەمی ئەو وەفایەمان دابێتەوە کە دەبێت بەرانبەر ئەم زانا مەزنو فەیلەسووفە بکرێت.

## گرنگی ئەم بابەتە :

بایەخی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە، لەوەدانییـە، بـاس لـە هەنـدێك رووی ژیـانو بەسەرهاتو هەڵوێستو بیرکردنەوەی مەلای گەورە بکرێـتو پیاهەڵـدانی بـێ لزومو ستایشی شـانو شـەوکەتو خزمەتـەکانی لـە بـواری فیکـریو زانسـتی ئانیدەدا بکرێت، بەڵکو گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە، خۆی لە دوو تۆیی باسێکی شـاراوەدا دەنوێنێـت کـە تـا هەنووکـە، لێکۆڵـەرەوان پـەییان پێنـەبردووە، (یاخود من نەمبینی) ئەویش: خوێندنەوەیەکی نـوێی سـەردەمیانەیە بـۆ ئـەو فیکرو بیرکردنەوە عەقلانیو مەعریفییانەی ئەو زاتە کە بەردەوام تا هەنووکە لە پێشبڕکێو خرۆشی رێنیسانسی فیکری جهانیدایـەو دەکرێـت بـە پێوانـەی ئەمڕۆ تەنانەتە ئایندەش بیرو هەڵوێستی مەلای گەورە بپیورێت کە ئەمـە بـۆ هەموو بەرهەمێکی فیکریو ئەدەبیو رۆشنبیریو فەلسەفی دەستنادات.... ئا ئەو خەسڵەتە زانسـتیانەیە، پایـەو خانەیـەکی دیـاریکراوی پێشـکەوتووی بـۆ فیکرو عەقلیەتی مەلای گەورە تەرخانکردووەو لە خەڵکی دی جیا دەکاتەوە، دەناگەر لەئاستی رۆڵی فیکری محەمەد عەبـدەو عەبـدولڕەحمانی کـەواکیبیو جەمالەدینی ئەفغانیدا نەبێت، ئـەوا بەدڵنیاییـەوە لـەوان کـەمتر نییـە، وەلـێ لەبەر ئەوەی کورد خاوەنکیـانی سیاسـیو دەوڵـەتی سـەربەخۆی کوردسـتان نییە، هەموو دیاردە پۆزەتیڤو شارستانیەکانیشی پشتگوێخراون:.

## رێبـازی لێکۆڵینەوەکە :

توێژەر پێیوایە...نابێت، پێشـەکی بڕیاربـدرێت، بـەم رێبـازە یـاخود ئـەو رێبازە بابەتەکە شرۆڤە بکرێتو هەڵسەنگێنرێت... من ئازادی بەبیرو بیرۆکەو عەقلیـەتو هەڵوێسـتی ئـەو زاتـە دەدەم، چ رێبازێـك یـاخود چـەند رێبـازو رێچکەی لێکۆڵینەوە بۆ خـۆی دیاریـدەکاتو دەتوانێـت لەگـەڵ بەرهەمەکـەدا هەڵبکات تاکو گیانی گونجانو پێکەوژیان ساز بکات.

خۆ سروشتی ناخی مرۆڤو حەزو ئارەزوو ویستەکانی تـەنیا لەسـەر جـۆرە رەنگو تامێك ناوەستێت، بەڵکو جاری وایە: ویستەکان رەنگاڵەین... بۆیە...

ڕێبازی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاوێتەییە، لەسەروو هەموویانەوە ڕێبازی شـرۆڤەی واقعی مێژووی، شرۆڤەکردنی سەردەمانەی پەیڕەو کردوە، وەلێ ئـەوەی مـن هەستم بە جەوهەرو داینەموو هۆکاری لەدایکبوونی بەرهەمە فیکریەکانی ئـەم زاتە کردووە، گەورەییەکەی لەوەدایە: دەکرێت، هەموو شـارەزاییەکی دنیـای لێکۆڵینــەوەی زانسـتییانە، پــەناو هانـا بـۆ چــەمکە جیاجیاکـانی ڕێبـازی لێکۆڵینەوەی زانستییانە ببات‌و بەپێی سەرنج‌و تواناو لێهاتووویی‌و شارەزایی ئـەو لێکۆلەرەوەیـە، دنیایـەکی نـوێ لەبەرهەمـە فیکریـەکانی مـەلای گـەورە بخولقێنێت، بەئەمەش داهێنانێکی ناوازەی ئەو زاتە دادەنرێت!

### زەمینەی لەدایکبوونی داهێنانەکانی مەلای گەورە

لەخوێندنەوەیەکی نوێی، زەمینــەی ڕەخسـاو بـۆ لـەدایکبوون‌و ئەفرانـدن لای مەلای گەورە، تەنیا یەك هۆکاری نییە، بـەڵکو کۆمـەڵێ هـەل‌و مـەرج بـۆ داهێنانەکەی ڕەخساوە، لەسەرووی هەموویانەوە، زیرەکیەکی زگماکی، ئەمە لـە باوانییــەوە بـۆی جێمـاوەو پەیوەنـدی بـە زانسـتی وراسـەوە هەیـە.... لەسەرنجدانێکی وردو هێمن زانستانەدا، دەردەکەوێت، لەم ڕووەوە مەسـعوود محەمەد دەفەرموێت: (**درەختی خانەوادەیی زانراومان لە ناوچەی کوردستانی عێراق بەم جۆرەیە:**

**ئا- لە گوندی بێگەلاسی هەرێمی پشدەر:**

**١-مەلا ئەبوبەکر، نازناوی "حاجی گەزۆ" بووە، بە بۆنـەی کەرامـەتێکی وەپاڵدراوەو پێوەندیی بە گەزۆوە هەبووە.**

**٢-مەلا حەسەن کوڕی مەلای ئەبوبەکر.**

**٣- = برایم کوڕی مەلا حەسەن.**

**٤- = حەسەن کوڕی مەلا برایم.**

**٥- = برایم کوڕی مەلا حەن)** [1].

---

(١) گەشتی ژیانم، مەسعوود محەمەد، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢ ل٤.

درەختی خانەوادەی مەلای گەورە، دەریدەخات بنەماڵەیەکی خوێندەوارو زانای ئاینی بووە... ئەمە تا دەگاتە حاجی مەلا عەبدوڵڵای باوکی ئـەم زاتـە: (**مەلا عەبدوڵڵای جەلی" ١٨٣٤–١٩٠٨" بەشـداری لـە بزووتنـەوەی شـیعری ناوچەی کۆیە کردووە)** [1].... بـاوکی مـەلای گـەورە نـەك زانایـەکی ئـایینی‌و رۆشـنبیرێکی ئاسـۆ فراوانـی سـەردەمەکەی خـۆی بـووە، بـەڵکو شـاعیرێکی ناسراویش بووەو رۆڵی بەرچاوی لـە بزوتنـەوەی ئـەدەبی‌و شـیعری ناوچـەی کۆیـەو دەوروبەریـدا هــەبووە، کاتێـك حـاجی مـەلا عەبـدوڵڵا جـەلیزادە موناجاتێکی شیعری بەزمانی فارسـی دەهونێتـەوە، کـوڵی دڵـی ئـەو حاڵەتـە رەتدەکاتەوەو بە کوردی شیعرەکە دادەنێت:

**با بکەم تەبدیلی نەزم‌و قـافیەو رەویەو عەروز**
**بەم زوبانە هیچی تر شـعرم لـەبـۆ هەڵناستێ**
**بیکەمە کوردی، زوبانی خۆمە چاکی تێدەگەم**
**خوایە تەوفیقم بـدەی من بەندەو مـەولاستی** [2]

ئا ئەو کەش‌و دۆخە بەپێزو هێزەی ئـەدەب‌و رۆشـنبیری، کاریگـەریان لـە گەشەسەندنی بیرو ئەندێشەو هونەریی ئەدەبی مەلای گەورە کردووە، ئەمـەو سـەرەڕای ئـەو رۆڵـە مەزنـەی حـاجی قـادری کـۆیی (١٨١٦–١٨٩٧) لـە بزووتنەوەی ئەدەبی خولقانـدنی گیـانی شۆڕشـگێڕیدا بیـنین‌و بـەهێزی کـردو هەستی نەتەوەیی لای تاك‌و کۆی کـورد وروژانـد.... شـیعرەکانی لـە نـاخی خاوێن‌و دڵسۆزیەوە هەڵقوڵاوە: (**حاجی قادر وەکو خـۆی دەفـەرمووێ، غـەم خۆرێکی بەڕاستی میللەت بووەو زۆر باش لە سیاسەتی ئەو دەورەو هـەواڵ‌و**

---

(١) مێژووی ئـەدەبی کـوردی، مـارف خەزنـەدار، (د)، بـەرگی چـوارەم، چـاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٤٣.

(٢) کۆیەو شاعیرانی، کەریم شارەزا، بەشی یەکەم، چاپخانەی (النجوم)، بەغدا، ١٩٦١، ل٣٦.

**باسی کوردان شارەزا بووەو تێگەیشتووە)** [1]..... ئەوەتا حاجی قادر لە ستایشی یەزدانی مەزنو میهرەباندا دەفەرمووێت:

**مەعلومە بۆچی حاجی مەدحی ئەکا بەکوردی**
**تاکو نەڵێن بەکوردی نەکراوە مەدحی باری** [2]

تەنانەتە لە قەسیدەیەکی شیعریدا، فیکری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەروونی دەخاتەڕوو:

**ئەوانەی مولکی خۆیان کردە دەوڵەت**
**وەکو (بوت) دەیپەرستن جەمعی میللەت** [3]

بەلای کەمییەوە، ئەم سێ هۆکارە: "بەهرەو تواناو زیرەکیو هۆشیاری خۆشەویستی بۆ زانست"و "ئەو کەشو بارودۆخە خێزانییەی تیایدا گەشەیکردووەو گەورە بووە" لەگەڵ ئەو بزووتنەوە شیعرییو شۆڕشگێڕیو نەتەوەییانەی" حاجی قادری کۆییو حاجی مەلا عەبدوڵلای باوکی، وایکردووە مەلای گەورە وەك ئەستێرە بە ئاسمانی فیکرو هۆشیاری سەردەممدا بدرەوشێتەوە.... بەڵگەش ئەم بەرهەمە بەهێزو پێزانەیەتی کە بەزمانی کوردیو عەرەبی، بە میللەتەکەیو شارستانیەتی جیهانی بەخشیووە.

**بەرهەمەکانی بەزمانی کوردی:**

١-موجەدید-نوێکردنەوە.

---

(١) شیعرو ئەدەبیاتی کوردی- رەفیق حیلمی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، ١٩٨٨، ل١٠٣.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٠.

(٣) مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار، بەرگی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٣٩.

٢–فڕی فڕی قەل فڕی.
٣–عەقیدەی ئیسلام.
٤–دیوانی شیعری، جەلیزادەی شاعیر.
٥–تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، بریتیە لە هەرسی بەشەکانی قورئانی پیروز کە لەلایەن، نەجیبەخانی کچییەوە بەچاپگەیێنراوە.
٦–حیکایەتو خەرافات.

**بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی چواردە بەرهەمن:**
١–القائد فى العقائد.
٢–ابهى المأرب فى إثبات الجوانب.
٣–المقصود فى علم الاصول.
٤–كشف الاستار فى مسأله الاختيار.
٥–المعجزات والكرامات.
٦–ضياعان عظيمان.
٧–المشاهد على طراز المقاصد والموافق.
٨–غايتي وأملي في علمي وعملي.
٩–الاشخاص الستة.
١٠–رسالة في حقيقة الاسلام واخرى في حقيقة الأيمان.
١١–الحدس سلم الارتقاء.
١٢–الالة والطبيعة والعقل والنبوة.
١٣–الكلام الجديد.
١٤–الاشخاص والكرامات.

لە جێی خۆیدایە ئاماژە بەو راستیە بکرێت، تۆمارکردنی لیستی بەرهەمەکانی مەلای گەورە بە زمانی کوردیو زمانی عەرەبی زۆری بەرهەمەکانی نییە...بەڵکو دەرخستنی ناونیشانەکانە کە دەلالەتن بۆ واتای ناوەرۆکەکانیان، مرۆڤ بە سانایی هەست بەوە دەکات تێکڕای زادەی

بەرهەمی فیکری مەلای گەورە لە فەلەكو دنیای نوێکردنەوەو بیرکردنەوەی هۆشیارانە سەردەممدا لەدایکبووە، لە نەستو هۆشی مرۆڤدا دەژیو لەگەڵ عەقڵو بیرکدنەوەدا دەدوێت، زیرەکانە بەرچاوڕوونیەکی زانستانە لای مرۆڤ ساز دەکات، ئەوەش لایەنێکی هەستیارو هەرە گەشو بەهێزی، کاریگەری بیرکردنەوەو فیکرو هەڵوێستی پێشکەوتنخوازی ئەم عەللامە کوردییەیە، کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی رێنیسانسی فیکرو رۆشنبریو ئەدەبی سەردەمیانەی تێکڕای دانیشتوانی کۆیە، بەهەموو چینو توێژە جیا جیاکانیەوە هەیە، بەڵکو ئەو کاریگەرییە فیکریەی مەلای گەورە، بازنگەی شاری کۆیەی بەزاندووە، هاتۆتە دەرەوەو کوردستانی گەورەی گرتۆتەوە.

# بەشی یەکەم

## بیرکردنەوەو عەقڵی کراوەی مەلای گەورە:

بە شێوەیەکی ئاراستەکراوی سەربەخۆ، ئەم بابەتە تەرخانە بۆ چەمکی بیرکردنەوەی عەقلانیو مەعریفی تاکی مرۆڤ، کە بەلای توێژەرەوە هەموو مرۆڤێك خاوەن عەقڵو جۆرە بیرکردنەوەیەکە، ئاستی بەرزیو قووڵیو وردیو بەسوودی بیرکردنەوە لای هەموو تاکی مرۆڤ چۆنیەك نییەو لە مرۆڤێکەوە بۆ ئەویدی دەگۆڕێت، با ئەو جیاوازییە یەکجار کەمیش بێت، ئەگەرچی تا ئێستا چەندین لێکۆڵینەوە لەژیانو هەڵوێستی سیاسیو ئەدەبیو رۆشنبیریو فیکری مرۆڤە هەڵکەوتووەکانی مێژوو کراون، وەلێ: کاریگەری ئەو بەرهەمی چالاکی فیکری یاخود کردەییەیان هێندە بڕی نەکردووە یان لە بازنگەیەکی تەنگە بەروداداخراودا نەترازاوە...کەچی بەپێی زۆربەی پێوەرە زانستیەکانو میتۆدی لێکۆڵینەوەی سەردەمیانە ژیریو بیرکردنەوەی مەلای گەورە (تیووریو پراکتیکی) پێش تەمەنو سەردەمو قۆناغی ژیانی کەوتووە، بۆیە، ئەم دیاردەیە تایبەتمەندیتیەکی کەم وێنەیە لای ئەم زاتە چەنگ دەکەوێت.. ئەوەتا: کاتێك لێکۆڵینەوە، سەبارەت بەرهەمو زادەی بیری زۆربەی هەرە زۆری بوارەکانی: ئەدەب، رۆشنبیری، هونەری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی، سیاسی، مێژووی دەکرێت، خۆمان لەبەردەم بڕیارو ئەم حوکمەدا دەبینینەوەو دەڵێین: بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمو چالاکیە مافی تەواوی خۆی بدرێتیو ئەنجام سەرەوژێر نەکات، دەبێت بە دیدی سەردەمی لەدایکبوونەکەی نیگای بۆچوونی ئاراستەبکرێتو حوکمی بەسەردا بدرێت، کەچی ئەم حاڵەتە بەسەر دنیای داهێنانو بیرکردنەوەو بەرهەمە عەقلانیەکانی مەلای گەورەدا ناسەلمێت، بەڵکو زۆربە سانایی دەتوانرێت بەدیدو بۆچوونی ئێستا، بەرهەمە فیکریو کردەوەو هەڵوێستەکانی هەڵسەنگێندرێت، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو وزەی

داینەمۆیەکی زیندوو چالاكو کاریگەری بۆ ئایندەش پێییە... ئا ئەمە نهێنی ئەفراندنو بیری پێشکەوتووانەی مەلای گەورەیە... چونکە بە ئاسۆی بیرکردنەوەیەکی روونو مەعریفیانەوە، چالاکییە فیکریو هەڵوێستەکانی بە میللەتی کوردو کەلتوری شارستانیەتی جیهان بەخشیوە... ئەو خاوەنی پرۆسەیەکی مەعریفی پۆزەتیڤانەیەو کاتی خۆی بەدوای راستیەکی سازو دروستدا گەڕاوەو بەو هەقیقەتو واقیعە گەیشتووە، زانیاریەکانی وایدەگەیێنن: مەلای گەورە لەتەمەنی (٥) ساڵیدا دەستی بە خوێندن کردووە، ئەو تەمەنەش نیشانەی زیرەکیو لێهاتوویی دەردەخات، دواتر لە تەمەنی (١٤) ساڵیدا لە خزمەت حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە خوێندوویەتیو لە ١٨ ساڵیشدا ئیجازە لەسەر دەستی باوکی وەردەگرێت.

سەبارەت بەهرەو زیرەکی مەلای گەورە، مەسعوود محەمەد ئەم سەرگوزەشتەیە پێشکەش دەکات: (**لە عومری سوختەیی لای فەقیەکی باپیرم دەرسی رێزمانی عەرەبی دەخوێنێ لەمادەی (دغم)دا مامۆستایەکی پێی دەڵێ، فیعلی وەکو (مَدَدْ، قَصَصْ، لَمَمْ) دەکرێن بە (مَدْ، قَصْ، لَمْ) ئەویش بە مامۆستاکەی دەڵێتەوە، کەواتە ئەم فیعلەی (إقعنس) لە کتێبەکەدا هەڵەی چاپە، دەبێ بڵێین(إقنعس)، مەلای دەرسبێژیش دەڵێ، بەخوا کاك محەمەد قسەکەت راستە، ئیتر لە دەور کردنەوەی فیعلەکەدا باوکم تەسریفی فیعلەکە دەردەکات (اقعنس، إقعنسا، يقعنس، يقعنسان) کە باپیرم گوێی لێدەبێ، لێی دەپرسێ بۆچی وەها گەردانی فیعلەکە دەکاتو ناڵێ (إقعنسس، يقعنسس) ئەویش حیکایەتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، باپیرم دەڵێ: رۆڵەکەم ئافەرین لەتۆ، بەڵام دەبێ مامۆستاکەت بگۆڕم، حیکایەتی ئەمجۆرە فیعلانە جاری بۆ تۆ زووەو لە (باب الملحقات) دایەو دەیگەینێ، مامۆستاکەی دەگۆڕێ**)[1] .... ئەو رووداوە نیشانەی ئەو حەقیقەتە دەسەلمێنێت کە عەقلی مەلای گەورە لە تەمەنی سوختەییدا پێش

---

(١) گەشتی ژیانم–مەسعوود محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢.

زەمەنەکەی کەوتووە... ئەمە زەکاوەتی فیتری خۆیەتی‌و دیاردەی هۆشیاری دەگەیێنێت، هەر لەم رووە، مەسعوود محەمەد دەفەرموێت:

**(وەك باوکم بۆمانی باسکرد، تا نەخرایە بەردەستی مەلا محەمەد ئەمینی کونەفلوسەیی کە موستەعیدێکی لێهاتووی حاجی مەلا عەبدوڵڵاو مەلایەکی هەڵکەوتووی دواتریش بووە، لە هەولێر زیهنی بەچاکی ناکرێتەوە، دەیگوت مامۆستاکانم خەریك بوون بە شێوازی نالەبار بمکوژێنەوە، مەلا محەمەد ئەمین رزگاری کردم، هەموو زانینم هی ئەو مامۆستایەیە)** [1].

بەوەدا دەردەکەوێت، مەلای گەورە هەمیشە رووی لە ئایندەی گەشکردووە، بەو دۆخەی تیایدا ژیاوە رازی نەبووە، واتە بڕوای بە گەشەسەندن‌و پەرەپێدان‌و گۆڕان بووە.

ئەو جۆرە بیرکردنەوانەش، بۆ گەنجێکی تازە پێگەیشتووی ناو ژیان‌و خوێندنی زانستی ئایینی ناو مزگەوت یەجگار، جێگای تەقدیرە، مەلای گەورە لە قۆناغی قوتابیەتیدا، زیرەکیەکی دەگمەنی لێدەبینرێت، ئەو زەکاوەت‌و هۆشیارییەی لەلا بەخەسار نەچووەو بەڵکو بە کردەوە و بە شێوەیەکی جوان‌و بەسوود، لە خزمەت زانست‌و فیکردا بەکاری دەهێنێت... ئەوەتا دوای وەفاتی حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٩٠٨ دا، ئیدی مەلای گەورە جێی باوکی دەگرێتەوە: **(دوای ئەوە کوڕە گەورەی، محەمەد کە دواتر بە مەلای گەورە ناوی دەرکرد لەجێی دادەنێت، حەوت هەشت ساڵێك بوو خوتبەی جومعەو دەرسی فەقیکان لەلایەن باوکیەوە بەو سپێردرابوو)** [2].

مەلای گەورە، هەر لە سەرەتای بیرکردنەوەی لاوێتییەوە، تا مابوو... زانستی ئایینی بە جوانی پەیڕەو دەکرد، بە جۆرێك لەگەڵ لێکدانەوەی خۆیدا، بەهێزی مەنتیق پرۆسەی مەعریفی بەرجەستە دەکرد، دوای وەفاتی باوکی ئەرکی مەلایەتی لەهەردوو مزگەوتی گەورەی کۆیەو مزگەوتی حاجی

---

(١)گەشتی ژیانم–مەسعوود محەمەد، هەمان سەرچاوە: ل ٢.

(٢) هەمان سەرچاوە: ل١٠.

مەلا ئەسعەدی جەلیزادە بەڕێکوپێکی بەجێدەهێناو پارێزگاری بیرو بۆچوونە بەرزەکانی خۆی دەکرد، بەو بیرکردنەوە رووناکانەی پلەو پایەی لای هەمووان بەقەدەر تر دەبوو، هەر زوو دوای وەفاتی حاجی مەلا عەبدوڵڵای باوکی لە قەبی (رئیس العلماء)ی پێدرا...بەوەش ناوبانگی زیاتر بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەوە...(**ناوی مەلای گەورە بە زاناو نیشتمانپەروەرو شاعیرو تازەگەر بڵاوبۆتەوە**) [1].

خەسڵەتی مرۆڤی زاناو تێگەیشتووی هۆشیار، نەوازشەکەیەتی(تواضح)... مەلای گەورە زانستییانە، هەوڵی گۆڕانکاری لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا داوە، بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا زۆر هۆشیارانەو زیرەکانە، لە خودی خۆیەوە دەستی بە گۆڕانکاری بیرو بۆچوونەکانی کردووە... راستە دروشمی سەرەکی ئەو زاتە مەزنە، ئەوەبوو، تا مۆخ دژی مێشك پووچی، بیری تەلیسمو جادووگەری‌و ئەفسانە پەرستی بوو، ئەو تەوەرانە، هەموویان خۆیان لە ململانێی فیکری‌و عەقلانیدا دەبینێتەوە، ئەمەو جگە لەوەی، هەڵوێستی کردەیی، جوانو دروستی دژ بە زۆردارو دوژمنانی کوردایەتی هەبوو، سەرەتا رووی لە بنچینەو بنەماوی بەرپابوونی شۆڕشی هۆشیاری‌و زانستی کردووە، لەگەڵ ئەوەی خۆی پەروەردەو گۆشی زانستی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بوو، بەوپێیە دەبوو وەك، زۆربەی مامۆستایانی ئاینی تەنیا گرنگی‌و بایەخی بە زانستی ئاینی‌و خوێندنی حوجرەو مزگەوتەکانبدایە، کەچی زانایانە، بەعەقڵی کراوەوە، رووی لە ئایندە کردووەو تێگەیشتووە، خوێندنی ناو قوتابخانە فەرمیەکانی حکومەت، سەرچاوەیەکی نوێی سەردەمەو مێشك دەکاتەوەو ئاسۆی فیکری مرۆڤ فراوانتر دەکات ئەم یەکەم مرۆڤی کۆیە بوو، ئەو قەناعەتی بە کردەوە، بە ئەنجامگەیاندو لە بری ئەوەی خواستو مەبەستە تاکە کەسیەکانی

(١) مەلای گەورە، مەلا محەمەدی کۆیی، مومتاز حەیدەری، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، هەولێر، ١٩٧٥، ل٦.

بەدەسـبهێنێت کـاری بـۆ بەرژەوەنـدی گشـتی کـردووە، چـونکە زانیویـەتی ئەوەی لە قازانجی کۆی میللەتدابێت، سوودی تاکیشی تێدایە.

بۆیە: تەقەڵای زۆریدا تا یەکەم قوتابخانەی لە شاری کۆیە کـردەوە، بـەو مەبەستەی، ببێتە مەڵبەندی پەخشکردنی فیکری روونـاکو هـزری سـەردەمو شارستانیەتی مرۆڤایەتی... سلێمان نەزیف والی موسڵ، بەو بۆنەیـەی هێڵـی شەمەندەفەری نێوان حەلەبو موسڵ دەکرایەوە، کۆمەڵێك کەسایەتیو زانای ناوداری ناوچەکە بانگێشە دەکات، لەوانە: مەلای گـەورەو سـەرۆکی زانایـانی ئاییني موسڵ... والی روو لە سـەرۆکی زانایـانی ئـاییني موسـڵ دەکـات، بـەو بۆنەیەوەو وتارێك پێشکەشبکات، بەمجۆرە وەڵامی والی دەداتـەوەو دەڵێـت: خـۆم ئامـادە نـەکردوەو وتارەکـەم نەنووسـیوەتەوە، ئـا لـەو سـاتەدا دەمو دەست مەلای گەورە روو لە والی.. سلیمان نەزیف دەکات، دەفەرموێت: گـەر رازی بێـت مـن وتارێـك دەخوێنمەوە...مـەلای گـەورە کـە گوتـار بێـژێکی (خطیب)ی زۆر لێهاتوو بووە، لەبەر گوتارێکی حەماسی زۆر بەهێز پێشـکەش دەکـات بـەجۆرێك ئامـادەبووان سەرسـامدەبن... دیـارە بۆیـە والـی بەمـەلای گـەورە دەڵێـت: (**هـەر پێداویسـتیو داواکاریـەکت هـەبێ، پـێم خۆشـە بـۆتی ئەنجام ببینم**)[1].... گـەورەیی ئـەم زاتـە لەوەدایـە، یـەك داخـوازی تایبـەتی خۆی باس نەکردوە، بەڵکو لەبەر رۆشنایی بەرژوەنـدی گشـتی داخوازیەکـەی پێشکەش کردووەو فەرموویەتی:

**(تەنیا کۆیـە زۆر بـێ نەوایـە، دەمانـەوێت قوتابخانەیـەکمان بـۆ دروسـت بکرێ)** [2] ئا ئەوەیە دڵسۆزی مرۆڤـی هۆشمەنـدو بـیردۆزی پێشـکەوتووخواز، دواتر والی سلیمان نەزیف کـە مرۆڤێکـی ئـەدیبو ئـەدەب دۆسـت بـوو سـاڵی ١٩١٣ فەرماندەدات، یەکەم قوتابخانە بۆ کۆیە دروستکرا... مەلا گـەورە لـەم

---

(١) مەلای گـەورە، زانـاو ئـەدیبو شـاعیر، عەبـدولخالق عەلائـەدین، چـاپی دووەم، چـاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٨.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

بـوارەدا جورئـەتو راسـتگۆییو بیرکردنـەوەکانی بەشـێوەیەکی پڕاکتیکـی بەرجەستە کردو ساڵی ١٩٢٥ کچەکەی خۆی خاتوو نەجیبەی بۆ قوتابخانـەی کوڕان نارد، چونکە لەو کاتەدا تەنیا یـەك قوتابخانـە هـەبوو، ئـەم هەڵوێسـتە مەعریفیەی مەلای گـەورە، دوو مەبەسـت بەیـەك نیشـان دەپێکێـت. یەکـەم: کچی خـۆی بـۆ قوتابخانـەی فـەرمی حکومـەت نـارد کـە بـۆ ئەوسـا لـە رووی کۆمەڵایەتیو پلەو پایـەی مـەلای گـەورە، هـەنگاوێکی بـەزاتو بوێرانـەبوو... چـونکە لـەو دەمـەدا نـەك کچـان بـەڵکو بـەلای زۆر زانـای ئـایینیو خـەڵکی سادەوە، دەبوو کوڕانیش بۆ قوتابخانەی حکومی نەنێردرێن، بەو بیـانووەی، وانەی ماتماتیكو فیزیاو کیمیای تێدا دەخوێنرێـت ئـەو مادانـەیان بەدەرسـی شەیتانیدا دەنا.

دووەم: ناردنی کچ بۆ قوتابخانـەی کـوڕان، بەتایبـەت لـە سـاڵانێکی وەك ساڵی ١٩٢٥ دا، ئەوە هـەنگاوێکی نـوێی بـیرو عـەقڵ کراوەیـی مـەلای گـەورە دەردەخـات، دەنـا، ئێسـتاش لەچـەند شـوێنێکی ئـەم عێـراقو کوردسـتانە، ناردنی کچان بۆ قوتابخانەی میری بە ناشەرعی دادەنرێت، نەخوازەڵڵا لەگەڵ قوتابیانی کوڕانیشدابن!! ئەوەی مەلای گەورە بڕوای پێبـووە لـە پێشـدا لـە خۆو خاو خێزانەکەیـەوە دەسـتیپێکردووەو گـوێی بـە لۆمـەو تانـەی خـەڵکی سادەو ساکار نـەداوەو بـەهێزی مـەنتیقو بیرکردنـەوەی دروسـتو عـەقڵێکی کراوەوە، وەڵامی داونەتەوە، بەجۆرێك کە بڕواو قەناعەتیان بە بۆچـوونەکەی کردوە، لە کاتێکدا مەلای گەوەر دەیویست: مەسعوودی کـوڕی لـە خوێنـدنی حـوجرە بـۆ خوێنـدنی قوتابخانـەی فـەرمی حکوومـەت بگوێزێتـەوە، چـەند بازرگانو حاجیو خەڵکی کۆیە دەچنە خزمەتیو عەرزی دەکەن: کە جەنابت مەسـعوود لـە حـوجرە دەردێـنیو دەیخەیتـە بـەر خوێنـدنی فـەرمی حکوومـەتی.... دەرسـی فـەقییانو کتێـبو مینبـەرو محـراب؟ بـۆ کـێ جێدێڵێت؟! ئەوانە ویستویانە دەماری سۆزی ئەو زاتە بگرنو هەستی ناسکی خواپەرستی بوروژێننو بەزەبری سۆز لـە بڕیارەکـەی پەشیمانی بکەنـەوە، کەچـی مـەلای گـەورە بـە لـۆژیکێکی سـەردەمیانەی بـەهێز وەڵامـی

پرسیارەکەیان دەداتەوەو دەفـەرمووو مـن لـە مەلایـەتی خـۆم هـیچ قسـورێکم کردووە؟.. دەوری پێویستی خۆم بینیوە...خۆتان دەزانن ئێوە بۆ من چیٖن‌و چۆن تەماشام دەکەن؟ ئەدی کوڕەکانتان بۆ مەسـعوود چـی دەبـن؟... ئـەو وڵامە بێدەنگیان دەکات‌و زوو تێدەگـەن، کـە دەورو چـەرخی مـەلای گـەورە، لەگەڵ زەمەنی ئایندەی مەسـعوودی کـوڕی جیـاوازەو کوڕەکانیـان بەهـەمان پێوەری باوکیان کە سەیری مەلای گەورەی پێدەکەن، ئا بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ مەسعوودی کوڕیدا ناکەن، چونکە دنیـا لەگەشەسـەندن‌و پەرەپێـدان‌و گۆڕانکاری بەردەوامدایە.

# بەشی دووەم

## مەلای گەورەو کاریگەری لە خولقاندنی ڕێنیسانسی فیکریو بزووتنەوەی ئەدەبی شاری کۆیە مەزنو دیارە.

تەقینــەوەی گڕکــانی ڕێنیسانســی، بڵقــی ســەر ئــاو نییــەو پێویســتی بەرەخسانی بنەماو هەلومەرجی خودیو بابەتیی لەبار هەیە، ئەمەو سەرەڕای ئـەو ڕۆڵــە ســەرکییەی مرۆڤــی هەڵکــەوتووی بلیمــەتو هۆشــیارو داهێنــەر دەیبینێت.. شاری کۆیە، لـەڕووی جـوگرافیو مێژوویــەوە مەڵبەنـدێکی دیـارو نـاودارەو سـاڵی ١٨٤٣ لەلایـەن عوسمانیەکانـەوە دەستیبەسـەرداگیراو سـەر بەولایەتی موسڵ بوو.. بـە پێـی جـۆری پێکهاتـەی کۆمەڵگاکـەی، مەڵبەنـدی ڕۆشــنبیری بــووە دەیــان شــاعیرو زانــاو مرۆڤــی مــەزنی تیــا هەڵکــەوتووەو ڕێنیسانسی شیعری ناوچەی کۆیەیان خولقاندووە.. ڕاستە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، ئـەو ڕێنیسانسـیو بزووتنـەوەی فیکـریو ئـەدەب لـە شـاری سلێمانی سەریهەڵداو بۆ دواتر بە هــەموو کوردســتاندا بــڵاو بــووەو کاریگــەری پۆزەتیڤانەی بەسەر مرۆڤە هەڵکەوتوو و بلیمەتو داهێنەرەکانەوە هەبوو.

**لەم ڕووەوە د. مارف خەزنەدار دەڵێت:**

**(ڕێنیسانســی شــیعری کــوردی لــە نیــوەی یەکــەمی ســەدەی نــۆزدەم لەسـلێمانی لەسـەر دەسـتی نـالی لـەدایکبوو، لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدەم لـە ناوچـەکانی دیکـەی باشـووری کوردسـتان بڵاوبـووەوە، لێـرەدا بەڕاسـتی دەتـوانرێ، شـاری کۆیـە بکـرێ بـە نوێنـەری ئـەم بزووتنەوەیـە لەناوچەی سۆران)** [(١)].

لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی مەعریفی ئەوەیـە بەڕاسـتیو حەقیقـەت بگـەیتو

---

(١) مێژووی ئەدەبی کـوردی، د. مـارف خەزنـەدار(د)، بـەرگی چـوارەم، چـاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٢٨.

ئەنجامێکی پۆزەتیڤانە ببەخشێت: ڕێنسانسی ئەدەبیو شعیری ناوچەی کۆیە لەسەر دەستی حاجی قادری کۆیی بەرپابوو، وەلێ ڕێنیسانسی فیکری سەردەمانەی شاری کۆیە، سەر تۆپی بەمەلای گەورە بڕاوە، لێرەدا هەر دوو حاڵەتەکە تێکەڵو ئاوێتەی یەکبوونو ئەو جوانی بەرهەومو بەخششە ناوازەو دەگمەنەی پێشکەشی دانیشتوانی شاری کۆیە کردووە... تۆ کەمێك تێفکرەو سەرنجبدە لەوەی، ئەگەرچی شاری کۆیە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی تورکە عوسمانیەکانەوەو لەڕووی ئیداریەوە (قەزا)بوو، وەلێ، بە بەراورد لەگەڵ شاری هەولێرو کەرکوكو زۆربەی شارەکانی کوردستانی گەورە جگە لەسلێمانی...کۆیە شارێکی بچووكو دانیشتووانێکی کەمی تیا ژیاوە، کەچی ئەو ژمارە کەمەی مرۆڤ ڕێژەی هەرە بەرزی هەڵبژاردە (نخبە) بوونو لەو سەردەمو قۆناغەدا دەشێت لەهەر یەك لەشارەکانی کوردستاندا، شاعیرێك یاخود دووی تیا هەڵکەوتووە، کەچی لە شاری کۆیەی خنجیلانەو جوانکەلە: شاعیرانی ناودارو بەهرەدار شەپۆڵ دەدات لەوانە: (**شێخ مستەفای قوتبی شام، قاصد، حاجی قادری کۆیی، کەیفی، حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی، ئەختەر، سانی، حەزینە، نهانی، مەنفی، مەلای گەورە، صافی، مەحزون، حوسنی.... تا دوایی**)[1].

چاوگی زانستو خوێندەواری، ئەو شاعیرانە..... پەروەردەو گۆشی خوێندنی حوجرەو مزگەوتەکانە، لەپاڵ زانستی ئاییندا هۆشیارانە چاویان کراوەتەوەو بەسوود وەرگرتن لە ئەدەبو زمانی عەرەبی، بەهرەو لێهاتوویی خۆیان لەبواری ئەدەبی کوردی بەگشتیو بەتایبەت لە شیعردا تاقیکردۆتەوەو بوونەتە، خاوەنی زادەی بیرو هۆشو بەهرەو داهێنانی ئەدەبی خۆیان... ئەوەی لێرەدا، دەبێت ئاماژەی پێبکرێت...هەڵکەوتنی دەستەبژێردراوی شاری کۆیە مەلا محەمەدی جەلیزادە (مەلای گەورە)یە، کە چۆن بە عەقڵێکی کراوەو بیرکردنەوەیەکی سەردەمییانەوە، باوەشی بە

(١) کۆیەو شاعیرانی، کەریم شارەزا، چاپخانەی(النجوم)، بەغدا، ١٩٦١.

ئاینده‌ی فیكردا كردوه‌و ئه‌و شۆڕشه‌ رۆشنبیری‌و زانستییه‌ی له‌ كۆیه‌و هه‌موو كوردستاندا به‌رپا كردو ته‌نیا به‌و زانستو مه‌عریفه‌تـه‌ی هـه‌یبوو رازی نـه‌بوو، به‌ڵكو په‌لی فیكری بۆ ئه‌و بواره‌ زانسـتانانه‌ كێشـانه‌ كه‌لـه‌لای زۆر مامۆسـتاو زانایانی ئاینی به‌لادان له‌ شه‌ریعه‌تو ته‌نانه‌ت به‌ كفر داده‌نرا... كه‌چی له‌سه‌ر داواو هه‌وڵو ته‌قه‌لای دڵسـۆزانه‌ی‌و بـه‌ هیمـه‌تی والـی سـلێمان نـه‌زیف سـاڵی ۱۹۱۳ فه‌رماندرا یه‌كه‌م قوتابخانه‌ بۆ ئه‌و شاره‌ كرایه‌وه‌....(**ئه‌و قوتابخانه‌یـه‌ خانوویـه‌كی گـه‌وره‌ی دوو نهـۆمی رێـك‌و پێكـی له‌بـه‌ر دوو گـیچ بـوو بـه‌ ناوی...."قوتابخانه‌ی كۆیسنجق اولی" ئه‌و قوتابخانه‌یه‌ش كه‌ وه‌ك چـرایه‌كی هه‌ڵگیرساو له‌ تاریكه‌شه‌وی نه‌زانینی كۆیه‌، پاش ئه‌وه‌ی رۆڵـی بـه‌رزی خـۆی دی، سـاڵی (۱۹۵۷) بـه‌ بـه‌رجاده‌و شـه‌قامی نـوێ كـه‌وت‌و روخێنـرا لـه‌ شوێنه‌واری ئه‌ودا (كتێبخانه‌ی گشتی، ئێستای لێدروستكرا)**[1].

به‌لای توێژه‌ره‌وه‌، ئـالێره‌وه‌ خـاڵی وه‌رچـه‌رخانی نـوێی بـه‌ره‌و پێشـوو و رێنیسانسـی فیكـری‌و رۆشـنبیری له‌شـاری كۆیـه‌ سـه‌ریهه‌ڵداو فـه‌زڵو داهێنه‌ره‌كه‌ی مه‌لای گه‌وره‌یـه‌، ده‌فـه‌رموون دیقه‌تبـده‌ن ئـه‌و قوتابخانه‌یـه‌ چ رۆڵێكی مـه‌زن‌و گرنگ‌و كاریگـه‌ری له‌سـه‌ر دانیشـتوانی خۆشه‌ویسـتی شـاری كۆیه‌ هه‌بووه‌و هه‌یه‌ ئه‌مه‌ به‌ به‌راورد له‌گه‌ڵ بزووتنه‌وه‌ی رۆشنبیری‌و زانسـتی شاره‌كانی كوردستاندا، ئـه‌و له‌شـكری پـارێزه‌رو دادوه‌رو دكتـۆرو ئه‌نـدازیارو ئه‌فسه‌ری پایه‌به‌رز له‌خه‌ڵكی شاری كۆیه‌ هه‌یه‌ جێـی سـه‌رنج‌و تێڕامانـه‌، ئـه‌و توێژه‌ رۆشنبیره‌ی شاری كۆیه‌، عێراق‌و كوردستانی ته‌نیوه‌ته‌وه‌و ته‌قـدیریش بۆ مه‌لای گه‌وره‌و ئه‌و خه‌ڵكه‌ هۆشیاره‌ی شـاری كۆیه‌یـه‌، بـه‌وه‌ی پێشـوازیان لـه‌و قوتابخانه‌یـه‌ كـردو كـوڕو كچـیان بـۆ خوێنـدنی فـه‌رمی حكـومی ئـه‌و قوتابخانه‌یه‌ نـاردو سـوودیان لـه‌و هه‌لـه‌ ره‌خسـاوه‌ بـینی... لـه‌دوای ئـه‌وه‌ی قوتابخانه‌كه‌ كرایه‌وه‌، مه‌لای گه‌وره‌ هۆشیارانه‌ به‌ شـه‌وق‌و ره‌ونه‌قـه‌وه‌ كـاری

---

(۱) مه‌لای گه‌وره‌–زاناو ئه‌ده‌یب‌و شاعیر، عه‌بدولخالقی عه‌لائـه‌دین، چـاپی دووه‌م، چـاپخانه‌ی هه‌ولێر، ۲۰۰۹، ل۱۹.

بۆ سەرخستنی دەکرد، ئەوەبوو بەر لەهەمووان کچە بەرێزەکەی خاتوو نەجیبەی بۆ بەر خوێندن ناردو دواتریش هەوڵو تەقەلای عەقلانیو مەعریفی دەدا، تەمی خەرافیاتو تەلیسمو جادوگەری بڕەوێنێتەوە.. ئەگەر چی مەلای گەورە زانایەکی ئاینی پایەبەرزو شاعیرێکی بەهرەداری فیکری بوو، وەلێ بابەتی زانستیشی فەرامۆش نەکردووەو لە هەمان کاتدا ئاوڕێکی هۆشیارانەو خوێندنەوەی نوێی بۆ هەردوو بواری ئایینیو زانستیەکە بووە: **(ساڵی ١٩٢٦ شاندێك لە کاربەدەستانی وەزارەتی (مەعاریف–پەروەردە) بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە وەزارەتەکە دەچنە کۆیەو سەردانی مەلای گەورەش دەکەن، سەیریان پێدێت کە دەبینن مەلای گەورە مێزەری لەسەر نییە، بەڵکو جەمەدانەی بەستووە!! سەریان لەوە زیاتر سوور دەمێنێت کە لەسەر مێزەکەیدا دەبینن کۆمەڵە کتێبێکی داناوە وەکو –حیاە ناپلیۆن، سرتطور الامم، کوستاف لوبون، جمهورية افلاطون، علم طبقات الأرض، روح الاشتراکية، العقل الباطن، دانتەری فرۆید)** [1].

ئەو ڕێنیسانسەی مەلای گەورە لە شاری کۆیە بەرپای کرد، لەئەنجامی زیرەکیو لێهاتوویيو عەقڵی کراوەی خۆی بوو، ئەوەتا بۆ خۆی بەڕۆشنبیریو زانستی سەردەمەکەی دەوڵەمەند کردووە، پەندی لە ئەزموونی سەرکەوتوویی زانایان و بەرهەمی شارستانیەتی گەلان وەرگرتووە... بۆیە بێ پەروا، سات لە دوای ساتو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەخششی فیکریو هەڵوێستی نوێی پێشکەش بە ئەزموونی ڕێنیسانسی فیکری کردوە:**(جارێك لە کۆڕێکدا هەندێك مەلای کۆییش لەوێ دەبن، لەکاتی وتوێژو باسی سیاسیو ئەرکی ژیانی سەردەمدا، جەلیزادە ڕوویان تێدەکاتو دەڵێ: بۆ ئەوەی لە کاروباری دنیا بگەین، فێربوونی زمانی ئینگلیزی شتێکی باشو دروستە ئەمڕۆ.. مەلاکان قسەکەیان بەدڵ نابێتو ناچێتە عەقڵیانەوە، بەڵام لەخۆیان ڕانابینن ناڕەزایی دەرببڕن، هەڵدەستن دەچنە لای حەماغا، دەڵێن، مەلای گەورە**

---

(١) مەلای گەورە–زاناو ئەدەیبو شاعیر، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

**قسـەیەكی ناشـەرعی گووتـووەو چـۆن دەبـێ فێربـوونی زمـانی ئینگلیـزی دروستو جائیز بێ، چونكە زمانی بێگانـەو زمـانی گاورانـە، ئێمـە ئامـادەین لەدیوەخانی تۆ ئەمەی لەگەڵ یەكلا بكەینەوە...**

**ڕۆژی هەینی بە عادەتی خۆی مەلای گەورە دەچێتە دیوەخانی حەماغا، مەلاكانیش پێشتر لەوێ دەبنو قسە كـە دەخەنـە ڕوو، جـەلیزادە داخـۆ مـن گوتوومە كە فێربوونی زمانی ئینگلیزی دروستە؟ نـەخێر مـن دەڵـێم واجبـە، نەك دروستە)** [1]. ئا ئەوە ئاسۆیی فراوانی بیری مەلای گەورە بوو.

لــەئاكامی ئــەم گەشــتە زانســتییانەیە، بــەدەریای بــیری فــراوان و سەردەمییانەو عـەقڵی كـراوە و كێـوی هەڵوێسـتی ئـەو زانـا و فەیلەسـوفەدا، دەگەینە ئەو ڕاستیەیەی: مەلای گەورە كاریگەری یـەكجار بـەهێز و دروسـتی پۆزەتیڤانەی لەسەر بزووتنـەوەی ڕۆشـنبیری و ئـەدەبی شـاری كۆیـە هـەبوو هەیە و زۆربەی ئەو ڕۆشنبیر و زانایانەی بوارە جیاجیاكانی فیكـر و ئیـدارە و زانســت، فەزڵەكــەی بــۆ ئــەو دەگەڕێتــەوە و ئــەوان و هــەموو كوردســتان قەرزاری ئەو هەوڵ و كۆششە مرۆڤانە و شارستانییانەی مـەلای گـەورەن.. خۆ هیچ نـەبێت، كاریگـەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەر گەشـەكردن و پـەروەردەی فیكـری فەیلەسـووف مەسـعوودی كـوڕی هــەبوو كــە بــەكێوێكی مــەزن و دەریایەكی لەبن نەهاتووی بیر و فەلسـەفەی كوردایـەتی دادەنرێت... ئەمـە جگە لەوەی چەندین زانایانی ئایینی بەناوبانگ لەسەر دەستی مـەلای گـەورە پێگەیشــتوون و ئیجــازەی دوانــزە عیلمییــان لێوەرگرتــووە لەوانــە: (مــەلا **فەتحوڵڵای هەرتەل، مەلا سدیقی نازەنینی، مەلا مەعسوم خدر هەورامی، مەلا ئەبوبەكر، مەلا سادقی مەلا ئەحمەد، مەلا سلێمانی ئاوماڵ، مەلا قادری كانی دەربەندی، مەلا حەمید عەسكەری، مەلا ساڵح ژێ)** [2]. ئەو مامۆستا ئاینییانە هەریەكەیان لەشوێن و قۆناغی ژیانیاندا چرای زانستی بوون و دڕیان بەشـەوە

---

(١) مەلای گەورە–زاناو ئەدەبیو شاعیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤.

(٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل١٧.

زەنگی نەخوێندەواری داوە و چەندین قوتابی و مەلا لەسەر دەستییان خوێندنییان تەواو کردووە.

مەلای گەورە جگە لەوەی بەبیرکردنەوەی سەردەمییانە، رۆڵی کاریگەری لەپێشخستنی شارستانیەتی کوردیدا بینیوە.. لەهەمان کاتدا هەم لەزانستی ئایینی و خواپەرستی و دنیای ئەدەب و شیعر دوانەکەوتووە، ساڵی ١٩١٢ موفتی شاری کۆیە بووە، ساڵی ١٩١٩ قازی شاری کۆیە بووە... سەبارەت دنیای شیعری مەلای گەورە، دیسان ئەوەشی لەخزمەت زانستی سەردەمدا بەکارهێناوە و شیعری کردۆتە چەکێکی کاریگەر و بەگژ بیروباوەڕی پڕوپووچدا چووە:

***عیلمی تەبیعەت عیلمی خودایە***
***قالەو قەوە گشتی هەبایە***
***عیلمی کیمیات گەر نەخوێندووە***
***بەخوا نازانی خوا چی کردووە***(١)

لەشیعرێکی دیدا، زۆر جوان و ژیرانە پەنجە لەسەر دەرد و کێشەی کورددا دەنێت و چارەشی بۆ دەدۆزێتەوە:

***بەڕیشی پان و پرچی پڕ لەئەسپێ***
***بیناغەی ئیشی کوردان چۆن دەچەسپێت***(٢)

ناوەرۆك و واتای فەلسەفییانەی ئەم بەیتە شیعریە، بەمەبەستی هوشیار کردنەوە و کاری عەقلانی و لۆژێکی، زللەیەکی مزرە لەپەنا گوێی جاهل و نەزانان دەسرەوێنرێت.

توێژەر لەگۆترە بیروبۆچوونی دەرنابڕێت.. کەدەوترێت.. خەڵکی شاری

(١) مەلای گەورە–زاناو ئەدەیبو شاعیر، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

(٢) سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٧.

کۆیە و هەموو کوردستان قەرزارباری مەلای گەورەیە، ئەوەتا ئەو زاتە مەزنە مەبەستی بووە، خەڵکی شاری کۆیە ببنە خاوەنی ئەسڵی ئەو رێنیسانسە فیکری و رۆشنبیری و ئەدەبییەی بەرپای کردووە:

***هەستە پێشکەوە ئەی لاوی کۆیی***
***ئاگات لەخۆبێ، کاروان وا رۆیی***
***بەنووری عیلمی رێگا بەدەرخە***
***بەزۆری بازوو باری بەسەرخە[1]***

مەلای گەورە چرایەکی زانست و بیر رووناکی سەردەمییانەیەو لەگەڵ پەرەپێدان و گەشەسەندن و پێشکەوتن و گۆڕانی پۆزەتیڤانەی رەوتی کاروانی زانستی و شارستانییەتی جیهانی هەنگاو دەنێت و لەناو داهێنەراندا سەری کورد و مێژووی نەتەوەییمان بەرز دەکاتەوە.. بۆیە دانیشتووانی کۆیە و کوردستان قەرزارباری بیر و مەعریفە و زانستی مەلای گەورەن.

---

(١) مەلای گەورە–زاناو ئەدەیبو شاعیر، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٦.

# ئـه نجـام

هەموو کارێکی فیکری (تیووری) و پراکتیکی مەبەستێکی دیاری خۆی هەیـە.. گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەنجام چی بەدەستەوە دەدرێت.. لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا بـەم ئاکامانە دەگەین.

* هەڵکەوتنی مەلای گەورە و دەرکەوتنی بلیمەتی لەخۆوە نەبووە، بەڵکو سێ بنەمای سەرەکی رۆڵییان لەپێگەیاندنیا بینیوە.

أ- هوشیار و زەکاوەتی فیرتی و بەهرەی خودی خۆی.

ب- ئەو زەمینەی بۆ گەشەسەندنی فیکری و هەڵوێستی رەخساوە، ئەمەش پەیوەندی، بەژیان و سروشتی باوانییەوە بووە.

ج- رۆڵی دیاری و کاریگەری فیکری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی حاجی قادری کۆیی.

* مەلای گەورە خاوەنی عەقلێکی کراوە و بیرکردنەوەیەکی سەردەمانە بووە، تەنیا بەلایەنێکی پەروەردەی زانستی ئایینی رازی نەبووە، باوەشی مەعریفانەی بەئایندەی فیکری روونـاك و زانستی سەردەمییانەدا کردووە و هیچ لایەکییانی فەرامۆش نەکردووە.. یاخود نەیکردووە بەقوربانی لایەکی تر.

* لەو رێنیسانسە فیکری و ئەدەبی و رۆشنبیرییەی بەرپای کردبوو، هەردوو لایەنی تیووری و پراکتیکی پێکەوە گرێدابوو..

* تاسەر مۆخ دژی بیری پووچەڵ و مێشك پووچی و ناهەقی و زۆرداری بووە.

* سەرەتا رێنیسانسە فیکریەکەی لەخۆیەوە دەستپێکرد، ئەوسا بۆ منداڵ و خاوخێزان و دواتر بۆ جەماوەر.. گوتار و گفتارەکانی بەکردەوە دەسەلماند و هەمیشە لەگەڵ عەقڵ و لۆژیك و گۆڕانکاریدا دواوە.

* سەرەتای هەنگاوی دەستپێکردنی رێنیسانسی فیکری و رۆشنبیری و ئەدەبی، پەنای بۆ پێکهێنانی چاوگی رووناکی زانست برد، ئەوەش بە هەوڵدان بۆ کردنەوەی یەکەم قوتابخانەی فەرمی حکومی ئەوە بووە هۆی هوشیار کردنەوەی دانیشتوانی کۆیە و هاندانییان بۆ خوێندەواری و پێگەیاندیان بۆ دنیای وەزیفەو رۆشنبیری، ئاکام سەدان پارێزەرو پزیشك و ئەفسەرو پیاوی مەزن و رۆشنبیری کۆیەی پێگەیاند.

## سەرچاوەکان

١- کۆیە و شاعیرانی، کەریم شارەزا، بەرگی یەکەم، چاپخانەی (النجـوم) بەغدا، ١٩٦١.

٢- مـەلای گـەورە، مومتـاز حەیـدەری، چـاپخانەی شـارەوانی هـەولێر، ١٩٧٥.

٣- شیعر و ئەدەبیانی کوردی، رەفیق حلمی، بەرگی یەکـەم، چاپخانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەولێر، ١٩٨٨.

٤- گەشتی ژیانم، مەسعوود محەمەد، چاپی یەکەم ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢.

٥- مێژووی ئەدەبی کوردی، مارف خەزنەدار، بەرگی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٤.

٦- مـەلای گـەورە- زانـا و ئـەدیب و شـاعیر- عەبـدولخالق عەلائـەدین، چاپی دووەم، چاپخانەی (منارە) هەولێر، ٢٠٠٩.

## ناوەرۆك


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| ئاشنابوون و هێشوو | ٥ |
| تەكنیكی نوێی سەردەمو دیاریكردنی یەكەم كورتە چیرۆكی هونەری كوردی | ١٣ |
| جوانیی زمان لەتەكنیكی دارشتنی كورتە چیرۆكی نوێی كوردیدا | ٦١ |
| كورتە چیرۆكەكانی لەتیف حامید و خۆشەویستی شاری كەركووك | ١١١ |
| چنین و جۆری چەند كورتە چیرۆكێكی هونەریی كوردی | ١٦٣ |
| حەللاج لەناخی شیعرەكانی مەحویدا | ٢٠٣ |
| خوێندنەویەكی نویێ بۆ ئەدەبی دیالێكتی گۆرانی | ٢٣٩ |
| هونەری شیعری نویێ و ململانێی فیكری و ئەدەبی لای حەسیب قەرەداغی | ٢٧٩ |
| هەڵوێست و بەرخودان لە شیعرەكانی شێخ مەحمودی حەفید دا | ٣٣٣ |
| عەقڵێكراوە و بیركردنەوەی سەردەمییانەی مەلای گەورەو كاریگەری لەسەر رێنیسانسی فیكری و بزووتنەوەی ئەدەبیی شاری كۆیە و كوردستان | ٣٦٣ |